زنجیرەی هزری هاوچەرخی ئیسلامی ٤٤

چیرۆکی پێشینان لە قورئاندا

١

لەبارەی ئیمان و بانگەوازی و جیهاددا

نووسینی
دکتۆر صلاح عبدالفتاح الخالدی

وەرگێڕانی
کاوە هاوڕاز

التفسير

بسم الله الرحمن الرحيم

چیـرۆکی پێشـینـان
له قورئـاندا
بەشی یەکەم

مەبەست لە نووسینی هزرەکانی ئەم زنجیرە ئیسلامییە

- دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردییە بە گرنگترین و کاریگەرترین دەقی شەرعی ئیسلامیانە کە مەشخەڵی سەرەکیی هزری هەموو چەرخێکی ئیسلامین .
- ئاشناکردنی خوێنەرەوانی موسڵمانی کوردە بە دەقی کتێبانەی کە سەرچاوەن بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامی و سازێنەری ڕابوونی ئیسلامین .
- شارەزاکردنی ڕاستەوخۆی لاوی کوردە بەم سەرچاوانە، ئازادکردنیان لە کۆت و بەندی بۆچوونی دەسکی حزبایەتی و تاکڕەوی و پەرگیرایی .
- بناغەیەک بێ بۆ بنیادنانی کەسایەتییەکی ئیسلامی بەهێزتر بۆ هەر تاکێکی موسڵمانی کورد، تا توانای ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی هەبێ، کە خوای پەروەردگار پێی سپاردووە .

دەگەڵ ڕێز و تەقدیرمان بۆ بیروڕای نووسەرانی ئەم زنجیرەیە، مەبەستیش نییە ئێمە پابەندی هەموو بیروبۆچوونەکانیان بین .

با دەستووریشمان لە وەرگرتن فەرمایشتەکەی خوای پەروەردگار بێت،

ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ
هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ﴿١٨﴾

چیرۆکی
پێشینان لە قورئاندا

چەند وانەیەك لە ئیمانو
بانگەوازو جیهاد دا

بەشی یەکەم

نووسینی
د.صلاح عبدالفتاح الخالدي

وەرگێرانی
کاوە هاوراز

ناوی کتێب بە عەرەبی: مع قصص السابقين في القرآن (١)

ناوی نوسەر: د.صلاح عبدالفتاح الخالدي

ناوی کتێب بەکوردی: چیرۆکی پێشینان لە قورئاندا

ناوی وەرگێڕ: کاوە مصطفی (هاوراز)

چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/هەولێر

کۆمپیوتەرو نەخشەسازی: جومعە سدیق کاکە

خەت: نەوزاد کۆیی

بەرگ: ئەمین مخلص

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣١ك – ٢٠١٠ز

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری هونەر هەولێر ژمارەی سپاردن (٣٠٩) ساڵی ٢٠٠٤ ی پێدراوە

تەفسیر

بۆ بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن

هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس

ت : ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٣٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨

مۆبایل : ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١

tafseeroffice@yahoo.com

tafseeroffice@maktoob.com

altafseer@hotmail.com

www.al-tafseer.com

بەشی یەکەم

لە چیرۆکەکانی (بنو اسرائیل) لە قورئاندا

إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَكْثَرَ
ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿٧٦﴾ النمل

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

پێشـەکی

إن الحمد لله نحمده ونـستعينه ونـستهديه، ونعـوذ بـالله مـن شـرور أنفـسنا ومـن سيئات أعمالنا، من يهد الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له. وأشـهد أن لا إله الا الله، وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله، صلوات الله و سـلامه عليه، وعلى اله وصحبه.. أما بعد..

(سوپاس‌و ستایش هەر بۆ خوایە، سوپاسی دەکەین‌و داوای کۆمـەك‌و ڕێنمـایی لێ دەکەین‌و، پەناش بەخوا دەگـرین لـە خراپـەکانی دەروونمـان‌و چـەوتی‌و خراپـی کردەوەکانمان، هەر کەسێك خودا ڕێنمایی بکـات ڕێ لێتێکـدەرێکی نییـەو، هـەر کەسێکیش گومڕاو ڕێ لێ تێك چوو بێت ڕێنمایی‌و ڕێ پیشاندەرێکی نییە..

هەروەها شایەتی دەدەم ((بە دڵ‌و زمان)) لەسەر ئەوەی کە جگە لە (الله) هـیچ خودایەکی پەرستراو نییە، هەر خـۆی تـاك تەنیایـەو هـیچ هاوبـەش‌و هاوڕێیـەکی نییەو، شایەتیش دەدەم لەسەر ئەوەی کە (محمـد) بەنـدەی خـوداو پێغەمبەریـەتی (درودو سلاوی خودا) لەسەر خۆی‌و خانەوادەو هاوەڵانی بێت)

بێگومـان خودای پەروەردگار لە قورئان دا چـەندەها چـیرۆکی کەسـان‌و گـەلانی پێشینی بۆ گێڕاوینەتەوەو ئەم چیرۆکانەش بەو هەق‌و ڕاستیە وەسـفی کـردووە کـە هیچ شك‌و گومانێکیان تێدا نییەو لە هەمان کاتدا وەسفی: باشـترینی چـیرۆکەکان (احسن القصص)یشی بۆ داناون.

خودا بۆیە ئەم چیرۆکانەمان بۆ دەگێڕێتەوە تـاکو بـیر بکەینـەوەو وانـەیان لـێ وەربگرین، فەرمانیشی پێ کردووین کە ئەم چیرۆکانە بۆ خەڵکی باس بکەین تـاکو ئەوانیش بیر بکەنەوە.

هەروەها خودا ئەوەشی پێ ڕاگەیاندووین کە ئـەم چـیرۆکانەمان بـۆ دڵنـەوایی‌و

جێگیر بوونو ئارام گرتن لەسەر تێکۆشانو نارەحەتیو ڕووبەڕووبوونەوەی کۆشپەکانی ژیان بۆ دەگێڕێتەوە.

پاشان بڕیاری خودا وایە کە لە چیرۆكو بەسەرهاتی پێشینەکان دا دەرسو ئامۆژگاری بۆ کەسانی ژیرو عاقڵ هەیە، بۆ ئەو کەسانەی هەڵوەستە لە ئاست چیرۆکەکاندا دەکەنو پەی بە پەندو وانەکانی دەبەنو چەندین ئامۆژگاریو دەرسی لێ دەردەهێنن.

هەر بۆیە خودا فەرمانی پێ کردووین کە شوێن پێی چاکانو چاکسازانی پێشین هەڵگرین، ئەو پێشینانەی چیرۆکەکانیان باس کراونو، ڕێبازی بانگەوازو چاکسازیو ڕووبەڕوو بوونەوەو جیهادو ئارامیو خۆڕاگریشیان پیشان داوین. جگە لەوەی پێویستی کردووە لەسەرمان کە شارەزای قورئان بینو لە ماناو حوکمەکانی ورد بینەوەو لێی تێ بگەینو بزانین چ بڕیارو مەبەستێك لە عیبرەتو دەرسەکانیو لە هێماو ئاماژەکانیو لەڕێی بەدیار خستنی چیرۆکی پێشینەکانەوە دەخوازێت.

ئێمەش وەك پەی بردنێك بە مەبەستەکانی قورئان لە چیرۆکەکانی داو، وەك ئاوڕدانەوەیەکیش بەلای حەقیقەتو بنەماو ئاڕاستەکانی نێو ئەو چیرۆکانەداو، پاشان وەك ملکەچیمان بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خودا سەبارەت بە ووردبوونەوە لە ماناکانی قورئانو تێفکرینو پەند لێ وەرگرتنو وەك حەزو پەرۆشییەکیشمان بۆ خزمەتکردنی کتێبی خوداو هێندەی بتوانین زانستو زانیاریو وانەو لێکدانەوەی دیاری بکەین، دەستمان کرد بە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر (بەسەرهاتو داستانی پێشینەکان لە قورئاندا).

* * *

موسڵمانان لەم سەردەمەدا لە قۆناغێکی بەربەرەکانیی گەورەی جیهانیدا دەژینو شالاوی دوژمنانیشیان ڕۆژبەڕۆژ بەگوڕترو توندترو دڕندانەتر دەبێت لەسەریانو تەنانەت شالاوێکی هەمەلایەنەو جۆربەجۆریشە.. هەرچەندە دوژمنان

لە واقیعی هاوچەرخی موسڵماناندا گەلێك دزەیان کردووەو چەند مەوقیعو سەنگەرێکی پێشەوەشیان لێ داگیر کردبن، بەڵام نەگەیشتوونەتە مەڵبەندی سەرکردایەتییانو (بەیارمەتی خوداش) هەرگیز ناگەن.

دیارە چەندین بانگەوازکارو چاکەخوازو پەروەردیار ئەرکی خۆیان بەرانبەر ئەم نەتەوە موسڵمانی بەجێ‌گەیاندووەو ئامۆژگاریو ڕێنماییی تەواویان کردوونو ڕێی ڕاستیان نیشانداونو هەموو سیماو تایبەتمەندییەکی ڕێگەکەشیان پێ ناساندوونو، بەکردەوەش لە مەیدانی بەرەنگاری جیهاددا سەرکردایەتیان کردوون.

لەبەرامبەردا چەندین کەسی چاكو ڕاستیخواز لە سەربازانی خودا بە پیاوو ئافرەتەوە بەدەم ئامۆژگاریو ڕێنماییەکانیانەوە هاتوونو ڕێی ڕاستو ڕەوانیان گرتۆتە بەرو ڕووبەڕووی هێزە شەڕخوازو بەدکارو (باطل)ەکان بوونەتەوەو، بە باوەڕی پتەوو گیانی بڵندو، ئارامیو خۆڕاگریو، ورەو هیممەتو، ڕاستگۆییو دڵسۆزیو، متمانەو دڵنیاییو، هەوڵو هۆگری بۆ پاداشتی خوداو حەزکردن لە ڕەزامەندییەوە چوونەتە مەیدانی جیهادو بەرەنگاریو بەربەرەکانییەوە.

هەموو جارێکیش ڕێگا ڕاستەکە زیاتر دەدرەوشێتەوەو چاکەخوازانیش بە پیاوو ئافرەتەوە زیاتر ڕووی تێ‌دەکەن پەیڕەوی دەکەنو پێوەی پابەند دەبن. بە پشتیوانی خوداش هەر دەگەنە ئاکامی ئەو ڕێگا ڕاستو هیوا بۆ خوازراوەو، فەرمانی خوداو خواستو یارمەتیی بەدەست دێنن. هەر بە یارمەتی خوداش ئەو واقیعە ناهەموارەی نەتەوەو ژیانە شێوێنراوەکەی دەگۆڕنو نەخۆشییە ترسناکەکانیشی چارەسەر دەکەنو، بەسەرکەوتوویی بەربەرەکانیی هێزەکانی شەڕخوازیو ناهەقیو تێکدان دەکەنو، هەموو فڕوفێڵو تەڵەکەیەکیان پووچەڵ دەکەنەوەو، ڕاویان دەنێنو دەیانبەزێنن، چونکە ئەمە بڕیارو ڕێسای خودایەو، بەڵێنی خوداشە بۆ ئەم نەتەوەیە کە بە نەتەوەی حوکمی خەلافەتو شەهادەت خوازیو سەرکردایەتیو پێشڕەوایەتی ناسراوە.

ئێمە تەواو دڵنیاین لەوەی کە ئەم هەورە نا ئاساییەی بەری ئاسمانی نەتەوەی موسڵمانی گرتووە —ان شاء اللە- هەر دەڕەوێتەوەو، دوژمنانیش سەرشۆڕو ریسوا دەبنو، نەتەوەش تەندروستیی خۆی بۆ دەگەڕێتەوەو خوێنی بزوێنەری جەستەی تێدا نوێ دەبێتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەر سەکۆی پێشڕەوایەتیو پەیامی ڕێنماییی بە دەستەوە دەگرێتەوەو حوکمی خەلافەتە (راشیدی)یەکەشی دادەمەزرێنێتەوە..

بەڵام هەموو ئەم هیواو ئاواتو خەونە راستەقینە عەمەلیو واقیعیو هوشیارانەیە ئاتاجیان بە زیادکردنی هەوڵو تەقەللاکانو، پەیڕەویکردنی ئیددیعاکانو گرتنەبەری ئەو مەرجو سیفەتو خەسڵەتانەشە کە خودا خستوونییە بەردەمی ئەو نەتەوە ئازاو سەرکەوتوانەی کە تەنیا سوننەتو ڕێسای خۆی سەریان دەخاتو سوننەتی خوداش جێگیرەو دواناکەوێت.. باوەڕیشمان وایە ئەم نەتەوەیەو ئاقاری مرۆڤایەتی بەرزو شکۆداری پێ بەدی دێنرێت، چونکە هەر بەرنامەی ئەم قورئانە بوو نەتەوەی موسڵمانی لە نەبوو(عدم)ەوە هێنایە ئاراوەو کردی بە باشترین نەتەوەی هەڵکەوتوو بۆ خەڵکیو، جڵەوی سەرکردایەتیی بەشەریشی پێسپارد، جا هەر قورئانیشە بتوانێت سەرلەنوێ نەتەوەی موسڵمان بخاتەوە سەر ئەو ئاقارەو سەرکردایەتیی ژیانی خۆیی پێ بسپێرێتو جارێکی تریش بە سەنتەری سەرکردایەتیو پێشڕەوایەتیی بگەیەنێتەوە.. نەوەی پاشینەی ئوممەتیش تەنها بەو بەرنامەیە چاك دەبێت کە پێشینەی پێ چاك بووە.

منیش بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەبینم کە بەشداری بکەم لەو هەوڵو تەقەللایانەدا کە بۆ هاتنەکایەی سەرلەنوێی نەتەوەی ئیسلامی دەدرێت، ئەمەش بەپێی بوارو ماوەو توانام لە کاتو هەوڵو، لە کردارو گفتارو، لە فیکرو بانگەوازو روون کردنەوە. لەو بڕوایەشدام هەرچییەکم هەبێت هەر کەمەو جێی باس نیە، بەڵام هەوڵی کەم دەستێکە، هەروەك لەو بڕوایەشدام کە هەر پێویستەو واچاکە تەنها لە قورئانەوە پێهەڵگیرێت بۆ زیندووکردنەوەی حاڵەتی ئیسلامیو، بەو پێودانگەش کە هەر قورئان پێگەو خاڵی دەستپێکردنی ئەو هەوڵانەیە..

هەر بۆیەش ئەو کتێبخانە قورئانییەی کە بەتەمام بەناوی (لەگەنجینەکانی قورئانەوە) پێشکەشی خۆشەویستانی بەڕێزی بکەمو کە تا ئێستا چوار کتێبی لێدەرچووەو ئەمەش پێنجەمیانە، بەردەوام بم لە کارکردن تێیدا بۆ بەجێگەیاندنی ئەو پرۆژە قورئانییە، لەم رووەوە هەرچی بە گونجاوی بزانم وەك چەند ئەڵقەیەكو چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەمەولام لەسەر قورئان دەیخەمە رووو داوای کۆمەكو یارمەتییش هەر لە خودا دەکەمو نزای لا دەکەم کە مەبەستەکانم راستی بپێکنو جێی پەسندی هەموان بێت.

بێگومان قورئانی پیرۆز روانگەی هەموو تێڕوانینەکانەو هەوڵو کاتو تەمەنیش هەر لەودا بەسەر دەبرێتو لێکۆڵینەوەو دیراسەکانیش هەر دەربارەی قورئان ئامادە دەکرێنو، هەر لەوێشەوە بنەماو بەرنامەو تیۆرو رێساکان دەردەهاوێژرێن.

دیارە قورئانیش بەسە بۆ شکاندنی تینوێتیی هەرکەسێك کە رووی تێبکاتو هەموو بیروباوەڕو رێسایەکی جوانی پێ ببەخشێتو بەهانای دەردو کێشەکانیەوە بێتو پێویستییە رەواکانی بۆ پڕکاتەوەو نیازە گرنگەکانی بۆ بخاتە روو.. چونکە قورئان کارێزێکی شیرینەو تینوان تێرئاو دەکاتو، مەڵبەندێکی دەوڵەمەندی پشتگیرییەو بەشی هەموو میوانەکانی دەکات، هەروەها گەنجینەیەکی بێشوماری پاشەکەوت کراوە کە هەموو خوازریارانو رووتێکەرانی دەوڵەمەند دەکات.

خۆ ئەگەر هەموو هەوڵەکان رووەو ئەم گەنجینە قورئانیانە بچن هیچی لێ کەم ناکەنەوەو دوایی بە بەخششەکانیشی ناهێنن.. خۆ ئەگەر هەموو لێکۆڵیارانیش بە گشت جۆرە بیروبۆچوونو دیدو تێڕوانینو توێژینەوە هەمەڕەنگەکانیشیانەوە رووەو قورئان بڕۆن ئەوا هێشتا ناتوانن تێکڕای زانستو زانیاریو، فەرمانو رێساو، پەندو ئامۆژەو، سەرگوزەشتەو ئاڕاستەکانی باس بکەن، پێشینانیش چەندەها زانستو حوکمو رێسای دیکەیان تێدا هێشتۆتەوەو دایانناوە بۆ کەسانی دوای خۆیان تا ئەوان بتوانن باسیان لێوە بکەن.

فەرماندەی باوەڕداران (علی كوڕی ابوطالب)خودا لێی رازی بێت لە وەسفكردنی ئەم قورئانەدا فەرموویەتی:

"لەمەولا فیتنەو كارەسات روو دەدات، دەروازەی لێدەرچوونیشیان تەنها كتێبەكەی خودایە، لەم كتێبەدا هەواڵی گەلو نەتەوەكانی پێش خۆتانو دوای خۆشتان پێدراوە، حوكمو دادوەریی نێوانیشتان بۆ دیاریكراوە، قورئان بەرنامەی جێگیرو بێهاوتایە، نەك سستو لەرزۆك بێت، هەركەسێكی خۆ بەزل زانو دەسەڵاتدار پشتگوێی بخات خودا پشتی دەشكێنێت، هەركەسێكیش لە بەرنامەیەكی تری غەیری قورئاندا بەدوای رێی راستدا بگەڕێت، هەرگیز بەدیی ناكاتو خوداش گومرای دەكات.

قورئان ئایینی بەهێزی خوداو، فەرمایشتی داناییو، رێگەی راستیەتیو، ئەو رێبازە تۆكمەیەشە كە بەهەواو ئارەزوو لارنابێتەوەو بە زمانو قسەوباسی ناڕاست گومانی لەسەر پەیدا ناكرێتو، زانایانیش هەرگیز لێی تێرنابن، هەروەها ئیعجازو لایەنە سەرسوڕهێنییەكانیشی كۆتاییان پێ نایەتو، لەبەرامبەر زۆریی وەڵامو بەرپەرچدانەوەشدا شكستو دەستەوسان نابێت.

هەركەسێك بە زمانی قورئان بدوێت راست دەبێژێت، هەر كەسێك كاری پێ بكات، سوودمەندە بە پاداشتو بەختەوەریەكانی، هەركەسێك حوكمو دادوەریی پێ بكات دەخرێتە سەر رێی راستو ڕەوان".

چیرۆكەكانی قورئان زۆرو هەمەچەشنو جۆراوجۆرن، زۆربەی سوورەتو ئایەتەكانیان گرتۆتەوە، هەندێك چیرۆكیان كورتنو، هەندێكیشیان درێژن، لە چیرۆكە كورتەكانیش دا چیرۆكی وایان تێدایە كە برگەیەكی خێرایە یان چەند برگەیەكی خێرایە، لە چیرۆكە درێژەكانیش دا چیرۆكی وای تێدایە كە مام ناوەندیو یەك دیمەن (مشهد)ی هەیە یان چەند دیمەنێكی كورتی هەیە، هەروەك چیرۆكی زۆر درێژیشی تێدایەو دیمەنەكانیشی زۆرە، جگە لەو چیرۆكانەش كە بەچەند شێوازێكی هەمە جۆر دووبارە بوونەتەوە..

چیرۆکی (ئیلیاس) لەگەڵ گەلەکەی لە سوورەتی (صافات)دا نموونەی چیرۆکی کورتە، چیرۆکی (سولەیمان)یش لەگەڵ (مێروولەو پەپوو سلێمانکەکە)و شاژنی (سەبەء)و تەختو تاراجەکەی دا کە لە سوورەتی (النمل)دا باسکراون نموونەی چیرۆکی مام ناوەندین لە گێڕانەوەو درێژیدا.

بەڵام (چیرۆکی یوسف) لە سوورەتی (یوسف)دا نموونەی چیرۆکی درێژە کە بەدرێژیو لەیەك جێگەی قورئاندا هەموو بەسەرهاتەکە گێڕدراوەتەوە. هەروەها چیرۆکی (موسا) لەگەڵ (فیرعەون)و پاشان لەگەڵ گەلەکەی (بنی ئیسرائیل) کە لە چەندان سوورەتی قورئاندا گێڕاوەتەوە، نموونەی چیرۆکی درێژە کە بە چەندان شێواز دووبارە بووەتەوە یان بەچەندان شێواز لە هەر جێگەیەك دا بەشێکی لێ گێڕراوەتەوە.

دەشێت بەشێوەیەکی تریش چیرۆکەکانی قورئان لە ڕووی ناوەڕۆكو کەسەکانو ڕووداوەکانیەوە پۆلێن بکرێت، ئەم پۆلێنکاریەش زیاتر پەیوەستە بەم کتێبانەوە.

چیرۆکەکانی قورئان دوو بەشن:-

بەشی یەکەم:- چیرۆکی پێغەمبەرانو نێرراوانی خودا.

بەشی دووەم:- چیرۆکی کەسانی تر کە پێغەمبەرانو نێرراوان نین.

دیارە جۆرە پەیوەستیو لێك چوونو تێهەڵکانێکیش لە نێوان هەردوو بەشەکەدا هەیەو ناتوانرێت لە یەکتریان جیا بکەینەوە، وەك ئەوەی هەندێك لە بەشی دووەم تێکەڵی بەشی یەکەم دەبێت، ئەمەش وا لە لێکۆڵیار دەکات کاتێك لەبەشی دووەم (واتە لە چیرۆکی کەسانی غەیری پێغەمبەران) دەکۆڵێتەوە بچێتە سەر باسی هەندێك لایەنی بەشی یەکەمیشو چاو بەڕووداوو بەسەرهاتەکانی دا بگێڕێتەوە.

من بەشی دووەمیش (چیرۆکی غەیری پێغەمبەران) دەکەم بە دوو بەشەوە:-

یەکەم:- چیرۆکەکانی (بنواسرائیل)

دووەم:- چیرۆکی پێشینەکانی غەیری (بنو اسرائیل)

نموونەی جۆری یەکەم، چیرۆکەکانی (قاروون، طالووت، أصحاب السبت، البقرة، التیه)ە.

نموونەی جۆری دووەمیش، چیرۆکەکانی (أصحاب الکهف، ذوالقرنین، لقمان، هەر دوو کوڕەکەی ئادەم)ە.

سەبارەت بە چیرۆکی پێغەمبەران لە قورئاندا چەندین کتێبو لێکۆڵینەوە نووسراونو بڵاوکراونەتەوەو -بەڕای من- باشترینیشیان کتێبی (مع الأنبیاء في القرآن)ی مامۆستا (عفیف عبدالفتاح طبارة)یە. لەو کتێبو لێکۆڵینەوانەش دا چەندەها واتاو پەندو وانەی بەسوود دیاری کراونو خودا باشترین پاداشتی خاوەنەکانیان بداتەوە، لەبەرئەمە (من ئێستا) هیچ نیازێکم نیە دەربارەی (چیرۆکی پێغەمبەران لە قورئاندا) بنووسم لەگەڵ باوەڕی تەواویشم بەوەی کە هێشتا ماوە زۆرەو دەشێت چەندین بۆچوونو وانەو ڕێنمایی تازەو بەسوودی دیکەیان لێ بخرێتە ڕوو، بە تایبەتیش دەربارەی ئیمانو بانگەوازو جیهادو خۆڕاگریو سەرکەوتنو دەمەزراندنی حوکمی ئیسلام لەسەر زەوی، واش هەست دەکەم لەم بوارەدا بە یارمەتی خودا چەند زیادکاریەکم لەلا دروست بوو بێت، بەڵام تا ئێستاش بەتەما نیم لە دیراسەیەك دا لێیان بدوێم، هەڵبەتە لە مەڕ ڕۆژانی داهاتووش نازانم چۆن دەبێت، خێرو چاکەش لەوەدایە کە خودا سەر پشکی دەکات، لە خوداش دەپاڕێمەوە هەر خێرو چاکەمان بۆ هەڵبژێرێتو قەدەری لەسەر بێت بۆمانو، ڕازییمان کات پێیو، لە بەجێ گەیاندنیشی دا ئاراستەو ڕێنموونیمان بکات.

من کاتێك دەستم دایە مەسەلەی چیرۆکی پێشینەکانی غەیری پێغەمبەران، بەهۆی (کەمیی دیراسە شیکاریە بابەتیو زانستییەکانەوە لەسەری)و (ئاتاجی زۆرمان بە لێووردبوونەوەیان و) ، (دەرهێنانی ئەو چەند وانەو ڕێنماییانەش کە خودا پێویستییان دەکات بۆمان) بوو. وام بەباش زانی ئەم دیراسەیە بکەم بە دوو بەشەوە تاکو لە دوو کتێبدا دەربچێتو بۆ خوێنەرانیش ئاسانتر بێت.

بەشی یەکەم: چیرۆکەکانی (بنو اسرائیل) لە قورئاندا، کە خودی ئەم کتێبەیە.

بەشی دووەم: چیرۆکی پێشینەکانی تر لە غەیری (بنو اسرائیل).

ئەم کتێبەش لە نۆ (بەند) (فصل) پێك هاتووە:

بەندی یەکەم/ لێدوانی قورئان دەربارەی چیرۆکەکانی، کە تیای دا گرنگترین سیمای چیرۆکەکانی قورئانم (وەك قورئان خۆی چۆنی خستۆتە ڕوو) تۆمار کردووە، ئینجا نیازو ئامانجی خستنە ڕوویم ڕوون کردۆتەوەو مەودای سوود لێ دیتنیشم دیاری کردووە، لەگەڵ ڕادەی وەرگرتنی پەندو ڕێنمایی لێوەی.. هەموو ئەمانەشم لە ئایەتەکانی قورئانەوە وەرگرتووە.

بەندی دووەم/ بەرنامەی چاوگێڕان بە چیرۆکەکانی پێشینان (قصص السابقین)دا.

ئەم بەرنامەیەشم لە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەری خوداوە ﷺ دەر هاویشتووە، هەروەها لە دیدو بۆچونی ئەو زانا دادپەروەرانەشەوە کە بە شێوەیەکی وردو بابەتیانە لە چیرۆكو بەسەرهاتەکانیان کۆڵیوەتەوە. هەر بۆیە لەسەر ئەم بەرنامەیە سوورین، تاکو هەق بەهەوڵیانەوە دیار بێتو هەقیش بخەنە بەردەم خەڵکیو هەوڵەکەیان لە هەقەوە بۆ ناهەق(باطل) دەرنەچێت، هەروەها لە عیلمو زانستەوە بۆ بانگەشەو گریمانکاری دەرنەچێت.

بەندی سێیەم/ چیرۆکی دایکی (موسا) —سلاوی لێ بێت- کە لە هەردوو سوورەتی، طەو، القصص دا باسکراوە.

بەندی چوارەم/ چیرۆکی ئەو پیاوە باوەڕدارەی کە لە خێڵی (فیرعەون) بوو-خودا لێی ڕازی بێت- کە لە سوورەتی (غافر)دا باس کراوە.

بەندی پێنجەم/ چیرۆکی (قارون) لە سوورەتی (قصص)دا.

بەندی شەشەم/ (چیرۆکی ڕێ ون بوونی (بنو اسرائیل) لە سوورەتی (مائدە)دا.

بەندی حەوتەم/ (چیرۆکی مانگاکەی (بو اسرائیل) لە سوورەتی (بقرە)دا.

بەندی هەشتەم/ چیرۆکی (اصحاب السبت) لە سوورەتی (اعراف)دا.

بەندی نۆهەم/ چیرۆکی (طالووت) لە سوورەتی (البقرة)دا.

واش بە تەمام -ان شاء الله- بەشی دووەم تایبەت بکەم بۆ هەر چوار چیرۆکەکەی نێو سوورەتی (کهف)} (چیرۆکی -اصحاب الکهف-و، چیرۆکی کابرای خاوەنی هەردوو باخەکەو، چیرۆکی موسا) سلاوی خوایان لێ بێت-و، ذو القرنین-).

لە خوداش داواکارم لەلایەن خۆیەوە کۆمەکم بکاتو هەر خوداش خۆی پشت پێ بەستراوە.

بێگومان تێڕوانینی هەمە لایەنەو گشتگیرانە لە چیرۆکەکانی نێو ئەم کتێبەدا هەیەو، پەندو وانەو واتای هەمە جۆریشی لێوە دەرهاوێژراوە.. منیش لە دراسەو لێکدانەوەی ئەو چیرۆکانەدا ئەم لایەنە گرنگانەم گرتۆتە بەر:-

١) لە خستەڕووی چیرۆکەکاندا پابەندی کەشی دەقە قورئانییەکە بومو بەهیچ لایەکدا دەرنەچووم تەنها بۆ لای ئەو فەرموودە راست (صحیح)انە نەبێت کە بەشێکی نادیار، یان نەزانراوو تەم لەسەر نیشتوویان ڕوون کردبێتەوە، واتە تەنها پشتم بەو دوو سەرچاوە راستو دروستەی (قورئانو حەدیسی صحیح) بەستووە.

٢) سووربوونم لەسەر پەسند نەکردنی هەر هەواڵ یان هەر شیکارو رونکردنەوەیەکی گومان لێکراوی دەسهەڵبەستی جوولەکەکان (اسرائیلیات)و، هەر (أخبار)و (روایات)ێکی پووچەڵو ئەفسانەکاری، هەروەها سووربوونم لەسەر رەتکردنەوەی هەر وتەو روونکردنەوەیەك کە لە هەر مرۆڤێکەوەو (هەر کەسێك بێت) وەرگیرابێت ئەگەر لەو وتەو روونکردنەوەیەیدا پشتی بە قورئانو حەدیس نەبەستبێت. ئەمەش لەبەر بوونی باوەڕی تەواوم تەنها بە پێویستیی روونکردنەوەی قورئانو سوننەتو بە پێویستیی بێدەنگ بوونیش لەو رووداوو شیکارسازییانەی کە هەردووکیان (قورئانو سوننەت) لێیان بێدەنگ بوونو بە پێویستیی رێزگرتن لە گوتاری راستی خودا کە ئەو راستییە لە گێڕانەوەو بەسەرهاتەکان (روایات وأخبار)دا بەدینەکراوە، هەروەها رێزگرتنیش لەو

گوتارەی کە دەربارەی نادیاری(غیبی)ی پێشینەکان لە قورئاندا هاتووەو، کەوا لە وتەی جوولەکەکاندا نییە، واتە ئەو جوولەکانەی کە بەخراپی دەسکاری رووداوو بەسەرهاتەکانیان کردوەو مێژوویەکی ناڕاستو پڕ لە ساختەکارییان نووسیوەتەوەو لە هێنانی هەر باسو گوتەو بەسەرهاتێکیشدا درۆ دەکەن.

٣) ئاوڕدانەوە لە ڕەهەندە واقیعییەکانی ئەو چیرۆکانەو، ئاماژەکردن بۆ گونجانی هەندێك بڕگەو دیمەنو نموونەیان لەگەڵ سەردەمی نوێدا، بەگونجانی ئەو رەهەندە واقیعیو عەمەلییە زیندووەش دەشێت پەندو واتا لە چیرۆکەکانەوە وەرگرین.

٤) قەناعەتی تەواو بەوەی کە ئەو چیرۆکانە چەند گەنجینەیەکی بەنرخی پاشەکەوت کراونو ژمارەیەکی زۆر لە پەندو وانەو رووداوی راستەقینەو، بیروباوەڕو، سەرنجو بیروڕایان لە ناخ دایە، هەموو ئەم شتانەی ناخی گەنجینەکانیش بۆ لایەنە هەمەجۆرەکانی مرۆڤایەتی دەست دەدەن، وەك لایەنەکانی (ئیمانداریو بانگەوازو، رەوشتمەندیو فێرکاریو، سیاسیو ئابووریو، سەربازیو جیهادیو، شارستانیو مرۆڤایەتی...).. من لەم رووەوە ئاماژەم بۆ هەموو ئەو رەهەندو لایەنو واتایانە کردووەو بە یارمەتی خوداش ئەوەی پەیم پێبردبێتو سەرنجم بۆی چووبێت تۆمارم کردووە.

٥) چەق خستنە سەر وانەکانی باوەڕداریو بانگەوازکاریو جیهادکاریو، دەرهاویشتنی شێوازو نەریت لەو چیرۆکانە بەو پێودانگەی گرنگترین ئاتاجی بانگەوازکارو چاکسازانی ئەم سەردەمەیان تێدایە.

٦) باوەڕی تەواوم بەوەی کە هەرچیم لە پەندو وانەو رێنماییەکان باس کردووە هێشتا کەمنو بە بەراورد لەگەڵ ئەو گەنجینە زۆرە حەشاردراوەی نێو چیرۆکەکان جێی باسێکی ئەوتۆ نینو لانی کەم وەك دڵۆپە ئاوێکە لە ئۆقیانووسێك، یان دەنکە لمێکە لە گردۆڵکەیەکی لمینی بیابان دا..

لەبەر ئەمە ئیددعای ئەوە بۆ خۆم ناکەم گوایە سەرجەم وانەو دەرسو پەندەکانی نێو ئەو چیرۆکانەم کۆکردبێتەوە، یان زۆرترینیانم دەرهاویشتبێت، بەڵکو تەواو دانی پێدادەنێم کە بەبێ مەبەستێك‌و، لە ئەنجامی دەستەوسانیو کەم توانابیمەوە گەلێکیانم لەیاد کردووەو جێم هێشتوون بۆ ئەوانەی لە ئایەتەکانی قورئان ورد دەبنەوەو لە چیرۆکەکانی رادەمێنن. بەراستی زۆرم بۆ بەجێ‌هێشتوونو، دیارە ئەوانیش زۆر پەندو انەی تری نێو چیرۆکەکان بۆ کەسانی دوای خۆیان دەهێڵنەوە، بەڵام هێشتا پەی بە هەموو ئەو گەوهەرە حەشاردراوانەی ناخیان نابەن.

لەم ڕووەوە حەزدەکەم لەگەڵ (سید قطب)دا -خودا لێی خۆش بێت- ئەو وتەیەی بڵێمەوە کە گوتوویەتی: "ئێمە ئەو ڕێنماییو ئاماژە سرووش بەخشانەی نێو ئەم چیرۆکەمان پێ دەرنایەت، چونکە وەك تاقیکردنەوەش فێریکردووین دەقە قورئانییەکان بۆ هەر دڵو دەروونێك ڕێنماییو ئاماژەی سرووشبەخشی تایبەتییان پێ دەگەیەننو رادەی ئاتاجی دەرکەوتووی بۆ دەخەملێنن. ئیدی پاشماوەی تەواوی گەوهەری پاشەکەوت کراوی هەڵدەگرێت بۆ دڵو دەرونەکانی ترو لە هەموو بوارو هەڵوێستێکی هەمەجۆری تردا ڕێنماییان بە گوێرەی رادەی دابەشکراو پێ دەبەخشێت."

❊ ❊ ❊

ئیتر منیش بەم کارەو هەر کارێکی ترمەوە رووی نزا تەنها دەکەمە خودای تاك‌و بێ‌هاوەڵو، داواکارم بە چاکی لێم پەسندکاتو بیکاتە توێشوو و-رصید-ێك لە تەرازووی کردەوەکانداو سەرفرازیو رزگاریم لە رۆژی لێپرسینەوەدا بۆ بنوسێت. لاریم لەوەش نییە کە هەر هەق‌و چاکەو راستییەك لەو کارەم دا تەنها لە خودا خۆیەوەیەتیو، سوپاسی دەکەم لەسەر ئەوەی کە ڕێنموونیی کردووم بۆیو، داوای زیاتریشی لێدەکەم. هەروەها لاریم لەوەش نییە کە هەر هەڵەو کەمو کورتیو درێغییەك لە کارەکەمدا هەبێت (کە بێگومان هەر هەیە) ئەوە لە نەفسی خۆمو

لە-شەیتان-ەوەیە، بۆیە تەوبە لەلای خودا دەكەمو داوای لێخۆشبوونی لێدەكەم.. بۆیە تكام لە خوێنەری بەڕێزیش ئەوەیە گەر هەر شتێكی لەو جۆریان بەدی كرد داوای لێخۆشبوونم لە خودا بۆ بكاتو، خۆیشی چاوپۆشیم لێبكاتو ئامۆژگاریشیم لەسەری بكات.

ئیتر سوپاسی زۆریش بۆ ئەو خودایەی كە هەموو چاكەیەك بە نیعمەتەكانی تەواوو بەجێ دەگەن.. دروودی خوداش لەسەر گەورەمان (محمد)ی پێغەمبەری سەرجەم بەشەریەتو هەموو خانەوادەو هاوەڵانو شوێنكەوتوانی.

دكتۆر صلاح عبدالفتاح الخالدی

صویلح

١٤٠٧/١٢/١ك

١٩٨٧/٧/٢٦ز

باسێکی قورئان لەبارەی چیرۆکەکانی یەوە

قورئـــان ژمارەیـــەکی زۆری چـــیرۆکی پێـــشینەکان لـــە پێغەمبـــەرانو غـــەیری پێغەمبەرانی بۆ گێڕاوینەتەوە کە هەندێکیان لە چیرۆکی بـاوەڕدارانن‌و، هەنـدێکی تریشیان لە چیرۆکی بێباوەڕانن.

هـــەروەها باســـی ئـــەو چـــیرۆکانەی بـــۆ کـــردووین‌و حیکمـــەت لـــە هێنانـــەوەو گێڕانەوەیشیان بۆ دیاری کردووین، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو سودانەی پیشان داویـــن‌و ئـــەو جێگایانـــەی پەنـــدو عیبرەتیـــان تیادایـــەو، پاشـــان بەرنامـــەی لێتێگەیـــشتن‌و لێبوردبوونەوەو چۆنیەتی مامەڵە لە گەڵیاندا.

ئێمە لێرەدا هەڵوێستەیەکی خێرا لەئاست قورئان‌و چیرۆکەکانیدا دەکەین، تـاکو ڕێخۆشکارییەك بێت بۆ باس‌و خواسمان لەمەڕ چیرۆکی پێشینەکان لە قورئـان داو، دەروازەیەکی سەوداکاریش لەگەڵ خودی چیرۆکەکان دا بێت.

زاراوەی (قصص) لە قورئاندا:

قورئـــان زاراوەی چـــیرۆکەکان (القـــصص)ی لـــە چـــەندین حاڵـــەت‌و شـــێوازی بەکارهێنان‌و ڕێکخـــستن دا هێناوەتـــەوە، وەك لـــە رووکـــاری (فـــەرمانی رابـــردوو)و (فەرمانی رانەبردوو)و (فەرمانی داخوازی)و رووکاری (چاووگ)یش دایە.

ئیمام (راغبی اصفهانی) لە (مفردات)یدا دەربارەی ئەم زاراوەیە گوتویەتی:

"چیرۆك گێڕانەوە، واتە بەدواداچوونی شوێنەواری رووداو، بۆ نموونە دەگوترێـت: بەدوای شوێنەواریدا چووم. جا (قصص)یش واتە (أثر).. (القص-تتبع الأثـر، یقـال: قصصت أثره) خودا فەرموویە: ﴿...فَٱرۡتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا قَصَصٗا﴾(الكهف-٦٤)

واتە: هەردوکیان-کە مەبەست بە موساو خزمەتکارەکەیەتی- گەڕانەوە بۆ هەمان شوێنی پێشوویانو بە شوێنەواری ڕێگەکەیاندا دەگەڕانەوەو ئاسەوارەکەیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە).

هەروەها خودا فەرمووییە: ﴿وَقَالَتْ لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ ...﴾(القصص-١١)، واتە: (دایکی موسا بە خوشکەکەی موسای گوت: شوێنەواری منداڵەکە دەستنیشان کەو بەدوای هەواڵەکەیدا بچۆ). هەمدیسان (قصص) مانای (هەواڵو بەسەرهاتە یەك لەدوای یەکەکانیش دەگەیەنێت، وەك لەم ئایەتانەدایە:

- خودا فەرمووییە: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ...﴾(آل عمران-٦٢).

- هەروەها فەرمووییە: ﴿...فَلَمَّا جَآءَهُۥ وَقَصَّ عَلَيْهِ ٱلْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ ...﴾(القصص- ٢٥).

- هەروەها فەرمووییە: ﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ ٱلْقَصَصِ...﴾(یوسف-٣).

بەڵام (قِصاص) مانای سەندنەوەی خوێن بە تۆڵەسەندنەوە لە تاونبار دەگەیەنێت".[1]

چەند چیرۆکێکی ڕاستەقینەن:

چیرۆکەکانی قورئان چەند چیرۆکێکی ڕاستەقینەو واقیعیی پێشینەکانن کە بەوپەڕی ڕاستیو ڕاستگۆیی ڕووداوەکانیان تێدا گێڕراوەتەوە، چونکە خودا خۆی لە قورئاندا ئەم چیرۆكو بەسەرهاتانەمان بۆ دەگێڕێتەوە.. دیارەو بێگومان خودای مەزن هەر خۆیشی ئاگاداری ئەو ڕووداوانە بووەو قەدەری لەسەریان هەبووەو رادەو مەودای بۆ داناون، واتە هەر بە زانستو خواستو قەدەری خۆی هاتوونە ئاراوەو ئیتر فەرمایشتی خوداش هیچ ناڕێکییەکی تێدا نیەو هیچ گومانێکیشی لەسەر

١) المفردات في غريب القرآن: (٤٠٤) للإمام راغب الأصفهاني.

دروست ناکرێت..

﴿...وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا﴾(النساء-٨٧)، ﴿...وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا﴾(النساء-١٢٢)، کێ لە خودا ڕاستگۆترە، کێ وتەی لە وتەی خودا ڕاست ترە؟! بێگومان هیچ کەسێك.

هەروەها چیرۆکەکانی قورئان بە (قصص الحق) وەسف کراون.. لە سورەتی (آل عمران)دا دوای ئەوەی چەند ئایەتێك دەربارەی مرۆڤبوونی(بەشەرییەتی) عیسای کوڕی مەریەم-سلاوی لێبێت- هاتووەو پڕوپاگەندەی ئەو کەسە درۆزنانە پووچەڵ دەکاتەوە کە دەیاندایە پاڵ خوداو دەیانکرد بە (کوڕی خودا)، پاشان ئەم ئایەتانە ڕووداوی سکپڕبوونی (مەریەم)ی دایکی-خودا لێی ڕازیبێت- دەگێڕنەوەو چۆنیەتی منداڵ بوونی‌و لەدایك بوونی (عیسا) لەو ئایەتانەدا. ئایەتێك هاتووە کە وەسفی ئەم چیرۆك‌و ڕووداوانە بە چیرۆکە ڕاستەقینەکان (قصص الحق) دەکات، واتە ئەو چیرۆکانەی کە هەر خۆیان ڕاستن‌و کە هیچ هەڵەو درۆو ناهەقی‌و پووچەڵییەکیان تێدا نیە، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ ۚ وَمَا مِنْ إِلَٰهٍ إِلَّا ٱللَّهُ...﴾ (آل عمران -٦٢).

لە سورەتی (نمل)یشدا قورئان لایەنێکی بەسەرهاتی (موسا-سلاوی خوای لێبێت) لەگەڵ (فیرعەون) دەگێڕێتەوە بۆمان، پاشان لایەنێکی چیرۆکی (داود-سلاوی خوای لێبێت)..

بەڵام لە هەمان سورەت دا بە شێوەیەکی نەختێك زیاتر لەبەردەم چیرۆك‌و بەسەرهاتەکانی (سولەیمان-سلاوی خوای لێبێت)دا هەڵوێستەی کردووە، واتە بەسەرهاتی سولەیمان لەگەڵ هەریەکە لە (مێروولەکان)و (سوپاکە)و (پەپوسلێمانکەکە)و (شاژنی سەبەء)و هەوڵ‌و تەقەللای سولەیمان لەگەڵ ئەو شاژنەدا بۆ باوەڕهێنانی‌و چوونە نێو ئاینەکەی خوداوە..

ئینجا قورئان دوای ئەم بەسەرهاتانە ئـەم ئایەتـەی هێنـاوە کـە خـودا تیایـدا فەرموویـــە: ﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَقُصُّ عَلَىٰ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ أَكْثَرَ ٱلَّذِى هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾(النمل- ٧٦)، واتە: بێگومان ئەم قورئانـە زۆربـەی ئـەو مەسـەلانە دەربارەی (بنو اسرائیل) دەگێڕێتەوە کـە لەسـەریان ناتـەبانو کێـشەیان لەنێوانـدا دەربارەیان هەیەو روونی دەکاتەوە.

لە سورەتی (کهف)یشداو لە سەرەتای گێڕانەوەی داستانی (أصحاب الکهـف)دا ڕێگە بۆ وەسف کردنی چیرۆکەکان بە (چەند چیرۆکێکی راستەقینە) خۆش دەکـات، وەك لە فەرمایـشتەکەی خـوادا هـاتووە: ﴿نَّحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ نَبَأَهُم بِٱلْحَقِّ ۚ إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ ءَامَنُوا۟ بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَٰهُمْ هُدًى﴾ (الکهف/١٣) واتە: (ئێمە بەراسـتیو بەهـەق بەسەرهاتی ئەو لاوانەت بۆ دەگێڕینەوە کە بێگومان ئەوان لاوانێکی وەهابوون، کە باوەڕیان بە پەروەردگاریان جێگیرو دامەزراو بوو، ئێمەش زیاتر بـە نـوری ئیمـانو هیدایەت بەهرەمەندمان کردن.

کەواتە قورئـان لەکاتێکـدا چـیرۆکەکانی بـە (چـیرۆکە راسـتەقینەکان) وەسـف دەکاتو هەواڵی ئەوەشمان پێ دەدات، کە چیرۆكو داستانی پێشینەکان بە (هـەق)و بەڕاستی دەگێڕێتەوە، ئەوا لە هەمان کاتـدا سرووشـی ئـەو شـێوازە تونـدو تۆڵـە زانستییەمان لـە تێگەیـشتنی چـیرۆکەکانو لێوردبونـەوەو لێکۆڵینـەوەیان دا پـێ دەبەخشێت.

باشـترین چیـرۆك:

لە سورەتی یوسف دا خودا وەسفی چیرۆکەکان بە باشترینی چـیرۆکەکان (أحـسن القـصص) دەکـات، هـەروەك فەرموویـەتی: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۝٢ نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ ٱلْقَصَصِ بِمَآ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ هَٰذَا

ٱلْقُرْءَانَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِۦ لَمِنَ ٱلْغَـٰفِلِينَ ۝٣ إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ...﴾

(يوسف: ٢-٤).

داخۆ بۆچی چیرۆکەکانی قورئان باشترینی چیرۆکەکان بن؟ ئەی بۆچی ئەم وەسفە بەتایبەتی لە سوورەتی (یوسف)دا هاتووە.. بێگومان تەنها لە سوورەتی (یوسف)دا بەتەواوەتی هەموو چیرۆك‌و بەسەرهاتەکانی (یوسف-سلاّوی خوای لێبێت) گێڕراوەتەوە کە سەد (١٠٠) ئایەتی لەو سەدو یازدە ئایەتەی سورەتەکە بۆتەرخان کراوە. ئایەتەکانی دوایش هەندێکیان بۆ لێکدانەوەو بۆ پاشکۆی چیرۆکەکەی یوسف هاتوون.

چیرۆکەکەی یوسف لەوەوە دەست پێدەکات کە لە تەمەنی مێردمنداڵیدا خەونێك دەبینێت‌و، بەوەش کۆتایی دێت کە بە عەمەلی خەونەکەی دێتە دی‌و لە جیهانی واقیع دا لێك دراوەتەوە.

(داستانی یوسف)یش لە چاکترینی داستانەکانە (دیارە هەموو داستانەکانی قورئان باشن) چونکە مزگێنی‌و هیواو ئاوات بە لێقەوماوان‌و مەینەتباران دەبەخشێت‌و، چەوساوان‌و ستەم لێکراوانیش دڵنیا دەکات لەوەی کە رزگاری هەر دێت‌و ئامانج بەدی دێت‌و مەینەتیش لادەچێت، بۆیە گرنگ ئەوەیە باوەڕو پشت بەستنیان بە خودا چاکتر بکەن‌و لەسەر رێبازەکەی خۆڕاگر بن وەك چۆن (یوسف)یش ئاوابوو.

بێگومان چیرۆکەکانی قورئان باشترین چیرۆکن‌و، قورئان لەرێی ئەم وەسفەیەوە وامان پیشان دەدات کە تەنها بەو داستان‌و رووداوە گێڕراوانەی خۆیەوە قەناعەت بکەین‌و بازنەدەین بۆ ئەو سەرچاوە بەشەرییە دەسکردانەی وەك (ئیسرائیلیات)و ئەفسانەو داستانە دەسهەڵبەستەکان‌و داوای شیکارو درێژە پێدانی چەند لایەنێکی تری چیرۆکەکانیان لێ بکەین کە قورئان باسی نەکردوون. بەداخەوە هەندێك کەس ئەم رەفتارە دەنوێنن‌و زانیاریی سەیرو سەمەرە لەو سەرچاوە دەسکردانەوە

وەردەگرن، ئەمەش بەپێی ئارەزوویەکی خۆیان بۆ پڕکردنەوەی ئاتاجی بیسەران لە چیرۆكو پێشکەشکردنی تامو چێژێکی هونەری پێیان بەو بیانووەی گوایە ئەوەی بۆیان دەگێڕنەوە شتێکی باشەو ئەو ئاتاجەیان بۆ پڕدەکاتەوەو ئەو چێژەشیان پێدەدات.

وەسف کردنی چیرۆکەکانیش بە (باش) لەبەر ئەوە نیە کە درێژەیان پێدرابێتو رووداوی زۆریان تێدا گێڕرابێتەوەو کەسێتیو ناوی جێگەو ناوچەی زۆری تێدا هێنرابێت، چونکە ئەم هۆکارانە لایەنی (باشیو جوانی)ی چیرۆك نین بەتایبەتیش ئەگەر پشت بە سەرچاوە ناڕاستەکان بەسترابێت. بەڵکو کاتێك چیرۆکەکان بەباش وەسف دەکرێن ئەگەر پێش سیفەتی (باشییەکە) سیفەتی حەقو راستگۆییو راستییان تێدابووبێت، چونکە (باشی)یش لەسەر (حەق) بنیاتنراوەو ئەگەر سیفەتی حەقیان لەدەست دا ئەوا یەکسەر بەدوایدا سیفەتی (باشیو جوانکاری)یشیان تێدا نامێنێت. هەر بۆیەش هیچ سیفەتێکی (باشیو رێكو پێکی) لە دەسهەڵبەستی ئیسرائیلیات)و ئەفسانەکاندا نین، چونکە سیفەتی هەقبێژیو راستگۆییو راستییان لە دەست داوە. تەنها چیرۆکەکانی قورئانیش ڕاستەقینەو باشنو بە (القصص الحق)و (أحسن القصص) دادەنرێن. دیارە هەر لەبەر ئەم واتا بەرزانە قورئان چیرۆکەکانی بە باشترین داستانو چیرۆکان وەسف کردووە، والله أعلم.

خودا چیرۆکی پێشینەکان دەگێڕێتەوە:

خودای مەزن لە قورئاندا چیرۆکی پێشینانی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ گێڕاوەتەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿كَذَٰلِكَ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنبَآءِ مَا قَدْ سَبَقَ ۚ وَقَدْ ءَاتَيْنَـٰكَ مِن لَّدُنَّا ذِكْرًا﴾(طه- ٩٩)، واتە: (ئێمە بەم رەنگە چیرۆكو هەواڵو بەسەرهاتی رابردووی پێشینەکانت بۆ دەگێڕینەوەو بەو شێوەیەش کە لەلایەن خۆمانەوە کتێبێکی روونو ئاشکرای وەك قورئانمان بۆ ناردوویت).

خودا دوای گێڕانەوەی داستانی گەلانی پێشینو چارەنووسیشیان، فەرموویە: ﴿تِلْكَ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآئِهَا ۚ وَلَقَدْ جَآءَتْهُمْ رُسُلُهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ ...﴾ (الأعراف- ١٠١)، واتە: (ئێمە بەسەرهاتو رووداوی دانیشتوانی ئەو شارو گوندانەت بۆ دەگێڕینەوە کە چییان بەسەرهاتو کە بێگومان پێغەمبەرانیان بۆ رەوانە کراوەو بەڵگەی رۆشنو پەیامی روونو ئاشکرای خوداشیان پێ گەیاندبوون).

هەروەها خودا لەپاش گێڕانەوەی تێکڕای ئە چیرۆكو بەسەرهاتانەی نێو سورەتی (هود)یش فەرموویە ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْقُرَىٰ نَقُصُّهُۥ عَلَيْكَ ۖ مِنْهَا قَآئِمٌ وَحَصِيدٌ ﴿١٠٠﴾ وَمَا ظَلَمْنَـٰهُمْ وَلَـٰكِن ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ۖ فَمَآ أَغْنَتْ عَنْهُمْ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِى يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ لَّمَّا جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ۖ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ ﴿١٠١﴾ وَكَذَٰلِكَ أَخْذُ رَبِّكَ إِذَآ أَخَذَ ٱلْقُرَىٰ وَهِىَ ظَـٰلِمَةٌ ۚ إِنَّ أَخْذَهُۥٓ أَلِيمٌ شَدِيدٌ﴾(هود: ١٠٠-١٠٢)، واتە: (ئێمە هەواڵو بەسەرهاتی ئەو گوندو شارۆچکانەت بۆ دەگێڕینەوە کە هەندێکیان شوێنەواری بیناو ساختمانەکانیان ماوەو هەندێکیشیان وەها خاپوور بوون کە هیچ شوێنەوارێکیان نەماوە. خۆ ئێمە ستەممان لێیان نەکرد، بەڵکو ئەوان خۆیان بەهۆی بێباوەڕیو سەرکەشیو یاخیبوونیانەوە ستەمیان لەخۆیان کرد. ئیتر لەوەدا ئەو بتو کەرەسە داتاشراوو بەخودا دانراوانەشیان سودێکیان پێنەدان کاتێك فەرمانی سزادانی خودایان لەسەر جێبەجێکراو جگە لە زیانو لەناوچوون هیچ شتێکی تری پێنەبەخشین. جێبەجێبوونی سزای خودای پەروەردگارت لەسەر دانیشتوانی ئەو گوندو شارانە بەم رەنگەیە کاتێك ستەمکار بوون، بەراستیو بێگومان لە سزای خوداو دابەزاندنو جێبەجیکردنی ئەو سزایانەدا ئازارێکی توندو تیژ هەیەو ئەشکەنجەی تەواویان لە دنیاو رۆژی دواییدا پێدەگەیەنێت).

جا بێگومان خودا به‌ گێڕانه‌وه‌ی چیرۆكی پێشینان بۆ ئێمه‌ له‌ قورئاندا مانای وایه‌ ئه‌وه‌ ڕێزلێنانێكه‌ له‌ ئێمه‌و لایه‌نێكی ڕه‌حمه‌ت‌و به‌زه‌یی‌و چاكه‌و فه‌زڵیه‌تی له‌ سه‌رمان، چونكه‌ چاومان به‌وه‌ ڕۆشن ده‌كاته‌وه‌ كه‌ ده‌بێته‌ چاكه‌و چاكسازی بۆمان‌و، ڕێگای خۆشویستن‌و ڕازیكردنی خۆیشیمان پیشان ده‌دات، له‌ هه‌مان كاتدا له‌ڕێی پیشان دانی ڕق‌و توڕه‌یی‌و سزاكانیه‌وه‌ ئاگادارمان ده‌كاته‌وه‌، ئه‌مانه‌ش هه‌مووی له‌ ده‌روازه‌ی گێڕانه‌وه‌ی ئه‌و چیرۆك‌و سه‌رگوزشته‌ی پێشینانه‌وه‌یه‌. ئێمه‌ش پێویسته‌ له‌سه‌رمان نیعمه‌تی نێو چیرۆكه‌ گێڕراوه‌كانی قورئان وه‌رگرین‌و ته‌نها به‌وه‌نده‌ش قه‌ناعه‌ت كه‌ین كه‌ خودا گێڕاویه‌تیه‌وه‌و، نابێت واز له‌و شیكاره‌ ڕاست بێژی‌و ڕاستییه‌ی خودا بێنین‌و ڕوو بكه‌ینه‌ چه‌ند شێوازێكی نادروستی گریمانكاری‌و پڕوپاگه‌نده‌ی ریوایاتی وه‌رگیراو له‌ ئه‌فسانه‌گه‌ری‌و (ئیسرائیلیات).

ئیتر چۆن ئه‌و كه‌سانه‌ هه‌ڵسه‌نگێنین كه‌ چیرۆكه‌كانی خودا پشتگوێ ده‌خه‌ن‌و له‌ جیاتی ئه‌وه‌ په‌نا ده‌به‌نه‌ به‌ر ئه‌و سه‌رچاوه‌ مرۆڤكردانه‌ی تووشی ده‌سكاری‌و درۆ هۆنینه‌وه‌ بوون؟

چیرۆكه‌كان بگێڕه‌ره‌وه‌:

خودا فه‌رمانی به‌ پێغه‌مبه‌ر ﷺ كردووه‌ كه‌ چیرۆكه‌كان بۆ خه‌ڵكی بگێڕێته‌وه‌و هۆی ئه‌مه‌شی به‌وه‌ ڕوون كردۆته‌وه‌ كه‌ گێڕانه‌وه‌یان ده‌بێته‌ هۆی پاڵنه‌ری بیسه‌رانیان بۆ تێفكرین‌و په‌ند لێوه‌رگرتن. ئه‌م فه‌رمانه‌ی خوداش به‌ڕاشكاوی له‌ ئایه‌تێكی سوره‌تی (الاعراف)دا هاتووه‌، ئه‌ویش دوای ئه‌وه‌ی چیرۆكی پیاوێكی تێدا گێڕراوه‌ته‌وه‌ كه‌ خودا زانستێكی پێ به‌خشیوه‌و كه‌چی ئه‌و وازی لێهێناوه‌و بۆ مه‌به‌ستی باش به‌كاری نه‌هێناوه‌، به‌ڵكو له‌ خراپه‌كاریدا به‌كاری هێناوه‌و دوای شه‌یتان كه‌وتووه‌و ئیدی له‌ حاڵه‌تێكی به‌رده‌وامی (زمان ده‌رهێنانی وه‌ك سه‌گ دابووه‌)، خودا له‌باره‌ی ئه‌م كابرایه‌وه‌ فه‌رموویه‌:

﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ ﴿١٧٥﴾ وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَثۚ ذَّٰلِكَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَاۚ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿١٧٦﴾ سَآءَ مَثَلًا ٱلۡقَوۡمُ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَا وَأَنفُسَهُمۡ كَانُواْ يَظۡلِمُونَ﴾(الأعراف: ١٧٥-١٧٧)

واتە: ئەی پێغەمبەر بەسەرهاتی ئەو پیاوەیان بۆ بگێڕەرەوە کە زانستمان دەربارەی زانین‌و تێگەیشتنی ئایەتەکان پێبەخشیبوو کەچی پۆشاکی زانست‌و تێگەیشتنی لەخۆی دادڕی وەك چۆن (مار)-کاژی خۆی فڕێدەدات-، ئینجا شەیتانیش کە بەوەی زانی خۆی پێگەیاندو بووە هاوڕێی‌و بەتەواوی لە خشتەی برد، ئیدی ئەو پیاوە بووە یەکێك لە کەسانی گومڕاو سەرگەردان. خۆ ئەگەر بمانویستایە ئەو کابرایە بەو زانستە پایەبڵندو سەرفراز بکەین ئەوا دەمانتوانی، بەڵام بەهۆی نەشیانی بۆ ئەو پلەیەو بەهۆی ئەوەی باوەشی بە ژیانی سەر زەوی‌و هەواو ئارەزووی دنیاپەرستیدا کرد، ئێمەش بەو حاڵەمان گەیاند، نموونەی ئەم پیاوەش وەك ئەو سەگەیە کە لە هەموو کاتێکدا زمان دەردەهێنێت، ئەگەر لێیدەیت‌و تەنگی پێهەڵچنیت زمان دەردێنێت‌و زمانی لە ماندوێتی‌و تەنگەنەفەسیدا دەردێنێت، ئەگەر وازیشی لێ بێنیت هەر لەو حاڵەتی زمان دەرهێنانەدایە. ئەمەش نموونەی ئەو گەلەیە کە ئایەت‌و بەڵگەو نیشانە زانستییەکانمان بەدرۆ دەخەنەوە.. جا تۆ ئەی پێغەمبەر ئەم چیرۆك‌و بەسەرهاتانەی نێو قورئانیان بۆ بگێڕەرەوە تاکو بیربکەنەوەو لێیان وردبنەوە. بەراستی خراپترین حاڵەت‌و نموونەی سەرگەردانی، حاڵەتی ئەو گەل‌و کەس‌و تاقمانەیە کە ئایەت‌و بەڵگە ڕۆشنەکانی ئێمەیان بەدرۆ خستۆتەوەو هەر خۆشیان ستەمکار بوون.

بەدواداچوونی قورئان لەسەر چیرۆکی ئەو پیاوەی کە خۆی لە زانستی خودا داماڵی، واتە دوای ئەوەی قورئان چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە، فەرمانی خودا بەدوایدا دێت بۆ پێغەمبەر ﷺ لەسەر پێویستی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەو (هەموو چیرۆکێکی تری قورئان) بۆ خەڵکی.

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیی چیرۆك‌و بەسەرهات لەلای خەڵکی‌و، لەسەر گرنگیی ئەو چیرۆکانەش بۆ بانگەوازو بڵاوکردنەوەی پەیامی راست‌و، چەسپاندنی واتاکانی بیروباوەڕو، خستنەڕووی نموونەی جوانی مرۆڤایەتی لەسەر ئەو چەمك‌و مانایانەی کە بانگەوازکاران بانگەوازیان بۆ دەکەن. نووسەران‌و تاریبێژانیش کاتێك ئەو چیرۆکانە بۆ موسڵمانان باس دەکەن پێویستە هەروەك نیازێکی بنچینەیی باسیان نەکەن، بەڵکو بیشیان کەن بەو ئامڕازە کاریگەرەی کە نیازێکی ڕەسەنی ئیسلامی پێ بەدی دێت.

ئێمەش پێویستە لەسەرمان لەکاتی باسکردنی چیرۆکی پێشیناندا تەنها مەبەستمان چێژ پێدانی بیسەران نەبێت‌و وایان لێبکەین بە بیستنی بەسەرهات‌و سەرگوزەشتەکان هەست بە رابواردن‌و کەیف‌و سەفای دنیایی بکەن‌و هەست‌و ئارەزووی هونەرییان پێ دامرکێننەوە، بەڵکو دەبێت مەبەستمان ئەوە بێت بیر لە راستی بکەنەوە تێیان رامێنن‌و، ئینجا هەوڵ بدەن چەندان وانەی لەسەر باوەڕو بانگەوازو تێکۆشان‌و خۆڕاگری‌و قەرارگیریی لێ دەربێنن. بێگومان هەر دەبێت باسکردنی ئەو چیرۆکانە لە ئامڕازەکانی بانگەواز بێت‌و شێوازێکی پێویستی بەدیهێنانی هەق‌و بەرەنگاری ناهەق بێت.

دیارە بیسەرانیش جیاوازی دەکەن لەنێوان دوو جۆرە کەسدا کە بە دوو شێوازی لێك جودا قسەیان بۆ دەکەن، جۆرێکیان بیروباوەڕو پەیامی خواییان لەڕێی چیرۆکەکانەوە پێ دەگەیەنێت، جۆرێکی تریشیان بیروباوەڕەکانی خۆی تەنها بە تیۆرێکی وشکی ئایدیالی دەگەیەنێت پییان. ئیدی بیسەران کاردانەوەیان لەگەڵ یەکێکیان دا دەبێت‌و تەنها بە یەکێکیان دەخرۆشێن‌و پشتگیری یەکێك لەو دوو

جۆره پیاوانه دەکەنو هۆگری دەبن.

ئێمەی بانگەوازکاریش دەبێت فەرمانی خودا (فأقصص القـصص) بـەو رەنگـه جێبەجی بکەین که شێوازی راستو دروستی پەروەردگاری دانای تێدا بەکار بێـنین. بەڵام پێویسته زۆر وریابینو له رێنماییەکانی (قورئانو سوننەت) دەرنەچین لـەکاتی چوونه نێو قوڵایی شیکاری چیرۆکەکان داو له جیـاتی ئـەو دوو سەرچـاوه راسـتو متمانەپێکراوه لەهیچ سەرچاوەیەکی تر شتی زیاده وەرنەگرین.

بۆ ئـەوەی بیـربکەنەوە:

قورئانی پیرۆز لەکاتی باسـکردنی چـیرۆکەکانیدا ئامـاژەی بـۆ سـێ مەبەسـتی گێڕانەوەیان کردووه:-

١) بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە.

٢) بۆ جێگیربوونی دڵو دەرون لەسەر هەق.

٣) بۆ وەرگرتنی پەندو وانه.

جا دوای ئاماژه بـۆ ئـەم سـێ مەبەسـته خـودا داوامـان لێـدەکات سـەرنجیان لێبدەینو بەدییان بهێنینو لێیان وردبینەوەو سەوداو مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

سەبارەت به مەبەستی یەکەمیش: (تاکو بیربکەنـەوە/ لعلـهم یتفکـرون) ئـەوە دیـاره کـه بیـستنی چـیرۆکەکانی قورئـانو هەڵوێـستەکردن لـه ئاسـتیانداو لـێ وردبوونـەوەیان دەبێتـه هـۆی تێفکـرینو بیرکردنـەوە. تێفکـرینیش کردارێکـی هۆشمەندییه که مرۆڤ تیایدا فیکری دەخاته کارو عەقڵو هۆشـی بەگـەڕ دەخـاتو خانەکانی پەند لێوەرگرتنو وانەی بەسوودی تێدا دەدۆزێتـەوە. قورئـان تێفکـرینو هۆشیماریمان لێ دەخوازێتو له چەندەها ئایەتدا بانگمان دەکـات بـۆ بیرکردنـەوەو پەند وەرگرتن، وەك لەم فەرمایشتەی خوادا هاتووه:

﴿قُلۡ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍۖ أَن تَقُومُواْ لِلَّهِ مَثۡنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُواْۚ﴾

(سبأ- ٤٦)، واتە: ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: من یەك ئامۆژگاری ئێوە دەکەم، ئەوەیە کە بۆ خوداو لەپێناوی خوادا بەدووکەس (دووقۆڵی)و یان هەرکەس بە تەنهایی، دابنیشنو پاشان بیربکەنەوە.

واتە بیر لە قورئانو پێغەمبەرو ڕێبازەکەی بکەنەوە.

بێگومان بیرکردنەوە ئەرکێکی قورئانیو، پێویستییەکی فەرزبووی ئیسلامیو، زەرورەتێکی ژیانیشە.

جا ئەو کەسانەی ئەم ئەرکە بەجێ ناهێننو ئەو فەرزەش پەك دەخەن، ئەوا ئەو نیعمەتە گەورەیەی کە خودا پێی داون بەفیرۆ دەدەنو ئەو وزە زۆرەی پێشی بەخشیون ونی دەکەن.

بیرکردنەوەو هۆشمەندبوونو تێگەیشتن لەبەرروبوومی خوێندنەوەی چیرۆکی پێشینەکانن لە قورئانداو ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی بیستنی چیرۆکەکانو، ئامانجێکی بەرزیشە کە دەبێت هەر کەسێکی خوێنەر یان بیسەر خاوەنی بێت، یان هەرکەسێکیش کە بۆ خەڵکیی تری دەگێڕێتەوە.

خودای مەزن فەرموویە: ﴿فَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ أَهْلَكْنَاهَا وَهِيَ ظَالِمَةٌ فَهِيَ خَاوِيَةٌ عَلَىٰ عُرُوشِهَا وَبِئْرٍ مُّعَطَّلَةٍ وَقَصْرٍ مَّشِيدٍ ﴿٤٥﴾ أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ۖ فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَٰكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ﴾(الحج: ٤٥-٤٦)

واتە: چەندەها شارو شارۆچکە هەبوون ماوەمان پێدان لەکاتێکدا دانیشتوانەکانیان ستەمکار بوونو خانووبەرەکانیان بەسەر یەکتردا تەپیو، بیری ئاوی چۆڵو بێکەسو بێنازو، کۆشكو تەلاری بەرزو بڵندو بێخاوەن، ئەوانەمان بەهۆی ستەمەکانیانەوە لەناوبرد. دەی ئایا ئەوانە بەسەر زەویدا نەڕۆیشتوونو ئایا

-کـافرانی قـورەیش‌و خـەڵکانی دوای خۆیـان- لـەکاتی تێپـەڕبوون بەسـەر کەلاوەکانیاندا بە دڵ‌و دەروونێکـی هۆشـدارەوە بیریـان لـێ نەکردۆتـەوەو لێکیـان نەداوەتەوە کە -کوان خەڵکانی رابوردوو، ئەو شارانە بۆ وێران کـران؟ کـێ ئێمـەی دروست کـردووە؟ مەبەسـت لـە ژیانمـان چییە-؟! یـان وا دیـارە گـوێ‌و دەزگـای بیستنیان نییە، بەڵام خۆ دەزگای دیتنیـان کـوێر نییـە، بـەڵکو ئـەو دڵانـەی نێـو سینەکانیان کوێر دەبن.

هەروەها خودا فەرموویە: ﴿وَإِنَّكُمْ لَتَمُرُّونَ عَلَيْهِم مُّصْبِحِينَ ﴿١٣٧﴾ وَبِاللَّيْلِ أَفَلَا تَعْقِلُونَ﴾(الصافات: ١٣٧-١٣٨)، واتە: کاتێك ئێوە لە(شـام) دەگەڕێنـەوە، لـە بەرەبەیاندا چاوتان بە ئاسەواریان دەکەوێت‌و پێیدا تێدەپەڕن‌و، بەشەویش -هەندێك جار لەوێوە تێدەپەڕن-و ئایـا بـە دیـتنی ئاسـەواری ئـەو سزایانە بـیر ناکەنـەوەو عەقڵتان ناخەنە کار؟

ئەم دوو ئایەتەی سورەتی (الـصافات) کـە تیـشك دەخەنـە سـەر چارەنووسـی گەلەکەی (لوط)و ئاماژە بۆ ئاسەواری خاك‌و ژینگەیان دەکەن، لـە هـەمان کاتـدا رووی گفتاریشیان تێدا کراوەتە هۆزی (قورەیش)و بە بیریان دەهێنێتەوە کە کاتێـك قورەیش بەهۆی هات‌و چـۆو بازرگانییانـەوە رۆژانـە بـەیانیان‌و ئێـواران بەلایانـدا تێدەپەڕن، با پەندی لێ وەرگرن..

قورئان بەم ئایەتانە سەرزەنشتی قورەیش دەکات لەبەر ئـەوەی عـەقڵیان بـەکار نەهێناوەو فیکریان نەخستۆتە گەڕو بـەوردی سـەرنجیان لەسـەر کارەسـاتی گـەلی (لوط) رانەگرتووە، تا بەم رەنگـەش عـەقڵ‌و فیکـرو سـەرنجیان بیانگەیـەنێت بـە کرداری باوەڕهێنان بە خوداو وازهێنانیان لە هەرکارێکی هـۆی تورەبـوونی خـوداو پاشان کەوتنە بەر سزای سەختی خودا..

بۆ جێگیر بوونی دڵ و ده‌روون له‌سه‌ر هه‌ق:-

جێگیر بوونی دڵ مه‌به‌ستی دووه‌می قورئانه‌ له‌ چیرۆكه‌كانی دا.. وه‌ك خـوداش فه‌رموویه:- ﴿وَكُلاًّ نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنْبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۚ وَجَآءَكَ فِي هَـٰذِهِ ٱلْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾(هـود- ١٢٠)، واتـه: هـه‌موو ئـه‌و چیرۆكانه‌ی له‌به‌سه‌رهاتی پێغه‌مبه‌رانه‌وه‌ بۆمان گێڕاویته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌یه‌ دڵی تۆی پـێ جێگیر بكه‌ین‌و دڵنیات كه‌ین، به‌ڕاستی له‌م سووره‌ته‌شدا هـه‌ق‌و ڕاسـتیت بـۆ ڕوون كرایه‌وه‌و ئامۆژگاری‌و به‌یاد هێنانه‌وه‌شی بۆ ئیمانداران هه‌یه‌.

جێگیر كردنی دڵ‌و ده‌روون له‌سه‌ر هه‌ق، واته‌ بڵند بوونیه‌تی به‌هه‌ق له‌سـه‌ر هـه‌ر هێزێكی ناهه‌ق‌و، گۆش كردنیه‌تی بۆ ڕوانینی پاداشتی خـوداو دڵنیـایی تـه‌واو بـه‌ به‌ڵێنی خوداو، پاشان به‌رده‌وام بوونی ئه‌و دڵ‌و ده‌روونه‌ له‌سه‌ر ئه‌م به‌رنامه‌و ڕێڕه‌وه‌ پاكه‌ هه‌تا ئه‌و كاته‌ی به‌خودای خۆی ده‌گاته‌وه‌.

مرۆڤی ئیمانداریش هه‌موو ئه‌م واتا جوانانه‌ی له‌ چیرۆكی پێشینه‌كان‌و داسـتانی پێغه‌مبه‌رانه‌وه‌ ده‌ست ده‌كه‌وێت.

ئه‌م ئایه‌ته‌ی پێشوو گوتارێكه‌ بۆ پێغه‌مبـه‌ری خـودا ﷺ كـه‌ دوای گێڕانـه‌وه‌ی چه‌ند داستانێكی پێغه‌مبه‌ران (نوح، هود، صالح، ابراهیم، لـوط، شـعیب، موسـا) درووديان لێ بێت له‌ سـووره‌تی (هـود)دا ئاڕاسـته‌ی كـراوه‌، بێگومـان سـووره‌تی (هود)یش له‌ بارودۆخێكی زۆر تاڵ‌و نـاخۆش دا لـه‌ (مه‌ككـه‌) بـۆ پێغه‌مبـه‌ر ﷺ نێرراوه‌ته‌ خواره‌وه‌و ئـه‌م جـۆره‌ دۆخـه‌ش لـه‌ ناهـه‌موارترینی ئـه‌و دۆخانه‌یـه‌ كـه‌ بانگه‌وازی ئیسلامی پێدا تێپـه‌ڕیوه‌.. دیـاره‌ لـه‌و سـاته‌ خه‌مناكـه‌دا پێغه‌مبـه‌رو هاوه‌ڵانیشی پێویستیان به‌ دڵنه‌وایی‌و هاوسۆزی‌و جێگیر بوونی دڵ‌و ده‌روون بـووه‌.. ئیدی چیرۆكه‌كانی قورئانیان بۆ هاتووه‌و ئه‌و پێویستییه‌ زۆره‌یان بۆ پڕ كردوونـه‌وه‌و ئه‌و ئامانجه‌ مه‌زنه‌ قورئانیه‌شیان بۆ به‌دی هێناون..

بێگومان گوتاری نێو ئایه‌ته‌كه‌ سه‌رجه‌م موسڵمانانیش ده‌گرێته‌وه‌ له‌هه‌ر شوێن‌و ده‌ڤه‌رو سه‌رده‌مێك دابن ئه‌گه‌ر چی له‌ بنج‌و بناوان دا ئاڕاسته‌ی خودی پێغه‌مبه‌ریش ﷺ كرابێت، چونكه‌ گوتاری پێغه‌مبه‌ر ﷺ بۆ هه‌ر موسڵمانێكی نه‌ته‌وه‌كه‌شیه‌تی ئه‌گه‌ر به‌ڵگه‌یه‌ك نه‌بێت له‌سه‌ر تایبه‌ت بوونی گوتارێك ته‌نها بۆ خودی پێغه‌مبه‌ر ﷺ .. بۆیه‌ هه‌موو هاوه‌ڵێك (صحابی) له‌و رۆژگاره‌دا هۆكاری جێگیربوونی دڵ‌و ده‌روونی له‌و چیرۆكانه‌دا به‌دی كردووه‌و هه‌ر موسڵمانێكیش به‌ چاكی ڕه‌فتارو مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵ چیرۆكی پێشینه‌كانی نێو قورئاندا كردبێت ئه‌وا ئامرازی جێگیر بوونی دڵ‌و ده‌روونی تێدا به‌دی كردوون.

موسڵمانانی ئه‌م سه‌رده‌مه‌ش له‌ موسڵمانانی هه‌ر كات‌و زه‌مانێكی دی زیاتر ئاتاجیان به‌ به‌دی هێنانی ئه‌م مه‌به‌سته‌ قورئانییه‌ی چیرۆكه‌كان هه‌یه‌، ئێمه‌ ئه‌مڕۆ زیاتر ئاتاجمان به‌ چیرۆكه‌كانی قورئان هه‌یه‌ بۆ ئه‌وه‌ی دڵ‌و ده‌رونمانی پێ جێگیرو دامه‌زراو كه‌ین‌و، ئارامی‌و خۆشی پێ ببه‌خشینه‌ دڵه‌كانمانه‌وه‌و، مه‌وقیعی خۆمانی له‌سه‌ر ڕێگه‌ی ڕاست پێ پته‌و كه‌ین‌و، پێیه‌كانیشمان به‌ڕێكی له‌سه‌ری ڕاگرین. بۆیه‌ ئه‌مڕۆش زیاد له‌هه‌ر كاتێكی دی ئاتاجمان به‌وه‌یه‌، چونكه‌ له‌م سه‌رده‌مه‌دا كۆسپ‌و ته‌گه‌ره‌و هۆیه‌ فریو ده‌رو سه‌ر شێوێنه‌كان هێجگار زۆرن‌و، شه‌ڕی نێوان هه‌ق‌و ناهه‌قیش له‌و په‌ڕی توندی‌و دژواری دایه‌و، هێرشی شه‌ڕ خوازانه‌ی گومڕایان‌و شوێنكه‌وتوانی ناهه‌ق له‌ دژی سه‌ربازانی خودا به‌ شێوازێكی زۆر دڕندانه‌یه‌و، وجودی واقیعیانه‌ی ئیسلامیش له‌ كۆمه‌ڵگه‌و سیسته‌م‌و قه‌واره‌ی دا دیار نیه‌.

هه‌روه‌ها ئایه‌ته‌كه‌ی سووره‌تی (هود) ﴿وَكُلًّا نَّقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلرُّسُلِ مَا نُثَبِّتُ بِهِۦ فُؤَادَكَ ۚ وَجَآءَكَ فِى هَٰذِهِ ٱلْحَقُّ وَمَوْعِظَةٌ وَذِكْرَىٰ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾(١٢٠)، مژده‌ی ئه‌وه‌شمان پێ ده‌گه‌یه‌نێت، كه‌ له‌ چیرۆكه‌كانی قورئان دا (هه‌ق‌و، ئامۆژگاری‌و، یادخستنه‌وه‌ی بۆ باوه‌ڕدارانیش) تێدایه‌و، گرنگ ئه‌وه‌یه‌ به‌ چاكی تێبینی ئه‌و مانا هه‌ڵگیراوانه‌ی نێویشیان بكه‌ین.

پەنـدو وانـە بۆ کەسانی ژیـر:

سێیەم ئامانجە لە چیرۆکەکانی قورئانداو خوداش دیاری کـردووەو فەرمـوویـە:-

﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ۗ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (یوسـف- ١١١)، واتە:- (بێگومان لەسـەر گوزشـتەو چـیرۆکەکانیان دا پەندو ئامۆژگاریی بۆ کەسانی ژیرو هۆشمەند هەیە، ئەم چـیرۆکانەش وتـارو قـسەو باسی هەڵبەسـتراو نـین، بـەڵکو بـۆ بەڕاسـت دانـانیو پەسـند کردنیانـە لەلایـەن کتێبەکانی پێشووەوەو بـۆ ڕوونکردنـەوەی هـەموو مەسـەلەیەكو، بـۆ ڕێنمـاییو ڕەحمەتیشە بۆ ئەو کەسانەی باوەڕ دێنن).

ئەم ئایەتە دوایین ئایەتی سوورەتی (یوسف)ەو بەزمانی حاڵ بانگمان دەکات بـۆ تێبینی کردنی مەبەستو نیاز لە داستانی (یوسف) -سڵاوی خوای لێ بێـت- کـە بەیەك جـار لـەو سـوورەتەدا هـەموو بـەشو بەسـەرهاتەکانی گێڕراونەتـەوە. لـە سەرەتای ئەم سوورەتەش دا بە ئایـەتێك (مەنهـەجی قورئـان لـە چـیرۆکەکانی دا) ڕوون کراوەتەوە، وەك خودا فەرموویە:-

﴿نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَٰذَا الْقُرْآنَ﴾

(یوسـف- ٣)، واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ ئێمە چـاکترین چـیرۆكو بەسـەرهاتت بـۆ دەگێڕینەوە لەڕێی سرووش (وحی)یەوە کە بەم قورئانە پێت دەگەیەنن).

جـا کاتێـك سـەرنجی هـەردوو ئایەتەکـەی (سـەرەتا)و (کۆتـایی)ی سـوورەتی (یوسف) دەدەین، وێستگەیەکی قەشەنگ بەدی دەکەین.

ئایەتەکـەی سـەرەتای سـوورەتەکە، چـیرۆکی (یوسـف)مـان وەك سەرچـاوەی چیرۆکەکانی قورئان بۆ دەردەخاتو، بە باشترینی داستانان (احسن القـصص)یـشی وەسف دەکاتو، مەنهەجی جوانکاریی قورئانیـشمان لـە ئیلقـای ئـەم چـیرۆکانەو

وەرگرتن و لێبووردنەوەو سەودا لەگەڵ کردنیان دا پێ دەناسێنێت.

ئینجا ئایەتی کۆتاییش دێتو، وەها پەنجەی ئاماژە بۆ نیازو مەبەستی لە هێنانەوەی چیرۆکەکانی قورئان درێژ دەکات وەك ئەوەی داوامان لێ بکات کە ئەو نیازو مەبەستە لە خۆماندا بەدی بکەین، نەك خودی چیرۆکەکان بکەینە ئامانجە دەستنیشان کراوەکە.

(ئایەتی سەرەتا)ی چیرۆکەکە شێوازو مەنهەجەکە دەناسێنێت، بەلام (ئایەتی کۆتایی)ی چیرۆکەکە ئامانجو مەبەستەکەی دیاری دەکات.. جا (یا لیت قومی یعلمون...) خۆزگە گەلەکەم دەیانزانی.

بۆچی لە چیرۆکەکانی قورئان دا پەندو وانە هەیە؟

(وشەی پەند) لە عەرەبی دا (عیبرەت/العبرة)ی پێ دەگۆترێت.. وشەی (عبرة) لە (عبور)ەوەیە کە بە کوردی مانای (پەڕینەوە)ی پێ دەگوترێت.. جا کە دەگوترێت لە چیرۆکەکان دا پەندو عیبرەتو (پەڕینەوە) هەیە، واتە خەڵکی دەپەڕێنێتەوە بۆ ڕابردووو بۆ پێشینان، ئەمەش وەك ئەوەی لە هەموو کۆتێکی کاتو شوێن دەرباز بێتو لە پێوەندی (واقیع)یش رزگار بێتو بچێتە سەر سەکۆیەکی ڕوانینی کورتی ساتە وەختیو لێیەوە بڕوانێت بۆ ڕووبەرێکی بەر فراوانی مێژووی گەلانی دێرینو، بەسەرهاتی کەسانی پێشینو، لە ژیانیان دەکۆڵێتەوەو چاودێری ڕەفتارو هەڵسو کەوتیان دەکاتو پێیان تەمێ دەبێت.

ئەوەش چەند نموونەیەکی دووبارە بوونەوەی سیمای بەشەریەتنو، چیرۆکی پێشینەکان لە قورئان دا دەیانخاتە بەر دیدەمان.. چەند نموونەیەکی باوەڕدارانو، چەند نموونەیەکی بێ باوەڕانیشن. چەند نموونەیەکی کەسانی بێ هێزو سەر کزنو، چەند نموونەیەکی پیاوانی ڕاستگۆو بەهێزن.. هەروەها چەند بەهایەکی هەمیشەیین کە چیرۆکی پێشینەکان پیشانمانی دەدەن، بەهاکانی هەقو، بەهاکانی ناهەقن، بەهاکانی جوامێریو، بەهاکانی نامەردین.

ئەمە شەڕێکی بەردەوامی نێوان هەقو ناهەقیشە کە مێژووش هەمیشە زۆربەی

مه‌یدانه‌كانی ئه‌م شه‌ڕه‌و شێوازو ڕوخسارو بواره‌كانیمان بۆ دووباره‌و چه‌ند باره ده‌كاته‌وه‌، هیچ جیاوازیه‌كیشیان تیادا نییه‌ ته‌نها كه‌سه‌كان دا نه‌بێت.

به‌ڕاستی چیرۆكه‌كانی قورئان گه‌لێك وانه‌و ڕێنمایی‌و په‌ندو، چه‌ندین به‌هاو ڕێساو حه‌قیقه‌ت‌و، گه‌لێك توێشووو كه‌ره‌سه‌و چه‌ك‌و، چه‌ندین كه‌شی ئارامی‌و متمانه‌و به‌ختیاری‌و جێگیربوونیمان پێشكه‌ش ده‌كه‌ن.

چیرۆكه‌كانی قورئان له‌ وانه‌و ڕێنمایی‌و په‌نده‌كانی داو، له‌ ئیمان‌و عه‌قیده‌و، له‌ كارو بانگه‌وازو، له‌ جیهادو به‌ره‌نگار بوونه‌وه‌و، له‌ ڕه‌وانبێژی‌و هه‌ڵس‌و كه‌وت‌و، له‌ ئارام گرتن‌و خۆ ڕاگری‌و، له‌ پێوه‌رو ڕاستییه‌كان دا (گه‌نجینه‌یه‌كی نه‌بڕاوه‌)و (كانییه‌كی وشك نه‌كردوو)ه‌.. خوداش ڕاستی فه‌رمووه‌ كه‌ له‌و چیرۆكانه‌دا په‌ندو عیبره‌ت بۆ كه‌سانی ژیرو هۆشمه‌ند هه‌یه‌.. ﴿لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الْأَلْبَابِ...﴾(یوسف- ١١١).

بێگومان خه‌ڵكی هه‌موویان سوود له‌ چیرۆكی پێشینه‌كانی قورئان وه‌رناگرن‌و هه‌مووشیان وه‌ك یه‌ك ناتوانن سه‌رنجی وانه‌و په‌ندو ڕێنماییه‌كانی ئه‌و چیرۆكانه‌ بده‌ن، به‌ڵكو ته‌نها كه‌سانی ژیرو خاوه‌ن عه‌قڵی بێدارو، هۆشمه‌ند سوودی لێ ده‌بینن، ئه‌وانه‌ی كه‌ به‌ وردی له‌ واتاكانی ڕاده‌مێنن‌و بایه‌خی عه‌مه‌لی پێ ده‌ده‌ن‌و ئه‌زموونی بانگه‌واز كارییان تێیاندا هه‌یه‌و هه‌وڵ‌و ته‌قه‌لای جیهادكاریشیان تێدا ده‌خه‌نه‌گه‌ڕ، هه‌روه‌ها هه‌ندێك كه‌س ته‌نها له‌ كاتی خوێندنه‌وه‌ی قورئان یان بیستن‌و گوێ ڕاگرتندا سه‌رنجی وانه‌و په‌ندو ڕێنماییه‌كانی ده‌ده‌ن، هه‌ندێك كه‌سی تریش ته‌نها له‌ ڕوانگه‌یه‌كی زمانه‌وانی‌و هونه‌ریی ڕه‌وانبێژییه‌وه‌ سه‌ر قاڵیان ده‌بن.. هه‌ندێك كه‌سی تریش له‌ ڕوانگه‌ی ئه‌فسانه‌و ئه‌و چیرۆكه‌ خه‌یاڵییه‌ نا ڕاسته‌ بێ بناغانه‌وه‌ سه‌ر قاڵی په‌ندو وانه‌و ڕێنماییه‌كانیان ده‌بن كه‌ له‌ سه‌رچاوه‌كانی (اسرائیلیات)و چاوگه‌ نه‌سه‌لمێنراوه‌كانه‌وه‌ وه‌ریان ده‌گرن.

به‌ڵام كه‌سانی خاوه‌ن عه‌قڵ (اولی الالباب) شێوازێكی تریان له‌ تێگه‌یشتنی

چیرۆکەکانی قورئاندا هەیەو هەر بەو شێوازەش ئامانجە گەورەکەی قورئان بەدی دەهێنن و پشکی خۆیانی لە وانەو پەندو ڕێنماییەکان لیّ دەردەهێننو، قایل نابن بە هیچ ڕیّوشوێنێکی تری نابەجێ کە خۆیانو کەسانی تریش بەخۆڕایی سەرقاڵکەنو، پاشان وانەو پەندو ڕێنماییەکانیان لیّ ون ببێت، جا داخۆ ئەو شێوازە ڕاستو دروستەی کەسانی ژیرو خاوەن عەقڵ بۆ دەرهاویشتنی وانەو پەندو ڕێنماییەکانی نێو چیرۆکەکانی قورئان چی بێت؟ وەرن با پێکەوە لەم بەندەی داهاتوودا ئەو شێوازە بناسین..

شێوازی لێکۆڵینەوەی چیرۆکی پێشینەکان

هەندێك کەس لە لێکۆڵیارانو نووسەرانو وتاربێژانی موسڵمان بە هەڵە لە چیرۆکی پێشینەکانی نێو قورئانیان کۆڵیوەتەوەو دیارە هەر لە نیازپاکیی(حسن النیة)ی خۆشیانەوە بە شێوازێکی ناڕاست و(پێچەوانەی شێوازی ڕاستو پتەو) لە چیرۆکەکان دەکۆڵنەوەو بڕێکی هێگجار زۆر لە وتەو هەواڵو ریوایاتو شیکاری ناڕاست هەڵدەڕێژنە بەردەمی خوێنەرانو بیسەران کە هیچیان لە ئەفسانەو داستانە پووچەڵو دروستکراوەکان بەدەر نینو لە سەرچاوە تێکدەرو بەتاڵەکانەوە وەرگیراون، وەك (ئیسرائیلیات)و هەواڵو بەسەرهاتی نێو کۆمەڵی (أهل الکتاب).

بۆیە دەبێت لێکۆڵیاری چاوساغو بەرچاوروون بەرنامەیەکی ساغو ڕاستی هەبێت تاکو بتوانێت پەندەکانی نێو چیرۆکی پێشینەکان دەستنیشان بکاتو، نەکەوێتە نێو گێژاوی ئەفسانەو داستانە پڕوپووچەکانەوەو، پاشان تاکو نە خۆیو نە خوێنەر یان بیسەرانیشی سەرقاڵی بەربەستەکانی بەردەم ئەو پەندو وانە جوانانەی نێو چیرۆکەکان نەکات.

ئەم بەرنامەو شێوازەش تەنها لە (قورئانو سوننەت) وەردەگیرێت.. بێگومان لە قورئانی پیرۆزدا چەندین رێسا بۆ لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی پێشینانو بۆ بەرنامەی زانستیانە وبابەتیانەی راستو دروست دیاری کراوە.. لێرەشدا هەندێك لەو رێساو ئاڕاستە زانستیانەی قورئان دەخەینە روو:

١) لە نادیارەکانی رابردوو (من غيب الماضي):

چیرۆکەکانی پێشینان لە قورئاندا لەژێر رێساو لەچوارچێوەی (أنباء الغيب) واتە (هەواڵو داستانی رابردوو)دان، چونکە لە بەرنامەی ئیسلامدا نادیارەکان دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١- نادیاری رابردوو (الغيب الماضي): وەك چیرۆکی پێشینەکان، بۆ نمونە (چیرۆکی ئادەم-سلاوی لێبێت- لەگەڵ ئیبلیسو خواردنی لە درەختەکەو دەرکردنی بۆ سەر زەوی)و (چیرۆکەکانی گەلی نوحو عادو ثمودو مدین)و (چیرۆکەکانی بەنیئیسرائیل لەگەڵ پێغەمبەرەکانیاندا).. هەموو ئەم چیرۆکانە لە هەواڵو بەسەرهاتە نادیارو نەزانراوەکانی رابردوون، چونکە لە سەردەمێکی رابردوودا روویان داوەو کۆتاییان پێهاتووەو بوون بە چەند هەواڵێکی رابردوو. ئەوەش لای ئێمە بە نادیار(غيب) دادەنرێت، چونکە ئاگاداری رووداوەکانیان نەبووینو هیچمان لە خۆیان نەبیستووەو هاوچەرخیشیان نەبووین.

٢- نادیاری ئێستا: وەك ئەو بوونەوەرو مەخلوقاتەی کە ئێستا هەنو قەوارەو ژیانو وجودی خۆیان هەیەو کەچی ئێمە نایانبینینو گوێمان لە دەنگیشیان نیە.

بۆ نمونەش (مەلائیکەتە بەرێزەکان)و (جنو شەیتانەکان).. تەنانەت وجودی خوداش لە نموونەی نادیاری ئێستادایە، چونکە خودا هەر هەیە ئەگەرچی ئێمە لەم دنیایەدا نایبینین.

٣- نادیاری ئایندە: وەك ئەو ئایەتو فەرموودە ڕاست (صحيح)انەی دەربارەی

چـەند ڕووداوو مەسـەلەیەکی ئاینـدەی مێـژووی مرۆڤایـەتین، بـۆ نمونـەش (نیشانەکانی ڕۆژی دوایی) وەك هاتنەخوارەوەی عیسا -سلاّوی خـودای لێبێـت- و، دەرچوونی جادووگەرەکە(دجال)و (یـأجوج و مـأجوج)، هـەروەها دیمەنـەکانی قیامەت)یش هەر لـە فـووی زیندووکردنـەوە (نفخة البعث) تـاکو خرانـە نێـو بەهەشتی باوەڕداران‌و خرانە نێو دۆزەخی بێباوەڕانیش بـە هەواڵـە نادیارەکـانی ئاینده دادەنرێت.

هەرکەسێکیش لە شەش ڕوکنەکەی ئیمان وردبێتـەوە دەبینێـت هـەموویان لـە جیهانی نادیارن.. ڕۆشنترین‌و دیارترین سـیفەتی بـاوەڕدارانیش باوەڕهێنانیانـە بـە نادیـار(غیـب).. هۆشمەنـدیی (عقليـة)ی ئیـسلامیش (هۆشمەندییـەکی زانـستیی نادیارییـە)، بـەڵام عەقڵیـەتی ماددەگـەریی ڕەتکـەرەوەی نادیـار (عەقڵیـەتێکی ماددیی نەفامییە).

قورئانی پیرۆز بەراشکاوی‌و بێپەردە هەموو چیرۆکەکانی کەسان‌و گەلانی پێشین بە بەشێك لە جیهانی نادیار لە قەڵەم دەدات.. وەك لە سـورەتی (هـود)دا هـاتووە دوای ئەوەی قورئان چیرۆکی پێغەمبەری خودا (نوح)-سلاّوی لێبێـت- دەگێڕێتـەوە هەر لە سەرەتای بانگ کردنی گەلەکەیەوە بۆ سەر ڕێبازی خـودا، تـا ئـەو کاتـەی خودا بەلافاوەکە سەرنگوومیان دەکات‌و (نوح)یش لەگەڵ باوەڕداراندا لە پاپۆڕەکەدا ڕزگار دەکات‌و بەهێمنی دەیانگەیەنێتـەوە بـۆ سـەر زەوی، جـا لـەدوای شـیکاری ڕووداوەکانی ئەو بەسـەرهاتە، چـیرۆکەکە وا وەسـف دەکـات کـە لـەو هەواڵانـەی ڕابردووە (من أنباء الغيب) کە خودا بە سروش بۆ پێغەمبـەر ﷺی نـاردوون، وەك خودا فەرموویـە: ﴿تِلۡكَ مِنۡ أَنۢبَآءِ ٱلۡغَيۡبِ نُوحِيهَآ إِلَيۡكَۖ مَا كُنتَ تَعۡلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوۡمُكَ مِن قَبۡلِ هَٰذَا...﴾(هـود- ٤٩)، واتە: ئەم چـیرۆك‌و بەسـەرهاتانە لـەو هەواڵ‌و دەنگ‌و باسە نادیارو نەزانراوانەی گەلانی ڕابـردووە کـە بـە سـروش بـۆتی دەنێرین‌و کە خۆت‌و گەلەکەشت لەمەوبەر نەتاندەزانی‌و هیچتان لێنەبیستبوو.

لە کۆتایی چیرۆکی (یوسف)یشدا قورئان ئاماژە بۆ ئەو لایەنە دەکات کە ئەو چیرۆکەو رووداوەکانی لە هەواڵو دەنگو باسی نادیارەو پێغەمبەریش ﷺ ئەگەر خودا زانیاری لەبارەوە بۆ نەناردایە هیچی لێنەدەزانی، وەك خودا فەرموویە: ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۖ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُوٓا۟ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ﴾(یوسف- ١٠٢)، واتە: ئەم رووداوانەی بەسەر یوسفدا هاتووە لە هەواڵو بەسەرهاتەکانی نادیارن کە ئێمە بە سروش بۆت دەنێرین، چونکە خۆ تۆ لەلای براکانی یوسف نەبوویت کاتێك هەموو بڕیاریان داو رێك کەوتن لەسەر پیلانگێڕان لە براکەیان، تا هەڵی دەنە نێو بیرەکەوەو باوکیشیان فریو بدەن.

هەمان فەرمایشتی خوداو هەمان بەدواداچوون لەبارەی بەسەرهاتی (مەریەم) -خودا لێی رازی بێت- هاتووە، ئەویش لەو کاتەوەی لە سکی دایکیدایەو، دوای ئەوەش کە مێردی خوشکەکەی (واتە زەکەرییا -سلاوی لێبێت) لە خۆی دەگرێتو سەرپەرشتیی دەکات، وەك خودا فەرموویە: ﴿ذَٰلِكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ ۚ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يُلْقُونَ أَقْلَـٰمَهُمْ أَيُّهُمْ يَكْفُلُ مَرْيَمَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ يَخْتَصِمُونَ﴾(آل عمران- ٤٤)، واتە: ئەم رووداوانەی بەسەر مەریەمدا هاتووە لە هەواڵو دەنگوباسی نادیارن کە بە سروش بۆتی دەنێرین، تۆش ئاگاداریان نەبوویتو لەلای زاناو خواپەرستەکانی (بيت المقدس) نەبوویت کاتێك تیروپشکیان ساز کردبوو لەسەر ئەوەی کامیان سەرپەرشتیاری (مەریەم) لەئەستۆ بگرێت، هەروەها لەلایان نەبوویت کاتێك ململانێو پێشبڕکییان لەسەر ئەو کارە لەنێواندا دروست ببوو..

لەم ئایەتەشەوە ئەو زانیاریەمان دەست دەکەوێت کە عابیدو خواناسانی ئەو سەردەمە لە پێشبڕکێی یەکتردا بوون بۆ وەرگرتنی شەرەفی لەخۆگرتنی (مەریەم) کاتێك بە تەنها ماوەتەوە، لەدواییدا (زەکەرییا) لە پێشبڕکێی تیروپشك(قورعە)دا ئەو شەرەفەی بەدەست هێناوە..

٢) تۆ لەلایان نەبوویت (وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ):-

بێگومان ئەمە لە نادیارەکانی رابردووەو هەر تەنها خودا خۆی زانیویەتیو ئاگاداری رووداوەکانیو وردو درشتی لایەنەکانی بووە.. هەروەها تەنیا خودا خۆی زاناو ئاگاداری هەرسێ جۆرەکەی نادیاری (رابردووو ئێستاو ئایندە)یە..

خودا لەم بارەیەوە فەرمویە: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ...﴾(الأنعام- ٥٩).

هەروەها فەرموویە: ﴿فَقُلۡ إِنَّمَا ٱلۡغَيۡبُ لِلَّهِ فَٱنتَظِرُوٓاْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ ٱلۡمُنتَظِرِينَ﴾(يونس- ٢٠).

هەروەها فەرموویە: ﴿وَلِلَّهِ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُ ٱلۡأَمۡرُ كُلُّهُۥ﴾ (هود- ١٢٣).

خودای مەزن زانستی نادیار (علم الغيب)ی بە هیچ مرۆڤێك نەبەخشیوە تەنها ئەوەندە نەبێت کە خۆی فێری کردووەو ئاگاداری کردووە لێی، وەك فەرمویەتی: ﴿قُل لَّا يَعۡلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ٱلۡغَيۡبَ إِلَّا ٱللَّهُۚ وَمَا يَشۡعُرُونَ أَيَّانَ يُبۡعَثُونَ﴾(النمل- ٦٥).

هەروەها فەرموویە: ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ...﴾(الجن: ٢٦-٢٧).

پێغەمبەریش ﷺ بە ڕاشکاوی رایگەیاندووە کە ئەو هیچ لە نادیار نازانێت، تەنها لە ڕێی ئەو زانیاریانەوە نەبێت کە خودا پێی گەیاندووەو کە

فێریشی کردبوو هەردەم بە خـەڵکی بفـەرموێت: ﴿قُل لَّآ أَمۡلِكُ لِنَفۡسِي نَفۡعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُۚ وَلَوۡ كُنتُ أَعۡلَمُ ٱلۡغَيۡبَ لَٱسۡتَكۡثَرۡتُ مِنَ ٱلۡخَيۡرِ وَمَا مَسَّنِيَ ٱلسُّوٓءُۚ ...﴾ (الأعراف- ١٨٨).

جا لەبەر ئەوەی هەر خودا خۆی لە هەموو وردو درشتییەکی شـیکاری چـیرۆکی پێشینەکان ئاگادارەو زانستی تەواو هەر لەلای خۆیەتی، ئەوا هـیچ کەسـێك بـۆی نییە لەخۆیەوە تێیدا رۆبچێت‌و پڕوپاگەنـدەی زانـستی تێـدا بکـات.. خـۆ ئەگـەر پێغەمبەری خوداش ﷺ ئەو وردەکارییانـەی چـیرۆکەکانی بـۆ روون نەکردینایـەوە، ئەوا دوای خۆی کێ شایانی روونکردنەوەو شیکاریان بـوو؟ نەخاسـمە لـە کاتێکـدا سرووش (وحی) تەواو ببوایەو خوداش (دوای ئەو)-واتە دوای پێغەمبەر- پەیوەندی بە هیچ کەسێکی ترەوە نەکردایەو زانیاری لەسەر ئەو بەسـەرهاتە نەزانراوانـە پـێ نەگەیاندایە؟

ئەم فەرمایشتەی قورئـان بـۆ پێغەمبـەری خـودا ﷺ (وَمَـا كُنـتَ لَـدَيْهِمْ) کـە چیرۆکەکانی پێشینانی وەك ئامرازێك پێ دەگێڕێتەوەو کە بە تـەواوی نکـوولّی لـە زانین‌و زانیارییەکانی پێغەمبەر دەکات‌و کە ئەو خۆی هیچی لێیان نەزانیوەو لێیـان ئاگادار نەبووەو، خۆ ئەگەر پێغەمبەرێکی خوداش نەبوایـە ئـەوا خـودا هـەواڵ و- ئەخبار-ی ئەو رووداوانەی رابردووی پێنەدەگەیاند. هەر ئەم فەرمایشتە (وَمَا كُنتَ لَـدَيْهِمْ) نکوولّی لەوەش دەکات کە پێغەمبەری خوا -محمد ﷺ لەو کات وشـوێنەدا لەگەڵ کەس‌و رووداوەکانی چیرۆکی پێشیناندا ژیابێت‌و چاوی پێ‌کەوتبێ.

راسـتە مەبەسـتی قورئـان لـەم نکوولّییانـە بـۆ سـەلماندنی راسـتیی پـەیام‌و سرووشەکەیە کە بۆ دوایین پێغەمبەری خودا ﷺ هاتووەو، بـۆ روونکردنـەوەی ئـەو راستییەشە کە هەموو هەواڵ‌و بەسـەرهاتەکان لـەلای خـودا خۆیەوەیـەو، ئەگـەر- موحەمەد-یش ﷺ پێغەمبەر نەبوایە ئەوا زانیارو ئاگادار نەدەبوو لێیان، بەڵام لـە

هەمان کاتدا رێنموونییەکی تری قورئـان لـە دەسـتەواژەی (وَمَـا كُنـتَ لَـدَيْهِمْ)ەوە وەردەگـرین کـە رێگـای بەرنامـەی لێکۆڵینـەوە لـە چـیرۆکی پێـشینەکانو، لێوردبوونەوەو، بەدەستهێنانی سەرچاوەکانیمان پیشان دەدات.

دیسان هـەر ئـەو (نکوولییـەی دەسـتەواژەکە لەمـەڕ بێئاگـاییو بێزانیـاریی پێغەمبەر لە رووداوو بەسەرهاتەکان) دەخەینە بەر دیدی هەرکەسێك کە دەیـەوێت بچێتە نێو قوڵایی شیکارو لێکۆڵینەوەی ئەو چیرۆكو داستانانەوەو کـە سەرچـاوەی ناڕاسـتی ریوایـاتو وتـەو هـەواڵو بەسـەرهاتە دەسهەڵبەسـتەکان دێنێـتو، بـە زمانێکی قورئانیانە پێی دەڵێت: (ئایا جـەنابتان لـەوێ بـوونو لـەلای ئـەو گـەلو هۆزانە بوونو چاوت پێیان کەوت، کە چی دەکەنو چی دەڵـێنو هـەڵس وکـەوتیان چۆنە؟ ئایا هیچت لێیان بیستو بـینی لـەو شـتانەی ئێـستا بۆمـان گێڕایتـەوە؟! بەڕاستی تۆ (وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ) لەلایان نەبوویت، تۆ لەگەڵیاندا نەبوویت، ئیدی چۆن ئەو شتانەیان دەخەیتە پاڵ، کە لێیان ئاگادار نەبوویت ؟)..

لەوانەیە لە وەڵامدا بڵێت: (منیش لە کەسانی ترەوە دەیگێڕمەوە، لە کەسـانی پێش خۆمەوە وەرم گرتووەو، دەگەڕێمـەوە سـەر ئـەو سەرچـاوانەی، کـە لەوانـەوە وەرگیراوەو دراوەتە پاڵیان)..

ئێمەش پێی دەڵێین: (دەی ئایا ئەوانەی کە تۆ لێیانەوە وەردەگریت، لەگەڵ ئـەو کەسانەی نێو رووداوو بەسەرهاتەکاندا بوون؟ ئایا لەگەڵیاندا ژیاون؟! بێگومان ئـەو حیکایەتخوانانەی، کە تۆ ئاماژە بۆ ریوایەتەکانیان دەکەیت لە جوولەکەکانی-بـەنو ئیسرائیل-نو متمانەشیان پێ نەکراوە لەسەر گێڕانەوەی بەسـەرهاتی پێـشینەکان. بەم پێیە سەرچاوەکانیش ئەو درۆو قسەلۆکە هەڵبەستراوانەی (ئیسرائیلیات) بوون، کە چەندەهات دەسکاریو زیادەڕۆییو ئاڵو گۆڕیان بەسەردا هێنراوە.

۳) تەنها خـودا دەیانزانێـت (لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ):

قورئان هەواڵی ئەوەشی پێداوین، كە هەندێك رووداوی چیرۆكەكانی پێشینانو كەسەكانیشیان، هیچ كەس نایانزانێت، تەنها خودا خۆی نەبێت.. ئەمەش مانای وایە هیچ مرۆڤێك زانستی ئەو لایەنەی لەلا نییە، تەنها خودا خۆی نەبێت.. وەك خودا فەرموویە: ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ ۛ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۛ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ...﴾(إبراهيم- ٩).. لەم ئایەتەدا رستەی (لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ) دەقێكی روونە لەسەر نەبوونی زانست لەلای هیچ مرۆڤێك بەو وردەكارییانەیەوەو، لەسەر بوونی زانست تەنها لەلای خودای پاكو میهرەبان خۆی.

لەم ئاماژە قورئانییەشەوە چاوێكی وردبینیی قورئان بەرجەستە بووە لە تێڕوانینی مێژووو دیراسەكردنیو سەودا لەگەڵ كردنیدا. لە راستیشدا مێژووی مرۆڤایەتی، كە لە ژیانی بەشەریی كۆڵیوەتەوەو، كە مرۆڤ خۆی نووسیوێتیو دایڕشتووەو هێناوێتی، بەرهەمێكی نوێیەو بڕێكی هێجگار كەمی لە رووداوو وردەكارییەكانی ئەو مێژووە لەخۆ گرتووە، بەم رەنگەش بڕێكی هێجگار زۆری ئەو رووداوو وردەكارییانەی لەدەست چووە، ئەمە جگە لەوەی پرۆسەیەكی رووتی مێژوویی مرۆڤكردانەیەو لە سەرچاوە ئاسمانییە ڕاستگۆكان دابڕاوەو جێی رەخنەی تەواوەو، گومانی تەواویشی لە ڕاستیی مادەو كەرەسە مێژووییە گێڕراوەكانیشی دەكرێت.

هەروەها لەو ئایەتەوە وجودی زنجیرەیەك بە ناوی (ئەڵقە ونەكان)ی مێژووی پێشینەكان هەست پێ دەكەینو وەریان دەگرین، ئەم ئەڵقانەش لە مێژووی دەسكردی مرۆڤایەتیدا تۆمار نەكراونو، هیچ ئادەمیزادێكیش زانستی لەسەریان

نـەبووە. کـەوابوو دەبێـت زانـستەکەشیان تـەنها بـۆ خـودا بگێڕینـەوەو، نابێـت وردەکاریو شیکارییان تێدا دروست بکەین، بەڵکو پێویـستە بـە ئەدەبـەوە لەگـەڵ فەرمایشتی خـوادا رەفتـار بکـەینو تـەنها بـەوەوە پابەنـد بـین کـە خـستویێتییە بەردەممانو، ئینجا بە ڕێبازێکی پـوختی (زانـستیو مەنهـەجیو بابەتیانـە)ش دان بنێین بەبێئاگایی خۆمان لە نەزانینی ئەو ئەڵقانەو لە نەبوونی زانستمان لەسـەریان مادام خودا هیچ هەواڵێکی لەسەر هەندێکیان پێ نەگەیاندبین.

نازانم چۆن هەندێك كەس لە نوسـەرانو وتاربێـژان ڕێگـە بـەخۆیان دەدەن، کـە سەرپێچی لەم ئایەتە روونو ئاشکرایە بکـەنو گومانیـشیان وایـە گوایـە هەنـدێك کەس لە پێشینەکانی (جوولەکەو دیانـەکان)، کـە بـە (أهـل الکتـاب) نـاودەبرێن زانستیان لەسـەری هـەبێت؟! واتـە لەسـەر چـەند ئەڵقەیـەکی نـەزانراوی چـیرۆكو داستانە کۆنەکانی پێـشینانی پـێش (بنـو اسـرائیل) وەك گـەلانی (نـوح و عـادو سـەمود).. قورئـانی پـیرۆز بـەروونی ئـەم ڕاسـتییەی بـۆ خـستووینە ڕوو، کـە ﴿...وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لَا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا ٱللَّهُ...﴾، واتە (ئـەو کـەسو گـەلو هۆزانەی لەدوای ئەو گەلە لەناوچوانەی (نوحو عادو سەمود) ژیاون، هیچ شتێکیان لەبارەوە نازانن.) کەچی جوولەکەکان دەڵێن: (ئێمە دەیزانین)و بیـانووو بەڵگەشـیان ئەوەیە، کە چەند بەسەرهاتێکی درۆو هەڵبەستراو لەسەریان دێننـەوە. ئیـدی چـۆن بڕوا بەوانـە بکـەین، کـە بەپێـچەوانەی دەقـی ڕۆیـشتنی قورئانـەوە، چـیرۆکەکان دەشێوێننو ئیدیعای ئەوەش دەکەن گوایە زانـاو ئاگـاداری ئـەو مەسـەلە نادیـارو نەزانراوانەن، کە قورئان بە ڕۆشنیو ڕاشکاوی، نکوولیی لە ئاگاداربوونیان کردووەو نەفیی (نەژادناسی)و مێژووناسی هەرکەسێکی لەو جۆرەشی کردووە.

(عبداللەی کوڕی عباس) ﷺ هەرکاتێك وتەیەکی پێشینەکانی لە کەسـانی بـە (نەژادناس دانراو)ەوە پێ بگەیەنرایەو (دەربارەی مێژووی پێشینان بوایە) یەکـسەر دەیگوت: (کذب النسابون) واتە (نەژادناسان درۆیان کردووە).

هەروەها (عبداللە-ی کوڕی-مسعود)(ﷺ) بۆ بەدرۆخستنەوەی نەژادناسان ئەو ئایەتەی دەکردە بەڵگە، واتە ئایەتی ﴿...وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لَا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا ٱللَّهُ...﴾.

هەر لەمبارەیەوە، جارێکیان پیاوێك هاتە لای (علی کوڕی أبوطالب) ﷺ و پێی گوت: (من بنەچەو رەچەڵەکی خەڵکی دەزانم)، بەڵام (علی) ﷺ پێی گوت: (ئەی ئەو فەرمایشتەی خودات نەبیستووە کە فەرموویەتی: ﴿وَعَادٗا وَثَمُودَاْ وَأَصۡحَٰبَ ٱلرَّسِّ وَقُرُونَۢا بَيۡنَ ذَٰلِكَ كَثِيرٗا﴾(الفرقان- ٣٨). واتە (لەدوای گەلانی عادو سەموودو هۆزی سەر بیری (ڕەس) کە بە (أصحاب الرس) ناوبراون، چەندان هۆزو گەلو نەتەوەی تر هاتوونو ژیاون).

کەچی هێشتا ئەو پیاوە لەسەر قسەی خۆی سوور بووو گوتی: (من نەژادو مێژووی بنچینەی زۆر گەلو هۆز دەناسم)..

ئینجا (علی)یش پێی گوت: (ئەی ئایا ئەم فەرمایشتەی تری خودات نەبیستووە کە فەرموویەتی: ﴿أَلَمۡ يَأۡتِكُمۡ نَبَؤُاْ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ قَوۡمِ نُوحٖ وَعَادٖ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ لَا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا ٱللَّهُ...﴾(ابراهیم-٩).

ئیتر پیاوەکەش بێدەنگ بووو وەڵامێکی پێنەما.

٤) لەبارەیانەوە پرسیار لە کەسیان مەکە (وَلَا تَسۡتَفۡتِ فِيهِم مِّنۡهُمۡ أَحَدٗا):

قورئانی پیرۆز بە ڕاشکاوی موسڵمانانی ئاگادار کردۆتەوە کە هیچ پرسیارێك دەربارەی بەسەرهاتو سەرگوزەشتەی پێشینەکانو، شیکاری داستانەکانیانو، ناوی کەسو ناوچەو ڕووداوەکانیان، لە مەسیحیو جوولەکەکان نەکەن.. ئەم

ئاگاداركردنـەوەو ڕێلێگرتنـەش لـە بۆتـەی باسـكردنی چـیرۆكی هاوڕێیـانی نێـو ئەشكەوتەكە(أصحاب الكهف)دا هاتووە كە ئاماژە بۆ ناكۆكیی نێـوان پێـشینەكان دەكات لەسەر ژمارەیان، وەك خودا فەرموویـە: ﴿سَيَقُولُونَ ثَلَٰثَةٞ رَّابِعُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ وَيَقُولُونَ خَمۡسَةٞ سَادِسُهُمۡ كَلۡبُهُمۡ رَجۡمَۢا بِٱلۡغَيۡبِۖ وَيَقُولُونَ سَبۡعَةٞ وَثَامِنُهُمۡ كَلۡبُهُمۡۚ قُل رَّبِّيٓ أَعۡلَمُ بِعِدَّتِهِم مَّا يَعۡلَمُهُمۡ إِلَّا قَلِيلٞۗ فَلَا تُمَارِ فِيهِمۡ إِلَّا مِرَآءٗ ظَٰهِرٗا وَلَا تَسۡتَفۡتِ فِيهِم مِّنۡهُمۡ أَحَدٗا﴾ ﴿الكهف- ٢٢﴾.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕستەی داخـوازی (وَلَا تَسۡتَفۡتِ فِيهِم) واتـای ئەوەیـە كـە دەربارەی (هاوڕێیانی نێو ئەشكەوتەكەو ژمارەیانو، سەرگوزەشتەو بەسـەرهاتیان) پرسیار مەكە، (پرسیار لـەكێ نـەكات)؟-مِّنۡهُمۡ أَحَدٗا- بـە مانـای لەبارەیانـەوە پرسیار لـەهیچ كەسـێك نـەكات، واتـە پرسـیار لـەو جـۆرە كەسـانە نـەكات كـە لەخۆیانەوەو بێ بەڵگەی ڕاستو دروست دەچـنە نێـو بـاسو خواسـی بەسـەرهاتی پێشینەكانەوەو لقو پـۆی زۆر لـە سـەر ژیانیـان دێننـەوە بێئـەوەی زانـستێكیان هەبێت، بەڵكو تەنها بە گومان لەنادیار (رَجۡمَۢا بِٱلۡغَيۡبِ) دەم بادەدەن.

جا لێرەدا وشەی (منهم) دەگەڕێتەوە بۆ ئەم جۆرە كەسانە، دیارترینیـشیان كـە ئەم وشەیە دەیانگرێتەوە (أهل-ی-كتاب)ن كە (جوولەكەو نەصارا) بوون، چـونكە ئەوان خۆیان بە زانستو زانیارییەوە بادەداو وا خۆیان دەردەخست گوایە شـارەزایی تەواویان لە بەسەرهاتی پێشیناندا هەیە.. فەرمانی داخوازیی پرسیارنەكردن لەوانە كە لە ئایەتەكەدایە (لاَ تَـسْتَفْتِ...) ئاڕاستەی گشت موسڵمانێك كراوە، وەك چـۆن یەكەم جار ئاڕاستەی پێغەمبەری خودا ﷺ كراوە، چـونكە گوتـاری پێغەمبـەر ﷺ گوتارە بـۆ هـەموو نەتەوەكـەی.. ئاڕاسـتەی هـەموو نووسـەرو دانـەرێك كـراوەو ناهێڵێت پەنا بەرێتە بەر دەسهەڵبەستی (ئیسرائیلییەكان)و لە ریوایاتو سەرچـاوە

ناڕاسته‌كانی تایبه‌ت به‌ چیرۆكی پێشینه‌كانیان لێ وه‌رگرێت.. هه‌مدیسان ئه‌م فه‌رمانه‌ی قورئان ئاڕاسته‌ی گشت وتاربێژو په‌روه‌ردیارێك كراوه‌، ڕێیان پێ‌نادات هیچ شتێك له‌و ڕیوایه‌ته‌ نادروستانه‌ تێكه‌ڵی وتارو ئامۆژگارییه‌كانیان بكه‌ن.

به‌راستی زانایانی سه‌رده‌می پێشینه‌ چاكه‌كان (السلف الصالح) له‌ هاوه‌ڵانی (صحابه‌)و شوێنكه‌وتوان(تابعين)یش ته‌واو له‌م ئایه‌ته‌ گه‌یشتبوونو ده‌یانزانی ڕێیان پێ‌نادات له‌ مه‌سه‌له‌ی به‌سه‌رهاتی پێشینانو گه‌لانی دێریندا پرس‌وڕا به‌ (أهل-ی كتاب) بكه‌ن، یاخود تۆزقاڵێك له‌ وته‌و ریوایاتیان وه‌رگرن.

(ابن عباس) ﷺ ده‌رباره‌ی مانای فه‌رمایشتی خودا (فَلَا تُمَارِ فِيهِمْ إِلَّا مِرَآءً ظَٰهِرًا) گوتوویه‌: (واته‌:ته‌نها ئه‌وه‌ت به‌س بێت، كه‌ بۆم گێڕاوێتییه‌وه‌ له‌ قورئانداو، ئیدی موناقه‌سه‌و گفتوگۆ له‌سه‌ر ژماره‌و به‌سه‌رهاتی (أصحاب الكهف) له‌گه‌ڵ كه‌سانی دیدا مه‌كه‌.

(قتاده‌)ش له‌باره‌ی مانای ئه‌م رسته‌ قورئانییه‌وه‌ ده‌ڵێت: (ته‌نها ئه‌وه‌نده‌ت به‌سه‌ كه‌ له‌مه‌ڕ ئه‌و لاوانه‌ بۆمان گێڕاویه‌وه‌).

(ابن زيد)یش ده‌رباره‌ی مانای (وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا) گوتوویه‌: (ئه‌وانه‌ی كه‌ نابێت پرسیاریان لێبكرێت، هه‌ر-أهل الكتاب-ن).

(مجاهد)یش له‌باره‌ی واتای ئه‌م ڕسته‌یه‌وه‌ ده‌ڵێت: (مه‌به‌ست له‌ جووله‌كه‌كانه‌و، نابێت پرسیار له‌وان بكه‌یت ده‌رباره‌ی چیرۆكی (أصحاب الكهف(ته‌نها به‌وه‌نده‌ قایل بیت، كه‌ خودا له‌باره‌یانه‌وه‌ پێی ڕاگه‌یاندوویت)[1] .

ئیمام (ابن كثير)یش له‌باره‌ی ته‌فسیری هه‌مان ئایه‌ته‌وه‌ (وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا) گوتوویه‌تی: (كه‌ خودا ئه‌م فه‌رمانه‌ ئاڕاسته‌ ده‌كات له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی

١) بۆ زانیاری زیاتر له‌م وتانه‌ی زانایان بڕوانه‌ (تفسير الطبري) كه‌ له‌ په‌راوێزه‌كانییه‌وه‌ (تفسير القمی)یشی تێدایه‌.. به‌رگی (١٥) لاپه‌ڕه‌ (١٥٠-١٠١).

پرسیار له کەسیان نەکرێت بۆ ئەوەیە چونکە هیچ زانستێکیان لەلا نییە تەنها ئەوە نەبێت کە لەخۆیانەوە بەبێ بەڵگەو (رَجْمًا بِالْغَيْبِ) دەیڵێن، بێئەوەش کە پشت بە وتەیەکی راستو پارێزراو ببەستن، جا ئیتر ئەی-محمد- تۆش ئەو سەرچاوە راستەقینەت بۆ هاتووە کە هیچ گومانو مشتو مڕێك هەڵناگرێتو کەس ناتوانێت گومانی لێبکات)[1] .

(سید قطب)یش لەمبارەیەوە گوتوویەتی (قورئان پێغەمبەر ﷺ ڕادەسپێرێت بەوەی واز لە مشتو مڕ لەسەر ئەم کێشەیە بێنێتو هیچ پرسیارێك لە مشتو مڕ کاران لە بارەیانەوە نەکات، تا ئەم شێوازەش هاو ڕەوتی مەنهەجی ئیسلام بێت لە پاراستنی وزەی عەقڵ داو لە شتی بێسووددا بە فیڕۆ نەدرێت، پاشان تاکو مرۆڤی موسڵمانیش بەبێ زانیاریەکی تۆکمە حوکم بەسەر هیچ شتێك دا نەدات)[2].

٥- بەبێ زانست حوکم مەدە..(وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ):-

ئەم ڕستەیەش (وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ) ئایەتێکە لە کتێبەکەی خوداوەو مەنهەجی قورئانمان لە توێژینەوەو وەرگرتنی زانیاری دا پیشان دەداتو ڕێنموونیشمان دەکات بۆ پاراستنی وزەی عەقڵ لەوەی کە لەکاری بێ سوددا بەفیڕۆی نەدەین.

خودای پەروەردگار فەرموویە:- ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا﴾(الإسراء-٣٦)..

واتە: (دوای حوکمی شتێك مەکەوە کە هیچ زانستو زانیاریەکت لە بارەیەوە نییە، چونکە بێگومان گوێو چاوو دڵ هەر یەکە مرۆڤ لێیان بەر پرسیارەو لەسەر

١) تەفسیری (ابن کثیر)- بەرگی (٣). لاپەڕە (٧٨).
٢) تەفسیری (في ظلال القرآن)ی -سید قطب-، بەرگی (٤)، لاپەڕە (٢٢٦٥).

کرداری هەر یەکە لەو ئەندامانەی جەستەی لێی دەپرسرێتەوەو دادگایی دەکرێت).

مامۆستا (سید قطب) ڕەحمەتی خوای لێ بێت- لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت:-

(ئەم ئایەتە بەرنامەیەکی تێرو تەسەلی وەها بۆ عەقڵو دڵ دادەنێت کە ئەو مەنهەجە زانستییە تازەیەی چەرخی نوێی مرۆڤایەتیش دەگرێتەوەو (ڕاگیر بوونی دڵ)و (هەست بە چاودێری خودا)شی دەچێتە سەرو بەرنامەکە تەواو ترو تەسەلتر دەکات. جا بێگومان ساغکردنەوەی هەر هەواڵو، هەر دیاردەو جمو جوڵێك (پێش حکم لەسەر دانی)، بانگەوازی قورئانی پیرۆزو بەرنامەی وردو بێ خەوشی ئیسلامە. هەر کاتێکیش دڵو عەقڵ لەسەر ئەو بەرنامەیە جێگیر بێت، ئیتر هیچ بوارێك بۆ خەیاڵو ئەفسانە لە جیهانی باوەڕ (عەقیدە)دا نامێنێت، هەروەها هیچ بوارێکیش بۆ گومانو دوو دڵی لە جیهانی حوکم دانو دادوەریو سەودا کردندا نامێنێت، هەمدیسان لە جیهانی توێژینەوەو تەجرەبەو زانستەکانیشدا بوارێك بۆ حوکمە ڕووکەشەکانو فەرمانە خەیاڵییەکان نامێنێت... (وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ).. واتە: دوای هیچ وتەیەکی گوتراوو هیچ ڕیوایەتێکی نامۆی گێڕراوەو، هیچ دیاردەیەکی تەفسیر کراو یان ڕووداوێکی بەکەم دانراوو، هیچ حوکمێکی شەرعی، یان مەسەلەیەکی عەقیدی مەکەوە هەتا زانستی تەواوو (یەقین)ت لەسەری نەبێتو، باری ڕاستییەکەیت بۆ ساغ دەبێتەوە)(١).

بە پێی فەرمانی ئایەتەکەو ڕێگرتنی ڕۆشنی لە حوکم دانی بێ بناغەو، بە پێی ڕێنمایی ڕوونی بەرنامەی قورئانیش سەبارەت بە لێکۆڵینەوەو زانستو زانیاری، ئەوا نابێت ئێمە هیچ شتێك لە بارەی چیرۆکی پێشینەکانەوە لە ئەهلی کیتاب(جوولەکەو نەصارا) وەربگرین، نەخاسمە گەر هیچ فەرمایشتێکی لە

---

١) في ظلال القرآن، (٤: ٢٢٢٧)

قورئانو سوننەتەوە لەسەر نەبوو.

هەر لەو ئایەتەشەوە بەڵگەیەك لەسەر داستانی دەسهەڵبەستی (ئیسرائیلیات)و نەگونجانی بۆ ساغ كردنەوەی چیرۆكی پێشینەكان بەدی دەكەین، چونكە ئەم داستانە هەڵبەستراوانەی كە بە (ئیسرائیلیات) ناوبراون هیچ زانستێكیان تیادانییەو تەنها بە ئەفسانەو شتی پووچەڵو گریمانكاریی دادەنرێن. ئیتر پێویست نییە هیچ توێژەرەوەو لێكۆڵیارێك جەخت لەسەر ڕاستییەكی بكاتەوە، یان بەدوای بنجو بناوانو لایەنی راستبێژیی ریوایەتەكانیدا بگەڕێت.. جا مادام ئاوابن، ئەوا بەهیچ شێوەیەك ئێمە نابێت دانیان پیدا بنێین، یان بەدوایدا بچین یان لێیان بكۆڵینەوە، یاخود بیانگێڕینەوە، چونكە لەو چیرۆكانەن كە هیچ زانستو زانیاریەكمان لەبارەیانەوە نییە.

٦) سەلماندنی مەسەلەی گرنگ (إِن جَآءَكُمْ فَاسِقُۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓاْ):

خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمْ فَاسِقُۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوْمًۢا بِجَهَٰلَةٍ فَتُصْبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَٰدِمِينَ﴾(الحجرات- ٦)...

واتە: (ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر كەسێكی نەناسراو كە (لەدەستو زمانو دادپەروەرییەكەی دڵنیا نین) هەواڵی مەسەلەیەكی گرنگو جێی بایەخی خەڵكیی بۆ هێنان، ئەوا لەباری راستیو ناڕاستییەكەی بكۆڵنەوە تاكو راست لە درۆ جیابكەنەوە، نەبادا بەهۆی نەزانینو بێئاگاییتانەوە كەسانێكی دی تووشی زیانو نارەحەتی بكەنو، پاشان لە سەرەنجامی كردارە ناڕاستەكەتان پەشیمانو نیگەران بن..)

ئەم ئایەتە بەرنامەیەكی زانستیی قورئانمان لە ساغكردنەوەی هەواڵەكانو سەلماندنیاندا پێشكەش دەكات، ئەگەر ئەو هەواڵانە لە كەسانی خراپو

بەدڕەفتارەوە سەرچاوەیان گرتبێت، چونکە ئەم جۆرە کەسانە جێی متمانە نین‌و هەر هەواڵ‌و قسەوباسێك کە بڵاویدەکەنەوە درۆو دەلەسەو ساختەکاری‌و شێواندنی زۆری تێدایە، بۆیە هەر دەبێت کە گومان لە ڕیوایەت‌و قسەو هەواڵەکانیان بکرێت‌و هەر دەشبێت ئەو هەواڵ‌و دەنگ‌و باسانەیان بە تەرازووی ڕەخنەو هەڵسەنگاندن‌و ساغکردنەوە بکێشرێت. ئێمە گەلێك جار هەواڵ‌و دەنگ‌و باسی سەرزاری کەسانی خراپ‌و بەدڕەفتاری نێو ڕیزی موسڵمانانیش دەدەینە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن، ئیدی چۆن دەبێت لەو هەموو هەواڵ‌و قسەوباسە نامۆیانەی بێباوەڕان نەکۆڵینەوە کە ڕۆژانە بۆمان دێت؟!

گومانی تێدا نییە کە جوولەکەکان هونەرو شارەزاییەکی زۆریان لە درۆودەلەسەو ساختەکاریدا هەیەو، نە لە بواری مێژووو، نە لە سەرگوزەشتەو، گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا متمانەیان پێناکرێت، هەر شتێکیش لەوانەوە دەرچووبێت مۆرکی هۆنینەوەو پڕوپاگەندەو ساختەکاری‌و ئەفسانەچێتیی هەڵگرتووە، ئیتر چۆن ئەو سەرچاوە ئیسرائیلیانەو هەواڵ‌و سەرگوزەشتەکانیان وەر دەگرین؟ چۆن سەرەڕای خەوش‌و نەنگییەکانیان بەبێ تێفکرین‌و لێوردبوونەوەیان پەسەندیان بکەین‌و پاشان وایان بگێڕینەوە گوایە چەند ڕاستییەکی جێگیرن‌و، ئەو فەرمایشتە جێگیرەی خودایشیان پێ لێك بدەینەوە کە ﴿لَّا يَأۡتِيهِ ٱلۡبَٰطِلُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَلَا مِنۡ خَلۡفِهِۦ﴾(فصلت- ٤٢). واتە: (فەرمایشتی خوداو کتێبی خودا لەسەر هەر بارو ڕووکارێك هیچ دەسکاری‌و خوارکردنەوەیەك هەڵناگرێت‌و هیچ ئاڵ‌و گۆڕو زیادکردن‌و لێکەم کردنێکی بەسەردا ناهێنرێت)..

پێویستە زۆر زۆر وریاو ئاگادارو وردەکار بین لەکاتی بیستنی ڕیوایات‌و قسەوباسی بێباوەڕانداو هیچیان لێ وەرنەگرین تەنها ئەوە نەبێت کە باری ڕاستییەکەی لەلامان زانراو بێت‌و ئەو ڕاستییەش لە قورئان‌و سوننەتدا هاتبێت.

به‌ڕاستی هه‌دوو ئایه‌ته‌که‌ی پێشوو (وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ) له‌گه‌ڵ (إِن جَآءَكُمْ فَاسِقٌۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓا۟) مه‌نهه‌جێكی بێ‌وێنه‌ی قورئانییمان له‌ توێژینه‌وه‌ی زانستیو مه‌عریفیدا بۆ دیاری ده‌كه‌نو، ڕێنماییه‌كی گرنگیشمان له‌ سه‌وداو مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ (چیرۆكه‌كانی پێشینان)دا پێشكه‌ش ده‌كه‌ن.. ئایه‌ته‌كه‌ی سوره‌تی-اسراء- (وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ) ڕێگه‌ له‌ گێڕانه‌وه‌ی هه‌واڵو به‌سه‌رهاته‌كان ده‌گرێت ته‌نها (دوای سه‌لماندنی زانستیانه‌ نه‌بێت)، هه‌روه‌ها ڕێگه‌ له‌ هێنانو وه‌رگرتنی هه‌ر شتێكیش ده‌گرێت ته‌نها دوای (متمانه‌ پێ‌كردنو په‌یدابوونی زانیاری) نه‌بێت. ئایه‌ته‌كه‌ی سوره‌تی-حجرات-یش (إِن جَآءَكُمْ فَاسِقٌۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓا۟) پالاوتنو ڕوون كردنه‌وه‌ی قسه‌ی كه‌سانی تر پێویست ده‌كات.

٧) وه‌ك ئه‌وانه‌یان لێ‌هاتووه‌ كه‌ نازانن.. (كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ):

جووله‌كه‌كان گه‌لێكی بێ‌زانیارین، زانیارییه‌ ڕواڵه‌تیه‌كه‌شیان ته‌نها چه‌ند درۆیه‌كی هه‌ڵبه‌ستراوو گومانو بۆچوونو ئیددعایه‌كه‌، وه‌ك خوداش له‌باره‌یانه‌وه‌ فه‌رموویه‌: ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِىَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ﴾ (البقرة- ٧٨).. واته‌: (له‌نێو جووله‌كه‌كاندا چه‌ندین كه‌سی نه‌خوێنده‌وارو بێ‌ئاگا له‌ كتێبی خۆیان (ته‌ورات) هه‌یه‌ كه‌ هیچ له‌و كتێبه‌ نازانن ته‌نها چه‌ند درۆو ده‌له‌سه‌یه‌كی هه‌ڵبه‌ستراو نه‌بێت كه‌ له‌ سه‌ركرده‌و پێشه‌وا ئایینییه‌كانیانه‌وه‌ وه‌ریانگرتووه‌و ته‌نها ئه‌و گومانو بۆچوونه‌ ناڕاستانه‌شیان بۆ نكووڵی كردن له‌ پێغه‌مبه‌رایه‌تیی (محمد ﷺ) گرتۆته‌ به‌ر)..

هه‌روه‌ها جووله‌كه‌كان ئه‌وه‌نده‌ درۆزنو بوختان چین كه‌ درۆ له‌سه‌ر خوداش ده‌كه‌نو قسه‌ی ناڕاستی بۆ هه‌ڵده‌به‌ستن، ئیدی چۆن له‌ خه‌ڵكی سڵ ده‌كه‌نه‌وه‌و

درۆیان بۆ هەڵنابەستن‌و بوختانیان بۆ ناکەن؟ ئەی ئایا واز لـە پێـشینەکان دێـنن‌و درۆیان لەسەر هەڵنابەستن؟ ئایا خۆیان دەپـارێزن لـە درۆکـردن لـە سـەر زانـست‌و مێژوو؟ هەر بۆیـەش لـە چـەندان جێگـەدا قورئـان درۆ و بوختانـەکانیانی دیـاری کردووە، وەك خودای زاناو پـەروەردگار لەبارەیانـەوە فەرمووویـە: ﴿لَّقَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَآءُ ۘ سَنَكْتُبُ مَا قَالُوا۟ وَقَتْلَهُمُ ٱلْأَنۢبِيَآءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَنَقُولُ ذُوقُوا۟ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿١٨١﴾ ذَٰلِكَ بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيكُمْ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَيْسَ بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿١٨٢﴾ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ عَهِدَ إِلَيْنَآ أَلَّا نُؤْمِنَ لِرَسُولٍ حَتَّىٰ يَأْتِيَنَا بِقُرْبَانٍ تَأْكُلُهُ ٱلنَّارُ ۗ قُلْ قَدْ جَآءَكُمْ رُسُلٌ مِّن قَبْلِى بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَبِٱلَّذِى قُلْتُمْ فَلِمَ قَتَلْتُمُوهُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾(آل عمران: ١٨١-١٨٣)، واتە: (بێگومـان خودا وتەی ئەو جوولەکانەی بیـست، کـە وتیـان خـودا هـەژارەو ئێمـە خۆمـان دەوڵەمەندین، ئێمە هەموو ئەو قسەو گفتارو ڕەفتارانەیان تۆمـار دەکـەین لەگەڵ تۆمارکردنی ئەو تاوانە گەورەیەشیاندا، کە پێغەمبەرانی خودایان بـە زوڵـم‌و زۆرداری کوشتووەو لـە ڕۆژی دواییـدا سـزای سـەختی دۆزەخیـان دەدەیـن‌و پێیـان دەڵێین: دە بچێژن ئەو ئەشکەنجە پڕ لە ئازارو واوەیلایەی نێو ئاگری کڵپەسـەندووی دۆزەخ. ئەم ئەشکەنجە هەمیشەییی‌و نەبڕاوەیەش بەهۆی کـردەوە دڕندانـەکانی نێـو دنیاتانەوەیە، کە پێغەمبەرانتان بە درۆ دەخستەوەو نکوولێتـان لـە هـەق دەکـردو درۆتان هەڵدەبەست، ئەو خودایەی کە سـتەم لـە بەنـدەکانی ناکـات‌و بـە خـۆڕایی سزایان نادات. -پاشان جوولەکەکان لە وتەیەکی بێشەرمانەی تریاندا- گوتوویانـە: خودا ڕایسپاردووین، کە باوەڕ بە وتەو بانگەوازی هیچ پێغەمبەرێك نەکەین، هـەتا ئەو کاتەی قوربانییەك دێنێت‌و خۆی پێ لـەخودا نزیـك دەکاتـەوەو-ئەمـەش وەك بەڵگەیەك لەسەر ڕاستگۆیی خۆی-. تۆش ئەی پێغەمبەر، پێیان بڵێ: ئەدی باشـە، خۆ پێش من چەندین پێغەمبەری ترتان بۆ نێـرراو، هەمووشـیان بەڵگـەی ڕاسـت‌و

بنەبڕیان لەسەر راستگۆیی خۆیانیان بۆ دەخستنە ڕوو، -وەك ئەو قوربانییەی کە ئاگر دەیخوارد- ئەی بۆچی دەتان کوشتن‌و سوور بوون لەسەر لووتبەرزی‌و گومڕایی خۆتان، ئەگەر ئێوە لەم ئیدعایانەتاندا ڕاست دەکەن؟).

هەروەها جوولەکەکان درۆ لەسەر پێغەمبەران‌و خۆشەویستان‌و عەبدە صالحەکانی خوداش (بە پیاوو ئافرەتیانەوە) دەکەن‌و درۆو دەلەسەو قسەی پڕوپووچیان بە دەمەوە دەکەن‌و تەنانەت کەم‌و کووڕی‌و ئاکاری خراپیشیان دەخەنە پاڵ.. داخۆ دەربارەی (مەریەم)ی کچی بێ‌مێردو دایکی عیسا -سلاویان لێبێت- چ بوختانێکیان هەڵبەست؟!

قورئان لەبارەی ئەم بوختانەیانەوە فەرموویە: ﴿وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا ﴿١٥٦﴾ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللَّهِ ..﴾ (النساء: ١٥٦-١٥٧). واتە: (خودا بەوەش سزای نەفامی‌و گومڕاییان دەدا کە باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتیی (عیسا) نەهێناو بەوەش کە بوختانێکی گەورەو درۆیەکی گەندەڵیان بۆ(مەریەم)ی دایکی دروست کردو پاشان دەشیانگوت ئێمە پێغەمبەری خودا(عیسای کوڕی مەریەم)مان کوشت.

هەروەها ئەوان ئێرەیی(حەسوودی) بە باوەڕدارانیش دەبەن‌و ئەوپەڕی حەزو هیواو ئاوات‌و پەلەقاژەو سووربوونیان لەسەر ئەوەیە کە موسڵمانان لە ئاینەکەی خۆیان هەڵگێڕنەوە.

جا ئەگەر ئەمە نەریت‌و هیواو ئاواتیان بێت، چۆن ئێمە وتەو ریوایات‌و بەسەرهاتەکانیان لێ پەسندکەین کە بەم ئارەزووو ئامانجانەیان ئاوێتە کردوون‌و کە بەهۆی ئەو ریوایات‌و بەسەرهاتە ناڕاستانەشیانەوە خوازیاری بەدیهێنانی ئەو حەزو ئارەزووە ژەهراویانەن؟!

لەم ڕووەشەوە خودا فەرموویە: ﴿وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ

﴿...يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَـٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ....﴾(البقرة- ١٠٩). واتە: زۆربەی ئەهلی کیتاب -لەوانەی کە جوولەکەکانن-، هیواو ئامانجیان ئەوەیە دوای باوەڕهێنانتانو موسڵمانبوونتان هەڵتانگێڕنەوەو بتانکەن بە کافران، ئەمەش لە حەسودیی دەروونە شەڕخوازەکانیانەوەو دوای ئەوەش کە هەقو ئایینی ڕاستی ئیسلامیان بۆ دەرکەوتووە.

هەروەها ئەوان هەق دەشارنەوەو، لە جێگەیدا ناهەقو درۆو دەلەسە بڵاودەکەنەوە، تاکو کەسانی تری پێ تەفرە بدەن، وەك خوداش فەرموویە: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكْتُمُونَ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ وَيَشْتَرُونَ بِهِۦ ثَمَنًا قَلِيلًا ۙ أُولَـٰٓئِكَ مَا يَأْكُلُونَ فِى بُطُونِهِمْ إِلَّا ٱلنَّارَ وَلَا يُكَلِّمُهُمُ ٱللَّهُ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾(البقرة- ١٠٩).

هەروەها ئەوان کاتێك هەق دەشارنەوە دەشزانن کە ئەوە ناڕاستەو لە هەموو خوارو خێچییەکی کردارەکانیان ئاگادارن، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا۟ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾(البقرة- ٧٥). واتە: ئەرێ ئەی موسڵمانان، ئێوە حەز دەکەن ئەوان ئیمان بێنن، لە کاتێکدا کۆمەڵێك لە زاناو شارەزایانیان گوێبیستی فەرمایشتی خودان لە-تەورات-داو پاشان ئەو دەقانەی-تەورات- دەشێوێننو دوای ئەوەی لە ڕاستییەکەی تێگەیشتوون دەسکاری دەکەنو دەشزانن کە کارێکی ناڕەواو ناهەموار دەکەن؟!

بێگومان ئەوان زانیارییەکی بنچینەییان لەبارەی ئەو بەدرەفتاریو تاوانە چەپەڵانەیانەوە نییە، چونکە زانیاریی راست دەبێت سوود بە خاوەنەکەی

بگەیەنێت‌و بەختیاریی پێ ببەخشێت‌و چاك‌و راستی بكاتـەوەو بیخاتـە نێـو ریـزی هەق‌و خاوەنانی هەقەوە..

جا ئەگەر زانیارییەك خاوەنەكەی بـەم ئاقـارە نەگەیـەنێت وەك ئـەوە وایـە كـە نەبێت.. لە راستیشدا هەڵس‌و كەوتی جوولەكەكان وەك هـەڵس وكـەوتی ئەوانەیـە كە نازانن‌و كە هیچ زانـست‌و زانیارییـەكیان لـەخوداوە بـۆ نەچـووبێت، هـەروەها رەوشت‌و وتەكانیشیان وەك رەوشت‌و وتەی ئەو كەسانەیە كە نـازانن، هـەر بۆیـەش قورئان بڕیاری ئـەوەیان لەسـەر دەدات كـە ئەگـەر بیانزانیایـە ئـەوا ئـەو هـەموو بەدكاری‌و لادان‌و خراپەكاریەیان ئەنجام نەدەدا، كەوابوو بەهۆی ئەو ڕەفتارو گفتـارە ناشیرینانەیانەوە وەك ئەوانەیان لێ بەسەر هاتووە كە هیچ نازانن..

خودا لەبارەیانەوە فەرموویە: ﴿وَلَمَّا جَآءَهُمۡ رَسُولٌ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمۡ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمۡ كَأَنَّهُمۡ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿١٠١﴾ وَٱتَّبَعُواْ مَا تَتۡلُواْ ٱلشَّيَٰطِينُ عَلَىٰ مُلۡكِ سُلَيۡمَٰنَۖ وَمَا كَفَرَ سُلَيۡمَٰنُ وَلَٰكِنَّ ٱلشَّيَٰطِينَ كَفَرُواْ يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحۡرَ وَمَآ أُنزِلَ عَلَى ٱلۡمَلَكَيۡنِ بِبَابِلَ هَٰرُوتَ وَمَٰرُوتَۚ وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنۡ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحۡنُ فِتۡنَةٌ فَلَا تَكۡفُرۡۖ فَيَتَعَلَّمُونَ مِنۡهُمَا مَا يُفَرِّقُونَ بِهِۦ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَزَوۡجِهِۦۚ وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡۚ وَلَقَدۡ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشۡتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنۡ خَلَٰقٖۚ وَلَبِئۡسَ مَا شَرَوۡاْ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمۡۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ﴿١٠٢﴾ وَلَوۡ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ وَٱتَّقَوۡاْ لَمَثُوبَةٞ مِّنۡ عِندِ ٱللَّهِ خَيۡرٞۖ لَّوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ﴾(البقرة: ١٠١-١٠٣).

واتە: دوای ئەوەی ئەم پێغەمبەرە خودا ناردوویەتە ناویان، بڕوای بـەو كتێبـەش هەیە كە لایانە" دیسان هێنـدێك لەوانـەی ئـەهلی كتـێبن، لـە كتـێبی خـودا خـۆ

دەبوێرنو ڕووی تێ ناکەن. هەر دەڵێی نەشیان زانیوە.. کەوتوونەتە شوێن ئەو شتانەی شەیتانەکان لە زەمانی پاشایەتی سولەیمان دا بە ورتە دەیان خوێندەوە. سولەیمان خوانەناس نەبوو" شەیتانەکان خوانەناس بوون" خەڵکیان فێرە جادوو دەکرد. ئەو زانستەش کە هاتبووە سەر هارووتو مارووتی جووتە فریشتە لە بابلدا، هەر کەسێکیان فێری جادوو بکردایە، پێشەکی تێیان دەگەیاند: ئێمە هەر بۆ جەڕباندنین، نەکەی خودات لەبیر بچێ" هەر هێندەشیان لێ فێردەبوون ژنو مێرد لێك جیابکەنەوە" کە توانای ئەوەیان نەبوو -بێ ئیزنی خودا- زیان لە هیچ کەسێ بدەن. هەر شتێکی وا فێر دەبوون کە زیان لە خەڵك بداو بۆ خۆیان سوودێکی نەبێ" دەشیانزانی کڕیارانی جادووگەری لەو دونیادا هیچ بەشیان نیە. ئای ئەگەر تێگەیشتبان دەیانزانی چۆن خۆیان خراپ دەفرۆشن.. ئەمانە ئەگەر بڕوایان بە خودا هەبوایەو پارێزکار بان، دەیانزانی کە پاداشی چاکتر لەلای خودایە.

لەم ئایەتانەی پێشووەوە تیشکی سەرنج دەخەینە سەر ئەم ڕستانەی کە دەربارەی زانینو زانیاری جوولەکەکان هاتوون:

١- زانیارییەکەیان وای لێکردوون کتێبی خودا پشت گوێ بخەن: نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ﴾.

٢- زانیارییەکەیان وای لێکردوون لەگەڵ ئەو شەیتانانەدا بن کە خەڵکی فێری سیحربازی دەکەن: ﴿يُعَلِّمُونَ ٱلنَّاسَ ٱلسِّحْرَ﴾.

٣- زانیارییەکەیان وای لێکردون فێری شتە زیانبەخشەکان بن: ﴿وَيَتَعَلَّمُونَ مَا يَضُرُّهُمْ وَلَا يَنفَعُهُمْ﴾.

٤- هەموو ئەو ڕەفتارانەیان نواندو بەهۆی زانیارییەکەشیانەوە دەیانزانی هیچ پاداشتێکی چاکی لێ بەدەست ناهێنن: ﴿وَلَقَدْ عَلِمُواْ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِي ٱلْأَاخِرَةِ مِنْ خَلَٰقٍ﴾.

جا لە ئەنجامی ئەو هەموو تاوانەیانەوە قورئان بڕیـاری ئـەوەیان لەسـەر دەدات گەر بێتو ئەوان بیانزانیایەو بیانویـستایە بـزانن هـەموو ئـەو تاوانانـەیان ئـەنجام نەدەدا، کـەوابوو ئـەوان نـازانن: ﴿وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ﴾... ﴿وَلَوْ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ خَيْرٌ ۖ لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ﴾..

زانستی ڕاستو سوودمەند ئەو زانستەیە کە مرۆڤ بـەرەو باوەڕهێنـان دەبـاتو تەقواو لەخواترسانی بۆ بەرهەم دێنێت، جا ئەگەر زانستەکە ئەم بەروبوومە نـەدات ئەوا وەك ئەوە وایە نەبێت.

جا لەبەر ئەوەی زانیـاریی جوولەکـەکانیش بـەم ئاکامـە چـاكو سـوودمەندەی نەگەیاندبوون وەك ئەوە وابووە کە هەر نەبووبێت، تەنانەت زانیـاریی ئـەوان بـەرەو ئاکامێکی پێـچەوانەی بردبـوون، بـەرەو خراپـەو بـەدکاریو لادانو ناهـەقو درۆو دەلەسەی بردبوون..

جوولەکەکان ئەو گەلەن کـە هـیچ زانیارییـەکیان نییـە تـەنها زانیـاریی درۆو دەلەسەو گومانکاریو ئەفسانەچێتی نەبێت، پاشان ئەوان لەگەڵ ئەوانـە دادەنـرێن کە نازانن، واش ڕەفتار دەکەن کە نازانن، گەر بیانزانیایە نەدەبوو وا بکەن..

ئەمە بڕیاری قورئانە لەسەر زانینو زانیارییان.. ئـیتر چـۆن متمانـە بـەخۆیانو سەرچاوە مێژوویيو ئایینییەکانیان بکەین؟ چۆن پڕوپاگەندەی ئـەوەیان بـۆ بکـەین گوایـە ئـەوان دەزانـن؟ ئـەی چـۆن بـەو سەرچـاوە پووچـەڵو درۆو دەلەسـانەیان فەرمایشتی پاكو بێگەردی خودا تەفسیر بکەین لەو قورئانەیدا کە هـیچ شـیکارو لێکدانەوەیەکی نامۆو ناڕاستی ئەملاولا قبوڵ ناکات؟؟

حوکـمـی گێڕانەوەی (ئیسـرائیلـیات)

زانایـانی ئیـسلام بـیروڕای جیاجیایـان لەسـەر حـوکمی گێڕانـەوەی داسـتانە ئیسرائیلییەکان هەیە:-

بۆ نمونە هەندێکیان بە ڕەهایی (مطلق) گێڕانەوەیانیان قەدەغە کردوەو لەوەشدا پشتیان بە چەندین ئایەتی ڕۆشنو چەندین فەرموودەی ڕاست(صـحیح) بەسـتووەو، پەیڕەوی مەنهەجی ئیسلامیان لـە توێژینـەوەی زانـستیو دەستخـستنی زانیاریـدا کردووەو، تێبینیی هەر فەرموودەو وتـە (أحادیـث وأقـوال)ێکیـشیان کـردووە کـە هاتبێتە بەرچاویانو دەلالەتی شیاوی گێڕانەوەی هەندێك ڕیوایەتیان تێدا بینیبێت.

کەچی هەندێك زانای تر بەڕەهایی ڕێگەیان بە گێڕانەوەی ئـەو ڕیوایەتانـە داوەو بە ڕاستو چەپدا دەرگایان بۆ خستوونە سەرپشتو چـەندەها لاپـەڕەی کتێبـەکانی تەفسیرو مێژووو داستانەکانیان پێ ڕەش کردوونەوەو، قورئانی پـیرۆزی خوداشـیان پێ تەفسیر کردووە.

بەڵام هەندێکی تر لە زانایانی ئیسلام چـەند مـەرجێکیان بـۆ گێڕانـەوەی ئـەو داستانانە داناوەو تەنها چەند جۆرێکی تایبەتیشیان لێ دەستنیـشان کـردوونو بـە چەند بوارێکی دیاریکراویشەوە پەیوەستیان کردوون.

دیارە لێرەدا ماوەی هێنانەوەی بەڵگەکانی ئەو بیروڕایانەو مـاوەی موناقەشـەو لێدوانیانمان نییەو، بە یارمـەتی خـودا هـەوڵ دەدەیـن لـە کتێبێکـی ترمـانو لـە باسێکی تردا بە ناوی (مبهمات القرآن بين التبيين والإبهام)دا باسیان لێوە بکەین.

ئێمە سەرنجی ورد لە کارو لێکۆڵینەوەی زانایـان دەدەیـن کـە هەڵوێـستیان لـە ئاست داستانە ئیسرائیلییەکاندا چی بووەو چ دیدو تێڕوانینێکی خۆیـان لەسـەریان هەبووەو، لە ئاکـامی ئـەو سـەرنجو بەدواداچوونانەشـدا تـەنها ئـەو هەڵوێـستو بیروڕایە بەڕاست دادەنێت کە دەربارەی قەدەغەکردنی هێنـانی هـیچ شـتێکی ئـەو

داستان‌و ئەفسانە ئیسرائیلیانەیەو نابێت بۆ (وتە هێنانەوەو بەڵگە پێدانـان)یـش بگێڕرێنەوە، یان تەنانەت بۆ گەواهی پێدان‌و مۆڵەت خواستنیش بێت، خۆ ئەگـەر بمانەوێت لە بوارێکی پێویـستدا شـتێکیان لـێ وەرگـرین، ئـەوە تـەنها لـە بـواری (ئاگادارکردن‌و وریاکردنـەوەو تێگەیانـدن‌و ڕێنمـایی)دا واتـە تـەنها لـەو بـوارەدا دەگێڕرێنـــەوە کـــە بـــە ڕۆشـــنی کـــەم‌و کوڕییـــەکانیان‌و بنـــچینەی پووچـــەڵی‌و ئەفسانەکانیان ڕوون بکرێتەوەو خەڵکیان لێ وریاو ئاگادار بکرێتەوە.

ئێمە بۆ ئەم ڕایەمان چـەند بەڵگەیـەك دێنینـەوە، بـەڵام دوای ئـەوەی سـەرەتا جۆرەکانی داستان‌و ریوایاتی (ئیـسرائیلیات) بـەو شـێوەیەی کـە زانایـان باسـیان کردوە، دیاری دەکەین..

جۆرەکـانی (ئیسـرائیلـیات)

بۆ ئەم بڕگەیـە باسـێکی بـەپێزی مامۆسـتای شـەهید، دکتـۆر (محمـد حسـین الذهبی)م لەبەردەم دابوو بـە ناونیـشانی (الإسـرائیلیات في التفـسیر والحـدیث) کـە تیایدا مامۆستا(خودا بەشەهیدی دابنێت) دەربـارەی جۆرەکـانی (ئیـسرائیلیات)و حوکم‌و گێڕانەوەیان دەدوێت‌و، بەڵگەکانی (زانایانی ڕێدەرو، زانایانی ڕێگر)ی ئـەو ریوایاتانەی دیاری کـردووە، منـیش لـەو باسـە بـەپێزەی مامۆسـتای نـاوبراوەوە پوختەی جۆرەکانی وەردەگرم.

"ئەفسانە ئیسرائیلییەکان سێ جۆریان هەیە، وەك:

١- جۆرێکیان بە پێوەندگی ڕاستی‌و ناڕاستیی.

٢- جۆرێکیان بە پێوەندگی گونجانی لەگەڵ ئاینەکەمان یان نەگونجانی.

٣- جۆرێکیان بە پێوەندگی بابەتەکەی.

١- لە ڕووی ڕاستی‌و ناڕاستێتییانەوە بۆ دوو بەش دابەش دەکرێن:

(أ) ڕاست (صحیح): وەك ئەو دەقانەی لەسەر بەڕاستگۆدانانی قورئـان هـاتوون

کە دەربارەی سیفەتەکانی پێغەمبەری خودا محمدن ﷺ.

لەمبارەیەوە خودای مەزن فەرموویە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ۝٤٥ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذۡنِهِۦ وَسِرَاجٗا مُّنِيرٗا﴾(الأحزاب: ٤٥-٤٦).

واتە: (ئەی پێغەمبەر(ئەی محمد) ئێمە تۆمان وەك شاهید لەسەر ئەوانەی بۆیان رەوانەکراویت و، وەك مژدەپێدەریان و ترسێنەریشیان، ناردووە و، وەك بانگەوازکارێکیش بۆ رێبازی خودا، کە هەر بەیارمەتی و ئاسانکاریی خوداش بانگەوازیان بکەیت و، وەك چرایەکی بەتین و ڕۆشنیش، کە تاریکییەکان دەڕەوێنێتەوە و ڕووناکی دادەهێنێت و ڕێنماییی خەڵکی دەکات).

ئەم سیفەتانە لە تەوراتیشدا هاتوون و ئەوانەی تەوراتیان دیوە و خوێندۆتەوە بە راشکاوی باسیان کردووە، لەم بارەیەوە (بخاري) لە (عطاء کوڕی یسار)ەوە ئەم وتە بەنرخەی گێڕاوەتەوە: ((**لَقِيتُ عَبْدَاللهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ فَقُلْتُ أَخْبِرْنِي عَنْ صِفَةِ رَسُولِ اللهِ ﷺ فِي التَّوْرَاةِ. فَقَالَ: أَجَلْ وَاللَّهِ إِنَّهُ لَمَوْصُوفٌ فِي التَّوْرَاةِ كَصِفَتِهِ فِي الْقُرْآنِ" ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا﴾ وَحِرْزًا لِلْأُمِّيِّينَ، وَأَنْتَ عَبْدِي وَرَسُولِي، إسمُكَ الْمُتَوَكِّلَ، لَيسَ بِفَظٍّ، وَلَا غَلِيظٍ، وَلَنْ يَقْبِضَهُ الله حَتَّى يُقِيمَ بِهِ الْمِلَّةَ الْعَوْجَاءَ، بِأَنْ يَقُولَ: لا إِلَهَ إِلاَّ الله. وَيَفْتَحَ اللَّهُ بِهَا قُلُوبًا غُلْفًا، وَآذَانًا صُمًّا، وَأَعْيُنًا عُمْيًا.. قَالَ عَطَاءٌ: لَقِيتُ كَعْبًا -كعب الأحبار- فَسَأَلْتُهُ عن ذلك فَمَا اخْتَلَفَ حَرْفًا**))[1]. واتە: (بەدیداری (عبداللە کوڕی عەمر) گەیشتم و پێم گوت: باسی سیفەتی پێغەمبەری خودام ﷺ لە تەوراتدا بۆ بکە.. ئەویش گوتی: بەڵێ" دەسا بەخوا چۆن لە قورئاندا وەسف کراوە، ئاواش لە تەوراتدا وەسف کراوە، وەسفەکەش بەم شێوەیە بووە: (ئەی پێغەمبەر، ئێمە تۆمان بە شاهیدو مژدەبەخش و ترسێنەری ئەوانەی بۆ لایان ڕەوانە دەکرێیت، ناردووە، هەروەها وەك پەناگەیەکی ڕووناك و

---

١) رواه البخاري في كتاب التفسير، رقم ٦٥، باب (إنا أرسلناك شاهداً ومبشراً ونذيراً) رقم ٣، حديث رقم ٤٨٣٨.

پتەو بۆ بێدەسەڵاتو ڕێ لێتێکچوان... تۆ بەندەی منو پێغەمبەری منیشت، ناوت (متوکل)ەو، توڕەو دڵڕەق نییت، خودا ئەو ڕووناکییە لانابات هەتا ئەو شەریعەتە خوارکراوەی پێ ڕاستو ڕاگیر دەکات تەنها ئاڵای-لا الە الا الله- دەچەسپێتو چەندان دڵی داخراوو چەندان گوێی کەڕو چەندان چاوی نابینای پێ دەکرێتەوە).

(عطاء) گوتی: دوای ئەمە بە دیداری (کەعب)ی زانای جوولەکەکان گەیشتمو پرسیارم دەربارەی ئەو سیفەتە لێکچوانەی نێو قورئانو تەورات لێکردو ئەویش لاریی لەسەر تاکە پیتێکیان نەبوو.

(ب) هەڵبەستراو (موضوع): وەك ئەفسانەی چیای (ق) کە بە ئیدعای درۆزنەکان وا هاتووە گوایە ئەم چیایە چواردەورەی ئاسمانەکانو زەوی گرتووە.

٢- لە ڕووی گونجانی یان نەگونجانی لەگەڵ دینەکەی ئێمە. بەم پێودانگەش دەکرێن بەسێ بەشەوە:

(أ) ئەو دەقانەی لەگەڵ دەقەکانی ئایینی ئێمەدا وەك یەكو گونجاون:

نموونەش لەمبارەیەوە ئەو فەرموودەیەیە کە (بخاری) لە (ابو سەعیدی خدری)یەوە ﵁ گێڕاویتییەوەو کە پێغەمبەر ﷺ تیایدا فەرموویە:

((تَكُونُ الأَرْضُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ خُبْزَةً وَاحِدَةً، يَتَكَفَّؤُهَا الْجَبَّارُ بِيَدِهِ، كَمَا يَكْفَأُ أَحَدُكُمْ خُبْزَتَهُ فِي السَّفَرِ، نُزُلاً لِأَهْلِ الْجَنَّةِ.. فَأَتَى رَجُلٌ مِنَ الْيَهُودِ فَقَالَ: بَارَكَ الا للهُ عَلَيْكَ يَا أَبَا الْقَاسِمِ، أَلا أُخْبِرُكَ بِنُزُلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قَالَ: بَلَى، قَالَ: تَكُونُ الأَرْضُ خُبْزَةً وَاحِدَةً-كَمَا قَالَ النَّبِيُّ ﷺ-، فَنَظَرَ النَّبِيُّ ﷺ إِلَيْنَا ثُمَّ ضَحِكَ حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ))[١]. واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا زەوی وەك گونکە هەویرێکی لێدێت کە خودای بەدەستەڵات لە چنگیدا هەڵی دەگرێت وەك چۆن یەکێك لە ئێوە گونگە هەویرەکەی لەسەفەردا دەخاتە چنگییەوە، ئەوەش خودا بۆ خەڵکی بەهەشتی داناوە..

١) رواه البخاري في كتاب الرقاق رقم ٨١، باب: يقبض الله الأرض، رقم ٤٤، حديث رقم ٦٥٢٠.

لەوکاتەدا پیاوێك لە جوولەکەکان هاتو گوتی: ئەی (ئەبالقاسم)، بەرەکەتی خودات لەسەر، ئایا هەواڵی ئەوەت پێ بدەم کە چ نشینگەیەك بۆ خەڵکی بەهەشت لە رۆژی قیامەتدا ئامادەکراوە؟ فەرمووی: بەڵێ، گوتی: زەوی لەو رۆژەدا وەك گونگە هەویرێکی لێدێت ــ وەك پێغەمبەری خواش ﷺ وای فەرمووبوو. کاتێك پێغەمبەر ﷺ ئەو وتەیەی لە کابرای جوولەکە بیست، تەماشایەکی ئێمەی کردو پێکەنیو زەردەخەنەیەکی درێژ گرتی هەتا خرێکانی نێو دەمی دەرکەوتن.

(ب) ئەو دەقانەی پێچەوانەی دەقەکانی شەریعەتی ئێمەن:

نمونەی ئەمەش دەقی ئەو بەسەرهاتەیە کە جوولەکەکان لە بەشێکی تەورات بەناوی (سفر الخروج)دا داویانەتە پاڵ (هارون)ی پێغەمبەر-سڵاوی خوای لێبێت-و کە گوایە (هارون) خۆی گوێرەکەکەی بۆ (بنو اسرائیل) دروست کردووەو داوای لێکردوون ئەو گوێرەکەیە بپەرستن.

هەروەها وەك ئەو دەقە پووچەڵەشیان کە لە (سفر التکوین/کتێبی پێکهاتن)دا خستوویانەتە پاڵ (خودا) کە گوایە لە ماوەی شەش رۆژدا ئاسمانەکانو زەوی دروست کردووە، ئیدی ماندوو بووەو لە رۆژی حەوتەمدا پشووی داوە کە (رۆژی شەممە) بووە.

(ج) بەشی سێیەم: ئەو دەقانەیە کە ئاینی ئێمە لە ئاستیاندا بێدەنگ بووەو هیچ نموونەیەکی لەسەر پشتگیریکردنیان یان بەدرۆخستنەوەیان تێدا نییە، وەك چەند بەسەرهاتێکی گێڕراوەی (بەنی ئیسرائیل) دەربارەی شیکاری چیرۆکی مانگاکەی (بەنی اسرائیل) لەو کاتەوەی پیاوەکە مامی خۆی دەکوژێتو، پاشان کەسانی تر داوای خوێنەکەی لێدەکەنو، سەربڕینی مانگاکەو زیندووکردنەوەی کوژراوەکە پێیو، پێناساندنی بکوژەکەی.

٣- پێودانگی سێیەم/ له ڕووی جۆرو چەشنی بابەتەکەیەوە، ئەم پێودانگەش بۆ سێ بەش دابەش دەبێت:

(أ) بەشی یەکەم پەیوەستە بە مەسەلەکانی بیروباوەڕەوە:-

نموونەی ئەمەش ئەو فەرموودەیەیە کە (بخاری) لە (عبدالله کوڕی مسعود)ەوە ﷺ گێڕاوێتییەوە کە: زانایەك لە زانایانی جوولەکە هات بۆ لای پێغەمبەری خوداﷺو پێی گوت: (ئەی محمد، ئێمە دەبینین خودا ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەك‌و، خاك‌و زەوییەکانیش دەخاتە سەر پەنجەیەك‌و دارو درەخت‌و ڕووەکەکانیش لەسەر پەنجەیەك‌و ئاوو خۆڵیش لەسەر پەنجەیەك‌و، سەرجەم دروستکراوانی تریش لەسەر پەنجەیەك‌و ئینجا دەفەرموێت (من خاوەنم -أنا الملك).. پێغەمبەریش ﷺ پێکەنی هەتا خرێی دانەکانی دەرکەوت، ئەمەش وەك بەراست دانانی وتەی زانا جوولەکەکە.

بەڵام دوایی ئەو فەرمایشتەی خودای خوێندەوە کە فەرموویە: ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِۦ وَٱلْأَرْضُ جَمِيعًا قَبْضَتُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ وَٱلسَّمَـٰوَٰتُ مَطْوِيَّـٰتُۢ بِيَمِينِهِۦ ۚ سُبْحَـٰنَهُۥ وَتَعَـٰلَىٰ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾(الزمر- ٦٧).. واتە: (ئەوان بە تەواوی خودایان بە گەورە نەگرتووەو بە ناسینی تەواو نەیانناسیوە. زەویش لە ڕۆژی قیامەتدا لەژێر دەستیدایەو ئاسمانەکانیش بەکۆمەڵ ملکەچ‌و بەندەی ژێر دەسەڵاتیی خودان، پاك‌و بەرزو بێگەردە خودا لەو شتانەی کە دەیکەنە هاوەڵی)[1] .

(ب) بەشی دووەم پەیوەستە بە مەسەلەی حوکم‌و فەرمانەکانەوە:

نموونەش ئەو فەرموودەیە کە (بخاری) لە (عبدالله کوڕی عەمر)ەوە ﷺ

---

١) الحديث رواه البخاري في كتاب التفسير:٦٥، باب قوله تعالى ﴿وما قدروا الله حق قدره﴾ رقم ٢، حديث رقم: ٤٨١١.

گێڕاوێتییەوە کەوا جوولەکەکان پیاوێك‌و ژنێکی خۆیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر ﷺ کە زینایان کردبوو تاکو حوکمێکیان بەسەردا بدات، ئەویش فەرمووی: (گەر کەسێك لە ئێوە زینا بکات چیی لێ دەکەن)؟ گوتیان: (رووی هەردوو کەسە زیناکەرەکە رەش دەکەین‌و لێیان دەدەین).. پێغەمبەر ﷺ لێی پرسین: (ئایا لە تەوراتدا حوکمی بەردباران کردنیان-رجم- بەدی ناکەن)؟ لە وەڵامدا گوتیان: (هیچ حوکمێکی لەو جۆرە لە تەوراتدا بەدی ناکەین)، لەوێدا (عبدالله کوڕی سلام) گوتی: (ئێوە درۆ دەکەن، دە بچن تەورات بێنن‌و بیخوێننەوە گەر ئێوە راست دەڵێن).

خوێنەرەوەی تەورات دەستی خستە سەر ئایەتی (بەردباران کردن) لە تەوراتداو دەستی کرد بە خوێندنەوەی ئایەتی سەروو خواروی دەستی، بەڵام ئایەتەکەی (بەردباران کردن)ی نەخوێندەوە. دەستی لەسەر ئایەتی (بەردباران کردن) لاداو لێی پرسی: (ئەمە چیبوو)؟ کاتێك هەموویان بینییان گوتیان: (ئەوە ئایەتی تایبەت بە بەردباران کردنە).

ئینجا فەرمانی جێبەجێکردنی بەسەریانا داو پیاوو ژنە زیناکەرەکە لە جییەکی نزیك جێی مردوو لەلای مزگەوت بەردباران کران.

(ابن عمر) دەڵێت: (لەکاتی بەردباران کردنیان دیتم پیاوەکە خۆی بەسەر ژنەکەدا شۆڕ دەکردەوەو دەیویست لە بەردەکان بیپارێزێت)[1].

(ج) بەشی سێیەم/ پەیوەستە بە ئامۆژگارییەکان‌و، بەندەو کۆیلەکان‌و، چیرۆکەکان‌و، مێژووەوە: نمونەی ئەمەش (ئەو داستانە ئیسرائیلیاتانەیە کە سەبارەت بە درێژەی چیرۆکی دروست کردنی کەشتی کەشتی (نوح)-سڵاوی خوای لێبێت-و تەختەی کەشتییەکەو درێژی‌و پانی‌و رووداوەکانیەتی))[2].

---

١) رواه البخاري: في كتاب التفسير، رقم٦٥. باب قوله تعالى: (قل فأتوا بالتوراة فأتلوها) رقم٦، حديث رقم٤٥٥٦.

٢) الإسرائيليات في التفسير والحديث، للدكتور محمد حسين الذهبي: ٤٧-٥٤ بتصرف واختصار.

جا کاتێك لە بەشەکانی ئەفسانەکانی (ئیسرائیلیات) بە هەرسێ پێودانگەکانییانەوە دەکۆڵینەوە، ئەم چەند خاڵەمان لەلا گەڵاڵە دەبێت:

١- ئێمە پێ لەسەر ڕاستیی هیچ کامێکیان داناگرین تەنها مەگەر لە قورئان‌و سوننەتدا دەقی هاوواتایان هەبێت. بۆیەش پێی لەسەر دادەگرین چونکە مانای هاوشێوەی لەلای ئێمە هاتووە، نەك لەبەر ئەوەی لە خانەی (ئیسرائیلیات) بێت.

٢- بێگومان ئەم ڕاست(صحیح)ەی کە لە سەرچاوە ڕاستەقینەکانمانا هەیەو کە لێك گونجاوی شەریعەتی ئێمەیە، لەخانەی (ئیسرائیلیات)دا نامێنن، بەڵکو مۆرکی شەرعی ئێمەو سیفەتی حوکمەکانمان وەردەگرێت‌و، دەبێتە بەشێك لە دین‌و کلتووری ئیسلامیمان.

٣- ئەو دەقانەی نارێکن لای ئێمەو پێچەوانەی شەریعەتەکەمانن، ریوایەت‌و گێڕانەوەیان شیاو نییە تەنها لە دەرووی ئاگادارکردنەوەو هۆشیارکردنەوەی خەڵکییەوەو بۆ دەرخستنی درۆو دەلەسەو چاوبەستییەکانیان نەبێت. جێی باسیشە هەندێك لە موسڵمانە پێشینەکان ئەو دەقانەیان لە بواری پەسندکردن‌و پێ‌قایل بوونەوە خستۆتە ڕوو.

٤- دەقی تری (ئیسرائیلیات) لە پلەی (موضوع) و (ضعیف)دا لە دەروی زانستدا دانانرێت، چونکە ناوەڕۆکەکانیان ڕاست‌و واقیعی نیین. خۆ ئەگەر وەك چیرۆکی پێشینەکان باس بکرێن‌و ئایەتەکانی قورئانیشیان پێ تەفسیر بکرێت ئەوە مانای وایە قورئان بە شتی ناڕاست‌و هەڵبەستراو و(موضوع) ڕاڤە کراوە، هیچ کەسێکیش بڕیاری دروستی‌و شیاویی ئەو جۆرە ڕاڤەکردنەی نەداوە.

٥- ئەو دەقانەش کە لەلای ئێمە بێ‌دەنگیی لێکراوەو کە بەرهەڵستیی شەرعەکەمان ناکات‌و بە مەسەلەکانی عەقیدەو حوکم‌و فەرمانەکانیشەوە پەیوەست نییە، ڕێی گێڕانەوەیان لەلایەن هەندێك زانای ڕێپێدەرەوە (بۆ

نمونـــه هێنانـــەوەو وەبیرخـــستنەوە) دراوە، ئێمـــەش تـــەنها لـــەبواری ئاگادارکردنەوەدا شیاویی دیاری کردنو گێڕانەوەیان بەدی دەکەین، لەمەشدا پـــەیڕەوی زانایـــانی لێکۆڵێـــارو توێـــژەوەرەوە دەکـــەین چـــونکە خـــودی ئـــەو دەقانەش پێچەوانەی مەنهەجی قورئانی پـیرۆزن لـەو توێژینـەوەو زانـستو زانیاریانەدا کە ئاماژەمان بۆ کردن.

*　　　*　　　*

بەڵگەکانی قەدەغەبوونی گێڕانەوەی دەقە ئیسـرائیلییەکان:

١- چونکە جوولەکەکان فەرمایشتی خودایان لەجێی خۆی له تەوراتدا گۆڕیوە یـان بە هەڵە لێکیـان داوەتـەوە، بـەم ڕەنگـەش وا ناسـراون کـە بەرامبـەر مێـژوو دەسپاكو سەرڕاست نـین، وەك خـودا لـە بارەیانـەوە فەرمووویـە: ﴿...وَمِنَ ٱلَّذِينَ هَادُواْ ۛ سَمَّٰعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّٰعُونَ لِقَوْمٍ ءَاخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ ۖ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ مِنۢ بَعْدِ مَوَاضِعِهِۦ ۖ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَٰذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَٱحْذَرُواْ ۚ ...﴾(المائدة- ٤١).

واتە: (لەنێو جوولەکەکاندا گەلێك کەس هەن کـە هەمیـشە گـوێدەگرن لـەو درۆو دەلەسانەی کە پێشەوا ئایینییەکانیان هەڵی دەبەستنو بڕوایـان پێدەکـەنو بەم ڕەنگەش لە جیاتی ئـەوەی گـوێ لـەتۆ بگـرن ئـەی پێغەمبـەر، گـوێ لـە کەسانێکی دی دەگرن لە دەرەوەی کۆڕو کۆمەڵی تۆ، ئەوان کـە(جوولەکـەکانی خەیبەر بوون) فەرمایشتی خودا بە هەڵە لێـك دەدەنـەوەو ئـەحکامی تـەورات دەشێوێننو دەیـشارنەوە (بەتایبـەتی حـوکمی تـاوانی زینـا)و جێبـەجێکردنی لەسەر ئەو پیاوو ژنە زیناکەرەیان کە لە خانـەدانو دەسڕۆیـشتووەکانی خەیبـەر

بوونو کە حوکمی خودایان بەسەردا جێبەجێ نەدەکردنو دەشیانگوت: (ئەگەر محمد ﷺ حوکمێکی سوکتری وەك شەللاق لێدان(جلد)ی بۆ بڕیاردان ئەوا پەسندی بکەن، بەڵام ئەگەر فەتوای تری حوکمی بەردبارانی بۆ دەرکردن وریابن لەوەی پەسندی بکەن).)

هەر لەم بارەیەوە خودا فەرموویە: ﴿فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ لَعَنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَنَسُوا حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُوا بِهِ وَلَا تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىٰ خَائِنَةٍ مِّنْهُمْ...﴾(المائدة- ١٣). واتە (جولەکەکان بەهۆی شکاندنی ئەو پەیمانەی لێیانمان وەرگرتبوو نەفرەتمان لێکردبوونو کەوتنە بەر ڕقو نەفرەتی ئێمەو، ئێمەش دڵیانمان ڕەقو توندو وشك کردەوە کە هیچ پەندو ڕێنماییەکی بەسوود کارایی لەسەریان نەبێتو شایانی ڕێی ڕاست نەبن، چونکە ئەوان فەرمایشتی خودایان لە تەوراتدا گۆڕیوەو بەشێکی زۆری ئەو دەقە بەیادخەرەوانەی نێو تەوراتیان لەبیر خۆیان بردۆتەوە وەك ئەو دەقانەی داوای پەیڕەویکردنی ئاینی-محمد-یان لێ دەکەن، هەروەها جوولەکەکان بەردەوام بێپەیمانو بێوەفانو پەیمان دەشکێنن).

٢- چونکە جوولەکەکان لە هەر وتەو سەرگوزشتەیەکیاندا شتی ناڕاستو هەڵبەستراو دەهێننەوە، وەك خوداش فەرمویە: ﴿وَبِكُفْرِهِمْ وَقَوْلِهِمْ عَلَىٰ مَرْيَمَ بُهْتَانًا عَظِيمًا ﴿١٥٦﴾﴾ النساء. واتە: (جوولەکەکان بەهۆی ئەوەی کە باوەڕیان بە-عیسا-ش نەهێناو، بەهۆی ئەو بوختانە گەورەیەش کە خستیانە پاڵ مەریەم-ی دایکی عیساو بەهۆی ئەو سەرگوزشتە پڕ لە درۆو ناڕاستانەیانەوە کەوتنە بەر سزاو نەفرینی خودا).

٣- جوولەکەکان حەزدەکەن موسڵمانان لە ئاینەکەیان لابدەن، ئەمەش لەرێی دەقە

ناڕاسته‌ ئیسرائیلییه‌كانیانه‌وه‌ به‌دی دێنن، خودا له‌م باره‌یه‌وه‌ فه‌رموویه‌: ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِّنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ لَوْ يَرُدُّونَكُم مِّنۢ بَعْدِ إِيمَٰنِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِّنْ عِندِ أَنفُسِهِم مِّنۢ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلْحَقُّ ۖ فَٱعْفُوا۟ وَٱصْفَحُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١٠٩﴾ البقرة﴾. واته‌: (زۆر كه‌س له‌ شوێنكه‌وتوانی كتێبه‌كانی پێشوو به‌تایبه‌تی له‌ پێشه‌وا ئایینییه‌كانی جووله‌كه‌ حه‌زو ئاواتیان ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئێوه‌ی موسڵمان دوای باوه‌ڕهێنانتان له‌ دین هه‌ڵگێڕنه‌وه‌و بتانكه‌ن به‌ كافران، ئه‌مه‌ش به‌هۆی ئه‌و ده‌روونه‌ پڕ له‌ حه‌سوودیو رقو دژایه‌تییه‌یانو له‌دوای ئه‌وه‌ی ئایینی هه‌قی ئیسلامیان بۆ روون بۆته‌وه‌).

٤- جووله‌كه‌كان هه‌ق ده‌شارنه‌وه‌ له‌كاتێكدا ده‌زانن هه‌قه‌و، ده‌یشیگۆڕن بۆ ناهه‌قو ده‌شزانن كه‌ ئه‌وه‌ ناهه‌قه‌. ئه‌فسانه‌و به‌سه‌رهاته‌ ئیسرائیلیاته‌كانیشیان دیارده‌یه‌كه‌ له‌ دیارده‌ هه‌مه‌جۆره‌كانی ئه‌و (هه‌ق حه‌شاردان)و (ساخته‌كاری)یانه‌. له‌م رووه‌وه‌ خودای مه‌زن فه‌رموویه‌: ﴿أَفَتَطْمَعُونَ أَن يُؤْمِنُوا۟ لَكُمْ وَقَدْ كَانَ فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَسْمَعُونَ كَلَٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُحَرِّفُونَهُۥ مِنۢ بَعْدِ مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾ البقرة﴾. واته‌: (ئایا ئێوه‌-ئه‌ی كۆمه‌ڵی باوه‌ڕداران- به‌ته‌مانو هیوای ئه‌وه‌ ده‌خوازن كه‌ جووله‌كه‌كان باوه‌ڕ به‌ ئاینه‌كه‌ی ئێوه‌ بێنن له‌كاتێكدا تاقمێك له‌ شاره‌زاكانیان فه‌رمایشتی خودایان له‌ ته‌وراتدا ده‌بیستو دواتر ده‌سكارییان ده‌كرد دوای ئه‌وه‌ی لێی تێگه‌یشتبوونو ده‌یانزانی بنجو بناوانی راستییه‌كه‌ی چییه‌؟!)

٥- زانستی جووله‌كه‌كان ته‌نها چه‌ند هیواو ئاواتو بۆچوونو وه‌همێكه‌، هه‌روه‌ك خودا له‌باره‌یانه‌وه‌ فه‌رموویه‌: ﴿وَمِنْهُمْ أُمِّيُّونَ لَا يَعْلَمُونَ ٱلْكِتَٰبَ إِلَّآ أَمَانِىَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَظُنُّونَ ﴿٧٨﴾ البقرة. واته‌: له‌نێو ئه‌واندا هه‌ندێك كه‌س نه‌شاره‌زاو نه‌خوێنده‌وارنو، وا ده‌زانن كتێبی ته‌ورات جگه‌ له‌ چه‌ند هیواو

ئاواتێك هیچی دی نییە، ئەوانە هەر گومانیان کردۆتە پیشەو نەریتی خۆیان).

٦- جوولەکەکان بە ئانقەست هەق پشت گوێ دەخەنو، بەنیازو مەبەستی ناهەمواریشیانەوە دوای ناهەق دەکەون. ئەم خراپەو بەدکارییەشیان لە دەقە شێواوە ئیسرائیلیاتەکانیاندا رەنگ دەداتەوە، هەروەك خودا خۆی فەرموویە:

﴿وَلَمَّا جَآءَهُمْ رَسُولٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ نَبَذَ فَرِيقٌ مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ كِتَـٰبَ ٱللَّهِ وَرَآءَ ظُهُورِهِمْ كَأَنَّهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٠١﴾ وَٱتَّبَعُوا۟ مَا تَتْلُوا۟ ٱلشَّيَـٰطِينُ عَلَىٰ مُلْكِ سُلَيْمَـٰنَ ... ﴿١٠٢﴾ البقرة﴾. واتە: (جوولەکەکان کاتێك پێغەمبەرێکیان لەخوداوە بۆ رەوانەکراو هاتە لایان-کە مەبەست پێغەمبەری ئیسلام محمدە ﷺ و، کە سەرەڕای ئەوەی کتێبەکەی لای خۆیان-تەورات-یش پشتگیریی ئەو راستییە دەکات کەچی تاقمێك لەو خاوەن کتێبانەی جوولەکەکان کتێبی خودایان خستە پشت گوێو خۆیان لێ گێل کرد وەك ئەوەی گوایە بەسەرهاتی وایان نەزانیوەو نەیانبیستووە. هەروەها هەندێك لە جوولەکەکان دوای ئەوە کەوتن کە شەیتانەکان دەربارەی پادشاییو دەسەڵاتی سولەیمان دەیانخوێندەوە)....

٧- جوولەکەکان گەلێکی نەفامو تێنەگەیشتوونو واش هەڵسوکەوت دەکەن کە گوایە دەزاننو تێگەیشتوون، خۆ ئەگەر زانستیان هەبوایە ئەو هەموو ئەفسانەو درۆو دەلەسەیەیان بڵاو نەدەکردەوە. لەم بارەیەشەوە خودا فەرموویە:

﴿...وَلَقَدْ عَلِمُوا۟ لَمَنِ ٱشْتَرَىٰهُ مَا لَهُۥ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنْ خَلَـٰقٍ ۚ وَلَبِئْسَ مَا شَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ ۚ لَوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٢﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ وَٱتَّقَوْا۟ لَمَثُوبَةٌ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ خَيْرٌ ۖ لَّوْ كَانُوا۟ يَعْلَمُونَ ﴿١٠٣﴾ البقرة﴾. واتە: (بێگومان جوولەکەکان دەزانن ئەوەی کاڵای وا بکڕێتو شتی جادووگەرانەی وایان فێر ببێت ئەوا لە رۆژی دواییدا هیچ پشکی پاداشتێکی نییەو، ئەو

شته‌ی ئه‌وان خۆیان پێ‌ی فرۆشتووه‌و كه‌وتوونه‌ته‌ داوییه‌وه‌ شتێكی زۆر بێ‌نرخ‌و خراپه‌ ئه‌گه‌ر بزانن‌و تێبگه‌ن. خۆ ئه‌گه‌ر ئه‌و جووله‌كانه‌ ئیمان‌و باوه‌ڕیان بهێنایه‌و پارێزكارو به‌ ته‌قوابوونایه‌، ئه‌وا له‌لایه‌ن خوداشه‌وه‌ پاداشتێكی چاكتریان له‌وه‌ ده‌بوو ئه‌گه‌ر بزانن‌و بیروهۆشیان به‌كار بێنن).

٨- بێگومان چیرۆكه‌كانی پێشینان به‌شێكی هه‌واڵ‌و زانستی نادیار (غیب)ی رابردووه‌، غه‌یبی رابردووش ته‌نها به‌خودای تاك‌و ته‌نیاوه‌ په‌یوه‌سته‌و هه‌ر خودا خۆی ده‌یزانێت. جووله‌كه‌كانیش ئاگادارو بینه‌ری رووداوه‌كانی گه‌ل‌و نه‌ته‌وه‌كانی پێش خۆیان نه‌بوون، وه‌ك خودا ده‌فه‌رموێت: ﴿...وَمَا كُنتَ لَدَيۡهِمۡ إِذۡ أَجۡمَعُوٓاْ أَمۡرَهُمۡ وَهُمۡ يَمۡكُرُونَ﴾(یوسف- ١٠٢)، واته‌: (ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر، ئه‌و به‌سه‌رهات‌و چیرۆكانه‌ له‌ هه‌واڵ‌و ده‌نگ‌و باسه‌ نه‌زانراوه‌كانه‌و تۆش له‌لای كه‌سانی نێو چیرۆكه‌كان نه‌بوویت، كاتێك بڕیاریان داوه‌و پیلانیان داڕشتووه‌).

٩- قورئانی پیرۆز موسڵمانانی فێری ئه‌وه‌ كردووه‌، كه‌ چۆن مشت‌و مڕ له‌گه‌ڵ جووله‌كه‌كان بكه‌ن‌و چۆن درۆو ده‌له‌سه‌و به‌ندو باوو ئه‌فسانه‌ی ئیسرائیلیاتیان پووچه‌ڵ‌و ره‌ت بكه‌نه‌وه‌، ئه‌ویش به‌و جۆره‌ی به‌ ده‌قی قورئان پێیان بڵێن: ﴿أَأَنْتُمْ أَعْلَمُ أَمْ اللهُ﴾؟ ئێوه‌ زاناترن یان خودا؟، هه‌روه‌ك خوداش فه‌رموویه‌: ﴿قُلۡ أَتُحَآجُّونَنَا فِي ٱللَّهِ وَهُوَ رَبُّنَا وَرَبُّكُمۡ وَلَنَآ أَعۡمَٰلُنَا وَلَكُمۡ أَعۡمَٰلُكُمۡ وَنَحۡنُ لَهُۥ مُخۡلِصُونَ ﴿١٣٩﴾ أَمۡ تَقُولُونَ إِنَّ إِبۡرَٰهِـۧمَ وَإِسۡمَٰعِيلَ وَإِسۡحَٰقَ وَيَعۡقُوبَ وَٱلۡأَسۡبَاطَ كَانُواْ هُودًا أَوۡ نَصَٰرَىٰۗ قُلۡ ءَأَنتُمۡ أَعۡلَمُ أَمِ ٱللَّهُۗ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعۡمَلُونَ ﴿١٤٠﴾ البقرة﴾. واته‌: (ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر، به‌و جووله‌كانه‌ بڵێ: (ئایا ره‌وایه‌ ئێوه‌ مشت‌و مڕو پڕته‌و بۆڵه‌مان له‌ ئایینی خوادا له‌گه‌ڵدا بكه‌ن!! خۆ خۆتان چاك ده‌زانن كه‌ ئه‌و خودایه‌ په‌روه‌ردگاری ئێمه‌و ئێوه‌شه‌و، ئێمه‌ كاروباری خۆمان هه‌یه‌و، ئێوه‌ش كاروباری

خۆتان هەیە وهەر بۆ خۆتانە، ئێمـە دڵـسۆزو ملکەچـی ئـەو پـەروەردگارەین، یاخود ئێوە دەڵـێن کـە گوایـە ئیـبراهیمو ئیـسماعیلو ئیـسحاقو یـەعقوبو نەوەکانی جوولەکە یان گاور بوون" تۆش ئەی پێغەمبـەر ﷺ پێیـان بڵـێ: ئایـا ئێوە چاکتر دەزانن یان خودا، جا کێ لـەو کەسـە ستەمکارترە کـە راسـتییەك دەزانێـتو دەیـشارێتەوەو شـایەتییەك دەزانێـتو نایڵێـت؟ بێگومـان خـوداش بێئاگا نییە لەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن؟!)

١٠- وجودی چەند ئەڵقەیەکی (ون بوو) لە مێژووی پێشینەکاندا: خودا لەم ڕووەوە زانستی بە کەس نەداوەو تەنها خـۆی بـە زاتـی پـاکی لێیـان ئاگـادارە، بـەڵام سەرگوزشـتە دەسهەڵبەسـتە ئیـسرائیلییەکان کاتێـك پڕوپاگەنـدەی زانـینو لێئاگاداربوونیان دەکەن ئەوا بە ئاشکرا سەرپێچی لە قورئان دەکـەن کـە تـەنها ئەم فەرمایشتەی خودا لـەم ئایەتـەدا بـەدرۆیان دەخاتـەوە، وەك دەفـەرموێت: ﴿أَلَمْ يَأْتِكُمْ نَبَؤُا۟ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ ۛ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۛ لَا يَعْلَمُهُمْ إِلَّا ٱللَّهُ ۚ ... ﴿٩﴾ إبـراهيم﴾. واتـــە: ئایـــا هــــەواڵو بەسەرهاتی گەلانی پێش خۆتان پێ نەگەیشتووە وەك گەلەکانی (نوح)و (عاد)و (سەموود)و ئەوانەی لەدوای ئەو گەلانە هاتوونو کە تەنها خودا دەزانێت چـەند بوونو چییان بەسەر هاتووە؟!

١١- قورئان بە ئاشـکراو بەڕاشـکاوی ئـەوەی قەدەغـە نـەکردووە کـە دەربـارەی بەسەرهاتی پێشینەکانو چیرۆکی گەلانی پێشوو پرسیار لە (ئەهلی کتاب) واتە لە جوولەکەو دیانەکان بکرێت.. ئەم قەدەغەکردنەش بەروونی لەم فەرمایشتەی خوادا هاتووە: ﴿...وَلَا تَسْتَفْتِ فِيهِم مِّنْهُمْ أَحَدًا﴾ ﴿الکهـف-٢٢﴾. واتـە: هەرگیز لەبارەی پێشینەکانەوە پرسیار لە کەسیان مەکە.

١٢- قورئان بە ڕاشکاوی ئەوەشی لە موسڵمانان قەدەغە کردووە کە بەبێ زانستو

زانیاری هیچ وتەیەك لەبارەی چیرۆکی پێشینەکان نەڵێن، دیارە ئەفسانەو بەسەرهاتە ئیسرائیلییەکانیش هەموویان وتەو ریوایەتی بێزانیارین‌و خاوەنەکانیشیان بەبێ زانست‌و زانیارییەك ڕێچکەی خۆیان لەو لایەنەوە گرتۆتەبەر، وەك خوداش فەرموویە: ﴿وَلَا تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِۦ عِلْمٌ ۚ إِنَّ ٱلسَّمْعَ وَٱلْبَصَرَ وَٱلْفُؤَادَ كُلُّ أُو۟لَـٰٓئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْـُٔولًا ... ﴿٣٦﴾ الإسراء﴾. واتە: (بەبێ زانست‌و زانیاری دوای هیچ وتەو بەسەرهات‌و ڕێچکەیەك مەکەوەو تەنها بە دیدو بۆچوون حوکم مەدەو دانی پیّدا مەنێ، چونکە بەراستی گوێ‌و چاوو دڵ هەموویان بەرپرسیارن لێی).

١٣- قورئان ئەوەی لەسەر پێویست کردووین کە لەکاتی بیستنی هەواڵ‌و بەسەرهات لە کەسانی بەدکاردا داوای ڕوون کردنەوە بکەین‌و بچینە نێو بنج‌و بناوانی هەواڵەکانەوە، نابێت هەواڵ‌و ریوایەتی بەدکاران‌و کافران پەسند بکەین، بەڵکو دەبێت بیخەینە سەر تەرازووی ڕەخنەی ڕاستەقینەو ئەگەر شتێکی ساغی تێدابوو ڕاستی‌و دروستییەکەیمان بۆ یەکلا بووەوە وەری بگرین‌و ئەوانی تری لێ پشت گوێ بخەین.. هەر بەم ڕەنگەش دەبێت بەرامبەر ڕیوایاتی جوولەکەو ئیسرائیلیات بووەستین. وەك خودا فەرموویە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِن جَآءَكُمْ فَاسِقٌۢ بِنَبَإٍ فَتَبَيَّنُوٓا۟ أَن تُصِيبُوا۟ قَوْمًۢا بِجَهَـٰلَةٍ فَتُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَا فَعَلْتُمْ نَـٰدِمِينَ ﴿٦﴾ الحجرات﴾. واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، ئەگەر کەسێکی نەناسراو کە لە ڕاستگۆیی‌و دادپەروەریی دڵنیانەبون، هەواڵێکی بۆ هێنان، ئەوا خێرا لە ڕاستی‌و دروستیی هەواڵەکە بکۆڵنەوە تاکو ڕاستییەکەی لە ناڕاستییەکەی دەرکەوێت بۆتان).

١٤- هەروەها پێغەمبەریش ﷺ بە ئاشکراو بە راشکاوی ڕێی گرتووە لە وەرگرتنی هەر شتێك لە جوولەکەکان، وەك لە (بخاری)یەوەو ئەویش لە (أبو

هریرە)ەوە گێڕاویەتیەوە کە (ابوهریرە)ﷺ گوتویەتی: (ئەهلی کیتاب تەوراتیان بە زمانی عیبری دەخوێندەوەو، بەزمانی عەرەبیش تەفسیریان دەکرد بۆ ئەهلی ئیسلام، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: **((لا تصدقوا أهل الكتاب ولا تكذبوهم، وقولوا آمنّا بالله وما أنزل الينا))**[1]، واتە: (بڕوا بە ئەهلی کیتاب مەکەن‌و، بەدرۆشیان مەخەنەوە، بەڵکو بڵێن باوەڕمان بە خودا هێناوەو بەوەش، کە بۆی ناردوینەتە خوارەوە).

١٥- نکووڵی کردنی پێغەمبەری خودا ﷺ لە (عومەری کوڕی خەتتاب) ﷺ کاتێك دیتی کە (عومەر) لاپەڕەیەکی لە کتێبی (ئەهلی کیتاب)ی پێیەو دەیخوێنێتەوە، ئەوەبوو وەك ئیمامی (ئەحمەد) لە (جابر کوڕی عبداللە)وە ﷺ گێڕاویەتییەوە، کە (عومەری کوڕی خەتتاب) ﷺ هاتە لای پێغەمبەر ﷺو نووسراوێکی پێبوو، کە لە هەندێك کەسی شوێنکەوتوانی کتێبەکانی (اهل الكتاب)ەوە وەریگرتبوو بۆ پێغەمبەریش دەیخوێندەوە، پێغەمبەری خواش ﷺ لێی توڕەبووو پاشان فەرمووی: **((أَمُتَهَوِّكُونَ فِيهَا يَا ابْنَ الْخَطَّابِ! وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ جِئْتُكُمْ بِهَا بَيْضَاءَ نَقِيَّةً، لا تَسْأَلُوهُمْ عَنْ شَيْءٍ، فَيُخْبِرُوكُمْ بِحَقٍّ فَتُكَذِّبُوا بِهِ، أَوْ بِبَاطِلٍ فَتُصَدِّقُوا بِهِ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ مُوسَى كَانَ حَيًّا مَا وَسِعَهُ إِلاَّ أَنْ يَتَّبِعَنِي))**[2]، واتە: ئەرێ ئەی کوڕی خەتتاب، ئێوە گومان‌و دوودڵیتان لەسەر ئەم قورئانە هەیە، دەسا بەخودا بە سپێتی‌و بێگەردی و بێ هیچ گرێ‌و گۆڵێك بۆم هێناون، جا ئێوەی موسڵمانیش پرسیار لە ئەهلی کیتاب لەسەر هیچ شتێك مەکەن، چونکە لەوانەیە وەڵامی ڕاستیشتان بدەنەوە، بەلام ئێوە -بەهەڵە- لەوانەیە بەدرۆیان بخەنەوە، یان لەوانەیە وەڵامی ناڕاستتان

١) رواه البخاري في كتاب التفسير، رقم٦٥، باب: (قولوا آمنا بالله وما أنزل الينا)، رقم١١، حديث رقم٤٤٨٥.

٢) فتح الباري بشرح البخاري، لأبن حجر ١٣: ٣٣٤.

بدەنەوەو ئێوەش بڕوایان پێبکەن.. دەسا بەو خودایەی کە گیانی منی بەدەستە ئەگەر ئێستا موسا زیندووبوایە هیچ ڕێیەکی لەبەردەمدا نەبو تەنها ئەوە نەبێت کە ئەویش پەیڕەویی ئەم ئاینەی من بکات.

١٦- هەروەها هاوەڵانیش نکوڵییان کردووە لە هەرکەسێك بچێت بۆلای جوولەکەکانو بابەتە ئیسرائیلییەکانیان وەربگرێت.. نموونەش لەم ڕووەوە ئەوەی (بخاری) گێڕاویتییەوە لە (عبداللە کوڕی عبداللە کوڕی عتبە کوڕی مسعود)ەوەو ئەویش لە (ابن عباس)ەوە ﷺ کە گوتوویەتی: ((ئەی کۆمەڵی موسڵمانان، ئێوە چۆن دەبێت پرسیار لە ئەهلی کیتاب بکەن؟ چونکە کتێبەکەی خۆتان کە خودا نادردوێتی بۆ پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ تازەترین هەواڵو زانیاریی لەبارەی خوداوە تێدایەو ئێوەش کاتێك دەیخوێننەوە هیچ شتێکی درۆو ناڕاستو لاری تێکەڵ نەبووە. هەر لەو قورئانەشدا خودا پێی ڕاگەیاندوون کە ئەهلی کیتاب کتێبی خودایان گۆڕیوەو دەسکارییان کردووەو بەدەستی خۆیان ئاڵو گۆڕیان بەسەردا هێناوەو گوتوشیانە: ئەمە لە خواوە بۆمان هاتووە.. تاکو بەم کارە خراپەیان دەسکەوتێکی کەمی دنیایان چنگ کەوێت، جا ئایا ئەی کۆمەڵی موسڵمانان، ئەم قورئانە ڕێی ئەوەتان لێناگرێت کە بەو زانستەی بۆتان هاتووە پرسیاری هیچ شتێکیان لێنەکەن؟ دەسا بەخوا نەماندیوە پیاوێکی ئەوان جارێك پرسیارتان دەربارەی ئەوەی بۆتان هاتۆتە خوارەوە لێبکات))[١].

١٧- هەر لەم ڕووەوە لەسەر نکووڵیی هاوەڵانیش لە پرسیارکردن لە (ئەهلی کیتاب) ئەو وتەیەی (عبداللە کوڕی مەسعود) ﷺ نموونەیەکی ترە، کە تیایدا گوتوویە: (پرسیار لە ئەهلی کیتاب مەکەن، چونکە ئەوان ڕێی ڕاستتان پیشان

١) بڕوانە کتێبی البخاري: كتاب الأعتصام بالكتاب والسنة، ٩٦، باب قول النبّي عليه السلام: لا تسألوا أهل الكتاب عن شيء:٢٥، وحديث رقم (٧٣٦٣).

نادەن لەکاتێکدا خۆیان گومڕا کردووە، لەوانەشە شتێکی راستتان پێ بڵێن‌و ئێوەش بەدرۆی بزانن، یان بە پێچەوانەوە لەوانەیە بڕوا بەدرۆیان بکەن)[1] .

* * *

مانای فەرموودەی (حَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلا حَرَجَ):

جا بۆئەوەی لە هەموو روویەکەوە باسی حوکمی (ڕەوایی‌و ناڕەوایی)ی گێڕانەوەی دەقە ئیسرائیلییەکان بکەین، لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو بەڵگەیە دەکەین کە ڕێپێدەرانی پشتیان پێ بەستووە لە ڕێگەدان‌و شیاوکردنی هەندێك دەقی دیاریکراوی ئیسرائیلیدا:

گرنگترین بەڵگەو بەناوبانگترینیشیان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خودایە ﷺ کە (بخاري) لە (عبداللە کوڕی عەمر کوڕی عاص)ەوە ؓ گێڕاوێتییەوەو کە پێغەمبەرﷺ تێیدا فەرموویە: ((**بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً، وَحَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلا حَرَجَ، وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنْ النَّارِ**))[2] . واتە: (لە بانگەوازدا گەر ئایەتێکیش بێت لە منەوە بیگەیەنن بە خەڵکی‌و، دەربارەی گەلی نەوەی ئیسرائیلیش هەندێك هەواڵ‌و دەق‌و قسەو باسیان بگێڕنەوەو لەمەشدا هیچ شەرمەزارییەك نییە.. بەڵام هەرکەسێك بە ئانقەست بەهۆی دەقێکەوە درۆ بەدەم منەوە بکات ئەوا با بزانێت کە جێگەی خۆی لە ئاگردا هەیە).

لەم فەرموودەیەدا ئاراستەی دەلالەت لەلای ڕێگەپێدەران ئەوەیە کە فەرموودەکە ڕێگەی بە موسڵمانان داوە کە دەربارەی بەسەرهات‌و ریوایاتی بنو ئیسرائیل بدوێن‌و بەربەستی شەرمەزاریشی لەبەردەم ئەو کەسانەدا لابردووە کە بە

---

١) فتح الباري بشرح البخاري ١٣: ٣٣٤.

٢) البخاري: كتاب أحاديث الأنبياء:٦٠، باب ما ذكر عن بني اسرائيل:٥، حديث رقم ٣٤٦١.

شێوازی لەبار سوود لە چەند دەقێك دەبینن. کەچی هەندێك کەسیان کتێبەکانی خۆیان پڕ کردووە لە بەسەرهاتو چیرۆكو ئەفسانە ئیسرائیلییەکان.

ئێمەش پێش ئەوەی باری تێگەیشتنی خۆمان لەم فەرموودەیە بخەینە روو، ئاماژە بۆ شیکارو لێکدانەوەی (ئیمام ابن حجر) دەکەین کە بەم شێوەیەی لای خوارەوە لێکی داوەتەوە:

جا داخۆ مانای فەرموودەی (**حَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ**) چی بێت؟ (ابن حجر) بۆ لێکدانەوەی فەرموودەکە چەند وتەیەکی زانایانو بیروبۆچوونیانی دیاریکردووە، وەك:

١- گوتراوە مەبەست لە نەوە(بنی)ی ئیسرائیل لە فەرموودەکە کوڕانی خودی (ئیسرائیل)ن، واتە کوڕانی (یەعقوب)ن-سلاوی خودای لێبێ-، بەم رەنگەش مانای فەرموودەکە ئەوەیە (لە بەنی ئیسرائیل وتە وەرگرنو ئەو بەسەرهاتانەیان لێبگێڕنەوە کە دەربارەی یوسفی برایانە-سلاوی لێبێت-) ئەم مانایەش دوورترین ئەگەری راستێتیی تێدایە.

٢- هەروەها (مالك)یش-خودا لێی خۆش بێت- گوتوویە: (مەبەست لەم فەرموودەیە شیاویی لەبارەوە دوانیانە بۆ هەر لایەنێکی راستو تەواو، بەلام هەر لایەنێکی هەواڵو بەسەرهاتیان درۆو ناڕاستیی تێدا زانرابوو، ئەوە ناشێت هیچ لەبارەیەوە بگوترێتو بگێڕدرێتەوە).

٣- گوتراویشە مانای ئەوەیە بە هەمان شێوازی نێو قورئانو فەرموودەی (صحیح)و بە رێنماییەکانی قورئانو سوننەت وتەو ریوایەتیان لێ وەرگرن.

٤- گوتراویشە مانای ئەوەیە کە گێڕانەوەی وتەو بەسەرهاتیان بە هەر رەنگێك بێت شیاوە، سا ئیتر بەهۆی بڕانو نەبوونی گەیەنەرێك لەوانەوە بووبێت یاخود راستەوخۆ لە خۆشیانەوە پێمان گەیەنرابێت، ئەمەش لەبەر گرانیی پەیوەندی لەکاری لێدوان لەبارەیانەوەو، پاشان کە بەپێچەوانەی حوکمو فەرمانە

ئیسلامییەکانیشەوەن، هەرچەندە لە ڕاستیو بنەڕەتدا دەبێت پەیوەندی لەوەدا هەبێت.

٥- ئیمامی شافیعی -خودا لێی خۆش بێت- گوتوویە: (وەك زانراوە پێغەمبەری خودا ﷺ ڕێگە بە وتەو ڕیوایەتی درۆ نادات. جا مانای (**وَحَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلا حَرَجَ**) ئەوەیە ئەو وتەو بەسەرهاتانەیان لێ وەرگرنو بگێڕنەوە کە درۆو ناڕاستیی تێدا نابینن‌و، هەروەها ئەوەی بە شیاوی دەزانن لەوانەوە ئەوا هیچ شەرمەزاریو گریو گۆلێکی بۆ ئێوە تێدا نییە گەر لێی بدوێن‌و بیگێڕنەوە.

پاشان (ابن حجر) بۆ مانای نەهێشتنی شەرمەزاری لەسەر لێدوان لەبارەی بەسەرهاتی ئیسرائیلییەوە چەند وتەیەکی هێناوە، وەك:

(١) واتە هیچ بارگرانییەکتان لەسەر نییە دەربارەی گێڕانەوەی وتەو سەرگوزشتەی ئەوان، چونکە پێشتر پێغەمبەر ﷺ هەڕەشەی لەسەر وەرگرتنی قسەو باسیان‌و تەماشاکردنی کتێب‌و نووسراویان پیشان داوە، بەڵام دواتر جۆرە بەرفراوانییەکی تێدا دەرخستووەو ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو هەڕەشەو ڕێنەدانە پێش جێگیربوون‌و ڕەگ داکوتانی حوکمە شەرعییەکان‌و ڕێسا ئایینییەکان بووە نەبادا ئاڵۆزیو فیتنەی لێوە بڵاو بێتەوە. ئیدی کاتێك مەترسیی ئەو مەسەلانە لە ئارادا نەما مۆڵەت بەو کارە درا کە گوێ بگرێت لەو وتەو ڕیوایەت‌و سەرگوزشتانەی ئەو سەردەمەی بەنی ئیسرائیل کە جێی باوەڕو پەسندیی موسڵمانانن.

(٢) گوتراویشە مانای فەرموودەکە، واتە (سینەتان تەسك نەبێت بەو وتەو ڕیوایەتە سەیرو سەرسامکارانەی (بنی ئیسرائیل) چونکە ڕووداوی زۆریان لەو بارەیەوە بەسەر هاتووە.

(٣) هەروەها گوتراوە مانای ئەوەشی هەیە کە (هیچ شەرمەزارییەکی تێدا نییە

گەر وتەو بەسەرهاتیان لەبارەوە نەگێڕنەوە، چونکە فەرموودەکە یەکەم جار لـە وشەی (حدثوا)دا دارِشـتنەوەی ئـەو فەرمانەیـە کـە پێویـست بـوون (وجـوب) دەخوازێت، بەڵام ئاماژەشـی کـردووە بـۆ (پێویـست نـەبوون)و فەرمانەکەشـی ڕێپێدان (اباحة)ی بە وشەی (ولا حرج) تێدایە، واتە بە لێنەدوانو نەگێڕانـەوەی وتەکانیان.

(٤) گوتراویشە مەبەست لەمەدا نەهێشتنی شەرمەزارییە لەسەر ئەو کەسـەی کـە هـەمان چـیرۆكو بەسـەرهاتی لێکـچووی بەسـەرهاتی ئـەوان دەهێنێـت، لـە بەسەرهاتی ئەوانیشدا بیژەو زاراوەی ناشـیرین هەیـە وەك ئـەوەی بـە موسـای پێغەمبەریان گوتووە: (بڕۆ خۆتو خوداکەت بجەنگن) یان وەك ئەوەی گوتویانە: (خودایەك بۆ ئێمەش دروست کە وەك چۆن ئـەو هـۆزە خواوەنـدێکی لـە مـادە داتاشراویان بۆ خۆیان دروست کردووە).

جا ئایا لە چەمكو مانای (**وَحَدِّثُوا عَنْ بَنِـي إِسْـرَائِيلَ**) ئـەوە بفامرێتـەوە کـە بگەڕێینەوە بۆ لای ئـەوانو بەسـەرهاتو چـیرۆکەکانیان بگێڕینـەوەو، لـە کتێبـە ئیسلامییەکانمان (لە تەفسیرو ژیاننامەو چیرۆکەکانو مێژوو)دا بیاننووسینەوە؟!

لە زمانی عەرەبیدا جیاوازی هەیە لـەنێوان ئـەوەی بلێین (رویـت عـن فـلان)و (حدثت عن فلان)، کاتێك دەڵێیـت (رویـت عـن فـلان) واتـە (لـە فـلان کەسـەوە گێڕامەوە) بە مانای ئەوەی تۆ وتەی فلان کەسـت بـۆ کەسـانی تـر گواسـتۆتەوەو، لێرەدا تۆ تـەنها وتـەگێڕەوە (راوی)ی ئـەویت، هـەر بۆیـەش فـەرموودەگێڕەوەکان (المحدثون) کاتێـك فەرموودەیـەکیان لـە زاری زانـاو پێـشەوایانیانەوە گێڕابێتـەوە گوتویانە (فلان کەس لە فلانکەسی ترەوە فەرموودەکەی بۆ گێڕاوینەتەوە).

بەڵام کاتێك دەڵێیت (حدثت عن فلان) دوو مانا هەڵدەگرێت:

یەکەم/ گێڕانەوە لەو کەسەوە بە گەیاندنی وتەکەی بە کەسانی دی.

دووەم/ گەیانـدنی هـەواڵ لـەو کەسـەوە، بـەمانای ئـەوەی تـۆ هـەر ڕووداوو

بەسەرهاتێکی ئەو کەسەت بە کەسانی دی گەیاندووەو، دەربارەی ژیاننامەو چیرۆکی ژیانی بۆ کەسانی دی دواویت.

جا کەوابوو فەرموودەکەی پێغەمبەری خودا ﷺ کە فەرموویەتی: **(وَحَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ)** دوو مانا هەڵدەگرێت:

١- واتە: (أرووا کلام بني اسرائیل، وأنقلوه في کتبکم) (وتەکانی بنو اسرائیل بگێڕنەوەو لە کتێبو نوسراوەکانیشتاندا بینووسنەوە)، هەندێك لە زانا پێشینەکانمان ئاوا لێی تێگەیشتوونو، لە دەقە ئیسرائیلییەکانیان هێناوەتە نێو کتێبەکانیانەوەو خستوویانەتە بەرچاوی خوێنەرانی نەتەوەکەیان.

٢- واتە (أن تتحدثوا عن قصة بني اسرائیل...) واتە مانای ئەوەیە دەربارەی چیرۆکی (بنو ئیسرائیل) بدوێنو لێی بگێڕنەوە بۆ نەتەوەی خۆتان کە چییان بەسەرهاتووە لە مێژووی خۆیاندا، تاکو نەتەوەکەتان لەو رێبازو رەوتەی ئەوان وریاو ئاگادار ببنەوەو، بزانن بەهۆی خراپیو سەرکێشیی خۆیانەوە چییان بەسەر هاتووە؟!!!

من خۆم پشتگیری مانای دووەم دەکەم، لەبەر ئەوەی چەند دەقێك هەیە لەنێو فەرموودەکانی تردا، کە رێی وەرگرتنی وتەو قسەو باسی جوولەکەکانو رێی گێڕانەوەی هەواڵو بەسەرهاتیانمان پێدەدات بەو رەنگەی، کە لە کتێبو فەرهەنگی خۆیاندا هەیە..

جا بە پوختی مانای **(وَحَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَلا حَرَجَ)**: واتە (موسڵمانان ئاگادارکەن لە بەسەرهاتی نەوەو هۆزی بەجێماوی ئیسرائیل، کە بە جوولەکەکان ناوبراون، موسڵمانان شارەزا کەن لە مێژوویانو، بەدکاریو لادانیان بۆ روون بکەنەوە، هەروەها پەردە لەسەر ریسواییو رەنجەڕۆییو پیلانەکانیان هەڵدەنەوە، چونکە مێژووی ئەوان پڕە لە ریسواییو بەزینو بەدکاری، تەنها پێغەمبەرانیانو پیاوچاکانیان نەبێت.. دەنا چیرۆكو بەسەرهاتیان پڕە لە گومڕاییو لەرێلادانو

بەدرەفتارییەکانیان.. قورئانی پیرۆزیش بە تەنیا خۆی ئەرکی گێڕانەوەو دەرخستنی ئەو ریسوایی‌و گەندەڵی‌و بەدکارییانەیانی لەئەستۆ گرتووە.

ئیدی پێغەمبەریش ﷺ داوای ئەوە لە موسڵمانان دەکات، کە شارەزای بەسەرهاتی جوولەکەکان بن‌و، لە مێژوویان بکۆڵنەوەو ئاگاداری میزاج‌و سروشت‌و دەروون‌و حەقیقەتی کەسێتیان بن‌و، ئینجا هەموو ئەم زانیاریانەش بەشێوازێکی زانستیانەو بابەتیانەی قورئانی بە خەڵکی بگەیەنن‌و، لەمەشدا هەست بە هیچ شەرمەزاری‌و ئیحراجییەك نەکەن‌و گومانی ئەوەیان نەبێت، کە گوایە بەم کارەیان خودا تورە دەکەن، یان دژایەتیی باوەڕداران دەکەن، بەڵام ئەمەش بە مەرجێك، کە پێغەمبەران‌و پیاوچاکانی -بنواسرائیل- بە پاك‌و بەدووربگرن لەو بەدکرداری‌و گومڕایی‌و ریسواییانەیان.

جا ئەگەر ئەو نووسەرو بیریارە موسڵمانانەی، کە رێگای لێدوان‌و گێڕانەوەی دەقە ئیسرائیلییەکانیان بەخۆیان داوەو لە نووسین‌و لێکۆڵینەوەکانیاندا دەیانخەنە بەرچاوی موسڵمانان‌و ئاسۆی بیرو فیکریان پێ لەکەدار دەکەن، ئەگەر بەم رەنگە لەو فەرموودەیە تێبگەیشتنایە، ئەوا بێگومان سوودو کەڵکێکی زۆریان بە موسڵمانان دەگەیاندو، ئەو دەقی چیرۆکانەی ئیسرائیلییەکانیشیان بە شێوەیەکی لەبارو رێك‌و پێك بۆ پتەوکردنی ئاستی فیکری‌و رووناکبیری‌و زانستیی نەتەوەی ئیسلامی بەکار دەهێناو، هەروەها نەتەوەی ئیسلامیشیان هەر بەو دەقانەو بە ئیمان‌و ئەخلاق‌و مێژووو کلتوورییەوە لە نەتەوەکانی دی جیا دەکردەوە.

خۆ ئەگەر تەفسیرکارە بەڕێزەکان بەم تێگەیشتنەوە، تەفسیرو راڤەی ئەو فەرموودەیە بکەن، ئەوا فەرمایشتی خوداشیان بە پاك‌و بێگەرد دەگرت لەوەی، کە بە ئەفسانەو داستانە پووچەڵەکانی ئیسرائیلیات تەفسیری بکەن‌و، چەندین لاپەڕەی تەفسیرەکانیان بەو هەموو ئەفسانە ناماقووڵ‌و شتە سەیرو سەمەرانەی ئیسرائیلییەکان ڕەش نەدەکردەوە.

خۆزگە بەوپەڕی ڕاستگۆیی‌و ئەمانەتەوە مێژووی جوولەکەمان بخستایەتە بەرچاوی موسڵمانان، خۆزگە بەوپەڕی ڕێسای زانستی‌و بابەتیەوە شیکاری باری دەروونی‌و دیراسەی کەسێتییانمان بکردایە، تاکو موسڵمانان وریا بوونایە لەوەی کە بە هەمان ڕێگەی جوولەکەکاندا نەڕۆیشتنایەو ئەم ئاکارەشیان بخستایەتە گەڕ بۆ دەرخستنی رووی راستەقینەی جوولەکەکان بۆ سەرجەم گەلانی دی، تاکو ئەمە ئامرازێك بوایە لە ئامرازەکانی شەڕی درێژخایەنمان لەگەڵیان‌و چەکێکیش بوایە لە چەکەکانی جەنگی دژواری نێوان ئێمەو ئەوان[1].

با ئێمەش لەگەڵ ئیمام (احمد شاکر) لە کتێبەکەیدا (عمدة التفسیر) هەمان وتەی (الحافظ ابن کثیر) بڵێینەوە کە دەڵێت: بێگومان ڕێگەدان بە گێڕانەوەی وتەو چیرۆکی بنی اسرائیل بێ‌ئەوەی بەڵگەیەکمان لەسەر راستی‌و ناڕاستییەکەی هەبێت، شتێکی ئاواو هێنانەوەی ئەو جۆرە وتەو بەسەرهاتانەش لە تەفسیرکردنی قورئانی پیرۆزداو دانانیان بە وتەی پیاوچاکێك یان بە ریوایەت‌و گێڕانەوەیەك لە لێکدانەوەی مانای ئایەتەکاندا یان لە دەستنیشان کردنی ئەوەی هیچ شتێکی تیادا دەستنیشان نەکراوەو، یاخود لە درێژەدان بەوەی کە بە پاکی‌و پوختی هێڵراوەتەوە شتێکی دییە، چونکە هەر دەقێك لە تەنیشت فەرمایشتی خوداوە جێگیر بکرێت‌و ئەو ئەندێشەیەش بگەیەنێت کە باری راستی‌و ناڕاستیی نازانین‌و کەچی بەروون کەرەوەی فەرمایشتی خوداو شیکەرەوەی پوختەو کورتکراوەی دابنێیت.. حاشا بۆ خوداو قورئانە پیرۆزەکەی لەم ڕێچکە نالەبارە.

پێغەمبەری خوداش کاتێك رێی لێدوان‌و گێڕانەوەی هەندێك دەقی ئیسرائیلیەکانی داوە، فەرمانی پێ‌کردووین نە بڕوای پێ‌بکەین‌و نە بە درۆشی

---

1) من خۆم بە کردەوە هەندێك ئەرکم لەم ڕووەوە جێبەجێ کردووە، وەك نووسینی کتێبی (الشخصیة الیهودیة في القرآن) و، پاشان نووسینی (قصص بني اسرائیل في القرآن) کە لەم کتێبە دایە.

بخەینەوە، چونکە هەر بڕواکردنێك بە ریوایاتو وتەو بەسەرهاتیان بـەهێزتر دەبێـت لەوەی، کە بەراوردیان بکەین لەگەڵ قورئـانی خـواداو بیانخەینـە هـەمان جێگـای شیکارو تەفسیرو روونکردنەوە.. خودایە لێمان خۆشبە.[1]

هەروەها ئێمە لەگەڵ وتەی دکتۆر (محمد حسين الذهبی)داین-خـودا لێـی خـۆش بێت- کە لە شیکاری ئەو بیروڕایەدا گوتوویەتی: (منیش پشتگیری ئەو رایە دەکەم بۆ پاراستنی کتێبی خـودا لـە وتـەی بێکـەڵكو بێنـاوەڕۆك، هـەروەها بـۆ زیـاتر پارێزگاریش لە خۆ تێهەڵقورتاندنی ئەو کەسانەی پەیوەندیان بەو بوارەوە نییەو بـۆ زیاتر رۆشن کردنەوەی ئەو سوودو کەڵکانـەش، کـە هـیچ سـوودو خێـرو بێرێکـی دیکەیان پێناگاتو هاوتایان نییە.)[2]

١) بڕوانە کتێبی (عمدة التفسير عن الحافظ ابن كثير)ی أحمد شاكر. بەرگی (١) لاپەڕە(١٥).
٢) بڕوانە کتێبی (الإسرائيليات في التفسير والحديث)ی (د.محمد حسين الذهبـي) لاپەرە(٢٠٣).

چیـرۆکی یەکـەم

چیـرۆکی دایکی موسـا -سـلاوی خودای لێ بێت-

قورئانی پیرۆز ئەم چیرۆکەی بەم چەشنە خستۆتە روو کـە لـە چـەند ئایـەتێکی هەردوو سورەتی (طه)و (القصص)دا هاتووەو خودا تیایاندا فەرموویە:

﴿وَلَقَدْ مَنَنَّا عَلَيْكَ مَرَّةً أُخْرَىٰ ﴿٣٧﴾ إِذْ أَوْحَيْنَا إِلَىٰ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰ ﴿٣٨﴾ أَنِ اقْذِفِيهِ فِي التَّابُوتِ فَاقْذِفِيهِ فِي الْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ الْيَمُّ بِالسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّي وَعَدُوٌّ لَّهُ ۚ وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي وَلِتُصْنَعَ عَلَىٰ عَيْنِي ﴿٣٩﴾ إِذْ تَمْشِي أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُ ۖ فَرَجَعْنَاكَ إِلَىٰ أُمِّكَ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ ۚ وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَاكَ مِنَ الْغَمِّ وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا ۚ فَلَبِثْتَ سِنِينَ فِي أَهْلِ مَدْيَنَ ثُمَّ جِئْتَ عَلَىٰ قَدَرٍ يَا مُوسَىٰ ﴿٤٠﴾ طه: ﴾.

واتە: ئەی موسا، بێگومان لەمەوپێش جـاری دیکـەش بـەدەم کێـشەو گـرفتی تۆوە هاتووینو منەتمان ناوەتە سەر تۆو لای رەحمـەتمان لـێ کردوویتـەوە، ئـەوەبوو کاتێك ئێمە بە سروش ئەوەی پێویست بوو بە دایکتمـان گەیانـد کـەوا -موسـا-ی کۆرپەت بخـەرە نێـو سـندووقو لانکەیـەکی تایبەتییـەوەو ئینجـا هەڵیـدەرە نێـو دەریاکەوە تـا دەریـاش بـەرەو کـەنار بیبـاتو، تـا سـەرەنجام دوژمنەکـەی مـنو دوژمنەکەی -موسـا-ش هەڵیدەگرێتـەوە، بەراسـتی هـەر مـن خۆشەویـستی تـۆم خستۆتە دڵی دەوروبەرتەوە تا لەژێر چاودێری خۆمدا گەورە ببیـت. هـەروەها ئـەی موسا، لەبیرت کرد کاتێك خوشکەکەت چاودێریی تۆی دەکـرد لـە نزیکـی کۆشـی فیرعەوەنەوەو کاتێك دیتی دەستەوسان بون لـە کـاری شـیر پێدانتـداو ئیـدی ئـەو

خوشکەت بەوانی گوت: ئایا کەسێکتان پێ نیشان دەم، کە بتوانێت کاری بەخێوکردنی ئەم منداڵە دۆزراوەیەتان بۆ لەئەستۆ بگرێت؟ ئەوانیش بەوە رازی بوون و، ئینجا بەو رەنگە تۆمان بۆ لای دایکت گەڕاندەوە، تا چاوی ڕوون بێت و دڵی ئارام بێتەوەو خەمبار نەبێت.. هەروەها ئەی موسا، ئەوەش بەبیر خۆت بێنەرەوە، کە کاتێك کەسێکت کوشت لە ئەنجامی شەڕێکی ئاساییدا، بەڵام ئێمە ڕزگارمان کردیت لە غەم و پەژارەی کەوتنە بەر چنگی خێڵی فیرعەون و، بە چەندەها جۆرو شێوەش تاقیمان کردوویتەوە، ئەوەبوو چەند ساڵێك لەنێو دانیشتوانی (مەدیەن)دا دەژیایت و بە شوانکارەیی ژیانی خۆتت بەسەر دەبرد، تا لە کات و وادەی دیاریکراودا هاتیت بۆ وەرگرتنی پەیامی ئێمە).

لە سەرەتای سورەتی (قصص)یشەوە خودا فەرموویە:

﴿طسٓمٓ ﴿١﴾ تِلۡكَ ءَايَٰتُ ٱلۡكِتَٰبِ ٱلۡمُبِينِ ﴿٢﴾ نَتۡلُواْ عَلَيۡكَ مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرۡعَوۡنَ بِٱلۡحَقِّ لِقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ فِرۡعَوۡنَ عَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَجَعَلَ أَهۡلَهَا شِيَعٗا يَسۡتَضۡعِفُ طَآئِفَةٗ مِّنۡهُمۡ يُذَبِّحُ أَبۡنَآءَهُمۡ وَيَسۡتَحۡيِۦ نِسَآءَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٤﴾ وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى ٱلَّذِينَ ٱسۡتُضۡعِفُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنَجۡعَلَهُمۡ أَئِمَّةٗ وَنَجۡعَلَهُمُ ٱلۡوَٰرِثِينَ ﴿٥﴾ وَنُمَكِّنَ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَنُرِيَ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا مِنۡهُم مَّا كَانُواْ يَحۡذَرُونَ ﴿٦﴾ وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٧﴾ فَٱلۡتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرۡعَوۡنَ لِيَكُونَ لَهُمۡ عَدُوّٗا وَحَزَنًاۗ إِنَّ فِرۡعَوۡنَ وَهَٰمَٰنَ وَجُنُودَهُمَا كَانُواْ خَٰطِـِٔينَ ﴿٨﴾ وَقَالَتِ ٱمۡرَأَتُ فِرۡعَوۡنَ قُرَّتُ عَيۡنٖ لِّي وَلَكَۖ لَا تَقۡتُلُوهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٩﴾

وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَٰرِغًا إِن كَادَتْ لَتُبْدِى بِهِۦ لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا
لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠﴾ وَقَالَتْ لِأُخْتِهِۦ قُصِّيهِ فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ وَهُمْ
لَا يَشْعُرُونَ ﴿١١﴾ وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَرَاضِعَ مِن قَبْلُ فَقَالَتْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰٓ أَهْلِ بَيْتٍ
يَكْفُلُونَهُۥ لَكُمْ وَهُمْ لَهُۥ نَٰصِحُونَ ﴿١٢﴾ فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا
وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾
القصص﴾.

واتە: (طا، سين، ميم) ئەمانە ئايەتەكانی قورئانی روونو ئاشكران. ئێمە هەواڵی بەسەرهاتی موساو فیرعەونت بە حەقو دەقی راستەقینەی خۆیت بۆ دەگێرینەوە تا ببێتە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئەو قەومو گەلو كەسانەی كە باوەڕ دەهێنن. بێگومان فیرعەون لەسەر خاكی میسر خۆی بە دەسەڵاتدارێكی گەورەو بڵندو بە زەبروزەنگ دانابووو خەڵكو میللەتیشی كردبوو بە چەند جۆرو دەستەو كۆمەڵێكەوە لەكاری خزمەتكاریو سەرشۆڕكردنیاندا، هەندێكیانی دەچەوساندەوەو لاوازو بێهێزو نەداری دەكردنو منداڵە نێرینەكانیانی سەردەبڕیو كچانو ئافرەتانیشی بە زەلیلی دەهێشتەوە، بەراستی ئەم ستەمكارە لەتاوانبارانو خراپكاران بوو. لەلایەكی ترەوە ئێمەش دەمانەوێت دەرووی خێرو رەحمەت لە چەوساوان بكەینەوەو منەتی خێر بەسەر لاوازكراواندا لەسەر رووی زەوی ببەخشینو، دەمانەوێت بیانكەین بە پێشەوایانو پێشڕەوانی خەڵكیو بیانكەین بە میراتگرو جێنشینی زەوی. هەروەها دەمانەوێت پایەداریان بكەینو دەسەڵاتیان لەسەر زەویدا بچەسپێنینو ئەو كارەساتە پێشبینیكراوەی فیرعەونو (هامانو وەزیرو راوێژكارەكانیشی) لەدواییدا پیشانی فیرعەونو هامانو سەربازەكانیان بدەین كە لێی دەترسانو ئەم بەڵێنەش لە بارودۆخی پێویستدا بە ویستی خودا بەدی بێت. ئێمە سرووشمان نارد بۆ دایكی(موسا) كە لە شیر تێری بكاتو پێمان

گوت ئەگەر لەوەش دەترسایت، کە پێی بزانن، ئەوا فڕێی بدەرە رووباری (نیل)ەوەو، مەترسە لەوەی تووشی بەڵا ببێتو، خەفەتیشی لێ مەخۆ، چونکە ئێمە دەیگێڕینەوە بۆ لاتو لە داهاتووشدا دەیکەین بە یەکێك لە نێرراوانو پێغەمبەران. ئەوساش دارودەستەی فیرعەون هەڵیانگرتەوە، تا ببێتە دوژمنو جێی خەمو پەژارە بۆیان. بەراستی فیرعەونو هامانو سەربازەکانیان گوناهکارو تاوانبار بوون. جا کاتێك فیرعەون موسای ساوای بینی، فەرمانی دایە کوشتنی، بەڵام هاوسەرەکەی فیرعەون نەیهێشت بیکوژێت، بەڵکو گوتی: (هیوادارم ببێتە مایەی خۆشیو شادی بۆ منیشو بۆ تۆش، مەیکوژن بەشکم لە ئاییندەدا سودمان پێ بگەیەنێت، یان دەیکەینە کوڕی خۆمانو ئیدی ئەوان (واتە بەنی ئیسرائیل) هەر پێیشی نەزانن‌و هەستی پێ نەکەن). ئینجا دڵو دەروونی دایکی موسا هەستی بە بێتاقەتیو بۆشاییەکی زۆری ژیانی دەکرد، وای لێهات خەریك بوو رازو نهێنییەکە ئاشکرا بکات، ئەگەر ئێمە دڵیمان پتەوو دامەزراو نەکردایە، تا لەو کەسانە بێت، کە باوەڕیان بە پەیمانو بەڵێنی خودا هەیە. پاشان بە خوشکەکەی موسای گوت: بڕۆ هەواڵێکی شوێنو نیشتگەو دەنگو باسی موسا بزانە.. خوشکەکەی موسا لە کەنارێکەوە چاوی بە موسا کەوت، کە ئەوان (خێڵی فیرعەون) هەستیان پێنەکرد. جا ئێمە پێشتر هەرچی دایەنو شیردەرە لە موسامان حەرام کرد، (خوشکەکەی بەمەی زانیو دانایانە لە کۆشکی فیرعەون نزیك بووەوە)و وتی: ئایا ناونیشانی ماڵێکتان پێ بڵێم، تا ئەو منداڵەتان بۆ بەخێو بکەنو، دڵسۆزو میهرەبانیش بن بۆی. بەم رەنگە موسامان بۆ لای دایکی گێڕایەوە، تاکو دڵنیاو دڵارام بێتو چاوی بە دیتنی ئاسوودە بێتو چیدی خەفەت نەخواتو لایشی ڕوون بێت، کە بەڵێنی خوا حەقو ڕاستە. بەڵام زۆربەی ئەو خەڵکە نازانن‌و هەستی پێ ناکەن)..

گـێڕانەوەی چیـرۆكـەكە بە حـــەق

چـیرۆكی دایكـی موسـا -سـلاوی لێبێـت- تـەنها لـە دوو سـورەتدا هـاتووە، سوورەتەكانی (طه)و (قصص).. لـەم فەرمایـشتەی خـوادا ﴿ نَتْلُواْ عَلَيْكَ مِن نَّبَإِ مُوسَىٰ وَفِرْعَوْنَ بِٱلْحَقِّ ﴾ (ئێمە هەواڵی بەسەرهاتی موساو فیرعەونت بە حـەق‌و دەقی راستەقینەی خۆیت بۆ دەگێڕینەوە).

لەم فەرمایشتەی خوادا (شێوازێكی تێڕوانین لـە چـیرۆكەكەو، رێـسای مامەڵـە لەگەڵـداكردنی‌و، چـاوگی لێـوەرگرتنی)ی لـــێ دەردێنین.. بێگومـــان گێڕانـــەوەی بەسەرهاتەكە (بەحەق) مانای وایە ئێمە دەبێت هەموو ئەو دیمەن‌و روداوانـەی تیـا بەدی بكەین كە وامان لێ دەكەن تەواو دڵنیابین لەوەی كە بێگومان بە واقیعی لـە چیرۆكەكەدا هاتوون‌و زادەی خەیاڵ نین، هەروەها ئەو دیمەن‌و ڕووداوانەی لـێ‌نەخەینە بەرچاو كە لەراستی‌و لە ڕوودانی‌و لە واقیعێتییان دڵنیانین، چونكە پێچەوانەی ئـەو (بە حەق گێڕانەوە)و (بە حەق خوێندنەوە)یەیە كە لە ئایەتەكەدا بەمەرج گیراوە.

گێڕانەوە بە حەق مانای ئەوەش دەگەیـەنێت، كـە هـەردەم لەگـەڵ ئایەتـەكانی قورئان‌و فەرمودە ڕاسـتەكاندا بمێنینـەوە (ئەگـەر فـەرموودەی صـحیح لەسـەریان هەبوو)و تەنها بەو چەند ڕووداو دیمەنەی نێو بەسەرهاتەكان قایل بین‌و پەل نەهاوین بۆ قسەو باسی بێ‌بناغە، چونكە ئەوەی لە ئایەت‌و فەرمووددەدا هـاتوە هـەر ئـەوە حەقە، كە هیچ شك‌و گومانێكی تێدا نییە.

گێڕانەوە بە حەق، واتە نابێت پەنا بەرینە بەر دەقـە ئیـسرائیلی‌و ئەفـسانەكان، چونكە تەواو دڵنیا نین لەوەی گوتوویانە، كە حەق بێت، هەروەك دڵنیاش نین لەوەی كە -باطل- بێت.

لەبەرئەوە بەیارمەتی خودا -إن شـاء الله- لەو دەقە بە حەق گێڕراوانە دەرناچین، كە بە حەق بەسەر پێغەمبەری خوداشدا ﷺ خوێندراونەتەوەو گێڕراونەتەوە.

ئەو بارودۆخەی كە -موسا-ی تێدا لەدایك بوو

فیرعەون دەسەڵاتدارێكی خۆ بەزل زانو ستەمكارو تێكدەر بووو، هەمیشە توندترینو ناخۆشترین سزای بە گەلی (بنوئیسرائیل) دەگەیاند، كوڕەكانیانی بە منداڵی سەردەبڕیو كچەكانیشیانی بە زەلیلیو سەرشۆڕی دەهێشتەوە.. بەردەوام چاودێریی منداڵبوونی ژنەكانیانی دەكرد، ئەگەر ژنێك كوڕی ببوایە خێرا دەستەو تاقمەكەی فیرعەون لێیان دەسەندو سەریان دەبڕی، ئەگەر كچیشی ببوایە بە زیندوویی دەیانهێشتەوە، وەك خوداش لەبارەیانەوە فەرموویە: ﴿... يُذَبِّحُ أَبْنَآءَهُمْ وَيَسْتَحْيِۦ نِسَآءَهُمْۚ إِنَّهُۥ كَانَ مِنَ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٤﴾ القصص﴾.

.. جا وەك ئەم ئایەتەش بڕیاری لەسەرداوە فیرعەون لە یاخیو بەدكاران بووەو هەموو رەفتارو هەڵسو كەوتێكی هەر بەدكاریو شێواندن بووە.. هەروەها فیرعەون نموونەی حاكمێكی زاڵمو لە ستەمدا رۆچوو (طاغي)یە.. ئەو لەجیاتی ئەوەی رۆحو خوێنی گەلی ژێردەسەڵاتی خۆی بپارێزێت، ئەگەرچی لە هەرتیرەو هۆزو ئاینێكیش بنو بیروڕاو قەناعەتیشیان هەرچۆنێكو هەرچییەكیش بێت، كەچی ببوویە دەستدرێژكارێك بۆ سەر ماڵو سامانیانو، بەخوێن رێژێك بۆ رشتنی خوێنیان بەناهەقو، بە روح لەناوبەرێك كە هەر بە زوورییو لە منداڵییەوە لەناوی دەبردن.

جا كاتێك حاكمی وڵاتێك، كە دەسەڵاتو یاسای لەژێر دەستدایەو بەو شێوازە دژی گەلی ژێردەسەڵاتی خۆی دەجووڵێتەوە، ئیدی ئەركو بەرپرسیارێتییەكانیشی پشتگوێ دەخاتو تەنانەت سیمای مرۆڤایەتیی خۆیشی پشتگوێ دەخات.

لە نێوان خواستی خوداو، خواستی فیرعەوندا

خواست (ارادة)ی فیرعەونی زاڵمو بەدکار وابوو کە دەبێت موسا -سڵاوی خودای لێبێت- بکوژێت. خواستی خوداش وابوو کە موسا بژیو لەماڵی فیرعەونیشدا بژیو هەر فیرعەون خۆیشی ئەرکی بەخێوکردنو سەرپەرشتیارێتیی ئەو منداڵە لە ئەستۆ بگرێت.

هیچ شتێکیش بەبێ خواستو ئیرادەی خودا لەئارادا نابێت!! ئەی داخۆ ئەو بەندەو مەخلووقەش کێبێت بتوانێت بەرامبەر خواستی خودا بوەستێتو پووچەڵی بکاتەوە؟! بێگومان خودا بۆ ئەنجام دانو بەدیهێنانی خواستو کاروباری خۆی بەتوانایە، بەڵام زۆربەی خەڵکی بەمە نازانن ﴿...وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢١﴾ یوسف﴾.

ئەوا دایکی موسا خەریکە منداڵی دەبێتو لە هەمان کاتدا لە فیرعەونو سەربازەکانیشی دەترسێت، چونکە ئەگەر کوڕێکی ببێت نازێ، لەبەر ئەوەی سەربازەکانی فیرعەون لێی دەسێنن تاکو بیکوژن، ئەی داخۆ ئەو کەسە کێبێت کە کوڕەکەی بۆ بپارێزێتو بتوانێت لەدژی فیرعەونو سەربازانی بوەستێت؟

خۆ ئەگەر ئەم دایکە بیەوێت کۆرپەکەی لەماڵەوە حەشاردات ئایا ژیانی بۆ مسۆگەر دەکات؟! لەڕاستیشدا ئەم منداڵە وەك کەلوپەلو کەرەسەیەکی نێو ماڵ نییە کە جوولەو دەنگی گریانی نەیەت.. ئەمە کوڕێکەو هەر دەبێت جاروبار بگریو هاوار بکات، لەوانەشە هاوارو گریانی ببێتە هۆیەکی ڕێنیشاندەری سەربازەکانو بیدۆزنەوە.

تەنانەت گەر دایکیشی بیەوێت بەو مەترسییەی فیرعەون بیترسێنێت، ئایا ئەم کۆرپەیە لێی تێدەگاتو واز لە گریان دێنێت؟ ئەی ئایا منداڵێك کە لە چەند سەعاتێکی سەرەتای تەمەنیدایە هیچ شتێك لە ماناکانی ترسو سڵکردنەوەو

خۆپارێزی دەزانێت؟! ئایاو...؟! ئایاو... چەندین ئایاو پرسیاری دی بەهزری هەر کەسێکدا لەوانەی سەرنج لەم چیرۆکە دەدەن، گوزەر دەکەن.

بەڕاستی موسای ساوای بێدەسەلات لە مەترسییەکی کت وپڕی دڵتەزێن دایەو،ماڵی باوکیو ئامێزی دایکیشی متمانەو ئاسایشی بۆ دابین ناکەنو، لەم قۆناغەدا ناتوانن لێ دوور خەنەوە، تەنانەت هیچ جێگەیەك لە (میسر)دا ئەو مەترسییەی لەسەر لانابەنو ناتوانن لێی دوورخەنەوەو، ناتوانن ئارامیو ئاسایشی بۆ بڕەخسێنن، تەنها یەك جێگە نەبێت، ئەویش کۆشکەکەی فیرعەونە.. بەڵام ئاخۆ کێ دەیگەیەنێتە ئەوێ.. بێگومان هەر ئەو خودایەی کە خواستی وایە، هەر ئەویش ئامرازی گونجاوو ئاسانکاریی بۆ دەڕەخسێنێت... مرۆڤەکانیش تەنها ئەو کارەیان لە ئەستۆیە کە بە سروشی خودا دەبێت ڕایپەڕێنن.

مانای (سروشی خودا: وحی الله) بۆ دایکی موسا

خودای مەزن لە فەرمایشتیدا: ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنْ أَرْضِعِيهِۖ ..﴾ (ئێمە سرووشمان نارد بۆ دایکی موسا کە لە شیر تێری بکات)و پاشان گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەش بۆ خودی موسا کاتێك گەورە دەبێت لەم فەرمایشتەی تریدا: ﴿إِذْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّكَ مَا يُوحَىٰٓ ﴿٣٨﴾ طه﴾. (کاتێك ئێمە بە سروش ئەوەی پێویست بوو بە دایکتان گەیاند)..

خودای مەزن لەم فەرمایشتانەوە ئەوە رادەگەیەنێت کە بەشێوازی پەروەردگارێتیی مسۆگەرکاری خۆی موسای پاراستوەو مەترسیی فیرعەونی لەسەر لابردووە. بەڵام مانای سروشی خودا(وحی الله) بۆ دایکی موسا چی یە؟! بێگومان ئەوە سروشێکی وەك پەیام ناردن نەبووە، واتە لەرێگەی (جیبریل)ی فریشتە وجێی متمانەی خوداوە نەبووە، چونکە دایکی موسا پێغەمبەرو رەوانەکراوی خودا نەبوە،

پێغەمبەرێتیش لەنێو ژناندا دەرنەکەوتووە، بەڵکو ئەو کارە تەنها بە پیاوان سپێرراوەو قورئانیش بەڕاشکاوی ڕایگەیاندووە: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡۚ فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ﴿٤٣﴾ النحل﴾. واتە: (ئەی پێغەمبەر، ئێمە لەپێش تۆشدا سروشمان بۆ پیاوانێك ناردووەو کردوومانن بە پێغەمبەران، جا ئەگەر (بێباوەڕانو خەڵکی دی) نازانن‌و بڕوا ناکەن با پرسیار لە شوێنکەوتوانی کتێبە ئاسمانییەکانی تری وەك (ئینجیل)و (تەورات) بکەن تاکو بزانن).

(جیبریل) فریشتەی خودا -سڵاوی لێبێت- تەنها بۆ پێغەمبەرانو نێرراوانی خودا سرووشی هێناوەتە خوارەوە، جا لەبەر ئەوەی دایکی موساش پێغەمبەرێك نەبووە ئەوا سرووشەکەی خوداش بۆ ئەم ژنە لە ڕێگەی (جبریل)ەوە نەبووە. بەڵکو (والله أعلم) لەڕێگەی ئیلهامو نیگای خۆیی(فطری)یەوە بووە بەئیلهامو نیگایەکی (فیطری) خودا تێی گەیاندووە کە بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات، واتە شیری پێبداتو لەنێو سندووقێکدا هەڵیداتە ڕووبارەکەوە.

نیگای (فیطری)یش بۆ مرۆڤ وەك زانایانی (زانستەکانی قورئان) دەڵێن: شێوەیەکە لە شێوە زمانەوانییەکانی سرووش).

خودا چ سرووشێکی بۆ دایکی موسا نارد؟!

خودای گەورە فەرموویە: ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِۖ فَإِذَا خِفۡتِ عَلَيۡهِ فَأَلۡقِيهِ فِي ٱلۡيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحۡزَنِيٓۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيۡكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلۡمُرۡسَلِينَ ﴿٧﴾ القصص﴾.

واتە: (ئێمە سروشو نیگامان بۆ دایکی موسا نارد کە تێر شیری بکاتو پێمان

ڕاگەیاند ئەگەر ترسایت لەوەی پێی بزانرێت، ئەوا فڕێی بدەرە نێو ڕووبارەکەوەو مەترسە لەوەی تووشی کارەسات ببێتو بۆی خەمگین مەبە، چونکە ئێمە بۆ لای تۆی دەگێڕینەوەو، لە ئایندەشدا دەیکەین بە یەکێك لە پێغەمبەران).

ئەم ئایەتە لەیەك کاتدا (دوو هەواڵ)و (فەرمان بە دووکردار)و (قەدەغەکردنی دوو ڕەفتار)و (دوو مژدە)ی بەشێوە ڕێکخستنێکی جوانو دانسقەو ڕەوانبێژیو ئیعجازەوە پێکەوە کۆکردوونەوە.. ئەویش بەم جۆرە:

- ئەو دوو هەواڵە لە ئایەتەکەدا: ﴿وَأَوْحَيْنَا﴾و ﴿إِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ﴾ کە لە یەکەمیاندا هەواڵی (موسا)و لە دووەمیاندا هەواڵی لەسەر نیگەران بوونیەتی.

- ئەو دوو کردارەش کە فەرمانی ئەنجام دانیانی پێکردووە ﴿أَرْضِعِيهِ﴾و ﴿أَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ﴾ کە لە یەکەمیاندا داوای شیرپێدانییەتیو لە دووەمیشیاندا خستنە نێو ڕووبارەکەیە.

- ئەو دوو ڕەفتارەش، کە ئەنجامدانیانی لێقەدەغەکردوە ﴿لاَ تَخَافِي﴾و ﴿لاَ تَحْزَنِي﴾ کە لە یەکەمیاندا ناهێڵێت لە بەڵاو کارەسات بترسێتو لە دووەمیشیاندا ناهێڵێت خەمبار بێتو خەفەتی پێ بخوات.

- ئەو دوو مژدەیەش، کە لە ئایەتەکەدا هاتوون ﴿رَادُّوهُ إِلَيْكِ﴾و ﴿وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾، کە لە یەکەمیاندا مزگێنی بە گێڕاندنەوەی پێدەداتو، لە دووەمیشیاندا مژدەی بوون بە پێغەمبەری پێ دەگەیەنێت.

بێگومان خودا لەم بەهاناوە هاتنەی دایکی موسادا، تەنها ژیانی کوڕەکەی بۆ مسۆگەر نەکردووە، بەڵکو ئەوەشی بۆ مسۆگەر کردووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ لایو، دەژی تاکو گەورە دەبێتو، تا دەشبێت بە پێغەمبەر.

قسەیەکی نەستەقی (أصمعي)

(أصمعي)-عبدالملك كوڕی قريب- خاوەنی (أصمعيات)- بە (راويە)و گێڕەرەوەی بەسەرهاتو سەرگوزەشتەو قسەی خۆش دادەنرێت. ناوبراو چەندەها شیعرو بەسەرهاتو قسەی نەستەقو دەگمەنو نوکتەی خۆشو وتەی زانایانی گێڕاوەتەوە، کە لە سەرانسەری ناوچەکانی دورگەی عەرەبیو لەنێو هۆزو تیرەکانیدا بڵاوبۆتەوەو، لەزاری پیاوانو ژنانی ئەم دورگەیەوە بەسەرهاتو قسەی نەستەقی بیستووەو پاراستوونی.

(أصمعي) لە یەکێك لەو بەسەرهاتە خۆشانەدا ئەم ئاخاوتنەی نێوان خۆیو کیژۆڵەیەکی دەوارنشینی عەرەب دەگێڕێتەوە، کە کاتێك خۆی لەبەردەم یەکێك لە دەوارەکاندا گوێی لەو کیژۆڵە بچووکە بووە ئەم دوو دێڕەشیعرەی بەدەنگێکی بەرز گوتووە:

أستغفر الله لذنبي كلّه   قبّلت انساناً بغير حِلّه
مثل الغزال ناعماً في دلّه   فأنتسف الليل ولم أصلّه

(أصمعي) پێی گوتووە: بەڕاستی من زۆر سەرسامم پێت، ماشاڵڵا چەندە زمانپاراوو ڕەوانبێژیت!!

بەڵام کیژۆڵەکەش پێی دەڵێت: جا ئایا تۆ بڵێی ئەم شیعرانەی من لە ئاست فەرمایشتەکەی خوادا هیچ ڕەوانبێژییەکی تیادابێت کە فەرموویە: ﴿وَأَوْحَيْنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنْ أَرْضِعِيهِ ۖ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِى ٱلْيَمِّ وَلَا تَخَافِى وَلَا تَحْزَنِىٓ ۖ إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ۝٧﴾ القصص. کە هەر لەم ئایەتەدا دوو هەواڵو دوو فەرمانو دوو ڕێگریو دوو مزگێنی کۆکردۆتەوە؟!! ئایا لەئاست ئەم ئایەتەدا من چ جوانکاریو ڕەوانبێژییەکم لەو شیعرەدا پیشان داوە؟![1]

---

١) تفسير القرطبي، ١٣-٢٥٢.

سەرنجێك لە ئایەتەکانی سورەتی (طه):

خودای مەزن لەو ئایەتەدا فەرموویەتی: ﴿ أَنِ ٱقْذِفِيهِ فِي ٱلتَّابُوتِ فَٱقْذِفِيهِ فِي ٱلْيَمِّ فَلْيُلْقِهِ ٱلْيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّي وَعَدُوٌّ لَّهُۥ ... ﴿٣٩﴾ طه﴾.

واتە: (کاتێك ئەوەی پێویست بوو لە سروش بە دایکتمان گەیاند لەسەر ئەوەی، کە موسای کۆرپەت فڕی بدە نێو سندووقێکی تایبەتەوەو پاشان سندووقەکەش فڕێدەرە دەریاکە، تا دەریاکەش بەرەو کەنار دەیبات‌و لەوێش دوژمنێکی من، کە دوژمنێکی ئەویشە دەیگرێتەوە.

لەم ئایەتەدا خودا سروش‌و نیگای هەڵس‌و کەوتێك بە کۆرپەکەی دەخاتە دڵی دایکی موساوەو ڕێگەی چۆنیەتی پاراستنیی پیشان دەدات. بەڵام بەراستی ڕێگەیەکی سەرسوڕهێنەرو، توندوتیژی‌و چاوقایمیی تێدایە.. منداڵێکی ساوا بخەرە نێو سندوقێکی سەرگیراوەو، سندوقەکە فڕێ بدەرە نێو دەریاوەو، دەریاش بیبات بۆ کەنار..

فڕێی دەرە دەریاوە ﴿ٱقْذِفِيهِ﴾ بەراستی (قذف)یش کارێکی قورس‌و توندتیژە؟ کێ فڕێ دەدات؟ کوڕێکی ساوای تازە لەدایك بووی بێدەسەڵات‌و لاواز، کە تەمەنی چەند سەعاتێکە، بە سندووقێکەوە فڕێی بدات، ئەمەش وەك ئەوەی پێی گوترابێت پاراستنی کوڕەکەت لەسەر تۆ نییە، بەڵکو لەسەر خوایە، لەبەر ئەوە فڕێی دەرە نێو سندووقەکەوە، واتە نەك بەهێواشی‌و بە نەرمی بیخەیتە نێوی.. ئینجا سندووقەکەش فڕێبدە نێو دەریاکەوە.

هەردوو فەرمانی (ٱقْذِفِيهِ: فڕێی بدە) لەو ئایەتەدا ﴿ أَنِ ٱقْذِفِيهِ فِي ٱلتَّابُوتِ فَٱقْذِفِيهِ فِي ٱلْيَمِّ ﴾ چەندین فێنکایی خۆش‌و چەندین ئاماژەی نیگا بەخشی جوان‌و چەندەها ئاڕاستەی حەشاردراویش دەخەنە نێو زەین‌و خەیاڵەوە، کە زەین‌و هەستی

بینا تامی شیرینی دەچێژێتو هۆگری دەبێت، دیارە بەزمانی ئاخاوتن هیچ تەرجەمەو گوزارشتێکی پێ دەرنابڕێت. داوا لە خوێنەری بەڕێزیش دەکەین بەوردی سەرنج لەم ئایەتە بداتو هەموو ئەو سێبەری فێنکاییو ئاراستەو ئاماژەی نیگابەخشانەی تێدا بەدی بکات.

موسا لەماڵی فیرعەوندا

خودا فەرمووییەتی: ﴿..فَلْيُلْقِهِ ٱلْيَمُّ بِٱلسَّاحِلِ يَأْخُذْهُ عَدُوٌّ لِّي وَعَدُوٌّ لَّهُۥ..﴿٣٩﴾ طه﴾.

واتە: (با دەریاش بەرەو کەنار بیباتو با دواییش دوژمنێکی منو دوژمنێکی ئەو بیگرێتەوە).

هەروەها فەرموویە: ﴿فَٱلْتَقَطَهُۥٓ ءَالُ فِرْعَوْنَ﴾ (القصص- ٧)، واتە: (ئینجا دارودەستەی فیرعەون هەڵیان گرتەوە).

بەراستی مرۆڤ لەم دیمەنەی نێو چیرۆکەکە سەرسام دەبێت کە خودا سزای فیرعەون لەسەر فڕوفێڵەکانی دەداتو لاوازیو بێتواناییشی پیشانی ئێمە دەدات. ئەمەش وەك ئەوەی پێی بفەرموێت: (تۆ ئەی فیرعەون، بەدوای منداڵە لەدایك بووە نێرینەکانی بەنو ئیسرائیلدا دەگەڕێیت تاکو بیانکوژیت، بەڵام خۆت بە گەڕان ماندوو مەکە، چونکە ئەوا ئێمە خۆمان یەکێك لەو منداڵە نێرینانەت بۆ دەهێنین بێئەوەی بەدوایدا بگەڕێیت یان هەوڵو تەقەلای دۆزینەوەی بدەیت، ئەوا منداڵەکە هێنراوە بۆ لاتو بچووكو بێدەسەڵاتەو توانای بەرگریی لەخۆی نییە، جا تۆش ئەگەر دەتوانیت بیکوژە.. ئەو لەماڵی تۆدایەو لەبەردەستت دایە، تۆش توانای ئەوەت نابێت کە خراپەیەکی دەرهەق بکەیت یان ئازارێکی بدەین، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە تۆ دەبێت لە خزمەتیدا بیتو تەرخان دەکرێیت بۆ پەروەردەو سەرپەرشتیارێتیکردنی تاکو گەورە دەبێتو دەتکوژێت)

ئەم وتانە خوێندنەوەی ئەو بارودۆخە بوو کە وەك ئەوە وایە خودا بەو رەنگە بە فیرعەونی راگەیاندبێت.

کێ موسای گرتەوە؟ وەڵام (دوژمنەکەی خوداو دوژمنەکەی موسا) واتە فیرعەون، واتە دوژمنی سەرسەختو تینوو بەخوێنی موسا، هەروەها دوژمنی خوداش.. واتە ئەو دوژمنەی کە ئیددعای هەردوو سیفەتی خوایەتیو پەروەردگارێتی (الألوهية والربوبية)ی دەکرد، کەچی سەرەڕای ئەمەش دەستەوسان بوو لە کوشتنی کوڕێکی تازە لەدایك بوو کە بە ئاسانی کەوتبووە بەردەستی خۆی.

بێئارامیی دایکی موسا و پاشان هێوربوونەوەی

راستە خودا مژدەی ئەوەی بەدایکی دابوو کە کوڕەکەی لەژێر سەرپەرشتیو پارێزگاریی خۆیدایەو هیچ کەسێکیش ناتوانێت ئازارێکی بدات، چونکە خودا خۆی دەیپارێزێت، بەڵام ئەم دایکە وای چاوەڕوان نەدەکرد کە دەریاکە لە کەنارەوە بۆماڵی فیرعەونی هەڵدەگرێت. بێگومان هەموو جۆرە بیرو خەیاڵو گومانو ئەندێشەیەك دڵی دایکی موسایان داگیرکردبوو، لەملاوە شەیتانیش هەوڵی دەدا خورپەو وەسوەسەکانی بخاتە دڵیەوە، لەبارەی حاڵەتەکەی دایکی موساوە خودا دەفەرموێت: ﴿وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَارِغًا إِن كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِ لَوْلَا أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا لِتَكُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠﴾ القصص﴾.

واتە: (ئەوسا دوای ئەوەی دایکی موسا کۆرپەکەی هەڵدایە دەریاوە هەستی بە بۆشاییو بیئارامییەکی زۆر دەکردو خەریك بوو نهێنیی مەسەلەکەی ئاشکرا بکاتو بچێتو بڵێت ئەوە منداڵی منە، ئەگەر ئێمە دڵیمان بەهێزو دامەزراو نەکردایەو وزەو ئارامیمان پێنەدایە تا لەو باوەڕدارانە بێت کە بڕوایان بە مژدەو بەڵێنی خودا هەیە).

لەم ئایەتەوە بەروونی ئەو حاڵەتەمان دێتە بەرچاو کە دڵی دایکی موسا بۆشاییی تەواوی تێکەوتووەو لەهەموو شتێك بەتاڵ بۆتەوە تەنها لە موسا نەبێت. هیچ خەیاڵو ئەندێشەیەك لەدڵی دا نەماوە تەنها چارەنووسی موساو بیرلێکردنەوەی ترسو نیگەرانی لەسەر موسا نەبێت. بەتاڵ بوونەوەی دڵی ئەم دایکە لە هەموو شتێك تەنها لە موسا نەبێت، هەر تەنیا وێنەگرتنێکی وردبینانە نییە، بەڵکو رەوانبێژییەکی رۆشنکارییشە، بگرە تەنانەت راستییەکی تێبینیکراوی دەروونیشە، هەر بۆیە کاتێك مەسەلەیەك دڵی مرۆڤ داگیر دەکات، هەر بیر لەوە دەکاتەوەو، هیچ شتێکی تر جگە لەوە لەدڵیدا نامێنێت.

دایکی موسا وای لێهات بوو خۆیشی خەتابار دەکردو گلەیی لە خۆی دەکرد: ئەرێ من چیم کرد؟ بۆچی وام لەم کوڕەم کرد؟ کێ ئەوەم بۆ دەسەلمێنێت کە ئەم کارەم بە نیگاو ئیلهامێك لەخوداوەیە؟ ئەرێ چۆن بەدەستی خۆم کوڕەکەم تەسلیمی دوژمنی خۆی (واتە فیرعەون) کرد کە هەر ئەوە دژیەتیو دەیکوژێت!! ئایا بەراستە من هێندە شێتم کە ئەم کارەم کرد؟!

﴿إِن كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِۦ﴾ واتە خەریك بوو ئەم دایکە هەر خۆی رازو نهێنییەکەی خۆی ئاشکرا بکاتو پەردە لەسەر مەسەلەکەی لادات، خەریك بوو بچێتە دەرەوە بۆ لای خەڵکیو پییان بڵێت: من گوناهکارم، من گوناهم دەرهەقی کوڕەکەم کردووە، ئەو منداڵە تازە لەدایك بووەی کە لای فیرعەونە ئەوە کوڕی منە، تکاتان لێ دەکەم رزگاری کەنو بۆ منی بگێڕنەوە.

خۆ ئەگەر دایکی موسا ئاوای بکردایەو ئەوەی بگوتایە، ئیدی کێبوو ئەو کەسەی بتوانێت بەرگری لە موسا بکاتو لە چنگ فیرعەونی رزگار بکات؟

خەریك بوو دایکی موسا هەواڵەکە ئاشکرا بکاتو نهێنییەکە دەرخات ئەگەر خودا هێورو دڵنیای نەکردایەو هەموو خورپەو خەیالاتو دڵەڕاوکییەکی بۆ لانەبردایەو دڵی جێگیر نەکردایە ﴿لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا﴾.

﴿لَوْلَآ أَن رَّبَطْنَا عَلَىٰ قَلْبِهَا﴾ دڵیمان جێگیرو دامەزراو کرد بەوەی، کە پڕمان کرد لە باوەڕو ئیمان بە خوداو، متمانە بە بەڵێنی خوداو بڕوای تەواو بە بەدیهاتنی بەڵێنەکە.

ئینجا بڕواو یەقینی بەوەش هەبوو، کە خودای پەروەردگار هەر خۆی سروش‌و نیگای ئەو کارەی پێداوەو بە سروشی خودا، منداڵەکەی هەڵداوەتە دەریاوەو، هەر خوداش حوکم‌و فەرمانی لەسەر گەیشتنی کوڕەکەی بۆ لای فیرعەون وا بووەو، پاشان هەر خوداش پارێزەری بووە لەلای فیرعەون.

خودا دڵی دایکی موسای دامەزراوو هێور کردەوە، ئەویش دڵنیابووەوەو دەروونی هێمن بووەوەو خورپەو خەیالاتیشی دامرکانەوەو، یەکێك بوو لە خاوەن باوەڕان‌و ئیمانی بەهێز بووو، بەهۆی ئەم ئیمانەوە بە بڕوای تەواوو هێمنی‌و دڵنیاییەوە چاودێری چارەنووسی موسای دەکرد.

با پێکەوە سەرنج لە وردی‌و زیندوێتی‌و کارایی وێناکردنی هونەریانەی ئەم فەرمایشتەی خودا بدەین ﴿وَأَصْبَحَ فُؤَادُ أُمِّ مُوسَىٰ فَارِغًا إِن كَادَتْ لَتُبْدِي بِهِۦ... ﴿١٠﴾ القصص﴾. دڵی دایکی موسا تەواو بەتاڵ ببووو، هیچ شتێکی تێدا نەمابوو تەنها بیرکردنەوە لە کۆرپەکەی‌و خەریك بوو نهێنیی خۆیشی ئاشکرا بکات.

بێگومان گرتنی وێنەی دڵێك کە لە هەموو شتێك خاڵی بوویێتەوە تەنها لەیەك شت نەبێت، ئەوە لەڕاستیدا ئەو دڵە پڕ بووە لەو شتەی، کە تەنگی پێهەڵچنیوە، جا کاتێك ئایەتەکە وای دەردەبڕێت، کە خاڵی بۆتەوە، مەبەستی لەوەیە، کە پڕە. دڵی دایکەکە پڕ بووە لە گرنگیدان بە کوڕەکەی، پڕ بووە لەو نهێنییە ترسناکەی، کە بێگومان ئەو کوڕە تازە لە دایك بووەی ئێستا لەلای فیرعەونە کوڕی ئەم دایکە خۆیەتی، جا بۆ ئەوەی دایکەکە ئەم نهێنی یە ئاشکرا نەکات، خودا دڵی دایکەکەی‌و نهێنی یەکەی نێو دڵیشی بەهێزو دامەزراو کرد.

رۆڵی ژنەکـەی فیـرعەون

خودای مەزن هەواڵی ئەوەی بە موسا گەیاند کە کاتی خۆی لە منداڵی دا لەنێو کۆشکی فیرعەون چی بەسەر هاتووەو ڕادەی ئەو خۆشەویستییەی خۆیشی بـۆ بـاس کردووەو ئەو هۆو ئامڕازو بارودۆخەی کە ژیانیـشی پـێ پـارێزراوە بـۆ دەسنیـشان کردووە، وەك فەرموویەتی: ﴿...وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً ...﴾ (٣٩) طه:. واتە: لەلایەن خۆمەوە سۆزو خۆشەویستییەکم بۆ دەستەبەر کردیو ئـەو خۆشەویـستییەم خـستە دڵی کەسانی ناحەزتەوە بەرامبەر بەتۆ..

لەم دێڕەی ئایەتەکەدا وشەی هەواڵدەری (وَأَلْقَيْتُ) کە مانای ناردنو گەیانـدنو دەستەبەرکردنی خۆشەویستی یە بۆ موسا دیمەنێکی زۆر جوانی هونـەریی تێدایـەو بەمـەش خـودا دەیـەوێت قـەرەبووی ئـەو سـۆزو خۆشەویـستییەی دایکـیو ئـەو ئامێزەگەرمەیو بەخێوکردنیو سەرپەشتی کردنەی بۆ بکاتەوە کە لەدەستی دابوو، ئەوەش بەو ڕایەخە گەرمەی بۆی ڕاخرابووو بەو پێخەفە ئارامەی پیایدا دەدرا.

لـە ڕاستیـشدا ئـەو هـیچ زیـانێکی لـێ نەکـەوتبوو، چـونکە ئـەوەتا سـۆزو خۆشەویستی لە خوداوەو لەنێو ماڵەکـەی فیرعەونـدا بـۆ دەسـتەبەر کـراوەو هـەر بەوەش دادەپۆشرێتو، تا وای لێ دێت ئەم خۆشەویستی یەی خـودا لـە پێخـەفێك دەچێت کە پیێدا دەدرێت.

بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان پێخەفەکەی دایکی کە لە کەلو پەلی دنیا دروست کراوەو کە بەرگری لە ئازاری فیرعەون پێ لێناکرێتو، لەنێوان ئەو پێخەفە دەستەبەرکراوەی خـوادا کـە لـە خۆشەویـستییەکی پوختـەکراوو پـاڵێوراوی خـۆی دروست کراوەو کە ئازارو ستەمی فیرعەونیشی لێ دوور دەخاتەوە, بێگومان خـودا خۆی ئەرکی سەرپەرشتیو بەخێوکردنی موسای کۆرپەی ڕادەپەڕاندو بەڵێنی دابـوو کە لە ماڵی فیرعەوندا لە ئازاری فیرعەون بیپارێزێت، بەڵام چۆن؟

خودا بۆ ئەم مەبەستە ئامرازێکی هەڵبژارد کە بە خەیاڵی هیچ کەسێکدا نەدەهات، ئەوەش خۆشەویستی بوو، بۆ وەدیهێنانی ئەم خۆشەویستییەش دڵێکی وای بۆ تەرخان کرد کە لە پێشبینیی و بۆچونی هیچ کەسێك دا نەبوو، ئەویش دڵی ژنەکەی فیرعەون بوو، وەك خودا دەفەرموێت: ﴿وَقَالَتِ ٱمۡرَأَتُ فِرۡعَوۡنَ قُرَّتُ عَيۡنٖ لِّي وَلَكَۖ لَا تَقۡتُلُوهُ عَسَىٰٓ أَن يَنفَعَنَآ أَوۡ نَتَّخِذَهُۥ وَلَدٗا وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ۝٩﴾ القصص.

واتە: (هاوسەرەکەی فیرعەون نەیهێشت فیرعەون موسای منداڵ بکوژێتو گوتی: من ئومێدەوارم ببێتە مایەی خۆشحاڵی بۆ منو بۆ تۆش، جا مەیکوژن، بەڵکە لە ئایندەدا سودمان پێ بگەیەنێت، یاخود دەیکەین بە کوڕی خۆمان بەشێوەیەك کە ئەوان واتە بەنو ئیسرائیل هەر پێشی نەزانن و هەستی پێنەکەن).

ئیدی ژنەکەی فیرعەون موسای کۆرپەی خستە ژێر باڵی سۆزو خۆشەویستییەك، کە لەخوداوە خرابووە نێو دڵییەوە. هەر خودا فەرمانی بە دڵی ئەو ژنە کرد، کە موسای خۆش بوێت، هەروەها دڵیی تەرخان کرد بۆ بەرگری لێکردنی، ئەوەبوو داوای لە فیرعەونی مێردی کرد، کە نەیکوژێو پێی راگەیاند کە ئەم کۆرپە تازە لەدایك بووە جێی خۆشیی و شادیی هەردووکیان دەبێت.

دیارە فیرعەونیش خێرا داوای هاوسەرەکەی پەسند کردووەو قایل بووە، هەر ئەوەی لەدەست هاتووە، کە قایلو رەزامەند بێتو داواکاریی ژنەکەی رەت نەکاتەوە.

دە توخوا تۆش ئەم حاڵەتە بخەرە بەر دیدی خۆت، بۆنمونە ئەگەر داوات لێبکرایە، کە موسا لە ستەمی درندانەی فیرعەون بپارێزیت لەکاتێکدا لەژێر چنگیدایەو کۆرپەیەکی بێدەسەڵاتەو ناتوانێت بەرگری لەخۆی بکات، فیرعەونیش سەرقاڵی تیژکردنەوەی چەقۆکەیەتی بۆ سەربڕینی، ئایا لەو حاڵەتەدا توانات هەبوو بەرگری لێبکەیت؟ ئەی ئەگەر توانای ئەوەت هەبوایە، ئایا ئەو ئامرازەت بەخەیاڵدا دەهات؟ ئایا دەتتوانی دڵی ژنەکەی فیرعەون بۆ ئەوە بخەیتە کار؟ ئایا بۆت دەکرا دڵی ئەو ژنە وا لێبکەیت، کە ئەو منداڵە ساوایەی خۆش بوێتو

بیکات بە کوڕی خۆی؟!

بێگومان هەر مرۆڤێك لە گرۆی ئادەمی لـە ئاسـت کـارێکی ئـاوادا شکـستو دەستەوسانە، بەڵام خودای پاكو دوور لە هـەموو خـەوشو لاوازییـەك هـەر خـۆی بەتواناو کردەی هەر کارو ئەرکێکە کە خوازیـاری بێـت، ئـەوەبوو ئـەم ئەرکەشـی راپەڕاند، چونکە دەسەڵاتی هیچ مرۆڤێك نەدەگەیشتە ئـەو پلەیـەی بتوانێـت دڵـی ژنەکەی فیرعـەون رابگرێـت، تەنانـەت خـودی فیرعـەونیش نـەیتوانی ئـەو دڵـەی هاوسەرەکەی بخاتە ژێر رکێفو فەرمانی خۆیـەوەو حـوکمی تیـادا بکـات، پاشـان تەنانەت خودی ژنەکەش هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر دڵی خۆیدا نەبوو.. تەنها خودای پەروەردگار خۆی دەسەڵاتو رکێفی لەسەر دڵـی ژنەکـە هـەبوو، خـودا فەرمووییـە ﴿...وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يَحُولُ بَيۡنَ ٱلۡمَرۡءِ وَقَلۡبِهِۦ...﴿٢٤﴾ الأنفال﴾. واتە: (چـاك ئەو راستییە بزانن کە خودا زۆر بەئاسانی دەتوانێت مرۆڤ لە خواسـتو ئاواتـەکانی نێو دڵی دابڕێت، سا ئیتر بە کارەساتێك بێت یان بە مردنی کتو پڕی بێت)....

خوشـکەکەی موسا بەدوای موسادا دەچێت

خـــودا فەرموویـــــە: ﴿وَقَالَتۡ لِأُخۡتِهِۦ قُصِّيهِۖ فَبَصُرَتۡ بِهِۦ عَن جُنُبٖ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿١١﴾ القصص﴾. واتە: (دایکـی موسـا بـە کـچی خـۆی، کـە خوشـکی موسایە، پێی گوت: برۆ بە شوێن هەواڵو ئاسەواریدا، ئەم کچەش دوای ماوەیەکی کەم لە کەنارێکیەوە بەدیی کرد لەکاتێکـدا دارودەسـتەی فیرعـەون هەسـتیان بـەم بەدواداچوونەی خوشکەکەی نەدەکرد).

لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دایکی موسـا داوای لـە خوشـکەکەی (موسا) کـردووە شـوێن پـێو ئاسـەواری هـەڵگرێتو زۆر بـە وردیو وریاییـیەکی

هێمنانەوە چاودێریی سندووقەکە بکات کە موسای تێدایە تا بزانێت لەکوێدا دەگیرسێتەوەو چیی بەسەر دێت؟!!

دایکی موسا بەم کچەی خۆی (کە خوشکی موسایە) گوتووە: (قصیه) واتە بەدوای حەرەکەتو بزاوتو ئاسەواری کۆتاییدا بچۆو چاودێریی رۆشنی بکە.

خوشکە داناو ژیرەکەشی داواکاریی دایکی خۆی بەدانایی‌و وریاییەوە جێبەجێ دەکات، ئەوەبوو بەوردی چاودێریی هێڵی رۆشتنی سندووقەکەی بەدەریادا دەکرد. دیارە دوایین وێستگەی گیرسانەوەی سندووقەکەش (کە لەبەردەم کۆشکی فیرعەوندا بووە) ترساندوویەتی‌و، هەروەها بەوەش ترساوە کاتێك خزمەتگوزارانی کۆشکەکە سندووقەکە هەڵدەگرنەوە..

لێرەدا ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێت، کە ئاماژەی بۆ بکەین، وریایی‌و زیرەکیی خوشکەکەی موسایە، وەك ئایەتەکەش گوزارشتی لێ کردووە ﴿فَبَصُرَتْ بِهِۦ عَن جُنُبٍ وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ﴾. بە مانای (ئەم کچەش دوای تاوێك لەکەنارێکەوە بەدیی کرد، کە تاقمەکەی فیرعەون هەستیان پێ‌ی نەدەکرد)..

بەڕاستی ئەم خۆ پەنادانە وریاییەکی شارەزایانەو زیرەکانەیە، کە توانیویەتی بە کارامەیی‌و عاقڵانە هەڵس‌و کەوت بکات‌و بەچاکییش هونەری خۆ حەشاردان‌و چاودێریی کردنی هێمنانە بنوێنێت. ئەم خوشکەی (موسا) لەدوورەوە چاودێریی سندووقەکەی دەکرد، بێ‌ئەوەی سەرنجی خەڵکی دەوروبەر بەلای خۆیدا راکێشێت، ئەو، کەسانی تریشی دەبینی، بەڵام خۆی وا دەردەخست، کە گوایە خەیاڵی لەلای هیچ شتێکی تایبەتی نییەو، وەك تەنها رێبوارێکی گوزەرکاری سەر رێگەکەیە، هەر بۆیەش کەسێك ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات، کە ئەم کیژە کەسێکی زۆر نزیکی ئەو منداڵەیە.

لێوی موساو مەمكی ژنانی شیردەر

خودا بەڵێنی بە دایكی موسا دابوو كەوا كورەكەی بۆ دەگەڕێنێتەوە.. بێگومان بەڵێنی خوداش راستو بەدیهاتووە.. ئەوەبوو خودا كورەكەی بە شێوازێكی وەها دەگمەنو بێوێنە بۆ گەڕاندەوە، كە بە خەیاڵی هیچ كەسێكدا نەدەهات. لەم رووەوە خودا فەرموویە: ﴿...وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَرَاضِعَ ﴿١٢﴾ القصص﴾. واتە: (ئێمە هەموو دایەنو شیردەرێكمان لێ حەرام كرد).

لەم فەرمایشتەدا مانای حەرام كردن (تحريم) ئەو قەدەغەكردنەیە، كە (نەویستن) بەدی دێنێت، واتە فەرمانمان بەم منداڵە شیرەخۆرەیە كرد، كە مەمكی هیچ ئافرەتێكی شیردەر نەگرێتە دەم، ئەویش فەرمانەكەمانی جێبەجێكردو شیری هیچ ژنێكی نەویست.

ئەم ئامرازە خوداییەش لە گرنگترینو سەرسوڕهێنەرترین كاری رێكوپێكی خوداو تەقدیراتیەتی، چونكە موسا منداڵێكی شیرەخۆر بووەو هێشتا لە چەند رۆژێكی كەمی تەمەنیدا بووە، بگرە لەوانەیە لە چەند سەعاتێكی سەرەتای تەمەنیدا بووبێتو منداڵی شیرەخۆرەش لەم تەمەنەدا جیاوازی لەنێوان ئافرەتێكو ئافرەتێكی دیو، لە نێوان مەمكێكو مەمكێكی تری شیردەردا ناكات، هەر بۆیەش هیچ توانایەكی هەڵبژاردنو جیاكردنەوەی بۆ دروست نابێت. بەڵام خودا بەشێوازێكی ئیعجازی بێوێنە ئەو توانای جیاكردنەوەیە لە موسای كۆرپەی شیرەخۆردا (وەك هەموو موعجیزەكانی تری، كاتی لەدایك بوونیو پاراستنیو سەرپەرشتی كردنی) پەیدا دەكات.

بێگومان ئەم كۆرپەیەش برسی بووەو، كۆرپەی شیرەخۆریش لەكاتی برسیەتیدا هەموو مەمكێك دەگرێتە دەمو، هەر شیرێك هەبێت دەیخوات. هەر بۆیەش چەندەها ئافرەتی شیردەر لەلای فیرعەون خۆیان بۆ ئەم كۆرپەیە تەرخان دەكەن تاكو

لە شیریان بخوات، هەریەکە لەوان مەمکی خۆی دەخاتە سەر دەمی، بەڵام موسای کۆرپەی شیرەخۆر هەموویان رەت دەکاتەوەو قایل نابێت بە مەمکی هیچ ئافرەتێك، چونکە دوای ئەوەی بۆنی هەر مەمکێکیان دەکاتو لە روخساری خاوەن مەمکەکە ورد دەبێتەوە بۆنی مەمکی دایکی خۆی لێ نایەتو ئافرەتەکانیش بۆنی دایکی خۆی لێ نایەت..

﴿...وَحَرَّمْنَا عَلَيْهِ ٱلْمَرَاضِعَ ﴿١٢﴾ القصص﴾وەك ئەوەیە کە خودا فەرمانی بە هەردوو لێوی ئەم منداڵە کردووە، کە هیچ مەمکێك قبوڵ نەکەنو لەهیچ شیرێکیان نەخۆن.. ئەو دوو لێوەش فەرمانی خودایان بەجێهێناو هیچ رێگەیەکیان جگە لە بەجێهێنانی ئەو فەرمانە لەبەردەم دا نەبوو.ئەوکەسانەی لەوێ ئامادەبوون بە فیرعەونو تاقمەکەیو ئافرەتەکانی یەوە هەموویان کەوتبوونە حاڵەتێکی بێئارامیو سەرسوڕمانو سەرسامییەوەو، واقیان وڕمابوو لەم حاڵەتەی کە بۆ یەکەم جارە دەیبینن، منداڵێکی شیرەخۆرە لە برساندا دەگری، کەچی سەرەڕای ئەوەش مەمکەکانو شیرەکە ڕەت دەکاتەوە، وەك ئەوەی بە تەمای مەمکێکی تایبەتی ئافرەتێکی تەرخانکراو بێت، تاکو شیرێکی تایبەتی پێبدات.

هەروەها ئامادەبوانی نێو کۆشکەکەش دڵەڕاوکێو نیگەرانیان لەسەر ئەوە بوو، کە ترسی نەمانو مردنیان لێ ی هەبوو، ئەگەر لەسەر ئەم رەت کردنەوەو شیرنەخواردنە بەردەوام بێت. ئەوان دەیانەوێت ئەم کۆرپەیە بژیو بە هەموو شێوەیەك ئامادەبوون، کە هەرچی لە هەوڵو توانایان دایە بۆی بخەنە گەڕ، تاکو لە ژیاندا بیهێڵنەوە.

کەوابوو ئێستا کێن ئەوانەی پەرۆشن بۆ ژیانیو لە پەلەقاژەی رزگارکردنی دان؟ ئەوان ئەو کەسانەبوون، کە (ژیانی موسا) لەبەردەستیان لە مەترسیدا دەبوو، گەر بیانزانیایە داهاتوویان چۆن دەبێت..!! ئەمان ئەو کەسانەن کە وامان لێ چاوەڕوان کردوون ئەم کۆرپەیە بکوژن، چونکە لە نێرینەکانی (بنو اسرائیل)ە، کەچی ئەم

دوژمنانه به تەگبیری خوداو به قەدەری خودا وایان لیٚ هات پەرۆش بن بۆ ژیـانیو پەلەقاژە بکەن بۆ رزگارکردنی.. ئای چەند جوانو بەجییه تەگبیرو قەدەری خـودا.. چەند گەورەیە پەروەردگار.. ئێمەش هەر ئیمانمان بەو خودایه هێناوە.

حیکمـەت له نەخـواردنی شـیری دایەنەکـاندا

گەر لەئاست ئەم تەگبیرو کارە رێكو پێکە دانایانەی خوادا هەڵوێسته بکەینو، هەوڵی زانینی هەندێك حیکمەت لەکاری نەخواردنی شیری دایەنەکاندا بدەین، ئەوا لەم رووەوە چەند حیکمەتێك دەردێنین:-

١- بێگومان ئەم شیر نەخواردنەی (موسا) کـارێکی پلانـی خـودایی بـووە، تـاکو بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی.

٢- ئەگەر موسا شیری هەر دایەنێکی له کۆشکی فیرعەونـدا بخواردایـە، ئـەوا لـە سۆزو ئامێزی گەرمو باش بەخێوکردنی دایکی بێبەش دەبـوو. وەك ئاشکراشـە دایکی منداڵ هەر خۆی سوورترو بەپەرۆشترە بۆ منداڵەکـەی، تەنانـەت ئەگـەر دایەنی شیردەر هەرچەندێکیش بۆی دڵسۆز بێت.

٣- ئەگەر پێشتر (بەر لەوەی موسـای منـداڵ مـەمکی دایەنـەکانی دی نـەگرێت) دایکی خۆی بچوایە بۆ ئەو شوێنەو، وەك دایەنێك خۆی بۆ تەرخان کردایە، ئەوا بە تاوانبار دادەنراو چەندین گومانی لیٚ دەکراو پەیوەندیی راستەقینەشـی بـەو منداڵەوە دەزانرا، چونکە هەڵپەو جـۆشو خرۆشـی دایـك بـۆ منداڵەکـەی لـە چـاودێرێکی بینـاو چـاوتیژ ناشـاررێتەوە، ئەمـەش لـە خۆشویـستنی زۆریو چۆنیەتی لەباوەش کردنو هەڵگرتنیو، شیر پیٚدانیدا دەردەکەوێت.

٤- ئەم شیرنەخواردنەی موساو (ڕەتکردنەوەی مەمکی هـەموو دایەنـەکانی) ئـەو هۆکارەیە، کە خودا پیلانی فیرعەونو گەلەکەی پیٚ پووچـەڵ کردۆتـەوەو سـەری لیٚ تێکداون، ئەمەش بەو ڕەنگەی وای لیٚ کـردن خۆیـان بەوپـەڕی سـووربوونو

بایەخەوە بەدوای هەر دایەنێکدا بگەڕێن، تا موسا مەمکی یەکێکیان پەسند دەکات. ئیدی لەو ساتەشدا هیچ گومانێك لە دایکی ناکرێت، کاتێك مەمکی دایکی دەگرێتە دەمو ڕەتی ناکاتەوەو، ئەوانیش بیر لە چۆنیەتی پەیوەندی نێوان منداڵەکەو ژنە شیرپێدەرەکەی ناکەنەوەو هەر ناشپرسن، کە ئاخۆ دایکیەتی، یان نا؟.. وەك ئەوەی خودا بە فیرعەونی ڕاگەیاندبێت، کە (تۆ دەتەوێت منالە شیرەخۆرەکە لەباوەشی دایکی دەربێنیتو ئێمەش دەمانەوێت، کە تۆ خۆتو کۆمەڵەکەشت بیگەڕێننەوە بۆ باوەشی دایکیو، هەر دایکیشی بکەن بە دایەنێکیو لەسەر حسابی خۆتان ڕایگرنو کرێی خۆی لەهەمبەر شیرپێدانیدا پێبدەن.. ئیدی هیچ شتێکی تر لە ئارادا نابێت، تەنها خواستی ئێمە نەبێت، ئێوەش تەنها خواستو ئیرادەی ئێمە جێبەجێ دەکەن.

خودا موسا بۆ لای دایکی دەگەڕێنێتەوە

خوشکەکەی موسا لە کاتێکی گونجاودا خۆی گەیاندە لای تاقمەکەی فیرعەونو ئامادەیی خۆی بۆ هەر کارو خزمەتگوزارییەك دەربڕی، چونکە ئەوانیش زۆر سووربوون لەسەر هێشتنەوەی ئەو منداڵە بەهەر ئامرازێك بێت، دەبوایە ژیانی رزگارکەنو، هەر وتەو ڕاوێژێکیش لە هەرکەسێکەوە بێت وەریگرنو کاری پێبکەن.

لەو کاتە گونجاوو دەرفەتە ڕەخساوەدا خوشکەکەی موسا خۆی لە مەسەلەکە هەڵقورتاندو، بەشێوەیەکی وەها لەباریش چووە پێشەوە، کە هیچ گومانێکی لێنەکرێت، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر وریاییو بێداریی خۆیو، لەسەر بەهرەو سەلیقەو جوانیی پلان دانانو، زیرەکیو راستیی تێفکرینو تێڕوانینی. ئەوەبوو پێی گوتن: ﴿... هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰٓ أَهۡلِ بَيۡتٖ يَكۡفُلُونَهُۥ لَكُمۡ وَهُمۡ لَهُۥ نَٰصِحُونَ ﴿١٢﴾ القصص﴾. واتە: (ئایا ناونیشانی ماڵو خانەوادەیەکتان پیشان دەم، کە دەتوانن ئەم منداڵەتان بەچاکی بۆ پەروەردە بکەنو دڵسۆزو خەمخۆریشی بن؟!)

جا لەم ئایەتەدا لە وتەی ئەم کیژە (خوشکی موسـا) ورد بـەرەوە: ﴿هَلْ أَدُلُّكُمْ﴾ (ئایا پیشانتان بدەمو پێتان بڵێم)، ئەو بەم پرسیارکردنەی کە دەلالـەت لەهانـدانو هەڵنان دەکاتو بە درکاندنێکی پڕ سۆزو میهرەبانیشەوە ڕاوێژیان دەخاتە بەرچـاو، لەکاتێکدا ئەوان لەبەرامبەر ئەم جۆرە پرسیارو پرسو رایە هیچ وەڵامێکـی تریـان جگە لە ئەرێکردنو بەڵێ گوتن بەدەستەوە نییە. جا داخۆ ئەم کیژە چـییان پیـشان دەداتو بۆ کوێ ڕێنوێنییان دەکات؟!

بێگومان بـۆ لای دانیـشتوانی ماڵێـك کـە ئـەرکی بـەخێوکردنی ئـەو منداڵـە شیرەخۆرە هەڵگیراوەیەی سـەرکەناری دەریایـان بـۆ بـە ئەسـتۆ دەنـێن، واتـە بـۆ بنەماڵەی فیرعەونی بەخێو دەکەن﴿يَكْفُلُونَهُ لَكُمْ﴾.

هەم دیسان هەر ئەو ماڵەی کە ئامادەن بـەخێوی بکـەن دەتـوانن زۆر بەچـاکی پەروەردەو سەرپەرشتی بکەنو زۆر سوورو پەرۆشن لەسەر بایەخ پێدانیو دڵـسۆزی بـۆی. دڵـسۆزیش لـە مانـای ﴿وَهُمْ لَهُۥ نَٰصِحُونَ﴾ەوە بـەدی دەکرێـتو ڕاڤـەی ماناکەشی دەکرێت، چونکە (اخلاص) لە (نصح)ەوە بۆ شیرەخۆرەکە(الرضيع) هـەر بەمانای سووربونو دڵسۆزیو بایەخ دان دێت.

ئینجا بنەماڵەو خانەوادەی فیرعەون بەم راوێژەی ئەو کیژە رازی بوون، تەنانەت هیچ کەسێکیشیان گومانیـان لـە شـێوازی دڵـسۆزیی ڕادەربڕینەکـەیو لـە ڕادەی پیشاندانی ئارەزوشی بۆ یارمەتیدانیان نەدەکرد. بەبیروخەیاڵی هیچ کەسێکیشیاندا ئەو بۆچوونە ڕەت نەبوو کە گوایە ئەمە خوشکی موسا بێت. پاشان هـیچ کەسـێك لەوان لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەم منداڵە شیرەخۆرەیە دەگەڕێتەوە بـۆ نێـو باوەشـی دایکی خۆی.

بەم ڕەنگە خودا موسای بۆ لای دایکی گەڕاندەوە، وەك دەفەرمويێت: ﴿فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ وَلَٰكِنَّ

أَكْثَرَهُمْ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٣﴾ القصص﴾. واتە: (بەم ڕەنگە گێڕامانەوە بۆ لای دایکی، تا دایکی دڵنیاو ئاسوودە بێتو چاوی بەدیتنی ڕوون بێتەوەو چیدی خەمبارو دڵتەنگ نەبێتو، بەچاکییش بۆی روون بێتەوە کە بەڵێنی خودا هەقەو راستەو هەر بەدیی دێت، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم راستییە نازانن‌و هەستی پێ‌ناکەن).

لە دەستەواژەی ﴿فَرَدَدْنَٰهُ إِلَىٰٓ أُمِّهِۦ﴾دا ئەوەی لێ تێدەگەین کەوا خودا موسای بۆ لای دایکی گەڕاندۆتەوە چونکە هەر دایکی لەپێشترو شایان ترە بۆی‌و هەر ئەویش شایستەی لەئامێزگرتنی‌و بەخێوکردنێتی.

خودا بەم گەڕاندنەوەیەی کۆرپەکە بۆ لای دایکەکە راستیی بەڵێنی پێشووی بۆ دەسەلمێنێت کە پێی فەرمووە: ﴿إِنَّا رَآدُّوهُ إِلَيْكِ ﴿٧﴾ القصص﴾ ئێمە هەر بۆ لای تۆی دەگەڕێنینەوە.

خودا بۆیە گەڕاندییەوە بۆ لای تاکو چاوی پێ روون بێتەوەو دڵشاد بێتو لە ئامێزی بگرێتەوەو شیری خۆی پێ بدات.. خودا بۆیەش گەڕانییەوە بۆ لای تاکو چیدی خەفەت بۆ دیارنەمان‌و ون بوونی نەخواتو لە شەوقو پەرۆشیدا خۆی بۆ لەنێو نەبات.. خودا ئەم نیعمەتو میهرەبانیانەی خۆی بەیادی موساش هێناوەتەوە کاتێك گەورەبووەو ئەرکی پێغەمبەرێتیی پێگەیاندووەو داوای لێکردووە بچێت بۆ لای فیرعەون‌و پەیامی خودای تێبگەیەنێت.. وەك پێی دەفەرمووێت: ﴿ إِذْ تَمْشِىٓ أُخْتُكَ فَتَقُولُ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ مَن يَكْفُلُهُۥ ۖ فَرَجَعْنَٰكَ إِلَىٰٓ أُمِّكَ كَىْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلَا تَحْزَنَ ... ﴿٤٠﴾ طه﴾. واتە: (ئەی موسا ئەوەشت لەیاد بێت کە کاتێك خوشکەکەت بەدوات دا هاتبوو بە دانیشتوانی نێو کۆشکی فیرعەونی گوت: ئایا دایەنێکی واتان پیشان دەم کە بتوانێت بەخێوی بکات؟ ئەوانیش بەوە قایل بوون‌و بەم رەنگە تۆمان بۆ لای دایکت گەڕاندەوە تاکو بەدیتنت دڵشاد بێتو خەفەت نەخوات).

دایکی موسا لەسەر حسابی فیرعەون شیر بە کوڕەکەی دەدات

خانەوادەی فیرعەون تێکڕا هەموویان دڵخۆش بوون بەوەی کە منداڵە شیرەخۆرەکە مەمکی ئەم ژنەی گرتە دەم (کە دایکی بووو ئەوانیش نەیاندەناسی)، بەم شێوەیە ژیانی رزگار کراو هیچ کەسێکیش بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئاخۆ ئەمە دایکی بێت!!

ئینجا فیرعەون بە رەسمی دایکی (موسا)ی دامەزراند بە دایەنو شیردەرو بەخێوکەرو هەڵسوڕێنەری کاروباری‌و بایەخ پێدەری گشت ئەرك‌و فەرمانێکی. لە بەرامبەر ئەم کارەشدا فیرعەون کرێی بۆ دانا.

بەراستی ئەمەش لە کارە سەرسوڕهێنەرەکانی خودای پەروەردگارن، چونکە ئەگەر موسا لەلای دایکی بمایەتەوە، دایکی نەیدەتوانی بیپارێزت، بەڵکو لەبەردەم مەترسی لەناوبردن دابوو، هەروەها ئەگەر موسا لە ماڵی فیرعەوندا شیری دایەنێکی تری بخواردایە، ئەوا لە سۆزو عەتف‌و بەزەیی دایکی بێبەش دەبوو، دایکیشی هەست‌و سۆزی خۆی بۆ رانەدەگیراو دڵنیاو ئاسوودەش نەدەبوو لەو کوڕەی.

خودا خواستی خۆی بۆ موسا ئەوەبوو لە پیلانی فیرعەون رزگار ببێت، هەروەها خودا خواستی لەوەش بوو کە سندووقەکە (موسا) بەرەو کۆشکی فیرعەون ببات، پاشان خوازیاری ئەوەش بوو کە دڵی ژنەکەی فیرعەونی بۆ نەرم ببێت‌و خۆشی بوێت، ئیرادەشی لەسەر ئەوەبوو مەمکی هیچ دایەنێکی دی لە ماڵی فیرعەوندا نەگرێتە دەم.

خواست(ئیرادە)ێکی دیکەی خودا ئەوەبوو بگەڕێنرێتەوە بۆ لای دایکی‌و لەنێوان ماڵی دایکی‌و کۆشکی فیرعەوندا هات‌و چۆی پێ بکرێت. ئیرادەشی وابوو هیچ

کەسێك لەسەربازان‌و خزمەتکارانی فیرعەون گومـان نەکـەن لـەوەی کـە ئـەم ژنـە دایکییەتی.

ئینجا ئیرادەیەکی تری خـودا ئـەوەبوو دایکـی خـۆی لەسـەر حـساب‌و دارایـی فیرعـەون کاری شیر پیّدان‌و لەباوەش گرتن‌و خزمەتکردنی ئەنجام بـدات‌و، لـەپارەی خودی فیرعـەونیش کرێی خۆی وەربگرێت.. ئەم هەموو خواست‌و ئیرادەیـەی خـودا لەم کاروبارانەدا بۆ هەڵوەشـاندنەوەو پەکخـستنی خواسـتی فیرعـەون بـووەو، بـۆ پووچەڵکردنەوەی پیلان‌و سـتەمی فیرعـەون بـووە.. جـا ئـیتر ئـەنجامی کاروبـاری خوازراوی خودا لەکوێ‌و، ئەنجامی کاری خوازراوی فیرعـەون لـەکوێ؟! کێیـە ئـەو کەسەی بتوانێت خواستی خودا ڕاگرێت؟! بێگومان هیچ شـتێکیش بـەبێ خواسـتی خودا لەئارادا نابێت.. جا قوڕ بەسەر فیرعەون‌و قوڕ بەسەر هـەر (خـۆ بەفیرعـەون دانەرێکیش) کە لەسەر شێوازی فیرعەون هەڵس وکەوت دەکات‌و، کە لە ڕاستیشدا زۆر بچووك‌و لاوازە لەبەردەم خواستی خودای گەورەدا.

ئەم حاڵەتەی دایکی موساش، کە (لەسـەر حـساب‌و کـرێی دارایـی فیرعـەون شیری بە کوڕەکەی داوە)، بووە بە پەندێك بۆ هەرکەسێك، کە کاری چـاکە بکـات‌و ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، پاشان کرێ‌و هەقی خۆیشی لەسەر وەربگرێـت.. لـەم بارەیەوە فەرمودەیەکی پێغەمبەری خودا ﷺ هەیە، کە (ابوداود) لە (جبیری کوڕی نفیر)و ئەویش لە پێغەمبەری خوداوە ﷺ گێڕاوێتییەوە، کە فەرموویـەتی: **((مثـل الّذين يغزون من أمتي ويأخذون الجُعل، ويتقوّون به على عدوهم، مثل أم موسى ترضع ولدها وتأخذ أجرتها))**[1]. واتە: (نموونەی ئەو موجاهیدانەی کە لە نەتەوەی

---

١) سیوطی لـە کتـێبی (الجـامع الـصغير)دا هێمـای ڕاسـتی (صـحة)ی خـستۆتە سـەر ئـەم فەرموودەیەو بە (مرسل)ی داناوە، چـونکە کەسـێکی وەك (جوبـەیری کـوڕی نوفـەیر) بـە پێغەمبەرﷺ نەگەیشتووەو لەسەردەمی ئەودا نەبووە، یان (نەیـدیوە). بـەم چەشـنەش نـاوی هاوەڵی لەسەر لابردووە. بەڵام (المناوی) لە کتێبی (فیض القدير)دا وای باس کردوە کە (جبیر کوڕی نفیر) لە (خالیـد کـوڕی وەلیـد)و (عیبـادە کـوڕی صـامیت)ەوە ئـەم فەرموودەیـەی

منن‌و بۆ جیهاد دەچن‌و دەسکەوت‌و پاداشتێکی دنیاییشی لەسەر وەردەگرن‌و بەهۆیەوە خۆیان لەسەر دوژمن پێ بەهێز دەکەن، وەك نموونەی دایکەکەی موسایە کە هەرچەندە شیری بەکورەکەی خۆی دەدا پاداشت‌و کرێشی لەسەر وەردەگرت).

حیکمەت لەو گەشتە سەرسوڕهێنەرەی موسادا

لەوانەیە هەندێك کەس هەڵوێستە لە ئاست ئەم بەسەرهاتەدا بکەن‌و پرسیاریش دەربارەی حیکمەتی ئەم گەشتە ئالۆزەی موسا -سلاوی لێبێت- بکەن کە لەکاتێکدا موسا لای دایکی دەبێت‌و، خوداش لە فێڵ‌و تەڵەکەو ستەمی فیرعەون دەیپارێزێت، ئیدی بۆچی ئاوی دەریا بۆ ماڵی فیرعەونی ببات‌و، پاشان فیرعەونیش بیگەڕێنێتەوە بۆ لای دایکی..؟!!

بەراستی لەم کاری قەدەری پڕ لە حیکمەتی ئیلاهییەو لەم موعجیزەی هەڵسوڕاندنی کاروبارە پەروەردگارێتییەدا چەندەها حیکمەت‌و پەندو دانایی هەیە کە لێرەدا هەندێکیان دیاری دەکەین.

١- بێگومان خودا لەمەدا دەیەوێت فڕوفێڵی ستەمکارانەی فیرعەون لەنێو ببات‌و، ئەوەش بۆ خەڵکی روون کاتەوە، کە چۆن خواستی فیرعەون لەبەرامبەر خواستی خوادا پەکی دەکەوێت.

٢- بێگومان خودا لەمەداو لەرێی ئەم گەشتەوە دەیەوێت چەندین وانەو پەندو رێنماییی باوەڕدارێتی بخاتە بەرچاوی باوەڕداران، کە دەربارەی توانا و تەگبیری

وەرگرتووە. ئەمەش وای دەردەخات کە (مناوی) رایەڵی هاوەڵدارێتیەکەی بۆ دەگەیەنێتەوەو پلەی (ارسال)ی فەرموودەکەش لادەبات. بەم پێیە دەبێت (صحیح) بێت. پاشان (مناوی) گوتوویەتی: (ابن العربی لە فەرموودەیەکی لای معاذەوە گێڕاویێتییەوەو حافظی عێراقیش لەبارەی ئەم گێڕانەوەیەوە گوتویەتی: (اسنادێکی رێك‌و متنێکی نەزانراوی هەیە).
بڕوانە (فیض القدیر، شرح الجامع الصغیر) بەرگی پێنجەم، لاپەڕە (٥١١).

خـودانو، دەربـارەی بەجێگەیانـدنی خواسـتو ئـیرادەو بـەدیهێنانی ویـستو بڕیارێتیو پاشان دەربارەی لاوازیو بێتوانایی ئەو کەسانەشە کە دژایەتی خـودا دەکـەنو شـەڕ لەگـەڵ بـاوەڕداران دەکـەنو پیاوچـاکان ئـازار دەدەنو، ئینجـا دەربارەی پارێزگاری خودا بۆ بەندە چـاكو سـاڵحەکانیو هەڵـسوڕاندنی ڕەوتـی کاروباریش بۆ بەدیهێنانی ئەو پارێزگارێتییە.

٣- بێگومان خودا دەیەوێت ئامڕازی لەبارو سەرکەوتوو بـۆ پاراسـتنی موسـا لـە زوڵمو فڕوفێڵی فیرعەون دابین بکاتو، دەیەوێت موسا لەئامێزی دایکی خۆیـدا بژیو لە مەمکی دایکی شیر بخواتو تەنانـەت بەوپـەڕی هـێمنیو ئارامییـەوە شیری دایکی بخواتو لەسەر حیسابو ئـەرکی داراییـی فیرعـەونیش شـیرەکەی دایکی پێبدرێت.

٤- بێگومان خودا دەیەوێت چەندین نموونە لە کەسانی چاكو خێرخوازی نێو خودی ماڵەکەی فیرعەونمان بۆ دەرخات، یـەکێك لـەو کەسـە چـاكو بـە ئەمەکانـەش ژنەکەی فیرعەونە کە موسای کۆرپـەی خۆشویـستو بـەرگریی لێکـرد. دیـارە ماڵی خراپکارو بێباوەڕ لەکەسانی چاكو خێرخواز خـاڵی نییـەو نموونـەی ئـەم جۆرە مافپەروەرانەی هەر تێدا هەڵدەکەوێت.

٥- بێگومان خـودا دەیـەوێت هەنـدێك چـاکە لەگـەڵ موسـادا بکـاتو هەنـدێك نیعمــەتو بەخشــشی خــۆییو، سەرپەرشــتیکردنی پێنیــشان داتو چــەند موعجیزەیەکیشی لە ژیانیدا بۆ بەدی بهێنێت.

٦- بێگومان خودا دەیەوێت چەند سەربازێکی نادیاری خۆیمان پیشان بدات کە لـەم گەشتەدا دەرکەوتوون.

ئەمانەی پێشوو هەندێك لەو حیکمەتانە بوون کە لەم کـارە جـوان ڕێکخـراوەی خوادا بەدیمان کردووەو کە لەو گەشتە سەرسـوڕهێنە ئـاڵۆزەدا ڕەنـگ دەدەنـەوەو، خوداش هەر خۆی زانایە بە حیکمەتەکان.. واللە أعلم..

هەندێك سـەربازی خودا لەم گەشـتەدا

قورئـانی پـیرۆز هەنـدێك سـەربازی نادیـاریی خـودای پێناسـاندووین کـە لـە پاراستنی موساو لە گەڕاندەوەشیدا بۆ لای دایکی رۆڵی خۆیان گێڕاوە، وەك:

١- ئەو سندووقەی موسای تیا دانرا.

٢- ئەو دەریایەی سندووقەکەی هەڵگرت.

٣- دڵی ئەو ژنەی هاوسەری فیرعەون کە بۆ موسا نەرم بووو پڕبـوو لـە سـۆزو خۆشەویستیش بۆی.

٤- هەردوو لێوی موسا خۆی، کە قایل نەبوون بە گرتنی هـیچ مـەمکێك، تـا ئەو کاتەی دایکی دێتو موسا دەچێتەوە ئامێزی.

خودای مەزن لە بە سەربازکردن (تجنید)ی ئـەم شـتە نادیارانـەدا ئـەو بەڵگەیـە دەخاتە روو کە بێگومان خودا هەموو سەربازێکی لە ئاسمانـەکانو زەویـدا هەیـەو هەر خودای پاكو بێخەوش خۆیشی بەخواستو ئارەزووی ئیلاهیانـەی خـۆی هـەر شتو کەرەسەو کەسـێك دەخاتـە گـەڕ بـۆ هـەر شـتو کەرەسـەو کەسـێك، وەك فەرمووشیەتی: ﴿...وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ...﴾(٣١) المدثر. واتە: (هیچ کەسـێك لە ژمارەو ماهیەتو دەسەڵاتی سەربازانی خودای پەروەردگارت ئاگادارو زانا نییە تەنها زاتی خودا خۆی نەبێت).

بەسەربازکردنو بەگەڕخـستنی ئـەو چـوار جـۆرە سـەربازەش کـە نـە عـەقڵو هوشـیاریو زانـینو خواسـتیان هـەبووە (وەك لـە رواڵـەتی مەسـەلەکەوە دیـارە) وەڵامێکی کاریگەرە بـۆ ئـەو مەتریالیـستو ماددەپەرسـتانەی کـە نکـووڵی لـە راستییەکانی پشت مـاددە دەکـەنو دان بـە هـیچ سـیفەتێکی عەقڵـدارێتی، یـان گیاندارێتی، یان هوشیاریی، یان ئیدراکی مەخلوقانی تری غەیری ئینسان دانانێن.

ئەو ماددەپەرستانە ئەوە بە هۆش‌و عەقڵیاندا ناچێت كە دوو لێوی منداڵێكی شیرەخۆرە لە رۆژانی سەرەتای تەمەنیدا توانای جیاكردنەوەو هەڵبژاردنی هەبێت‌و بتوانێت هەرچی مەمك‌و شیری ئافرەتانی شیردەرە رەت كاتەوەو تەنها سور بێت لەسەر مەمكێكی تایبەتی كە مەمكی دایكی خۆیەتی.

بێگومان ئەم مەسەلەیە لە ڕواڵەتی خۆیدا سەیرو نامۆیە، بەلام خۆ عەقڵی مرۆڤی خاوەن باوەڕو هوشیارو بەرچاورۆشن ئەمە بە كۆسپێكی لەناكاوی خۆی نابینێت، چونكە ئەمە لە بازنەی مەسەلە ماقووڵەكاندایە كە خودا خۆی خواستی لەسەر ئەوە بووە، خودا خۆی فەرمانی بە دوو لێوی ئەو كۆرپەیە كردووە كە هیچ مەمكێك نەگرێتە دەم‌و، هەموو دایەنەكانیشی لێحەرام كردبوو.

هەروەها عەقڵی مرۆڤی باوەڕدار تەسلیم بەو ڕاستییە دەبێت كە بێگومان ئیرادەی خودا ڕاپەڕێنراوەو، خوداش كردەو بكەری هەر شتێكە كە بیەوێت، هەموو دروستكراوو مەخلوقاتێكی نێو گەردوونیش ڕاپەڕێنەری فەرمانەكانی خوداو بەجێهێنەری خواست‌و ئیرادەی خودان.

دایكی موسا دوای ئەمە چی بەسەر دێت؟

قورئان لەم قۆناغەی ژیانی دایكی موسادا وەستاوەو هیچ شتێكی تری دوای ئەمە باس نەكردووە، بۆیە ئێمەش نازانین دوای ئەمە چیی بەسەر هاتووە؟ هەموو ئەوەی كە لەسەر دایكی موسا لەرێی ئەم چیرۆكەی قورئانەوە بیزانین ئەوەیە ژنێكە لە هۆزی (بەنو ئیسرائیل)و هاوسەری پیاوێكی ئەو هۆزەشە كە ناوی (عیمران)ەو ئافرەتێكی ساڵح‌و باوەڕدار بووەو، خوداش نیگاو ئیلهامی شێوازێكی سەركەوتوانەی بۆ پاراستن‌و رزگاربوونی موسا لە مەترسیی فیرعەون پێگەیاندووە، هەروەها خودا گەیاندوێتی بە كوڕەكەی‌و، كوڕەكەی بۆ ئامێزی گەڕاندۆتەوەو ئەویش شیری پێداوەو پێی گەیاندووەو بەخێوی كردووە تاكو لە ماڵ خۆی (واتە لە

ماڵی دایکەکەدا) گەورە بووەو گەیشتۆتە تافی لاوێتی.

قورئانی پیرۆز باسی هیچ لایەنێکی تری ژیانی دایکی موسای نەکردووە تەنها ئەو لایەنە نەبێت کە پەیوەستە بە کاتی منداڵیی موساوە- سڵاوی خوای لێبێ -. دواین ساتی چیرۆکی ئەم دایکەش لە قورئاندا هەر ئەوەیە کە کوڕەکەی بۆ لای دەگەڕێتەوە، بەڵام بەپێی بڕیاری فیرعەونو لەسەر ئەرکی دارایی فیرعەونیش بەخێو بکرێت، ئیدی ئەویش شیری پێدەدات و بایەخی پێدەدات بەپێی ئەو هەلو مەرجەی بۆی دەڕەخسێت.

ئەی ئاخۆ دوای ئەمە چی مابێت؟! ئایا شتێکی وا لە ژیانی ماوە کە پەیوەندیی بە منداڵێتیی موساوە مابێتو کە شایستەی باسکردن بێت؟ نەخێر شتێکی وا نەماوە.. هەربۆیەش قورئان دوای ئەم دیمەنە لەباسی ئەم ژنە وەستاوەو بەو ساتە وەختە کۆتاییی بەباسی دایکەکە هێناوە. ئەمەش کۆتایی پێهێنانێکی هونەریو بابەتیانەیە. ئێمەش دەبێت لەکوێدا قورئان کۆتایی بە باسێك دێنێت لەوێدا بوەستینو کۆتاییی پێ بێنین. هەروەها بێدەنگ بین لەئاست شتێکدا کە قورئان لەئاستیدا بێدەنگ بووەو هێندە بەس بێت کە قورئان پێشکەشی کردووین.

هەر کەسێکیش بەو بڕە باسکردنەی قورئان قەناعەت نەکات، خوداش قەناعەتی پێناکات.. هەرکەسێکیش بەوەندەی قورئان باسی کردووە تێر نەبێت، خوداش تێری ناکات.

بێگومان قورئان لە گێڕانەوەی لایەنەکانو قۆناغی هەر چیرۆکێکدا پوختەیەکی خێرای لێ دەهێنێت، بۆ نموونە باسی موسامان لەکاتی گەنجییدا کە پێگەیشتووە بۆ دەکاتو چەند قۆناغێکی ژیانیشی هەر لەوێدا دەپێچێتەوە، لەکاتی منداڵیشیداو دوای شیرخواردنی قۆناغێکی ژیانیمان بۆ دەپێچێتەوە، هەروەها لەکاتی باسکردنی قۆناغی مێردمنداڵیدا کە نەوجەوانێکی پێگەیشتووە بەشێکی تری ژیانیمان لەو شوێنەدا بۆ دەپێچێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو دیمەنانە بۆ

چیرۆكه‌كه‌ی پێویست نین.. به‌ڵكو ئه‌وه‌ی پێویست‌و گرنگ بێت له‌دوای منداڵیی موسا -سلاوی لێبێت- ئه‌و گه‌نجێتییه‌ پڕ له‌ جۆشی ژیان‌و زیندوێتی‌و حه‌ماسه‌ت‌و ئازایه‌تی‌و ئیمان‌و دڵسۆزی‌و خۆشه‌ویستییه‌یه‌ كه‌ تیایدا به‌رگریی له‌ مه‌زڵومان كردووه‌و پشتگیری لاوازو بێده‌سه‌ڵاتانی كردووه‌، وه‌ك خودا له‌باره‌یه‌وه‌ فه‌رموویه‌:

﴿وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَٱسْتَوَىٰٓ ءَاتَيْنَٰهُ حُكْمًا وَعِلْمًا ۚ وَكَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٤﴾ وَدَخَلَ ٱلْمَدِينَةَ عَلَىٰ حِينِ غَفْلَةٍ مِّنْ أَهْلِهَا فَوَجَدَ فِيهَا رَجُلَيْنِ يَقْتَتِلَانِ هَٰذَا مِن شِيعَتِهِۦ وَهَٰذَا مِنْ عَدُوِّهِۦ ۖ فَٱسْتَغَٰثَهُ ٱلَّذِى مِن شِيعَتِهِۦ عَلَى ٱلَّذِى مِنْ عَدُوِّهِۦ فَوَكَزَهُۥ مُوسَىٰ فَقَضَىٰ عَلَيْهِ ... ﴿١٥﴾ القصص﴾.

واته‌: (دوای ئه‌وه‌ی موسا ته‌مه‌نی گه‌شته‌ راده‌ی ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ ڕووی تێگه‌یشتن‌و لاشه‌وه‌ به‌هێزو توانا بێت، ئێمه‌ حیكمه‌ت‌و دانایی‌و زانست‌و زانیاریمان پێبه‌خشی، هه‌ر به‌و شێوه‌یه‌ پاداشتی چاكه‌كاران ده‌ده‌ینه‌وه‌.. موسا له‌كاتی غه‌فڵه‌تی خه‌ڵكی شاردا خۆی كرد به‌ كووچه‌و بازاڕداو بینیی دوو پیاو شه‌ڕ ده‌كه‌ن، ئه‌مه‌یان له‌ هۆزه‌كه‌ی خۆیه‌تی‌و ئه‌وی تریشیان له‌ هۆزی دوژمنه‌كه‌یه‌تی كه‌ هۆزی فیرعه‌ونه‌، جا ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ هۆزه‌كه‌ی بوو هانای بۆ هێناو داوای لێكرد فریای بكه‌وێت‌و له‌و شه‌ڕه‌دا لایه‌نی بگرێت، موساش به‌ په‌له‌ به‌هانایه‌وه‌ چووو یه‌ك بۆكزی كێشا به‌ كابرای دوژمنداو كوشتی).

ئێمه‌ لێره‌دا ناچینه‌ نێو شیكارو قوڵایی ئه‌م به‌سه‌رهاتانه‌وه‌ تاكو له‌ ناوه‌ڕۆك‌و بابه‌تی ئه‌م كتێبه‌مان ده‌رنه‌چین، چونكه‌ باس‌و خواسی ئێمه‌ ته‌نها له‌مه‌ڕ دایكی موسایه‌ نه‌ك له‌مه‌ڕ خودی موسا -سلاوی لێبێت-، هه‌ر ئه‌وه‌شمان له‌و چیرۆكه‌ باس كردووه‌ كه‌ ته‌نها په‌یوه‌ندی به‌ چیرۆك‌و به‌سه‌رهاتی دایكیه‌وه‌یه‌تی.

مەسەلەی (تاقیکردنەوەکە)و چیرۆکی
(پشکۆ گڕدارەکە)و (دەنکە خورماکە)

پێش ئەوەی کۆتایی بەم چیرۆکە بێنین‌و بچینە سەر چیرۆکێکی دی، بەپێویستی دەزانم ئاماژەیەك بۆ مەسەلەی تاقیکردنەوەکە (حديث الفتون)و چیرۆکی (پشکۆ گڕدارەکە)و (دەنکە خورماکە) (حكاية الجمرة والتمرة) بکەین، لەبەردەم ئەم چیرۆکەشدا بەو پێودانەگە هەڵوێستە دەکەین کە دەربارەی چەند شتێکن‌و بە منداڵی بەسەر موسادا هاتوون، واتە لەکاتێکدا ئەو منداڵێکی شیرەخۆرە بووە لەماڵی فیرعەنداو پێش ئەوەی بۆ لای دایکی بگەڕێنرێتەوە. لەم بارەیەوە خودای پەروەردگار بۆ بەیادخستنەوەی بەخشش‌و بەفریاگەیشتنی بە موسا، فەرموویەتی: ﴿...وَقَتَلْتَ نَفْسًا فَنَجَّيْنَاكَ مِنَ الْغَمِّ وَفَتَنَّاكَ فُتُونًا ...(٤٠) طه﴾. واتە: (هەروەها ئەی موسا ئەوە بەیادی خۆت بێنەرەوە کە کاتێك گەورەبوویت‌و بەهەڵە پیاوێکت کوشت‌و ئێمەش لە خەم‌و پەژارەی دەسگیربوونت رزگارمان کردیت‌و، پاشان بە چەندەها جۆرو شێوە تاقیمان کردیتەوە).

زۆربەی راڤەکار(موفەسیر)ە پێشینەکان مەسەلەی ئەم تاقیکردنەوەیە (حديث الفتون)و تەفسیرکردنیان بەم رەنگە بۆ (ابن عباس) ﷺ دەگێڕنەوەو وای باس دەکەن کە گوایە (ابن عباس)یش لە پێغەمبەرەوە ﷺ بە (مرفوع) گێڕاویێتییەوە.

هەروەها راڤەکارانی پێشینی قورئان چیرۆکی پشکۆگڕدارەکەو دەنکە خورماکەشیان لەگەڵ بەسەرهاتی تاقیکردنەوەکەدا باس کردووەو وایان لەقەڵەم داوە کەوا موسا کاتێك منداڵێکی شیرەخۆرەی نێو ماڵی فیرعەون بووە، ژنەکەی فیرعەون داوای لە فیرعەونی مێردی کردووە نەختێك موسا لە ئامێز بگرێت. کاتێك هەڵیشی گرتووە، موسا بە وردی بۆ ریشی فیرعەونی روانیوەو رایکێشاوە

بۆ خوارەوە، فیرعەونیش بەوە پەست بووەو رەشبینیی لەسەر ئەو منداڵە دەربڕیوەو ئەو ریش راکێشانەی بە دژایەتی کردنی لەقەڵەم داوە، بۆیە فەرمان دەکات سەری برن. ژنەکەشی بەرگریی دەکاتو تکای لێدەکات کاری وا نەکاتو تێی دەگەیەنێت کە ئەوە تەنها نەریتێکی منداڵانەیەو ئەویش منداڵەو نازانێت چی دەکاتو بۆچی وادەکات؟!! لەبەر ئەوە هیچ نیازو مەبەستێك لەو حەرەکەتەی منداڵەکەدا نییەو نازانێت چی دەگرێتو چی رادەکێشێتو واز لەچی دێنێتو چی دەخوازێت، بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەشی، ژنەکەی فیرعەون بە مێردەەی گوت: بۆ نموونەش تۆ ئێستا پشکۆیەکی گڕدارو دەنکە خورمایەکی بخەرە بەردەستو بزانە کامیان هەڵدەگرێت، ئەگەر ئاگرەکە هەڵگرێت ئەوە بێتاوانەو مەبەستی دژایەتیکردنت نەبوە کاتێك ریشی راکێشایت، خۆ ئەگەر دەنکە خورماکە بگرێت ئەوە مەبەستێکی لەوەدا هەبووەو هەڕەشەو گوڕەشەی لێکردوویت..).

راڤەکاران (مفسرین)ی قورئان گوتویانە: (فیرعەونیش پشکۆیەکی گڕاویو دەنکە خورماکەی بۆ منداڵەکە (واتە موسا) راگرت، موساش پشکۆ ئاگراوییەکەی گرتو خستیە سەر زاریو، زمانی سوتاند، بەمەش لەنگییەکی هەمیشەییی تێدا پەیدا بووو جۆرە لاڵبوونێکی تێدا دروست ببو کە بەردەوام زمانی (فث) ببوو، واتە پیتی (س)ی بە (ث)و پیتی (ر)یشی (غ) دەدرکاند).

هەروەها راڤەکاران گوتویانە: (بەڵگە لەسەر ئەو (زمان لەنگی)یەی (موسا) ئەوەیە کاتێك خودا لەگەڵیدا دەدوێتو فەرمانی پێدەکات بچێت بۆ لای فیرعەون، داوا لە خودا دەکات کە ئەو لەنگیو زمان فسییەی لابەرێتو ئەو گرێو کوسپە لەزمانیدا نەهێڵێت، ئەوەبوو وەك لە قورئاندا هاتووە بەخودا دەڵێت:

﴿قَالَ رَبِّ ٱشْرَحْ لِي صَدْرِي ﴿٢٥﴾ وَيَسِّرْ لِيٓ أَمْرِي ﴿٢٦﴾ وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِي ﴿٢٨﴾ طه﴾.

واتە: (موسا نزای کردو گوتی: ئەی پەروەردگاری مـن، سـینەو دڵو دەروونم ئاسوودەو خۆشحاڵ بکەو، کاروبارم بۆ سووكو سـانا بکـەو، ئـەو گرییـەی زمـانم بکەرەوەو زمانم ڕێكو پاراو بکە، تاکو فیرعەونو تاقمەکەی لـە وتـەو مەبەسـتو گفتارم تێبگەن).

ئێمەش لە (مەنهەجو بەرنامەی خۆمان بۆ تێڕوانین لـە چـیرۆکەکانی قورئـان)دا ئەم وتەو بیروڕایە دەربارەی (مەسەلەی تاقیکردنەوەکەو، چیرۆکی پشکۆی گـڕدارو دەنکە خورماکە) پەسند ناکەینو دانـی پـێدا نـانێنو فەرمایـشتی خوداشـی پـێ تەفسیر ناکەین، بۆیەش قبوڵو پەسندی ناکەین چونکە ئەمە لە پێغەمبەری خودا-محمد-ەوە ﷺ نەگێڕراوەتەوە، بەڵکو لەو وتە پووچەڵە ئیسرائیلییانەیە کە بـەردەوام دەگوترێتەوەو کە ئێمەش هەمیشە داوای فەرامۆش کردنو وەلانانیان دەکەین.

ئیمـام (ابـن کـثیر) لـە تەفـسیری سـورەتی (طـە)دا دوای ئـەوەی بەسـەرهاتی تاقیکردنەوەکەی بەدرێژی هێناوە گوتویەتی: (ئەمە لە وتەی (ابـن عبـاس)ەوە بـە پلەی (موقوف) دانراوەو پلەی (مرفوع)یشی تێدا نییە تەنها کەمێکی نەبێت، وەك ئەوەی (ابن عباس)خۆی هێندەی ڕەوایيو شیاویی گێڕانەوەی دەقـی ئیـسرائیلیات لە گەورەی زانایانی جوولەکەوە وەری گرتبێت، خوداش زاناترە)[1].

جا ئەگەر ڕاستیی مەسەلەکە ئاوابێتو، ئەگەر ئێمە ئـەو ریوایـەتو گێڕانـەوە ناڕاستەش دەربارەی بەسەرهاتی پشکۆ ئاگرەکەو دەنکە خورماکە پەسند نەکـەین، ئای داخۆ ئەو گرییەی لە زمانی موسـادا هـەبووەو کـە داوای کردنـەوەی لـەخودا کردووە بەهۆی چییەوە بوو؟!

بێگومان ئەوە گرییەکی مەعنەوی بـووە نـەك هەسـتەوەریی(حـسی)-خـوداش زاناترە-.. واتە ڕاوەستانو بەنـدبوونێکی زمانـە لـە ئاکـامی کـارلێکی دەروونـی

---

١) تفسیر ابن کثیر: هەروەها بڕوانە درێژەی (حدیث الفتون) تێیدا: ٣: ١٤٩-١٥٣.

(الأنفعال النفسي)یەوە دروست دەبێت، ئەمەش حاڵەتێکی زانراوی دەروونییە. مرۆڤیش کاتێك بەهۆی هەڵوێستێك یان وتەیەك یان ڕووداوێکەوە کارلێکی نێوخۆی دەروونی بەسەردا دێتو لە بەرزترین پلەی خرۆشانو کاردانەوەی دەروونییەوە دەدوێت، ئەوا قسەیەکی خێراو یەك بەدوای یەکی وەها دەکات کە ڕوونو ئاشکرا نییە، لەوانەیە بگاتە ڕادەیەکی کارلێكو کاردانەوەی وەهاش کە دەنگی لەدەست بداتو تووشی هەناسەبڕکێ ببێتو نەتوانێت قسە بکات.

وادیارە موساش-سلاوی لێبێت- دەترسا لەوەی کە لەبەردەم فیرعەون بەو حاڵەتەدا تێبپەڕێتو، دەترسا لەوەش کە خۆی پێڕانەگیرێتو دەمارەکانی بۆ هێور نەکرێتەوە لە کاتێکدا فیرعەون بەدرۆی دەخاتەوەو بە زوڵمو ستەمو نامەردیو کاری تێکدەرانە بەرەوڕووی ببێتەوە. هەروەها موسا لەوەش نیگەران بوو کە وشەکان بەخێرایی لە زمانیەوە دەرچێتو بیسەران هیچی لێ تێنەگەن، یاخود وشەکان لە سینەیدا پەنگ بخۆنەوەو بەند بنو بەهۆی سینەتەنگیو پەست بوونو کارلێکی دەروونییەوە نەتوانێت دەریانبڕێت، بەم ڕەنگەش نەتوانێت بانگەوازەکە بگەیەنێتو بەڵگەی بەرپرسیارێتیش نەخاتە ئۆباڵی ئامادەبوان. هەر لەبەر ئەمەش داوای لە خودا کرد کە ئەو دەروونبەندییە مەعنەوییەی لەسەر لاببات و ئەو گرێدەروونییەی سەر زمانیشی بکاتەوەو، بتوانێت دەست بەسەر دەمارەخانەو دەمارگرژییدا بگرێتو هێمنیی خۆی لەدەست نەدات، خوداش ئەم نزاو داواکارییەی بۆ جێبەجێ کرد..

ئێمە ئاوا ئەو گرێ مەعنەوییە دەروونییەی زمانی موسا لێك دەدەینەوە، خوداش هەر خۆی زانایە.

مامۆستا-سید قطب- لە تەفسیری (في ظلال القرآن)دا دەڵێت: (ئەوەی لە وتەکەی موساوە-سلاوی لێ بێت- دەردەکەوێت کە گوتویە:

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُكَذِّبُونِ ﴿١٢﴾ وَيَضِيقُ صَدْرِي وَلَا يَنطَلِقُ لِسَانِي فَأَرْسِلْ إِلَىٰ هَٰرُونَ ﴿١٣﴾ الشعراء﴾.

واته: (من دەترسم لەوەی بەدرۆم بخەنەوەو باوەڕم پێنەکەنو، تەنگەنەفەسو سینه تەسك ببمو زمانم بگیرێتو پاراو نەبێت)..

ئەوەی لەم وتەیەی موساوە دیارە ئەوەیە، ترسەکەی ئەو تەنها لەسەر بەدرۆخستنەوە نیە، بەڵکو لەوەدایە کاتێك سینەی تەسك دەبێتەوەو زمانی بۆ هەڵناسوڕێتو، ئیدی شتێکی تری نییە پێی روون کاتەوەو وەڵامی ئەو بەدرۆخستنەوەو بەربەرەکانییەیان بداتەوە، چونکە وەستانێك لە زمانیدا هەبو، وەك لە سورەتی (طـه)شدا هاتووە: ﴿وَٱحْلُلْ عُقْدَةً مِّن لِّسَانِي ﴿٢٧﴾ يَفْقَهُوا۟ قَوْلِي ﴿٢٨﴾ طـه﴾. دیارە ئەم وەستانەش حاڵەتێکی تەنگەنەفەسیی بۆ دروست دەکات، ئەمەش بەهۆی بێتواناییو لەسەرلابردنی پەستی بە ئاخاوتن، جا هەتا پەستییەکەش زۆرتر بێت، تەنگەنەفەسییەکەش زیاتر دەبێت، ئەمەش حاڵەتێکی زانراوە)[1].

گرنگترین وانە لە چیرۆکی (دایکی موسا)دا

لەدواییدا هەوڵ دەدەین گرنگترین وانەو رێنماییو پەند لە چیرۆکەکەی دایکی موسا لە قورئاندا دەربێنین.. ئەم وانەو دەرسانەش لەکاتی شیکردنەوەی چیرۆکەکەدا بەرچاو کەوتوون:

١- دایکی موسا پێغەمبەر نییە، سروشی خوداش بۆ ئەم ژنە، تەنها لە رێگای ئیلهامەوە بووە.

٢- پێویست بوون بە پابەندیی تەنها بەقورئانو فەرموودەی (صحیح) لە زانینی

١) في ظلال القرآن ٥: ٢٥٨٩.

شیکارو وردەکاریی چیرۆکەکەدا.

٣- فیرعەون دەسەڵاتدارێکی ستەمکارو تێکدەرو خۆبەزل زان بووە لە کوشتنی ئەو منداڵە لەدایك بوانەی گەلی ئیسرائیل گەر کوڕ بوونایە.

٤- پەککەوتن و شکستیی خواستی فیرعەون لەبەردەم خواستی خوادا، چونکە هیچ شتێك نابێت تەنها بەپێی خواستی خودا نەبێت.

٥- هەر کەسێك بەرامبەر خواستی خودا وەستابێت دەستەوسان و بێ‌هێز بووەو، شکست و بەزیوو دۆڕاو بووە. دوژمنانی خوداش لە هەر شوێنێك بووبن هەر تووشی تێشکان و خەسارەتمەندیی بوون، چونکە بەوپەڕی گەمژەیی و ساویلکەییەوە دژایەتی خودایان کردووە، جا داخۆ کێ هەیە ئەگەر دژایەتی خودای بەهێزو خاوەن توانا بکات، سەرکەوتوو بێت؟!

٦- خودای پەروەردگار بەویستی خۆی چەندین ئامراِزو شێواز بۆ بەدیهێنانی بەڵێنیی و، راپەڕاندنی ئیرادەی و، پاراستنی شوێنکەوتوانی و، بەزاندنی دوژمنانی، بەکار دێنێت. باوەڕدارانیش تەنها ئەوەندەیان لەسەرە، کە لە فەرمانی خودا دڵنیا بن و کاروباریان بەخودا بسپێرن و بەچاکییش پشتی پێ‌ببەستن و، ئەو ئامراِزو هۆکارە ماددییانەش بەکاربێنن کە سەرکەوتنیان بەسەر کافراندا بۆ بەدیی دێنن.

٧- مرۆڤەکان پلان و رێکخستن و لێکۆڵینەوەو نەخشەکێشانیان هەرچەندێك و هەرچۆنێك بێت ئەوا لەبەردەم نەخشەو تەقدیرو تەگبیری خوادا ون دەبن و دەپووکێنەوەو تۆزقاڵێك جێی بەراوردو باسکردنیش نیین.

٨- بێگومان مرۆڤەکان گەلێك جار لە ئاست ئەنجام دانی کارێك و، لە بەرگریکردن لە کەسێك و لە سەرخستنیدا دەستەوسان دەبن، بەڵام ئەگەر خودا بەرگری لەو کەسە بکات و سەرخەری بێت، ئەوا بێگومان ئەو کەسە بەهێزو سەرکەوتوو

دەبێت، چونکە خودا نە لە زەوی‌و نە لـە ئاسمانیـشدا هـیچ شـتێکی لەدەسـت دەرناچێت.

٩- خودا لە ئاسمانەکان‌و لە زەویشدا چەندین سەربازی پەنهانی‌و نەبینراوی هەیەو، تەنها خۆی نەبێت هیچ کەسێك سەربازەکانی ناناسێت.. لەوانەشە بـە خـەیاڵی هیچ مرۆڤێکدا نەیەت کەسەربازێك بێت‌و کارێك ئەنجام بدات، بـەڵام خـودا بـە خواستی خۆی ئەو سەربازانە بەیدەست (تسخیر) دەکات بۆ هەرکارێك کە خـۆی بیەوێت.

١٠- خودا لەگەڵ شوێنکەوتوان‌و پشتیوانانی خۆیدایە لە یەکـەمین چرکەسـاتەکانی ژیانیانـەوە، تەنانـەت لـەو کاتـەوەی لـە سـکی دایکانیانـدان، هـەر خـوداش کۆسپەکانیان بۆ لادەبات‌و ڕێگەیان بـۆ ئاسـان دەکـات‌و لـە مەترسـی یـەکان رزگاریان دەکات.. ئەمەش کاراییەکی گەورەیی لەسەر ژیانی ئەو پشتیوانانەو لەسەر جیهادو هەڵوێستەکانیان هەیە.

١١- ماڵی فیرعەونی ستەمکار کە ئیدیعای خوایەتی‌و پـەروەردگارێتیی بـۆ خـۆی دەکرد لە ناوەوە بەزێنرابوو، چونکە هاوسەرەکەی کە بەرواڵەت نزیکترین کەسی بوو باوەڕی بە فیرعـەون نـەدەهێناو تـەنها بـاوەڕی بـە خـودای تـاك‌و تـەنیاو بێهاوەڵ هێنابوو، خوداش فـەرمانی بـە دڵـی ئـەو ژنـە کردبـوو کـە منداڵـە شیرەخۆرەکە(موسا)ی خۆش بوێت‌و ئەرکی بەخێوکردنی لەخۆ بگرێت وبەرگریی لێبکات. فیرعەونیش لە ئاست ئەم فەرمانەدا شکست‌و دەستەوسـان بـووو بـە داواکارییەکانی ژنەکەی قایل بوو.

١٢- خـودا فڕوفێڵـی فیرعـەونی پووچـەڵ کردۆتـەوەو وای لێکـردووە چـەند هەڵس‌وکەوتێکی وەها بنوێنێت کە لە بێئاگاییدا بووە، بۆ نموونە قایـل دەبێـت بەوەی کە منداڵـە شـیرەخۆرەکە لـەلای خـۆی بـژی‌و لـە کۆشـکەکەیدا گەشـە بکات‌و، هەر خۆیشی ئەرکی بەخێوکردن‌و چاودێری‌و خەرجییەکانی لـە ئەسـتۆ

بگرێت، تاکو لە دواییشدا لەسەر دەستی ئەو منداڵە لەنێو بچێت.

١٣- خودا قەرەبوو بۆ بەندەچاکەکانی (کە کەس‌و کاریان لەدەست دەدەن) بەوە دەکاتەوە کە خەڵکی تریان پێدەبەخشێت‌و بەهۆی ئەو خەڵکەشەوە نیعمەتی خۆییان پێ دەگەیەنێت، ئەوەتا موسای منداڵی شیرەخۆرە کاتێك بۆ ماوەیەك ئامێزو خۆشەویستیی دایکیی لەدەست دەچێت، خودا بەوە قەرەبووی بۆ دەکاتەوە کە خۆشەویستی یەکی لەلایەن خۆیەوە پێدەگەیەنێت: ﴿...وَأَلْقَيْتُ عَلَيْكَ مَحَبَّةً مِّنِّي...﴿٣٩﴾ طه:﴾.

١٤- بێگومان پەروەردەی پیاوانە لەڕێی خۆشگوزەرانی‌و نازداری‌و جێی گەرم‌و نەرمەوە نییە، بەڵکو لەڕێی میحنەت‌و بارتەنگی‌و رژدی‌و سووربوونەوەیە.. سەرنج بدە ئەوە موسای منداڵ فڕێ دەدرێتە سندووقەکەوەو، سندووقەکەش هەڵدەدرێتە نێو دەریاکەوە، دەریاش دەیگەیەنێتە بەردەمی کۆشکی فیرعەون‌و وەك دیارییەك پێشکەشی دەکات بە دوژمنە سەرسەختەکەی، بەڵام خودا دەیپارێزێت.

١٥- بێگومان خودا پشتیوانان‌و خۆشەویستانی تاقیدەکاتەوەو تووشی ناڕەحەتی‌و مەینەتییان دەکات، خۆ ئەگەر ئەوان تووشی ئەم حاڵەتانە ببن ئەوە نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی، کە خودا ئەوانی خۆش ناوێت، یان لێیان رازی نیە، چونکە تاقیکردنەوە بۆ تۆکمەکردنی دەروونەکان‌و قووڵ کردنەوەی باوەڕو بەرزکردنەوەی پلەوپایەکانە.

١٦- هەردوو لێوی موسای منداڵی شیرەخۆر کە هیچ مەمکێکی دایەنەکانی نەگرتووە، تەنها مەمکی دایکی نەبێت، وەڵامێکی تێرو تەسەلە بۆ بێئیمان‌و ماددەپەرستەکان کە نکوولّی لەجیهانی غەیب‌و نادیارو بواری رۆح دەکەن‌و، تەنها مرۆڤ بە خاوەن‌و خولقێنەری عەقڵ‌و خواست‌و هوشیاری‌و ژیان دادەنێت.

١٧- خودا وادەی بەڵێن لەسەر دراوی خۆی ناشکێنێت، ئەوەبوو بەڵێنی بەدایکی موسادا کە بەساغو سەلامەتی کۆرپەکەی بۆ دەگەڕێنێتەوە، بە شێوازێکیش بۆی گەڕاندەوە کە بە هزری هیچ کەسێکدا نایەت.

١٨- فیرعەون کە کرێی داوە بە دایکی موسا لەبەرامبەر شیرپێدانی کۆرپەکەداو، دایکی موساش کە کرێی لە فیرعەون وەرگرتووە بەڵگەیەکی ترە لەسەر ڕێزلێنانی خودا لەو ژنەو لەسەر نیعمەت پێدانیشی، هەروەها بەنموونەیەکیش دادەنرێت بۆ هەرکەسێك کە ئەرکێك جێبەجێ بکاتو کرێی خۆی وەك مافێکی ڕەوا لەسەری وەربگرێت.

١٩- پێویست بوون(وجوب)ی بەکارهێنانی باشترینو سەرکەوتووترین ئامرازی بەشەری بۆ نەخشەکێشان، هەروەها پێویست بوونی وریاییو بێداریو، شاردنەوەی نهێنییەکان لە دوژمنانو، زیرەکیو چەلەنگیو هەڵسوکەوتی باش لەگەڵیاندا، وەك چۆن لە هەڵوێستی خوشکەکەی موسادا ڕەنگی داوەتەوە.

چیــرۆکی دووەم

چیــرۆکی پیاوە ئیمانداره‌کەی هــۆزی فیــرعەون

چیرۆکی ئەم پیاوە لە قورئاندا لەم ئایەتانەدا هاتووە، کە خودا فەرموویە:-

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَـٰتِنَا وَسُلْطَـٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ
وَقَـٰرُونَ فَقَالُوا۟ سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا۟
ٱقْتُلُوٓا۟ أَبْنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مَعَهُۥ وَٱسْتَحْيُوا۟ نِسَآءَهُمْ ۚ وَمَا كَيْدُ ٱلْكَـٰفِرِينَ
إِلَّا فِى ضَلَـٰلٍ ﴿٢٥﴾ وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِىٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ ۖ إِنِّىٓ أَخَافُ أَن
يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِى ٱلْأَرْضِ ٱلْفَسَادَ ﴿٢٦﴾ وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّى عُذْتُ
بِرَبِّى وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٧﴾ وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ
مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ وَقَدْ
جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ۖ وَإِن يَكُ كَـٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ ۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا
يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ ﴿٢٨﴾
يَـٰقَوْمِ لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَـٰهِرِينَ فِى ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا ۚ
قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ
ءَامَنَ يَـٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ ٱلْأَحْزَابِ ﴿٣٠﴾ مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ
وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ ﴿٣١﴾ وَيَـٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ

يَوْمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ
مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا
جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ
كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴿٣٤﴾ ٱلَّذِينَ يُجَـٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَـٰتِ
ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَـٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۖ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ
ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴿٣٥﴾ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَـٰهَـٰمَـٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ
أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَـٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَـٰبَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَـٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ
كَـٰذِبًا ۚ وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ ۚ وَمَا كَيْدُ
فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَـٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ
سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٣٨﴾ يَـٰقَوْمِ إِنَّمَا هَـٰذِهِ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا مَتَـٰعٌ وَإِنَّ ٱلْـَٔاخِرَةَ هِىَ
دَارُ ٱلْقَرَارِ ﴿٣٩﴾ مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰٓ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَـٰلِحًا مِّن
ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ يَدْخُلُونَ ٱلْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ
حِسَابٍ ﴿٤٠﴾ وَيَـٰقَوْمِ مَا لِىٓ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدْعُونَنِىٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾
تَدْعُونَنِى لِأَكْفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِۦ مَا لَيْسَ لِى بِهِۦ عِلْمٌ وَأَنَا۠ أَدْعُوكُمْ إِلَى
ٱلْعَزِيزِ ٱلْغَفَّـٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِىٓ إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِى ٱلدُّنْيَا وَلَا فِى
ٱلْـَٔاخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾
فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ۚ وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ
﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٥﴾
ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ فِرْعَوْنَ

أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾ غافر﴾

واته: (بێگومان ئێمه موسامان به ئایەتو نیشانه رۆشنەکانمان کـه مـوعجیزه هەست پێ کراوەکانو بەڵگه ئاشکراکان بوو، بۆ لای فیرعەونو هامانو قارون نـارد بەڵام ئەوان باوەڕیان پێ نەهێناو گوتیان (ئەمه سیحربازێکی درۆزنـه) دوایـی کـه ئەو هەقو راستییەی به بەڵگەو موعجیزەی ئاشکراوه که له ئێمـەوه پێـی درابـوو بۆی هێنان فیرعەونو تاقمەکەی فەرمانیان داو گوتیـان: (کوڕەکـانی هـەموو ئـەو کەسانه بکوژن که ئیمانیان هێناوه، بەڵام ئافرەتـەکانیان بهێڵنـەوه (تـا بەهـەموو شێوەیەك لـه خزمـەتیان دابـن) ئەمـەش پـیلانو فێڵـی بـێ باوەڕانـەو فروفێـڵو تەڵەکەبازی ئەوانیش هەر له گومڕاییو سەرگەردانی دایه، ئینجا فیرعـەون گـوتی: (وازم لێ بێنن با موسا بکوژمو با ئەویش پەنا بباته بەر ئەو خـودا پـەروەردگارەی خۆیو تکای رزگاربوونی لێ بکات، بۆیەش دەیکوژم چونکه دەترسم دینو ئاینتـان بگۆڕێت، یاخود خراپەو تێکدان له وڵاتەکەمانو لەسەر زەوی دا بێنێتـه کایـەوه). موساش گوتی: (من پـەنام گرتـووه بـه خـودای پـەروەردگارم (کـه پـەروەردگاری ئێوەشه) لەهەر لووتبەرزو خۆبەزل زانێك که باوەڕ بـه رۆژی حـسابو لێپرسـینەوه ناهێنێتو دەیەوێت ڕاستییەکان هەڵگێڕێتەوه) (دیاره فیرعـەونیش پێـشتر بڕیـاری تەواوی بۆ کوشتنی موسا دابوو)، بۆیه پیاوێکی باوەڕدار لـه خزمـانو لـه هـۆزی فیرعەون –که باوەڕەکەی دەرنەخستبووو تا ئەو رۆژه شـاردبوویەوه، هاتـه لایـانو پێی گوتن: (ئایا ئێوه پیاوێك دەکوژن تـەنها لەسـەر ئـەوەی کـه دەڵێـت (خـودای پەروەردگاری من – الله -یەو له هەمان کاتدا بەڵگەو نیـشانه رۆشنەکانیـشی لـه پەروەردگارتانەوه بۆ هێناونو پیشان داون، جا گەر لەمەدا درۆزن بێت ئەوه ئۆبـاڵی درۆکەی له ئەستۆی خۆی دایه، خۆ گەر راستگۆش بێت ئـەوا هەنـدێك لـەو بـەڵاو کارەساتانەتان بەسەردا دێت که پێی راگەیاندون، بەڕاستی خودا ڕێنمـایی کەسـێك ناکات که زیاده ڕەوو درۆزن بێت.. (بەمانای ئەگەر موسا درۆزن بوایه ئـەوا خـودا

ئەو هەموو بەڵگانەی بۆ پشتگیری لێ کردنی پێ نەدەگەیاند).. هەروەها پیاوە ئیماندارەکە گوتی: (ئەی هۆزو قەومی خۆم ئەمڕۆ ئێوە لەم ناوچەیەدا باڵا دەستن‌و بە ئارەزووی خۆتان حوکمی زەوی دەکەن، جا بیربکەنەوە لەوەی کە ئەگەر تۆڵەو سزای خودامان تووش ببێت کێ هەیە فریاد ڕەس‌و سەر خەرمان بێت)؟!

لەوێدا فیرعەون قسەکەی بڕی‌و گوتی: (من هەر ئەو بیروڕایەی خۆم بەچاك دەزانم‌و هیچی ترم لا پەسند نییەو ، هەر منیش تەنها ڕێی ڕاست‌و دروستتان پیشان دەدەم). دیسان ئەو پیاوەی کە باوەڕی هێنا بوو، گوتی: (من دەترسم لەوەی ڕۆژێکتان بەسەر دابێت وەك ئەو ڕۆژە کارەساتبارانەی کە بەسەر گرۆو کۆمەڵە خراپکارەکانی پێشوودا هاتوون، وەك ئەوەی بەسەر قەومی (نوح)و (عاد)و (سەموود)و گەلانی پێشوودا هاتووە، خوداش ستەم لە بەندەکانی ناکات‌و نایەوێت بەستەم لە نێویان ببات —ئەی هۆزی خۆم من ترس‌و نیگەرانیم بۆ ئێوە لەسەر ئەو ڕۆژەشە کە رۆژی بانگکردنتانە بۆ لێپرسینەوە، ئەو ڕۆژەی کە هەمووتان لە ترسی هەڵدێن‌و سەرگەردانن‌و نازانن ڕوو لە کوێ بکەن‌و هیچ پەنادەرو داڵدەدەرێکتان بۆ دەرباز بوون لە ڕق‌و تووڕەیی خودا نییە، جا هەر کەسێك خودا بەهۆی لادانی خۆیەوە گومڕای بکات هیچ ڕێنما کارو ڕێ پیشاندەرێکی نی یە، بێگومان لەمەو پێشیش (یوسف) بە بەڵگەو نیشانە ڕۆشنەکانەوە هاتە لاتان تا ڕێبازی خواناسی بگرنەبەر، کەچی بەردەوام گومانتان لەو بەرنامەو ڕێبازەی هەبوو تا ئەو کاتەی کۆچی دوایی کردو گوتتان: ئیدی هەرگیز خودا لە دوای (یوسف) پێغەمبەرێکی تر نانێرێت، بەم ڕەنگەش خودا کەسانی زیادە ڕەوو گوماندارو ڕاڕا گومڕا دەکات، ئەوانەی کە لەسەر ئایەت‌و بەڵگە ڕۆشنەکانی خودا مشت‌و مڕ دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ زانست‌و زانیاریەکیان هەبێت‌و پێ بەخشرابێت، بەمەش ڕق‌و تووڕەییەکی توند لای خودا دروست‌و گەورە دەبێت، هەروەها هەمان ڕق لەلای کەسانی ئیمانداریش دروست دەبێت، خودا بەم ڕەنگە مۆر دەنێت بەسەر دڵی هەر کەسێکی خۆ بەزل زان‌و بەزەبری ستەمکاردا).

لە گەرمەی قسەکانی پیاوە ئیماندارەکەدا، فیرعەون بە (هامان)ی وەزیری گوت: (ئەی هامان قوللە (برج)ێکی بەرزم بۆ بنیات بنێ، تاکو هەندێك هۆکارو ئـامرازم دەسگیر بێت لەو هۆکارانەی بۆ ئاسمانەکان سەرم دەخـەن، تـا لێیانـەوە سـەرکەومو نهێنییەکانی بزانمو بڕوانم بۆ خوداکەی موسا، من دڵنیام کە درۆزنە).. بەم شێوەیە کردارە ناشیرینەکانی فیرعەون هەر لەسەر گەردانیو تیاچـوونو زەرەرمەندییدایـە، پاشان ئەو پیاوەی لە هۆزی فیرعەون ئیمـانی هێنـا بـوو، گـوتی: (ئـەی هۆزەکـەم شوێنی من بکەونو (بەم قسانەی من ڕەفتار بکەن) چونکە من ڕێنمونیتان دەکـەم بۆ سەر ڕێی چاکەو سەرفرازی. ئەی هۆزەکەم ژیانی دنیا تەنها ڕابواردنێکی کەمەو هەر ڕۆژی دواییش شوێنی ئارامی تـەواوو حەوانـەوەی هەمیـشەییی باوەڕدارانـە، هەرکەسێك هەڵەیەك بکات تەنها بەقەد هەڵەو گوناهەکـەی خـۆی سـزا دەدرێـت، هەر کەسێکیش لە نێرو لە مێ (لە پیاوانو ئافرەتان) چاکە بکەنو لە هەمان کاتدا باوەڕداریش بنو بە ئیمانو باوەڕەوە چـاکە بکـەن ئـەوە بێگومـان ئەوانـە دەچـنە بەهەشتەوەو بەبێ حسابو چەندو چوون، ڕزقو ڕۆزیی هەمە جۆرو هەمە ڕەنگیـان پێ دەدرێت، هەروەها ئەی هۆزی خۆم، ئێوە سەرنج بدەن لەوەی کە من تـەنها بـۆ ڕێی ڕزگاربوون ئێوە بانگ دەکەم، تا بچنە بەهەشـتی خـوداوە، کەچـی ئێـوە بـەم سەرگەردانیو گومڕاییەتان من بۆ نێو دۆزەخ بانگ دەکەن، بۆ ئەوە بانگم دەکـەن تاکو باوەڕ بە خودا نەهێنمو هاوەڵ (شەریك)ی بـۆ دابنـێمو، بـەبێ هـیچ بەڵگـەو زانستێك خۆم کافر بکەم، لە کاتێکدا من بـۆ لای خـودای بـاڵا دەسـتو لێبـوردە بانگتان دەکەم، بێگومان ئەوەش، کە ئێوە منی بۆ بانگ دەکەن، نە لە دنیـاو نـە لە قیامەتیشدا خاوەنی هیچ بانگـەوازو بەرنامەیـەك نییـە، نابێـت ئـەوەشمان لـە یادچێت، کە گەڕانەوەمان بـۆ لای خودایـەو، ئەوانـەش کـە لـە ستەمو تـاوان دا ڕۆچوون دەخرێنە نێو ئاگری دۆزەخەوە، لەمەو لاش ئێوە لە ئاینـدەدا ئـەو وتانـەی منتان بەیاد دێتەوەو ڕۆژێك دێت، کە بیری لێ بکەنەوەو، ئـەوا منـیش کاروبـاری

خۆم هه‌ر بۆ خودا ده‌گێڕمه‌وه‌و خۆم به‌ خودا ده‌سپێرم‌و پشتی پێ ده‌به‌ستم، به‌ڕاستییش خودا بینایه‌ به‌ به‌نده‌کانی‌و ده‌یانبینێت)..

ئینجا خوداش ئه‌م پیاوه‌ ئیمانداره‌ی نێو هۆزه‌که‌ی فیرعه‌ونی له‌ پیلانی خراپ‌و دڕندانه‌یان پاراست‌و خێڵ‌و داروده‌سته‌ی فیرعه‌ونی تووشی سزایه‌کی زۆر سه‌خت کرد، که‌ ئاگری دۆزه‌خه‌و به‌یانیان‌و ئێواران نیشانیان ده‌درێت (واته‌ به‌رده‌وام شه‌و رۆژ ئێواره‌و به‌یانی تیای دان)و هه‌ر له‌ ڕۆژی مردنیانه‌وه‌ تا کاتی قیامه‌ت پیایاندا ده‌چزێنرێت، له‌ ڕۆژی قیامه‌تیشدا فه‌رمان ده‌درێت: ئاده‌ی تاقم‌و خێڵی فیرعه‌ون بخه‌نه‌ نێو توندترین‌و سه‌ختترین ئه‌شکه‌نجه‌و ئازاری دۆزه‌خه‌وه‌).

تا ئێره‌ لێکدانه‌وه‌ی کورتی ئایه‌ته‌کانی (٢٣-٤٦)ی سووره‌تی (غافر) بوو که‌ به‌سه‌رهاته‌که‌ی ئه‌و پیاوه‌ باوه‌ڕداره‌ی هۆزی فیرعه‌ونیان تیادا گێڕاوه‌ته‌وه‌..

((ئیمانداره‌که‌ی هۆزی فیرعه‌ون کێیه‌))

مێژوونووسان‌و زانایانی ته‌فسیر وته‌و بیروڕای جیا جیایان له‌سه‌ر دیاریکردنی که‌سێتیی پیاوه‌ ئیمانداره‌که‌ی هۆزی فیرعه‌ون‌و چۆنیه‌تی به‌سه‌رهاتی له‌گه‌ڵ فیرعه‌ون‌و هۆزه‌که‌یدا ده‌ربڕیوه‌و، که‌ چۆن ده‌ستی پێکردووه‌ له‌گه‌ڵیاندا‌و چۆن کۆتاییشی هاتووه‌؟!

هه‌ندێك له‌ مێژوو نووسان‌و زانایان گوتوویانه‌ که‌ (ئه‌و پیاوه‌ ئامۆزای فیرعه‌ون بووه‌و ئیمانی خۆی شاردۆته‌وه‌ له‌ ترسی ئه‌وه‌ی نه‌بادا فیرعه‌ون ئازاری بدات)، به‌ڵام له‌ دیاریکردنی ناوه‌که‌شیدا وته‌و بیروڕای هه‌مه‌ جۆریان هه‌یه‌، هه‌ندێکیان وای بۆ ده‌چن که‌ ناوی (شه‌معوون) بوو بێت، هه‌ندێکیشیان ده‌ڵێن ناوی (خه‌یر) بووه‌، هه‌ندێکی تریشیان ده‌ڵێن ناوی (جه‌بره‌ك) بووه‌، گوتراویشه‌ ناوی (شه‌معان) بووه‌و، هه‌روه‌ها گوتراوه‌ ناوی (حه‌بیب) بووه‌، زۆر له‌ زانایانیش ڕایان وایه‌ که‌ ناوی

(حەزفیل)[1] بوو بێت.

زانا (الثعلبـي) لە کتێبی (عرائس المجالس)دا بەشێك لە چـیرۆکی ئـەم پیـاوەی هێناوەو، گوتوویەتی: (ئەم پیاوە لە هاوڕێیانی فیرعەون بووەو، دارتاش بووەو هەر ئەویش سندووقەکەی بۆ دایکی موسا دروست کردووە کاتێـك موسـای لـێ بـووەو هەڵیداوەتە دەریاکەوە، گوتراویشە گەنجینەدارو بەرپرسی گەنجینەی فیرعەون بـووەو ماوەی سەد ساڵ ئەم کارەی بۆ کردووە، ئیمانیشی دەرنەخستووە تـەنها دوای ئـەو کاتە نەبێت کە خودای مەزن (مووسا) بەسەر سیحربازەکان دا سـەردەخات، کـاتی لەناو چوونو کۆتایی ژیانیشی لەگەڵ لەناوچوونی سیحربازەکان دابووە کە ئەوە بـوو فیرعەون هەموویانی لەگەڵ ئەم پیاوەش دا گرتووەو لە خاچی داونو ئـەم پیاوەشـی وەك ئەوان کوشتووە، هاوسەری ئەم پیاوە قژ داهێنـەر(ماشـطة)ی کـچی فیرعــەون بـووەو ئـافرەتێکی ئیمانـدار بـووە وەك مێردەکـەی، فیرعـەون ئـەم هاوسەرەشـی گرتووەو دوای کوشتنی مێردەکەی، ئەویشی لەگەڵ منداڵەکانی دا کوشتووە)[2].

چیرۆکێـکی نـەزانراوو، بێ سـەرچاوەی ڕوون کردنەوە

بۆ زانینی چیرۆکی ئەم پیاوە ئیمانداره، ئەگەر ئێمە بـەدوای سەرچـاوە ڕاسـتو متمانەپێکراوەکاندا بگەڕێین، ئەوا دەبینین هەموو سەرچاوە ڕاستەکان هیچ شیکارو درێژەدانێکیان لەسـەر چـیرۆکەکەی نەخـستۆتە ڕووو، ناوەکەشـی بـە یـەکێك لـە نەزانراوو شاراوەکانی قورئان (مبهمات القران) دادەنێن.

لە قورئاندا ناوی پیاوەکـەو شـیکاری ڕووداوەکـانیو بەسەرهاتەکەشـی دیـاری نەکراوە، پێغەمبەریش ﷺ شتێکی ئەوتۆی لێ دیاری نەکردووە، هـەروەها هاوەڵـە

١) (البداية و النهاية)ی (إبن كثير) /(١:٢٦٠).
٢) عرائس المجالس (قصص الانبياء)ي (ثعلبـي): ص(١٦٦).

بەرێزەكانیشی (خودا لێیان ڕازی بێت) خۆیان لە قەرەی درێژەدانی ئەم بەسەرهاتە نەداوەو تەنها ئەوەندەیان لیّ باسكردووە كە قورئان بۆی دیاری كردوون.

لەبەر ئەوە ئێمەش لەو سنوورەدا باسی چیرۆكی ئیماندارەكەی هۆزی فیرعەون دەكەین كە قورئانو سوننەت كێشاویانە بۆمانو، باوەڕیشمان وایە كە ئەو بڕەی قورئان باسی كردووە، بەسەو بەشمان دەكات وەك چۆن بەشی هاوەڵانو شوێنكەوتوان (تابعین)و زانایانی بابەتكار (موضوعی)ی كردووە.

بەڕاستی كابرا باوەڕدارەكەی نێو هۆزی فیرعەون لەو بابەتە نادیارو نەزانراوانەی قورئانە كە ڕوونكردنەوەی زۆری لەسەر نەهاتووەو دەبێت پەنا ببرێتە بەر دەقە ئەفسانەییەكانی (ئیسرائیلیات) بۆ مەبەستی ڕوون كردنەوەی زیاتری بەسەرهاتەكە.

ئێمەش لەجیاتی ئەوەی بچینە نێو قووڵایی مەسەلەیەكەوە كە هیچ زانستو زانیاریەكیشمان لە بارەیەوە نییە، ئەوەمان لیّ خوازراوە كە هەڵوێستە لە ئاست ئەو بڕەی بەسەرهاتەكەی دا بكەین كەوا لە قورئان دا هاتووە بۆ ئەوەی سەرنجو ئاوڕدانەوەی پێویستو وانەو پەندو ئامۆژگاری لە ئیمانو بانگەوازو بوێریو ئازایەتیو ڕوون كردنەوەو كارتێكردنو جیهاد دا لێوە دەستەبەر بكەین.

بێگومان پێشەوا (ابن كثیر)یش خۆی لە شیكارو درێژكردنەوەی مەسەلەی ئەم چیرۆكە لاداوەو، تەنها ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كاتێك فیرعەون (نەفرەتی خودای لیّ بێت) بەتەمای كوشتنی موسا -سلاوی لیّ بێت- بووەو پاشان خۆی بۆ ئامادە كردووەو ڕاوێژی تیادا لەگەڵ دارو دەستەكەی كردووە، ئەم پیاوە ئیماندارەش ترسو نیگەرانی لەسەر (موسا) هەبووەو، بۆ بەرگری كردن لە (موسا) بە زمانێكی پڕ سۆزو تكاكاری، لەگەڵ فیرعەون دا دواوەو وتەیەكی وای بەكار هێناوە كە هەردوو شێوازی هەڵنانو ورياكردنەوە (ترغیبو ترهیب)ی لەخۆ گرتووە(١).

---

١) (البداية و النهاية) :-(١:٢٦٠).

بۆچی لە هۆزی فیرعەون بووە؟

لە قورئانەوە تێدەگەین کە ئەم پیاوە ئیماندارە لە هۆزی فیرعەون بووە، وەك لە ئایەتەکاندا هاتبوو:

﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ ... ﴿٢٨﴾ غافر﴾.

واتە: (پیاوێکی ئیماندار لە هۆزی فیرعەون کە ئیمانەکەی شاردبۆوە گوتی...).

کەواتە ئەو لە خانەوادەی دەسەڵاتداری فیرعەون بووە، نەك لە هۆزی نەوەی ئیسرائیل (بنو اسرائیل).

هەڵبژاردنی ئەم پیاوە نزیکەی فیرعەون کە لە ئیمان بە خوداو پێغەمبەرێتی موساشەوە نزیکە، چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەخات، وەك:

١- نەمانی پاڵپشتیو ئینتیماو پەیوەندی یە خێزانیو تیرەگەریو عەشایەریو نەتەوایەتییەکان لە کاتی پێچەوانە بوونیان لەگەڵ ئیمان دا، بێگومان ئیمانو باوەڕداریتیش پەرتەوازەییو لێك دابڕان لە نێوان کەسێكو کەسێکی دیو، لە نێوان خێزانێكو خێزانێکی دیو، گەلێكو گەلێکی دی دا ناخولقێنێت، بەڵکو خەڵکی خۆیان بەپێی چەمكو تێگەیشتنە باوەڕدارێتییەکەیان هەر یەکەیان دەبنە کەسێکی باوەڕدار یان بێ باوەڕ، بەمەش لێك دادەبڕێن.

٢- بێگومان ئەم پیاوە باوەڕدارە دڵێکی زیندووو ساغی هەبووەو خاوەنی فیطرەتێکی ڕاستو ڕێك بووەو ئەم فیطرەتو سرووشتە پاکەشی بەهۆی نزیکیی لە حاکمەوە نەشێواوە.

دیارە مرۆڤیش لە هەر شوێنو پلەو پایەیەك دابێت دەتوانێت خۆی لەسەر خێرو ئیماندارێتیو چاکە خوازی بهێڵێتەوە ئەگەر خۆی وای بوێتو ڕێگەی ڕاست بۆ بەدی هێنانی ئەو سیفەتە بەرزانە بگرێتەبەر.

٣- ئەم پیاوە ئیماندارە بە ئیمانێکی گەورەوە بەهرەمەند بوو کە کاریگەری لە ژیانی دا هەبووو پاڵنەری بوو لەسەر نەویستنی دنیاو خۆ بەرز گرتن لە ئاست شتە فریودەرەکانی داو ڕەت کردنەوەی ڕواڵەتەکانی ژیانو پلەو پایەی ساختەو، بە باشتر دانانی پاداشتی خودا لە دنیاو ئەوەی تیای دایەو، ڕەت کردنەوەی هەیبەتو لافو گەزافی ساختە.

هەر بۆیەش بە هیممەتی پیاوانە ئەرکەکانی باوەڕی لەسەر شان هەڵگرتبووو بە نەفس بەرزیو جورئەتو خۆ ڕاگرییەوە بەرەو ڕووی کارەساتەکان دەبووەوە.

٤- بێگومان سنووری ماڵی فیرعەون لە ناوەوە بە ئیمان بەزێنرا بوو، ئەو نوێنەری بێ باوەڕیو ناهەقی بوو، کۆشکەکەشی قەڵای بێ باوەڕیو نا هەقی بوو، ئینجا ئیددعای خوایەتیو پەروەردگارێتی بۆ خۆی دەکردو، خەڵکی دەکردە بەندەی خۆی لە جیاتی بەندەی خودا. بەڵام خودای مەزن هەندێك لە کەسە نزیکەکانی فیرعەونی (بە مەبەستی پووچەڵ کردنەوەی پیلانو مەکری فیرعەونو سەلماندنی لاوازیی کفرو بێ ئیمانییەکەی) بۆ ئیمان بە خودای تاكو تەنیا هان دابوو، بۆ نموونەش ئەوەتا ئەم پیاوە لە هۆزی فیرعەون ڕێبازی ئیمانداریێتی هەڵدەبژێرێت، ژنەکەی فیرعەونیش لەسەر ڕێبازی ئیمان دەڕوات بەڕێوە.

٥- موساش- دروودی خودای لێ بێت- لە بانگەوازی خۆیدا سەرکەوتوو بوو، چونکە گەیاندبوویە مەوقعێکی پێشەوەو نزیك لە هێزەکانی دوژمنەکەیو هەر ئەم بانگەوازەش بوو کە پیاوێکی زۆر نزیك لە سەرکردایەتی دوژمنانی بۆ تەرخان کرد بوو، لەوانەشە ئەم پیاوە ئیماندارە چەندین زانیاری گرنگی لەمەڕ جەنگی دوژمنانی بە (موسا) گەیاندبێت.

دیمەنەکـانی چیـرۆکەکــە

کاتێك به وردیی سەرنج لەو ئایەتانەی که چیرۆکەکەی کـابرای ئیمانـداری نێـو هۆزەکەی فیرعەون دەگێڕنەوە، دەدەین، دەبینین ئەم چیرۆکە (بەسـەر چـوار دیمـەنو کۆتاییەکدا) دابەش دەکەن، وەك:-

له دیمەنی یەکەم دا/ فیرعەون پیلان له موسا دەگێڕێت، یان دەیەوێت بیکوژێت.

له دیمەنی دووەم دا/ پیاوە ئیماندارەکە دەردەکەوێتو بەرگریی له موسا دەکـاتو، له دواندنی جەماوەرەکەش دا سەرکەوتووە.

له دیمەنی سێیەم دا/ فیرعەون جەماوەرەکە بەخۆیەوە خـەریك دەکـاتو سـەرنجیان بەلای هێزو تواناو گەورەیی خۆی دا ڕادەکێشێت تاکو بەدەم بانگـەوازی پیـاوە ئیماندارەکەوە نەچن.

له دیمەنی چوارەم دا/ پیاوە ئیماندارەکە جەماوەر بانگ دەکات بۆ شـوێن کـەوتنی خۆی.

له کۆتاییدا/ پیاوە ئیماندارەکە گەلەکەی بەجێ دەهێڵێتو کارو بـار هـەر بـەخودا دەسپێرێت.

ئایەتەکانیش بەم جۆرە بەسەر دیمەنەکان دا دابەش کراون:-

دیمەنی یەکەم: ئایەتەکانی (٢٣-٢٧)ی تایبەت به چیرۆکەکەی بەرکەوتووە.

دیمەنی دووەم: ئایەتەکانی (٢٨-٣٥)ی تایبەت به چیرۆکەکەی بەرکەوتووە.

دیمەنی سێیەم: ئایەتەکانی (٣٦-٣٧)ی چیرۆکەکەی بەرکەوتووە.

دیمەنی چوارەم: ئایەتەکانی (٣٨-٤٣)ی چیرۆکەکەی بەرکەوتووە.

کۆتاییەکەش: ئایەتەکانی (٤٤-٤٦)ی بەرکەوتووە.

دیارە هەر دیمەنێکیش به هێزێكو گیانێکی زیندووو بەوێناندنو کاریگەرییەوە چەندین (لقطة)یان له خۆ گرتووەو چەند کەسو ڕووداوێکیش پیـشان دەدەنو چـەند

هەڵوێستەو بزاوتێکیش دەردەخەن‌و، چەندین ڕاستی‌و ئاماژەشمان پێشکەش دەکەن، ڕوانینی ئێمەش بۆ ئەو لەقتەو چرکە سات‌و دیمەنانە ڕوانینێکی شیکاریانەو بابەتیانەیە بەمەبەستی تۆمار کردنی ڕێنماییە باوەڕداریتی‌و بانگەواز کاری‌و حەرەکەت خوازییەکانیان، بەڵام بەڕادەیەکی کەم پەل دەهاوێن بۆ ڕواڵەتە هونەری‌و بەدیار خەرەکانی‌و بۆ شێوازە ڕەوانبێژییەکەی، چونکە ئێمە نیازمان لەوەدا بەند ناکەین، خوداش پشتیوانمانە لەمەدا.

❊ ❊ ❊

دیمه‌نی یه‌که‌م:-

موسا بانگه‌وازی خودا ده‌گه‌یه‌نێتو، فیرعه‌ون پیلانی لێ ده‌گێڕێت:-

خودای مه‌زن فه‌رموویه‌:

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ (٢٣) إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ
وَقَارُونَ فَقَالُوا سَاحِرٌ كَذَّابٌ (٢٤) فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا
اقْتُلُوا أَبْنَاءَ الَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ وَاسْتَحْيُوا نِسَاءَهُمْ ۚ وَمَا كَيْدُ الْكَافِرِينَ
إِلَّا فِي ضَلَالٍ (٢٥) وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُ ۖ إِنِّي أَخَافُ أَن
يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ (٢٦) وَقَالَ مُوسَىٰ إِنِّي عُذْتُ
بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَابِ (٢٧) غافر﴾.

(پێشتر به‌ کورتی مانای ئه‌م ئایه‌تانه‌مان لێك دایه‌وه‌)

ئێستاش له‌م دیمه‌نه‌ی چیرۆکه‌که‌دا شیکاریان ده‌که‌ین..

بێگومان به‌سه‌رهاتی پیاوه‌ باوه‌ڕداره‌که‌ی خێڵی فیرعه‌ون چیرۆکێکی سه‌ربه‌خۆی تاکه‌ پیاوێك نییه‌، به‌ڵکو ئه‌ڵقه‌یه‌که‌ له‌ ئه‌ڵقه‌کانی چیرۆکی خودی موسا (سڵاوی خودای لێ بێت) له‌گه‌ڵ فیرعه‌ونو هۆزه‌که‌یدا که‌ له‌ چه‌ندین سووره‌تی قورئاندا باسی لێوه‌کراوه‌، به‌سه‌رهاتی ئه‌م پیاوه‌ باوه‌ڕداره‌ش ته‌نها له‌ سووره‌تی (غافر)دا هاتووه‌، ئه‌م سووره‌ته‌ش دوو ناوی هه‌یه‌، که‌ یه‌کێکیان (غافر)ه‌و دووه‌میان (به‌ سووره‌تی (مؤمن) ناوبراوه‌، مه‌به‌ست له‌ (مؤمن)یش ئه‌م پیاوه‌ ئیمانداره‌یه‌و له‌وانه‌یه‌ بۆ ڕێزلێنانیو ستایشی هه‌ڵوێستیو بانگکردنی باوه‌ڕداران بۆ شوێنکه‌وتنو شوێن پێهه‌ڵگرتنیو سه‌رمه‌شق دانانی، ئه‌م ناوه‌ له‌ سووره‌ته‌که‌ نرا بێت.

لە سوورەتی (غافر) یان (مؤمن)دا شیکاری چەند قۆناغێکی بەسەرهاتی (موسا) باس نەکراوە وەك هاتنی بۆ (مەدیەن)و، ئاخاوتنی خودا لەگەڵیدا لەلای چیای (طور)داو، هەردوو بەڵگە ڕۆشنەکەی گۆچانەکەی و، دەستە سپییەکەی و، داواکاریی خودا لە موساو هارون لەسەر ڕۆشتن بۆ لای فیرعەون و گەلەکەی و بانگکردنیان بۆ سەر ڕێبازی خوداو دەست هەڵگرتنیان لە چەوساندنەوەی (بەنو ئیسرائیل)و سەربەست کردنیان، سوورەتەکە ئەم لایەنانەی چیرۆکەکەو شیکاری بەرەنگاربوونەوەی (موسا) لەدژی (فیرعەون)و دیمەنەکانی بەربەرەکانیی و کێبەرکێی نێوان موساو سیحربازەکان و، باوەڕهێنانی سیحربازکان و دان بەخۆ داگرتنیان و، دەرچوونی موسا لەگەڵ گەلەکەیداو گەیشتنەوەی فیرعەون پێیان و، ڕزگاربوونی موساو گەلەکەی و تیا چوونی فیرعەونی باس نەکردووە، (بەڵکو ئەمانە هەمووی لە سوورەتەکانی تردا باسکراون)، بەڵام لەم سوورەتەدا تەنها گرنگی بە دەرخستنی هەڵوێستی پیاوە باوەڕدارەکە دراوە، چونکە هەر خۆی خانەی مەبەستە تیایدا.

ڕوانینێکی هونەری بۆ بڕگەکانی ئەم دیمەنە:

دیمەنی یەکەم ئەم بڕگانەی لە خۆ گرتووە:-

١- لە بڕگەی یەکەم دا:- هەرسێ ستەمکاری لە ستەم ڕۆچوو (فیرعەون و هامان و قارون) لەسەر شانۆی حوکم و فەرماندان سەر گەرمی فەسادو ستەمی زۆر لە جەماوەران.

٢- لە بڕگەی دووەم: (موسا) دروودی خودای لێ بێت- دێتە لای هەرسێ ستەمکارەکەو بانگیان دەکات بۆ باوەڕهێنان لە فەسادو ستەمکاری.

٣- لە بڕگەی سێیەم دا:- هەرسێ ستەمکارەکە بانگەوازی موسا ڕەت دەکەنەوەو بەوە تۆمەتباری دەکەن گوایە سیحربازێکی درۆزنە.

٤- لە بڕگەی چوارەم دا: (موسا) ـ سلاوی خودای لێ بێت ـ هەر بەڵگەو نیشانەو موعجیزەیەکی پێیە دەیخاتەڕوو بۆ سەلماندنی ڕاستگۆیی و پێغەمبەرایەتییەکەی.

٥- لە بڕگەی پێنجەم دا: ستەمکارەکان بەو ڕەنگە دژایەتیی بانگەوازەکەی موسا دەکەن کە ستەم لە شوێنکەوتوانی دەکەن وەك ئەوەی کە کوڕەکانیان دەکوژنو کچەکانیان دەهێڵنەوە.

٦- لە بڕگەی شەشەم دا:- فیرعەونی ستەمکار پیلان لە موسا دەگێڕێتو دەیەوێت بیکوژێتو داوا لەگەلەکەی دەکات ڕێی ئەوەی پێ بدەن، بۆ ئەم مەرامەش چەند هۆکارێکی جوان کراوو پەسند کراویان پیشان دەدات بەمەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ خواستەکەی.

٧- لە بڕگەی حەوتەم دا:- موسا پەنا بەخودا دەگرێتو هانای بۆ دەباتو، لە فڕوفێڵی فیرعەون خۆی پێ دەپارێزێت، هەروەها هۆکارە ڕاستەقینەکانی فیرعەون بۆ خەڵکی دەردەخات کە خستوونیە ڕوو بۆ کوشتنی موساو، هۆی تێکچوونی کە سێتیەکەشی ڕوون دەکاتەوە کە چۆن میزاج ونەریتی تێکچووە.

بەم بڕگەیەش دیمەنی یەکەم کۆتایی دێت، ئەمەش کۆتاییەکی ئاساییو، کۆتاییەکی هونەریی بەیانکاری کاریگەرو، کۆتاییەکی بابەتیانەی ڕەوانبێژانەیە..

موساش (سڵاوی خوای لێ بێت) لەم دیمەنەدا کۆتایی بە ئەرکی خۆی دێنێتو بە شێوازێکی هونەریی و لەڕێی بەڵگەو موعجیزەکانیەوە ئەو هۆزە جێ دێڵێتو پەنای بە خوداش گرتووەو هانای بۆ بردووەو پشتیی پێ بەستووە..

ئیدی بەم توێشووە باوەڕداری یە گەورەیەوە بەرەو ڕووی ئەو پیلانەی فیرعەون دەبێتەوە کە لەسەر ژیانی دەیگێڕاو، هەروەها پیاوانەو بە ئیمانو ئارامیو جیهادەوە بەرەو ڕووی خودی فیرعەونیش دەبێتەوە.

لە زمانحاڵی ئەم ئایەتانەشدا وادیارە دەیانەوێت جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە باوەڕدارانەی بانگەوازکاری لە قەوارەی باوەڕداراندا بکات کاتێك ئایەتەکان دەخوێننەوە، کە با شوێن پێی موسا هەڵبگرن لەو هەڵوێستەدا.

جا بۆیە هیچ کۆتاییەکی هونەریی نابینیت کە لەم کۆتاییە جوانتر بێت، هەروەها کۆتاییەکی باوەڕدارانەی بانگەوازکاری نابینیت کە لەم کۆتاییە چاکتربێت

ئامرازەکانی زۆر داران لەبەرەو ڕووبوونەوەی هەق دا :

موسا بە ڕێبازێکی هەق لەلای خوداوە چوو بۆ لای فیرعەونو گەلەکەی‌و، ئەو بەڵگەو نیشانە ڕۆشن‌و موعجیزانەشی بۆ خستنە ڕوو کە دەلالەتیان لە ڕاستی ی پێغەمبەرێتییەکەی دەکرد، بەڵام ئەوان لە جیاتی ئەوەی شوێنی بکەونو ئاینەکەی وەربگرن، بەدرۆیان خستەوەو، بە سیحرو درۆ خەتاباریان کردو گوتیان (ساحر کذاب)، جا خۆزگە هەر تەنها بە باوەڕ پێ نەهێنانو بە درۆخستنەوەی وازیان لێ بهێنایە (هەر چەندە ئەمەش هەڵوێستێکی ناشیرین‌و تاوانێکی زێوە)، بەڵکو چوونە سەر قوناغێکی دی کە لە کفرێکی سەر سەختانەو ستەمی زۆرو شێواندنی تەواو دا خۆی دەنواند، بە حیقدو ڕق‌و کینەوە دژایەتییان دەکرد، لەم دژایەتییەش دا ئامرازێکی گەندەڵیان بەکارهێنابوو کە لەگەڵ هیچ داب‌و نەریت‌و یاساو ئاکارێك دا نەدەگونجا، ئەوە بوو ئازاری کەس‌و کارو شوێنکەوتوانیان دەدان‌و دەیانگوت (کوڕانی ئیمانداران بکوژن‌و کچ‌و ژنەکانیان بهێڵنەوە).. ﴿...ٱقۡتُلُوٓاْ أَبۡنَآءَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ وَٱسۡتَحۡيُواْ نِسَآءَهُمۡۚ ...﴿٢٥﴾ غافر:﴾.

بەکارهێنانی ئامرازێکی ئاوا لە دژایەتی‌و ململانێدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی چەند ڕق‌و کینەو پیلان‌و تۆڵە لە دڵیان دا هەیەو چەندە ئەو دڵە ساردو سڕانەیانی پڕ کردووەو هەموو مانایەکی سۆزو چاکەو خێرو بەزەیی‌و مرۆڤایەتی لێ دەرهێناون. بۆچی کوڕانیان دەکوشت‌و ئافرەتەکانیان دەهێشتەوە؟!

بۆیە وایان دەکرد تاکو ببنە کۆسپی بەردەم ڕێگای بانگەوازو نەهێڵن لە نێو کەسانی تردا بڵاو ببێتەوە، چونکە کەسانی تر بەر لەوەی بەدەم بانگەوازەکەوە بێن، بیرێکی قووڵ دەکەنەوە لەوەی بەهۆی باوەڕهێنانەوە چییان بەسەر دێت‌و ئیدی ترسیان لەسەر کوڕو ئافرەتەکانیان دەبێت کە بکەونە دەست حاکمەکان.

هەروەها بۆیە ئەم ڕەفتارەیان دەنواند تاكو فشارێكی ئازار بخەنە سەر باوەڕداران‌و لەو ئاقارەشەوە فشارەكەیان لەسەر بێت كە زیاد لە هەر ئاقارێكی دی ئازاریان دەدات‌و، واش گومان بەرن گوایە ئەمە خاڵێكی لاوازی دەبێت بۆیان‌و وایشیان لێ دەكات واز لە بانگەوازو بانگەوازكاران بێنن.. ئەمەش ئاقاری ئازاردانی خێزان‌و خانەوادەو كوڕان وكچەكانە.. خۆ بەڕاستی خاڵێكی لاوازیشەو فشار دانان لەم ئاقارەوە هێجگار بە ئازارەو دیارە وا لە كەسانێك دەكات كە بە فیعلی‌و بە كردەوە واز لە حەق بێنن.

بەڵام ئەم ڕەوتەیان بۆ دژایەتیی چەند كەسێكی بێ تاوان‌و بێ دەسەڵات كە منداڵانی كوڕو ئافرەتانن خۆی لە خۆیدا ستەم‌و دەستدرێژیە لەو ستەمكارانەوە، چونكە ئەو بێ تاوانانە بە تۆمەتێك سزا دەدەن كە ئەنجامیان نەداوە، هەروەها ئەم ڕەوتە نائینسانییە ڕق‌وكینەو پیلان‌و زەبرو زەنگێكی زۆریشی لەخۆ گرتووە چونكە كوشتاری چەند منداڵێكی بچووك‌و لاواز دەكەن كە هیچ وزەو توانایەكیان لە جەنگدا نیەو ناشتوانن خۆیان بۆی ئامادە بكەن، جا وەك پێشتر گوتمان ئەم شێوازە لەگشت مانایەكی ڕەحمەت‌و مرۆڤایەتی دابڕاوەو لەگەڵ هیچ عورف‌و حەقێكیان لەگەڵ هیچ بنەماو یاسایەكدا ناگونجێت.. بەڵام ئاخر كەی‌و چ كاتێك ئەوانەی لەسەر ناهەق‌و (باطل)ن، بە یاساو بنەماكانەوە پابەندن لە كاری دژایەتیی هەق‌و شوێنكەوتوانیدا.

ماوەتەوە بڵێین: بێگومان ئامرازی ﴿...اقْتُلُوا أَبْنَاءَ الَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ وَاسْتَحْيُوا نِسَاءَهُمْ ...﴾ (٢٥) غافر. تەنها فیرعەون‌و گەلەكەی بەكاریان نەهێناوەو هەر تاكە ئامرازی تایبەتیی ئەوان نەبووە، بەڵكو ئامرازێكی هەمیشەیی‌و درێژكراوەی چاخ لە دوای چاخی شوێنكەوتوانی نا هەقە، كە بە كاری دەهێنن لە ڕووبەڕووبوونەوەی شوێنكەوتوانی هەق دا.. بەڕاستی مێژوو ئاگادارەو چەندین نموونەی توندو ئازار بەخشی لە كۆن‌و نوێدا لەسەر ئەم ئامرازە شەیتانییە كینە بەرانەیە لە لاپەڕەی یاداوەرییەكانیدا تۆمار كردووە.

بۆچی فیرعەون مۆڵەتی کوشتنی موسای لەهۆزەکەی خۆی دەخواست؟

فیرعەون ڕقو کینەو پیلانی خۆی ئاڕاستەی (موسا) کرد بووو، دەیویست بیکوژێت تاکو بەمە بانگەوازەکەشی لەناو ببات، بۆ کاری کوشتنیشی داوای مۆڵەتی لە هۆزەکەی دەکرد:

﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓ ﴿٢٦﴾ غافر﴾.

بەڕاستی سەیرەو داوایەکی سەیرو سەمەرەیە کە فیرعەون داوا لە هۆزەکەی دەکات تا ڕێی بدەن (موسا) بکوژێت، مەگەر هەر فیرعەون خۆی نەبوو کە بە هەواو ئارەزووی خۆی حوکمی ئەو خەڵکەی دەکردو هیچ بەرهەڵستکارێکیشی نەبوو، چونکە لە هەموو بیروڕایەکیدا لەگەڵی دابوون، تەنانەت لەوەشدا، کە پڕوپاگەندەی خوایەتیو پەروەردگارێتی بۆ خۆی دەکرد..

جا داخۆ مانای ئەمە چی بێت کەوا داوای ڕەزامەندیی ئەوان دەکات بۆ کوشتنی (موسا) هەر چەندە ئەگەر بەبێ پرسو مۆڵەتی ئەوانیش بیکوشتایە هەرگیز بەرهەڵستیان نەدەکرد ؟!!

وا دیارە ئەو بەم مۆڵەت خواستنە ویستوویەتی خۆی وا پیشان بدات گوایە زۆر سوورە لەسەر هاوکاریی گەلەکەیو داوای ڕاوێژو ئاڵو گۆڕی بیروڕایان لێ دەکات، یان وا دیارە ویستوویەتی لەم کارە ترسناکەدا ئەوانیش بەشدارکاتو ئەو هەستەیان بۆ دروست کات گوایە (موسا) دوژمنی ئەوانیشە وەك چۆن دوژمنی خۆیەتیو، ئەوانیش وەك خۆی خاوەنی کێشەکەنو، بەم ڕەنگەش بەجۆش بن بۆ دژایەتیی (موسا) لەوانەشە ویستبێتی ئاکامی کوشتنەکەی بخاتە ئەستۆیان تاکو بیر لە لێپرسینەوەی (فیرعەون)یان موحاسەبەکردنی نەکەنەوە.

بەڕاستی ستەمکارو تاغووتەکان (لە هەر زەمانو شوێنێکدا بوو بن) ڕێچکەی فیرعەونیان لە دژایەتی هەقو لە کوشتنی پیاوانو سەرکردەکانی هەقدا وەبەرناوەو

لە هەمان کاتدا گەلانی ژێر دەستەڵاتیشیان لە هەڵگرتنی باری گوناەو خوێنڕشتنی هەقخوازاندا بەشدار کردووە، لەم کارەش دا هەموو بەیاننامــەو ڕوونکردنەوەیــەکی چەواشەکارانەیان ڕێك خستووەو، فەتواو پرسیارو وەڵامیان ئامادەکردووەو، دیدارو وت‌وویژو چاو پێکەوتنیان بۆ ســازداوە تــاکو لــە دەرەنجــامی ئــەو شــێوازەنەدا بــە ئارەزووی خۆیان بڕیارەکانی داڕێژنەوەو ئەنجام بدەن.

بێشەرمی فیرعەون لە وتەی (وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ)دا

فیرعون دەیەوێت (موسا) بکوژێت، لەمەش دا هیچ حسابێك بۆ خودای (موسا) ناکات، نەلێی دەترسێتو نە ڕێزو شکۆی لێ دەنێــت، ئــەم نەریتەشــی بــەو وتەیــە دەربڕی کە گوتی (ولیدع ربە) واتە (ئەوا من موسا دەکوژمو با ئەویش هەر داوا لە خودای خۆی بکات کە فریای کەوێتو با هەر پەنا بەرێتە بەر ئەو خودایەی).. ئــەم وتە ناشیرینەشی دەلالەت لەسەر لووتبەرزیو بێشەرمو حەیاییو ســووکایەتیکردنی دەکات، ئەو باوەڕ بە خــودای —موســا- ناهێنێــتو بــە چــاوی ســووکایەتی بــۆی دەڕوانێت، (با پەنا بەرێتە بەر خودای خۆی) واش دەگەیەنێت گوایە خودا فیرعــەون ناترسێنێتو ناتوانێت ڕێی کوشتنی لێ بگرێت.

بێگومان نەترسان لە خودا ئەم هۆیە بوو کە پاڵی بە هەر ستەمکارێکەوە نــاوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بانگەوازکارانی هەقو ئازاردانو کوشتنیان..

خۆ گەر ئەم ستەمکارەش باوەڕی بە خودا بهێنایەو ڕێزو شکۆی لێ بنایە ئــەوا ئازاری شوێنکەوتوانی خودای نەدەدا.

ئەو ڕستە فیرعەونییە ناشیرینەش (با پەنا بەرێتــە بــەر خــودای خــۆی) هــەموو ستەمکارێك لەکاتی بەربەرەکانیکردنی سەربازانی خوادا گوتوویانەتەوە، هەندێکیان بە زمانیان گوتوویانەتەوەو هەندێکی تریشیان لە کردارو هەڵس‌وکەوتیاندا ڕەنگــی داوەتەوە..

جا هەر کاتێك چەند ستەمکارێك چەند بانگەوازکارێکی خودایان سـزا دابێـت‌و خستبێتیانە نێو زیندانەکانەوەو چەندین جۆر سـزاو ئەشـکەنجەیان پـێ گەیانـدبن‌و یەکێك لە بانگەوازکارەکان ڕووی لە خودا کردبێت‌و پەنای بـۆ بردبێـت‌و گـوتبێتی (خودایە/ یا الله)، ئەوا ستەمکاری قامچی وەشێن دەسبەجێ پێی گوتووە: (ئەگەر خودای تۆ بێتە ئێرە ئەویش لەگەڵ تۆدا دەخەمە کونجی زیندانەکەوە)! جـا کاتێـك ستەمکارێك ئەم قسەیە دەکات ئەوە لە فیرعەون بەدڕەفتارترو بێحەیاترو بەزەبرترە.

فیـرعەون پڕوپاگاندەی بەرگریی لە ئاسایش‌و ئایین دەکات:

داخۆ ئەو هۆیانە چی بن کە فیرعەون دەیانخاتـە بەرچـاوی گەلەکـەی‌و پاسـاوی کوشـتنی موسـایان پێدەهێننـەوە؟! وەك لـە وتـەکانیدا هـاتووە ئـەم هۆیـە خولقێنراوانە بـوون:- ﴿...إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ﴿٢٦﴾ غـافر﴾.. واتە: (من بۆیە (موسا) دەکوژم چونکە لـەوە دەترسـم کـە دین‌و ئایینی ئێوە بگۆڕێت، یاخود خراپەو بەدکاری لە وڵاتەکـەمان‌و سـەر زەویـدا بێنێتە ئاراوە).

کەوابوو فیرعەون دوو هۆی خولقاندبوو، یەکەمیان: پاراستنی ئایین، چـونکە بـە وتەی فیرعەون (موسا) دوژمنی ئاینیان بووەو فیرعەونیش بەرگریکارو بەپەرۆشـی ئەو ئاینە بووە.

دووەمیان: پاراستنی ئاسایش، چونکە هـەر بـە وتـەی فیرعـەون (موسـا) دژی ئاسایش بووەو فیرعەونیش پارێزەری ئاسایش بووە.

فیرعەونی کافرو بێباوەڕ کە بە گەلەکەی گوتبوو: (من خودای بـەرزو باڵاتـانم/ ... أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴿٢٤﴾ النازعات. پێشی گوتبوون: (جگە لە خۆم هیچ خودایەکی تـر بۆ ئێوە شك نابەم/ ...مَا عَلِمۡتُ لَكُم مِّنۡ إِلَٰهٍ غَيۡرِي... ﴿٣٨﴾ القصص.

بەم ڕەنگەش بۆتە کەسێکی ڕژدو دەمارگیر لەسەر ئایینو، پاسەوانیی بووە لە دژی هەر گۆڕانکاریو ئاڵوگۆڕ پێکردنێك کە لەسەر دەستی موسا هەڕەشەی لێوە بەدی دەکرا.

فیرعەونێك کە بە (ستەمو بێباوەڕی) فەسادی بڵاودەکردەوەو، بە (لووتبەرزیو خۆ بەزل زانی) دنیای تێك دەدا، بووەتە بانگخوازی چاکسازییو خێرو ئاسایشو خۆشگوزەرانی..

ئەم پاکانەکاریو لێکدانەوە فیرعەونییەش هەموو ستەمکارێکی دی لە بەربەرەکانیکردنی هەقو شوێنکەوتوانیدا پەنای بۆ دەبات.. ستەمکاری دەسەڵاتدار خۆی وا پیشانی خەڵکی دەدات گوایە پیاوێکی بە ئیمانو دیندارەو، پاسەوانی ئیمانو باوەڕداریتییەو، سوورە لەسەر نەریتە جوانەکانو، ڕژدە لەسەر ڕەوشتو ئاکارەکانو، خوازیاری ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنو ئاسایشو گەشەسەندنە، کەچی لە هەمان کاتدا بانگەوازکارانی ڕێی خوداش واپیشان دەدات گوایە چەند گێرەشێوێنێکی تێکدەرو، گومڕاو گومڕاکارو، دوژمنانی خوداو نەتەوەو نیشتمانو، هاوپەیمانی شەیتانو سەرکردەی فیتنەو، بانگەشەچییانی گومڕایین.. لەبەرئەمە پێش ئەوەی نیازە شەیتانییەکانیان بەدی بێنن پێویستە قەڵاچۆ بکرێن..

(سید قطب) —خودا پلەی بەرزکات لە نێو شەهیدان- دەربارەی ئەو پاساوەی فیرعەون بۆ کوشتنی (موسا)و، دەربارەی هەمان پاساوی ستەمکارانی تریش کە لە دژی بانگەوازکاران دەیهێننەوە، گوتوویە:- ((ئایا لەو پاساوە سەیرو سەمەرەتر هەیە کە فیرعەونی گومڕای بتپەرست دەربارەی (موسا)ی پێغەمبەری خودا بڵێت..)) ﴿...إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ﴿٢٦﴾ غافر﴾ ؟! ئایا ئەمە هەمان وتەی گشت دەسەڵاتدارێکی خراپکار نییە کە لەمەڕ گشت بانگەوازکارێکی چاکەخواز دەریدەبڕن؟ ئایا هەمان وتەی ناهەقی

ناشیرین نییه که بەرەو ڕووی هەقی جوانو قەشەنگ دەگوترێت؟ ئایا هەمان وتەی پیسی چەواشەکاری نییه که بۆ ورووژاندنی هزرو ئەندێشەکان بەرامبەر ئیمانی هێمنو ئاسوودە دەگوترێت؟ ئەمە هەمووی یەك لۆژیکەو بەدرێژایی سەردەمەکانو له گشت جۆرە شوێنێکدا هەر کاتێك هەقو ناهەقو، ئیمانو کفرو، چاکسازیو له ستەمدا ڕۆچوون، ڕووبەڕووی یەکدی بووبنەوە، دووبارەو چەندبارە بۆتەوە.. چیرۆكو ڕووداوەکانیش دێرینو چەند بارە بووەوەن که ناوبەناو دەخرێنەوە بەرچاو)[1].

(موسا) پەنا بۆ خوا دەبات :

(موسا)—سلاوی خودای لێ بێت- چۆن ڕووبەڕووی فڕوفێڵی فیرعەونو ڕقو کینەو پیلانو دوژمنکاریی بووەوە؟!.. ﴿وَقَالَ مُوسَىٰٓ إِنِّي عُذۡتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٖ لَّا يُؤۡمِنُ بِيَوۡمِ ٱلۡحِسَابِ ﴿٢٧﴾ غافر﴾.. واته: (موسا- گووتی: من پەنام گرتووە بە خودای پەروەردگارم (کە بێگومان پەروەردگاری ئێوەشە) پەنام پێ گرتووە لەهەر لوتبەرزو خۆ بەزل زانێك کە باوەڕ بە ڕۆژی حسابو لێپرسینەوە ناهێنێت).

بێگومان (موسا) پەنای بردۆتە بەر خودای خۆیو پشتی پێ بەستووەو جڵەوی کاروباری پێ سپاردووە، چونکە زانیویەتی کە هەر خودا خۆی پشتو پەناو پارێزەرو لە خۆگریەتیو، هەر خوداش دالدەو پەنای دەداتو فریای دەکەوێتو لە فروفێڵو دەسدرێژی فیرعەون ڕزگاری دەکات.

جا پێویستە ئەم هەڵوێستە ئیماندارانە گەورەیەی موسا-سلاوی لێبێت- ببێتە نموونەیەکی پەیڕەوکراوی هەر بانگەوازکارێك کە ڕووبەڕووی فڕوفێڵو ڕقو کینەی ستەمکاران دەبێتەوە، چونکە جگە لە خودا کەسی تری نییەو بەهیچ شتێکیش

---

١) في ظلال القران/٥:٣٠٨٧.

ڕزگاری نابێت تەنها بە پەنا بردنە بەر خوداو خۆ خستنە ژێر سایەی پارێزگارێتیی خوداوە.. ئەمەش ڕاستیو بنجو بناوانی ئیمانو مەرجیشیەتی.

خۆ ئەگەر مرۆڤی بانگەواز کار وانەکاتو پەنا بەرێتە بەر خەڵکی لاوازو بێ دەسەڵات، ئەوا بەمە کەموکوڕیی دەخاتە باوەڕەکەیەوەو، عەقیدەشی دەڕوشێنێت، پاشان بەم پەنا بردنە بەر مرۆڤە لاوازانەش چارەسەرێکیان لێ دەسگیر ناکاتو ڕزگاریو سەر فرازیشیان لێ وەرناگرێت، جا هەر بانگەوازکارێك وتەکەی موسا بڵێتەوە: (إني عذت بربي وربكم) ئەوا لە چەند حەقیقەتێکی زیندووی ژیاندا دەژی.

موسا دەروونی ستەمکاران شیی دەکاتەوە :

وتەکەی (موسا) ـ سەلامی لێ بێت ـ: ﴿...إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَابِ ﴿٢٧﴾ غافر﴾.. لێکدانەوەیەکی ڕاستو تەفسیرێکی دروستو شیکردنەوەیەکی ساغی هەڵوێستی ستەمکارانمان دەخاتە بەرچاو، هەروەها باری دەروونیی گشت ستەمکارێكو رازی ستەمو لەستەمدا ڕۆچوونیشیمان بۆ شیی دەکاتەوە. بێگومان ستەمکارییو ڕۆچوون تێیدا دووهۆی هەیە، کەوا لەو ستەمکارەدەکەن سووربێت لەسەر ستەمو زۆرداریو دوژمنکاریی.

ئەو دوو هۆیەش ئەمانەن:-

یەکەم: خۆ بەزل گرتن ئەو هۆیەیە، کە پاڵ بەوستەمکارانەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانو کاری خراپەو شێواندن لەژیاندا، هەر ئەوهۆیەشە ڕێی تەنازولو وازهێنان لە دەسکەوتە حەرامە بەدەستهێنراوەکانیان لێ دەگرێتو، ناهێڵێت دەست لەو ڕواڵەتە پووچەڵو بەتاڵانەش هەڵگرن، کە چوار دەوری دەروونەکانیانی داون.. بەڕاستی (خۆ بەزل گرتن) بەربەستێکە بۆ ئەوان، کە ناهێڵێت مل بەهەق بدەنو دانی پێدا بنێنو پەیڕەویی بانگخوازانی بکەن.

جا بێگومان هیچ کەسێك هەق ڕەت ناکاتەوە، تەنها کەسێکی لووتبەرزو

خۆ بەزل زان نەبێت، هەر ئەم کەسەش بەربەرەکانی ودژایەتی شوێنکەوتوانی هەق دەکات.

دووەم: باوەڕنەهێنان بەڕۆژی حساب لەگەڵ کردنو لێپرسینەوە، چونکە دەسەلاتداری لە ستەمدا ڕۆچوو (الطاغیة) لەو بڕوایەدایە کەژیانی دنیای هەموو شتێکە بۆ ئەو، بیروڕاشی وایە کە هێزی خۆی هەر دەمێنێتو دەسەلاتەکەشی هەربەدەوام دەبێت، خۆ ئەگەر ئەو باوەڕ بەڕۆژی قیامەت بێنێتو لە حسابو چەندو چوونی ڕۆژی حساب بترسێت، ئەوا بێگومان واز لە ستەمو زۆرداریی یەکەی دێنێت.

کەوابوو هۆکاری تاوانەکانو لەهەق لادان باوەڕنەهێنانە بەڕۆژی لێپرسینەوە.. زمانەی دڵنیایی (صمام الامان) ی مرۆڤو بنچینەی چاکردنی ژیانیش باوەڕهێنانە بەڕۆژی لێپرسینەوە، ئەم باوەڕەش زامنی ڕاگرتنی ستەمکارە لە ئاست ستەمەکەی داو زامنی مل بەهەق دانو خۆبەهەق سپاردنیشیەتی.

دەرکەوتنی پیاوە ئیماندارەکە لەکاتی گونجاودا :

خودای مەزن فەرموویەتی: ﴿وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ ... ﴿٢٨﴾ غافر﴾ ..واتە. (پیاوێکی باوەڕدار لەخزمانو لەهۆزی – فیرعەون- کەباوەڕەکەی شاردبۆوە هاتە لایان وپێی گوتن: (ئەری ئێوە پیاوێك تەنها لەسەر ئەوە دەکوژن کەدەڵێت: خودای پەروەردگاری من –الله-یە))؟ ئەم پیاوە ئیمانی خۆی دەرنەخستبوو، بەلام لەدواییدا ناچار بوو دەری بخات، وادیارە ئەو هۆیەی وای لێ کردووە کەباوەڕی خۆی ئاشکرا بکات، ئەو وتەیەی فیرعەونە: ﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِىٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ ... ﴿٢٦﴾ غافر﴾. ئەم وتەیەشی بە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ژیانی (موسا) داناوە. موساش (سلاوی لێ بێت) پێشەوایەتیو، ژیانی پێشەوای

بانگەوازەکەی لەمەترسیدایە. بەم ڕەنگە خودی بانگەوازەکەش لە مەترسیدایە. ئایا ئیدی هیچ هۆیەکی حەشاردەری باوەڕەکەی لەئاراداماوە؟

ئەی داخۆ ئیدی ئەو باوەڕە حەشاردراوەی بەکەڵکی چی دێت ئەگەر پێشەوای بانگەوازەکە لەنێو ببرێتو ئەگەر خودی بانگەوازەکەش لەنێو ببرێت؟! خۆ ئەگەر پێشتر بۆی شیاوبووبێت کە باوەڕەکەی بشارێتەوە ئەوەدیارە بارودۆخەکە ڕێی پێداوە، بەڵام ئێستا ئەوەی بۆ ناشێت. بێگومان ئەم باوەڕدارە دوو ڕێگەچارەی لەبەردەم دابووە کە شیرینترەکەیان تاڵ بووە.. یان دەبێت باوەڕەکەی بەحەشاردراوی بهێڵێتەوەو ڕێگەچارەی سەلامەتیو پارێزراویی هەڵبژێرێت، تەنانەت گەر بانگەوازەکەو پێشەواکەشی لەنێو ببرێت، یاخود باوەڕەکەی دەرخاتو بچێتە پێشەوە بۆ بەرگری کردن لەبانگەوازەکەو لەپێشەواکەی، تەنانەت گەر راستیی کارەکەش بخاتە ڕووو، خۆیشی بخاتە بەر ئەشکەنجەو مەترسی.

وا دیاریشە ئەم هەڵوێستە باوەڕدارانەیەی بانگەوازیی ئەم پیاوە ئیماندارە رووکارێك لەڕووکارە جوانەکانی بانگەواز بۆ لای خودامان پیشان دەدات، هەروەها وانەیەکی بانگخوازانەی زۆر پێویستە بۆ بانگەوازکارانو زانیاریش بۆ هەر بانگەوازکارێك پێشکەش دەکات، کە لەچ کاتێکدا شاردنەوەی بانگەوازو نهێنگیریی تێیدا پێویستن.

دیارە شتێکی باشەو پاکیشە، ئەگەر لە هەندێك جاردا بانگەوازکاران بانگەوازیان بشێرنەوەو بەنهێنی ئیشی لەسەر بکەن. بەڵام هەندێك بارودۆخی تازە دێتە پێشەوە، هەر دەبێت ئەو بانەگەوازکارانە هەڵوێستەکانیان دەسنیشان بکەنو بانگەوازیان دەربخەنو باوەڕیان ئاشکرا بکەن، جا ئەگەر لەم جۆرە بارودۆخەدا یەکێك لەوبانگەوازکارانە شاردنەوەی بانگەوازو نهێنگیریی بەباشتر دەبینی، ئەوە بێگومان تووشی جۆرە ترسنۆکییەك بووە ، یاخود تووشی بەزین بووە، یان سەلامەتیو خۆپارێزیی، یان پەنا بردنە بەر دنیاو خۆشییەکانی بەچاکتر دەزانێت،

یاخود بەرژەوەندییی تایبەتیی خۆی دەخاتە سەرووی بەرژەوەندیی بانگەوازەکەوە.

لەراستیدا بەرژەوەندیی بانگەواز لەپێشترو لەسەرووی بەرژەوەندیی شەخصی بانگەوازکاران و سوودە تایبەتییەکانیشیانەوەیە.. خۆ ئەگەر لەهەندێك بارودۆخ دا شاردنەوەی بانگەوازو پەنهانکاریی تێیدا بەژیریو زیرەکیو دووربینیی دابنرێت، بەڵام لەچەندین بارودۆخی دیکەدا ئاشکرا کردنی بانگەوازو دەرخستنی ئیمان گەلێك ژیرانە ترو زیرەکانە ترو پیاوانەترو بەئارامترو بوێرانەترە.

دەبا هەر بانگەوازکارێك بەچاکی ئەوە بزانێت کەوا (کەی) ولە چ کاتێك دادەبێت بانگەوازەکەی بشارێتەوەو، لەچ کاتێکیشدا ئاشکرای بکات، ئینجا بەهاوڕێکیو بابەتیانەو بە نەریتێکی پیاوانەو هاوسەنگیی باری دەروونی یەوە نێوانی هەردوو هەڵوێستەکە رێك بخات..

پاشان با تاکە پاڵنەرو هاندەری شاردنەوە یان ئاشکرا کردن بەرژەوەندیی بانگەوازەکەو هێزو گوڕیی پێشکەوتنیو سەرکەوتنی بێت.

دیمـەنی دووەم :

بەرگریی ی پیاوە باوەڕدارەکە لە –موسا–و سەرکەوتنی لەدواندنی جەماوەردا :

خودای مەزن فەرموویەتی:-

﴿ وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن
يَقُولَ رَبِّىَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ۖ وَإِن يَكُ كَـٰذِبًا فَعَلَيْهِ
كَذِبُهُۥ ۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ
مُسْرِفٌ كَذَّابٌ ﴿٢٨﴾ يَـٰقَوْمِ لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَـٰهِرِينَ فِى ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا
مِنۢ بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا ۚ قَالَ فِرْعَوْنُ مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ
ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَـٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ ٱلْأَحْزَابِ ﴿٣٠﴾
مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَٱلَّذِينَ مِنۢ بَعْدِهِمْ ۚ وَمَا ٱللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ ﴿٣١﴾
وَيَـٰقَوْمِ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنْ
عَاصِمٍ ۗ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾ وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ
بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ ۖ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ
ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ ﴿٣٤﴾
ٱلَّذِينَ يُجَـٰدِلُونَ فِىٓ ءَايَـٰتِ ٱللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَـٰنٍ أَتَىٰهُمْ ۖ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ وَعِندَ
ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ كَذَٰلِكَ يَطْبَعُ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ ﴿٣٥﴾ غافر﴾.

بێگومان لە سەرەتای ئەم چیرۆکەدا، مانای هەموو ئەم ئایەتانەمان بەکورتی لێك دایەوەو لەم وێنانەی دیمەنەکەشدا بەدرێژیی شیکاریان دەکەین.

پیاوە باوەڕدارەکە لەکاتی گونجاودا چووە پێشەوەو باوەڕی خۆی ئاشکراکردو ڕووبەڕووی فیرعەون و ستەم و زۆرداریەکانی بووەوەو، بەرگریی لەموسا بە سەرکەوتوویی کردو، بەشێوازێکی سەرکەوتوانەش بانگەوازەکەی خستە بەر دیدەی جەماوەرو توانیی بە لێهاتوویی بیاندوێنێت و، لەم کارەشدا چەند هەڵس و کەوتێکی جوانی گرتەبەر.

بێگومان ئەم پیاوە بەشێوەیەکی (بەرنامەرێژیی) شێوازو دەربڕینەکانی دیاری کردبوو، قۆناغ بە قۆناغیش بانگەوازەکەی بۆ ئامادەبوان ڕوون دەکردەوەو لەمەوقیعێکیشەوە بۆ مەوقیعێکی تری دەبردن، خۆیشی دەرکی بەو وتانەی کردبوو، دەیزانیی چییان پێ دەڵێت و، بەنەخشەو بەرنامەیەکەوە بۆیان دەدوا.

هەروەها دەرسێکی کاریگەریی بانگەوازکاریی دەربارەی ڕێبازی خستنەڕووی بانگەوازو شێوازەکانی کارتێکردن لە بیسەران پێشکەش بەبانگەوازکاران دەکات. بۆیە پێویستە گشت بانگەوازکارێك کە (بەبانگەوازەکەیەوە هەڵس و کەوت دەکات) بیکاتە سەرمەشقی خۆی و سەرکەوتنی شێوازی خۆی پێ بخوازێت.

ئەم پیاوە باوەڕدارە سۆزو نەرمیی لەبانگەوازەکەدا نواندووەو، هەنگاوەکانی بەچاکی ڕێك خستووەو وتەکانی دیاری کردووەو، بەووردی لەهەنگاوێکەوە بۆ هەنگاوێکی دیی و، لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی مەبەستی خۆی دەربڕیوە، قۆناغ و هەنگاوو هەڵوێستەکانیشی لەسەر یەکدی بنیات ناون و، بەم ڕەنگە گەشتێکی سەرکەوتوانەی بانگەوازکارێتیی بەئەنجام گەیاندووە. ئەم پیاوە (وەك لە نمایشە قورئانییەکەوە باسی لێ‌کراوە) دێتە سەر شانۆی واقیعەکەو (فیرعەون)یش لەوێدا تاکە فەرماندەرو تاکە ڕێگرو، پیلانگێری دژی موسایە، فیرعەون لەوێدا تاکە وتاربێژەو هەموان گوێ بیستی بوون، ئیدی بەئارەزووی خۆی بەخۆیەوە

دەنازێت‌و خۆی بەزل دەگرێت‌و فوو لەخۆی دەکات وخۆی دەئاوسێنێت‌و هەڕەشەو گوڕەشەو سزای سەخت پیشان دەدات‌و خۆی بەتوندوتیژ دەنوێنێت.

لەم شانۆیەدا پیاوە باوەڕدارەکەی بۆ پەیدا دەبێت وبەرەو ڕووی دەوەستێت‌و دەست دەکات بەوتاردان بۆ جەماوەرەکەو وتارێکی کاریگەریان ئاراستە دەکات‌و، هێدی هێدی رایاندەکێشت بەلای خۆی داو، لە هەر هەڵوێست‌و جم‌و جوولێکیدا فیرعەون شەرمەزارو دەمکوت دەکات‌و تەنگی پێ هەڵدەچنێت‌و، لە بەردەم خەڵکیشدا وەك ستەمکارێکی بەزەبرو لووتبەرزو نادانی پیشان دەدا، کە هیچ بەڵگەو پاساوو لۆژیك‌و هۆیەکی قەناعەت پێکاری بەدەستەوە نییە. بەم شێوەیە پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون پێی لەسەر شانۆکە توند کردبووو کۆنترۆڵی بارودرۆخەکەو بابەتە نمایشکراوەکەشی کردبووو، دەنگی فیرعەونیشی کز کردبووو وجودی لەئارادا نەدەهێشت.. جا هەر کە لەوتەو بانگەشەو وتارەکەی بووەوە شانۆکە فیرعەونی تێدا نەماو، پیاوە باوەڕدارەکە بەتەنیاو بەرێکی لەسەر شانۆکە مایەوەو لە سەکۆی ئەو شانۆیەوە، وەك بانگەوازکارێکی ئامۆژگارو ڕێپیشاندەر مایەوە، هەموان گوێیان بۆ شل کردبووو، بە وتەو گفتوگۆی سەرسام ببوون، پاشان دوای ئەوەی ئەرکی خۆی راپەڕاندو خۆی‌و بانگەوازەکەی پێ ناساندن، بەپشتیوانی خودا شانۆکەی بەجێ‌هێشت‌و کاروباری خۆی هەر بە خودا سپاردو.. ئیدی پەردەی شانۆکەش دادەدرێتەوە.

ئەم پیاوە باوەڕدارە هەرچەندە یەکەمجار سەرکەوتوانە باوەڕی خۆی شاردبۆوە، بەڵام دوای ئەوە لەئاشکراکردنی ئەو باوەڕەیدا سەرکەوتووتر بوو.. هەرچەندە لە شاردنەوەی باوەڕەکەیدا شارەزاو زیرەك بوو، بەڵام دوایی لە دەرخستنیدا زیرەکی‌و شارەزایی‌و زیاتری هەبوو.. بەهەر حاڵ ئەگەر لەشاردنەوەی باوەڕەکەیدا (پیاو) بووبێت، ئەوا لە دەرخستنیدا پیاوەتییەکی بەهێزتری هەبووە..

بڕگـەکانی دیمەنی دووەم:

دیمەنی یەکەمی ئـەم چـیرۆکە بەبڕگەیـەکی جـوانی ئیمانداریانـە کۆتـایی پـێ هاتووە، ئەوەبوو (موسا) - دروودی لـێ بێـت - پـەنای بـردە بـەر خـودای خـۆیو کاروبـاری خـۆی پـێ سـپاردو، لـەڕوو بـەڕوو بوونـەوەی فیرعـەونو فـڕو فـێڵو پیلانەکانیشیدا پشتی هەر بەخودا بەست.

دیمەنی دووەمیش بەبڕگەیەکی جوانی ئیماندارانەی پیاوە باوەڕدارەکـەی هـۆزی فیرعەون دەست پێ دەکات، کە تێیدا ئەم پیاوە بەرگریی لەموسا دەکاتو ناهێڵێت فیرعەونو گەلەکەی (موسـا) بکـوژن.. ئـەوا خـودا وەك (حیکایـەتخوانێك)، واتـە (چیرۆك گێڕەوە) کابرای ئیماندار وادەناسێنێت، کە دەچێتە سەر شانۆکەو، ئـەویش ناسنامەی ئامادەبوانی تری سەرشانۆکە دەردەخات، حیکایەتخوان بەم وتەیە وەسفی ئیماندارەکە دەکات: ﴿ وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ ءَالِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَـٰنَهُۥٓ ﴾ ... واتە: (پیاوێکی باوەڕدار لە هۆزی فیرعەون کە بـاوەڕی خـۆی شـاردبۆوە گـوتی..)

دەکرێت لە دیمەنی دووەم دا ئەم بڕگانە بەدیی بکەین:-

<u>بڕگـەی یەکـەم</u>/ دەرکـەوتنی پیـاوە باوەڕدارەکـەو بـە ناشـیرین دانـانی ئـارەزووی هۆزەکـەی لـەکاری کوشـتنی موسـاداو ترسـاندنیان لـەئاکامی پێنانـە سەرکەوتنێکی ئاوا کە چەند کەتنێکی دزێوو ناشیرینە.

<u>بڕگەی دووەم</u>/ دەرکەوتنی فیرعەونو دواندنی هۆزەکەی لەمەڕ ئەوەی، گوایـە هـەر بـیروڕای خـۆی تـەواوەو، هـەر ڕێگـای خـۆی ڕێ ڕاسـتەو، ئـەوانیش تـەنها هەماهەنگیو لەگەڵدا ڕۆیشتنی ئەویان لەسەرە.

<u>بڕگەی سێیەم</u>/ دەرکەوتنەوەی پیاوە باوەڕدارەکە لەدوای فیرعەونو، ڕاوەستانە زۆرو درێژخایەنەکەی لە دواندنی جـەماوەرو، بەیادهێنانـەوەی ڕابردوویـانو بەرچـاو ڕۆشنکردنیان بەقیامەت، لەم وتـارو دواندنەشـیاندا چـەندین شـێوازی سـەرنج ڕاکێشو کارتێکەری بۆ بەکارهێناون.

لەم سێ بڕگەیەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە وەستانی پیاوە باوەڕدارەکە لەبەردەم جەماوەرەکەدا ماوەیەکی درێژی خایاندووەو بانگەوازو خستنە ڕووی بیروباوەڕەکەشی هەمەلایەنەو گشتگیر بووە، لەکاتێکدا دەستەواژەی وتەکەی فیرعەون لەسەر شانۆ، کە کورت بووەو دەربڕینەکانیشی کەم بوونو، تەنها خۆ بەزلزانیو ستەمکارییو زەبرو زەنگەکەی تێدا ڕەنگ داوەتەوەو، تەعبیریشی لە سوکایەتیکردن بە کەسانی تر تێدا کردووە.

سەرنجێك لە دەربڕینی بانگەوازکارانەی پیاوە باوەڕدارەکە :

پیاوە باوەڕدارەکە لەوتو وێژە بانگەوازکارییەکەیدا، چەندین شێوازی کارتێکردنی بەکارهێناو چەندین مەسەلەو بابەتیشی تێدا خستەکارو، چەندین ڕاستیو ڕێساشی خستە ڕوو، لەمەشدا توانایەکی ڕۆشنبیری ومێژوویيو دەروونیو شیکارییو بانگخوازییو یاسایی هەبوو..

ئێمەش لێرەدا ڕوانینێکی خێراو بەپەلەدا سەرنج لە شێوازی دەربڕینو وتو وێژەکانی دەدەین:-

١- لەو وتەیەیدا: (أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا) (ئایا پیاوێك دەکوژن)؟! فیرعەونی خۆ بەزل زانو بەخۆوە نازیی سەرشانۆو داواکاری کوشتنی موسا، کە گوتبووی: ﴿ وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓۖ ﴿٢٦﴾ غافر﴾ وکە ئەم داوایەی ئاراستەی جەماوەرکردبووو داوای لەوان دەکرد ڕێی بدەن موسا بکوژێت، پیاوە باوەڕدارەکە ئەم فیرعەونە فەرامۆش دەکات وبایەخ بە ئاراستەکردنی ئەو نادات چونکە دەزانێت کە ئەو بەدەم ئاراستەو بانگەوازەکەیەوە نایەت، ئیدی بۆچی وەختی خۆی بەوەوە بەفیرۆبدات؟ بەڵکو وتارەکەی ئاراستەی ئەوکەسانە دەکات، کە هیوای بەتەنگەوەهاتنیان لێ دەکرێت. بەڵام دەشڵێت (أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا) ئایا

پیاوێك دەكوژن؟!- باشه چۆن پێیان دەڵێت (ئایا ئێوە پیاوێك دەكوژن) لەكاتێكدا بكوژ هەر فیرعەون خۆیەتی، نەك ئەوان ؟! وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە بێگومان فیرعەون داوای مۆڵەت لەوان دەكات بۆ كوشتنی (موسا) جائەگەر ئەوان قایل بوونی خۆیان لەسەر ئەوكارە بۆ دەربڕن ئەوا لەو تاوانەدا ئەوانیش بەشدارنو وەك فیرعەون بكوژانی موسا دەبن، بۆیە پیاوە باوەڕدارەكەش دەیەوێت لەوجۆرە تاوانە بیانترسێنێت، كە خەریكە هەنگاوی بۆ دەنێنو، ئۆباڵی كوشتنی موساش دەخاتە ئەستۆیان، ئەگەر بەوكارەی فیرعەون قایل بن، چونكە فیرعەون بەناوی ئەوانەوەو بە قایل بوونی ئەوان (موسا) دەكوژێت.. بێگومان ئەوەی بەكوشتن قایل ببێت، خۆیشی (بكوژ)ە سەرەڕای ئەوەی بە كردەوەش بەشداریی لە كرداری كوشتنەكەدا نەكردبێت، هەروەها ئەوكەسەی لە یارمەتی دانو پشتگیرییكردنی ستەم لێكراوێكی كوژراودا بێ دەنگو بێ هەڵوێست بێت، ئەویش (بكوژ)ە چونكە بەو بێدەنگییەی خۆی هاوكاریی بكوژەكەی لەسەر تاوانەكەی كردووە.

٢- ((أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا - ئایا پیاوێك دەكوژن))؟! بەم سەرزەنشتە سەرەتا دەلالەت لەسەر بێلایەنیی خۆی لەم مەسەلەكەدا دەكاتو ئەونیازەش دەگەیەنێت كە جارێ وازوو بەتەما نییە هەموو لاپەڕەكانی باوەڕداریتیی خۆی بەیەك جار كەشف بكات، تابەمەش قەناعەتیان پێ بێنێت.خۆ ئەو پێی نەگووتوون: (ئایا موسای پێغەمبەری خودا دەكوژن، كە منیش لەسەر ئایینەیكەی ئەوم)؟! ئەوەپیاوە باوەڕدارە ئەو وتەیەی پێ نەگوتن، بەڵكو گوتی (أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا)؟!

٣- (أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ) ﴿كە دەڵێت خودای پەروەردگارم (الله)یە﴾ داخۆ ئەو تاوانەی شایستەی هۆی كوشتنیەتی چی بێت؟ ئایا گوتنی (ربي الله) بەتاوان دادەنرێت؟ پاشان هەرئەم پیاوە باوەڕدارە (موسا) بەخەڵكەكە دەناسێنێت، تاكو

ئەوانیش خۆی‌و بانگەوازەکەی بناسن، ناساندنەکەش بەو برگە کورتەی (ربی الله)یە. هەمدیسان بەشێوازێکی پەنهایی توانجیان لێ دەدات تاکو لەو بیروبۆچوونەی خۆیان دووریانخاتەوە، توانجەکەشی بەو رەنگەیە کەوا بێگومان — موسا- دەڵێت (خودای من (الله)یە)و کەچی ئەوان دەڵێن (خودای ئێمە فیرعەونە).. جاچەند جیاواز لێك جودان ئەم وتەیە!!!

٤- ﴿وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ﴾ (لەهەمان کاتدا بەڵگەو نیشانە رۆشنەکانیشی لەپەروەردگارتانەوە بۆ هێناون..) کەوابوو (موسا) چەندین بەڵگەی لەسەر پەروەردگارتانەوە بۆ هێناون پەروەردگاری ئێوە تەنها (الله) یە نەك ئەو فیرعەونەی، کە ئیددیعای بۆ دەکەن.

٥- ﴿وَإِن يَكُ كَٰذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُۥ ۖ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ﴾ خۆ ئەگەر لەمەدا درۆزن بێت، ئۆباڵی درۆکەی لە ئەستۆی خۆی دایەو خۆی لێی بەرپرسیارە، بەڵام ئەگەر راستگۆ بێت، ئەوا هەندێك لەو بەڵاو کارەساتانەتان بەسەردا دێت، کە بەڵێنی ئاکامەکەیان لەسەر پێ‌راگەیاندوون).. ئەمەیە شێوازی بانگەوازی دانایانە. بەم وتەیەش پیاوە باوەڕدارەکە دەیەوێت بایەخێکی چاك لەلای بانگکراوان بۆ بانگەوازەکەو خاوەنەکەی دروست کات‌و، داواشیان لێ بکات کە بەچاوی هەقبینیی بێ لایەنی‌و بابەتیانە بۆ بانگەوازەکە بڕوانن‌و، ئینجا بیربکەنەوەو عەقڵی خۆیان بخەنەکار. جا موساش لە بانگەوازەکەیدا یان درۆزنە، یان راستگۆیە، ئایا هیچ ئەگەرو مەزەندەیەکی دی لەئارادایە؟! هەر لەدەرووی بابەتداری‌و سەربەخۆیی بێ لایەنییشەوە ئەگەرێکی درۆکردنی بۆ (موسا) پیشان داوەو، ئیدی ئەگەر درۆزن بێت، ئەوە دیارە هەر خۆی لە ئەنجامی درۆکردنی بەرپرسیار دەبێت وخوداش بەهۆی ئەوەوە سزای خەڵکی نادات، بەڵام ئەی باشە ناگونجێت، کە لەم بانگەوازەیدا راستگۆ بێت؟!

تەنانەت گەر لە دەرووی مەزەندەکاری‌و ئەگەری داناییشەوە بێت، وەلامی پرسیارەکە راست دەرچوو و ئەگەرەکەش بەلای راستدا یەکلا بووەوە؟! بێگومان گەر باوەڕی پێ نەهێنن ئەوا هەندێك لەو سزاسەختانەیان لەدنیا پێ دەگات کە (موسا) وریایان دەکاتەوەو هەڕەشەی بەدی هاتنیان پێ لێ دەکات ﴿وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ ٱلَّذِى يَعِدُكُمْ﴾ بێگومان بەم وتەیەی دوایی ئەگەری ڕاستگۆییەکەی- موسا -ی یەکلایی کردۆتەوە، ئەویش کاتێك پێی گوتوون: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ﴾ بێگومان خودا ڕێنمایی کەسێك ناکات، کە زیادەڕەوو درۆزن بێت، جا بەهۆی ئەوەی خودا ڕێنمایی موسای بەو بەڵگەو موعجیزانەوە کردووە، کەواتە موساش لە بانگەوازەکەیدا ڕاست‌و ڕاستگۆیەو، درۆزن نییە.

٦- ﴿يَـٰقَوْمِ لَكُمُ ٱلْمُلْكُ ٱلْيَوْمَ ظَـٰهِرِينَ فِى ٱلْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأْسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَا﴾ (ئەی هۆزی خۆم ئەمڕۆ ئێوه لەم ناوچەیەدا دەسەڵاتدارن‌و بەئارەزووی خۆتان حوکمی زەوی دەکەن، جا بیربکەنەوە لەوەی ئەگەر تۆڵە وسزای خودامان تووش ببێت، کێ هەیە فریادرەس‌و سەرخەرمان بێت)؟! ئەم وتەیەی تری پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون بەکارهێنانی شێوازێکی بانگەوازکاری دانایە لەئاست هۆکاری دنیایی ئابووری‌و شارستانی، کە جێی بایەخی هەموانە، چونکە نایانەوێت ئەو دەسەڵات‌و باڵادەستی یەیان لەکیس بچێت، خۆ ئەگەر ئازاری مووساش بدەن، ئەوا خودا تۆڵەیان لێ دەکاتەوەو سزاو تۆڵەی سەختی خواییان پێ دەگەیەنێت‌و، ئیدی کێ هەیە یارمەتیدەرو سەرخەریان بێت.؟

ئایا فیرعەون فریایان دەکەوێت؟! لەم وتەیەشدا تێبینیی ئەو نەریتەجوانە دەکرێت، کەوا پیاوە باوەڕدارەکە خۆشەویستی‌و نزیکایەتیی خۆی بۆ گەلەکەی پیشان داوەو خۆی بە یەکێك لەوان داناوەو بایەخی بەکاروباری ژیانیان داوەو

پەرۆشی بەرژەوەندییان بووەو، ئەمەش لە ئامرازی هاوارلێکردنی (یاقوم) یەوە دەردەکەوێت هەروەها لەو رستەیەشیەوە دەردەکەوێت کە خۆی کردووە بە یەکێك لەوان‌و گوتوویەتی: (کێ سەرخەرو فریادرەسمانە ئەگەر خودا تۆڵەو سزای خۆیمان بۆبنرێت ﴿فَمَن يَنصُرُنَا مِنۢ بَأۡسِ ٱللَّهِ إِن جَآءَنَاۚ﴾.

٧- ﴿ يَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُم مِّثۡلَ يَوۡمِ ﴾(غافر) (ئەی هۆزی من دەترسم لەوەی رۆژێکتان بەسەردابێت وەك ئەو رۆژە کارەساتبارەی کەبەسەر گرۆو کۆمەڵە بەدکارەکانی پێشوودا هاتوون)؟! ئەمەش وتەیەکی بەکارهێنراوی تریەتی‌و هۆکاری مێژوویی پێ دەخرۆشێنێت، کە وادەی خودای پێ بەدی دێت‌و وریاکردنەوەی ئاراستەکراویان بەراست دەگێڕێت، ئەمەش وەك ئەوەی پێیان بڵێت (ئاورێك لە مێژووی رابردوو بدەنەوەو دیراسەبکەن‌و بڕوانن خودا چۆن کۆمەڵ‌و گەلانی پێش ئەوەی وەك گەلەکەی (نوح)و (عاد)و (ثمود)و کافرانی ئەوانی لەنێو بردووە؟! ئەو گەلانە باوەڕیان بەخودا نەهێناوەو شوێنکەوتوانی خودایان ئازار داوە، خوداش سزای سەختی خۆی پێ‌گەیاندبوون‌و خاك‌و وڵاتی بۆ تێکداون‌و خۆشیانی لەناوبردووەو، هیچ کەسێك بەفریایان نەکەوتووە.. جا ئەی هۆزی خۆم تەماشای مێژوو بکەن، تاکو راستیی ئەم قسەیەمتان بۆ دەرکەوێت).

٨- ﴿وَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ يَوۡمَ تُوَلُّونَ مُدۡبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ ٱللَّهِ مِنۡ عَاصِمٖۗ ﴿٣٣﴾﴾ (هەروەها ئەی هۆزەکەم من ترس‌و نیگەرانیم بۆ ئێوە لەسەر ئەو رۆژەشە، کە رۆژی بانگگردنە بۆ لێپرسینەوە، ئەو رۆژەی کە هەمووتان لەدەستی هەڵدێن‌و سەرگەردانن‌و نازانن ڕوو لەکوێ بکەن‌و هیچ پشت وپەناو داڵدەدەرێکتان بۆ دەربازبوون لە ڕق‌و تووڕەیی خودا نیە). لێرەشدا پیاوە باوەڕدارەکە ترس‌و نیگەرانیی لەسەر ئەو سزایەی داهاتوویان هەیە، کە رۆژی قیامەت (رۆژی بانگردن)ی خەڵکی، کە هەندێکیان هەندێکی تریان بانگ

دەکەن تووشیان دەبێت، بـەڵام هـیچ کەسـێکیان وەڵامـی ئـەوی دی ناداتـەوەو هەریەکەو بەلایەکدا دەڕۆن وپشت دەکەنە یەکتر وەك لـەدنیادا هـیچ پاڵپـشتو پەنادەرێکیان نییە کە لە سزای خودا بیانپارێزێت ئەگـەر تووشـیان ببێـت، لـە ڕۆژی دواییشدا ئەو پاڵپشتو پەنادەرانەیان نییە، ئیدی چۆن ئازاری پێغەمبەری خودا (موسا) دەدەن؟!

٩- ﴿وَلَقَدْ جَآءَكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِٱلْبَيِّنَٰتِ فَمَا زِلْتُمْ فِى شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ حَتَّىٰٓ إِذَا هَلَكَ قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ ٱللَّهُ مِنۢ بَعْدِهِۦ رَسُولًا ﴿٣٤﴾ غـــافر﴾

(بێگومان لەمەوبەر (یوسف)یش بە بەڵگەو نیشانە ڕۆشـنەکانەوە هاتـە لاتـان تاکو ڕێبازی خواناسیی بگرنە بەر، کەچـی بـەردەوام گومانتـان لـەو بەرنامـەو ڕێبازەی هەبوو کە لەلایەن خوداوە بۆی هێنـابوون، تەنانـەت کاتێـك (یوسـف) مرد گوتتان ئیدی خودا لەدوای ئەو پێغەمبەرێکی تر نانێرێـت)، ئـەم وتەیـەی دوایـی پیاوە باوەڕدارەکە سەرنج ڕاکێشانێکی مێژوویی‌و عەقیدییـشە، چـونکە (یوسف) (سڵاوی خودای لێ بێت) بەیادی ئەوان دێنێتەوە، هەروەها هەڵوێستی یوسفو گومـان کردنیـان لـە پەیامەکـەی‌و دڵـشادبوونیان بەمردنیـشی بـەبیر دێنێتەوە، کە وای بۆ دەچوون ئیـدی دوای مردنـی (یوسـف) پـەیام لەخـەڵکی دەبڕێـت. ئـەوان بـەم هەڵوێـستەی بـابو بـاپیرانی خۆیـان زانیبـوو، پیـاوە باوەڕدارەکەش تەنها ئەمانەی بەیاد دەهێنانەوە، بەڵام کارتێکـەری بـاوەڕداریی لەمەدا بەکارهێنانی سەرگوزەشتەکەی پەیامی یوسفە (سڵاوی خودای لێ بێت) بۆ سەلماندنی پەیامەکەی موسا (سڵاوی خودای لێ بێت).

بێگومان (موسا)ش پەیوەستە بە (یوسف)ەوە ـ سڵاوی خودایـان لـێ بێـت ـ چ لەڕێی ڕەچەڵەكو چ لەڕێی پەیامیشەوە پەیوەستە پێوەی.. سەبارەت بەیەکـەمیان واتە پەیوەستیی موسا بە یوسف لەڕێی ڕەچەڵەکەوە ئەوە زانایان هاوڕاو یەکدەنگ لەسەر ئەم ڕاستییە پاشان دەربارەی پەیوەستیی دووەم کە پەیامە ئەوە دیارە هـەتا

بەڕوونی سەلمێنرابێت کە (یوسف) پێغەمبەری خودا بووە ئەوەش دەسەلمێنرێت، کە (موسا) پێغەمبەری خودابووە، بۆیە ئەو خودایەی، کە پێشتر (یوسف)ی بەبەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردووە، هەر ئەو خودایە، کە موساشی بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردووە.

پاشان پیاوە باوەڕدارەکە سەرنجیان بۆ شتێکی تر ڕادەکێشت، کە گومانیان لە پەیامەکەی (یوسف) یش هەبووە ﴿فَمَا زِلْتُمْ فِي شَكٍّ مِّمَّا جَآءَكُم بِهِۦ﴾ بەمەش هەڵوێستی پێشووی ئەوگەلە بەیادی خۆیان دەخاتەوە کە بەرامبەر یوسف گرتبوویانە بەر، کە لەسەرگومانو نکوولّی لێکردن بنیاتیان نابوو، ئینجا داوایان لێ دەکات هەمان هەڵوێست بەرامبەر (موسا) دووبارە نەکەنەوە، ئاخر بۆچی هەمان هەڵوێست دووبارە دەکەنەوە؟! ئایا پەندو دەرس لە رابردوو وەرناگرن؟! دیارە باوەڕداری بانگەوازکار لەم دیمەنەدا چەندەها فاکتەرو دەلالەتو ئاماژەی دەروونیو مێژووییو عەقیدیو ئابووریو کۆمەلایەتیو ژیاریی بەکاردێنێت. جگە لەمانەش بەراورد لەنێوان (شێوازی حەز پێکردن)و شێوازی (سڵ پێکردنەوە)و لەنێوان (شێوازی بەیادهێنان)و (شێوازی ترساندن)یشدا دەکات. هەروەها ڕۆشنبیرییە هەمەلایەنییەکەیو، دەربڕینە کاریگەرەکەیو بابەتدارێتیی رەچاوکراوو عەقلّی کراوەی بۆ گەیشتن بەدڵانی گوێگرەکان بەکاردێنێت، هەموو ئەمانەشی بە فیعلی کردووە.

دیمەنی سێیەم

" فیرعەون " جەماوەر سەرقاڵ دەکات

خودای مەزن دەفەرمووێت:

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰهَٰمَٰنُ ٱبْنِ لِى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَبْلُغُ ٱلْأَسْبَٰبَ ﴿٣٦﴾ أَسْبَٰبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ فَأَطَّلِعَ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ كَٰذِبًا وَكَذَٰلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوٓءُ عَمَلِهِۦ وَصُدَّ عَنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِى تَبَابٍ ﴿٣٧﴾ غافر﴾

واتە: (فیرعون بە (هامان)ی وەزیری گوت: (ئەی هامان قوللەو برجێکی بەرزم بۆ بنیات بنێ تاکو هەندێك هۆکارو ئامراز بن بۆ سەرکەوتنی ئاسمانەکانو بەهۆیەوە سەرکەومو نهێنییەکان بزانمو بۆ خودای موسا بڕوانم، چونکە من دڵنیام درۆزنە)، بەم شێوەیە کردارە ناشیرینەکانی فیرعەون لەلای خۆی جوان ببوون ولە ڕێبازی ڕاست لای دان.. بەراستی پیلانو فڕوفێڵی فیرعەون هەر لەسەر گەردانیو تیاچوونو زەرەرمەندیی دایە).

پیاوە باوەڕدارەکەی نێو هۆزی فیرعەون (وەك لەدیمەنی دووەمدا بۆمان دەرکەوت) توانیی بگاتە نێو دڵی خەڵکیو کاریان تێ بکاتو، بەچەند ئاکارێکی جوانو هاندەر دڵیان بکاتەوەو،فیرعەونی ستەمکاریش والێ بکات کە هیچ ئامادەیی یەکی کاریگەری ئەوتۆی نەبێتو زمانێکی روون کەرەوەو قایلکاری واشی نەبێت کە لەئاست دەربڕینی ئەودا بێت، چونکە فیرعەون بەچەند سیفەتێکی نالەباری وەك خۆ بەزل دانانو لووتبەرزی بەرامبەر یان وەستابوو.

وادیاریشە فیرعەون تێبینی ئەوەی کردووە کە پیاوە باوەڕدارەکە سەرکەوتووە لە چوونە نێو جەماوەرو کارتێکردنیانداو، لەوەش ترساوەکە جڵەوی کارەکە لەدەست

خۆی دەرچێت‌و خەڵكەكە لێی بتەكنەوەو روو لەو پیاوە باوەڕدارەو بانگەوازەكەی بكەن. هەربۆیەش فیرعەون ناچار بووە كەلە داواكارییەكەی یەكەمینی (واتە لە مۆڵەت وەرگرتن بۆ كوشتنی (موسا)) پاشگەزبێتەوەو، رەفتارێكی ناهەمواری تەڵەكەبازانە بنوێنێت،و لەوڕییەشەوە شانۆ گەرییەكی بێ‌هوودەیی پێشكەش بكات بەمەبەستی خەریك كردنیان بەشتێكی ترەوەو لەبیربردنەوەی راستییەكەیان ئەوەبوو (هامان)ی وەزیری بانگ كردو داوای لێكرد قووللەیەكی بەرزو ساختمانێكی سەركەشی بۆ دروست كات تاكو بگاتە نێو بۆشایی ئاسمان‌و بۆ ئاسمانەكان سەركەوێت‌و بەدوای خوداكەی (موسا)دا بگەڕێت بێگومان نایشی دۆزێتەوە، بەڵام دەیەوێت درۆی موسا بۆ خەڵكی دەرخات‌و ئەو راستییەش پیشانی پیاوە باوەڕدارەكە بدات كەبەرگریی لە موسا دەكرد تا گوایە ئەویش وابزانێت كە خودای موسا لەئارادا نییە.

هامان و قەڵاكەی

قورئان شەش جار ناوی (هامان)ی دیاری كردووە لە هەموو جارەكانیشدا ئەم ناوە بە فیرعەونەوە پەیوەستە ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی كە ناوبراو لەلای ئەوكاری كردووەو لێیەوە نزیك بووەو، راوێژكارێكی بووەو (بەجێ هێنەری فەرمان‌و رێنمایی یەكانی بووە. ئیدی لەمە زیاتر دەربارەی (هامان) نازانین‌و، جگە لەقورئان‌و فەرموودەی راست (الحديث الصحيح) لەهیچ سەرچاوەكی ترەوە هەواڵ‌و قسەوباسی لێ وەرناگرین.

لە چیرۆكی پیاوەباوەردارەكەی هۆزی فیرعەوندا دەبینین كە فیرعەون داوای لە-هامان-ی وەزیری كردووە كەوا قەڵایەكی بەرزی بۆ دروست كات، ئەمەش ئەو ساختمانە بڵندو بەرزەیەكە وەك —برج — وایە.

لەسوورەتی (قصص)دا خودا ئاماژەی بۆ ئەو قەڵایە كردووەو فەرموویەتی:

﴿وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِى فَأَوْقِدْ لِى يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجْعَل لِّى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾ القصص﴾ واته: ((فیرعەون گوتی: (ئەی خەڵکینه من جگه لەخۆم کەسی ترشك نابەم که شایانی ئەوەبێت خوداتان بێت، جائەی هامان تۆ خشتی سوورەوه کراو لەگڵم بۆ دروست بکەو، قەڵایەکی بەرزو پتەوم بۆ بنیات بنێ تاکو لەوێوه پیایدا سەرکەومو خوداکەی موسا ببینم سەرەڕای ئەوەی لەو بڕوایەدام که ئەو لەریزی درۆزنەکان بێت)).

لەم ئایەتەی سوورەتی (قصص)ەوە ئەوه تێدەگەین کەئەم قەڵایه لەقوڕی سووتێنراو واته لەخشتی سوورەوه کراوی لەقاڵب گیراو بنیات نرابێت وفیرعەون ئەو وەهم وخەیاڵەی لەدڵی خەڵکیدا چاندووه گوایه دەیەوێت لێیەوه سەرکەوێت تاکو بیکات بەهۆکارو ئامرازی دیتنی ئاسمانەکانو، ئەم هۆکارانەش واته رێگەو دەروازەو رێچکەی ئاسمانەکان بە مەبەستی ئەوەیه گوایه بەدوای خوداکەی (موسا)دا دەگەڕێت..

"نیازەکانی فیرعەون له دروست کردنی قەڵاکە"

گوتمان ئەم هەڵسوکەوته تەمسیلکارییه له فیرعەونەوه بووو بەهۆیەوه ویستی جەماوەر خەریك بکاتو بەشتی لابەلاوه سەرقاڵیان بکات، چۆن ئەم تەمسیلەی کرد؟ نیازەکانی لەمه چی بوون؟! ئەو بەم هەڵسوکەوته ویستوێتی چەند نیازێك بەدی بێنێت:

١- بەمه مەسەله بنچینەییه که لەبیر خەڵکی بباتەوه، واته ئەو بانگەوازه سەرکەوتوانەیەی که پیاوه ئیمانداره‌که ئاراستەی خەڵکەکەی کردو مەسەله راستەقینەکەی خسته بەردیدەی خەڵك، فیرعەونیش بە مەسەلەیەکی مام

ناوەندییەوە خەڵکەکەی خەریك کرد، کە بیناتنانی قەڵاکە بووو، پاشان سەرنج دان لەشێوازو قۆناغەکانی ئەو قەڵایەو چۆنیەتی بەکارهێنانی .

٢- هەروەها فیرعەون دەیویست بانگەوازو تێفکرین لە بانگەواز، یان لەڕێی هۆکاری زەمەنەوە لەبیربباتەوە، لەو زەمەنەشدا قەڵاکە دروست کاتو هەر بەوماوەو زەمەنەش خەڵکی لە مەسەلەکە دوابخاتو گەمژەو نادانیان کاتو، درێژە بە مەسەلەکان بداتو پاشان خەریكو سەرقاڵیان کات، بەشتی لاوەکییەوە.

بێگومان درێژە پێدانو دواخستنیش لە ئامانجەکانی ئەو بنیات نانەن، تەنانەت ئەو وشانەی کە درکاندنیو کە مەسەلەکەی خۆی پێ دەخستنە ڕوو یاریدەدەری درێژە پێدانی دیمەنی ئەو تەمسیلو نواندنکارییەی بوون، ﴿فَأَوۡقِدۡ لِي يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجۡعَل لِّي صَرۡحٗا ﴿٣٨﴾ القصص﴾. واتە: (ئەی هامان تۆ خشتم لە گڵو قوڕ بۆ سوورکەرەوەو بەو خشتانە قەڵایەکی بەرزو پتەوم بۆ دروست بکە؟).

جا سەرنج بدەن درێژەدانەکە لەمانەدایە، گڵ بێنێتو قوڕی لێ بگرێتەوەو پاشان دارو سووتەمەنی بخاتە ژێر قوڕەکەو ئاگری لەژێردا داگیرسێنێتو، ئینجا قوڕەکە هێندە بسوتێنێت، تاکو دەبێتتە قوڕێکی سوورکراوەی برژێنراو، ئینجا ئەم قوڕە سوور کراوە سووتێنراوەش بکات بەچەندەها خشتو، لە خشتەکانیش ئەم قەڵایەی بۆ بنیات بنێت.. دوای لێبوونەوەش لەکاری درێژخایەنی بنیاسازییەکە، ئینجا جەنابی فیرعەون سەرکەوێتە سەر قووللەی بەرزیو بەهێواشیو زۆر لەسەرخۆ، ئامرازەکانی سەرکەوتنی بۆ ئاسمان بخاتە گەڕو ڕێچکەکانی بدۆزێتەوەو زۆر بەهێواشی بەدوای خوداکەی مووسادا بگەڕێتو، دوای ئەم گەشتە هێمنو دوورو درێژەش بگەڕێتەوە بۆ لای جەماوەرو هەواڵی ئەوەی دیویەتی پێیان بگەیەنێت، ئیدی بەم هەموو درێژپێدانو سستیو

خاووخلیچکییەش، جەماوەر چاوەڕوانیی ئەنجامی ئەم گەشتە فیرعەونییە بکەنو، زەمەنێکی هێجگار درێژیشیان بەسەردا تێدەپەڕێتو هەر لەچاوەڕوانی دابن، بەم رەنگەش هەموو بەڵگەو نیشانە راستەکانی ئەوپیاوە باوەڕدارەیان لەبیربچێتەوە کە لێیان بیستبوو.

٣- پاشا، فیرعەون ویستوویێتی بەو کاری بنیاتنانی قەڵایە بەڵگەی راستی پیاوە ئیماندارەکە هیچ هێزو گوڕوتینو زیندوویێتییەکی لەلای جەماوەر نەمێنێت، چونکە ئەوان لە ساتەوەختی بیستنی بەڵگەکەدا گەرماو گەرم مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد، چونکە گەرمو زیندوو بوو و گوڕوتینو گەرمیی خۆی هەبوو، بەڵام کاتێك بەهۆی بنیاتنانی قەڵاکەوە سەرقاڵ کرانو بەم مەسەلەیەوە خەریك کران، ئەوسا لەکێشەیەکی سەرەکیی جێی بایەخی جەماوەر کەلەپلەی یەکەم دایە سەرنجەکان بەرەو کێشەیەکی مام ناوەندی و لابەلای تر رادەکێشرێن کەفیرعەون خولقاندوویەتی، لەو کاتەشدا لە ئاوێنەی تێڕوانینو تێفکرینیاندا مەسەلە گەرمو بنچینەییەکە سارد دەبێتەوە، تادەبێتە مەسەلەیەکی تیۆری (نظري)ی ساردو سڕو بێگیان.

٤- فیرعەون دەیەوێت بەگیانێکی بابەتیانەو مەنهەجیو گەڕانی جیددی بەدوای راستیدا خۆی پیشانی خەڵکی بدات کەگوایە ئەو نەیویستووە موسا بەدرۆ بخاتەوە تەنها لەبەر ئەوەنەبێت کە ئەو خودایەی بەدوایدا گەڕاوە نەیدۆزیوەتەوە. هەروەها بەو رەنگەش خۆی پیشانی خەڵکەکە داوە کەگوایە ئەو سوورە لەسەر بنیات نانی قەڵاکەو لەسەر گەڕان بەدوای خوداکەی موسادا.

هەموو ئەم کردارەش سووکایەتی پێکردنو گاڵتەجاڕیو بەکەم دانانی جەماوەر بووە. چونکە کاتێك دەبینین چەندە پارەو پوولی لەپێناوی بنیات نانی قەڵاکەدا خەرج کردووەو چەندە تواناو وزەی هەمەجۆری بۆ خستۆتە کارو چەندە کاتو زەمەنی پێ بەفیڕۆداوە کە بێگومان هەموو ئەمانەش لەئامانجەکانی ئەو

بنیاتنانە بوون، وێنەیەكی سووكایەتی كردنی زاڵمانمـان بەعـەقڵی جـەماوەر دێتـە بەرچـاو كـە سەرقاڵیـشیان دەكـات بەشـتی بـێنرخو سـەیرو سـەمەرەوە، تـاكو ڕاستییەكانیان لەبیر بچێتەوەو، پارەو ماڵو كاتو كۆششو تواناكانیان پـێ بـەفیڕۆ بدرێت بێ ئەوەی هیچ خێرو سوودو كەڵكێكی تێـدابێت بۆیـان.. جـا ئایـا ڕۆژانـە چەندو چەند پارەو پوولو كەرەسە پێویستەكانی تریش لەم شـانۆ نامـەو تەمـسیلە پووچەڵو سووكایەتی پێكردنانەدا خەرج دەكرێت؟ ئەی داخۆ چـەندە لـەم كەرەسـە گرنگانە بۆ ڕازی كردنی ئارەزووەكانی ستەمكاران بەفیڕۆ دەدرێت؟!

" پاشـەكشـێی فیـرعەون لەبەردەم حیكمەتی پیاوە باوەڕدارەكـەدا "

ئایەتەكان ئـەوەمان بـۆ دەردەخـەن، كـە فیرعـەون چـەند هـەنگاوێك لەئاسـت حیكمەتی پیـاوە باوەڕدارەكـەو جـوانیی ڕەوانبێـژیو كاریگـەریی لەسـەر خەڵكـە دوێنراوەكەیدا پاشەكشێی كردووەو نـەختێك گەڕاوەتـە دواوە، ئـەم پاشەكـشێیەی فیرعەون وەك قەناعەت پێهێنانێكی ڕاستەقینەی خۆی، بە بەڵگـەكانی پیاوەكـەدا نەبووەو بانگەوازەكەشی پەسەند نەكردووە، بەڵكو تەنها بۆ ئەوە بووە، تـاكو پیـاوە باوەڕدارەكە جەماوەر بۆ خۆی دەستەبەر نەكاتو لەبەردەم ئەواندا بەسەر فیرعەوندا سەرنەكەوێت. پاشەكشێی فیرعەون لەو چەند هەنگاوە كەمەدا لەم خاڵانەدا بووە:-

١- پێشتر فیرعەون گوتبووی: ﴿...ذَرُونِىٓ أَقْتُلْ مُوسَىٰ وَلْيَدْعُ رَبَّهُۥٓ ...(٢٦) غافر﴾ ڕێم بدەن ئەی خەڵكینە، بـا موسـا بكـوژمو، دەبـا ئـەویش پـەنا بەرێتـە بـەر خوداكەی خۆی".. بەڵام ئێـستا لـەو داوای ڕێ پێدانـە پاشـگەزبۆتەوەو، داوای بنیاتنانی قەڵایەك دەكات بەمەبەستی گەڕان بە دوای خوداكەی موسادا.

٢- پێشتر فیرعەون داوای مۆڵەتی لە گەلەكەی كردبوو، تا موسا بكوژێـت، بـەڵام ئێستا داوای بێ لایەنیو چاوەڕوانی كردنی لە گەلەكەی دەكات، تاكو ئـەنجامی

گەشتەکەی خۆیان بۆ ئاسمانەکان پێ دەگەیەنێت.

٣- پێشتر فیرعەون سوور بوو لەسەر ئەوەی گوایە (موسا) سیحربازێکی درۆزنە، بەڵام ئێستا لەوە دابەزیوەو پاشەکشێی بۆ گومانو بۆچوون کردووە ﴿وَإِنِّي لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ﴾ واتە: واگومان دەبەم کە ئەو درۆ بکات). فیرعەونی زاڵمو لە ستەمدا ڕۆچوو ئەم پاشەکشێو پاشگەزبوونەوانەی نەدەبوو تەنها لەبەردەم هێزی بەڵگەکانی پیاوە باوەڕدارەکەدا نەبێت کە بەهۆی ئیمانو باوەڕەکەیەوە بەهێز ببووو، دەسەڵاتو گەورەیشی هەر لە خودای پەروەردگارییەوە بوو. هەروەها ئەم پاشەکشییەی فیرعەون دەلالەت لەسەر شکستی فیکریی دەکات -لەکاتێکدا هەر خۆی خاوەنی فەرمانو دەسەڵاتیشە لەئاست پیاوە باوەڕدارەکەدا کە بەڕوالەت هیچ دیاردەیەکی هێزی ماددی تێدا نەدەبینرا. ئەمەش هەر خۆی سروشتی باطل (ناڕەوا)ی خۆبەزل زانو ستەمکارە لەبەردەم هەقی ڕوونو ئاشکراو بەهێزو تۆکمەدا، جا هەر پێك گەیشتنو ڕووبەڕووبوونەوەیەك، یان هەر جەنگێکی فیکریی لەنێوان هەقو باطیلدا، بەرپابێت ئەوا هەر (باطیل)ەکە بەئاشکرا بەزیوو لاوازە تیایداو، حەقیش سەرکەوتووو جێگیرە تیایدا، لەو جۆرە جەنگە فیکرییانەشدا (باطیل)ی بەزیوی سەر ئاقارە فیکرییەکە پەنا دەباتە بەر ئامرازە دڕندانەکانی وەك جەڵدەو قامچی وەشاندنو ئازارو ئەشکەنجەدانو چەوساندنەوەو کوشتن. پرسیار لە مێژووی کۆنو ناوەڕاستو هاوچەرخ بکەن، تا وەڵامی تەواوتان لەسەر باری ڕاستێتی ئەم حەقیقەتە پێبدات.

دیمـەنی چـوارەم

"پیـاوە باوەڕدارەکە داوا لە خەڵکی دەکات پەیڕەویی بکـەن"

خودای مەزن فەرموویەتی:

﴿وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ الرَّشَادِ (٣٨)
يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَٰذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ (٣٩) مَنْ
عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَىٰ إِلَّا مِثْلَهَا ۖ وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ
وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ (٤٠) وَيَا قَوْمِ
مَا لِي أَدْعُوكُمْ إِلَى النَّجَاةِ وَتَدْعُونَنِي إِلَى النَّارِ (٤١) تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ
بِاللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَأَنَا أَدْعُوكُمْ إِلَى الْعَزِيزِ الْغَفَّارِ (٤٢) لَا
جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِي إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُ دَعْوَةٌ فِي الدُّنْيَا وَلَا فِي الْآخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَا إِلَى
اللَّهِ وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ (٤٣) غافر﴾[1]

پیاوە باوەڕدارەکە نزیکو دانایەو لەمەبەستی فیرعەون لەبنیات نـانی قەڵاکـە تێگەیشتووە، هەر بۆیەش بۆ ڕەت دانەوەی ئەو فێڵەو تەڵەکـە پیـسەی فیرعـەون، ڕێبازێکی زانستیانەی نەخشە بۆکێشراوی بانگخوازانە دەگرێتە بەر، ئـەوەبوو یـەك داواکارییی باوەڕدارانەی دەستنیشان کراوی لەو خەڵکە هەبوو کە گوییان لـەخۆیو لە فیرعەونیش گرتبوو، داواکەشی ئەوەبوو کە پەیڕەویی بکـەن، چـونکە بێگومـان

---

(١) لە سەرەتای ئەم چیرۆکەدا تێکڕای ئایەتەکانی ئەم بەشەمان —بەم ئایەتانەشەوە- بەکورتی لێکدایەوە، ئەم دیمەنەش تەرخانە بۆ تەفسیرو شیکاری ئەم پێنج ئایەتەی دوایی. (وەرگێڕ).

ئەو لەڕووی تیۆری (نظري)یەوە بەگوێرەی پێویست قسەی بۆ کردبوونو هەوڵو کۆششی تەواوی خۆی بۆ قەناعەت پێهێنانو کارتێکردنیان خستبووە کار، ئیدی هێندەی لەسەر ماوە کە ئامانجی ئەو قسەکردنو ئاخاوتنو روونکردنەوانەی خۆی بەدی بێنێت، ئەویش لەو ئامانجە عەمەلییەدا بەندبوو کە خەڵکە بیسەرەکەی پەیڕەویی ئاینەکەی بکەنو بانگەوازەکەی ئەو لەجیاتی ئەوەی فیرعەون هەڵبژێرن (تاکو لەکاتی پەیڕەوکردنیاندا راستیی ئەو ئاینو بانگەوازە بەدیی بکەن).

هەروەها بەکورتی بانگەوازەکەی بۆ شیکردنەوەو گرنگترینی راستیو بنەماکانیی بۆ خستنە روو تاکو بەڵگەی ڕاستو ڕەوانی خۆی بخاتە ئەستۆیانو، ئەوانیش هیچ پاساوێکیان لە نەزانینیو تێنەگەیشتنندا نەمێنێت: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِىٓ ءَامَنَ يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴾ (ئەی گەلی خۆم پەیڕەویی من بکەنو رەفتار بەم قسانەی من بکەن چونکە من رێنموونیتان دەکەم بۆ سەر ڕێی چاکەو سەرفرازیی".. بەڵام کەی داوای ئەوەی لێ کردن کە پەیڕەویی بکەن؟ بێگومان لەیەکەم دیداری نێوان خۆیو گەلەکەیدا داوای ئەم کارەی لێ نەکردن، چونکە گەر ئەم داوایەی لێ بکردنایە ئەوا دەسبەجێ ئەو قسانەیان پێ ناخۆشو رەق دەبوو و بانگەوازەکەشیان بەشتێکی کتوپڕیی دەبینیو، هەر لەو ساتە سەرەتاییانەشدا لێی دەتەکینەوەو پشتیان تێ دەکرد.

ئەم پیاوە باوەڕدارە دوای ئەوەی بەوردیو بەشێوەیەکی نەخشەبۆکێشراو زنجیرەیەك دیداریی لەگەڵ دا سازدابوونو، دوای ئەوەی چەند هۆکارێکی کاریگەری بۆ کارتێکردنیان بەکار هێنابووو دوای ئەوەش بە ناواخنی عەقڵو دڵیان گەیشتبوو، ئەوسا داوای لێ کردن کە پەیڕەویی بکەن.

هەروەها لەلایەکی تریشەوە ئەم داواکاریی پەیڕەوکردنە لەخەڵك وەك بەرهەڵستی کردنێکی فیرعەون وایەو، لە بەرامبەر ئەو بانگەشەیەی فیرعەونیشدابوو کاتێك داوای لەخەڵك کردبوو کەوا پەیڕەویی خۆی بکەن، ئەوەبوو

پێشتر فیرعەون پـێی گوتبـوون: ﴿مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهۡدِيكُمۡ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ غافر﴾ (من هەر ئەو بیروڕایەی خۆم بەچاك دەزانمو هـەر منـیش ڕێی ڕاستو چاکتان پیشان دەدەم"، ئێسـتاش پیـاوە باوەڕدارەکـە پێیـــان دەڵێـت: ﴿... يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُونِ أَهۡدِكُمۡ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾ ئـەم وتەیـەو ئـەم بانگـەوازو داواکارییەشی بەڵگەیەکە لەسەر جورئەت و ئازایەتیو بوێریی، دەنا چـۆن وەڵامـی فیرعەونی پێ دەدرێتەوەو بانگەشەو داواکارییەکەی ئەویان لەلا ڕەت دەکاتەوە، یان چۆن لەهەڵبژاردنی ڕێبازیدا سەرپێچیی لێ دەکاتو لەهەڵوێستیشیدا بەربەرەکانیی دەکاتو، لەڕێگاشیدا لێی جیا دەبێتـەوە؟ خـۆ ئەگـەر بـەراوردی نێـوان هـەردوو ڕستەکە بکەین واتە وتەکەی فیرعەون بۆ خەڵکی)و (وتـەی پیـاوە باوەڕدارەکـە بـۆ ئەوان) ئەوا جیاوازیی نێوانیان بەدیی دەکەین، جیاوازییەکەش لەنێوان (خـۆ بەکـەم زانینو لەخۆبوردنی پیاوە باوەڕدارەکە)و (خۆ بەزل دانانی فیرعـەون)دایـە، لـەنێوان (بوار ڕەخساندنی پیاوە باوەڕدارەکە بۆ خەڵکی کە سەربەسـتو سەرپـشك بـن لـە هەڵبژاردنی ڕێبازدا)و (زەوت کردنی سەربەستی جـەماوەر لەلایـەن فیرعەونـەوە).. هەمدیسان جیاوازیی وتەکانیان لەوەدایە کە پیاوە باوەڕدارەکە لەجەماوەر نزیکـەو خۆشیی دەوێن، ئەمەش لەو ئامرازی دواندنەدا کە پێیان دەڵێـت: (یـاقوم..) واتـە (ئەی هۆزم خۆم.. ئەی گەلی خۆم.. ئەی کەسو خزمانی خۆم..) کەچـی فیرعـەون خۆی لەئاستیان دا بە گـەورەو بـەرز دادەنێـتو سـووکایەتییان پـێ دەکـاتو بـێ ئومێدی دەخاتە بیرو هۆشیانەوە، ئەوەش لـەو وتەیەیـدا کـە پێیـان دەڵێـت: ﴿مَآ أُرِيكُمۡ إِلَّا مَآ أَرَىٰ﴾. واتە: (من هیچ ڕێبازێکی وا نابینم تەنها ئەوە نـەبێت کـە خۆم بەڕاستی دەزانم). لێرەدا فیرعەون هـەموو بـوارێکی بیرکردنـەوەو لێکدانـەوەو ڕێی ڕاست گرتنەبەریان لێ زەوت دەکاتو هـەر خۆیـشی لـەجیاتی ئـەوان کـاری تێفکرینو لێکدانەوەو گەڕان بەدوای ڕێی ڕاستیاندا بۆ لەئەستۆ دەگرێت، ئەوانیش

دەبێت بن بە چەند تووتییەكو قسەكانی بلێنەوەو بەبیروڕایەوە پابەند بن، بەڵام پیاوە باوەڕدارەكە سەربەستیی گەڕان بەدوای ڕێبازی ڕاستو قەناعەت پێهێنانو تێفكرینو سەرپشك بوونیان پێ دەداتو وایان لێ دەكات كەسێتییەكی خودداربنو توانای شوێنكەوتنی ڕێی ڕاستو بەرچاو ڕۆشنانەیان هەبێت: ﴿... يَٰقَوۡمِ ٱتَّبِعُونِ أَهۡدِكُمۡ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾.. دوای ئەمەش نەختێك درێژە بەقسە لەگەڵ كردنیان دەداتو پوختەیەك دەربارەی ئاینەكەیو بانگەوازەكەی باس دەكات تاكو بەڕوونی لێی تێبگەن. لەم ناساندنەشدا تێبینیی ئەوە دەكەین كە یەكەم جار چەقی لەسەر باوەڕو ئیمان داناوە، هەروەها لەسەر مەسەلەی دنیاو ڕۆژی دوایی و، پلەی دنیا بەپێوەری ڕۆژی دوایی بەشێوەیەك كەدڵیانی بەڕۆژی دواییەوە بەستۆتەوەو ڕووگەی ڕوانینەكانیشیانی هەر ئاراستەی ڕۆژی ئاخیرەت كردووە.

"بانگـەوازکارەکە بەراورد لەنێوان هەردوو بانگـەوازەکەدا دەکات"

- بانگەوازەکەی فیرعەون کە بەخەڵکەکـەی گـوت: ﴿مَآ أُرِيكُمْ إِلَّا مَآ أَرَىٰ وَمَآ أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ ﴿٢٩﴾ غافر﴾.

- بانگەوازەکـەی پیـاوە باوەڕدارەکـەش، کـە بەخەڵکەکـەی گـوت: ﴿... يَٰقَوْمِ ٱتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ ٱلرَّشَادِ﴾..

ئـەم دوو بانگــەوازە پێــچەوانەو دژی یەکـدین، بانگــەوازێکیان بـۆ دۆزەخــەو، بانگەوازێکیشیان بـۆ بەهەشـتە، لەوانەیـە خـەڵکی لـەو جـۆرە کاتانـەدا بکەونـە گومــانو دوو دڵییــەوەو نــەزانن راســتەکەیان هەڵبــژێرن، جـا بـۆ ئـەوەی پیـاوە باوەڕدارەکە شێوازی هەڵبژاردن بۆ گەلەکەی روون کاتەوەو هیچ تەم و مژو لێڵییەك لەئارادا نەهێڵێتو، بۆ ئەوەش، کـە یارمـەتییان بـدات لەسـەر چـاك هەڵبـژاردنی یـەکێك لـەو دوو رێبـازە، هەڵوێـستەیەکی کـرد بـۆ بـەراوردکردنی هــەردوو بانگەوازەکەی خۆیو فیرعەون.. وەك ئەوەی گوتی:

﴿وَيَٰقَوْمِ مَا لِيٓ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدْعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ ﴿٤١﴾ تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِۦ مَا لَيْسَ لِي بِهِۦ عِلْمٌ وَأَنَا۠ أَدْعُوكُمْ إِلَى ٱلْعَزِيزِ ٱلْغَفَّٰرِ ﴿٤٢﴾ لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِيٓ إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُۥ دَعْوَةٌ فِي ٱلدُّنْيَا وَلَا فِي ٱلْأٓخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَآ إِلَى ٱللَّهِ وَأَنَّ ٱلْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ﴿٤٣﴾ فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ غافر﴾.

واتە: (ئەی هۆزەکەم سەرنج لەوە بدەن کە من تەنها ئێـوە بـۆ رێی رزگـاربوون بــانگ دەکــەم تــا بــچنە بەهەشــتی خــوداوە، کەچــی ئێــوە بــەم ســەرگەردانیو گومڕاییەتان من بۆ نێو دۆزەخ بانگ دەکەن، بۆ ئەوە بانگم دەکەن کـە بـاوەڕ بـە

خوا نەهێنمو هاوەڵ (شەریك)ی بۆ دابنێمو، بەبێ هیچ بەڵگەو زانستێك خۆم كـافر بكەم، لەكاتێكدا من بۆ لای خودای باڵادەسـتو لێبـووردوو ئێـوە بـانگ دەكـەم، بێگومان ئەوەش، كە ئێوە منی بۆ بانگ دەكەن، نە لە دنیاو نـە لـە قیامەتیـشدا خاوەنی هیچ بانگـەوازو بەرنامەیـەك نییـە، نابێـت ئـەوەشمان لـەیاد بـچێت، كـە گەڕانەوەمان هەر بۆ لای خودایەو، ئەوانەش، كە لەستەمو تاواندا ڕۆچوون دەخرێنـە نێو ئاگری دۆزەخەوە).. كاتێك سـەرنجی ئـەم بەراوردكارییـەی پیـاوە باوەڕدارەكـە لەنێوان هەردوو بانگەوازەكەدا دەدەین، ئەم ڕاستییانەمان لەلا گەڵاڵە دەبێت:-

١- هەردوو بانگەوازەو سێ‌هەمێكیان نییە: بانگەوازی هەقو، بانگـەوازی ناهـەق (باطـــل). بانگـــەوازێكیان بـــۆ گوێڕایـــەڵیكردنی فـــەرمانی خودایـــەو، بانگەوازێكیشیان بۆ سەرپێچی لەفەرمانی خودایە.

٢- بەدەنگەوە هاتنی هەردوو بانگەوازەكەش ئاكامی پابەندكاری خۆیان هەیە، جا هەركەسێك بانگەوازی هەق پەسەندكاتو بەدەنگیـەوە بـچێتو بـاوەڕ بـەخودا بێنێتو گوێڕایەڵیی فەرمانی بكات، ئەوا بەهەشتی دەسـت دەكـەوێتو خێـرو چاكە بەدی دێنێتو سەرفرازییو ڕزگاربوونی بۆ نووسـراوە.. هـەر كەسـێكیش بـەدەم بانگـەوازی ناهـەقو (باطیـل) ەوە بـچێتو بـاوەڕ بـەخودا نـەهێنێتو سەرپێچی لە فەرمانی بكات زەرەرمەندو لەنێو چووەو شایستەی نێو دۆزەخـە. پیاوە باوەڕدارەكەی هۆزی فیرعەونیش ئاكامی هەردوو بانگەوازەكەی بەئاشكرا دیاری كردووەو، سەرەنجامی هەردووكیشیانی بۆ خستوونە ڕووو پێی گوتـوون:

﴿مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾؟!

٣- پیاوە باوەڕدارو بانگەوازكارەكـە هـەردوو بانگەوازەكـەی ناسـاندووە، ئـەوەش بەدەست نیشانكردنی دیارترین خاڵی جیاكەرەوەی یـەكێكیان لـەوی دیكـەیان:

﴿تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ﴾.

٤- وتـنی وشـەی (یـاقوم) پێیـان ئارەزوویەکـە لەخۆیـەوە بـۆ راژەنـینی دڵیـانو کارلێکردنیان/ چونکە ئەو بەردەوام لێیان نزیك دەبێتـەوەو خۆشەویـستییان بـۆ دەردەبڕێت، تاکو وایان لیّ بکات هەست بکەن بەوەی کە ئەو یەکێکە لـەوانو، ئەوانیش لەون، ئەوان هۆزی ئەونو، ئەویش یەکێکە لەوان.

٥- لەوتەکەیدا کە پێیان دەڵێت: ﴿وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ﴾ ئاوڕێکی بانگخوازانەی جوان هەیە/ ئەوەیە کە ئاخۆ کیّ ئەم بانگ دەکـات بـۆ نێـو دۆزەخ؟ بێگومـان هەر فیرعونە، نەك هۆزەکەی، ئەی بۆچی (بانگکردنی بۆ لای ئاگر) دەخاتە پاڵ ئەوان لەکاتێکدا ئەوان بۆ ئاگر بانگیان نەدەکرد؟! بێگومان پێشتر لـەکردارێکی فیرعەوندا بەشدارییی کردبوونو پـێی گوتبـوون: ﴿...أَتَقۡتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ ... ﴿٢٨﴾ غافر﴾ واتە: (ئایا ئێوە پیاوێکی وەك —موسا- تەنها لەسەر ئەوە دەکـوژن کـە دەڵێـت پـەروەردگارم (الله)یـە)؟!، لێرەشـدا بەشـداری ئـەو بانگەوازەی فیرعـەونی کـردوون بـۆ نێـو ئـاگر، چـونکە ئەگـەر ئـەوان بـەدەم بانگەوازی فیرعەونەوە (کە بۆ ئاگر دەیکرد) بچوونایە ئـەوا بەشـدارو هـاوەڵی بـوون تێیـدا، هـەروەها چـونکە نکـوولێی ئـەو بانگەوازەشـیان لـیّ نـەکردو بەرەورووی نەوەستانەوە، بەم پێیەش ئەوان بەشدارییی بـوون لـە ئاراسـتەکردنی بانگەوازەکەدا بۆ ئاگرو، بەشـدارییی بـوون لـە ئاشـکراکردنیو پروپاگەنـدە بـۆ کردنیو، لەئاکامو سەرەنجامە دژوارەکانی رۆژی قیامەتیشییدا.

خواستی پیاوە باوەڕدارەکەش وەك ئەوەبوو کە کاتێك بانگەوازەکەی فیرعـەون دەخاتە پاڵ ئەوانو دەیکات بەبانگەوازی ئـەوان، مەبەسـتی لەوەدایـە بانگیـان بکات بۆ بەدەمەوە نەچوونی بانگـەوازی فیرعـەون لـە سـەرەتاوەو، پاشـان بـۆ نکوولّی لێکردنـیو بەرووداوەسـتانەوەیو، لـەدوا جاریـشدا بـۆ پـەیڕەویکردنی ڕێبازە جوانەکەی پیاوە باوەڕدارەکە کـە بانگـەوازیان دەکـات بـۆ رزگـاربوونو ڕەزامەندیی خودا.

٦- پیاوە باوەڕدارەکە لەوتەکانیدا دوو ناوی لەناوە جوانەکانی خودا بەگوێیاندا داوەو بانگەوازی خودای پێ ناساندوون‌و ئەنجامەکەشی بۆ دیاری کردوون: ﴿وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ﴾ (من بانگتان دەکەم بۆ لای خودای باڵادەست‌و لێبوردوو). دیارە لەهەڵبژاردنی ئەم دوو ناوە جوانە (خودای باڵادەست‌و لێبوردوو)دا مەبەستێکی گرنگی هەیەو بۆ ئەو ساتەوەختە شیاوترن.. بێگومان خودا باڵادەستەو بەهێزەو هێزو عیززەت بەو کەسە دەبەخشێت کە باوەڕی پێ دەهێنێت‌و بەدەم بانگەوازییەوە دەچێت، ئەویش بەو هێزەوە جیهاد لەدژی ناهەق‌و باطیل دەکات‌و ڕووبەڕووی ستەم‌و زۆرداری دەبێتەوە، هێزو عیززەتیش شیاوترین سیفەتە لە بەرەوڕووبوونەوەی فیرعەون‌و ناهەقی‌و لەستەمدا ڕۆچون‌و زەبرو زەنگەکەیدا، لێبوردەیی (غفار)یش بۆ ئەوەیە کە بێگومان خودا لێبوردەیە بۆ هەر کەسێك کە بەدەم بانگەوازییەوە دێت‌و، خوداش لەکردارەکانی ڕابوردووی‌و، لەبێ باوەڕی‌و سەرپێچییەکانی لەوەو پێشیی دەبووریت‌و، تۆبەی لێ وەردەگرێت تاکو لەدوای باوەڕهێنانی ژیانێکی نوێی باوەڕدارانە دەست پێ بکات، ئەمەش هاندانێکە بۆ ئەو گەلە تا باوەڕ بە خودا بێنن، جا کاتێك باوەڕ بە خودای باڵادەست‌و لێبوردوو دێنن، ئەوا بەهێزو بەرێزو سەربەرز دەبن‌و، لەلای خوداش بەپلەی بەرزی خۆیان دەگەن‌و، خوداش لێیان خۆش دەبێت‌و تەوبەو پەشیمانیان لێ وەردەگرێت.

٧- لە وتەی پیاوە باوەڕدارەکەدا کە گوتبووی: ﴿لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدۡعُونَنِيٓ إِلَيۡهِ لَيۡسَ لَهُۥ دَعۡوَةٞ فِي ٱلدُّنۡيَا وَلَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ ﴿٤٣﴾ غافر﴾ (بەڕاستی‌و بەبێ هیچ گومانێك ئەوەی کە ئێوە منی بۆ بانگ دەکەن، نە لە دنیاو نە لە قیامەتیشدا خاوەنی هیچ بانگەوازو بەرنامەیەك نییە) لەم وتەیەیدا گشت مانایەکی هێزو کارایی‌و کارتێکردن لە فیرعەون دادەماڵێت‌و، ڕوونی دەکاتەوە، کە لەم هۆکارە سامدارانە هیچ شتێکی نە لە دنیاو نە لە قیامەتیشدا نییە. مرۆڤیش لێرەدا

سەری لەم مەسەلەیە دەسوڕمێت کە چۆن پیاوێکی خاوەن باوەڕ کـە لەهـەموو ڕەنـگو سـیمایەکی هێـزی بینـراوی مـاددیی دابـڕاوەو کەچـی لـە بەرامبـەر ستەمکارترینو زۆردارترین ستەمکاری لە ستەمدا ڕۆچوودا، کـە (فیرعـەون)ە، وەستاوە، (ئەو فیرعەونە ستەمکارەی کە خاوەنی چەندین جۆرو دیاردەی هێـزی مـاددییـە)، لەنێوانیانـدا بەوپـەڕی خـۆڕاگریی‌و جوامێرییـەوە بەربـەرەکانیی فیرعەون دەکاتو هەموو ئەو دیاردەو هێـزە ماددییانـەش نایترسـێنن، ئینجـا هەنگاوێکی تری سەرسـوڕهێنتر دەنێـتو لـەم هـەنگاوەدا فیرعـەون لەهـەموو هۆکارێکی سامداری هێزو کاریگەری دادەبڕێت.

پیاوە باوەڕدارەکە بە چاوێکی باوەڕدارێتیو ڕاستبینانە بۆ فیرعەونو دەسەڵاتو بانگەوازەکـەی دەڕوانێـت. لـە ڕاستیـشدا فیرعـەونی هـەروابینی کـە لـە هێـزو کارتێکردن داماڵراوەو، بەلاوازی بینی کە نـە لـە دنیـاو نـە لەقیامەتـدا خـاوەنی بانگەوازێکی هەق نییە. هەروەها پیاوە باوەڕدارەکە بـەودیاردە ماددیانـەی دەوری فیرعەونیان دابوو تەفرەی نەخوارد، بەڵکو ڕوانگەی چاوی خۆی بە چاویلکە ڕەسەنە ئیماندارێتییەکەیەوە ڕووەو ڕاستییەکانی وجودو ژیانو خێـرو هـەق ئاڕاسـتەکردو، ئیدی دیتی فیرعەون لە هەموو ئەم ڕاستییانە داماڵراوە. گشت زاڵمو لـە سـتەمدا ڕۆچوویەکی تریشن هەر ئاوانو هیچ شتێکی ڕاستو دوستیان نییە، هـەر دیـاردەو سـیمایەکی هێـزو دەسەڵاتداریەتیـشی لـەخۆی کۆکردبێتـەوە، ئـەوە هەرچـەندە سیمایەکی ساختەو، چەند ڕەنگ وڕوویەکی دەسەڵاتێکە، بەڵام ڕاسـتییەکی ژیـانی تێدا نیە. بێگومان بانگەوازکارانیش پێویستیان بەوەیە کە شوێن پێـی ئـەم پیـاوە باوەڕدارە لەو هەڵویستە مەزنە باوەڕدارانەیەیدا هەڵگرنو، بزانن چـەندین دیـاردەی هەقیقـەتیان پێیـەو بـەو هۆیانـەوە هـەر دیاردەیـەکی فریـو دانو سـاختەکاریو لەخۆباییبوونی ستەمکاران دەرخەنو ئەوسـاش بـەڕوونی بۆیـان دەردەکـەوێت کـە ستەمکاران هەرچییەکیان هەیە تەنها وەك ئەو تراویلکە (سەراب)ەیە کـە مرۆڤـی تینووبەئاوی تێدەگاتو کاتێك دەچێتە سەری هیچ شتێك لەئاو نابینێت.

کۆتـایـیی چیـرۆکەکـه : پیـاوه باوەڕدارەکـــه هـۆزەکـەی جێدەهێڵـێتو کاروبـاری خـۆی بەخـودا دەسـپێرێت..

خودای مەزن فەرموویە:

﴿فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ۚ وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرْعَوْنَ سُوٓءُ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ۖ وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓا۟ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾ غافر﴾

واتە: (لە دوایی داپیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون بەهۆزەکەی خـۆی گـوت: ئێوە لەمەولا لەئایندەدا ئەم وتانەی منتان بەبیردا دێتەوەو ڕۆژێك دێـت کـە بـیری لێبکەنەوە. ئەوا منیش کاروبـاری خـۆم بـە خـوای گـەورە ئەسـپێرم وپـشتی پـێ دەبەستم، بەڕاستی خوداش بینایەو بەندەکانی دەبینێت).

ئینجا خودا ئەم پیاوە باوەڕدارەی نێو هۆزەکـەی فیرعـەونی لـەپیلانی خـراپو درندەیان پاراستو خێڵو داروستەی فیرعەونیشی توشـی سـزایەکی زۆر سـەخت کرد کەئاگری دۆزەخەو بەیانیانو ئێواران پیشانیان دەدرێت -واتە بـەردەوام هـەمو کاتێك سزایان بەو ئاگرە دەدرێـت-و هـەر لـەڕۆژی مردنیانـەوە تاکـاتی قیامـەت پیایاندا دەچزێت، لەڕۆژی قیامەتیشدا فەرمان دەدرێت بـەوەی کـە (ئـادەی تـاقمو خێڵی فیرعەون بخەنە نێوتوندترینو سەختترین ئەشکەنجەو ئازاری دۆزەخەوە)".

ئێستاش دێینە سەر بەشیکۆتاییی چیرۆکی پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون.

بێگومان پیاوە باوەڕدارەکە دەرکەوتووەو بەرگریی لە پێغەمبەری خودا (موسا)

ـ سڵاوی خودای لێ بێت ـ کردووەو، بەرپەرچی بانگاشەی فیرعەونی داوەتەوەو، داوای لە جەماوەر کردووە پەیڕەویی رێبازەکەی خۆی بکەن، هەروەها بانگەوازەکەی خۆی بۆ روون کردوونەتەوەو هانیداون بۆ ژیانی ئاخیرەتو، بۆ هەڵبژاردنی بەندایەتیو گوێڕایەڵیی فەرمانی خوداو رازیکردنی خوداو، رێگەی سەرفرازیو سەرکەوتنیشی بۆ دەسنیشان کردوونو، لەرێگەی خەسارەتمەندیو تیاچوونیش وریای کردوونەتەوە. ئیدی چیی پێ ماوە؟ ئایا شتێك ماوە پێیان بڵێت؟!

ئایا لەمە زیاتری لەسەر بووە؟ بێگومان ئەو بەڵگەی رۆشنی خستنە بەرچاوو رێنمایی کردن بۆ ڕێی ساغی وسەلامەتی ی نێو هەردوو خانەی دنیاو ئاخیرەتو، رێگەی راستی بۆ دیاری کردن، بێگومان هەرچیی لەدڵدابوو پێی گوتنو، هەر ئەرکێك لەسەرشانی بوو، بەچاکی ڕاپەڕاند. ئیدی هیچ شتێك وهیچ کارێکی نەماو تەنها ئەوەندەی لەسەرماوە کەشانۆی رووداوەکان بەجێ بهێڵێت.

بێگومان شانۆکەی بەجێ هێشتو ماڵئاواییی لە هۆزەکەی بەم رستەیە کرد:
﴿ فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴾
واتە: (لەمەولا لە داهاتوودا ئەم وتانەی من بەیادی خۆتان دێننەوەو رۆژێك دێتە پێشەوە کەڕاستی حەقیقەتی ئەم بانگەوازەی من بەدیی بکەن، ئەوا منیش کاروباری خۆم بەخودا دەسپێرم، بێگومان خوداش بەندەکانی خۆی دەبینێت و لە کاروباریان ئاگادارە).

" فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ "

ئەم رستەكاریگەرە دەلالەت لە (بنەمایەكی دیاری بانگەواز بۆ لای خودا) دەكات كە پێویستە بانگەوازكاران ئاوڕی لێ بدەنەوەو وابەستەبن پێوەی.

بانگەوازكارەكە (واتە پیاوە باوەڕدارەكەی هۆزی فیرعەون) بانگەوازەكەی دەخستە بەرچاوی خەڵكی وبانگی دەكردن بۆ پەیڕەوی كردنی ئەوهەقەی پێیەتیو، پاشان بەرەو ڕووی ڕێبازی پووچەڵ (باطل) دەبێتەوەو بەرپەرچی دەداتەوەو بیروراو فیكرەكانی پووچەڵ دەكاتەوەو، ساختەو فرفێڵی ئاشكرا دەكاتو، هەق سەردەخاتو ڕوونی دەكاتەوەو دەیناسێنێت. لەو كارەش دا باشترین شێوازو كاراترین ئامرازی كارتێكردنو بەتینترین ئاموژگاری دەخاتە گەڕ.. مرۆڤی بانگەوازكار لەمە زیاتری نییە: ﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ الغاشية:﴾ واتە: (تۆ ئەی پێغەمبەر (ئەی بانگەوازكار) ئەم شتانەیان یادبێنەرەوە چونكە تۆ بەیاد خەرەوەیتو، هیچ دەسەڵاتێكی ئەوەت بەسەریان دانییەكە بەزۆر باوەڕیان پێ بێنیت).

جا ئەگەر بانگەوازكار گەیشتە قۆناغێكی لەم جۆرە لەگەڵ بانگكراوەكاندا، ئەوە دەبێت بەجییان بێڵێتو وازیان لێ بێنێت تاكو بیر لە وتەكانی بكەنەوەو لەراستییەكان بكۆڵنەوەو سەرنجی لێ بدەنو بەخۆیان دابچنەوە، بۆیە پێویستە بانگەوازكار مۆڵەتێكیان بۆ تێفكرینو جیاكردنەوەی چاكوخراپ لەیەكتر پێبدات..

پێویستە ماوەیەك وازیان لێ بێنێت تاكو عەقڵ وفیكری خۆیان دەخەنەكار، وەك خوداش فەرموویەتی: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٤٦﴾ سبأ﴾ واتە: (پێیان بڵێ: من یەك ئاموژگاریی ئێوە دەكەم كە

بۆ خوداو له‌پێناوی خوادا دووقـۆڵیو، به‌تـه‌نیایی دانیـشنو بیرلـه‌م قورئانـه‌، لـه‌م پێغه‌مبه‌ره‌، له‌م رێبازه‌ بكه‌نه‌وه‌، ئه‌م هاوڕێیه‌ی ئێوه‌، واته‌ محمد ﷺ شـێت نیـه‌، به‌ڵكو ترسێنه‌رێكی ئێوه‌یه‌ له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی سزایه‌كی سه‌خت تووشتان بێت).

جا ئه‌گه‌ر مرۆڤی بانگه‌وازكار له‌گه‌ڵ بانگكراوانیدا گه‌یشته‌ ئه‌م قۆناغـه‌، ئـه‌وا باحیكمه‌تی پیاوه‌ باوه‌ڕداره‌كه‌یان له‌گـه‌ڵ دا بـه‌كاربهێنێت ﴿فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ﴿٤٤﴾ غافر﴾ واته‌ پێیان بڵێـت (ئێـوه‌ رۆژێـك هـه‌ر بـیر لـه‌م وتانـه‌ی مـن ده‌كه‌نه‌وه‌و ساتێك ده‌بێت، كه‌ به‌ جیددی ئه‌م وتانه‌ بخه‌نه‌ به‌ر تیـشكی لێكدانـه‌وه‌و ورد بوونه‌وه‌تان).

بێگومان ئه‌م بڕگه‌یه‌ش، كه‌ به‌ڵێنو په‌یمانێكی ڕه‌ق له‌سه‌ر شـتێك ده‌گه‌یـه‌نێت، هه‌ڕه‌شـه‌ نیـه‌، بـه‌ڵكو ئاموژگـاریو به‌یادخـستنه‌وه‌یه‌، هـه‌روه‌ها واز لێهێنـانیو پشتگوێ خستنیان نیه‌، به‌ڵكو ئامرازێكی تره‌ له‌ ئامرازه‌كانی كارتێكردنیان، تاكو هه‌ق هه‌ڵبژێرن. بانگه‌وازكار بـه‌ گه‌له‌كـه‌ی ده‌ڵێـت: (به‌راسـتی مـن ئـه‌ركی خـۆم به‌جێهێناو بانگه‌وازی خۆم پێگه‌یاندنو ئه‌وپه‌ڕی كۆششو ته‌قه‌للاشم خسته‌ گه‌ڕ بـۆ ئامۆژگاریی كردنتان به‌مه‌ش لێپرسـراوێتی سه‌رشـانم گه‌یانـد هـه‌نگاوی ئاینـده‌ش ده‌كه‌وێته‌وه‌ سه‌رشانی خۆتانو ئیـدی خۆتـان رێبازه‌كـه‌ هه‌ڵبـژێرنو، هـه‌ر ئێـوه‌ش ئه‌نجامی هه‌ڵبژاردنه‌كه‌تان له‌ئه‌ستۆدایه‌، كه‌ چیتان هه‌ڵبژارد ؟!

ئه‌نجامه‌كانی ئه‌و رێبازو به‌رنامه‌ هه‌ڵبژاردنه‌تان له‌ دنیاو رۆژی دواییشدا لـه‌سـه‌ر ره‌نگ ده‌داته‌وه‌، جا ئه‌گه‌ر رێبازی باوه‌ڕو هـه‌ق هه‌ڵبـژێرن، ئـه‌وا به‌روبومـه‌ تـاڵو وه‌ڕسكاره‌كانی له‌ دنیاو رۆژی دواییشدا ده‌دوورنه‌وه‌.

جاكاتێـك یـه‌كێك لـه‌و دوو ڕێبـازه‌ هه‌ڵده‌بـژێرنو به‌روبوومه‌كـه‌ی ده‌چـننه‌وه‌، ئه‌وكاته‌ وتـه‌كانی منتـان به‌بیردێتـه‌وه‌، ئه‌وكاتـه‌ ﴿فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْ ﴿٤٤﴾ غافر﴾ ..هه‌ر ئه‌وكاته‌ش ئه‌گه‌ر رێبازی باطیلو ناهه‌قتان هه‌ڵبـژاردبێت، ئـه‌وا گله‌یی له‌من نه‌كه‌ن، به‌ڵكو ته‌نها گله‌یی له‌خۆتان بكه‌ن.

وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ

ئەم وتەیەش لە وتەكانی پیاوە باوەڕدارەكـە ﴿ فَسَتَذْكُرُونَ مَآ أَقُولُ لَكُمْۚ وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾ غـافر﴾ دەلالــەت لەســەر بنەمایەكی دیاری دیكەی باوەڕو بانگـەواز دەكاتــەوە، هــەروەها دەلالەتـە لەسـەر ڕێسایەكی بنچینەیی لە ڕێساكانی جیهادو كۆشش كردن، كە هەرگیز لـەبیركردنی، یان لێبێ ئاگابوونی ناشێت.. بانگەوازكارانیش دەبێت هەڵوێستەی درێژی لەئاستدا بكەن‌و، بەچاكی لەئەستۆی بنێن‌و بەچاكی لێی تێبگەن‌و بەچاكی تێیدا بژین.

بەڕاستی پیاوە باوەڕدارەكـەی هـۆزی فیرعــەون بـەرەو ڕووی باطیـل بـووەوەو، بەربەرەكانی فیرعەونی كردو، لەستەم‌و دەسەڵات‌و زەبرو زەنگی نەترساو، بـەرگریی خۆی لە (موسا) ـ سڵاوی لێ بێت ـ كردو، وتەكانی فیرعــەونی پووچـەڵ كـردەوەو داوای لە جەماوەر كـرد، پـەیرەویی ڕێبـازی خـۆی بكــەون‌و، پـەیرەویی ڕێبـازی فیرعەون نەكەن. ئەو بەم هەڵوێستە ئیمانداریتییەی‌و، بە جیهـادی قارەمانانـەی‌و، بەبەربــەرەكانی كردنــی پیاوانــەی، كـەوتبووە بــەر ئەگــەری ســزاو ئەشــكەنجەی فیرعــەون‌و، ڕق‌و تۆڵــەی كوێرانــەی‌و، فــڕوفێڵ‌و تــووڕەییی توندیــەوە- ئــێ خـۆ فیرعەونیش لێی بێ دەنگ نابێت، بەڵكو سزای دەدات‌و دەیچەوسێنێتەوە- بۆ ئـەم كارەشی چەندین ئامرازو شێوازی هەیەو، هــەموو ســەربازو دەســت‌و پێوەنـدەكانی كەئامادەی ڕاپەراندنی فەرمانەكانین لەوێ ئامادەن، بەڵام پیـاوە باوەڕدارەكـە (وەك لە ڕواڵەتدا دیارە) هــەرخۆی بەتــەنیا لەمەیـدان دایــەو، هــیچ هێـزو پێـزو توانـاو بەرگرییەكی نییەو، بەپێی پێوەرە مەترياليیەكانی مرۆڤ- بێ هێـزو لاوازەو، لەبـەر ئەمەش زەرەرمەنـدو دۆڕاوە، چـونكە گوایــە ناتوانێـت زەبـروزەنگ وئەشــكەنجەی فیرعەون لەخۆی دوورخاتەوە، نەخاسمە، كە توانــای لەگـەڵ داجەنگینیــشی نییــەو،

ئیدی بە لۆژیکی ماددی (مەتریالیستی)ی جاهیلانـە کێـشەکە ئاوایـە. بـەڵام بـە لۆژیکی باوەڕدارانە کێشەکە ڕەهەندێکی تری هەیە، ئەوەیە ئـەم پیـاوە بـاوەڕدارە لەخۆیەوە راسـتەوخۆ نـەبزواوە، دەنـا بەشـێتێك دەردەچـوو. هەرخۆیـشی بەتـەنیا لەبەردەم فیرعەون دانەبوو دەنـا بـەخۆکوژ (منتحـر)ێـك دەردەچـوو. بـەڵکو ئـەو لەسرووش (وحی)ی ئیمانەکەیەوە دەستی بە بـزووتن کردبـووو راسـپاردەی خـودای لەسـە رخـۆی بەبانگـەوازو جیهـاد جێبـەجێ دەکـرد. دیـارەو بێگومـان خـوداش (بەلایەنگرتنیو لەسەر هەق چەسپاندنیو بەئارام پـێ بەخـشینی) لەگـەڵی دابـوو، لەراسـتیدا بانگەوازەکـەش بانگـەوازی خودایـەو خـوداش هـەرخۆی سـەرخەری بانگەوازەکەی بوو، بێگومان —موسا-ش پێغەمبەری خودایەو خودا بـەرگریی لـێ دەکات. پیاوە باوەڕدارەکەش پشتگیری ئایینی خودای کردووەو، خوداش پاڵپـشتی بووە، لەملاوە فیرعەونیش بەربـەرەکانیی خـودای کـردووەو خـوداش هـەر دەبێـت بیبەزێنێت.

پیاوە باوەڕدارەکە لەکاتێکـدا بـەرەو ڕووی فیرعـەون دەبـووەوە کـەباوەڕداربوو بەخوداو پشتی پێ بەستبووو دڵنیابوو لەوەی خودا سـەری دەخـاتوو داوای هێـزو کۆمەکیشی هەرلەخودا دەکرد.

لەهەمان کاتدا فیرعەون دوژمـنی خـودا بـووو ئەگەرچـی لـەدژی باوەڕدارەکـە دەجەنگی بەڵام لەراستی دامانای وابوو کەدژی خـودا دەجـەنگێت. ئەمەیـە بـاری ڕاستەقینەی جەنگە کەلەنێوان پیاوە باوەڕدارەکەو فیرعەون داو، هەر ئەمەشە باری ڕاستەقینەی هێزەکان لەوجەنگەدا.

بێگومـان هـەمو هێـزە بەشـەرییەکان لەبـەردەم هێـزی خـودای پـەروەردگاردا سەرشۆرو لاواز دەبنو دەتوێنـەوە سـەرەڕای ئـەوەی هـەر چـەندێك گـوڕو تـەوژمو دیاردەی ماددییان تێدا بێت، هەروەها هەمەرەنگی فرۆفێڵیان وشـێوەو جۆرەکـانی زەبرو زەنگیان ونو پوچەڵو بێ نێوەرۆکنو زیـان بـەهیچ کـەس ناگەیـەنن مەگـەر

بەمۆڵەت‌و خواستێکی خودایی نەبێت. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییە دەرخراوەدا لەوتەی پیاوە باوەڕدارەکە تێدەگەین کە دەڵێت: ﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِيٓ إِلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرُۢ بِٱلْعِبَادِ﴾ ئەم بڕگە باوەڕدارێتییە پەیمان ئامێزە بەرنامەیەکمان لەباوەڕو بانگەواز دەخاتە بەرچاو، بەرنامەیەك کەهەموو بانگەوازکارێك لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی باطیل‌و ستەم دا پێویستی پێی دەبێت بێگومان مرۆڤی بانگەوازکار دەچێتە نێو مەیدانی جەنگەوە لەدژی هێزەکانی باطیل و گومڕایی دەجەنگێت، لەم مەیدانەشدا دەروونی پڕە لە مانا‌و بەها باوەڕدارییەکان‌و، پەی بەحەقیقەتی جەنگ‌و هێزولایەنەکانی دەبات..کاتێك دەچێتە نێو جەنگەکەوە هەموو جەستەوگیانی یەکپارچە بەباوەڕ بەخوداو بەپشت بەستن بەخودا جۆش دراوەو، داوای سەرکەوتن هەر لەخودا دەکات‌و پەنا بەخودا دەگرێت‌و بەشێوەیەکی ڕەهاو بێ‌سنوور هەموو کاروبارێکی هەر بەخودا دەسپێرێت‌و داوای کۆمەك‌و ئارامی‌و جێگیربوون لەسەر هەق هەر لەخودا دەکات.

جاکاتێك مرۆڤی بانگخواز کاروبارو جڵەوی ژیانی هەربەخودا دەسپێرێت، دەبینێت کەوا خودا لەگەڵی دایە، کاتێك داوای سەرکەوتنیش لەخودا دەکات دەبینێت کەوا خودا باشترین سەرخەرە... کاتێك پشت بەخوداش دەبەستێت دەبینێت خودا باشترین پشت پێ بەستراوە.

بەڕاستی ئەو بڕگە باوەڕدارییە، تەنها وتەیەکی ئاسایی سەرزاری بانگەوازکارەکە نەبووە، کەلە واتاو حەقیقەت دابڕا بێت، بەڵکو کۆمەڵێك ڕاستیی ئیمانداریێتی‌و بانگەوازکاری‌و جیهادکاری بووە کە تیایان داژیاوە. هەروەك کە هەڵوێستێکی کورتی ساتەوەختیش نەبووە،بەڵکو ژیانێکی باوەڕدارانەی ڕاستەقینەبووە کەلەگشت چرکەو ساتێکی ژیانیدا تیایدا ژیاوە.

مرۆڤی بانگەوازکار چەندین ئایەتی دیکەی قورئانیش دەخاتە پاڵ ئەو بڕگە

باوه‌ڕدارانه‌یه‌ی پیاوه‌ ئیمانداره‌كه‌ی هۆزی فیرعه‌ون، كه‌ هه‌موو ئایه‌ته‌كان به‌رنامه‌یه‌كی باوه‌ڕداریو بانگخوازیو جیهادكاریی بۆ پێكده‌هێنن، له‌و ئایه‌تانه‌ش:

١- ئایه‌ته‌كانی (٣٦-٣٧) له‌ سووره‌تی (الزمر) كه‌ خودا تیایاندا فه‌رموویه‌: ﴿أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِكَافٍ عَبْدَهُۥ ۖ وَيُخَوِّفُونَكَ بِٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٦﴾ وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِن مُّضِلٍّ ۗ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِعَزِيزٍ ذِى ٱنتِقَامٍ ﴿٣٧﴾﴾ واته‌: (ئایا خودا هه‌ر خۆی به‌س نییه‌ بۆ ئه‌وه‌ی كه‌پشتیوانی به‌نده‌ی خۆی بێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ره‌ ﷺ؟! به‌ڵام ئه‌وان تۆ ده‌ترسێنن به‌شتی ترله‌جیاتی خودا. جا هه‌ر كه‌سێك خودا گومرای بكاتو به‌هۆی خراپه‌و سه‌ركێشیه‌كانییه‌وه‌ سه‌ری لێ بشێوێنێت ئه‌وا هیچ ڕێ نیشانده‌رێكی نییه‌. هه‌ركه‌سێكیش خودا ڕێ نیشانده‌ری بێتو به‌هۆی دڵپاكیی خۆیه‌وه‌ بیخاته‌ سه‌ر ڕێی ڕاست ئه‌وا هیچ كه‌سێك ناتوانێت گومڕای بكات. جا ئایا خودا باڵاده‌ستو تۆڵه‌ستێن نییه‌؟!".

٢- هه‌ردوو ئایه‌تی (١٧٣-١٧٤) له‌ سووره‌تی (ال عمران) كه‌ خودا تیایاندا فه‌رموویه‌تی: ﴿ٱلَّذِينَ قَالَ لَهُمُ ٱلنَّاسُ إِنَّ ٱلنَّاسَ قَدْ جَمَعُوا۟ لَكُمْ فَٱخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَٰنًا وَقَالُوا۟ حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ فَٱنقَلَبُوا۟ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ وَٱتَّبَعُوا۟ رِضْوَٰنَ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ... ﴿١٧٤﴾ آل عمران﴾، واته‌: (ئه‌وانه‌ی به‌ده‌م بانگه‌وازی هه‌قه‌وه‌ چوون، هه‌ندێك له‌خه‌ڵكی پێیان ده‌ڵێن: (ئه‌وا كه‌سانێكی زۆرخۆیان بۆ ئێوه‌ كۆكردۆته‌وه‌و به‌ته‌مان په‌لامارتان بده‌ن جا ئێوه‌ش لێیان بترسنو خۆتان تووشی كاره‌سات مه‌كه‌ن)، به‌ڵام... ئه‌و ئیمانداره‌ به‌ئارامانه‌ باوه‌ڕیان توندترو زۆرتر ده‌بێتو ده‌ڵێن: (ئێمه‌ خودامان به‌سه‌ كه‌باشترین یارمه‌تیده‌رو پشتیوانمانه‌. ئه‌وسا موسوڵمانان به‌نازو نیعمه‌تو فه‌زڵی خوداوه‌ گه‌ڕانه‌ته‌وه‌و هیچ كاره‌ساتو ناخۆشییه‌كیان تووش

نەبووە).

٣- ئایەتی (٧١) لە سوورەتی (یونس) کە خودا تێیدا فەرموویە.. ﴿وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ نُوحٍ إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ إِن كَانَ كَبُرَ عَلَيْكُم مَّقَامِى وَتَذْكِيرِى بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَعَلَى ٱللَّهِ تَوَكَّلْتُ فَأَجْمِعُوٓاْ أَمْرَكُمْ وَشُرَكَآءَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُنْ أَمْرُكُمْ عَلَيْكُمْ غُمَّةً ثُمَّ ٱقْضُوٓاْ إِلَىَّ وَلَا تُنظِرُونِ ﴿٧١﴾﴾.

واتە: (ئەی پێغەمبەر، بەسەرهاتو چیرۆکی (نوح) یان بۆ بگێڕەوە، کاتێك بە گەلەکەی خۆیگوت: (ئەی گەلی خۆم- ئەگەر ئێوە بەهۆی مانەوەی منەوە لەنێوتاندا وەڕس بوونو بەم یادخستنەوەیەی ئایەتو بەڵگە دیارەکانی خودا دڵتەنگو بێزاربوون، ئەوە دڵنیابن من کوڵ نادەم وپشتم بەخودابەستووە، جائێوەش چیتان لەدەست دێت درێغی مەکەنو خۆتانو بتەکانانو هاوڕێبازەکانتان کۆبنەوەو بە ئاشکراچیتان پێ دەکرێت لە دژی من بیکەنو منەتتان نەبێتو مۆڵەتیشم مەدەن).

٤- ئایەتەکانی (٢-٣) لە سوورەتی (الطلاق) کە خودا تێیان دافەرموویەتی: ﴿...وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجْعَل لَّهُۥ مَخْرَجًا ﴿٢﴾ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ ۚ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمْرِهِۦ ۚ قَدْ جَعَلَ ٱللَّهُ لِكُلِّ شَىْءٍ قَدْرًا ﴿٣﴾﴾

... واتە: (هەرکەسێك لە خودا بترسێتو خۆی لەسزاکانی بپارێزێت ئەوا خوداش دەروازەی خێرو بەختەوەریی لێ دەکاتەوەو، لە شوێنێکی وەهاشەوە رزقو رۆزیی بۆ دەنێرێت کە ئەو عەبدە پێشتر حسابی بۆ نەکردووەو بەخەیاڵیدا نەهاتووە کەوا لەو شوێنەوە خودا رزقی دەدات. جا هەر کەسێك پشت بەخودا ببەستێت ئەوا تەنیا خودای بەسە بۆ سەرخستنو کۆمەك پێدانی، چونکە بەراستی خودا کاروباری بڕیار لەسەر دراوی خۆی هەر بەئەنجام دەگەیەنێتو بۆ هەرشتێکیش کاتو وادەیەکی دیاریکراوی داناوە).

٥- ئایەتەکانی (٥٤-٥٦) لە سوورەتی (هـود) کـە خـودا تێیانـدا فەرموویـەتی:
﴿...قَالَ إِنِّيٓ أُشۡهِدُ ٱللَّهَ وَٱشۡهَدُوٓاْ أَنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٥٤﴾ مِن دُونِهِۦۖ فَكِيدُونِي جَمِيعٗا ثُمَّ لَا تُنظِرُونِ ﴿٥٥﴾ إِنِّي تَوَكَّلۡتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ إِنَّ رَبِّي عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٥٦﴾﴾... واتە: (هود) لـە وەڵامـی بێباوەڕانی گەلەکەیدا گوتی من خودا دەکەم بەشاهیدو، ئێوەش بە شـایەت بـن لەسەر ئەوەی کە من بەریو دوورم لەوشـتانەی کـە ئێـوە دەیکەنـە هـاوەڵ بـۆ خوداو، جگە لەخوداش پەرستنی هیچ شتێکی دی ڕەوا نییە، ئیدی چی دەتوانن بیکەنو هەمووتان نەخشەبکێشن بۆ لـەناوبردنی مـنو هـیچ مۆڵەتێکیـشم بـۆ دامەنێن، چونکە تەنها پشتم بەوخودایە بەستووە کە خودای منو ئێوەشەو کـە جڵـەوی ژیـانو کاروبـاری هـەموو گیانلەبـەرێکی ئێـو ئـەم بوونەوەرەشـی بەدەستەوەیە.. بێگومـان خـودای پـەروەردگاری مـن لەسـەر حەقـەو خـاوەنی ڕێبازێکی ڕاستو دروستە).

فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُواْ

دوای ئەوەی پیاوە باوەڕدارەکە ئەرکی خۆی گەیاند، دیارە فیرعەونیش هەڕەشەو گوڕەشەی تەواوی لێ دەکات‌و بەسزاو زەبرو زەنگی خۆی دەیترسێنێت، ئەمەش پیاوەکەی نەترساندووە، بەڵکو کاروباری خۆی بەخودا سپاردووە، ئەم کاربەخودا سپاردنەشی، کۆتاییی ئەو ئاخاوتنە ئیمانداری‌و بانگخوازییەو، کۆتاییەکی گونجاوی چیرۆکەکەشە، هەروەها مەبەستێکی گێڕانەوەی چیرۆکی نێو قورئانیشی تێدایە. بێگومان قورئان دەیەوێت ئەم هەڵوێستە پتەوکات لەلای موسڵمانان‌و، ئەم واتا جوانە لە هزرو زەین و هەستی هەریەکەیاندا بچەسپێنێت، هەروەها قورئان دەیەوێت (لەڕێی چیرۆکەکانییەوە) ئەوە فێری موسڵمانان بکات، کە باوەڕی تەواو بەخودا بێنن‌و پشتی پێ ببەستن‌و پەنای بۆ بەرن‌و کاروباری خۆیانی پێ بسپێرن‌و، ملکەچی بن‌و خۆیان بەئیرادەو مەنهەجی تەسلیم کەن. پاشان قورئانی پیرۆز باسی شیکارو وردەکاریی ڕووداوەکانی دوای ئەوکاتە ناکات، کە بەجێیان دیلێت، چونکە لە چیرۆکەکەدا بە ئامانج نەگیراوەو، باسکردنیشی سوودی زۆری نییە.

ئێمە لە بیروخەیاڵی خۆماندا وای بۆ دەچین، کە پیاوە باوەڕدارەکە سزاو ئازارێکی زۆری پێ گەیەنرابێت لەوانەشە وای دابنێنین بەچەندین جۆرو شێواز لەلایەن فیرعەونەوە، پیلانی لێ گێڕرابێت‌و سزاو ئەشکەنجە درابێت‌و لە حیقدو فڕوفێڵی فیرعەون دەرباز نەبووبێت.

ئەم بۆچوونەی نێو ئاوێنەی خەیاڵ کەم‌و کورتی تێدانییەو، قەیدی ناکات ئەگەر خەیاڵمان ئەم دیمەنانە بۆ چیرۆکەکە تەواو بکات، بەڵام تەنها دەبێت لەدەرووی بۆچوون‌و بەخەیاڵداهاتنەوە بێت، نەك لەدەرووی بەراستی دانان‌و گێڕانەوەی چەند شتێکی تری بەسەرهاتەکانەوە.

دەنا ناشێت بڵێین فیرعەون لەدواییدا واو واو ئاوای لێ کردووە، مادام قورئانو سوننەت باسیان لێ نەکردووە. بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئێمە ساتێك لەبەردەم ئەم هەواڵەی خوادا بووەستینو رامێنین کە دەربارەی پیاوەکە فەرموویەتی: ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُواْ ﴾... واتە: (خوداش ئەم پیاوە ئیماندارەی هۆزی فیرعەونی لەپیلانی خراپو دڕندانەیان پاراست) بێگومان پیاوە باوەڕدارەکە خۆی بەخودا سپاردووەو کاروباری خۆی هەربۆ خودا رەوانە کردووە، جا ئایا خوداش پشت گوێی خستووە؟ ئایا خوداش ئەم پیاوەی تەسلیم بەفیرعەونو فڕوفێڵو پیلانەکانی کردووە؟ بێگومان خودا هەرگیز واز لە شوێنکەوتوانی ناهێنێتو بەدوژمنانی خۆیو دوژمنی ئیماندارانی ناسپێرێت، بەڵکو خودا لەگەڵ ئیماندارە شوێنکەوتووەکانی خۆی دایەو بەسەرخستنو جێگیر کردنیان لەسەرهەق بەهرەمەندیان دەکات. ئەمەش سوننەتێکی خوداییەو ناگۆڕێت ودوا ناکەوێت قورئان چەندان نموونەی لەسەر ئەم سوننەتە خوداییە هێناوەتەوە، پیاوە باوەڕدارەکەی نێو هۆزی فیرعەونیش نموونەیەکە، لەو نموونانە. ئەم هەواڵە راستە قورئانییەش (کە خودا لەفڕوفێڵی ئەوان پاراستوویەتی مژدەیەکەو خودا لە قورئاندا بە ئیماندارانیداوە لە کاتێکدا داوایان لێ دەکات هەر پشت بە خودا ببەستنو جڵەوی ژیانو کاروباریانی پێ بسپێرن.

هەروەها ئومێدێکیشەو قورئان لەدڵو دەروونی باوەڕدارانیدا پەخشی دەکات لەو کاتەدا کەئاینی خودا سەردەخەنو بەرگریی لێ دەکەنو جیهاد لەدژی دوژمنانی خودا دەکەن. لێرەدا زۆر دڵگیرو خۆشحاڵم بە وتەیەکی بەپێزی ئیمام (جعفر-ی کوڕی محمد الصادق) خودا لێی ڕازی بێت — کە گوتوویە[1]. " سەیرە لای من کەسێك بە چوار بەڵا گرفتار بووبێتو، کەچی چوار هۆکاری چارەسەر پشت گوێ بخات):-

---

(١) بڕوانە کتێبی (جعفر محمد الصادق) نووسینی (عبدالعزیز سید الاهل)- لاپەرە (٦٨).

١- سەیرە لای من کەسێك ترسا بێت، کەچی پەنا نەباتە بەر فەرمایشتەکەی خودا: ﴿...حَسْبُنَا ٱللَّهُ وَنِعْمَ ٱلْوَكِيلُ ﴿١٧٣﴾ آل عمران﴾، چونکە من بیستوومە هەر دوای ئەم فەرمایشتە خودا دەفەرموویت: ﴿فَٱنقَلَبُوا۟ بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ لَّمْ يَمْسَسْهُمْ سُوٓءٌ ...﴿١٧٤﴾ آل عمران﴾، واتە: (ئەوانەی لەکاتی ترسانیاندا گوتوویانە (ئێمە هەر خودامان بەسە کە فریاد ڕەس و پاڵپشتمان بێت) ئەوانە بەنازو نیعمەت و فەزڵی خودابییەوە دەگەڕێنەوەو هیچ ناخۆشیەکیشیان تووش نەهاتووە).

٢- سەیرە لای من کەسێك دڵتەنگ و غەمبار بووبێت وکەچی پەنانەباتە بەر فەرمایشتی خودا: ﴿لَّآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنتَ سُبْحَٰنَكَ إِنِّى كُنتُ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٨٧﴾ الأنبياء﴾، چونکە بیستوومە لەدوای ئەم فەرمایشتەوە خودا فەرموویەتی: ﴿ فَٱسْتَجَبْنَا لَهُۥ وَنَجَّيْنَٰهُ مِنَ ٱلْغَمِّ ۚ وَكَذَٰلِكَ نُۨجِى ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٨٨﴾ الأنبياء:﴾، واتە: (کاتێك (یونس) لەنێو سکی نەهەنگەکەدا هاوارو نزای کردو گوتی: "خودایە هیچ خودایەکی پەرستراوو پەروەردگار جگەلە تۆ نییەو هەر تۆ شایستەی هەموو سوپاس و ستایشێکیت و بەراستی من ستەمم لەخۆم کرد کاتێك بەبێ فەرمانی تۆ گەلەکەم جێ هێشت) ئێمەش بەهانایەوە چووین و رزگارمان کرد لەو خەم و پەژارەو دڵتەنگییە، هەربەم شێوەیەش ئیمانداران رزگاردەکەین و بەهانایانەوە دەچین کاتێك دەکەونە نێو تەنگانەو خەمناکی یەوە.

٣- سەیرە لای من کەسێك فێڵ وپیلانی لێ کرابێت، کەچی پەنا نەباتە بەر فەرمایشتی خودا ﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بَصِيرٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٤٤﴾

غافر﴾، چونکه من بیستوومه خودا لەدوای ئەوه فەرموویەتی: ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُوا۟ ﴿٤٥﴾ غافر﴾، واته: (پیاوه باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون دوای ئەوەی بانگەوازی پێگەیاندن گوتی: (ئەوا من کاروباری خۆم بەخودا دەسپێرم، خوداش بینەری بەندەکانیەتی، پاشان خودا لە خراپەو فڕوفێڵی ئەو گەلە پاراستیی).

٤- سەیره لای من کەسێك دڵی چووبێت بەدنیاو جوانییەکانی وشته باقو بریقەکانی داو کەچی پەنا نەباته بەرفەرمایشتی خودا ﴿...مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ ... ﴿٣٩﴾ الکهف﴾،چونکه من بیستوومه خودا دوای ئەمە فەرموویەتی: ﴿ فَعَسَىٰ رَبِّىٓ أَن يُؤْتِيَنِ خَيْرًا مِّن جَنَّتِكَ ... ﴿٤٠﴾ الکهف﴾، واته: (کەسێکی ئیماندار بەکەسێکی لەخۆبایی خاوەن باخ و بێستانی گوت (ئەگەر چوویته نێو باخەکەتەوه بڵێ ما شاء الله، ئەم هەموو نازو نیعمەته هەمووی بەخششی خودایەو لەخوداوەیەوه هیچ هێزو توانایەك ئاوا بەپیت بەرەکەت نابێت تەنها بە پشتیوانیی و هێزی خودا نەبێت دەبێت ئەمە بڵێیت کاتێك دەبینی من ماڵ و سامانو نەوەم لەتۆ کەمتره، چونکه دوورنییە کە خودای پەروەردگارم لەو باخەی تۆ چاکترم پێنەبەخشێت چ لەدنیا یان لە قیامەتدا)

وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ

خودا پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەونی لە خراپەکانی پیلانی فیرعەون پاراستو رزگاری کرد لێی.. ناشزانین دوای گەیاندنی پەیامە باوەڕداریو بانگخوازی یەکەی چیی بەسەر هاتووە.

نازانین ئایا فیرعەون ئەویشی لەگەڵ ئەو سیحربازانەدا کوشتووە کە باوەڕیان بە (موسا) هێنا ـ سلاوی خودای لێ بێت ـ یان بەندی کردبێت لە زینداناو، ئەویش لە زیندانەکەیدا مردبێت؟ یان ئایا لە (میسر) بە مردنێکی ئاسایی مردبێت؟ یاخود لەگەڵ هۆزی (بەنوئیسرائیل)دا ولاتی جێهێشتبێتو دوای ئەوە مردبێت؟!.. نازانین چۆن دەربازبووە، یان چی بەسەرهاتووە. چونکە قورئان ئەمەی روون نەکردۆتەوەو لە فەرموودەی (صحیح)ی پێغەمەریش ﷺ روون نەکراوەتەوە.. جا لەبەرئەوەی ئەو دوو سەرچاوە راستو جێ متمانەیە لە باسکردنی شیکاری چارەنووسو حاڵەتی پیاوەباوەڕدارەکە بێ دەنگ بوون ئەوا ئێمەش دەبێت لێی بێ دەنگ بینو لەهیچ سەرچاوەیەکی دییەوە بەدوای دەنگو باسی دا نەگەڕێین وهەر هێندەمان بەسە کە لەو دوو سەرچاوە ڕاستەقینەیە (قورئانو سوننەت)داهاتووە.

خوداش لە فڕوفێڵو پیلانی فیرعەون پاراستوویەتی، فیرعەونو هۆزە بێباوەڕەکەشی بەسزای سەختی ئاکامی فڕۆفێڵ وخراپەکانیان گەیاندووە، وەك فەرموویەتی: ﴿ فَوَقَىٰهُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِ مَا مَكَرُواْۖ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٥﴾ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۖ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴿٤٦﴾ غافر﴾، واتە: (هەروەها خودا خێڵو دارودەستەی

فیرعەونی تووشی سزایەکی زۆر سەخت کرد کە ئاگری دۆزەخەو بەیانیان‌و ئێواران پیشانیان دەدرێت واتە (بەردەوام شەوو رۆژ، ئێوارەو بەیانی‌و هەموو ساتێك) تیایدان‌و، هەر لەرۆژی مردنیانەوە تاکاتی قیامەت پیایاندا دەچزێنرێت، لەرۆژی قیامەتیشدا فەرمان دەدرێت بەوەی کەئادەی تاقم‌و هۆزی بێ باوەڕی فیرعەون بخەنە نێو توند ترین‌و سەخت ترین ئەشکەنجەو ئازاری دۆزخەوە).

بەم رەنگە فیرعەون‌و هۆزەکەی کەوتوونە نێو ئەو ئاکامە دژوارەی فرۆفێل‌و ساختەکاری‌و زۆرداریتییەکەیانەوەو، بەروبوومی نەخشەو پیلانە خراپەکانیان چنییەوەو، پیلانە شەڕ خوازییەکانیشیان لەگەردنی خۆیان ئالآیەوە، وەك خوداش فەرموویە﴿... وَلَا يَحِيقُ ٱلْمَكْرُ ٱلسَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِۦ ... ﴿٤٣﴾ فاطر﴾. واتە: (پیلانی (شەڕو تاوانکاری) هەمیشە هەر بەسەر خاوەنەکانیاندا دەشکێتەوە". ئەمەش رێسایەکی جێگیرو نەگۆڕە لە رێساکانی قورئان‌و رێبازو سوننەتێکی راستیشە لە سوونەتەکانی خودا.

هۆزی فیرعەون تووشی سزایەکی سەخت بوون – خودا فیرعەون‌و سەربازەکانی لە دەریادا خنکاندکاتێك بەدوای موساو باوەڕدارەکانیدا ڕایان دەکردو دەیانوویست بیانگرنەوەو بیانخەنەوە ژێر حوکمی ستەم‌و تاوانی خۆیان، دنیایان بەوشێوە مەینەتبارییە بەجێ‌هێشت بێ‌ئەوەی کەسێك بۆیان دڵتەنگ‌و خەمباربێت، وەك خودا لەبارەیانەوە فەرموویە ﴿كَمْ تَرَكُوا۟ مِن جَنَّٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٢٥﴾ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٢٦﴾ وَنَعْمَةٍ كَانُوا۟ فِيهَا فَٰكِهِينَ ﴿٢٧﴾ كَذَٰلِكَ وَأَوْرَثْنَٰهَا قَوْمًا ءَاخَرِينَ ﴿٢٨﴾ فَمَا بَكَتْ عَلَيْهِمُ ٱلسَّمَآءُ وَٱلْأَرْضُ وَمَا كَانُوا۟ مُنظَرِينَ ﴿٢٩﴾ الدخان﴾... واتە: (ئەو هۆزەی فیرعەون چەندە باخ‌و باخات وکانیاوی سازگاریان بەجێ هێشت، چەندەها کێڵگەو بێستان‌و جێگەو رێگەی خۆشیان لەپاش بەجێ ماو، چەندین جۆر لە نازونیعمەتی تریش کە ژیانی خۆشیان تێدا بەسەردەبرد، بەڵام بەهۆی کفرو ستەمی خۆیانەوە بەم

ڕەنگە لێیانمان سەندنەوەو کردمانن بەمیراتیی هۆزێکی تر، ئیتر نە ئاسمان بۆیان گریاو نەزەویش بۆیان خەمباربوو، ساتەوەختێکیش لەوادەی دیاری کراویان مۆڵەتیان پێ نەدرا)..

بەم شێوەیە فیرعەون و خێڵ و دەست پێوەندو شوێنکەوتوانی لەژیانی دنیاوە بۆ ژیانی (بەرزەخ)ی گۆڕستان گوازرانەوە کە لە گۆڕەکانیاندا تاهاتنی ڕۆژی قیامەت سزادەدرێن و دوای ئەوەش سەخت ترین سزای دۆزەخیان بۆ دانراوە.

قورئانی پیرۆزیش ئەو سزا ناخۆشەی دیاری کردووە کە لە گۆڕەکانیاندا تووشیان دەبێت: ﴿ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا ﴿٤٦﴾ غافر﴾، ئەوان دەخرێنە بەرئاگر هەموو ڕۆژێك، لە بەیانیان و لە ئێواراندا، ئەمەش دو وژەمی ڕۆژانەیە کە تیایاندا سزا دەدرێن لەو ڕۆژەوەی خودا لە دەریاکەدا سەرنگومی کردوون تاکو ڕۆژی هاتنی قیامەت.. دەی ئایا تائەمڕۆ چەند سەدە بەسەر ئەو سزا ڕۆژانەیاندا تێپەڕیووە؟! ئەی داخۆ تارۆژی قیامەت چەند سەدەی تریان بەسەردا تێدەپەڕێت، ڕۆژی هاتنی قیامەتیش فیرعەون و هۆزەکەی دەبرێن بۆ حساب و لێپرسینەوە: پاشان فەرمان دەدرێت بەفریشتەکانی دۆزەخ کەفیرعەون و بێ باوەڕەکانی هۆزەکەی بخەنە ئاگری دۆزەخەوە: ﴿ ...وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓاْ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾ غافر﴾ .. زانایانی تەفسیر ئەم ئایەتە بەدەقێك دەربارەی سزای نێوگۆڕ دادەنێن و گوتوویانە: (بێگومان سزای نێوگۆڕ، یان نازو نیعمەتەکەی، ئاوایەو بەدەقی ڕۆشنی قورئانی و فەرموودەی ڕەوان (صحیح) سەلمێنراوە. دەقی ڕۆشنی قورئان ئەم ئایەتەیە: ﴿ ٱلنَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدْخِلُوٓاْ ءَالَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ ٱلْعَذَابِ ﴿٤٦﴾ غافر﴾.. فەرمودەی (صحیح)ی پێغەمبەریش(ﷺ) ئەوەیە کە(بخاری)و (مسلم) لە (عبدالله ی کوڕی عمر)ەوە (خودا لێی ڕازی بێت) گێڕایانەتەوە کە پێغەمبەر خودا ﷺ فەرموویەتی: ((ان أحدکم اذا مات، عرض

عليه مقعده من الغداة والعشي، ان كان من أهل الجنّة فمن اهل الجنّة وان كان من اهل النّار فمن اهل النّار، يقال: هذا مقعدك حتي يبعثك الله يوم القيامة))[1] ...
واته: (ئەگەر کەسێك لە ئێوە مرد شوێنی خۆی هەموو ڕۆژێك لە بەیانیان و ئێواراندا پیشان دەدرێت، جا ئەگەر لە کەسانی نێو بەهەشت بێت ئەوە لەوانە، خۆ ئەگەر لە کەسانی نێو دۆزەخ بێت ئەوە لەوانەیەو، پێی دەگوترێت: ئەمە شوێنی تۆیە تاکو خودا لەرۆژی قیامەتدا زیندووت دەکاتەوە). (بخاری و مسلم) ئەم فەرموودەیەیان گێراوەتەوە.

(١) (بخاری) گێراویەتییەوە لە: (کتاب الجنائز- ٢٣، باب المیت یعرض علیه مقعدة، رقم (٨٩)، حیث رقم (١٣٧٩)). هەروەها (مسلم)یش گێڕاویەتییەوە لە: (کتاب الجنّتو نعیمها- ٥١-، باب عرض مقعد المیت (١٧)، حدیث رقم (٢٨٦٦)).

لەنێوان (أبوبكرى صديق)و پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەوندا

وادیارە (ئیمامی بوخاری) - خودا لێی خۆشبێت - ویستوێتی بەراورد بکات لەنێوان پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون (کە پشتگیریی موسای کردووە)و لەنێوان (ابوبکری صدیق)دا کە پشتگیریی پێغەمبەری خودا ﷺی لە (مەککە) دا کردووەو، هەروەها ویستوێتیی وای دەرخات کە (ئەبوبەکری صدیق) لەو پیاوە باوەڕدارە باشتربووە، بۆ نموونە لە (کتاب التفسیر)ی (جامع الصحیح)ەکەیدا فەرموودەیەکی لە (عروەی کوڕی زبیر)ەوە هێناوە، کە (عروە) گوتوویە: بە(عبداللە کوڕی عەمری کوڕی العاص)م گوت: (پێم بڵێ لە بەسەرهاتی پێغەمبەرو بێباوەڕەکاندا، بێباوەڕانو موشریکان توندترین ڕەفتاریان بەرامبەر پێغەمبەری خوا ﷺ چی بوو)؟ ئەویش لەوەڵام داگوتی: کاتێك پێغەمبەری خودا ﷺ لەحەوشەی (کەعبە)دا نوێژی دەکرد، (عقبەی کوڕی أبو معیط) هەڵی کوتایە سەر شانیو کراسەکەی لەملی ئاڵاندو هێندەی لەگەردنی توند کرد، تا بیخنکێنێت، ئەوەبوو خێرا (ابوبکر) یەخەی کابرای گرت و لە پێغەمبەری خودای دوورخستەوەو گوتی[1]: ﴿...أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ ٱللَّهُ وَقَدْ جَآءَكُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ مِن رَّبِّكُمْ ...﴾ (٢٨) غافر: ٢٨ ...ئەم وتەیەی (ابوبکر) کە دەقی ئایەتەکەی سوورەتی (غافر)ی ئاراستەکردوون کاتێك پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەونیش، هەمان پرسیاری ئاراستەی هۆزەکەی کرد، واتە: (ئایا پیاوێکی وەك (محمد) تەنها لەسەر ئەوە دەکوژن، کە دەڵێت پەروەردگاری من (اللە)یەو لە هەمان کاتدا بەڵگەو نیشانە

(١) البخاري- كتاب التفسير(٦٥)، باب (٤٠)، سورة المؤمن، حديث رقم (٤٨١٥).

ڕۆشنەکانی بۆ هێناون)؟

ئەمیری ئیمانداران (علی‌ی کوڕی ابوطالب)ﷺ بەراوردێکی لەنێوان (ابوبکری صدیق)و پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون داکردووەو، (ئەبوبکر)ی لەوپیاوە بەچاکتر داناوە- لەم ڕووەوە (امام ابن کثیر) لەکتێبی (تأریخ)ەکەیداو لە (البزار)ەوەو، ئەویش لە (محمدی کوڕی عقیل)ە وە ئەم وتەیەی ئیمامی (علی)یان هێناوە، کە ڕۆژێکیان (علی ی کوڕی أبو طالب) ﷺ لە وتارێکیدا بۆ خەڵکی لێی پرسیون (خەڵکینە ئازاترین کەس کێیە)؟ گوتوویانە (تۆیت ئەی ئەمیری ئیمانداران)، ئەویش گوتوویەتی (هەرکەسێك زۆرانبازیی لەگەڵمدا کردبێت هەقی خۆم لێ سەندووەو تۆڵەم لێ کردۆتەوە.. بەڵام فەزڵی (ئەبووبەکر) لەوەدابووە کاتێك ئێمە کەژاوەیەکمان بۆ پێغەمبەر ﷺ ڕێك خستو گوتمان: کێ لەگەڵ پێغەمبەری خوادا دەبێت؟ وەڵڵاهی کەس لێمان نزیك نەبووەو، تەنها (ئەبوبەکر) نەبێت، کە شمشێرەکەی لەپێناوی پێغەمبەری خوادا ﷺ هەڵکێشابووو، هەرکەسێك خوازیاری پەلاماردانی بوایە خێرا پەلاماری دەدایەوە، بەمەش ئەو ئازاترین کەس بوو).

هەروەها گوتوویەتی: (دیتم قوڕەیشییەکان تەنگیان بە پێغەمبەر ﷺ هەڵچنیبوو، یەکێکیان دژایەتیو بەربەرەکانیی دەکرد، یەکێکی تریان پەستی دەکرد، پێیان دەگوت (تۆ هەموو خوداکانت کردووە بەیەك خودا؟) لەو ساتانەدا هیچ کەسێك بۆ بەرگری لێ کردنمان نزیك نەدەبووەوە، تەنها (ئەبوبەکر) نەبێت، کە لە فلان کافری دەداو، ئەوی تریانی بەپاڵ دەردەکردو، یەکێکی تریانی پەست دەکردو، ئینجا پێیشی دەگوتن: (ئەی قوڕ بەسەرتان) ئەوە پیاوێك دەکوژن، کە دەڵێت (پەروەردگارم- الله یە؟) پاشان ئیمامی (علی) کەوایەکی خەتداری لەبەر خۆی داکەند کە لەخۆی پێچابوو، ئینجا گریا هەتا ڕیشی تەڕبوو، گوتی (دەی توخوا لەئێوە دەپرسم ئایا پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون باشتر بوو، یان ئەو (واتە ئەبوبەکر)؟ خەڵکەکە لە وەڵامدا بێدەنگ بوون، ئینجا (امام علی) گوتی:

(دەسا بەخـودا ســـــــاتێك ژیان لەگەڵ ئەبوبەکردا باشـترە لـەوەی پڕاوپـڕی زەوی هەر هەمووی تـەنها پیـاوە باوەڕدارەکـەی هـۆزی فیرعــەون بێـت، چـونکە پیـاوە باوەڕدارەکە باوەڕی خۆی شاردبۆوە، بـەڵام (ئەبوبـەکر) ئیمـانو باوەڕەکـەی خـۆی ئاشکرا کردبوو)[1].

پوختەی گرنگترین پەندو ئاماژەکانی ئەم چیرۆکە

ئێستاش دوای ئەوەی گەشتەکەمان لەگەڵ چیرۆکی پیـاوە باوەڕدارەکـەی هـۆزی فیرعەون لەکۆتایی نزیك بۆتەوە، هەڵوێستەیەك لەئاست چیرۆکەکەدا دەکەین، تاکو گـرنگترین وانـەو ئامــاژەو دەلالاتــی بـەکورتی لـێ دەربهێـنین،وەك ئەمانــەی لای خوارەوە:

١- ستەمکارانو زۆرداران‌و لە ستەمدا رۆچوو، چەندین ئامرازو شێوازی نایاسایی‌و نائەخلاقی‌و نائینسانی لەبەرەو ڕووبوونەوەی هەق‌و شوێنکەوتوانی هەقدا بـەکار دێـنن، وەك کوشـتنی کـوڕانی ئیمانـدارەکان‌و هێـشتنەوەی ئافرەتـەکانیان بـۆ خزمەتی خۆیان ، وەك چۆن فیرعەون‌و هۆزەکەی ئەمە رەفتارەیان بووە.

٢- ستەمکاران دەیانەوێت بەو ئامرازو کەرەسە گـەورەو گرانانــەی لەجـەنگی دژی دەست وەشاندن لە بانگەوازکارانەوە بیانترسێنن.

٣- ستەمکاران دەیانەوێت بەسیمای دیموکراسیەتەوە خۆیان پیشان دەن‌و ئیـددیعای

---

(١) بڕوانە (البدایە والنهایة)ی- ابن کثیر بەرگی (٣) لاپەڕە (٢٧١-٢٧٢).

تێبینی: نووسەری ئەم کتێبە لەم بەشەی دوایی ئـەم چـیرۆکەدا کاتێـك ئـەم بەراوردکارییـەی هێناوەتەوە، مەبەستی لەکەم کردنەوەی رۆڵی پیاوەباوەڕدارەکەی هۆزی فیرعەون نییە، بەڵکو تەنها بۆ دەرخستنی رۆڵو فەزڵی چاکترین هـاوەڵی پێغەمـەری خودایـە ﷺ ئێمـە بەهــەمان نیازەوە ئەم بەشەمان وەك خۆی تەرجەمەکردووە.(وەرگێر).

خۆ نزیك كردنەوە لەجەماوەر بۆ خۆیان دەكەن وچەند پرۆسەیەكی دەنگو دانو ڕاپرسیی ڕواڵەتی و چەند دیاردەیەكی سەرنج ڕاكێشو فریودەریش بۆخۆیان ئەنجام دەدەن.

٤- ستەمكاران سوورن لەسەر ئەوەی جەماوەریش لەبەربەرەكانی هەقو ئازاردانی خاوەن هەقەكاندا بەشداربكەنو لێپرسراوێتی بەشێك لەو كارە دزێوانەیان بخەنە ئەستۆ، ئەو هەستەشیان پێ دروست بكەن، گوایە ئەمە كێشەی بنچینەییانە.

٥- ستەمكاران لەبەر چاوی خەڵكی خۆیان وا دەردەخەن، گوایە پارێزەری ئایینو، پێشرەوی چاكسازیو، پاسەوانی ئاسایشن.

٦- ستەمكاران هەموو بانگەوازكاران بەبێ باوەڕو تێكدەرو وێرانكەر دادەنێنو گوایە ئەمانە دژی ئاینو ئاسایشو چاكسازیین.

٧- بانگەوازكار لەكاتی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمكاراندا، دەبێت پەنا بەرنەبەر خوداو تەنها پشت بەخودا ببەستنو هانای بۆببەن.

٨- هۆكارو ڕازو نهێنیی ستەمكاریی لە دوو سیفەتدا بەندە: (خۆ بەزل زانی)و (باوەڕنەهێنان بە ڕۆژی لێپرسینەوە). ڕازو نهێنیی چاكسازییش لە دوو سیفەتی جواندا بەندە: (لەخۆ بوردوویی)و (باوەڕهێان بەرۆژی لێپرسینەوە).

٩- (ستەمكاریی) خاوەنەكەی (واتە ستەمكارەكە) لەنێو دەبات‌و، ژیانیشی دەشێوێنێتو ئازارە بۆ كەسانی ترو ناڕەحەتیان دەكات، بەڵام ئیمانو باوەڕ بە خودا، زمانەی دڵنیایی (صمام الامان)ی ژیانی خۆشو بەختەوەرانەی مرۆڤی باوەڕدارو كەسانی تریشە.

١٠- وانەیەكی تری ئەم چیرۆكە ئەوەیە، كە دەشێت مرۆڤی باوەڕدار لەهەندێك جێگەی دژواردا، باوەڕی خۆی دەرنەخاتو بیشارێتەوە، ئەگەر لەوەدا بەرژەوەندییەكی بانگەوازەكەی ڕەچاو دەكرد، وەك چۆن باوەڕدارەكەی هۆزی فیرعەون ئەو ڕێگەیەی گرتبووەبەرو، وەك چۆن پێغەمەری خوداش ﷺ لە

سەرەتای بانگەوازی نهێنیدا لە (مەککە)دا بەوشێوازە ڕەفتاری دەکرد.

١١- پێویستە بانگەوازکار بزانێت چۆن هەنگاوەکانی لەگەڵ هەڵوێستە بانگخوازییەکانیدا ڕێك دەخات، تابزانێت کەی باوەڕی خۆی دەشارێتەوەو، کەی دەری دەخات، بۆ نموونە لەبارودۆخی مەترسییەکی ڕاستەوخۆدا، کە بەرەو ڕووی بانگەوازو سەکردایەتییەکەی دەبێتەوەو گەر بانگەوازکارەکەش بتوانێت تیایدا سەرکەوێت، ئەوا لێی پەسەند ناکرێت، کە باوەڕەکەی لەپێناوی ساغیو سەلامەتیی خۆیدا بشارێتەوە.

١٢- گەر کەسێك ڕوو لەئیمان بکاتو، بەدەم بانگەوازەوەبێت، ئەوە بەڵگەی دروست بوونی خێرە تیایداو پاشەکەوت بوونی ماناکانی ئەمەكو پیاوەتیو ڕاستگۆیی یە لەناخیدا.

١٣- قەوارەی کفرو ستەم، قەوارەیەکی لاوازو بێدەسەڵاتەو، لەنێوخودی خۆیەوە درزو کەلەبەری تێدەکەوێتو، لەو کەلەبەرانەوە باوەڕدارانی پیاوچاك دەدۆزرێنەوە.

١٤- بانگەوازکارەکە بەرامبەر هێزەکانی ناهەق (باطیل) وەستاوەو بەربەرەکانیی ڕەگەزو هەستو نەستەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی پیاوانەو ڕاستگۆیانەو بە ئارامیو ئیمانەوە دەکات، هەرچەندە بەتەنیایەو لە هەموو هێزێکی ماددیش داماڵراوە.

١٥- وتەی ڕاستو پەیمانبەخشو بوێرانە لەوتەی (باطیل) بەهێز ترەو، وتاری پووچەڵو (باطیل)یش لە هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فیکری وا لە هیچ دیدارو گفتوگۆیەکدا خۆی لەبەردەمدا ڕاناگرێت، بەڵام بەو مەرجەی خاوەنی وتەی ڕاستو هەق هەڵگری سیفەتەکانی سەرکەوتنو ئازایەتی بن.

١٦- پێویستە بانگەوازکار باشترین شێوازو هەموو چەشنە ئامرازو هۆکارێکی کاریگەر بۆ چوونە نێو دڵی بانگکراوان بەکاربێنێت، هەروەك پێویستە

هەنگاوەکانو هەڵوێستەکانو وتەکانیشی ڕێك خاتو، بەشێوەیەکی زانستیو مەنهەجیو بەرنامەڕێژی، بچێتە نێومەیدانی بانگەوازو گەیاندنی پەیامی هەقەوە.

١٧- بێگومان مرۆڤی بانگەوازکار بەشێوازی سەرکەوتووی بانگخوازانەیو، بەحیکمەتی کارای باوەڕدارانەوە ناهەقی وگومڕاییو باوەڕی دەبەزێنێت، چونکە لەسەر بناغەیەکی دروست بنیات نەنراونو، هیچ بەڵگەو نیشانەیەکی بەهێزیشیان نییە.

١٨- پێویستە بانگەوازکار لەکاتی دواندنی جەماوەرو وتار بۆدانیاندا بابەتیانە هەڵس وکەوت بکاتو، ڕێز لەعەقڵو ڕۆشنبیرییان بگرێتو، بزانێت چۆن کاریان تێدەکاتو هەڵوێستیان دەگۆڕێت.

١٩- شێوازێکی دی لە شێوازەکانی سەرکەوتنی بانگەوازکار لە دواندنو قەناعەت پێهێنانی خەڵکیدا، بەکارهێنانی هۆیەکاریگەرە ئابووریو کۆمەلایەتیو مێژووییو ژیارییەکانەو خرۆشاندنی ئەوپرسیارانەشە، کە بیروڕاو قەناعەتی پێشوویان دەلەرزێننو لەڕیزی خۆییان نزیك دەکەنەوە.

٢٠- جیاوازییە لە نێوان شێوازی ستەمکارانو، بانگەوازکاران لەدواندنی خەڵکیدا، ئەوەیە لۆژیك (منطق)ی ستەمکاران لەسەر خۆ بەزل زانیو لووت بەرزی بەندە، بەلام لۆژیکی بانگخوازان لەدواندنی خەڵکیدا، لەسەر خولقاندنی خۆشەویستیو لێك نزیکیو ڕێز لەیەك نان بەندە.

٢١- ستەمکاران ئەوە لە جەماوەر دەخوازن، کە عەقڵی خۆیان لێك هەڵوەشێننو هیچ لێکدانەوەو تێفکرینێکیان نەمێنێت، بەڵکو ستەمکاران هەر خۆیان لەجیاتی خەڵکی بیربکەنەوەو ڕەوتی مەسەلەکانیان بۆ لێکبدەنەوە، جەماوەریش تەنها ئەو بیروڕاو فیکرو بۆچوونانەی ئەوان پەسەند بکەن، کە بۆیان هەڵدەڕێژن.

٢٢- ستەمکاران ڕێگە بە بیروڕای بەرهەڵستکارێکی خۆیان نادەنو، ناهێڵن

کەسانی دی سەرپێچی لە بیروڕایان بکەنو لە بەرامبەریاندا بووەستن..

٢٣- کاتێك ستەمکاران هەست بەکاریگەریی بانگەوازکاران لەسەر جەماوەر دەکەنو، دەترسن لەوەی جڵەوی کاروباریان لەدەست دەرچێتو، جەماوەریش لایەنگری بانگەوازیان دەبن، لەوکاتانەدا ستەمکاران پاشەکشێ لەبیروڕای پێشوویان بەئاشکرا دەکەنو ئیددیعای شێوازی زانستی وبابەتیانە دەکەنو واش خۆیان پیشان دەدەن، گوایە دیراسەی بانگەوازو داواکارییەکانی بانگخوازان دەکەن، تاله دواییدا بڕیاری ئەوە بۆخۆیان بدەن، کە درۆزن بوون.

٢٤- بێگومان هێزی حیکمەتی بانگەوازکارانو باش کارتێکردنیان لە خەڵکی، بەسە بۆ پاشەکشێی ستەمکارانو گۆڕینی هەڵوێستەکانیان، تەنانەت گەر بەڕواڵەتیش بێت.

٢٥- ستەمکاران سوورن لەسەر سەرقاڵ کردنی جەماوەر بەچەند مەسەلەیەکی لاوەکیو بێبایەخی مام ناوەندییەوە، تاکو لە مەسەلە بنچینەییەکەیان دوور بخەنەوەو، کێشەی چارەنووسسازیان لەبیربەرنەوە، لەوانەشە هەندێك لەبانگەوازکاران بکەونە نێو ئەم داوەوە، تاکو لەنیازە بنەڕەتییەکانیان لادەن.

٢٦- لەوانەیە ستەمکاران هەندێك جار هۆکار (زەمەن) بەکاربێنن تاکوو مەسەلەی بانگەوازەکە لای جەماوەر بمرێننو تەزووی کاراییو گەرموگوڕیی تێدانەهێڵن. بەڵام ئەوەی لەسەربانگەوازکاران پێویستە ئەوەیە، هەر بەردەوام بن لەسەر گەیاندنی بانگەواز بەوپەڕی هێزو کاریگەرییەوەو بەزیندوویتیو گەرم و گوڕیی لەلای خەڵك بیهێڵنەوە.

٢٧- ستەمکاران چەندین وزەو تواناو ماڵو سامانی نەتەوەو کاتێکی زۆریش بۆ چەند دیاردەو رواڵەتێکی چەواشەکاریو چەند کاروبارێکی تریان بەفیڕۆ دەدەن، کە هیچ کەڵكو خێرو بێرێکیشی نییەو، تەنها چەند شانۆگەرییەکن بۆ سەرقاڵکردنی خەڵکیو خەریك کردنیان بەشتی لابەلاوە.

٢٨- پێویسته بانگەوازکار، بانگراوان بگەیەنێته وێستگەی دوڕیانەکانو وایان لێ بکات، تاکو ببینن، که تەنها دوو ڕێگه لەبەردەمیاندا هەیه، (ڕێگەی باوەڕو ڕێی ڕاستو ڕزگاریو بەهەشت)، یان (ڕێگەی بێباوەڕییو گومراییو تیاچوونو دۆزەخ)، پاشان داوایان لێ بکات بە وردی دیراسەی ڕێگەکان بکەنو یەکێکیان هەڵبژێرن، هەروەها دەبێت مۆڵەتو دەرفەتی هەڵبژاردنی ڕێی ڕاستیان پێ بداتو، بۆ ئەو مەبەسته ماوەیەکی کەم لێیان دووربکەوێتەوە، تاکو هەست بکەن بەوەی، کەوا بەخواستو سەربەستیی خۆیان ڕێگەی ڕاستیان هەڵبژاردووە.

٢٩- پێویسته بانگەوازکار لایەنی (چاوەڕوانی کردن)و (ڕوانین بۆ داهاتوو)ش لەگەڵ بانگکراواندا بەکاربێنێت، تاکو متمانە بەوتەکانی بکەنو لەجیهانی ڕاستیدا بەدی بێنو، پاشان تاکو بیر لەو وتانەی ئەوسای بکەنەوە، کەپێی گوتبوونو ئاگاداریی کردبوونو، ئینجا دوای ماوەیەك بیریان بخاتەوە، تاکو لە شوێنکەوتوانی نزیك تربێت.

٣٠- پێویسته بانگەوازکار بەباوەڕەکەیەوە بەرزو سەنگین بێتو، شانازی بەئاینەکەیەوە بکاتو، پشت بەخودای خۆی ببەستێت، چونکه ئەمانە گەورەترین هۆکاری خۆ ڕاگرین لەبەرەو ڕووبوونەوەی هێزەکانی زوڵم وستەمدا. بێگومان بانگەوازکاریش کاتێك کاروباری خۆی بەخودا دەسپێرێتو بەرەهایی جڵەوی ژیانی خۆی تەسلیم بەخودا دەکات، بە ڕاستگۆییش هانای بۆ دەبات، ئەوە ڕووکارێکی باوەڕداریو بانگخوازانەی دیارەو، بناغەی خۆڕاگریو سەرکەوتنە لە بەرەنگارییەکەدا.

٣١- خودا لەگەڵ بەندەکانو سەربازانی خۆی دایەو لەسەر هەق جێگیریان دەکات و ڕێنماییان دەکاتو سەریان دەخاتو حوکمی زەوییان پێ دەدات، هەروەها خودا دژی دوژمنەکانیانە، کە دوژمنی خوداشنو دەیانبەزێنێتو فڕوفێڵو

پیلانەکانیان پووچەڵ دەکاتەوە.

٣٢- بانگەوازکاران خۆیانو گەلەکەیان لە دنیاو ڕۆژی دواییشدا رزگار دەکەن، بەڵام ستەمکاران خۆیانو گەلەکەشیان لە دنیاو رۆژی دواییشدا لەناو دەبەن.

٣٣- مەیدانی جەنگی نێوان هەقو (باطیل) بەتاکە جێگەیەكو بەتاکە زەمانێك، یان بەتاکە مەوقیعو مەیدانێکی تایبەتیەوە بەندنییە، بەڵکو سەرتاپاگیرە بۆ هەموو مەوقیعو مەیدانو بوارو سەردەمو جێگەکان، هەروەها تەنهابە دنیایەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بۆ ژیانی بەرزەخو مەیدانەکانی پیشاندانو سەعاتەکانی حسابو، لێپرسینەوەش دەگوازێتەوە.

بێگومان سەربازانی (باطیل) لە دنیادا رۆژی لێپرسرینەوە، کە ڕۆژی دەرکەوتنی فریشتەکانو پێغەمەرانو باوەڕدارانە- سەر دەکەونو – وێنەکانی سەرکەوتنیش زۆرن- وەك ئەوەی، کە لە گۆرەکانیاندا نازو نیعمەتیان پێ دەدرێتو ڕۆژی حسابو لێپرسینەوەش ڕێز لێنراونو، لەبەرهەشتەکانی نەمریدا نەمرو زیندوون.

چیـرۆکی سـێیەم

چیـرۆکی قاروون

چیرۆکی (قارون) له قورئاندا بەم جۆره هاتووه، که خودا فەرموویه:-

﴿إِنَّ قَٰرُونَ كَانَ مِن قَوۡمِ مُوسَىٰ فَبَغَىٰ عَلَيۡهِمۡۖ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِنَ ٱلۡكُنُوزِ مَآ إِنَّ
مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلۡعُصۡبَةِ أُوْلِي ٱلۡقُوَّةِ إِذۡ قَالَ لَهُۥ قَوۡمُهُۥ لَا تَفۡرَحۡۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ
ٱلۡفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ
ٱلدُّنۡيَاۖ وَأَحۡسِن كَمَآ أَحۡسَنَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ
ٱلۡمُفۡسِدِينَ ﴿٧٧﴾ قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ أَوَلَمۡ يَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ قَدۡ أَهۡلَكَ مِن
قَبۡلِهِۦ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مَنۡ هُوَ أَشَدُّ مِنۡهُ قُوَّةً وَأَكۡثَرُ جَمۡعًاۚ وَلَا يُسۡـَٔلُ عَن ذُنُوبِهِمُ
ٱلۡمُجۡرِمُونَ ﴿٧٨﴾ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦۖ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا
يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٧٩﴾ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ
ٱلۡعِلۡمَ وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٌ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا
ٱلصَّٰبِرُونَ ﴿٨٠﴾ فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن
دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلۡمُنتَصِرِينَ ﴿٨١﴾ وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ
يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ
عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨٢﴾ تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا لِلَّذِينَ
لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾ القصص﴾.

سەرەتا واتای ئایەتەکان بەکورتی لێك دەدەینەوەو پاشان لەگێڕانەوەی بڕگەکانی چیرۆکەکەدا شیکاریان دەکەین:-

واتە: (بێگومان قارون لە قەومو خوێنانی موسا بوو- بەلاَم بەهۆی ماڵو سامانیەوە خۆی بەسەریاندا گیف کردەوەو فیزی بەسەردادەکردن، ئێمە ئەوەندە ماڵو سامانو داراییمان بە (قارون) بەخشیبوو، کە کلیلەکانی قاسەو گەنجینەو کۆگاکانی بەچەپكو دەستە بوونو لە شوێنی قایمو گرنگدا هەلگیرابوونو، تەنانەت بەکۆمەلێك پیاوی زۆر بەهێزیش ئەو کلیلانە هەلنەدەگیران، ئەم دیاردەیە فیزوهەوایەکی وای دابوو بە قارون، کە حەزی دەکرد لەئاست بەنو ئیسرائیل دا خۆی بەزل بزانێتو، هەر خۆی پیاو ماقوولو قسە ڕۆیشتووبێت تیایاندا، گەلەکەشی واتە (بەنو ئیسرائیل) پێیان گووت: (ئەی قارون تۆ بەم سامانو ماڵەت مەنازەو بێ باكو دلخۆش مەبە، چونکە بەراستی خودا کەسانی بێ باكو لەخۆبایی خۆش ناوێت. هەولّ بدە بەم ماڵو سامانەت، کە خودا پێی بەخشیویت ماڵی قیامەتو بەهەشتی بەرین بکڕیت. بەشی خۆیشت لەدنیا لەیادمەکەو بەش حەلاڵی خۆت لەبەرچاوبێت (نەك بەشی دەیان کەسی تریش بخۆیت). چاکە کارو بەئەمەك بە، وەك چۆن خودا چاکەی لەگەلّ داکردویو خێرو بێری پێ داویت، جا نەکەیت هەولّی فەسادو گوناهو تاوان بدەیت لەسەر زەویدا، چونکە بێگومان خودا فاسیدو تێکدەرانی خۆش ناوێتو لێیان ڕازی نابێت). (قارون) لەوەلاَمدا پێی گوتن: (من ئەم ماڵو سامانەم بە زانستو شارەزایی خۆم دەست کەوتووەو، هەرخۆم کانگاو جێو ڕێی گەنجینەکانم زانیوە)، بەلاَم ئایا قارون نازانێت، کە خودا پێش ئەو چەندین کەسو قەومی لەخۆبایی لەنێو بردووە، کە لە قارون زیاتر بەدەسەلاَتو دەولّەمەندتریش بوون؟! پرسیاریش لەگوناهوتاوانی تاوانباران ناکرێت (چونکە لەلای خودا هەمووی تۆمارکراوە).. ڕۆژێکیان (قارون)خۆی ڕێکخستو بەهەموو دیاردەو ڕواڵەتێکی دەولّەمەندیو دەست ڕۆیشتووییەوە چووە دەرەوەو بەنێو کووچەو بازاڕدا دەسووڕایەوەو خۆی دەنواند، ئەو کەسە سادەو ساکارانەش،

کە تەنها ژیانی خۆشی دنیا بەئاوات دەخوازن، وتیان (خۆزگە ئێمەش وەك قارون سامانو دەسەلاتمان هەبوایە، چونکە بەڕاستی ئەو بەختێکی زۆرو زەبەندەی لەژیاندا هەیەو زۆر بەختەوەرە) بەلام ئەوانەی، کە بەهۆی زانستو زانیارییەوە ڕاستییەکانی ئیمانداریان پێ بەخشرابوو، بەو کەسە سادەو خۆزگە خوازانەیان گوت: (کورە قوڕتان بەسەر، وریا بن، ئەوە بۆ بیرناکەنەوە لەوەی کە پاداشتی خودا زۆر چاکترە بۆ ئەوکەسەی باوەڕێکی پتەوو دامەزراوی هەیەو کە کردەوەی چاکی کردووە، ئەوپاداشتەش تەنها ئارامگرانو خۆڕاگران دەستیان دەکەوێت کەلەئاست ئەم جۆرە دیاردە دنیاییانەی کەسانی وەك قاروندا تاقی دەکرێنەوەو پلەی سەرکەوتن لە تاقیکردنەوەدا بەدەست دێنن)، جا کاتێك (قارون) بەتەواوەتی لە سنوور دەرچوو و لەخۆی بایی بوو، کتو پڕخۆیو ماڵو سامانیمان بەناخی زەویدا بردە خوارەوەو، هیچ دەستەوتاقمێکیش نەیانتوانی فریای کەونو لەدەست ڕقو قیینی خودا ڕزگاری بکەن. بێگومان لەو کەسانەش نەبوو کە ڕزگاریان ببێت. لەملاشەوە ئەوانەی تادوێنێ خۆزگەو ئاواتیان پێ دەخواست، گوتیان (ئەی هاوار، سەد داخ، بەس نەبوو ئێمەش وەك ئەو تیانەچووین.. ئەی هاوار بەراستی خودا ڕزقو ڕۆزی بدات بەهەرکەسێك یان کەمی کاتەوە، بێ حیکمەتو بێ مەلامەت نیە، خۆ ئەگەر فەزڵو منەتی خودا لەسەرمان نەبوایە، ئەوا ئێمەشی بە ناخی زەویدا دەبردە خوارێو سەرنگوم دەبووین- ئەی هاوار چەند دیارە، کە کافرانو سپڵەو خوانەناسان، هەرگیز شادو سەرفراز نابن). جائیتر دەبا خەڵکی هەموویان دڵنیابن لەوەی، کە ئەو خانەوماڵەی قیامەت ئەو بەهەشتە بەرینەمان بۆ ئەوکەسانە ئامادەکردووە، کە پلەی بەرزو پایەداریو گەورەیی سەرزەوییان ناوێتو پێی تەفرە نادرێنو، فەسادو شێواندنو تاوانیان لەسەر زەوی پێ ئەنجام نادەن، سەرئەنجامو چارەنووسی بەختەوەریی دواڕۆیش، هەر بۆ خواناسو لەخواترساوو پارێزگارانە.

ناوی قاروون –لە قورئان دا

لە قورئانی پیرۆزدا چوار جار ناوی (قارون) هاتووە، دووجاریان لە سوورەتی (قصص)داو لەم ئایەتانەی پێشوودا. جاری سێیەمیش لەسورەتی (العنكبوت) دایە، کە بەکورتی باسی ئاکاری بەدرۆخستنەوەی هەرسێ ستەمکارەکە (فیرعەونو هامانو قارون) کراوە، کە چۆن خودا لەناوی بردوون، وەك خوداش فەرموویە:

﴿وَقَـٰرُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَـٰمَـٰنَ ۖ وَلَقَدْ جَآءَهُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَـٰتِ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا كَانُوا۟ سَـٰبِقِينَ ﴿٣٩﴾ فَكُلًّا أَخَذْنَا بِذَنۢبِهِۦ ۖ فَمِنْهُم مَّنْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِ حَاصِبًا وَمِنْهُم مَّنْ أَخَذَتْهُ ٱلصَّيْحَةُ وَمِنْهُم مَّنْ خَسَفْنَا بِهِ ٱلْأَرْضَ وَمِنْهُم مَّنْ أَغْرَقْنَا ۚ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيَظْلِمَهُمْ وَلَـٰكِن كَانُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ ﴿٤٠﴾ العنكبوت﴾.

واتە: (قارون وفیرعەونو هامان)یشمان لەناوبرد، چونکە کاتێك موسامان نارد بۆ لایان بەو هەموو بەڵگەو ڕێنماییيە ڕۆشنانەوە کەچی ئەوان خۆیان بەحاکمی ڕەهاو لوتبەرزی سەرزەوی دەزانیو لەئاست هەقدا خۆیان بەگەورە داناو ئێمە سزامان دانو نەیانتوانی لەدەست سزای سەختی خودا دەربازبن، ئێمە هەریەکە لەو ستەمکارو گەلو هۆزە یاخییانەی پێشوومان بەجۆرێك سزداوە، بۆ نموونە هەندێکیانمان بەرد باران کردووە، هەندێکیشیانمان بەهاوارو قیژەیەکی بەهێز لەنێو بردووە، هەندێکیشیانمان بەناخی زەویدا بردۆتە خوارەوەو، هەندێکی تریشیانمان لە دەریادا سەرنگوم کردووە. بەڵام خودا ستەمی لێنەکردوون، بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان کردووە، کە خۆیان بەو سەرەنجامە دژوارانە گەیاندووە.

لە جاری چوارەمیشدا ناوی (قارون) لە سوورەتی (غافر)دا هاتووە، کە لەگەڵ هەردوو ستەمکارەکەی تر (فیرعەون‌و هامان)دا باسکراوە کاتێك خودا (موسا)ی ناردوە بۆلایان‌و ئەوانیش پێغەمبەری خودا (موسا)یان بەدرۆخستۆتەوەو گوتوویانە ئەمە سیحربازێکی درۆزنە: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَقَارُونَ فَقَالُوا سَاحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ غافر﴾.

کورتەی چیرۆکی (قاروون)

(قارون) لە هۆزەکەی (موسا) بووە واتە لە بەنو ئیسرائیل بووە نەك (قیبطي) بێت. خودا موسای بۆ لای ئەویش ناردووە، وەك چۆن بۆ لای (فیرعەون)و هامانی وەزیری ناردووە. خودا پارەو سامانێکی زۆرو چەندین گەنجینەی پڕ لە شتومەکی بەنرخی بە (قارون) دابوو، کە کلیلەکانیان هێندە زۆر بووە، قورس ببوون‌و لە قورسیدا بەچەندین پیاوی بەهێزو خاوەن توانا هەڵنەدەگیران. قارونیش ئەم ماڵ‌و سامانەی لەتاوان‌و زوڵم‌و دەسدرێژیدا بەکار دەهێناو خۆی پێ گیف دەکردەوەو خۆی وەك پیاوێکی گەورەو بەدەسەڵات پێ دەنواند، لەجیاتی ئەوەی سوپاسی خودای لەسەر بکات‌و خۆ بەکەمگرو لەخۆ بوردوو بێت.

هەروەها قارون بەم دیاردەی دەوڵەمەندی‌و خۆبادان‌و خۆڕازاندنەوەیەوە ببووە مایەی فیتنەو بەڵا بۆ هەژاران‌و کەم دەستانی (بەنو ئیسرائیل). هۆزی (بەنو ئیسرائیل) لە ڕوانینیاندا بۆ قارون‌و گەنجینەو سامانەکەی بوون بە دووبەشەوە، بەشێکیان باوەڕیان بەخودا هێنابوو و چاویان بڕیبووە پاداشت‌و ڕەزامەندیی خودا لەبەرئەمە بە موڵکی ئەو کابرایە فریویان نەخوارد بووو، ئاواتیان نەدەخواست وەك ئەویان لێ بێت، بەڵکو بەرهەڵستی قارونیان لەسەرخۆ بەگەورە دانان‌و ستەم‌و

فەسادەکەی دەکردو، داوایان لێدەکردماڵو سامانی لە پێناوی خوادا بـەکاربهێنێو بۆ سوودو بەرژەوەندیی بەندەکانی خودا تەرخانی بکات.

بەشێکی تریش لەو هۆزە بـەموڵكو سـامانی قـارون سەرسـام ببـوون، چـونکە تەرازووی هەقو ئەو پێوەرو ڕێساو بنەمایەشیان لەدەستدابوو، کە قـارونو موڵـكو سـامانی پـێ هەڵـسەنگێنن، بۆیـەش بـەڕای خۆیـان ئـەو دەوڵەمەنـدیو دەسترۆیشتوویییەی (قارون)یان بەهۆکارێکی رەزامەندیی خوداو خۆشەویستی خودا بۆ قارون دادەناو ئاواتەخوازبوون، وەك ئەویان لێبێـت، چـونکە گوایـە بـەختێکی گەورەی هەیەو زۆر بەختەوەرە.

((قارون)یش بەبۆنی ماڵو سامان مەست ببوو، ئەمەش لەئاست هەقدا کـوێری کردبووو، لەئاست بیستنی ئامۆژگاریی باوەڕداراندا کەڕی کردبوو. کاتێك داواشیان لێکرد، کە لەسەر نیعمەتی ماڵو سامانو سوپاسی خودا بکـاتو لـەڕێی سـوودو بەرژەوەندییو بواری حەڵاڵدا بیخاتە گەڕو، هـەواڵی ئـەوەیان پـێدابوو، کـە ئـەوە ماڵو سامانی خودایە، نەك هی خۆی، کەچی بەم وتەیە وەڵامی دانـەوە: ﴿...إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ ...﴿٧٨﴾ القصص﴾، (من بەزانستو شـارەزاییو توانـای خـۆم ئەم ماڵو موڵکەم بەدەست هێناوە).

ڕۆژێکیان بە بەرگی ئـاڵو واڵاو خۆرازاندنـەوەی، بـە دیـاردەو لووتبـەرزیو بـە خۆنازینـەوە، دەچـێتە دەرەوەو بـەنێو خەڵکیـدا دەسـووڕێتەوەو دڵـی هـەژاران دەلەرزێنێتو چاوانیان دەفڕێنێتو فریودەدات بـەلای دنیـادا، ئـەوەبوو کـەدیتیان، گوتیـان: ﴿يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٧٩﴾ القـصص﴾، (خۆزگە ئێمەش وەك قـارون دەوڵەمەنـدو بەختـەوەر بووینایـە، چـونکە بەراسـتی خاوەنی بەختو شانسێکی مەزنە)...بەڵام ئەو باوەڕدارانەی کە زانستو زانیارییان لەسەر حەقیقەتی دنیاو دواڕۆژ هەبوو، فریودارانیان بەم وتەیە ئامۆژگـاری دەکـرد: ﴿...وَيۡلَكُمۡ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لِّمَنۡ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا ...﴿٨٠﴾ القـــصص﴾،

(کوره قوربەسەرتان وریابن‌و نەخەڵەتێن، هەر پاداشتی خودا باشترە بۆ ئەوکەسەی باوەڕی هێناوەو کردەوەی چاکی کردووە).

سوننەتی خودا لەسەر قارون بەدی هات‌و رق‌و تووڕەیی خودای بەرکەوت، چونکە ئەو ماڵ سامانەی بووە هۆی سزادانی‌و تیاچوونی، ئەوەبوو خودا خۆی‌و ماڵ‌و سامانی‌و گەنجینەکانی‌و خانووەکەشی بەناخی زەویدا بردە خوارەوەو زەویی قلێشاو قارون‌و سەرجەم موڵك‌و ماڵەکەی لەبەرچاوی بەنوئیسرائیل قووت داو هەموو خەڵکی ئەو هۆزی بەهەردوو بەشەکەوە (واتە بەوانەی ئیمانداربوون‌و بە موڵکی ئەوپیاوە نەخرۆشابوون، بەوانەش کە بەوە سەرسام‌و ئاواتەخوازبوون‌و دەیانەویست وەك ئەویان لێ بێت) هەموویان دیتیان قارون چیی بەسەرهات‌و دیتیشیان کەسێك نەبوو بەهانای بگات‌و بەرگریی لێ بکات، تەنانەت ئەو هەموو ماڵ‌و گەنجینەیەشی سوودێکیان بۆی نەبوو.

وەختێك (بەنوئیسرائیل) دیتیان قارون‌و سامانەکەی چییان بەسەرهات، باوەڕدارە دامەزراوو بەئاواتەکان باوەڕیان زۆرترو زیاتر بوو، ئەو کەسانەش کە تەفرەیان پێ خواردبووو، تادوێنێ هیوای ئەوەیان دەخواست وەك قارون دەوڵەمەندبن، ئەوانیش راستییان بۆ دەرکەوت‌و ئەو پەردەیەی سەرچاویای لاچووو سوپاسی خودایان کرد، کە وەك قارون نەبوون، ئەوەبووگوتیان ﴿...وَيْكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ لَوْلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا وَيْكَأَنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٢﴾ القصص﴾، (ئەی هاوار چۆن خودا رزق‌و رۆزییەکی زۆر بە هەرکەسێك دەدا کەخۆی خواستی دانایانەی لێی بێت‌و چۆن رزق‌و رۆزیش لە هەرکەسانێکی دی کەم‌و تەنگ دەکاتەوە. ئەمانە بەخواستی خۆیەتی‌و ئەگەر چاکەو منەتی لەسەرمان نەبوایەو وەك قارونی لێ بکردینایە ئەوا ئێمەشی بەناخی زەویدا دەبردەخوارەوە، ئەی هاوار کافران شادو سەرکەوتوو نابن).

چەند وتەیەكی دەسهەڵبەستی جوولەكەكان لە چیرۆكی قاروونداا

لێرەدا دیارترین وتەو ڕیوایاتی هەڵبەستراوی جوولەكە كە بە (اسرائیلیات) ناو دەبرێن، دیاری دەكەین تاكو لێیان وریابین و، خوێنەرانیش ئەگەر لەلایەكی ترەوە بیستوویانە یان خوێندوویانەتەوە پێیان هەڵنەخەڵەتێن و وەڵامی ئەوانەشی پێ بدەنەوە كە دەیڵێنەوەیان دەینووسنەوە، لەمبارەیەوە (الثعلبي) لەكتێبەكەدا (عرائس المجالس في قصص الانبياء) كە پڕی كردووە لە وتەو قسەوباسی ئیسرائیلییەكان و لە ئەفسانەكانیان، لەپێشەكیی چیرۆكی قارون-دا گوتوویەتی ﴿قالت العلماء بأخبار القدماء﴾[1]، واتە: (زانایان دەنگ و باس و چیرۆكی گەلانی دێرینیان گێڕاوەتەوە) بێگومان ئەم وتەیەی (الثعلبي) وتەیەكی سەیرو پەسەندنەكراوە چونكە دەنگ وباسی دێرینەكان لەلای ڕاست و دروست و بژاركراوەوە دەست دەكەوێت، هەر ئەوەشە كە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە ،یان پێغەمەری خودا ﷺ لە فەرموودەی (صحیح)دا باسی كردووە.

جا هەر كەسێك پڕوپاگاندەی (زانست و شارەزایی لەسەر چیرۆكی گەلانی دێرین) بۆخۆی بكات، یان هەركەسێك وتەیەك یا هەواڵێك لەدەنگ و باسی دێرینەكان بێنێتەوە، ئەوا پێویستە سەرچاوەی وتەو هەواڵەكە ڕوون بكاتەوە كە داخۆ لە قورئانەوەیە یان لەفەرموودە ڕاستەكانەوە).

دەنا گەر وانەكات ئەوا قسەكانی لێ پەسەندناكرێت و هەواڵ و چیرۆكەكەشی ڕەت دەكرێتەوە، ئەم پیاوەش (ثعلبي) لە ڕیزی زانایانی چیرۆكی دێرینەكان (العلماء بأخبار القدماء) نییە بەڵكو كۆكەرەوەی دەقە ئیسرائیلییەكان و، حیكایەتخوانی ئەفسانەو شتە خەیاڵییەكانە. ئەوانەی وتە هەڵبەستراوە

(١) (عرائس المجالس- (الثعلبي): ١٩٨٨)

ئیسرائیلییەکان دەگێڕنەوە سەبارەت بەقارون وایان باس کردووە گوایە کوڕی مام (واتە ئامۆزای موسا بووە)و زاناترین کەسی بەنوئیسرائیلو چاکترینو جوانترین پیاویشیان بووەو تەنانەت بەخاوەن روخساری درەوشاوە (المنور) ناوبراوە بە هۆی جوانیی روخساریەوە، هەروەها گوایە لەنێو هۆزی (بەنو ئیسرائیل)دا هیچ کەسێك بەقەد ئەو خوێندەواریی لە تەوراتدا نەبووە، بەلام دووڕوو بووە- سەبارەت بە کلیلەکانی گەنجینەو کۆگاکانی وایان باس کردووە گوایە باری شەست ئێستر بووەو بارستاییی هەر کلیلێکیش لەپەنجەیەك زیاتر نەبووەو هەر یەکەشیان کلیلی گەنجینەی یەکی بووە.

دەربارەی سەرەتای کۆکردنەوەی ئەو ماڵو سامانەش وای باس دەکەن گوایە قارون لە سەرەتادا گۆشەگیرو خواپەرست بووەو لە پەرستگایەکی خۆیاندا کە بە (صومعە) ناو دەبرێتو لەبن قەدپاڵی کێوێك دابووە چل ساڵ خواپەرستیو بەندایەتیی کردووەو لە عیبادەتو خواپەرستیشدا پێش (بەنو ئیسرائیل) کەوتووە. هەتا لەم دواییدا–ئیبلیس- شەیتانەکانی بۆ ناردووە تاکو سەری لێ تێك بدەن، بەلام نەیانتوانیوە سەری لێ تێك بدەن، تا ئیبلیس خۆی هاتووە بۆ لایو وەك خۆی (وەك قارون) خودای پەرستووە لەبەرچاویو لە عیبادەتدا بەزاندوویەتیو، قارونیش ملکەچی بووە بەو پێودانگەی کە عیبادەتی لەخۆی زیاترە بێئەوەی حەقیقەتی مەسەلەکە بزانێت، ئیدی (ئیبلیس سامانی زۆر بوونو گەنجینە کانیشی زیاتر بوون تا لە ئاکامدا بەتەواوی رووی کردۆتە دنیاو، بەندایەتیو خواپەرستییەکەی پشت گوێ خستووە.

هەر خودی ئەوکەسانەی دەقە هەڵبەستراوە ئیسرائیلییەکان دەگێڕنەوە گوتووشیانە گوایە کاتێك ماڵو دارایی (قارون) زۆر بووە، هاتووە بۆ لای –موسا- سلاوی لێ بێت= و لەگەڵیدا رێك کەوتووە لەسەر زەکاتدان بەو شێوەیەی کە لە هەزار دینار یەك دینار، لە هەزار دەرهەم یەك درهەمو لەهەزار مەڕیش یەك مەڕ بدات، یان لە هەر شتێکی تر کەهەیەتیو لەهەر هەزار دانە یەك دانەی لێ بدات

بە زەکات لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك (قارون) بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوەو ئەو بڕە زەکاتە کەمەش حساب دەکات، دەبینێت میقدارێکی زۆری لەسەر دەکەوێت، بۆیە دەروونی خۆی ڕێگە بەدەرکردنی ئەو زەکاتەش نادات‌و، پەنا دەباتە بەر فێڵ کردن لە موسا. بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ چەند پیلانگێڕێکی (بنو اسرائیل)دا ڕێك دەکەوێت‌و پێیان دەڵێت: (داوایان لێ دەکەم کەفلان ئافرەتی لەشفرۆش بێنن‌و بەپارە بەکرێی بگرین بۆ ئەوەی تاوانی زیناکردن بخاتە پاڵ (موسا) جائەگەر ئەم کارەمان بۆ بکات ئەوا (بنو اسرائیل) لە (موسا) هەڵدەگەڕێنەوەو دەری دەکەن و ئێمەش ڕزگارمان دەبێت لێی‌و پشووی خۆشی دەدەین)، ئەوانیش ئافرەتەکەیان هێناو قارون هەزار دەرهەمی پێ دا، گوتراویشە هەزار دیناری پێ داو، گوتراویشە تەشتێکی زێڕینی پێ بەخشیوەو، پێیشی گوتووە: (سبەینێ تاوانی زینا کردنی خۆت لەگەڵ موسا دا بخەرە پاڵ موسا لەنێو خەڵکی بەنوئیسرائیل دا ئەگەر ئامادەبوون لەلای). بۆ سبەینێ (قارون) خەڵکی بەنوئیسرائیلی کۆکردەوەو، ئینجا هات بۆلای موساو پێی گوت : (ئەوا(بەنو ئیسرائیل) کۆبوونەتەوە چاوەڕێی تۆ دەکەن بچیت بۆ لایان تاکو پەندو وانە یان پێ بگەیەنیت‌و ڕێنمایی یان بکەیت)، (موسا)ش ـ سڵاوی لێ بێت ـ چووە دەرەوە بۆ نێو خەڵکی ووتاری بۆدان‌و گوتی : (ئەی بەنو ئیسرائیل هەرکەسێك دزی بکات دەستی دەبڕین، هەرکەسێك بوختان بکات هەشتاداری لێ دەدەین، هەرکەسێك زینا بکات‌و ژنی نەهێنابێت سەد داری لێ دەدەین، بەڵام گەر ژنی هێنابێت بەرد بارانی دەکەین تاکو دەمرێت)، (قارون) لێی پرسی: (تەنانەت گەر خۆیشت بیت ئایا ئەو سزایانە بەسەر خۆتا رادەپەڕێنیت)؟ (موسا) گوتی (بەڵێ تەنانەت گەر خۆیشم بم)، ئینجا (قارون) پێی گوتووە (دەی ئەوا (بەنوئیسرائیل) وای بۆ دەچن کەتۆ لەگەڵ فلان ئافرەتدا زینات کردووە) (موسا)ش دەڵێت (من؟) دەڵێت (بەڵێ)، دووبارە (موسا) دەڵێت (دەبانگی بکەن ئەگەر ئەو ئافرەتە خۆی وابڵێت ئەوە قسەکەی ڕاستە)، کاتێك هێنایان، موسا لە ئافرەتەکەی پرسی: (ئەری فلان کەس، ئەمانە ڕاست دەکەن

کەمن وام لە تۆ کردبێت)؟ لەگەڵ ئەم پرسیارەدا (موسا) مەسەلەکەی لەبەرچاوی ئافرەتەکە زۆر بەگەورە گرتبوو و سوێندیشی دەدا بەو خودایەی کە تەوراتی ناردۆتە خوارەوەو دەریاکەی کەرا کردووە کە وەڵامی راستگۆیانە بداتەوە، جا کاتێك خودای بەیادخستنەوەو سامو گەورەیی خودای بۆ دەرخست، خوداش رێنمایی کردو، ئەو ئافرەتەش بەخۆیدا چووەوەو لەدڵی خۆیدا گوتی: (ئەگەر ئەمڕۆ (تەوبە) بکەمو بۆ لای خودا بگەڕێمەوە، باشترە لەوەی ئازاری موسای پێغەمەری خودا بدەم). بۆیە لەوەڵامدا بە (موسا)ی گوت: (نەخێر، تۆ وات لەمن نەکردووە، بەڵکو ئەوان درۆیان کردووەو، قارونیش پارەیەکی زۆری پێ دام تاکو ئەو تاوانەت بخەمە پاڵ). کاتێك بەم رەنگە ئافرەتەکە دەدوا پیلانی نێو دەستی قارون پووچەڵ بۆوەو قارون سەری داخستو خەڵکەکەش بێ دەنگ بوون. (موسا)ش خێرا کرنووشی بۆ خودا بردو دەگریاو دەیگوت: (خودایە ئەوە دوژمنەکەتە ئازاری دامو قسەی نابەجێی بۆ دروست کردمو ویستی حەیاو ئابڕووم بەرێت، جا ئەگەر من پێغەمەری تۆم دەی خوایە لەسەرمن تووڕەببیت لێیو زاڵم کەیت بەسەریدا)، خوداش سرووشی پێدا کە: (سەرت بەرزکەرەوەو فەرمان بەزەوی بکە بۆ هەرکاتێك بێت گوێرایەڵیت دەکات)، (موسا) رووی کردە خەڵکەکەو پێی گوتن: (ئەی — بەنوئیسرائیل بێگومان خودا ناردمی بۆ لای قارون وەك چۆن بۆ لای فیرعەونیشی ناردبوون، جاهەر کەسێك لەگەڵ قارون دایە با لەجێی خۆی بمێنێت، هەرکەسێکیش لەگەڵ من دایە باخۆی لەودابرێت).

ئەوانیش خۆیان لە (قارون) دابڕیو کەسی لەگەڵدا نەمایەوە تەنها دوو پیاو نەبێت- پاشان (موسا) گوتی: (ئەی زەوی بیانگرە) زەویش تا پاژنەکانیان گرتنی، پاشان تاپشتو لاتەنیشتیان گرتنی، پاشان تاملیان... قارونو هەردوو هاوڕێکەشی لە (موسا) دەپاڕانەوەو داوایان لێدەکرد لەبەر خودا رەحمیان پێ بکات، دوایی (موسا) بەزەوی گوت: ئەی زەوی بیانگرەو قوتیان دە، زەویش قووتی دانو سەرنگوومی کردن، خوداش سرووشی بە (موسا)دا کە (ئەی موسا تۆ چەند دڵڕەق

بوویت، ئەوان حەفتا جار هانایان بۆهێنایتو رەحمت پێ نەکردن، دەسا بە عیززەتو شکۆی خۆم، ئەگەر تکایان لەمن بکردایە ئەوا نزیك دەبووم لێیانو بەدەمیانەوە دەچووم). خوداش هەموو رۆژێك بەقەد بالآی مرۆڤێك قارونو هەردوو هاوەڵەکەی بەناخی زەویدا دەباتە خوارەوەو بەردەوام بۆناوەوە شۆڕیان دەکاتەوەو تارۆژی قیامەت ناگەنە بنیشی)[1].

بێگومان ئێمە ئەم شیکارو لێکدانەوە نادروستە ئیسرائیلیانە پەسەند ناکەین، چونکە هیچ کەسێك بۆی نییە بیانگێڕێتەوە، تەنها لە دەرووی وریاکردنەوەی خەڵکییەوە نەبێت، کە لێیان وریاو هۆشیارکاتەوەو ئاماژەش بدات بەو لایەنەی، کە بەهۆی ئەوەی چیرۆکی هەڵبەستراوو بێبەڵگەی جولەکەن، پەسەند ناکرێن.

(بۆچی (قاروون) کە لە بەنوئیسرائیلە - لەڕیزی فیرعەوندا دانراوە)؟!

قورئان هەواڵی ئەوەی داوە کە (قارون) لە هۆزەکەی موسایە، واتە لە بەنوئیسرائیلە نەك لە خێڵو هۆزی فیرعەون، جا ئەگەر لە هۆزی بەنوئیسرائیلە، بۆچی قورئان لەگەڵ فیرعەونو هاماندا داینـاوەو، موسای بەنێرراو بۆلای هەر کەسێکیان داناوەو، وەك لە فەرمایشتەکەی خودادا هاتبوو ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ﴿٢٣﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَقَارُونَ فَقَالُوا سَاحِرٌ كَذَّابٌ ﴿٢٤﴾ غافر﴾ ... واتە: (بێگومان ئێمە موسامان بەئایەتو نیشانە ڕۆشنەکانمانەوە کە موعجیزە هەست پێکراوەکانو بەڵگە ئاشکراکان بوون، بۆلای (فیرعەون) و(هامان)و (قارون) نارد، بەڵام ئەوان باوەڕیان پێ نەهێناو گوتیان

(١) بڕوانە (عرائس المجالس للثعلبي):: ص ١٨٨-١٩٢.

(ئەمە سیحربازێکی درۆزنە).

(فیرعەون) میسریی یەو.. (هامان)یش میسری بووە.. بەڵام (قارون) لەبەنو ئیسرائیلە.. وادیارە هۆکاری پێك گەیەنەریان هەر ستەمو دەستدرێژیو شێواندنو بێباوەڕیو بەدرۆخستنەوەیە. جادوای ئەوەی ئەو هۆکارە هاوبەشەیان لەنێوان دابووەو پێکی گەیاندوون، بەڵام هەریەکەیان بە تاوانێکی خۆیەوە لەوانی دی جودایە: بۆ نموونەش لە ستەم داڕۆچوونی (فیرعەون) بەهۆی موڵكو دەسەڵاتییەوە بووە، هەربۆیەش داوای لە گەلەکەی کردووە، کە بیپەرستنو پێی گوتوون: (من نەمدیوە جگە لە خۆم خودایەکتان هەبێت) ﴿...مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِي...﴿٣٨﴾ القصص﴾.. لە ستەمدا ڕۆچوونی (هامان)یش بەهۆی وەزارەتو پلەوپایەی لای فیرعەونو ڕاپەراندنی فەرمانەکانی بووە.. لە ستەمدا ڕۆچوونی(قارون)یش لەڕێی دەوڵەمەندیو پارەداریو ماڵو گەنجینەکانییەوە بووە. کەواتە ئەمان هەرسێکیان ستەمکارن ئەگەرچی هۆیەکانی ستەمکارییان جیاوازو لێك جودا بێت.

جا لێرەدا سێ هۆی ستەمکاریی دەردەکەون: (دەسەڵات پلەوپایە ماڵ وسامان).

ئەم هۆیانەش بە درێژای هەموو جۆرە سەردەمێکی مێژوویی مرۆڤایەتی هەنو بەردەوامن، چەندەها ستەمکاریش دیلو گرفتاری ئەم هۆیانە بوون.. هەروەها چەندین کەس لە خەڵکی، کە دەکەونە نێو ستەمکارییەوە بەهۆی موڵكو دەسەڵاتەوەیە، چەندینی تریش بەهۆی کارو فەرمان (وظیفە)و پلەوپایەو خۆبەزل زانییەوەیەو، چەندەهای تریش بەهۆی ماڵو سامانو دەوڵەمەندییەوەکەیە لە ستەمدا ڕۆدەچێت.

هۆیەکان هەمە ڕەنگو چەند جۆرێکنو حوکمەکەشیان یەکێکەو، ستەمیش هەرستەمە.

سەیر لەوەش دایە هەرسێ ستەمکارەکە (فیرعەونو هامانو قارون) بەهەمان ئاکاری پێشوازی وەسفی موسایان کردووەو، هەمان وەڵامی چونیەکیان هەبووەو

گوتوویانە: سیحربازێکی درۆزنە ﴿سَـٰحِرٌ كَذَّابٌ﴾.

خـودای مـەزن کـە دەفـەرموێت قـارون لـە هۆزەکـەی موسـایە: ﴿إِنَّ قَـٰرُونَ كَانَ مِن قَوۡمِ مُوسَىٰ﴾ بەدوایدا فەرموویە ﴿فَبَغَىٰ عَلَيۡهِمۡ﴾، واتە: (ستـەمی لـێ کردن‌و خۆی لە ئاستیاندا بەرزو بڵند راگـرت کـە خـاوەنی وتـەی یەکـەم بێـت لـە هەموو شتێکدا، چونکە لە هەموویان دەوڵەمەندترە). لە زمانی عەرەبیـدا وشـەی (بغی) واتە لە ستەمدا ڕۆچـوون‌و زۆرداری‌و دەسـتدرێژی.. ئـەویش بـەهۆی مـاڵ‌و گەنجینەکانییەوە ستەمی لێکردوون .. ماڵ‌و سامانیش هاندەرە بۆ سـتەم‌و زۆرداری ئەگەر خاوەنەکەی ئیمانی نەمابێـت. وەك لەم ئایەتانەی چـیرۆکی قارونـدا دیـارە، ئەم پیاوە لە هۆزی (بەنوو ئیسرائیل) بووە دوای ئەوەی کە لە (میـسر) دەرچـوون، ئەمەش بەپێی ئەو، ئایەتانەی ئامـاژە بـۆ وجـودی دوو جـۆرە کۆمـەڵ لـە (بـەنو ئیسرائیل) دەکەن: کۆمەڵێکیان ئەو کەسە باوەڕدارو زانایانـەن کـە خۆزگـەیان بـە (قارون) نەخواردووەو ئاواتە خوازی سامانەکەی نەبوون کۆمەڵی دووەمیـشیان ئـەو ساویلکەو دوروون لاوازانە بوون کە سەرسام و تەفرەدراو بوون پێی. بەڵگەش لەسەر تەفرە خواردنی ئەمان ئەوەیە کاتێك (قارون) بەو شێوە خۆڕازاندن‌و خۆنواندنەوە بـە بناو هۆزەکەیدا دەسووڕێتەوە، ئەمان ئاواتی پێ دەخوازن‌و حەز دەکەن وەك ئەوبن.

بەڵام لەکوێ بەناویاندا سـووڕاوەتەوەو، شـێکارو وردەکـاریی چـیرۆکەکەیلەگەڵ موسادا چییەو چۆن کۆتایی پێهاتووەو،کەی ولەکوێ؟

ئەم پرسیارانە هیچ وەڵامێکیان لە قورئان‌و سوننەتدا نیە، تەنها چەند وتەیەکی دەسهەڵبەست لەلای حیکایەتخوانانی ئەفسانە پووچەکانی (ئیسرائلیات) نەبێت کـە بەبێ بەڵگە هۆنیویاننەتەوە.

گەنجینەکانی قاروون

قورئان ئاماژەی بۆ زۆریی گەنجینەکانی (قارون) کردووە، وەك خودا تیایدا فەرموویە: ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ إِذْ قَالَ لَهُۥ قَوْمُهُۥ لَا تَفْرَحْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ﴿٧٦﴾ القصص﴾، واتە: (هێندە سامانو گەنجینەمان بە قارون دابوو، کە تەنها کلیلەکانی ئەو کۆگاو گەنجینەو قاسانەی ئەوەندە قورسو گران بوون کە بە چەندین پیاوی بەهێزو بەتواناش هەڵنەدەگیران) ئەم ئایەتە باس لەوە دەکات کە بێگومان، ماڵو داراییو گەنجینەکانی قارون ئەوەندە زۆرو بێ شومار بوون، کە کۆمەڵێك لەپیاوە بەهێزەکانی نەیانتوانیوە کلیلەکانی ئەو گەنجینانەی هەڵگرن، یان گەنجینەکان خۆیان هەڵبگرن.

لێرەدا وشەی (کنوز) کۆ (جمع)ی (کنز)ە. کەنزیش بەو ماڵ سامان و پاشەکەوت کراوو شاردراوانە دەگوترێت کە لەژێر زەویدا حەشاردراون. بەڵام لەقورئاندا بەمانای (هەڵگرتنی ماڵو سامانو لەسەریەك وپاراستنی) هاتووە.

ریشەی وشەی (کنز) لە هەڵگرتنی خورما لە بەرچنەو لە حوشتری قەڵەوو گۆشتنیشەوە هاتووە(١).

وادیارە حیکمەت لە دانانی وشەی (کنوز) بۆ ماڵو سامانەکەی – قارون- لەم خاڵانەدا بێت:-

١- بێگومان ئەم ماڵو سامانە بەئاسانی بەدەست هاتوونو لەنزیکەوە دەستەبەرکراونو شاراوەی نێو زەوییەو ئەو تەنیا بەچنگ پیاکردنێك لێی دەرێنێت.

(١) بڕوانە لاپەڕە-٤٤٢-ی (مفردات)- راغب ـی- اصفهانی.

٢- بێگومـان (قـارون) ئـەو مـاڵو سـامانەی لای خـۆی دەپاراسـتو لەسـەریەك دایـدەنانو زیـادی دەکـردو پـەرەی پـێدەدانو، سـوور بـوو لەسـەر لەگەنجینـە دانانیانو حەشاردانیان.

٣- -قـارون- مـافی هـەژارانو کەمدەسـتان لـەماڵو سـامانەکەی دەرنـەدەکردو زەکاتەکەی نەدەدا، چونکە گەنجینە، واتە ئەو ماڵو سـامانە هـەڵگیراوەی، کـە زەکاتی لێ نەداوەو لەپێناوی خوادا بۆ هەژارانو نەداران خەرج نەکراوە.

قورئانی پیرۆز لەم فەرمایشتەی خوادا ئاماژە بۆ ئەم مانایە دەکات:

﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣٤﴾ يَوْمَ يُحْمَىٰ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَىٰ بِهَا جِبَاهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ ۖ هَٰذَا مَا كَنَزْتُمْ لِأَنفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنتُمْ تَكْنِزُونَ ﴿٣٥﴾ التوبة﴾

واتە: (ئەوانەی کە زێرو زیو کۆدەکەنەوەو لە گەنجینەدا قـایمی دەکـەنو لـەڕێی خودادا لێی نابەخشن، مژدەی سزایەکی سەختو پڕ ئازاریان پێ بدە. ڕۆژێـك دێـت ئـەوپارەو سـامانەی کۆیـان کردۆتـەوە لـە دۆزەخـدا سـووردەکرێتەوەو ناوچـاوو لاتەنیـشتو پـشتیان پـێ داخ دەکرێـتو، ئینجـا پێیـان دەگوترێـت (ئەمـە ئـەو سامانەیە کە کۆتان کردبۆوە بۆ خۆتانو دەئـیتر بـچێژن سـزای ئـەوەی بـۆ خۆتـان کۆکردبۆوە)).

لەنێوان (مفاتح) (مفاتیح) دا

زانایانی تەفسیر لە مانای وشەی (مفاتح)دا چەند بیروڕایەکی لێک جودایان هەیە، واتە کە لە فەرمایشتی خوادا هاتووە، لەم چیرۆکەدا ﴿وَءَاتَيْنَٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ﴿٧٦﴾ القصص﴾... هەندێك زانا دەربارەی وشەی مفاتح (کلیلەکان) لەم ئایەتەدا دەڵێن: (مفاتیح خزائن اموالە)، کلیلەکانی گەنجینەکانی ماڵو سامانیبووە، ئەم کلیلانەش بچووك بوونو هەریەکەیان بەقەدەر پەنجەی مرۆڤێك بووەو ژمارەشیان گەلێك زۆربووە، کە ئەگەر هەموویان پێکەوە ببە سترانایە ئەوا باری حەفتا وشتر دەبوون.

ڕیشەی زیادە ڕۆیی لەمەدا بەڕۆشنی دیارە، جگە لەوەی هەموو ئەم دەنگو باسو بەسەرهاتانە لە دەقە هەڵبەستراوەکانی (ئیسرائیلیات)و ئەفسانە پووچەڵەکانیانە هەر بۆیەش (ئیمامی رازی) لە تەفسیرەکەیدا گوتوویەتی: (بێگومان ماڵو سامانی پیاوێك هێندە نییە، کە بگاتە ئەو ڕادەیە چونکە ئێمە ئەگەر شارۆچکەیەکەی پڕ لە ئاڵتوونو خشڵە گرانەکانیش مەزەندە بکەین ئەوا ژمارەیەکی کەم لەو کلیلانەی بەر دەکەوێت، ئیتر چ ئاتاجێك بە زۆرکردنی ئەو کلیلانە هەیە؟)[1].

زانایانی تریش گوتوویانە (مفاتح) واتە ئەو گەنجینانەی کە ماڵو سامانی قارونی تێدا پارێزراوە، ئەم گەنجینانەش گەورەو زۆر بوونو پیاوانی بەهێزی بارهەڵگر توانای هەڵگرتنیان نەبووە) ئەم وتەیەش زۆر شیاوو ماقووڵەو لەگەڵ وشەکانی ئایەتەکەشدا دەگونجێت. ئیمام (رازی) لە تەفسیرەکەیدا (التفسیر الکبیر)

---

(١) بڕوانە، (التفسیر الکبیر)ی –الرازی– (١٥:٢٥).

وای باس کردووه کەوا ڕای (ابن عباس)و (حسنی بصری)یـه، وەك گوتوویـه: (ڕای پەسندکراوی ابن عباس‌و (حسن ی بصری)یش لەسەر ئەوەیە کـه وشـەی (مفـاتح) هەمان ئەو ماڵو گەنجینەیەیە کە بە چەندین کەس هەڵ نـەگیراون، ئـەم مانایـەش ڕۆشنترەو، لەگومانیش دوورتره)[1] ئێمەش لەگەڵ ئەم ڕایەداین‌و وای بۆ دەچین، کە لەگەڵ سیاغەی قورئانیشدا دەگونجێن. لە قورئـانی پـیرۆزدا سـێ جـارو لـە سـێ سوورەتدا وشەی (مفاتح) هاتووه، وەك:

١- ئایەتی ژماره (٥٩) لە سوورەتی (الانعـام)، کـە خـودا (جـل جلالـه) تیایـدا فەرموویـــه: ﴿وَعِندَهُۥ مَفَاتِحُ ٱلۡغَيۡبِ لَا يَعۡلَمُهَآ إِلَّا هُوَۚ... ﴿٥٩﴾ الأنعـام﴾ .. واته: (خودا ئامرازەکانی گەیشتن بە هەموو نادیارو شارراوەکانی هەیـەو جگـە لەخۆی، کەس هیچیان لەبارەوە نازانیت).

لێرەدا وشەی (مفاتح الغیـب) ئـەو گەنجینـە نادیارانەیـە، کـە تـەنها خـودا پەیوەسـته پێیـان‌و دەیانزانێـت. کلیلـەکانی ئـەم گەنجینانـەش لـە سـوورەتی (الأنعام)و لە سوورەتی (لوقمان)دا باسـکراون، وەك خـودا دەفـەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ عِندَهُۥ عِلۡمُ ٱلسَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ ٱلۡغَيۡثَ وَيَعۡلَمُ مَا فِي ٱلۡأَرۡحَامِۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسٞ مَّاذَا تَكۡسِبُ غَدٗاۖ وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرُۢ ﴿٣٤﴾ لقمان﴾... واته: (بێگومان هـەرخودا زانیـاریی لەسـەر ڕۆژی قیامـەت هەیـەو بارانیش دەبارێنێت‌و، دەزانێت چی لە سکی دایکاندا هەیـە، هـیچ کەسـێکیش نازانێت، کە سبەینێ چیی بەسەردێت‌و چیی لە بەرهەمی دنیا دەست دەکەوێت، یان لە تووێـشووی ڕۆژی دوایـی، هـیچ کەسـێکیش نازانێـت لـە چ زەوییەکـدا دەمرێت‌و لەکوێ کۆتایی بە ژیانی دێت. بەڕاستی خـودا هـەرخۆی زانایـە لـەم شتانەداو زۆریش ئاگاداره).

(١) سەرچاوەی پێشوو. (٢٥:١٥).

٢- ئایه‌تی ژماره‌ (٧٦) له‌ سوره‌تی (قصص) كه‌ خودا فه‌رموویه‌تی ﴿...وَءَاتَيْنَٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ ...﴾ (٧٦) القصص﴾، واته‌: (هێنده‌ ماڵو سامانو گه‌نجینه‌مان دابوو به‌ (قارون) كه‌ كلیله‌كانیان (یان ئامرازه‌كانی تێدا هه‌ڵگرتنیان) هێنده‌ قورس بوون، كه‌ به‌ چه‌ندان پیاوی به‌هێز هه‌ڵنه‌ده‌گیران).

٣- ئایه‌تی (٦١) له‌ سووره‌تی (نور) كه‌ خودا فه‌رمویه‌تی:

﴿لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ وَلَا عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمْ أَن تَأْكُلُوا۟ مِنۢ بُيُوتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ ءَابَآئِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أُمَّهَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ إِخْوَٰنِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخَوَٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَعْمَٰمِكُمْ أَوْ بُيُوتِ عَمَّٰتِكُمْ أَوْ بُيُوتِ أَخْوَٰلِكُمْ أَوْ بُيُوتِ خَٰلَٰتِكُمْ أَوْ مَا مَلَكْتُم مَّفَاتِحَهُۥٓ أَوْ صَدِيقِكُمْ ﴿٦١﴾ النور﴾

له‌م ئایه‌ته‌دا وشه‌ی (مفاتحه‌) له‌ ڕسته‌ی (او ماملكتم مفاتحه‌) واته‌: (ئه‌و كه‌سانه‌ش كه‌ گه‌نجینه‌كانیان له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی هه‌ڵسوكه‌وتو پارێزگاریتان دایه‌و سه‌رپشكیان كردوون ده‌توانن له‌ خۆراكی ئه‌وانیش بخۆن).

كه‌وابوو جیاوازی له‌نێوان هه‌ردوو وشه‌ی (مفاتح ومفاتیح) داهه‌یه‌ له‌مباره‌یه‌وه‌ زانایه‌ك به‌ناوی (العكبری) گوتوویه‌تی: (وشه‌ی (مفاتح) كۆی (مفتح)، (مفتح)یش شوێنی هه‌ڵگرتنی شتو مه‌كه‌، به‌ڵام ئه‌و كه‌ره‌سه‌یه‌ی، كه‌ ده‌رگای پێده‌كرێته‌وه‌ (مفتاح)ه‌، واته‌ (كلیل)ه‌، كه‌ كۆ (جمع)ه‌كه‌ی (مفاتیح)ه‌، واته‌ (كلیله‌كان))[1].

(١) بڕوانه‌ (املاء مامن به‌ الرحمن)ی (العكبری) لاپه‌ڕه‌ (٢٤٥).

زانایـەکی تـر بـەناوی (الكفـوی) گوتوویـەتی: (كليـل (مفتـاح) ئـامێری کردنەوەیە (فتح) وەك (مفتح)و وەك (مسكن)، کـە مانـای (خزانـە)و (كنـز)و (مخزن) دەگەیەنێت[١]، وشەی (مفاتح)یش کۆی (مفتح)ە، واتە ئـەو ئـامرازەی، کە دەرگای پێدەکرێتەوە، هەروەها کۆی (مفتح)یشە، کە مانای جێگەو شـوێن دەگرێتەوە، بەڵام کۆی (مفتاح) نییە)[٢].

تنوء بالعصبة اولي القوة

گەنجینەکانی- قارون- وەك لە قورئاندا هـاتووە (تنـوء بالعـصبة أولـي القـوة)، واتە: گران بوون لەسەر شانی کۆمەڵێك پیاوی بەهێزو نەیاندەتوانی هـەڵیانگرن لـە زمانی عەرەبیدا وشەی (عـصبة) بـە کۆمەڵـە کەسـێکی دەمـارگرژو یاریـدەدەری یەکترو یەکگرتوو دەگوترێـت، هـەروەها بـە کۆمەڵـە پیـاوێکی پێکـەوە کۆبـۆوەو هاوکاری یەکترو بەهێزیش دەگوترێت، کە ژمارەیان لە دەپیاو زیاتر بێت.

ئیمامی (رازی) سێ ئەگەری بۆ مەبەستی فەرمایـشتی خـودا (تنـوء بالعـصبة أولي القوة) داناوە:-

١- ئەو کۆمەڵە پیاوە ناتوانن کلیلەکانی ئەو گەنجینانە هـەڵگرن.. ئـەم ئەگـەرەش سەنگێکی خۆی هەیە.

٢- ئەو کۆمەڵە پیاوە ناتوانن گەنجینەکان هەڵگرن ئەمەش شیاوو ماقووڵە. هەڵگرتنەکەش لەم دووئەگەرەیان دایـە، هـەڵگرتنێکی هەسـتەوەریانەی مـاددیو هەست پێکراو.

٣- مەبەست لە هەڵگرتنەوەکەش پاراستنو حساب کردنو سەرپەرشتیکردنە.

---

١) (لە زمانی کوردیشدا هەموویان مانای گەنجینە)

٢) الكليات لابی البقاء لبكفوي- ٤:٢٩٤.

(رازی) دەڵێت: (مەبەست لە کلیلەکان (المفاتح) زانستو لێئاگاداربوونە مەبەست لە (آتیناه من الکنوز)یش ئەوەیە بێگومان پاراستنو لێئاگاداربوونی کارێکی گران بووە لەسەر چەند پیاوێکی بەهێزو سەرپەرشتیار، بەمانای ئەو گەنجینانە بەهۆی زۆرییانو هەمە جۆرییانەوە ئەوکەسانە ماندوو دەکەن کە ئەرکی پاراستنو سەرپەرشتی کردنیان لە ئەستۆ گرتووە)[1].

هیچ رێگرێکیش لەبەردەم ئەو وتەیەدا نییە گەربگوترێت (مەبەست لە هەڵگرتنی کلیلەکان (حمل المفاتح) پاراستنی ماڵو سامانەکەو حساب کردنی وسەرپەرشتی کردنو لەسەر مانەوەیەتی بە شێوەیەکی بەردەوام، بەم جۆرە مەبەست لە (تنوء بالعصبة) واتە: (ئەرکی پاراستنی ماڵو سامانەکە قورس دەبێت لەسەریان ، بەڵام وتەی دووەم لەپێشترە بۆ ئەگەری ڕاستیو بۆ چوونەکان).

بەنو ئیسرائیل بەرامبەر –قارون بوونەتە دووبەشەوە:-

(قارون) بەهۆی ماڵ وگەنجینەو سامانەکەیەوە ببووە مایەی بەڵاو فیتنە بۆ(بەنو ئیسرائیل) دیارە ماڵو سامانیش ئامرازێکی هێجگار فریو دەرەو چەندەهاکەسی لەخشتە بردووەو کەوتوونەتە نێو چاڵی فیتنەو تاقیکردنەوەی رۆژگارەوە.

بێگومان (قارون) خۆیشی بەماڵ وسامانەکەی خۆی تەفرەی خواردبوو و پێی تاقی دەکرایەوە، ئەوەبوو لە زوڵم وستەمو بەدکاریدا بەکاری دەهێنا، بەو هۆیەشەوە خەسارەتمەندو کافر دەرچوو، هەرئەو موڵك ومالەشی هۆیەکی تیاچوونی بوو هەڵوێستی گەلەکەشی لە بەرامبەریدا، ئەوەیە کە قورئان باسی لێکردووەو کە بوونەتە دووبەشەوە:-

بەشی یەکەم ئەو باوەڕدارە بەئارامو دامەزراوانەبوون کە بەهۆی باوەڕەکەیانەوە سەربەرزو دنیانەویستو ئاواتە خوازی پاداشتی لای خودا بوون. ئەمانە لە

(١) التفسیر الکبیر للرازی ٢٥: ١٥.

حەقیقەتی قارون تێگەیشتبوونو رەزامەندیی خودایان لەلا مەبەست بوو. ئەم کۆمەڵە باوەڕداره ئامۆژگاری (قارون) یان کردبووو پێیان گوتبوو: ﴿لَا تَفْرَحْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ ۝٧٦ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْءَاخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ﴾(القصص: ٧٦-٧٧)، واته: ﴿ئەی (قارون) تۆ بەم ماڵو سامانەت مەنازەو بێ باكو دلشاد مەبە، چونکه بەراستی خودا کەسانی دڵشادو لەخۆبایی بووی خۆش ناوێت بەڵام هەوڵ بده بەم ماڵ وسامانەت (که خودا پێی بەخشیویت)، ماڵی قیامەتو بەهەشتی بەرین بکرێتو، بەشی خۆیشت لەدنیا لەیاد مەکه، هەروەها چاکه کارو بەئەمەگ بە وەك چۆن خودا چاکەی لەگەڵ تۆدا کردووەو خێرو بێری زۆری پێ داویت، جا نەکەیت هەوڵی فەسادو گێرەشێوێنی لەسەر زەوی دابدەیت، چونکه بێگومان خودا فاسیدو بەدکارانی خۆش ناوێت﴾.

بەشی دووەم: کەسانی باوەڕ لاوازو مادده پەرستەکانن ئەوانەی ژیانی دنیاو خۆشییەکانیان دەویستو، (بەقارون) فریوداربوونو، بەماڵ و گەنجینەکانی تاقی کرابوونەوەو، بەخۆڕازاندنەو خۆنواندنی سەرسام بوون: ئەمانە کاتێك دیتیان (قارون) بەو بەرگو پۆشاکه جوانو گرنبەهایەو بەو کەرەستەو ئامێره دڵفرێنانەی گواستنەوەی ئەو سەردەمەوە بەنێویان دادەگەرێت، گوتیان (خۆزگە ئێمەش وەك قارون سامانو دەسەڵاتمان هەبوایە، چونکه بەراستی ئەو زۆر بەختەوەره): ﴿...يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِىَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ﴾(القصص- ٧٩).

ئەو دیاردەیەی لەبەنو ئیسرائیلدا هەبوو کەقارونو ماڵو سامانی بوو، لەهەر نەتەوەیەکی تریشو لەگشت کاتو جێگەیەکدا هەیە. هەندێك کەس خودا لەرێی ماڵو دەوڵەمەندیو سامانداریيەوە تاقیی دەکاتەوەو تووشی بەڵاو فیتنەی دەکاتو دەروازەکانی رزقو رۆزییان لەسەر والا دەکات، پارەوپوولێکی زۆریان دەخاتە

بەردەستو، ئەویش پێی لـەخۆبایی دەبێـتو پێـی تـاقی دەکرێتـەوەو، دەکەوێتـە بەردەمی فیتنەو، ماڵو سامانەکەشی لەستەمو زوڵم و فەسـادیدا بـەکار دێنێـتو، ئیتر لەسەر رەوتی قارون- دەڕوات.

جاکاتێك خەڵکی ئەم جۆرە (قارونـە) دەبیـنن، هەریەکـەو بـە شـێوەیەك بـۆی دەڕوانێـت.. کەسـانی بـاوەڕدارو خـاوەن بـاوەڕی جـێگیرو بـەئارام کـە زانیـاریو شارەزاییان لەسەر ئاینو باوەڕەکەیان هەیە پێی ناخەڵـەتێن، بـەڵکو ئامۆژگـاریيو رێنمایی دەکەن، دیارە ئەوان بەبێ هیچ گومانێك دەزانن، کە زەرەرمەندو فەوتاوە.

بەڵام ئەو کەسە گەمژەو ساویلکانەی، کە ژیانی دنیـاو خۆشـییەکانی بـەئاوات دەخوازن، ئەوا پێی سەرسام وتـەفرە خـواردوو دەبـنو، خۆزگـەی گەیـشتن بـەجێو مەقامی ئەو دەخوازن.

ئای چەند قارون لەنێو گەلو نەتەوەکاندا پەیدا دەبن، ئەی داخۆ چەند ساویلکەو نـەفامیش بـەو قارونانـە هەڵدەخەڵـەتێن!! ئـەی داخـۆ چـەند کەسـی بـاوەڕدارو پیاوچاکیش خودا بیانپارێزێتو بەئارامو دامەزراوو خۆڕاگرتنو ئامۆژگـاری قارونـە دنیاپەرستەکان بکەن.

جابۆیە ئەو کەسێتییانە (شخصیات)ەی، کە قورئان لە چـیرۆکەکانیدا دیارییـان دەکات، هەر تەنها چەند کەسێتییەکی کاتیو مرۆڤی سەردەمێکی دیاری کـراونین، بەڵکو ئەوانە چەند نموونەیەکی گشتیی بەشەریەتنو، لە چەندین قۆناغی جیاجیـای مێژوودا دەردەکەونو، کەسانی زاناو دانـاو بینـا، هەسـت بـە وجودیـان دەکـەنو، دەشزانن کـە لـەنێو ئـادەمیزادانی تـری هـەر سەردەمێکیـشدا نموونـەیان هەیـەو تیایاندا دەژین، ئەگەرچی ناوو ناونیشانو نیشتگاکانیان لە نموونـە بەشـەرییەکاندا وەك یەك نەبێت، دەنـا لەهـەمان حاڵـەتی دوبـارەو چـەندبارە بـووەدانو، هـەمان رووکارنو پێی نەخەڵەتاون، نموونەی ئەوانەش، کە پێی تـەفرە دراونو ئاواتـەخوازی جێو مەقامی بوون، لە هەموو ئـانو زەمـانو جێگەیەکـدا هـەنو، هـیچ کـاتو شوێنێك لەو نموونانە بەدەر نییە.

لَا تَفْرَحْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْفَرِحِينَ

کەسانی باوەڕدارو بەئارامو خاوەن باوەڕی پتەو ئامۆژگاریی (قارون)یان کردو ڕێی بێ باکیو دڵشادیی نەفامیو خۆ بەزل زانییان لێ گرتو، پێیان گوت: (هێندە بەم ماڵو سامانەت مەنازەو دڵخۆش مەبە وچونکە بەراستی خودا کەسانی لەخۆباییو دڵخۆشی خۆشناوێت).

لەوانەیە لێرەدا هەندێك کەس سەریان بسورمێتو ئەوپرسیارە بەخەیاڵیان دابێت، کە ئایا دڵخۆش بوون حەرامە تابگاتە ئەوەی کەڕێی ئەوەیان لێ گرتبێت؟! ئەی ئایا خودا هەموو کەسێکی دڵخۆشی خۆش ناوێت؟ ئایا تۆبڵێی شادی و خۆشیمان لێ قەدەغە بکرێتو هەمیشە لە دڵتەنگییەکی بەردەوامدا بژین تاکو خودا خۆشیی بوێین؟.. بێگومان مرۆڤ (هەر مرۆڤێك بێت)، دڵشاد دەبێتو، حەزیش دەکات کەبەدڵشادی بمێنێتەوە، کەوابوو مانای چییە ئەو خەڵکە باوەڕدارە، نەیانهێشتووە (قارون) دڵشاد بێت؟!.

بۆ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بەخێرایی چاوێك بە وتاری قورئان دەربارەی (دڵخۆشی) دەگێڕین، بەڵام سەرەتا پێناسەیەکی وشەی شادیو دڵخۆشی دیاری دەکەین، لەمبارەیەوە (ئیمام راغیبی ئەسفەهانی) لەکتێبی (مفردات)یدا گوتوویە: (شادی (الفرح) کردنەوەی سینەیەبەتامو چێژێکی خێرا، زۆربەیئەوەش لەتامو چێژە خۆشەجەستەییەکان دایە)[1] لەئایەتەکانی قورئاندا دووجۆرە شادی (فرح) هەیە:

١- شادییەکی ڕێ پێدراو (مباح).
٢- شادییەکی ڕێ لێ گیراو (منهی عنه).؟

---

(١) بڕوانە لاپەڕە (٣٧٤) المفردات فی غریب القران.

شادیی ڕێ پێدراوو شیاو، ئەوەیە دڵو سینەی پێ دەکرێتەوەو قایل بوون بەڕووی خاوەنەکەیەوە دیارەو مرۆڤی ئیماندار دڵشادە بەو نیعمەتانەی، کە خودا پێی بەخشیوەو، بەو خێرو خۆشیو شتە بەتامو چێژانەی بۆی مسۆگەر کردووەو، پاشان هەموو ئەو نیعمەتانە لەکاری جێی رازی بوونی خوادا بەکاردێنێت، نەك هاندەری بن بۆ بێ باکیو خۆ بەزل زانی، یان بیانکاتە مەبەست و ئامانجی ژیان. خودا فەرموویەتی: ﴿قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُوا۟ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ یونس﴾.... واتە: بلێ واچاکە باوەڕداران بەفەزڵو بەخششو ڕەحمەتی خودا دڵخۆش بن (کەگرنگترینیان دینداریو ئیمانداریتییە) هەر ئەوەش چاکترە بۆیان لەو شتانەی کە خەڵکی سەرقاڵی کۆکردنەوەو کەڵەکە کردنیانن.

ئەم ئایەتەی سوورەتی (یونس) فەرمان بەشادی دەکاتو هاندەریشیەتیو، ئەوشادییە فەرمان پێ دراووڕێ پێدراوەش پێناسە دەکات کەوا: (شادیو دڵخۆشییە بەفەزڵو بەخششو ڕەحمەتی خودا)و، گەلێك باشترو چاکترە لەو ئامرازو کەرەسەو کەلوپەلە باقو بریقانەی، کە خەڵکی بێهوودە کۆیان دەکەنەوەو لەجیاتی زیکری خودا سەرقاڵو ئالوودەی بوون. هەر لەم بارەیەوە خودا فەرموویە: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ قُتِلُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ أَمْوَٰتًۢا ۚ بَلْ أَحْيَآءٌ عِندَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ ﴿١٦٩﴾ فَرِحِينَ بِمَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ...﴾(آل عمران: ١٦٩-١٧٠)، واتە: (هەرگیز وای دامەنێ، کە ئەوانەی لەپێناوی خوادا کوژراون، مردوون،بەڵکو لەلای خودای پەروەردگاریان زیندوونو رزقو ڕۆزییان پێ دەدەرێت ئەوان زۆر دڵشادو شادمانن بەو بەخششو فەزڵەی، کە خودا پێی بەخشیون) بێگومان ئەم شەهیدانە لە بەهەشتدانو، لەوێش بەفەزڵو بەخششی خودا دڵشادن)).

شادیی دووەمیش ئەو شادییە یاساغو ڕێ لێگیراوەیە، کە مرۆڤ بۆ لەخۆبایی بوونو خۆ بەزل دانان هەڵدەنێت.

خودا لە سەرزەنشتی کافراندا فەرموویەتی: ﴿ذَٰلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ ﴿٧٥﴾ غافر﴾ ... واتە: (ئەم بارودخی ئازارو ئەشکەنجەدانەی نێو دۆزەختان، کە تێیکەوتوون بەهۆی ئەو کەیفو شادیو دڵخۆشییە نارەوایەتانەوەیە، کە لەسەر زەویدا دەرتاندەبڕیو، کە بەناهەق کاری خۆبەزل زانیتان پێ ئەنجام دەداو نازو نووزو کەشخەییتان بەسەر خەڵکیدا دەکرد) کەوابوو دڵخۆش بوونی کافران بەناهەق ئەوەیە، کە بەرەو کەشخەیيو بێ باکیو لووتبەرزیو لەخۆبایی بوونیان هەڵدەنێت.

هەرلەم بارەیەوە خودافەرموویەتی: ﴿وَلَئِنْ أَذَقْنَا الْإِنسَانَ مِنَّا رَحْمَةً ثُمَّ نَزَعْنَاهَا مِنْهُ إِنَّهُ لَيَئُوسٌ كَفُورٌ ﴿٩﴾ وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ نَعْمَاءَ بَعْدَ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ ذَهَبَ السَّيِّئَاتُ عَنِّي إِنَّهُ لَفَرِحٌ فَخُورٌ ﴿١٠﴾ هود﴾... واتە: (ئەگەر مرۆڤمان تووشی خێرو خۆشیو ڕەحمەتێك کردو، دوایی (بۆ تاقیکردنەوەی خۆی) لێمان سەندنەوە، ئەوا نائومێدو پێ نەزانە، خۆ ئەگەر دوای تەنگانەو ناخۆش یەك خستمانە خۆشیو نازونیعمەتەوە، ئەوا دەڵێت: (ئیتر هەرچی ناخۆشییەك دەردەسەرییە لەکۆڵم بۆتەوە)و، دەبینیت زۆرشادمانەو شانازی بەخۆیەوە دەکاتو لەخۆی بایی دەبێت) تەنها مرۆڤی ساویلکەو هەڵخەڵەتاو، تووشی جۆرە شادیو دڵخۆشیەك بە نیعمەتەکانی خودا دەبێت، کە هەڵیدەنێت بۆ لووتبەرزیو خۆبەزل زانیو بەخۆنازینو بەدکاری ئەم جۆرەکەسە ساویلکەو فریوخواردووە، مرۆڤێکی دووربین نییەو، بەڵکو لە ئاقارێکی کەمدا دەبینێت، کە دنیایە بۆیە پێویستە بزانێت ئەو نیعمەتانەی لەبەر دەستیدان، وەك (نیعمەتی ماڵ و سامانو پلەو پایەو هێزو تواناو لەش ساغیو جوانی) هەموویان بەخششی خوداو خەڵاتو نیعمەتی خودان. خوداش بەخواستی خۆی بە هەرکەسێکیان دەبەخشێت لە خەڵکیو لە هەرکاتو زەمانو بەهەر بڕو میقدارێکیش بن، هەر خودا خۆیشی بەتوانایە لەسەر

سەندنەوەی ئەو نیعمەتانه لەخاوەنەكەی لەهەركاتێكدا بیەوێت. هـیچ كەسـێكیش ناتوانێت ڕێگه لەخودا بگرێتو پەنا بەخودا.

كەواته چۆن كەسێكی لووت بەرزو خۆبـەزل زان بەنیعمـەتێك شـادو لـەخۆبایی دەبێت كه له بنەڕەتدا خۆی خاوەن وبەدی هێنەری نییه؟! ئـەی چـۆن كەسـێكی وا لـووت بـەرزو لـەخۆبایی بەنیعمـەتێك دڵخۆشـەكه ناتوانێـت زەمانـەتی بكـاتو، بـەردەوام نابێـت بـۆی؟! ئایـا پێـشتر نـەمانگوت كەسـێكی ئـاوا گـەر وابكـات (ساویلكەو خەڵەتاوە)؟! ئەم جـۆرە شـادمانییه خاوەنەكـەی تێـك دەداتو لـەناوی دەباتو دەیكاته هۆیەك بۆ تووڕەیی خوداو، دەیخاته بەر ڕقو سزای سەختی خوداو، له خۆشەویستیو ڕەزامەندیی خودا بێبەشی دەكات . (ان الله لایحب الفرحین).

چەند ڕێسایەكی قورئانی بۆ بەكارهێنانی نیعمەتەكانی خودا

كاتێك بەوردی سەرنج له ئامۆژگاریی دووەم دەدەین كه ئیمانداره ئامۆژگارەكان ئاراستەی —قارون—ی دەكەن، لەوەدا چەند ڕێسایەكی هەمەلایەنەی قورئـان دیـاری دەكەین كـه لـه (ئەحكامـدا)یـەك لـەدوای یەكـدا دێـنو تایبـەتن بـه چـۆنیەتی بەكارهێنانی نیعمەتـەكانی خـوداو، چـۆنیەتی هەڵـسوكەوت كـردنیش بـەو مـاڵو سامانەوە.

ئیماندارەكان بە (قارون)یان گوت:

﴿ وَٱبْتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلْـَٔاخِرَةَ ۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا ۖ وَأَحْسِن كَمَآ أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ ۖ وَلَا تَبْغِ ٱلْفَسَادَ فِى ٱلْأَرْضِ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٧٧﴾ القصص ﴾

(پێشتر بەكورتی ماناكەیمان لێك دایەوە)..

دەشێت ئەم ئایەتە بەسەر ئەم رستانەدا دابەش بکەین:-

١- وابتغ فيما آتاك الله الدار الآخرة.

٢- ولاتنس نصيبك من الدنيا.

٣- واحسن كما احسن الله إليك.

٤- ولاتبغ الفساد في الارض.

٥- ان الله لايحب المفسدين.

هەر رستەیەك لەم رستانە رێسایەك لە رێسا جێگیرە قورئانییەکان (دەربارەی بەکارهێنانی نیعمەتەکانی خودا بەشێوەیەکی گشتی)و (بەکارهێنانی نیعمەتی خودا بەماڵو سامان بەشێوەیەکی تایبەت) دادەرێژن.

ئەم ئایەتە ئاماژە بۆ رێگای راستەقینەو تەواو لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنمان بەماڵو سامانو مامەڵە پێوەکردنیمان دەکات. هەروەها رێنماییمان دەکات بۆ تێروانینی راستو دروست لەو سامانەو، چۆنیەتی بەگەڕخستنی لە سوودی خاوەنیو لە بەختیارکردنی کەسانی ترو دانانی بەو ئامرازەی کە بەندایەتیو چاکەکردن بۆ خوداو بەدەست هێنانی بەهەشتو ڕەزامەندی خودای پێ بەدی دێت.

ڕێسای یەکەم/ ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ﴾

"هەوڵ بدە بۆ پاداشتی ڕۆژی دوایی لە ماڵو نیعمەتەکان دا"

فەرمایشتەکەی خودا ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ﴾ ڕێنماییمان دەکات بۆ ئەوەی کە هەموو نیازو ئامانجو ئاواتێکمان لەو ماڵو سامانەی خودا پێمان دەبەخشێتو لەو هەموو نازو نیعمەتە جۆربەجۆرانەی پێی گەیاندووین تەنها هەوڵ دان بۆ ڕۆژی دوایی بێتو، هەموو ئەو نیعمەتانەش ئاراستەی ڕۆژی دوایی بکەنو بیانکەن بەو ئامرازانەی کە سەرکەوتنو بەختیاریی ڕۆژی دوایی پێ بەدەست دێنین. ئەم نیعمەتانەش –لەنێوانیاندا ماڵو سامان- خۆی لەخۆیدا نیازێك نینو، ئامرازێکی ژیانی دنیاش بەتەنها نین، بەڵکو هەموو ئەو نیعمەتانەی ئامرازی ڕزگاریو بەختیاریی ڕۆژی دواین، خاوەنەکەشیان دەبێت بەچاکی بیانخاتە گەڕ بۆ بەدیهێنانی ئەو نیازە، هەروەها دەبێت لەهەر دانەیەکیانو لەهەر گەردیلەیەك لە گەردیلەکانیدا ئەو واتا قورئانی یەو ئەو ڕێسا ڕاستو ڕەوانە بەدی بهێنێت. لەوانەشە هەندێك کەس بەهەڵە لەم ڕستەیەی ئایەتەکە ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ﴾ تێ بگات، بەتایبەتیش لەکاتێکدا دەیگەیەنێت بەو ڕستەیەی دواوەی : (ولاتنس نصيبك من الدنيا)و هەروەها لەم دوو ڕستەیەوە نیعمەتەکان –بەتایبەتیش ماڵو سامان- دەکەنە دوو بەش:-

بەشی یەکەم/ زۆربەی نیعمەتەکان بۆ بەدەست هێنانی پاداشتی ڕۆژی دوایی بەکاردێنێت.

بەشی دووەم/ هەندێك لە نیعمەتەکان بۆ بەکارهێنانی بەشی خۆی لەدنیادا تەرخان دەکات.

ئەم شێوە دابەشکردنەش لەگەڵ ئاراستەی رستەی یەکەم دا ناگونجێت، چونکە رستەی یەکەم داوای ئەوەمان لێ دەکات، کە هەموو ئەو نیعمەتانەی خودا لە دنیادا پێی بەخشیوین (بەبێ جیاکردنەوەی هیچ بڕو بەشێکیان) بۆ پاداشتی رۆژی دوایی تەرخان بکەین، هەر ئەمەش لە وشەکانی سەرەتای ئایەتەکەدا ﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ ﴾دا بەدی دەکرێت، واتە بەشێوەیەکی گشتیو سەرتاپاگیر هەرچی خودا پێی داویت ئامانجی رۆژی دواییان پێ بخوازە.

جا ئایا نیعمەتەکان ئامرازێکی بەختیاریو خۆشگوزەرانی نین؟ ئایا ماڵو سامان ئامرازێکی کارکردنو پەیداکردنو ژیانی خۆشو ڕابواردن نین؟ ئەی کەی مرۆڤ خۆشگوزەرانیو بەختیاریو کامەرانی بەدی دێنێت؟ ئایا لەدنیادا ئەم واتاو مانایانە بەدی دێنێتو دەسکەوتە دنیاییەکانیشی بەردەوام نەبڕاوە دەبن؟.

بەڕاستی هەرچی لە دنیادایە کاتیو سنووردارو بڕاوەیەو، خەمو پەژارەشیان تێکەڵە.. ئەو چەملکو واتا جوانانەش کە داواکراوو بەئاوات خوازراون، هەرگیز بەچاکترینو تەواوترینو جوانترین شێوەو حاڵەتی خۆیان بەدی نایەن، تەنها لە خانەی پڕ نیعمەتەکانی بەهەشت دا نەبێت. هەر بۆیەش ئیمانداری ژیرو زیرەك، کە خودا رێنموونیی بۆ پەی بردن بەم راستییە کردووە، هەوڵی بۆ دەدات لە رێی بەگەڕخستنی گشت نیعمەتەکانی خوداوە، بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستە بالاو پیرۆزانە.. کەواتە لە هەموو نیعمەتەکانی خودای پەروەردگاردا، هەوڵ بۆ ئەو ئامانجە بنەڕەتییانەی خانەی ڕۆژی دوایی دەدات: ﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ ﴾.

ڕێسای دووەم/ "وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنْيَا"

بەشی خۆت لەدنیادا لەیاد مەکە

ئەم ڕێسایە داوادەکات لە هەر کەسێك لەوانەی خودا نیعمەتێکی پێ داونو بـۆ ڕۆژی دواییان تەرخان کردووە، کە بەشی خۆی لەدنیا لەیاد نەکات. ئەم ڕێـسایەش چۆنیەتیی پەیرەوکردنی ڕێسای یەکەمی ڕوون کردۆتـەوەو، هەنـدێك هەڵـەو خـاڵی نارۆشنی نێو مێشکی هەندێك کەسی لەحاڵەتی پەیڕەوکردندا بۆ لابردووە.

بۆ نموونەش لەوانەیە هەندێك موسڵمان چۆنیەتی هـەوڵ دان بـۆ پاداشـتی ڕۆژی دوایی لەڕێی نیعمەتەکانی خوداوە نەزانێتو، لـەژیانی دنیاشـدا خۆیـیان لـێ بـێ بەش کاتو، سوودی لەباری ڕێ پێدراویان لێ وەرنەگرێتو، بەشـێوەیەکی ڕاسـتو حەڵاڵ بەکاریان نەهێنێتو، لەدنیاشدا لێیـان مـەحروم بێـتو، بـەم خـۆ مـەحروم کردنەش وابزانێت گوایە هەوڵی دەسکەوتی ڕۆژی دواییـان پـێ دەدات تـاکو لـەوێ تامو چێژیان بزانێت.

ئایا گۆشەگیرو ڕاهیبەکان ئەم شێوە تێگەیشتنەیان نەبووە؟ ئایا هەندێك کـاری حەڵاڵو ڕێپێدراوو هەنـدێك خۆشـیی ژیانیـان لـەخۆیان حـەرام نـەکردووە وەك ژن هێنانو ماڵ پەیداکردنو موڵکداریێتی؟ ئایا هەندێك لەموسڵمانانیش هەڵەی لـەخۆ حەرام کردنی هەندێك لەو نیعمەتە خۆشو ڕێپێدراوانەیان (بەناوی نەویستن (زوهد) لە دنیاو دانانی بـۆ خانـەی ڕۆژی دواییـیەوە) دەرهـەق بـەخۆیان ئـەنجام نـەداوە؟ بێگومان ئایەتەکەش هەڵەی تێگەیشتنو خراپ ڕوانینـی ئـەو جـۆرە کەسـانە ڕەت دەکاتەوەو نکوولّیی بەکارنەهێنانی حەڵاڵیان لێ دەکاتو، داوایان لێ دەکات تـامو چێژی ڕەوای خۆیان لە چەند نیعمەتێك لە دنیادا بـچێژنو، ئـەو تـامو خۆشـی لـێ

چەشتنەش بەباشی لەدنیادا ئەنجام بدەن. دیارە موسڵمانانیش لەبەکارهێنانو خۆشی چەشتنی هەموو ئەو نیعمەتانەدا ئەنجامی رۆژی دواییشان لەبەرچاوەو هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵێ ئەمە ئاوایە، بەڵام داواشیان لێ کراوە لەژیانی دنیاشدا تێیدا بژینو بیکەنە ئامرازێك بۆ ژیانێکی خۆشو شادو کامەران لەدنیادا، ئەمەش لەچوارچێوەی هەوڵدانە بەرەو بەدەستهێنانی خانەی رۆژی دوایی.

هەردوو رستە رێساییەکە ﴿وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ﴾، نێوانی دنیاو ئاخیرەت بەپشتێنێکی ناوازەی قورئانی دەبەستنەوەو، (شێوەی بەکاربردنی نیعمەتەکان لەدنیادا) لەگەڵ (پاشەکەوت کردنی بۆ پێ گوشادبوونی لەرۆژی قیامەتدا) رێك دەخەن.. هەردوو رستەکەش بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن، کە واتایەکی بەرزی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پاداشتی رۆژی دوایی لەرێی نیعمەتەکانی خوداوەو لەدنیادا، ئەوەیە تامو خۆشیی رەواو رێپێدراو لەو نیعمەتانە لەدنیادا بچێژێت.. بەم رەنگە مرۆڤی ئیماندار دوو بەخششی زۆر چاکی بەسەلیقەو هاوسەنگییەوە دەست دەکەوێت، کە ئەمانەن:-

یەکەم: بەکارهێنانی ئەو نیعمەتانە بەحەڵاڵی لەدنیاداو سوودو خۆشی لێ دیتنیان، بەم پێیەش دەشێت ژیانی دنیای بەخۆشگوزەرانیو نازو نیعمەتەوەو، بەبەختیاریو ئاسوودەییو دڵنیاییەوە بەرێتە سەر.

دووەم: بەئامانج گرتنی رۆژی دوایی لەهەمان نیعمەتو خۆشیی ژیانی دنیاداو کردنیان بە ئامرازێك بۆ سەرکەوتنو رزگاریو بەختەوەریی لەبەهەشتی پڕ نازو نیعمەتدا.

بەڕاستی مادده خوازەکان هاوڕێی دنیانو نیعمەتەکانی دنیاشیان، تەنها بۆ ژیانی بڕاوەی دنیایان دەوێتو، بەشی ئاخیرەتیان تیایدا لەبیر چووە.. بەڵام مرۆڤی باوەڕدار لەدنیاشدا خۆشیو سوودیان لێ دەبینێت، وەك چۆن لەرێی خستنە

گەڕیانەوە بۆ سەرکەوتن‌و بەختەوەریی ڕاهیب‌و گۆشەگیران‌و هەموو ئـەو کەسـانەی هاوبیرو ڕایانن –بەپێی ئیدعای خۆیان- ئەو نیعمەتانەیان تەنها بـۆ ڕۆژی دواییـان دەوێت‌و خۆیانیـان لـەدنیادا لـەبیر دەکـەن.. مرۆڤـی بـاوەڕداری ڕاسـتەقینە ئـەو نیعمەتانە بۆ بەختیاریی ڕۆژی ئاخیرەت دەخاتە گـەڕو، مـاڵی ڕۆژی ئـاخیرەتی بـە ئامانج دەگرێت لەگەڵ ئەوەدا، کە تام‌و چێژو خۆشیی خـۆی لـەژیانی دنیاشـدا لـێ وەردەگیرێت.

هەر بەم مانایەی، کە لەو دوو ڕێسا قورئانییەدان، ئەم فەرمایشتەی تری خـودا هاتووە، کە لە سـوورەتی (الأعـراف)دا فەرموویـەتی:﴿ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِىٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِۚ قُلْ هِىَ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِۗ كَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ ﴿٣٢﴾ الأعراف ﴾.

واتە: (ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: (کـێ جـوانی‌و خۆشـییەکانی خـودای حـەرام کردووە، کە بۆ بەندەکانی فەراهەم هێناوەو ئـەی کـێ ڕزق‌و ڕۆزیـی پـاك‌و خۆشـی حەرام کردووە؟ بەو خەڵکە بڵێ: هەموو ئەو خۆشی‌و شتە جوان‌و حەڵاڵانەی ژیـانی بۆ سەرجەم ئیماندارانیـشە لـەڕۆژی دنیـادا، بـەڵام لـە قیامەتـدا تـەنها بـۆ ئـەو ئیماندارانەیە، کە لە دنیادا مافی تەواوی خۆیان پێداوەو بەباشی بەکاریان هێناوە).

کێ ئەو خۆشی‌و جوانییانەی دنیای یاساغ کردووە، کە خودا خۆی بۆ بەنـدەکانی خوڵقاندووە؟ ئەی کێ ئەو شتە خۆش‌و دڵڕفێنانە لەخۆی یاسـاغ دەکـات لـەدنیادا، بەبیانووی پاشەکەوت کردنیان بۆ ڕۆژی دوایی‌و، ئـاوات خواسـتنی پاداشـتی ڕۆژی دوایی؟! ئەم شتە خۆش‌و بەتام‌و جوانانەی دنیا بۆ بـەکاربردن‌و تـامی خۆشـی لـێ دیتنیانـە ئـەو لـەدنیادا، بـەڵام بـەپوختی‌و تایبـەتی لـە قیامەتـدا تـەنها بـۆ باوەڕدارەکانە.

"ڕێسای سێیەم/ وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ ٱللَّهُ إِلَيْكَ"

"چاکەکار بەوەك چۆن خودا چاکەی لەگەڵ دا کردوویت"

ئەم ڕێسایە ئەوە دەخوازێت کە چۆن خودا چاکەیەکی هێجگار زۆرو مەزنی لەگەڵ مرۆڤدا کردووە کاتێك ئەو نیعمەتانەی پێ داوەو، کە ئەم چاکەیەش لەفەزڵو بەخشندەیی‌و میهرەبانیی خودا خۆیەوەیە، داوا لە مرۆڤیش دەکات کە بە چاکەو وەفاو ئەمەکەوە مامەڵە لەگەڵ چاکەکانی خوادا بکات، ئەمەش لەدەرووی شوکرانە بژێری‌و سوپاسگوزاریەوەیە، وەك خودا لەجێگەیەکی تردا فەرموویەتی:

﴿ هَلْ جَزَآءُ ٱلْإِحْسَٰنِ إِلَّا ٱلْإِحْسَٰنُ ﴿٦٠﴾ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ ﴿٦١﴾ الرحمن﴾ واتە: (ئایا پاداشتی چاکە هەر چاکە نییە، جا ئیتر ئەی گرۆی ئادەمیزادو جن، ئێوە بڕوا بە کام نیعمەت‌و بەخششی خودای پەروەردگارتان ناکەن‌و بەدرۆی دەخەنەوە)؟ چاکەکردن (احسان)یش لەڕێی سوپاسکردنی خوداو شوکرانە بژێرییەوە لەسەر بەخشینی ئەو نیعمەتانەو لەسەر چاکەکردنی خودا لەگەڵ مرۆڤدا بەو نیعمەتانە، خودا لەمبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ... ﴿٧﴾ إبراهيم﴾... واتە (خودا بەدڵنیاییەوە هەواڵی پێداون، یان سوێندی خواردوە لەسەر ئەوەی کە ئەگەر سوپاسگوزاری خودابن لەسەر نیعمەتەکان‌و لەڕێی خوادا بەکاری بێنن‌و لێی ببەخشن ئەوا ڕزق‌و ڕۆزیتان بۆ زیاد دەکەم‌و نیعمەتی زۆرترتان پێ دەبەخشم).

(ئیحسان‌و چاکەکاری)یش ئەوەیە مرۆڤی باوەڕدار لەو نیعمەتانەی دنیادا ڕۆژی دوایی مەبەست بێت‌و لەو مەبەستەشیدا بەشی خۆی لەدنیا لەیاد نەکات.

هەمدیسان (ئیحسانو چاکەکاری) ئەوەیە مرۆڤ ئەو نیعمەتە خوداییانە لە (سوود گەیاندن بە بەندەکانی خودادا)و لە (بلاوکردنەوەی خێرو خۆشی لەنێویاندا)و، لە (پتەوکردنی بەهاکانی حەق لەژیانیاندا) بەکار بێنێت. بەراستی گەر مرۆڤ لە نیعمەتەکانی خوادا چاکەکار (محسن) بێت ئەوە بەڵگەیە لەسەر دروست بوونی ماناکانی حەق لە هەناوی داو، نیشانەی دڵسۆزیو ڕاستگۆییو خواویستیو بەخشندەییەتی.

هەر مرۆڤی بەخشندەو ڕاستگۆو پاكو چاکەخوازو بەئەمەك چاکە دەکاتو لە بەرامبەر چاکە (احسان)ی خودادا چاکە بەکار دێنێتو، بەچاکیش خودا دەپەرستێتو، بەچاکیش نیعمەتەکانی خودا بەکاردێنێتو، بەچاکییش لەدنیادا خێرو خۆشیان لێ دەبینێت،و بەچاکییش بۆ بەندەکانی خودای خەرج دەکاتو، بەچاکیش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، هەموو ژیانی بە چاکیو چاکەکارییەوە بەسەر دەبات، جا کاتێك خودا نیعمەتەکانی لەسەر بەردەوام دەکاتو، ئەویش بەچاکە وەڵامی چاکەی خودا دەداتەوەو ئیتر ئایا پاداشتی چاکە هەر چاکی نییە "هل جزاء الأحسان إلاّ الأحسان"؟!

ڕێسای چــوارەم / وَلَا تَبۡغِ ٱلۡفَسَادَ فِي ٱلۡأَرۡضِۖ

(هــەوڵی تێكــدان لەزەوی دا مــەدە).

مەبەستت فەسادو شێواندن لەژیانی سەر زەویدا نەبێت، نیعمەتــەکانی خــوداش له فەسادو تێکدانی زەویدا بەکار مەهێنە، ئەو نیعمەتی ماڵو سامانەش، کە خودا پێ‌ی بەخشیویت، مەکە بە ئامرازی تێکدان لە زەویدا.

هەر دوو ڕێسای (سێیەمو چوارەم) مرۆڤ ئاراستە دەکەن بۆ بــاش بــەکارهێنانی نیعمەتەکانی خودا. بۆ نموونە ڕێسای سێیەم مرۆڤ ئاراستە دەکــات بــۆ چــاکەکردن لەگەڵ خوداو، چاکەکردن لەگــەڵ خەڵکییــشدا لــەڕێ‌ی بــەکارهێنانی نیعمەتــەکانی خوداوە.

ڕێسای چوارەمیش وریای دەکاتەوە لەخراپ بەکارهێنانی ئەو نیعمەتانە لــەڕێ‌ی فەسادو بەدکارییەوە لەسەر زەوی.

لەڕاستیشدا نیعمەتەکانی خودا لەلای ئەو کەسانەی بەچــاکی بۆیــان نــاڕوانن‌و بەباشی بەکاریان ناهێنن‌و هەڵسوکەوتی جوامێرانەیان پێوە ناکەن، دەبنە ئامرازێك بۆ فەسادو شێواندن.. ئای چەند کەس هەن، نیعمــەتی مــاڵو ســامان لەبــەدکاری‌و زۆرداریدا بەکاردێنن؟ ئــەی چــەند کەســی تــر هــەن‌و نیعمــەتی هێــز لــە فەســادو زۆرداریدا بەکاردێنن!! ئەی داخۆ چەند کەسی تر هەن‌و نیعمەتی تەندروستی‌و لەش ساغی لە فەسادو زۆرداریدا بەکاردێنن!! ئەی چەند کــەس هــەن‌و نیعمــەتی حــەزو ئارەزوو لە فەسادو زۆرداریدا بــەکاردێنن.. ئــەی داخــۆ چــەند کەســی تــر هــەبن‌و نیعمەتی عەقڵو بەهرەو زیرەکی لە فەسادو ستەمکاریدا بەکاردێنن!! ئــەی چــەندو چەند کەسی تر لە لووتبەرزان‌و زاڵمان نیعمەتە هەمەجۆرەکانی خــودا لــە فەســادو

زۆرداریدا بەکاردێنن!!

ئەی ئاخۆ دەرەنجامی بەکارهێنانی نیعمەتەکانی خودا لە بەدکاریو شێواندندا چی بێت کە ئەو خۆبەزل زانو لەخۆباییانە وای بەکاردێنن؟ بێگومان ئەوان فەرمانی بنچینەیی نیعمەتەکان پەك دەخەنو لەرووکاری ڕاستەقینەیانەوە بۆ رووکارێکی ناڕاستو ناپەسەندیان دەگۆڕن. هەروەها ڕووکاری ژیانی پێ دەشێوێننو، بەندەکانی خودای پێ ئازار دەدەن لەجیاتی ئەوەی ژیانی پێ چاكو ڕاست بکەنەوەو سوود بە بەندەکانی خودا بگەیەنن، ئەوان بەم ڕەفتارە داوای رقو تووڕەیی خودا لەخۆیان دەکەنو داوای پێشخستنی سزای خودا دەکەنو، خۆیان شایستەی دۆزەخی خودا دەکەن.. ئەوان لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا ڕەنجەڕۆو لەنێو چووو ، کەوتووو، شکست خواردوون.

بەڕاستی جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان چاکە کارێکی پیاوچاك دا کە نیعمەتەکان لەرێی چاکەو بڵاوکردنەوەی خێرو چاکەی نێو خەڵکیدا بەکاردێنێتو لەدواییدا قازانج دەکاتو سەردەکەوێتو، لەنێوان زۆردارێکی لەخۆباییشدا کە بەماڵو سامان تەفرەی خواردووەو نیعمەتەکانی خودا لەتێکدانو شێواندندا بەکاردێنێتو، لەدواییدا ڕەنجەڕۆ دەبێتو لەنێو دەچێت.

ڕێسای پێنجـەم / إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُفْسِدِينَ "

بێگومان خودا بەدکارو تێکدەرانی خۆش ناوێت"

بەڕاستی ئەم ڕێسایەش ڕاستییەکی هەمیشەییو ڕەگ داکوتاو دەردەخـات، کـە لە هەموو زەمانو کاتو شوێنێکدا هەیەو لەهیچ ئانو سەردەمێکدا جیاوازیی لـێ پەیدا نـەبووە.. بێگومـان خـودا فاسـیدو بـەدکارانی خـۆش ناوێـت.. ئـەم جـۆرە کەسانەی خۆش ناوێت، چونکە لەزەویدا خراپەو تاوان دەکـەنو، جـاڕدەری خراپـەو ستەمو بەدڕەفتاریین.. بەڵکو خودا چاکسازانی خـۆش دەوێـت، کـە بانگـەوازکاری چاکەو دادپەروەریو جوامێریین.

خودا بۆیە فاسیدو تاوانکارانی خۆش ناوێـت، چـونکە ئـازاری خـەڵکی دەدەن، دیارە خودا کەسانێکی خۆش دەوێـت کەسـوود بەخـەڵکی دەگەیـەنن. جـا ئەگـەر مرۆڤێك بەختەوەر نەبێت بە خۆشەویستیی خودا چیی بۆ دەمێنێت؟ ئەگـەر مـرۆڤ خۆشەویستیی خودای لەکیس بچێت، کێ سوودێکی پێ دەگەیـەنێت؟ ئـەی ئەگـەر خودا رقی لە مرۆڤێك هەڵگرتو سزای خۆی پێ گەیاند، ئایا کەس هەیە سەرخەرو یاریدەدەری ئەو مرۆڤە بێت؟

بێگومان ئـەو کەسـەی خۆشەویـستی خـودای لەدەسـت داوە هـەموو شـتێکی دۆڕاندووە، ئەو کەسەش، کە خۆشەویستی خودای دەستگیر بووە، هـەموو شـتێکی بردۆتەوە.

دەبا بەو سیفەتە جوانانە، خۆمان رەوشتمەند بکەین، کە خودا پێیان خۆشە، بـا لـەو سـیفەتە ناشـیرینانەش دوورکەوینـەوە، کـە خـودا پـێی ناخۆشـە.. تـاکو خۆشەویستی خودا دەستەبەر بکەین.

وەڵامی قاروون : " أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ "

(قارون) چۆن بەپیر ئامۆژگـاریی ئامۆژگاریکارەکانـەوە چـووە؟ ئایـا تەماشـای ڕێسا جێگیرەکانی تایبەت بە شـێوازی بـەکارهێنانی نیعمەتـەکانی خـودای کـرد؟ بێگومان ئامۆژگارییەکەی پەسەند نەکردو، هەردوو چاوی خـۆی لەئاسـت راسـتیدا کوێر کردو، وەڵامی وتەی ئامۆژگـارانی بـەم وتەیـە دایـەوە: ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ ﴾، بەمانای (من ئەم ماڵو سامانەم بـەهۆی زانیـاری‌و شـارەزایی خۆمـەوە دەسگیرم بوو)، (خودا ئەم ماڵەی پێ‌دام لەبەرئەوەی شایانی بوم)، (خـوداش خـۆی دەزانێت کە من شایانیم، ئەگەر شایانی نەبوومایە پێم نەدەدرا)..

زانایانی تەفسیر لەئاست ئەم وتەیەی (قـارون)دا ﴿ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓۚ ﴾ رای هەمەجۆریان لەسەر دەرخستنی نیازی خاوەن وتەکە هەیە.. (امام ابن کـثیر) سـێ رای ئەو زانایانەی دیاری کردووە:

یەکەم/ بەمانای بێگومـان خـودا، کـە ئـەم مـاڵو سـامانەی پێـدام بـەپێی ئـەو زانیارییەی خۆی بوو، کە من شایانی ببـووم، هـەروەها بـەپێی خۆشەویـستیی خۆی بوو بۆ من.. قارون بەمەزەندەی خۆی وای بۆ چووە، کە: (بێگومان خـودا بۆیە ئەم ماڵو سامانەی پێداوم، چونکە زانیاریی لەسەر ئەوە هەبووە، کـە مـن شایستەی دەبم) لەبارەی ئەم جۆرە مەزەندەیەوە خودا لەجێیەکی تـری قورئانـدا فەرموویـەتی: ﴿ فَإِذَا مَسَّ ٱلۡإِنسَٰنَ ضُرّٞ دَعَانَا ثُمَّ إِذَا خَوَّلۡنَٰهُ نِعۡمَةٗ مِّنَّا قَالَ إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍۚ .... ﴿٤٩﴾ ﴾ الزمر ، واتە: (ئەگەر مرۆڤ تووشی ئـازارو زیانێك بێت هانا بۆ ئێمە دێنێت، خۆ ئەگەر نازو نیعمـەتێکمان پـێ بەخـشی، دەڵێت: ئەمە تەنها بە شارەزایی‌و زیرەکیـی خـۆم دەسـتم کـەوتووە. واتـە: بـە

زانیاری‌و ئاگاداریی خوداش، وەك فەرمایشتێکی تری خودا کە فەرموویە:
﴿ وَلَئِنْ أَذَقْنَاهُ رَحْمَةً مِّنَّا مِنْ بَعْدِ ضَرَّاءَ مَسَّتْهُ لَيَقُولَنَّ هَٰذَا لِي ﴾ (٥٠) فصلت..
واتە: (خۆ ئەگەر خێرو خۆشی بەسەر مرۆڤدا برێژین دوای ئەو تەنگانەیەی رووی تێ کردبوو) خێرا بە دڵنیاییەوە دەڵێت: (ئەمە هی خۆمەو بەڕەنجی شانی خۆمەو شایستەی بووم). بەمانای ئەمە هەر شایانی خۆمە.

دووەم/ -قارون- بایەخی بەزانستی کیمیا داوە: زانستی کیمیا لەلای گەلانی پێشین ئەو مانایەی وەك مانا زانستییە هاوچەرخەکەی ئەمڕۆی نەبووە، بەڵکو مانایەکی ئەفسانەیی‌و خەیاڵیی وای هەبووە کە لەسەر شتی پووچەڵ‌و خەرافات بەندبووە، بۆ نموونە لای خەڵکی ئەو سەردەمە (قارون) زانستێکی وای هەبووە گوایە توانیوویەتی کانزا هەمە جۆرەکانی وەك ئاسن‌و مس بگۆڕێت بۆ ئاڵتوونێکی ساغ‌و بێ گەرد، قارونیش لای ئەوان توانیویەتی کە هەر کانزایەك لەبەردەمی دابووە بکات بە ئاڵتوون، بەهۆی ئەمەشەوە ماڵ‌و سامانەکەی زۆر بووەو، گەنجینەکانیشیی زیادیان کردووە.

(امام ابن کثیر) بەرپەرچی ئەم وتەیەی داوەتەوەو گوتوویەتی (وتەیەکی لاوازە، چونکە زانستی کیمیاکەی لەخۆیدا زانستێکی بێ ناوەڕۆك‌و پووچەڵ بووە، لەبەرئەوەی هیچ کەسێك توانای بەسەر دڵو دەروونی خەڵکی عەوامدا نەبووە، تەنها خودای بەدەسەلاَت‌و بالاَ دەست نەبێت، لەم ڕووەوە خودای مەزن فەرموویە: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ ۚ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ ... ﴾ (٧٣) الحج..
واتە (ئەی خەڵکینە گوێ رادێرن نموونەیەك هێنراوەتەوە: بەڕاستی ئەو کەسە بتپەرستانەوئەو لایەنانەی کە ئێوە هاوارو نزایان لەلا دەکەن (لەجیاتی ئەوەی نزاو هاوارەکە لای خودا بکەن) هەرگیز ئەوانە ناتوانن مێشێك دروست بکەن تەنانەت گەر هەمووشیان پێکەوەو لەیەك کۆمەڵدا کۆببنەوەو یاریدەدەری

یەکتریش بن) ئەی داخۆ کێ هەیە بتوانێت لە مسو ئاسنو هەر کانزایەکی تر ئاڵتوون دروست بکات.

سێیەم/ ڕای سێ یەم لەسەر نیازەکەی (قارون)، ئەوەیە گوایە (ئەو ناوی هەرە گەورەی خودای زانیوەو، دووعای لەلای خودا پێ کردووەو، بەهۆیەوە ماڵو سامانی دەست کەوتووە)[1].

لێرەدا گرنگ ئەوەیە (قارون) گومانی وابووە، کە خودا بۆیە ماڵو سامانی پێ بەخشیوە، لەبەرئەوەی شایستەی بووەو، لەبەرئەوەی خودا خۆشیی ویستووەو، خۆیشی پیاوی ئەو حاڵەتەیە کە موڵكو ماڵی هەبێتو، لەبەرئەوەش گوایە چەند سیفەتێکی تایبەتیی وای تێدایە کە لەغەیری ئەوەدانین، لەبەر هەموو ئەمانە گوتوویەتی ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ﴾.

(قارون) ئەو حەقیقەتەی نەزانیوە، کە خودا بەماڵو سامان تاقی کردۆتەوەو، ئەگەر خوداش نازو نیعمەتێکی زۆر بەسەر کەسێکدا بڕێژێت بەڵگەی ئەوە نییە، کە خودا ئەو کەسەی خۆش دەوێت.. کەمکردنەوەی ماڵو سامانیش لەدەستێکی دی (واتە دەسکورتیی مرۆڤێکی تر) بەڵگەی ئەوە نییە، کە خودا رقی لەو کەسە بێت، هەروەها ماڵو سامان دیاردەیەکی ڕێزلێنان یان سووکایەتی پێ کردن نییە.. (قارون) هەموو ئەم راستیانەی نەدەزانی، هەر بۆیەش لە تاقیکردنەوەی وانەی (ماڵو سامان)دا دەرنەچوو.

ئای چەند کەس هەیە لە خەڵکی، کە خودا نیعمەتی ماڵو سامانی پێ بەخشیونو بە چاویلکەی (قارون) بۆ ئەو نیعمەتە دەڕوانن،و بەپێوەری (قارون) دەپێونو -وەك ئەو لێی تێدەگەنو، بەزمانی حاڵ، یان زمانی ئاخاوتن هەمان قسەی -قارون- دەڵێنەوەو هەریەکەیان لەسەر بنچینەی وتەکەی ئەو ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ

(١) بڕوانە تەفسیری (ابن کثیر) بەرگی (٣)، لاپەڕە (٣٩٩).

عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِيٓ ﴾ ڕەفتار دەکەن.

لە سوورەتی (کهف)دا باسی کابرای خاوەنی دوو باخەکە کراوە، کە ئەویش هەمان وتارو ڕەفتاری هەبووە، وەك خودا لەسەر زاری ئەوەوە وتەکەی هێناوە کە کاتێك چۆتە باخەکەیەوە:﴿وَدَخَلَ جَنَّتَهُۥ وَهُوَ ظَالِمٌ لِّنَفْسِهِۦ قَالَ مَآ أَظُنُّ أَن تَبِيدَ هَٰذِهِۦٓ أَبَدًا ﴿٣٥﴾ وَمَآ أَظُنُّ ٱلسَّاعَةَ قَآئِمَةً وَلَئِن رُّدِدتُّ إِلَىٰ رَبِّى لَأَجِدَنَّ خَيْرًا مِّنْهَا مُنقَلَبًا ﴿٣٦﴾ الكهف﴾... واتە: (کابرای خاوەن باخ‌و ڕەز چوو بۆ سەردانی باخەکانی‌و ستەمی لەخۆی کردبوو کاتێك گوتی: (من گومانم وا نییە، کە هەرگیز ئەم موڵکەم لەناوچێت، گومانیشم وانییە کە قیامەت بێت، ئەگەر بۆ لای خوداش بگەڕێنرێمەوە دڵنیام لەوێش جێگەو ڕێگەو باخ‌و باخاتی باشترم بۆ دانراوە).

بێگومان ماڵ‌و سامان خۆی فیتنەو تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنن. زۆریی ماڵ‌و دەسرۆیشتوویی کەسێکیش نیشانەی ئەوە نییە ئەو کەسە خۆشەویست‌و ڕێزلێنراوی لای خودایە، هەروەك کەمی‌و کەمدەستیش نیشانەی ئەوە نییە، کە ئەو کەسە بەکەم سەیر کرابێت‌و خودا ڕقیی لێی بێت.

بەڵکو بناغەی پەسەندی‌و پیاو ماقووڵیی کەسێك لەلای خودا باوەڕو لەخواترسانە.. مرۆڤی بەڕێز لەلای خودا ئیماندارێکی لەخواترسە، نەك دەوڵەمەندێکی دەسترۆیشتوو، بەڕێزترین کەسیش لەلای خوا بەتەقواترین‌و خواناسترین کەسە نەك تەنها دەوڵەمەندترین کەس بێت، قورئان بەراشکاوی ئەم حەقیقەتەی دەربڕیوە:﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ الحجرات﴾. واتە: (بەبێ هیچ گومانێك بەڕێزترین کەستان لەئێوە (ئەی گرۆی ئادەمی) لەلای خودا ئەوەیە کە بەتەقواترین کەسەو، کە زۆرتر لەخوا دەترسێت، بەڕاستی خودا زاناو ئاگاداری هەموانە).

باوەڕدارانی لەخواترس‌و خاوەنـانی بـیروڕای ئیمانـداریێتی، سـاغ‌و جـۆش دراوی قورئان بەم جۆرە لە ڕاستییەکە تێدەگەن، لەبەرئەوە نە لـە سـتەمدا ڕۆدەچـن‌و نـە دەستدرێژی دەکەنە سەر کەسیش لەکاتێکدا، ئەگەر پارەو مـاڵ لـەلایان زۆر بـوو، بـەڵکو لـە جێبـەجێکردنی فـەرمانی خـوادا بـەکاری دێـنن‌و، سوپاسـی خـودای بەخشندەو نیعمەتبەخشی لەسەر دەکەن، هەروەها لەکاتێکدا ماڵ‌و سـامانیان کـەم بووەوە، دڵتەنگ‌و نائومێد نابن.

بەڵام ئەوکەسەی پێوەرە ئیمانییەکەو، دیدە قورئانییەکـەی ون کـردووە وای بـۆ دەچێت گوایە ماڵ‌و سامان، هۆکاری ڕێزلێنـان، یـان بەکـەم گرتنـە، هـەر بۆیـەش ئەگەر پارەو ماڵی زۆری لەدەست دابوو، وەك (قارون) هەڵسوکەوتی پێوە دەکـات‌و دەڵێت: بەزانست‌و شارەزایی‌و ئازایەتی خۆم دەستم کـەوتووە ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ ﴾، خۆ ئەگەر ماڵ‌و سامانی کەم بۆوە دڵتەنگ‌و خەمبار دەبێت، خوداش لە قورئاندا ئەم جۆرە بۆچوونەی ئەو کەسانەی دیاریکردووەو لەبارەیانـەوە فەرموویـە:

﴿ فَأَمَّا ٱلْإِنسَـٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَـٰنَنِ ﴿١٦﴾ الفجر ﴾..

واتە: (ئادەمیزاد کاتێـك، خـودا تـاقیی دەکاتـەوەو ڕێـزی لـێ دەنێـت‌و نـازو نیعمەتی بەسەردا دەڕێژێت، دەڵێت: پەروەردگارم خۆشیی دەویێم‌و ڕێـزی لـێ نـاوم، بەڵام کاتێك لە تاقیکردنەوەیەکی تردا، خودا ڕزق‌و ڕۆزیی کەمی پێ دەبەخـشێت‌و لێی ئاڵۆز دەکات، دەڵێت: پەروەردگارم منی خۆش ناوێت‌و ڕقـی لێمـەو، بەچـاوی سووك سەیری کردووم).

" فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦٓ "

(قارون) لە ڕەفتارێکی تریدا بەشێوەیەکی خۆنواندنو دیاردەی دەوڵەمەندیو کەشخەییەوە چووە دەرەوە بۆ گەڕان بەنێو هۆزەکەیدا ﴿ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦٓ ﴾ .. ئەمەش تاوانێکی دیکەیەو دەچێتە پاڵ تاوانەکانی پێشووی، ئەو تاوانانەی، کە تەنها بەهۆی زۆریی ماڵو سامانیەوە ئەنجامی دەدان.

دیارە (قارون) تەنها بەهۆی لەخۆبایی بوونی بە زۆریی ماڵو سامانییەوە نەوەستاوە، تەنها بە خۆبەزل زانیو بەخۆنازینو لەسنوور دەرچوونو ستەمکاریی بە ماڵو سامانییەوە نەوەستاوە، هەر بەوەش نەوەستاوە کە ئامۆژگاریی ئیماندارەکان ڕەت کاتەوە، هەر بە ڕوانینی هەڵەی بۆ ماڵو سامانیش نەوەستاوە کە بۆ خۆشیو ڕابواردنی دنیای بخاتە گەڕو ڕۆژی دواییی پێ لەبیر بکاتو، زۆریی ماڵو داراییشی بە نیشانەی خۆشویستنی خودا دابنێت، کە گوایە خودا خۆشیی دەوێت.. بەهەموو ئەو گوناهو تاوانو کردارە نابەجێیانەوە نەوەستاوە، بەڵکو تاوانێکی دزێوتری خستنە پاڵ کەبووە هۆی بەڵاو تاقیکارییەك بۆ هۆزی (بەنوئیسرائیل)و بەشێوەیەك ستەمی لێکردنو لە سنوور دەرچووو فیتنەیەکی نائاسایی بەسەرداهێنان، کە بووە تاقیکردنەوەیەکی قورسو سەخت بۆیان، ئەوەبوو بەهەمو دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشو فریودەری دەوڵەمەندیو کەشخەییو بەرگی ئاڵو واڵاوە بەنێویاندا دەسووڕایەوە، تا ئەوانیش خەفەتی زۆری پێ بخۆنو ئاواتە خوازی هەمان حاڵەتی دەسڕۆیشتوویی ئەو بن.. ﴿ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوْمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦ ﴾ ئەم ڕستەیە بە هەموو سایەو ئاماژەو وشەکانییەوە خۆنواندنێکی قارونیانەی پڕ فیزو هەواو خۆ بەگەورە

گرتوومان بۆ وێنا دەکات کە خەیاڵی خوێنەر لەناخی خۆیدا بەهەموو لایەکدا دەبات‌و، دیارە خەیاڵیش وێنەیەکی خەیاڵیی گەورەکراوو قەبەش بۆ خۆی دەکێشێت. بەڵام هەرچەندێك خۆنواندن‌و خۆدەرخستنەکەی -قارون- لەبەرچاوی گەلەکەی بخەینە بازنەی گریمان‌و مەزندەکارییەوەو، هەرچەندێکی لەبارەوە بڵێین، هەر کەم‌و کورتەو، گریمانەکانیشمان بەکەم دادەنرێت، بۆیە پێویست ناکات هیچی لەبارەوە بڵێین، بەتایبەتیش، کە لە فەرموودە راست (صحیح)ەکانیشدا هیچی لەبارەوە نەهاتووەو، هەر ریوایەت‌و گێڕانەوەیەکی تری لەسەر هێنرابێت ئەوە هەر لە دەقە پووچەڵەکانی (ئیسرائیلیات)ەوە وەرگیراون، کە بەهیچ شێوەیەك شیاو نییە سوودیان لێ وەربگیرێت، یان شتێکیان لێ بهێنرێت.

پاشان بێگومان هێنانەوەی ئەو ریوایەتە ناڕاست‌و ناجێگیرانەش (چێژی بیرکردنەوەی خوێنەر لە چۆنیەتی خۆنواندن‌و خۆڕازاندنەوەکەی قارون) حەرام دەکات‌و، ناهێڵێت وێنەیەکی لووتبەرزی‌و خۆ بەزل دانەرانەی ئەو کابرایە لەخەیاڵیدا وێنا بکات.. دەبا ڕێ بەخەیاڵ دەین، کە چۆن ئەو (کەشخەیی‌و خۆبادانەی قارون لەنێو گەلەکەیدا) وێنا دەکات‌و، با خەیاڵ بەهیچ وتەو ریوایاتێکی ناڕاستەوە کۆت‌و پێوەند نەکەین.

قارون بەو شێوە نابەجێیەی خۆڕازاندنەوە چووە نێو گەلە هەژارو کەم دەستەکەیەوە، تاکو گرفتارو دڵتەنگیان کات بەوەی گوایە لەخۆیان دەوڵەمەندترو بەهێزترەو، هەر خۆی لەنێویاندا لەژیانێکی پڕ نازو نیعمەت‌و خۆشی‌و رابواردندا دەژی‌و، گوایە هەر خۆی مانای ژیان دەزانێت، ئیتر ئەوان بێ بەش‌و مەحروم بن لە خۆشیی ژیان‌و خۆشگوزەرانی.

ئەم رەفتارە بێ شەرمانەیەی (قارون)، هەمان رەفتاری ئەو کەسانەشە، کە لەسەر شێوازی ئەو رۆیشتوون‌و، ماڵ‌و سامانی خۆیان لەفیتنەو ئازاردانی خەڵکی‌و، خۆ بەزل زانی‌و خۆ نواندن‌و، کەشخەیی‌و لەخۆبایی بووندا بەکارهێناوە.

زۆرن ئەو کەسانەی بەخۆڕازاندنەوەو جوانکاریی زیاد لەڕادەوە دەچنە نێو خەڵکییەوە تاکو دڵیان ئازار بدەن‌و گرفتاری خەم‌و پەژارەیان بکەن.. زۆریشن ئەو کەسانەی شت‌ومەك‌و کەل‌وپەلی گرانبەهای خۆیان دەخەنە بەرچاوی خەڵکی‌و هەواڵی کەرەسەی خۆشی‌و بەدڕەفتاری‌و بێ ئابڕوویی‌و دیاردەکانی خۆ گۆڕین‌و ئارایشتیان بۆ کەسانی تر بلاّودەکەنەوەو، دەربارەی هەمە چەشنی‌و هەمەڕەنگیی خۆراك‌و خواردنەوەو جل‌وبەرگ‌و بابەتی ناومال‌و کالاّو بەرگی دەگمەنی خوری‌و ئاوریشم‌و خانووو کۆشکەکانیشیان دەدوێن.

هەندێك کەس لەوانەی هەمیشە بەزینەت‌و خۆڕازاندنی زیاد لەڕادەوە بەنێو گەل‌و هۆزو عەشرەتیاندا دەسووڕێنەوە چەندەها پلەی زیادتریان لە -قارون- تێپەڕاندووەو پاشان هەر ئەوانیش بەتوندترین شێوە ستەم‌و دەستدرێژی ئەنجام دەدەن‌و لە (قارون) توندتر فیتنەو گرفتاری بەسەر خەڵکیدا دێنێت.

"ئەوانەی بە (قاروون) هەڵخەڵەتابوون"

(قارون) خۆی‌و ماڵەکەی هۆی فیتنەو گرفتاریی گەلەکەی بوون، ئەوەبوو کاتێك بەو شێوە خۆنواندن‌و کەشخەییەوە بەنێویاندا دەگەڕا، کۆمەڵێك پێی هەڵخەڵەتا.. قورئانیش هەواڵی ئەو فریو خواردن‌و هەڵخەڵەتانەیانی پێ گەیاندووین: ﴿ قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِىَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٧٩﴾ القصص ﴾.. واتە (ئەوانەی ژیانی دنیایان دەویست گوتیان: خۆزگە ئێمەش وەك قارون، ماڵ‌و سامانی زۆرمان پێ بەخشرایە، بەراستی ئەو زۆر بەختەوەرە).. کەواتە قورئان وەسفی ئەو جۆرە کەسانەی بەوە کردووە، کە حەزیان لەژیانی دنیایە.. ئەم سیفەتەش بنچینەی لادان‌و گومڕابوونیانەو، هۆیەکی بەهەڵە ڕوانین‌و تێکچوونی پێوەرەکانیانە، چونکە ژیانی دنیایان دەوێت، هەر بۆیەش

کاتێك (قارون) دەبینین کە خاوەنی چەندین دیاردەی خۆنواندنو خۆ بەگەورەدانانە وای دادەنێن کە خۆیان لەئاست ئەودا زۆر هەژارو بێ بەشن، ئیدی هیوای ئەوە دەخوازن وەك ئەو هەمان کەرەسەو شتومەکی جوانو رازاوەی ژیانی دنیایان هەبێتو، وەك ئەویش ماڵو گەنجینە لەسەر یەك کەڵەکە بکەنو، لەهەمان ژیانو گوزەرانی وەك ئەودا بژین، ئەوەبوو بە خەمو ئاخ هەڵکێشانەوە گوتیان: ﴿يَٰلَيْتَ لَنَا مِثْلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴾

ئەوان قارونیان بەخاوەنی بەشو شانسێکی گەورە داناوە تەنها بەهۆی ئارایشتی ژیانی دنیاو موڵكو ماڵیەوە، چونکە لەلای ئەوان پێوەری بەختو شانس زۆریی موڵك ماڵە.

خۆ ئەگەر وەك قارون خوازیاری ژیانی دنیا بوونایە ئەوا بەو نە دەخەڵەتانو، بەو خۆڕازاندنەوەیەی گرفتار (مفتون) نەدەبوونو بەختو شانسی گەورەیان بەزۆریی ماڵو سامانو کەشخەییو کەلوپەلی بریقو باقی دنیا دانەدەنا. ڕازو نهێنی هەڵخەڵەتانیان ئەوەیە: ﴿يُرِيدُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴾.. قورئانیش کاتێك سیفەتی ئەو هەڵخەڵەتاوانەمان بۆ باس دەکات، داوامان لێ دەکات کە نابێت ئێمەش هەمان سیفەتی ئەوان لەخۆ بگرینو، نابێت وەك ئەوان بەدیاردە پووچەڵو ساختەکانی دنیا بخەڵەتێینو، نابێت وەك ئەوان ئاخو داخ بۆ ئەو دیاردەو ڕواڵەتە سەرنج ڕاکێشانە هەڵکێشین.. هەروەها قورئان داوامان لێ دەکات کە خوازیاری ژیانی دنیا نەبین، بەڵکو خۆمان لەسەروویەوە بگرینو تەنها خوازیاری رۆژی دواییو بەهەشتی خودا بینو هەوڵی تەواویشی لەدنیادا بۆ بدەین.

بەراستیو بێ هیچ گومانێك فەرمایشتەکەی خودا زۆر ڕاستو ڕەوانە، چونکە هەر کەسێك ژیانی دنیای ویستبێتو ژیانی رۆژی دوایی لەبیر چووبێتەوەو، تەقەللای زۆرکردنی دیاردەو ڕواڵەتە جوانکارییەکانی دنیای دابێتو بەختەوەریی زۆرو بەختی گەورەی بەزۆرکردنی ئەو دیاردانە لەقەڵەم دابێتو، خۆیشی لەگەڵ ئەو

كه‌سانه‌ به‌راورد كردبێت، كه‌ خاوه‌نی موڵك‌و دارایین، ئه‌وا هه‌ر خه‌مبارو دڵته‌نگ‌و ئاخ هه‌ڵكێش بووه‌و، به‌وپه‌ڕی جۆش‌و په‌له‌قاژه‌و حه‌سره‌ت‌و شه‌وقه‌وه‌ ئاواته‌خوازی ئه‌وه‌بووه‌ هه‌مان موڵك‌و دارایی‌و كه‌ره‌سی دنیایی هه‌بێت.

به‌ڵام ئه‌و كه‌سه‌ی ڕۆژی دوایی خواستووه‌و، داوای نیعمه‌ته‌ به‌رده‌وامه‌كه‌ی كردووه‌و، خوازیاری خۆشی‌و خێروبێره‌كانی بووه‌و، نرخی ژیانی دنیاو كه‌ره‌سه‌و داراییه‌كانی زانیوه‌، ئه‌وا هه‌رگیز له‌خشته‌ نابرێت به‌و موڵكه‌ی كه‌ موڵكداران له‌دنیادا هه‌یانه‌و، ئاواته‌خوازی موڵكه‌كه‌یان نییه‌و، به‌حه‌سره‌ت‌و په‌له‌قاژه‌شه‌وه‌ خۆی بۆ ناتوێنێته‌وه‌، به‌ڵكو خۆی له‌سه‌روو ئه‌و دیارده‌و كه‌ره‌سه‌ بێ نرخ‌و بێ به‌هایانه‌وه‌ داده‌نێت.

خودای په‌روه‌ردگار له‌دیارترین‌و ڕۆشنترین ڕێنماییدا فه‌رموویه‌تی:

﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ﴿٢٠﴾ سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أُعِدَّتۡ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٢١﴾ الحديد ﴾.

واته‌: (چاك بزانن كه‌ ژیانی دنیا ته‌نیا یاری‌و گه‌مه‌و ڕازاندنه‌وه‌و خۆ نواندن‌و به‌خۆنازینی نێوان خۆتان‌و، زۆركردنی ماڵو سامان‌و مناڵانه‌، وه‌ك بارانێكی به‌پیت كه‌ ببێته‌ هۆی به‌رهه‌مێكی زۆرو جوتیاران سه‌رسام كات‌و پاشان وشك ببێت‌و زه‌رد هه‌ڵگه‌ڕێت‌و، دواتریش وردوخاش بێت، بێگومان له‌ ڕۆژی دواییدا سزای سه‌خت‌و دژوار بۆ دنیا په‌رستانه‌و، لێخۆشبوون‌و ڕه‌زامه‌ندیی خوداش بۆ ئیمانداارانی دنیا نه‌ویسته‌.. بێگومان ژیانی دنیاش (به‌بێ خواپه‌رستی‌و باوه‌ڕداریتی) جگه‌ له‌وه‌ی

ڕابواردنێکی کەم‌و هۆی هەڵخەڵەتانەو چەندان کەسی پێ لەخشتە دەبرێت، هیچی تر نییە.. کەواتە ئەی ئیمانداران پێشبڕکێ بکەن بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی‌و لێخۆشبوونێك، کە لە خودای پەروەردگارتانەوە دەست دەکەوێت‌و، بۆ بەدەست هێنانی بەهەشتێك، کە ڕووبەرەکەی وەك پانتاییی ئاسمان‌و زەوییەو بۆ ئەو کەسانە ئامادەکراوە، کە باوەڕیان بەخوداو پێغەمبەرانی هێناوەو کرداری چاکیان کردووە. ئەمەش ڕێزێکی تایبەتییە لەلایەن خوداوە، کە بەخواستی خۆی دەیکاتە خەڵاتی هەر کەسێك لەوانەی شایستەین، خودا هەر خۆیشی خاوەنی فەزڵ‌و بەخششی زۆر گەورەو نەبڕاوەیە).

"کێ زۆر بەختەوەرە؟"

ئەوانەی خوازیاری ژیانی دنیابوون‌و، بەقارون هەڵخەڵەتان‌و گرفتاری ئەو موڵك‌و سامانەی بوون‌و، کاتێك قارونیان بەو دیاردەی خۆڕازاندن‌و کەشخەییەوە بینی، بەکەسێکی زۆر بەختەوەرو (ذو حظ عظیم)یان دانا.. بەختەوەریی‌و خۆشبەختی لەلای ئەوان خۆنواندنی دنیاییەو، دیاردەکانی نازو نیعمەت‌و زیادەڕۆییی کەرەسەکانی دنیایە، خاوەنی ئەم بەخت‌و بەشە گەورەیەی دنیاش هەر ئەو کەسەیە، کە ئەو دیاردەو کەرەسەو ئامرازانەیان هەبێت، بەڵام ئایا باری ڕاستی‌و حەقیقەتی مەسەلەکە ئاوایە؟! ئایا ئەمە پێوەری بەختی زۆرو گەورەیە؟! ئایا هەر کەس خاوەنی ئەوەبێت بەختەوەرو دەستڕۆیشتوو؟!

بەراستی دیاردەو ڕواڵەتەکانی ژیانی دنیاو، ڕەنگەکانی خۆڕازاندنەوەی نێو دنیا هەمیشەیی‌و نەمرنین، بەڵکو کاتی‌و سنووردارن، سەرەنجامیان نەمان‌و بڕانەوەیە، ئیدی چۆن موڵکدارێتیی ئەو ڕواڵەت‌و ڕەنگانە پێوەری خۆشبەختی‌و زۆریی بەخت‌و بەشن؟ چۆن شتەکان بە پێوەری کاتی‌و بڕاوە هەڵدەسەنگێنرێن؟! دیارە بەکارهێنان‌و

خۆشی چەشتن لەو ڕواڵەتو ڕەنگو ئامرازانە بەنازو نیعمەتو دەست بلاویشەوە، هەمیشەیی‌و بەردەوامو هەتا هەتایی نیین، بەڵکو سەرەنجامیان هەر نەمانو تیاچوونەو، لەجێگەشیان دا هەژاری‌و بێ بەشی دەچەسپێنن، جا چۆن خاوەنەکەیان خۆشبەختو بەختەوەرە کە ئەمە سەرەنجامو ئاکامی بێت؟!

لەڕاستیشدا (قارون) خاوەنی بەختی گەورە (ذو حظ عظیم) نەبووە، ئەگەرچی ڕاستی‌و ڕادەی خۆڕازاندنەوەکەشی ئاوا بووبێت.. هەر ئەمەش چارەنووسی ڕابواردنو لێ حەوانەوەی بووە.. هەر کەسێکیش لەچۆنیەتی موڵکداریتی‌و خۆڕازاندنەوەو ژیانی دنیایدا وەك (قارون)بێت، ئەوا ئەویش بەختەوەرو خۆشبەخت نییە سەرەڕای ئەوەی کە هەڵخەڵەتاوانیش واگومان بەرن.. لەڕاستیدا مرۆڤی بەختەوەرو خاوەنی بەختی مەزن ئەو کەسەیە، کە حەقیقەتی زیندووی مەسەلەکانی دەسگیر بووبێت نەك دیاردە ساختەو لەخشتە بەرەکانی.. مرۆڤی بەختەوەر ئەوەیە لەحەقیقەتی ژیاندا بژی‌و تامو شیرینییەکەی چەشتبێت.. مرۆڤی خاوەن بەختی مەزن ئەو کەسەیە، کە باوەڕو قەناعەتو دڵنیایی‌و کامەرانیی دیبێتەوە.. مرۆڤی بەختەوەر ئەوەیە، کە بەخۆشییە نەبڕاوەکانو بەهەشتی هەمیشەیی‌و پڕ لەنیعمەتی خوداوە سەرکەوتوبێت. ئەمەش تەنها بۆ ئیمانداری ڕاستگۆو بەئارامو جیهادکارە.. وەك خوداش فەرموویەتی:

﴿وَلَا يَحْزُنكَ ٱلَّذِينَ يُسَٰرِعُونَ فِى ٱلْكُفْرِ ۚ إِنَّهُمْ لَن يَضُرُّوا۟ ٱللَّهَ شَيْـًٔا ۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَلَّا يَجْعَلَ لَهُمْ حَظًّا فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٧٦﴾﴾ آل عمران.

واتە: (ئەی پێغەمبەر.. خەفەت مەخۆ بۆ ئەوانەی بەپەلە بەرەو کفرو بێباوەڕیی دەچن، چونکە ئەوانە ناتوانن هیچ زەرەرێك بەخودا بگەیەنن، خوداش دەیەوێت هیچ بەختو بەشێکیان لەقیامەتدا پێ نەبەخشێتو، سزایەکی گەورەشیان بۆ ئامادەکراوە).

کەواتە بەختی مەزن (الحظ العظیم) ئەو بەختەوەرییەی رۆژی دوابییە نەك هی دنیا.. خۆشیو حەوانەوەی نێو نازو نیعمەتی بەهەشتە، جا هەر کەسێك لەو نازو نیعمەتەی بەهەشت بێبەش بێت، ئەوە هیچ بەختێکی نیە. لەڕاستیدا کافرانیش بۆیە هیچ بەختێکیان نییە، چونکە لەو نیعمەتەی بەهەشت بێبەشن، راستیی بەختەوەریو بەختی راستەقینەش لەدنیادا ئەوەیە کە لەناخی رەوشتبەرزیو خۆڕازاندنەوە بەئەدەبو ئاکاری جوان دایەو، لەمامەڵە لەگەڵ کەسانی دی بەگیانی لەخۆبوردوویيو سانایيو لێبوردنو بەزەیی یەوەیەو لەچەشتنی تامی قەناعەتو دڵنیاییو کامەرانی دایە، خاوەن بەختی مەزن ئەو کەسەیە کە خودا ئەم فەزڵەی پێداوەو ئەو نیعمەتە گەورەیەی پێ بەخشیوە، خودا فەرموویە:

﴿ وَلَا تَسْتَوِي ٱلْحَسَنَةُ وَلَا ٱلسَّيِّئَةُ ٱدْفَعْ بِٱلَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا ٱلَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُۥ عَدَٰوَةٌ كَأَنَّهُۥ وَلِيٌّ حَمِيمٌ ﴿٣٤﴾ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلَّذِينَ صَبَرُواْ وَمَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ذُو حَظٍّ عَظِيمٍ ﴿٣٥﴾ فصلت ﴾

واتە: (بێگومان چاکەو خراپە وەك یەك نین، جا ئەی باوەڕدار بە جوانترینو چاکترین شێوە بەرەنگاری خراپە ببەرەوەو چاکە لەگەڵ خراپەکارەکەدا بکە، ئەوسا دەبینیت ئەو کەسەی، کە دوژمنایەتییەکت لەگەڵیدا هەبووە بووە بەدۆستێکی پارێزەرو گیانی بەگیانی، ئەم سیفەتو رەفتارە جوانەی لەخۆبوردوویيش هیچ کەسێك ناتوانێت بینوێنێت تەنها کەسانی ئارامگر نەبێت، هەروەها هیچ کەسێکیش هەڵوێستی ئاوای بۆ پیشان نادرێت، تەنها کەسێکی بەختەوەرو خاوەن بەختێکی گەورە نەبێت).

" وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ "

دوای ئەوەی قورئان سیفەتی بەقارون فریودراوانمان بۆ ڕوون دەکاتەوەو ڕازو نهێنیی پێ هەڵخەڵەتانیان دەردەخات، سیفەتی ئەو کەسانەشمان بۆ باس دەکات، کە پێی نەخەڵەتاون و لەو تاقیکردنەوەو گرفتاریێتییەدا سەرکەوتووبوون، ئەو کەسانە ئەوانەن، کاتێك وتەو (خۆزگە بە قارون خواستنی فریودراوانیان گوێ لێدەبێت) کە حەز دەکەن هەمان سامان و دیاردەی خۆنواندنی ئەویان دەسکەوێت، خێرا بە ئاوات خواستنەوەی فریودراوە مەفتوونەکان پەست دەبن و، وەڵامێکیان دەدەنەوەو راستیی مەسەلەکەیان پێدەڵێن و، تێڕوانینەکەشیان بۆ ڕاست دەکەنەوە، وەك خودا فەرموویە: ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ ﴿٨٠﴾ القصص ﴾.. واتە (ئەو کەسانەی بەهۆی زانست و شارەزاییەوە ڕاستییەکانی باوەڕیان پێ گەیشتبوو، بەو کەسە دنیا ویست و خۆزگە خوازانەیان گوت: (کوڕە قوڕبەسەرتان وریابن، ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە لەوەی پاداشتی خودا زۆر چاکترە بۆ ئەو کەسەی باوەڕێکی پتەوو دامەزراوی هەیەو کردەوەی چاکی کردووە. ئەو پاداشتەش تەنها ئارامگران و خۆڕاگران دەستیان دەکەوێت).

قورئان وەها مەسەلەکە دەخاتەڕوو، وەك ئەوەی بیەوێت ڕازو نهێنیی سەرکەوتن و بڵندی لەئاست دنیاو سەرفرازبوونی ئەو ئیماندارانەو، بنەمای ڕاستگۆیی حوکمەکانیان و، چاکی دامەزرانیان و دەروازەی تێڕوانینیانمان بۆ دەستنیشان کات، تاکو ئێمەش دەستخەینە سەریان و وەریان گرین و پەیڕەوییان بکەین.. ئەمەش هەر زانستە ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ وَيْلَكُمْ ﴾ بەڕاستی ئەوانەی زانست و شارەزاییان هەبوو، قارون و خۆنواندنەکەی و موڵك و

سامانەکەیان بە چاویلکەی زانست دەبینن‌و بەو شێوە بینراوییەیان دەیانخستە بەرچاوی ئەوانەی، کە زانست‌و شارەزاییان نەبوو، مامەڵە لەگەڵ کردنیشیان هەر لەسەر بناغەی زانست بووو بە تەرازووی زانست قارون‌و سامانەکەیان دەکێشاو دیتیان هیچ شتێکی نیەو هەژارو بێ نەواو نەگبەتە.. دیتیان فەوتاوو خەسارەتمەندو بێ بەشە.. دیتیان ئازاربارو بەدبەخت‌و دەرکراو لە ڕەحمەتی خودایە، بۆیە داوایان لە فریودراوانی تر کرد کە ئەم راستییە بزانن تاکو پەردەی سەرچاویان لاچێت.
بێگومان زانست رازو بنەمایەو، پارێزراوی‌و رزگاریش بەزانستەوەیە. واتە: زانست لەسەر ڕاستیی شتەکان.. زانست لەسەر هۆکارو دیاردەو ڕەنگەکانی بەختەوەری‌و شادمانی‌و خێرو بەرەکەت، زانست دەربارەی ئەنجامە نەبڕاوەو هەمیشەییەکان‌و داواکردنیان‌و هەوڵ بۆدانیان، زانست لەسەر کاروبارو ڕواڵەت‌و دیمەنە ساختەو لەنێوچووەکان‌و شانازی پێوەنەکردنیان. ئەمەیە زانستی ڕاست‌و دروستی خودایی‌و، هیچ کەسێکی خاوەن ئەم زانستە فریو ناخوات‌و هیچ خاوەن زانستێکی ئاواش لەخۆبایی نابێت، هیچ کەسێکی خاوەن زانست‌و زانیاریش خوازیاری دنیاو دیاردەکانی خۆنواندنی دنیا نابێت‌و، ڕۆژی دوایی‌و پاداشتی خودای بیر ناچێت.
وادیارە بۆ جەخت کردنە سەر ئەم مانایە خودا فەرموویەتی:

﴿ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَزِينَةٌ وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَـٰدِ ۖ كَمَثَلِ غَيْثٍ أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا ثُمَّ يَكُونُ حُطَـٰمًا ۖ وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ ۚ وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ ﴿٢٠﴾ الحديد ﴾.

(پێشتر واتای ئەم ئایەتەمان بەکوردی لێک داوەتەوە).. سەرەتای ئەم ئایەتە بەوشەی فەرمان پێکردن (أمر)ی (بزانن) (اعلموا) دەست پێدەکات، بزانن بزانن (اعلموا اعلموا) تاکو بەهەڵە بۆ دنیا نەڕوانن.. بزانن حەقیقەتی دنیاو جوانی‌و

ڕازاندنەوەکانی چییە هەتاکو پێی نەخەڵەتێن.. هیچ شتێکیش وەك زانین سوودتان پێ ناگەیەنێت‌و ڕزگارتان ناکات، مەگەر تەنها ئەوە نەبێت، کە لە کەسانی زانستمەندو بەهرەوەرانی زانین بن. ئەو کەسەی بەشێکی دیار لەژیانی دنیاو ئاڵاو واڵاو زینەتەکانیان پێ درابوو لە چ ئاستو پلەیەکی ئەو کەسانەدا بوون، کە زانست‌و زانیارییان پێ درابوو؟ ئایا هەردوولا وەك یەك‌و هاوشانی یەکدین؟ (هل یستوي الفریقان)؟.

پاداشتی خودا لەژیانی دنیا بۆ کێ چاکترە ؟!

ئەوانەی زانیاریان پێ درابوو چییان گوت بەوانەی کە بەدیاردەکانی ژیانی دنیا خەڵەتابوون؟! پێیان گوت: (کوڕە وریابن پاداشتی خودا چاکترە بۆ ئەو کەسەی باوەڕی بە خوداو پێغەمبەران‌و سەرجەم مەخلووقاتی دیارو نادیاری هێناوەو کارو کردەوەی چاکی کردوە) ﴿ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا ﴿٨٠﴾ القصص﴾

بێگومان ئەو فریودراوانەیان بانگ کرد بۆ زانینی باری ڕاستیی مەسەلەکان‌و، ئاراستەیان کردن بۆ داواکردن‌و بەئاوات خواستنی ئەو شتانەی، کە شایستەی داواکارین، ڕێنماییان کردن بۆ خواستنی پاداشتی گەورەو نەبڕاوەی خودا.

پاداشتی خوداش چاکترە، چاکترە لەماڵو موڵکی قارون‌و گەنجینەو کەرەسە ڕازێنەرەکانی، چاکترە لە دیاردەو نەخش‌و نیگارەکانی دنیا، چاکترە لەهەموو سامان‌و داراییەکی ساماندارەکان، چاکترەو چاکترە لەهەموویان، چونکە هەر پاداشتەکەی خودا دەمێنێت‌و هەمیشەیی یەو لەنێو ناچێت، چاکترە لەبەرئەوەی هەر بەو پاداشتە دڵو دەروون ئاشنا دەبێت‌و گیان شاد دەبێت‌و تام‌و چێژی ژیانیشی پێ خۆش دەبێت. چاکترە لەبەرئەوەی بەڵگەی خۆشەویستیی خوداو ڕەزامەندیو بەخششەکانیەتی. پاداشتی خودا چاکترەو، شایستەی ئەوەیە کە دڵو

دەروون بیخوازێتو چاوەکانی بۆی بڕوانن‌و خەڵکی بە ورەو سووربوونەوە بەرەو لای بڕۆن، هەروەها پاداشتی خودا شایستەی ئەوەشە، کە هەموو ماڵو کاتو تەمەنی مرۆڤی لەپێناودا تەرخان بکرێتو، هەموو وزەو تواناو ئیمکاناتێکیشی بۆ بخرێتە گەڕ. پاداشتی خودا بۆ ئیماندار چاکترە ﴿ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ چاکترە بۆ ئیمانداری چاکەکارو بەئەمەك..

پاداشتی خودا هەموو کەسێك بەتەمای نییەو، هەرکەسێکیش بەتەمای بێت دەستی دەکەوێت، هیچ کەسێکیش وەك بەهرەوەری زانیاریی ئیمانداریێتی بەتەمای پاداشتی خودا نییە.

هیچ کەسێك وەك ئەو کەسەی باوەڕی هێناوەو کارورەفتاری جوانی هەبووە پاداشتی خودای دەست ناکەوێت، چونکە ڕێگەی بەدەست هێنانی پاداشتی خوداو شاد بوون بەبەهەشتی هەمیشەیی، هەر باوەڕهێنانو چاکەکارییە، دیارە هەر تەنها بە ئاوات خواستنو بەخەیاڵو خەوبینین پاداشتی خودا دەسگیر نابێت. هەر بەگومانو بۆچوونو پروپاگەندەش دەسگیر نابێت، پاداشتی خودا تەنها بەرۆیشتن بەسەر ئەو ڕێگەیەدا دەسگیر دەبێت کە مرۆڤی پێ دەگەیەنێت، ئەویش ڕێگەی باوەڕهێنانو کرداری چاکەکردنە.. دەبا وریا بین ﴿وَيْلَكُمْ ثَوَابُ ٱللَّهِ خَيْرٌ لِّمَنْ ءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحًا﴾ ، ئەمە وتەی زانستمەندان بوو، ئەوەی شایەتی لەسەر ڕاستیی ئەم وتەیەی بەختەوەرانی زانست دەدات، فەرمایشتێکی تری خودایە کە لە سوورەتی (کهف) تێیدا دەفەرموێت: ﴿ٱلْمَالُ وَٱلْبَنُونَ زِينَةُ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ۖ وَٱلْبَٰقِيَٰتُ ٱلصَّٰلِحَٰتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا ﴿٤٦﴾ الكهف﴾.

هەندێك کەس تەنها ژیانی دنیاو جوانییەکانیان دەوێت، پاداشتی خودایان لەبیرکردووەو تەنها پاداشتی دنیایان مەبەستە.. دیارە ئیماندارانی چاکەکاریش

هەنو تەنها پاداشتی خودایان دەوێت، بەڵام خودا پاداشتی دنیاشو رۆژی دواییشیان پێ دەدات، وەك دەفەرموێت: ﴿... وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا نُؤْتِهِۦ مِنْهَا وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ ٱلْـَٔاخِرَةِ نُؤْتِهِۦ مِنْهَا ۚ وَسَنَجْزِى ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿١٤٥﴾ آل عمران﴾.. هەروەها دەفەرموێت: ﴿مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ ... ﴿١٣٤﴾ النساء﴾... بێگومان خودا بەڵێنی داوه بەوانەی باوەڕیان هێناوەو کرداری چاکیان کردووەو بەتەمای پاداشتی خودان، ئەو پاداشته چاكو بێ وێنەیەیان له رۆژی قیامەتدا پێ دەبەخشێت، وەك پێیان دەفەرموێت:

﴿... لَأُكَفِّرَنَّ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَلَأُدْخِلَنَّهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ثَوَابًا مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسْنُ ٱلثَّوَابِ ﴿١٩٥﴾ آل عمران﴾.

وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّـٰبِرُونَ

پاداشتی خودا بۆ ئیمانداری چاکەکار باشترە، بەڵێ ئەمە حەقیقەتێکی جوانو دروستو بنەبڕ (قاطع)ە کە هیچ گومانو شكو ناتەبابییەکی تێدا نییە. بەڵام ئایا خەڵکی هەموویان پەی بەم حەقیقەتە دەبەنو دەیناسن؟! ئایا هەموو خەڵکی وەری دەگرنو مامەڵەی لەگەڵ دەکەن؟ نەخێر، چونکە کەسانێك هەنو پەردە لەسەر چاویانەو ئەم حەقیقەتە نابینن، لەسەر دڵیشیان هەر پەردەیەك هەیەو پەیی پێ نابەن.. لەعەقڵیشیان دا بیرێکی تێکەڵو پێکەڵو پڕ لەتەمو فرو شێواو هەیە، کە لێی بێدار نابێتەوە.

بێگومان قورئان هەواڵی داوە، کە تەنها کەسانی بەئارامو خۆڕاگر وەری دەگرنو پەیی پێ دەبەن ﴿وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّـٰبِرُونَ﴾.. سەبر (ئارام گرتن)یش مەرجی پێ زانینی ئەم حەقیقەتەو وەرگرتنیەتی.. مرۆڤی ئارامگریش ئەو کەسەیە، کە شایانی وەرگرتنیەتی لەخوداوە، کەسی بێ ئارامو ڕاڕاش لێی بێ بەشە.

بەڵام ئارام گرتن چییە؟ ئارام گرتن لەسەر بەڵاو گرفتارییو تاقیکردنەوەکان، ئارام گرتنە لەسەر فیتنەگێڕیی ستەمکارو، لەسەر مەینەتیی توندو ناڕەحەت. کاتێك مرۆڤی ئیماندار خاوەنانی ماڵو سامانو گەنجینە دەبینێت، بەهۆی ئارامگیرییەوە خۆی لەسەروو ئەوانەوە رادەگرێت، کاتێك دیاردە سەرنج راکێشەکانو هەواو ئارەزووش دەبینێت، هەر بە ئارام گرتنەوە خۆی بەسەریان دا زاڵ دەکات، کاتێك کەسانی گرفتارو مەفتونو خەڵەتاو، بەزینەتی دنیاو خۆشییەکانی دنیا دەبینێت، تەنها بە ئارام گرتن خۆی لەئاستیان دا قایم دەکاتو، هیچ شتێکیش لەرووخانی وەك ئەوانی رزگار، ناکات تەنها ئارام گرتن نەبێت.

ئارامگرتن توێشوویەکی گەورەو کۆمەکێکی نەبڕاوەو، بەخششێکی تەواو

نەبووەو (وَلَا يُلَقَّىٰهَآ إِلَّا ٱلصَّٰبِرُونَ) ئارامگرتوان (صابرون) ئەوانەن کە دەزانن هەر پاداشتی خودا چاکترەو هەر ئەوە چاکە کە لای خودایەو، هەر نیعمەتو بەهەشتی خوداش چاکن. بۆیە ئەم پاداشتەش بەئارام گرتن داوادەکات، بەئارامگرتن هەولّی بۆ دەدات. بەئارام گرتن لەسەر هەلّوێستی خۆی دەمێنێت، بەئارام گرتن لەسەر ئەم ڕاستییە جێگیر دەبێت.

"کۆتایی و سەرەنجامی -قاروون-"

خودا فەرموویەتی: ﴿ فَخَسَفْنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُنتَصِرِينَ ﴿٨١﴾ القصص ﴾، (خۆیو خانەو ماڵیمان بەزەویدا بردە خوارێو، هیچ دەستەو تاقمێك بەبێ خودا نەیانتوانیوە یارمەتیدەری بنو، لە یارمەتیدراوانیش نەبوو).

(قارون) مایەی فیتنەو گرفتاریی بوو بۆ گەلەکەی، بەراستیش فیتنە رووی داو، تاقیکردنەوەش کۆتایی پێهات لەکاتێکدا وادەی کۆتایی هاتنی رۆڵی قارون هاتە پێش، بێگومان ماڵو سامان بۆ خودی قارونیش مایەی فیتنەو گرفتاریی بوو، ئەویش پێی تەفرەدراو مەفتونیو بووو لە تاقیکردنەوەکەشدا دەرنەچووو سەرەنجام: خۆی تووشی بووو سزای خۆی پێگەیشتو، شایانی ئەشکەنجەو ئازار بوو.

(قارون) ستەمی زیاد لەڕادەی لە گەلەکەی کردو لەسنوور دەرچوو، ئینجا سەرگەردانو لووتبەرزو بەزەبر دەرچوو، بەخۆی دەنازیو سەری لێ تێك چوو، بۆیە بەو شێوە خۆنواندنو خۆڕازاندنەوەیەوە بەنێو گەلەکەیدا سووڕایەوەو نازی دەرکردو پۆزی لێ دەداو کەشخەیی دەکرد، ئیدی خۆیو خەڵکیشی خراپ کرد، لەهەموو ئەو تاوانانەشدا ئەوپەڕی خراپیی گرتەبەر. تا لەئاکامدا کاتی چنینەوەی بەرهەمە

تاڵەکانی ئەو تاوانە دزێوانەی بەسەرداهات.

بێگومان خودا مۆڵەتی بەقارون دابوو تاکو بەخۆیدا بچێتەوەو بیر بکاتەوە، بەڵام بیری نەکردەوە، ئامۆژگارانیش ئامۆژگارییان کردو هیچ ئامۆژگارییەکی نەبیست، بەهەموو شێوازێکی وریاکردنەوەو پەندو دەرس دادان لەگەڵی خەریك بوونو پەندو وتەی بەسوودیان پێگەیاند، بەڵام هیچ پەندێکی وەرنەگرتو عاقڵ نەبوو.

(قارون) خودای پەروەردگاری بیر چووبووەوە، بۆیە خوداش (قارون)ی بەو دەروونە دنیا پەرستەی خۆی سپارد، ئەویش بە ماڵو گەنجینەکانی دەنازی بێ ئەوەی سودی پێبگەیەنو سەرخەری بنو سزای خودای لەسەر لابەرن. ﴿ فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلۡأَرۡضَ ﴾، (خۆیو خانەو ماڵیمان بەناخی زەویدا بردە خوارێ) لەنێوان ئەم دوو رستەیەدا ﴿ فَخَرَجَ عَلَىٰ قَوۡمِهِۦ فِي زِينَتِهِۦ ﴾ و ﴿ فَخَسَفۡنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ﴾ پەیوەستی هەیەو ئامرازی پەیوەستییەکەی نێوانیشیان پیتی (ف)ە، بەستنەوەی رستەی دووەمیش بە رستەی یەکەم بە پیتی (ف)و دەلالەتی پیتەکەش لەسەر رێکخستنو بەدواداهاتن (وەك زانایانی زمان دەڵێن) مانای وایە، کە (ڕستەی دووەم) لەسەر(ڕستەی یەکەم) رێکخراوەو، رستەی یەکەمیش هۆیەك بووە بۆ هاتنی دووەم، هەروەها رستەی دووەمیش راستەوخۆ لەدوای رستەی یەکەمەوە هاتووە.

دوای ئەم تێبینییەش لەسەر مانای پیتی (ف)و بەستنەوەی نێوانی هەردوو ڕستەکە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە دەرچوونو سووڕانەوەی قارون بەو شێوە خۆنواندنەوە لەنێوگەلەکەی داو بەو هەستی خۆ بەزل زانیو بەخۆشەیدابوونەی، هۆیەکی ڕاستەوخۆی سزا بە خۆگەیاندنو بەناخی زەوی داچوونی خۆیو خانەو ماڵی بووە، وادیاریشە حیکمەت لەوەدا ئەوەیە کەئەو بەدواقۆناغی خراپەو لە ستەمدا رۆچوونو زوڵمو فەساد گەیشتووە کاتێك بەو خۆڕازاندنو بەخۆنازینە بەناو

خەڵکیدا سووڕاوەتەوەو هیچ بوارێکی بۆ پاشگەزبوونەوە لەبەردەمدا نەماوەو هەموو شێوەو جۆرو ڕەنگێکی ئازاردانی گەلەکەی بەکارهێناوە، ئیدی چی بۆ ماوەتەوە؟!

ئەو بەم جۆرە گەڕانەی کە بەخۆیدا نازیوەو کەشخەیی پێوە کردووە رقو تووڕەیی خودای بەسەر خۆیدا هێناوەو داوای پێشخستنی سزاکەی کردووەو بەپەلەو هەڵەداوان خۆی پێ‌گەیاندووەو کەوتۆتە ناوی.

هەموو دەوڵەمەندە خۆ بەزل زانو لووتبەرزەکان بەم ڕەنگە رەفتار دەکەن، بەتایبەتیش هەتا لووتبەرزیو خۆ بەزل زانییان زیاتر بێت، ئەوا گوناهو سزاکەشیان زیاتر دەبێت، هەرچەندێکیش زیادەڕۆیی لەکەرەسەی خۆشی رابواردنو بەدڕەوشتیو بەخۆنازینو لەخۆبایی بوون دا بکەن، ئەوا بەشێوەیەکی زیاتر سزاو رقو تووڕەیی توندی خودا بەسەر خۆیاندا دێننو، پەلەیان لەکەوتنە نێو ئەو سزایەدا کردووە. خوداش فەرموویە: ﴿ وَلَا يَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ خَيْرٌ لِّأَنفُسِهِمْ ۚ إِنَّمَا نُمْلِى لَهُمْ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِثْمًا ۚ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٧٨﴾ آل عمران﴾، واتە: (ئەوانەی کافربوون وا نەزانن مۆڵەتمان داونو نازو نیعمەتی دنیامان پێ بەخشیون وگوایە ئەوە مایەی خێرو خۆشییە بۆیان، ئێمە بۆیە مۆڵەتیان دەدەین تا گوناهو تاوانیان زیاتر بێتو سزایەکی سەرشۆڕکەریش چاوەڕییانە).

تاوانی قارونیش کە بەخۆنواندنو خۆڕازاندنەوەی زیاد لەڕادەوە بەنێو گەلەکەیدا سووڕاوەتەوە، بووە هۆی بەناخی زەویدا بردنی خۆیو خانەوماڵی ﴿فَخَسَفْنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلْأَرْضَ﴾ بەو ناخی زەویدابردنەش (قارون) کۆتایی پێ‌هاتووەو فیتنەو بەڵای نەماوەو ماڵو سامانیشی بزربووەو لەبەرچاوان نەماوە.. زەوی درزی داوەو قووتی داوە، خۆیو ئەو خانووەی قووت داوە، کە هەموو ماڵو سامانو گەنجینەکانی تێدابووە.

قورئان چۆنیەتیی ئەو بەناخی زەوی دابردنەی شی نەکردۆتەوەو بەدرێژی باسی

لێوه نه‌كردووه، له‌به‌ر ئه‌وه بۆ ئێمه شیاو نییه كه هیچ قسه‌و باسێك له‌وباره‌یه‌وه له وته هه‌ڵبه‌ستراوه‌كانی جووله‌كه‌و (اسرائیلیات)یانه‌وه وه‌رگرین، به‌ڵكو ته‌نها شێوازی كورتكردنه‌وه‌ی ئایه‌ته‌كه‌و ڕاده‌ی زانراویی‌و نه‌زانراویی چیرۆكه‌كه ڕه‌چاو ده‌كه‌ین‌و قورئان چۆنی هێناوه ئێمه‌ش هه‌ر هێنده‌ی لێ باس ده‌كه‌ین‌و پتر له قورئان له‌سه‌ری ناڕۆین.

زانایانی ته‌فسیر له‌ڕێی گێرانه‌وه‌و له‌مه‌ڕ ته‌فسیری خۆیان بۆ ئه‌و به‌ناخی زه‌وی دابردنه فه‌رمووده‌یه‌كیان به‌پله‌ی (صحیح) له پێغه‌مبه‌ره‌وه ﷺ گێڕاوه‌ته‌وه كه فه‌رموویه‌تی: ((**بینما رجل یجر إزاره، اذا خسف به، فهو یتجلجل في الارض الی یوم القیامة**))[1]. واته (له‌كاتێكدا پیاوێك شه‌رواڵ‌و پانتۆڵه‌كه‌ی له‌به‌ر لوتبه‌رزی به‌دوای خۆیدا ده‌خشێنێ، كتوپڕ به‌ناخی زه‌ویدا بڕاو تا ڕۆژی قیامه‌ت هه‌ر به‌قوولایی زه‌ویدا ده‌برێت). گوتوویانه (مه‌به‌ست له‌م پیاوه‌ی نێو فه‌رمووده‌كه — قارون-ه)..

زانای ئیسلام (ابن حجر)، كه نازناوی (الحافظ)ی هه‌یه به‌هۆی ئه‌وه‌ی ژماره‌یه‌كی هێجگار زۆری فه‌رمووده‌ی له‌به‌ربووه، له‌كتێبه‌كه‌یدا (فتح الباری) وله شیكردنه‌وه‌ی ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌دا گوتوویه‌تی: (علامه الكلابادي) له‌كتێبی (معانی الاخبار)دا سووره له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی، كه ئه‌و پیاوه‌ی له فه‌رمووده‌كه‌دا باسی هاتووه-قارون-ه هه‌روه‌ها زانا (جوهری)یش له (صحاح)دا هه‌مان بیروڕای هه‌یه. (طبري)یش له (التاریخ)دا له (قتاده)وه گێراویێتییه‌وه، كه گووتوویه‌تی: (بۆمان باس كراوه كه (قارون) هه‌موو ڕۆژێك به‌قه‌د باڵای مرۆڤێك به‌ناخی زه‌ویدا ده‌برێته خواره‌وه‌و، تا ڕۆژی قیامه‌ت هه‌ر به‌نێو زه‌وی داده‌برێت‌و ناگاته بنه‌كه‌ی))[2].

ئه‌م وته‌یه‌ی (قتاده)، كه (طبري) هێناویێتییه‌وه، هیچ به‌ڵگه‌یه‌كی له‌فه‌رمووده (صحیح)ه‌كاندا له‌سه‌ر نییه، بۆیه ئێمه‌ش له‌ئاستی دا بێ ده‌نگ ده‌بین وهیچ ناڵێین.

---

(١) البخاري: كتاب اللباس (٧٧) باب من جر ثوبه من خیلاء (٥) حدیث رقم (٥٧٩٠).
(٢) فتح الباری- طبعة السلفیه (١٠:٢٦٠)

لێرەشدا گرنگ ئەوەیە، کە فەرموودەکە بەڕاشکاوی ناوی (قـارون)ی نـەهێناوە هەرچـەندە وای لـێ بفامرێتـەوە، ئـەم جـۆرە فـەهمو لـێ تێگەیـشتنەش بـەدوور دانانرێتو ئەگەری شیاوی هەیە.

بەهەرحاڵ خودا (قارون)ی بەناخی زەویدا بردو، نـەماڵ وسـامانی سـوودی پـێ گەیاندو، نەگەنیجنـەکان بـەرگرییان لێکـردو، نـەهیچ کەسـێکیش لـە ئـادەمیزاد سـەرخەری بـوو: ﴿فَمَا كَانَ لَهُۥ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ ٱلْمُنتَصِرِينَ﴾.

(قاروون) ڕۆیشتو کەوتە نێو قووڵاییەکانی زەوییـەوە، گەنجینـەکانیش تێیـدا سەرنگوم بوونو، وەك ئەوەی لەم دنیایەشدا نـە ژیابێـتو خـاوەن موڵـكو سـامان نەبووبێت.

(قاروون) ڕۆشتو تەنها چـیرۆكو بەسـەرهاتەکەی مایـەوە، تاببێـت بـە پەنـدو دەرس بۆ گشت کەسێك، کە پەندی لێ وەربگرنو، وەك قارون ڕەفتار نەکەن، تـاکو ئەو سزایەی، کە خودا بە قاروونی گەیاند بەر ئەوان نەکەوێت، چونکە گەر وەك ئەو ڕەفتار بکەن، ئەوا هیچ شتێك سوودیان پـێ ناگەیـەنێتو سـزای خودایـان لەسـەر هەڵناگرێـت وەك چۆن قارون هیچ شتێك سوودی پێنەدا..

وَأَصْبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوْاْ مَكَانَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَقُولُونَ

خودا لەبەرچاوی (بەنوئیسرائیل) بە هەردوو کۆمەڵەکەوە (کۆمەڵی ئیماندارە بە ئارامەکان) و(کۆمەڵی ساویلکە خەڵەتاوەکان) قارون ومالّ وسامانەکەی بەزەوی دابردە خوارەوە.

دیارە ئەو ئیماندارە بەئارامانەی بە (قارون) نەخەڵەتابوون، سوپاسی خودایان کرد لەسەر ئەوەی قارون ومالّی وسامانەکەی لەنێو بردو فیتنەو فەسادیی نەهێشت هەروەها دیارە کۆمەڵەکەی تریشیان (واتە کۆمەڵی هەڵخەڵەتاوانیان) بەئاگاهێناوەتەوە لەو قسانەی کەپێشتر پێیان گوتبوون.

بێگومان ئەو ئیماندارانە قەناعەت وباوەڕیان بەو ڕێساو بنەماو یاسایانەی خۆیان زیاترو زۆر تربوو، هەروەها باوەڕو متمانەو دڵنیاییو یەقینیشیان بەو ڕێساو بنەمایانە یان زیاتر بوو کەخودا پێی گەیاندوون.

بەلاّم ئەو ساویلکەو نەفامانەی کە بەقارون هەڵخەڵەتابوون، لەقورئاندا هەڵوێستە نوێ یەکەیان تۆمار کرا کەچۆن بەجۆرە لاقرتێو فرۆشان و سەرسامیو سەرسوڕمانێکەوە ئەورووداوەیان بینی وکاری تێکردن پاشان هەرئەم ساویلکانە دووهەڵوێستی لێك جوداو دژ بەیەکیان هەبوو، ئەوە بوو تارۆژی دوێنێ کە- قارون- یان دەبینی بەوشێوە خۆنواندنەوە بەنێویاندا دەسوڕێتەوە پێی دەخەڵەتانو هیوایان دەخواست وەك ئەو دەوڵەمەندبنو، وایان دادەنا کەئەو زۆر بەختەوەرە بەهۆی ئەوگەنجینەو سامانو کەرەسانەی کەشخەییو خۆڕازاندنەوەیەوە، هەر بۆیە تادوێنێ دەیانگوت ﴿يَٰلَيۡتَ لَنَا مِثۡلَ مَآ أُوتِيَ قَٰرُونُ إِنَّهُۥ لَذُو حَظٍّ عَظِيمٖ ﴿٧٩﴾ القصص﴾ بەلاّم ئەمڕۆ (واتە رۆژی تیاچوونی قارونو سامانەکەی) دوای

بەزەویدا دابردنی قارون هەڵوێستیان گۆڕاوەو، دەڵێن: (سوپاس بۆ خـودا ئێمـە وەك (قارون) نەبووینو وەك ئەو خاوەنی موڵكو وسامان نەبووین، دەنـا گـەر وەك ئـەو بووینایە، ئەوا خودا ئێمەشـی بـەناخی زەویـدا دەبـردە خـواریّ.. بەراسـتی خـودا منەتو چاکەی لەسەرمان هەبووە، کە هەژار بـووین).. جـا سـەیری ئـەو گوتـارە سەرزەنشتکارەی قورئان بکە، چۆن دەربارەیـان دەدوێـت: ﴿ وَأَصْبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوْا۟ مَكَانَهُۥ بِٱلْأَمْسِ يَقُولُونَ وَيْكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ وَيَقْدِرُ ۖ لَوْلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيْنَا لَخَسَفَ بِنَا ۖ وَيْكَأَنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨٢﴾ ﴾ القـصص .. ئـەو وشەیەی کە درکاندوویانە (ویكأن) چەندین بیروڕای زانایان لەسەر ماناکـەی هەیـە، امام (ابن کثیر) لەتەفسیرەکەیدا گرنگترین ئەو بیروڕاو وتانەی هێناوە، وەك:

١- هەندێکیان دەڵێن: وشەکە کورت کراوەی رسـتەی (ویلـك اعلـم ان...)، واتـە (کورە وەیل بۆ تۆ بزانەکـە) لـەم رستەیەشـدا پـیتی (لام) لـەو شـەی (ویلـك) لابراوە، هەروەها بۆ سووك کردنیش وشەی (أعلـم) لابـراوەو بووەبـە (ویـك ان) پاشان هەردوو وشەی (ویك)و (ان) پێکەوە لکێنراونو بووە بە (ویكأن).

٢- (قتادە)ش دەڵێت: واتە (ئایا نەت دیوەکە/ أَلَم تَرَ أن ..).

٣- چەند زانایەکیتریش دەڵێن: (وشەکە لە دوو وشە پێك هاتووە:-

أ- کەپیتی سەرسوڕمانە یان پیتی بەئاگاهێنانە.

ب- (کأن) بەمانای گومانم وایەو وای دادەنێم"..

جا ئەگەر سەرنج لەم سێ جۆرە بیروڕاو وتانە بـدەین، دەبیـنین کەوتـەی دووەمو سێیەم پەسەندنو لەگـەڵ (مانـای ئایەتەکـەو ئـەو شـوێنەی تێیـدا هـاتووەو ئـەو چیرۆکەی باسی لێوە دەکات"[1] دەگونجێن.

---

(١) بڕوانە تەفسیرەکەی (ابن کثیر-٣: ٤٠١).

ئەم کۆمەڵە کەسە سەرسام بوون بەو ڕووداوەی بەسەر —قارون-داهاتو، تووشی ڕاچڵەکانو دڵە خورپێ بوون. جائێستا کە ئەو ڕووداوە یان دیووەو بەچاوی خۆیان سەیریان کردووەو کارتێکراو بوون پێی، ئێستا باوەڕیان بەو ئیماندارە ئامۆژگارانەیان کردووە لەو ئامۆژگاریانەی پێشوویان دا، کە پێیان ڕاگەیاندبوون. ئێستا زانیویانە، کە خودارزق‌ورۆزی دەدا بەهەر کەسێك، یان کەمی دەکاتەوە بەگوێرەی خواستی دانایانەی خۆی..

ئێستا زانیویانە، کە قاروون بەختەوەرو خاوەن بەختی زۆر نەبووە..ئێستا زانیویانە کەماڵو سامانەکەی هۆی لەنێو چوونی بووەو مایەی ڕقو تووڕەیی خوداش بووە،... ئێستا زانیویانە ئەوان خۆیان خاوەنی بەختی گەورە (حظ عظیم)و بەختەوەرن.. ئێستا زانیویانە، کە کەمیی ماڵو سامانیان منەتو نیعمەتێك بووە لە خوداوە. ئێستا زانیویانە، کە کافران شادو سەرکەوتوو نابن و لەدەست سزای خودا دەرباز نابن.

ئێستا هەموو ئەم واتاو ڕاستییانەیان زانیوە، بەڵام درەنگ زانیویانە، لەکاتێکدا باوەڕدارە بە ئارامەکان لەکاتێکی زووترەوە زانیبوویانو پەییان پێ بردبووو دڵنیابوون لێیو ئارامیشیان لەسەر گرتبوو، هەر لەسەرەتای فیتنەی گرفتاریی لەستەمدا ڕۆچوون قارونەوە.

بێگومان هەردوو لا (هەر دوو جۆرە کۆمەڵەکەی (بەنو ئیسرائیل)) وەك یەك نین، نە لە هەڵوێستو نە لە زانینو نە لە بڕوای بێگەرددا، یەکسانو وەك یەك نین، هەڵوێستێکی بەتینو دڵنیابەخش لەسەرەتای دەرکەوتنی یەکەم پریشکی فیتنەو توندیی تاقیکردنەوە قارونیەکەوە یەکسان نییە لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی، کە درەنگانێك لەدوای بینینی واقیعیی ڕاستیی مەسەلەکەوە دەگیرێتەبەر..

هەردوو زانینەکەش هەر یەکسانو چون یەك نین، واتە زانینی زووترو لەپێشتری کۆمەڵی ئیمانداران، کە زانینێکی بەتینو ڕێنماکار بووەو هیچ شكوگومانو

دڵەڕاوکێیەکی تێ نەکەوتووەو واقیعی قارونیش هەر چەندێك ستەمکارو بەهێزو لووتبەرز بوو بێت ئەو زانینەی بۆ نە لە رزانـدوون. ئـەم زانینـە وەك زانـینی ئـەو کۆمەڵەی دووەم نەبووە، کە زانینێکی لەناکاوو کتوپڕیی بووە، گەر دوای بینـینی ڕووداوەکەش نەبوایە، نەیاندەدۆزییەوەو لایان سەری هەڵنەدەدا، بەتایبـەتیش دوای ئەوە خـەڵکی هـەموویان لێـی ئاگـادار بـوونو بڕوایـان پـێ کـردووە (واتـە بـەو سەرەنجامەی —قارون).

بێگومان ئەم زانینەی کۆمـەڵی دووەم، کـە لای فریـودراوانی (قـارون) سـەری هەڵداوەو، کە لەکاتێکی درەنگدا هەموو کەسـێکی هەڵخەڵـەتاوو فریـودراوی وەك ئەوان، بێئەوەی پێوەی ماندووبن، هەستی پێ دەکـەن، ئەمـەش هـیچ ئازایـەتیو چاکەو تامو بەهایەکی تێدا نییە، چونکە دوای ڕووداوەکە پێیان زانیـوە. بێگومـان ڕووناکیی بەیان بۆ هەموو کەسێکی خاوەن دووچـاو دەرکـەوتو، حەقیقـەتیش بـۆ هەر بینەرێك ڕوون بۆوەو هەموان لەپەی پێبـردنیدا یەکسان بوونو، لـەوەدا کـەس چاکەی بەسەر کەسەوە نییە.

پاشان ئاخۆ ڕۆڵی عەقڵ لەو زانینە پاشوەختەدا چی بێت؟

ئەی ئایـا تێگەیـشتنو هۆشـیاریو زیرەکـی، چ ڕۆڵێکیـان هـەبووە؟ بێگومـان کەسانی ساویلکەو گەمژە ئەرکی ئەم بەهرەو وزانە پەك دەخەنو هەست بە زانـینی ڕاستی مەسەلەکە، ناکەن تەنها دوای ڕووداو نەبێت، باوەڕ بە حەقیقەتیش ناکـەن، تەنها دوای بەدی هاتنی نەبێت لە وێنەیەکی دەرەکیدا..

بێگومان گەورەییو شکۆو پێشکەوتنو ئەمەكو سەربڵندیی، چەند سیفەتێکی دیاری کۆمەڵی باوەڕدارە بەئارامەکانـە، کـە لـە کـاتێکی زووتـرەوە حەقیقـەتیان زانیوە، ئەم زانینە بەتین و لە پێـشینەشیان لـە دەرەنجـامی شـارەزاییو زیرەکـیو هۆشیاریو بەگەڕخستنی عەقڵیانو، گەورەیی باوەڕیـانو، ڕاسـتیی تێڕوانینیـانو،

هێزی چاوانیانەوەیە. هەردوو جۆرە زانینەکە (پێشینەکەو پاشینەکە) وەك یەك نینو جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو کەسەی زووتر پیٔ دەزانێتو بەتەنها پێش خەڵکی تر پەی بەراستی دەبات، لەگەڵ ئەوکەسەی درەنگ پیٔ دەزانێتو، لە خەڵکیتر دوادەکەوێت.

هەروەها خوویەکی تر لەلای کۆمەڵیٔ ساویلکەو تەفرەدراوان بەدی دەکەین، کە پەیوەستە بە زانینی دواکەوتوانەی‌و، گەمژەییە ئاشکراکەی‌و، پەکخستنی سیفەتەکانی شارەزایی‌و زیرەکی‌و هۆشیاری‌و ژیری‌و تێڕوانینی، خووە بەدی کراوەکەشیان ئەو لاسەنگی‌و لێك جوداییانەی نێو هەڵوێستو ئاواتو حوکمەکانیانو، هەڵەی نێو تێڕوانینو هەڵسەنگاندنیانە.

تادوێنیٔ دەیانگوت: (خۆزگە ئێمەش وەك قارونماڵو سامانمان پیٔببەخشرایە)، ئەمڕۆش (دوای ڕووداوەکە) دەڵێن): (سوپاس بۆ خودا کە ئێمە وەك قارون ماڵو سامانمان پیٔ نەبەخشراوە).. تادوێنیٔ (قارون) خۆشبەختو خاوەنی بەختی گەورە بوو، بەڵام ئەمڕۆ (دوای بەزەوی دابردنی (قارون)) خۆیان خۆشبەخت وخاوەنانی بەختی گەورەن.

تادوێنیٔ خۆیان بە بێبەش لە نازونیعمەت دادەنا، ئەمڕۆش خۆیان بەوە دادەنێن، کەوا خودا نازونیعمەتی زۆری پیٔ داون، جا ئاخۆ هۆکارو ڕازو نهێنیی ئەم شڵەژانو لاسەنگی‌و لێك نەچوونەی ئەو جۆرە کەسانە چی بێت؟ ڕازو نهێنیی ئەمە لە خوازیاریی ژیانی دنیادایە ﴿قَالَ ٱلَّذِينَ يُرِيدُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ﴾.

ئەی داخۆ ڕازو نهێنیی زیرەکی‌و شارەزایی کۆمەڵی یەکەم چی بێت؟ ڕازو نهێنیی ئەمەش ئەو زانستو زانیارییە بەتینو هەق بینەیە، کە خودا ئاماژەی بۆ کردووە: (قال الذين اوتوا العلم).. جالە کوێن ئەوانەی دەیانەوێت زانست فێربنو، پەندو وانە وەربگرن؟!!

بەدواداچوونی قورئان لەسەر چیرۆکی (قاروون)

دوای ئەوەی (قارون) لەنێو چووەو، چیرۆکەکەی بەپێی ئەو مەنهەجە قورئانییەی خستنە رووی چیرۆکەکانی گێڕاوەتەوە لەشیاوترین حاڵەتی بەدوا داچوون وبڕیاردان دا کەدەروونەکان خرۆشان بەوەی بیستوویانەو، کەدڵەکانیش ئامادەن بۆ وەرگرتنی بەدوادا چوونی شیاوی قورئان، ئەم فەرمایشتەی خودا لەمەڕ بەسەرهاتەکەی قارونەوە هاتووەکە فەرمووبە: ﴿ تِلْكَ ٱلدَّارُ ٱلْـَٔاخِرَةُ نَجْعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ۚ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٤﴾ القصص﴾، واتە: (ئەو خانەیەی رۆژی دوایی کە بەهەشتی بەرینە ئامادەمان کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە باڵادەستیی ستەمکارانەیان لەزەویدا ناوێتو فەسادو تاوان لەزەویدا بڵاوناکەنەوە. سەرەنجامی چاکیش هەربۆ کەسانی لەخواترسو پارێزکارە. هەرکەسێك کارێکی چاك ئەنجام بدات ئەوە چاکتر دێتە رێی، هەر کەسێکیش کارێکی خراپە بکات ئەوا سزای خراپەکاران و گوناهباران بەگوێرەی خراپەو گوناهەکانیانە).

لەم بەدواداچوونەی قورئاندا هەندێك ماناو ئاماژە دیاری دەکەین، وەك:

١- ئاراستەکردنی چاوو دڵو ژیانی گوێگرەکان بەرەو خانەی ئاخیرەتو، بانگکردنیان بۆ سەرنەکردنە سەردنیاو کە نابێت دنیا بەگەورەترین ئەندێشەیانو دوا پلەی زانینیانو ئەوپەڕی هیواو ئاواتیان دابنێن.

٢- دیاریکردنی سیفەتەکانی ئەوکەسانەی داوای خانەو ماڵی ئاخیرەت دەکەن، هەروەها دیاریکردنی رەوشتەکانی ئەوکەسانەی، کە خودا خانەی رۆژی دوایی

پێ بەخشیون، کە ئەوانەن ﴿لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوًّا فِي الْأَرْضِ وَلَا فَسَادًا ﴾- (بالاّ دەستی‌و لووتبەرزیی‌و خراپەیان لەسەر زەویدا ناوێت).

لەڕێی ئەم سیفەتانەشەوە رازو هۆکاری لەنێوچوونی قارون دەزانین، ئەویش ئەوەبوو حەزی لەدنیابوو ئاخیرەتی نەدەویست، هەروەها خوازیاری بالاّ دەستیی ستەمکاری‌وخراپەو شێواندن بوو لەزەویدا.

٣- هەرکەسێك خوازیاری لووتبەرزی‌و فەسادی سەرزەوی بێت‌و ژیانیشی بۆ ستەمکاری‌و فەسادی تەرخان کات ئەوە بێگومان هەردوو ژیانی دنیاو ڕۆژی دواییشی دۆڕاندووە. لەژیانی دنیادا سزای خودای تووش دەبێت، لەژیانی ڕۆژی دواییشیدا چارەنووسی هەرئاگری دۆزەخە. کەوابوو هەردوو خانەی دنیاو ئاخیرەت وەها دەدۆڕێنێت کە خانەی دنیای بەتیاچوون‌و ماڵکاولی لەدەست دەچێت‌و لە خانەی قیامەتیشدا دەبێتە سووتەمەنی ئاگری دۆزەخ. (قارون) یش دیارترین نموونەی ئەم ڕاستییەیەو پەندێکیشە بۆ ئەو کەسەی سوودی لێوەردەگرێت.

٤- سەرەنجام بۆ لە خواترس‌و پارێزکارانە (العاقبە للمتقین).. لەخوا ترسان‌و پارێزگاری (تقوی)و ڕازی پایەدار بوون لە دنیادا هۆی پەسەندبوونی کردەوەیە لای خوداو بەدەست هێنانی بەهەشتەکەیەتی. سەرەنجامی چاك لەم سەر زەوییەشدا بۆ تەقوا کارو لەخواترساوانە، چونکە هەر ئەوان شایستەی ئەو سەرەنجامەن، هەر ئەوانن ئیصلاحی سەر زەوی بەتەقواو لەخواترسانیان دەکەن‌و، بەهای بەرزو بیروباوەڕی جوان‌و ڕاستی یەکان‌و کرداری جوانی تێدا پەخش دەکەن‌و، ڕیساکانی زوڵم‌و ستەمکاری‌و دەسدرێژیی تێدا قەلاّچۆ دەکەن.. بەلاّم زۆردارانی لووتبەرزو بەدرەفتار هیچ سەرەنجامێکی باشیان لەسەر زەوی دانییە، چونکە بیروباوەڕی زوڵم‌و ناهەقی تێدا بلاودەکەنەوەو تۆوی فەسادو دوژمنکاریی تێدا دەچێنن‌و، زەوی وێران دەکەن‌و ژیان تێك دەدەن، ئەوان یەکەم کەس خۆیان لەناو دەبەن‌و یەکەم جاریش کەسانی خۆیان.

ئەمەش دەستوورێکی بنەبڕی خوداییيەو، لە هیچ سەردەمێك لە سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا دواناکەوێت، هەر بەم رێساو دەستوورەش (العاقبة للمتقين).

چەندین ئایەتی قورئان بۆ دووپاتکردنەوەو جەخت کردنە سەر ئەم دەستوورە خوداییيە هاتوون، بۆنمونەش: (موسا) کاتێك گەلەکەی لە (میسر)دا بێدەسەلاتو بێهێز بوون، پێی گووتن: ﴿...ٱسْتَعِينُوا۟ بِٱللَّهِ وَٱصْبِرُوٓا۟ إِنَّ ٱلْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ وَٱلْعَٰقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٨﴾ الأعراف﴾، واتە: ((موسا) بەگەلەکەی گوت پشت بەخودا ببەستنو ئارامبگرن. چونکە بێگومان مولْکی زەوی هی خودایەو دەیدات بە هەر کەسێك لە بەندەکانی بە شایستەیان بزانێت سەرەنجامی چاکی سەربەرزیو سەرفرازییش لە دنیاو لە قیامەتدا هەر بۆ کەسانی لەخواترسو پارێزکارانە)، ئەم ئایەتانەی تریش هەمان ماناو مەبەستیان هەیە، وەك خودا تیایاندا دەفەرموێت:

- ﴿قُلْ يَٰقَوْمِ ٱعْمَلُوا۟ عَلَىٰ مَكَانَتِكُمْ إِنِّى عَامِلٌ ۖ فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ مَن تَكُونُ لَهُۥ عَٰقِبَةُ ٱلدَّارِ ۗ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿١٣٥﴾ الأنعام﴾.
- ﴿ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أَقَامُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُا۟ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُوا۟ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا۟ عَنِ ٱلْمُنكَرِ ۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٤١﴾ الحج﴾.
- ﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِى ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعْدِ ٱلذِّكْرِ أَنَّ ٱلْأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِىَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴿١٠٥﴾ إِنَّ فِى هَٰذَا لَبَلَٰغًا لِّقَوْمٍ عَٰبِدِينَ ﴿١٠٦﴾ الأنبياء﴾.

واتای ئەم ئایانە هەمووی باسی سەرەنجامی چاکی دنیایە، کە لەڕاستیدا هەر بۆ کەسانی لەخواترسو پارێزکارە، سەبارەت بەرۆژی دواییش، دیارە هیچ کەسێك گومانی لەوەدا نییە، کە سەرەنجامی چاك لەو ڕۆژەشدا هەر بۆ

پارێزکارە خواناسەکانە، بەهەشتیش تەنها بۆ ئەوانە، وەك خودا فەرموویە:

﴿ وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ خَزَنَتُهَا سَلَٰمٌ عَلَيْكُمْ طِبْتُمْ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِى صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُ ۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾ الزمر ﴾.

واتە: (ئەوکەسانەی پارێزکارو ئیماندارو لەخواترسیو گوێڕایەڵی پەروەردگاریان بوونو کاریان بۆ ڕۆژی دوایی دەکرد دەستە دەستەو پۆل پۆل بەرێوە بەرەو بەهەشت بەڕێ دەکرێن کاتێك دەچنە بەهەشتەوەو دەرگاکانیان بۆدەکرێتەوە فریشتەکانی بەهەشت، کە بەرپرسو سەرپەرشتیاری بەهەشتن پێیان دەڵێن: (سڵاوتان لێ بێت، هێمنو ئاسوودەیی تەواوو هەمیشەییتان لەسەر بێت کەوا خۆتان لەپیسیو چەپەڵیی تاوانو ستەمکاری پاك کردۆتەوەو لە هەموو بەدکارییەك بەدوور بوون) فەرمون بچنە بەهەشتەوە لەگەڵ ژیانی بەردەوامو نەمریدا)، ئینجا ئەمانیش (واتە ئیماندارە بەتەقواو پارێزکارەکانی نێو بەهەشت دەڵێن (سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە بەڵێنی خۆی بۆ بەدی هێناینو کردین بە خاوەنی سەرزەمینی بەهەشتو لە هەر جێیەكو لە هەرشوێنێکی بەهەشتدا بمانەوێت بەویستی خۆمان سەربەستانە ژیان دەبەینەسەر، ئای چەندە پاداشتی هەوڵدەرو کرێکارانی ڕێی باوەڕ چاكو گەورەو بەنرخە)).

٥- ئایەتەکەی دواییش ﴿ مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُواْ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿٨٤﴾ القصص ﴾ دووپاتکردنەوەی ڕێسا خوداییەکانە لەسەر پاداشتو سزاو، پاداشت دانەوەو سزادان، ئەو ڕێسایانەش لەسەر بنەمای دادپەروەریی ڕەهای ئیلاهیین،

هەرکەسێك چاکەیەك بکات، ئەوا خوداش بەچاکی مامەڵەی لەگەڵدا کـردووەو پاداشتێکی گەورەترو چاکتر لەکارە چاکەکەی دەداتەوە وچەندان هێنـدەش بـۆی زیاد دەکات چونکە خـودا بەچـاکە پاداشـتی چـاکە دەداتـەوە هەرکەسـێکیش خراپەیەك بکات ئەوا خۆی بەروبوومی دەچـنێتەوەو خـودا بەدادگـەرێتی خـۆی سزای دەدات و بەرەنجامی خراپەوکارە نابەجێکەی پێ دەگەیەنێت .

پوختەی گرنگتـرین وانەو پەند لەم چیـرۆکەوە

لێرەدا گرنگترین ئەو وانەو پەندو ئاماژانە دیاری دەکەین کە دەشێت لە چیرۆکی (قارون)دا بەکورتی دەریان بێنین:-

١- ستەمکاران لەسەر سیفەتی ستەمکاریی پێك دەگـەن ئەگەرچـی وڵاتیـان لێـك جوداو رەگەزیشیان جیاواز بێت، هەر بۆیەش قورئان (قارون)-ی ئیـسرائیلی)ی لەگەڵ فیرعەون دا داناوەو، بە هاوشێوەو هاوکرداریی یەکدییان لەقەڵەمداوی.

٢- هۆکارەکانی ستەم لەلای ستەمکاران هەمەچەشنن، ستەمی هەندێکیان بەهۆی ماڵو سامانەوەیە، هەندێکیشیان بەهۆی پلەو پایەوەیـە، کۆڵکـەی هاوبەشـی هەموو چەشنەکانیشیان تەنها بەستەمو زۆرداری ناو دەبرێت.

٣- (قارون) بەزۆریی موڵكو ماڵو بارستایی گەنجینەکانی گرفتـارو شـەیدا ببـوو، هەر ئەمەشهۆی لەنێو چوونو خەسارەتمەندیی بوو.

٣- رای یەکلاکراوە لەسەرمانای (مفاتح)ی گەنجینەکانی قارون ئەو قاسـەو کۆگـاو مەخزەنانەیە کـە موڵـك ومـاڵی تێـدا دەپارێزێـت نـەك چـەندان کلیلـی ئـەو مەخزەنانەبێـت .

٥- دابەشبوونی (بەنوئیسرائیل) لەڕووی تێڕوانینیان بۆ —قارون-و هەڵوێستیان لـە گرفتکاری یەکەیەوە بەسەر دوو کۆمەڵدا، حاڵو بارودۆخی گشت نەتەوەیەکـەو

بەرامبەر ئەو جۆرە بەڵاو فیتنەیەی ماڵو سامان دەبنە دوو دەستەو کۆمەڵەوە.

٦- زۆرن ئەوانەی لەسەر ڕێگەی(قارون) دەڕۆنو، بەو ماڵ وسامانەی خودا پێیان دەبەخشێت لەخۆیان بایی دەبن. زۆریشن ئەو کەسانەی بەو قارونانەش دەخەڵەتێنو لەخشتە دەبرێن..

٧- پێویستە هەمیشە چەند کەسێکی باوەڕ دارو پیاو چاكو بەئارام هەبن کە ئامۆژگاریی ستەمکارو زۆرداران بکەن وەك چۆن ئیماندارانی (بەنو ئیسرائیل) ئامۆژگاریی (قارون) یان دەکرد.

٨- ڕێسایەکی گشتیی قورئان ئەوەیە: بێگومان خودا ئەو جۆرە کەسە خۆشحاڵو شادمانانەی خۆش ناوێت کە خۆشحاڵییان بە نازونیعمەتی خودا بەرەو لووتبەرزیو بەخۆ نازینو کەشخەییو لەخۆبایی بوونو زوڵمو بەدرەفتارییان دەبات.

٩- شادی لەئیسلام دا دوو جۆرە، جۆرێکیان ڕەواو ڕێ پێدراوە، تەنانەت، داواکراوو حەزلێ کراوە، ئەویش دڵشادیی مرۆڤی باوەڕدارە بەنازونیعمەتەکانی خوداو، قایل بوونە بەرادەو میقدارییانو، سوپاسکردنی خودایە لەسەریان جۆری دووەمیش نارەواو ڕێ لێ گیراوەو ئەوەیە مرۆڤ بەرەو لەخۆبایی بوونو بەخۆنازینو ستەمو نکوولی لەفەزلی خوداو پێنەزانییان هەڵدەنێت.

١٠- دڵشادیی ڕاستەقینە ئەوەیە مرۆڤ بەشتێکی نەبڕاوەی هەمیشەیی دڵشاد بێت کە ئەوەش فەزلو ڕەحمەتو نیعمەتو بەهەشتی خودایە، بەڵام شادبوون بەشتێکی لاوەکیو بڕاوەی وەك دنیاو باقو بریقو ئاڵو واڵاکانی، ئەوە بەڵگەی ساویلکەییو بێئاگایی یە.

١١- ئیسلام چەند ڕێسایەکی هەمە لایەنەی بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی نیعمەتەکانی خودا داناوە.

أ- بە ئامانج دانانی خانەی ڕۆژی دوایی لە نیعمەتەکاندا.

ب- تەرخانکردنی بەشێکی نیعمەتەکان بۆ خۆشی لێدیتنی ڕەوا لە ژیانی دنیادا.
ج- چاکەکردن لەگەڵ خوداداو، چاکەکردن لەگەڵ خەڵکی لـەڕێی بـەکارهێنانی ئەو نیعمەتانەوە.
د- حەرامیی نەشیانی بەکارهێنانی نیعمەت لەستەمو بەدکاریو شێواندندا.
هـ- فاسـیدو خراپـەکاران دەکەونـە بـەر رقو تـووڕەیی خـوداو، خۆشەویـستی خودایان لەکیس دەچێت، هەر بۆیەش ئەوان فەوتاوو دۆڕوان.

١٢- مرۆڤی باوەڕدار هەموو ئەو نیعمەتانە بەرەو ڕۆژی دوایـی ئاڕاسـتە دەکـات، بەهەشتیان پێ دەخوازێت بێ ئەوەی تاکە نیعمەتێکیان بۆ دنیا لـێ ببوێرێت.

١٣- ئیسلام مرۆڤ هاندەدات بۆ بەکار هێنانی ڕەوای نیعمەتەکانی خـودا لـەژیانی دنیاداو، ڕێ بەکەس نادات ئەوە حەرام کات، تەنانەت بـەکارهێنانی رەوا بـەو عیبادەتە دادەنێت کە پاداشتی خوداشی لەسەرە.

١٤- مرۆڤی موسڵمان دژایەتیی ماڵو سامان ناکاتو خۆیـشی لێیـان ناگرێتـەوە، بەڵکو بەپێی چەند ڕێسایەکی شەرعی لێی هەڵدەگرێتو خۆشی لێ دەبینێـتو بۆی دەڕوانێت.

١٥- پێویستە لەبەرامبەر چاکەو نازونیعمەتی خـوادا مـرۆڤ چـاکە لەگـەڵ خـوداو بەندەکانی خوادا بکات، بەو ڕەنگـەش چـاکە لەگـەڵ خـوادا دەکرێتـەوە، کـە سوپاسـی شـوکرانە بـژێریی خودایـان لەسـەر بکـات، چاکەکردنیـشی لەگـەڵ خەڵکیدا بەو ڕەنگەیە، کە لەڕێی نیعمەتەکانی خوداوە سوودیان پێ بگەیەنێت دەی ئایا پاداشتی چاکە هەرچاکە نیـە﴿ هَلۡ جَزَآءُ ٱلۡإِحۡسَٰنِ إِلَّا ٱلۡإِحۡسَٰنُ ﴿٦٠﴾ الرحمن﴾؟!.

١٦- چەند هەڵـە کـارو سـاویلکەیە، ئەوکەسـەی نیعمەتـەکانی خـودا لەخراپـەو تێکدانـدا بەکاردێنێـت!! بەراسـتی بـەو ڕەفتـارە خـۆی لـەناو دەبـاتو ئـەو

نیعمەتانەش لادەبات، چونکە خودا تێکدەرو بەدکارانی خۆش ناوێت.

١٧- کەسی لەخۆباییو خەڵەتاو ئەوەیە لەبیری دەچێتەوە، کە بێگومان ئەم نیعمەتانە لەخوداوە پێی دراون، بەڵکو واگومان دەبات، کە بەکۆششو هەوڵی خۆی پەیدای کردوون، یاخود بەهۆی شایستەییو شایانبوونی خۆیەوە پێی دراوەو، وەك قاروون ئاسا دەڵێت: ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلۡمٍ عِندِيٓ﴾.

١٨- ڕێزلێنانی بنچینەیی خودا بۆ مرۆڤ، بە هیچ جۆرێك لەڕێی ماڵو سامانو شکۆو گەورەیی و جوانیو بنەماڵەو ڕەگەزو پلەو پایەی نەبووە، بەڵکو لەڕێی باوەڕو لەخواترسانو پارێزکاریو کرداری چاكو سوودو خێرگەیاندنە بەخەڵکی.

١٩- ستەمکارانی بەدکارو لەستەمدا ڕۆچوو سوورن لەسەر دڵشکاندنی خەڵکیو چاندنی (هەست کردن بەتاڵی و بێبەش بوون) لە دەروونیاندا، بۆ ئەمەش خۆیان بەسەریاندا بادەدەنو، فیزیان بەسەردا دەکەنو بە هەموو زینەتێکیانەوە خۆیان پیشان دەدەنو، بەدکاریو بەدڕەوشتی خۆیان بەسەریاندا بڵاودەکەنەوە.

٢٠- خواستنی ژیانی دنیاو ئارەزوو لە زۆرکردنی کەرەسەکانی جوانکاریو ڕازاندنەوە، مرۆڤ دەخاتە چەند هەڵەیەکی دزێوەوە لە مەسەلەی تێڕوانینو حەزو حوکم دانو پێوانەو مەزەندەکاریدا، هەروەها ڕازو نهێنیی بەزینی ئەو کەسانە لەبەردەم کەسانی دەوڵەمەندی دنیاپەرستو بەدکاردا، کە وەك بەندەو کۆیلە دوایان دەکەونو لەدەوری خوانو سفرەو مێزەکانیان زمان دەدروێنن.

٢١- زۆرن ئەوکەسانەی واگومان دەبەن، کە (مرۆڤی بەختەوەرو خاوەن شانسی گەورەو فرە) ئەوکەسەیە، کەوا خاوەنی چەندین ئامرازو کەلوپەلی ناو ماڵەو، کەرەسەی جوانکاریو خۆشی ژیانی دنیای هەیەو، هیوا دەخوازن وەك ئەوبن.

٢٢- مرۆڤی بەختەوەرو خاوەن بەختی زۆر ئەو کەسەیە، کە نیعمەتی ئیمانو دڵنیاییو قایل بوونو متمانەی دەستکەوتووەو رزگار بووەو بەهەشتی نەمریی بردۆتەوە.

٢٣- ئەگەر خواستنی ژیانی دنیا رازو نهێنیی کەوتن‌و سەرشۆڕیی‌و حەسرەت بێت، بەڵام بەدەست هێنانی زانست‌و ژیانی باوەڕداری بەنیعمەتی دنیا، رازی سەکەوتنە بەسەر مەینەتیداو، خۆڕاگرتنە لەبەردەم فیتنەو گرفتاریی داو، سەرفرازایی گەورەشە.

٢٤- پێویستە سەرنج بەلای پاداشتی خوادا ببرێت‌و دڵیش بەخوداوە پەیوەست بێت، هەرئەمەش چاکترە بۆ کەسێك کەباوەڕی بەخودا هێنابێت وکاری چاکی کردبێت.. بەراستی جیاوازییەکی دورو درێژ لەنێوان (کەسێکی دنیا خواز)و (کەسێکی خواز یاری پاداشتی هەمیشەیی خوادا) هەیە.

٢٥- ئارامگرتنی جوان‌و گەورە کۆمەکی هەمیشەیی‌و توێشووی نەبڕاوەیە لە ڕووبەڕووبوونەوەی فشاری فیتنەو هێزی فریودان‌و، توندیی زۆرداری‌و بەخۆدانازین .. ئەم نەریتە بەرزەی ئارامگرتنیش تەنها دەست ئارامگران دەکەوێت.

٢٦- سووڕانەوەی (قارون) بەنێو گەلەکەیدا بەو شێوە خۆڕازاندنەوەیەو، زیادەڕۆییشی لەگرفتارکردن وخەفەت پێ دانیاندا هۆیەکی ڕاستەوخۆی سزا پێگەیشتنی‌و بەناخی زەویدا بردنی خۆی‌و ماڵ‌و موڵکەکەی بووە.. هەموو دەوڵەمەندێکی بەدرەفتاریش ئاوا بوون. بەکردەوەو رەفتاری ناشیرینیان داوای پێشخستنی سزای خودایان کردووەو خودایان تووڕە کردووە کەسزای بەپەلەو خێرایان بدات‌و لەنێویان بەرێت.

٢٧- (قارون) مایەی فیتنەو گرفتاریی گەلەکەی بوو، لەنێو گەلەکەشیدا کەسانی وا هەبوون پێی گرفتاربوون، کەسانی واش هەبوون، کە ورەیان بەرزو بەئارام‌و لەسەرهەق جێگیر بوون، کاتێك فیتنەو تاقیکردنەوەکە تەواو بووو، (قارون) ڕۆڵی خۆی نمایش کردو کاتی لەدنیا دەرچوونی هات، کەوتەبەر نەفرەت‌و سزای خوداو.. بەم رەنگە ژیاو رۆیشت.

٢٨- مرۆڤ لەدیاردەو رواڵەتەکانی ژیانی دنیا هەرچی یەکی لـەماڵو شـکۆو هێـزو دەسەڵاتی هەبێت، هیچیان لـەکاتی هـاتنی سـزای خـوادا سـوودی پێنـادەنو فریای ناکەونو لە سزای خودا رزگاری ناکەن داخـۆ زیـانی ئەوانـەی سـەرقاڵی دیاردەکانی دنیانو پشتی پێ دەبەستنو دەیکەنە ڕوانگە ئاواتەکانیانو رووگەی هیواکانیان چەند بێت!!.

٢٩- کاتێك خودا (قاروون)ی بەناخی زەویـدا بـردە خـوارێ، پـەردە لەسەرچـاوانی ساویلکەو تەفرە خواردوانی نەماو، یەکـسەر هەڵوێـستو ئاواتـەکانیان گـۆڕا، تادوێنێ هیواو خۆزگەیان پێ دەخواست، ئەمڕۆش سوپاسی خودا دەکـەن، کـە وەك ئەو نەبوون، ئیدی بەم رەنگـە، رازی لێـك جـوداییو شـپرزەیی وهەڵـەی ئەوانو —کەسانی وەك ئەوان تەنها ویستنی ژیانی دنیایە.

٣٠- هەردوو زانینەکەی ئەو دوو کۆمەڵـە کەسـەی هـۆزی (بـەنو ئیـسرائیل) زۆر لەیەك جودابوون، چەند جیاوازیشە زانینی باوەڕداران لەسەر ڕاسـتییەکان، کـە زانینێکی بنـچینەییو ڕەگ داکوتـاوو دەرهاویـشتەی شـارەزاییو هۆشـیاریو زیرەکییە) لەگەڵ زانینی درەنگو دواکەوتووی کەسانی ساویلکەو بێئاگا.

٣١- خودای گەورە خانەی ڕۆژی دوایی بۆ ئەو موسـڵمانە پـاكو سـاغو سـاڵحانە دادەنێت، کە لووتبەرزیو ستەمکاریو فەسادییان لەسەر زەویدا ناوێت.

٣٢- سەرەنجامی چاك لە دنیاو لە رۆژی دواییشدا تەنها بـۆ کەسـانی پارێزکـارەو، نەخشەو پلانی خراپو نامەردانەش لـە ئاکامـدا هـەر بـەزەرەرو لەناوچـوونی دارێژەرانی تەواو دەبێت.

٣٣- خودا بەرەحمەتو فەزڵو بەخششی خۆی مامەڵە لەگەڵ چـاکەکاران دەکـاتو پاداشتی چاکەکانیان بۆ زۆرو چـەندان هێنـدەی چـاکەکانیان دەکـات. لەگـەڵ خراپەکارانیش بە دادپەروەریی خۆی مامەڵە دەکاتولە ئەنجامی خراپەکانیانـدا سـزایان بەقـەد کـردەوە خراپـەکانیان دەدات. ئەمـەش رێـساو دەسـتووری هەمیشەیی خودایە.

چیـرۆکی چوارەم

چیرۆکی "وێـڵ بوونی -بەنو ئیسرائیل- له -سینا-دا"

ئەم چیرۆکه له قورئاندا بەم جۆرەیه، که خودا فەرموویه:-

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ
أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٠﴾ يَٰقَوْمِ
ٱدْخُلُوا۟ ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا۟
خَٰسِرِينَ ﴿٢١﴾ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُوا۟
مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ﴿٢٢﴾ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ
يَخَافُونَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ
غَٰلِبُونَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٣﴾ قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ
أَبَدًا مَّا دَامُوا۟ فِيهَا ۖ فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾ قَالَ
رَبِّ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى ۖ فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٥﴾
قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ ۛ أَرْبَعِينَ سَنَةً ۛ يَتِيهُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ فَلَا تَأْسَ عَلَى
ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ المائدة﴾.

واته: (ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەو بەسەرهاتەیان بۆ باس بکە، کاتێك (موسا) بەگەلەکەی خۆی گوت: (ئەی گەلی خۆم ئەو بەخشش‌و نیعمەتە گەورەیەی خوداتان بەیاد بێننەو که پێغەمبەرانی لەنێوتاندا ڕەوانەکردووەو، پادشای زۆریشی لەناوتانا

بەدیارخستووە، ئەوەی بەئێوەی بەخشیوە، پێشتر بەهیچ کەسێکی تری لەخەڵکی جیهانییان نەبەخشیوە، ئەی گەلی خۆم ئێوە بچنە نێو ئەو خاکە پیرۆزەوەی کە خودا بۆی بڕیاردراون‌و پاشەکشێ‌ی لێ مەکەن، چونکە گەر پاشەکشێ‌ی لێ بکەن زەرەرمەندو دۆڕاون)، بەڵام ئەوان گوتیان: (ئەی موسا بێگومان لەو خاکەدا خەڵکێکی ئازاو بەزەبری لێیەو، ئێمە هەرگیز ناڕۆینە ناوەوە تا ئەوانی لێ دەرنەچن، جا ئەگەر ئەوان لێی دەرچوون، ئێمەش دەچینە ناوی.

ئینجا دوو پیاو لەوانەی کە خودا نیعمەتی باوەڕو دڵنیایی پێ بەخشیبوون، گوتیان: (لەدەروازەی شارەکەوە بچنە سەریان‌و (یەك هێرشی گەورە ببەن)و هەر کە ئێوەش چوونە ژوورەوە ئێوە سەرکەوتوو دەبن، جا بۆ ئەم سەرکەوتنەش پشت بەخودا ببەستن ئەگەر ئێوە ئیمانداری ڕاستەقینەن).

دووبارە گەلەکەی موسا گوتیان: (ئەی موسا ئێمە هەرگیز ناچینە ئەو شارەوەو رووی تێ ناکەین، هەتا ئەو جەنگاوەرانەی تێدابێت، لەبەرئەوە تۆ بڕۆ خۆت‌و خودای پەروەردگارت جەنگ بکەن‌و، وا ئێمەش لێرەدا دانیشتووین‌و چاوەڕێ‌ی ئەنجامین)، موسا ڕووی کردە خوداو گوتی: (ئەی پەروەردگارم من تەنها دەسەڵاتی خۆم‌و براکەم (هارون) هەیە، کە ئامادەی بەجێ‌هێنانی هەموو فەرمانێکتین، جا داواکارین کە ئێمە لەو خەڵکە تاوانبارو بەدکارە جیابکەیتەوە).

خوداش لەوەڵامیدا فەرمووی: (تا ماوەی چل ساڵ لەسەر ئەو گەلە چوونە نێو شارەکەو رزگارکردنی حەرامە، دەبێت وێڵ‌و سەرگەردان بن لەزەویدا ﴿واتە لە بیابانی (سینا)دا ون بن﴾ ئیتر تۆش بۆ گەلی بەدکارو تاوانبار خەمبار مەبە).

ئەمە کورتترین واتای ئایەتەکانی تایبەت بەم چیرۆکە بوو، لەم بەشەی کتێبەکەشدا ئایەتەکان بەدرێژی لەڕێ‌ی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەوە شیدەکەینەوە.

"کـورتەی چـیرۆکەکە"

خودا (بەنو ئیسرائیل)ی له چنگی فیرعەون رزگارکردو به سەرۆکایەتی (موسـا) ـ سلاوی لێ بێت ـ گەیاندییه سینا، له بیابانی (سینا)دا چەندین نیعمەتی گەورەی بەسەردا رژاندن، ئەوەبوو دوازده کانیی لەبەردەکەوە بـۆ تەقاندنـەوەو سـێبەری بـه هەورەکان بۆ کردن‌و لەگەزۆو باڵندەی (قشقارە)ش خۆراکی بۆ دابین کردن.

دوای ئەم هەموو چاکەو بەخشش‌و نیعمەته زۆرانەی خـودا بـۆ (بەنوئیـسرائیل) (موسا) داوای لێکردن که بچنه نێو خاکی پیرۆز (فەلەستین)ەوەو، هەواڵی ئەوەشـی پێ‌گەیاندن که بێگومـان خودا ئەوان بەسەر دوژمنـه کافرەکـانی نێـو ئـەو خاکـەدا سەرخات‌و ئەوانیش تەنها ئەوەیان لەسەر شانه که لەپێناوی خودا بجەنگن.

بەلام دیاره جوولەکەکان واتـە: گـەلی (بـەنو ئیـسرائیل) کـه لـه دێرزەمانـەوه خوویـان بـه ترسـنۆکی‌و سەرشـۆڕییەوە گرتـووەو، هـەرگیز رێگـەی ئازایـەتی‌و مەردایەتییان نەزانیوه، فەرمانی (موسا)یـان رەت کـردەوەو جێ‌بـەجییان نـەکردو گوتیان: (بێگومـان گـەلێکی ئـازاو بـەزەبر لـەو خاکـەدا هەیـەو ئێمـەش توانـای جەنگینی ئەوانمان نییه، لەبەر ئەوەتا خۆیان لێی دەرنەچن، ئێمه ناچـینه نـاوی).. لەو کاتەدا دوو پیاو لـەنێو ئـەو خەڵکـەدا هاتنـه دەرەوەو ئـەم دوو پیـاوه خـودا نیعمەتی ئازایـەتی‌و هێـزی پـێ بەخـشیبوون‌و سـەریان لەهەڵوێـستی گەلەکـەیان سوورمابوو، بۆیه هەردووکیان رێگەی جەنگین‌و سەرکەوتنیان بۆ خەڵکەکـه کێـشاو پێیان گوتن: (ئێوه لەدەروازەی شارەوه بچنه ژوورەوەو خۆتـان یەکـەم جـار دەسـت بەهێرش بردن بکەن (سەرکەوتنیش بۆ ئەو لایەنەیه که هێرشـی کـردووەو جـەنگی دەست پێکردووه)، جا ئەگەر ئێوه واتان کرد ئـەوا بێگومـان سـەردەکەون، پاشـان بێگومان خودا خۆی سەرکەوتنەکەی بۆ مسۆگەر کردوون، ده ئێوەش پشت بـەخودا

ببەستن‌و نزاو داوای سەرکەوتنی لیّ بکەن). لەو کاتەدا جوولەکەکان هەستیان بەوە کرد، کە ئەو دوو پیاوە دەمکوتیان کردون‌و بەبەڵگەوە ڕاستیان بۆ سەلماندوون‌و، هیچ پاساوێکیان بۆ نەهێشتوون، بەڵام شەرم نەیگرتن‌و شەرمەزار نەبوون، بەڵکو یاخی بوونی خۆیان دەربڕی‌و بە(موسا) یان گوت: (ئێمە هەتا ئەو گەلە بەزەبرەی تێدابێت ناچینە ناو شارەکەوە، ئیتر ئەی موسا تۆ بڕۆ خۆت‌و خوداکەت بجەنگن‌و ئێمەش وا لێرە دانیشتووین).

لەو کاتەدا (موسا) تەنها ئەوەندەی لەتوانادابوو کە بەدەم پاڕانەوەوە رووبکاتە خودای پەروەردگاری‌و بڵێت: (خودایە من تەنها دەسەڵاتم بەسەر خۆم‌و براکەمدا هەیە، لەبەر ئەوە من‌و براکەم لەو گەلە بەدڕەفتارە جیاکەرەوە).. سزای خودا بۆ ئەو نەوە ترسنۆکەی جوولەکە ئەوەبوو لە (شەڕەف‌و ڕێزی ئازایەتی‌و جیهادو خۆشیی سەرکەوتن‌و نیعمەتی چوونە نێو خاکی پیرۆزەوە) بێبەشی کردن‌و، بڕیاریدا بۆ ماوەی چل ساڵ لە بیابانی (سینا)دا ون بن. ئەوەش ماوەیەکی تەواوە تا ئەو نەوە سەرشۆڕ ڕیسواو ترسنۆکە دەمرن‌و لەجیاتی ئەوان نەوەیەکی نوێ پەیدا ببێت‌و لەسەر بارگرانی‌و نارەحەتی‌و چەلەنگی‌و ئارام گرتن گۆش کرابن‌و لە کەش‌و هەوای بیاباندا ژیابن‌و توانای جەنگینی کافرانیان هەبێت‌و، خوداش سەرکەوتنی بۆ نووسیبن.. بۆیە خودا لەوەڵامی نزای (موسا)دا دەربارەی ئەو نەوە ترسنۆك‌و نالەبارەی (بنو ئیسرائیل) فەرمووی: (ئەی (موسا) چوونە نێو ئەو شارە بۆ ئەوان حەرامەو دەبێت، هەتا چل ساڵ لەزەویی بیاباندا ون بن‌و بێن‌و بچن، تۆش بۆ گەلی تاوانکارو بەدڕەفتار خەمبار مەبە).

"چەند وتەیەکی هەڵبەستراوی جوولەکەکان دەربارەی چیرۆکی وێڵ بوونەکە"

زانایانی تەفسیرو گێڕانەوەی بەسەرهات، چەندین گێڕانەوەو وتەیان لە دەقە هەڵبەستراوەکانی ناوبراو بە (ئیسرائیلیات) دەربارەی درێژەو شیکاری چیرۆکەکە هێناوەتەوەو، لەنێویاندا چەندین وتەی گێڕراوەی ناڕاستو خەیاڵیو ئەفسانە چێتی تێدایە.

لەو گێڕانەوەو ڕیوایەتانەش، دیاریکردنی ناوی ئەو شارەیە، کە موسا -سلاوی لێ بێت- فەرمانی چوونە ناوییەوە پێکردنو گوایە شاری (ئەریحا)یە، کە دەکەوێتە لێژاییی ناوەڕاستی فەلەستینەوە، هەروەها دیاریکردنی بارستایی لاشەی هەریەکە لەو گەلە بەزەبرەی نێو شارەکە، کە جوولەکەکان گوتبوویان: (ان فیها قوماً جبارین) لەو ریوایەتەدا گوتویانە گوایە: (موسا ـ سلاوی خودای لێ بێت ـ دوازدە کەسی لە (بەنو ئیسرائیل) ناردووە بۆ زانینی هەواڵی شارەکەو، ئەوانیش چوونەتە قەراغی شارەکەو پیاوێکیان دیوە، کە بەرەو ڕوویان هاتووەو زۆر بەسامو بەزەبر دیاربووە، ئەوانیش لێی ترساونو لەنێو گژو گیاو دەغڵو داندا خۆیان شاردۆتەوە.. ئەو پیاوە زلەش چۆتە نێو کێڵگەکەوەو جوولەکەکان دیویانە تیایداو، خۆیان لەبەردەمیدا لە کورتە بالاکان بچووکتر دیوە، ئەویش دەستی کردوە بە گرتنیانو خستوونیەتە نێو قۆڵی کراسەکەیو بە پشتێنو پزووی شەڕواڵەکەیدا هەڵیواسیون.

ئینجا هەڵیگرتوونو گەیاندوونیەتە کۆشکی پادشاو هەموویانی لەبەردەستی پادشاو پیاوەکانیدا هەڵڕشتووەو، ئەوانیش سەریان لە بچووکیی جەستەو بارستاییان سووڕماوە، پادشا لەو کاتەدا لەو پیاوەی پرسیوە: (ئەمانە کێن؟) گوایە باوەڕیشی نەکردووە ئەمانە لە مرۆڤ بن.. کاتێك زانیویەتی ئەمانە لە جوولەکەکانن، ڕێزی لێناونو هێشوویەك ترێی پێداون، کە هەر دەنکێکیشی

پیاوێكی تێركردووه‌. گوتووشیانه‌ گوایه‌ ئه‌و گه‌له‌ به‌سام‌و هه‌یبه‌ته‌ (عوج ی كوڕی عناق)یشیان له‌گه‌ڵدا بووه‌ كه‌ ناوبراو كه‌سێتییه‌كی ئه‌فسانه‌ییی خه‌یاڵیی خۆرئاوایه‌، به‌ ئیدیعای ئه‌فسانه‌ چییه‌ درۆزنه‌كان له‌گه‌ڵ بێباوه‌ڕه‌كانی گه‌لی (نوح)دا بووه‌و له‌و لافاوه‌ گه‌وره‌یه‌ش رزگاری بووه‌ كه‌ لوتكه‌ی چیا به‌رزه‌كانیشی داپۆشیوه‌، به‌ڵام ئه‌و لافاوه‌ سه‌رتاپاگیره‌ی هه‌موو شوێنه‌ به‌رزو نزمه‌كانی سه‌رزه‌مین نه‌گه‌شتۆته‌ هه‌ردوو پاژنه‌ی (عوجی كوڕی عناق)و گوایه‌ به‌هێمنی‌و سه‌لامه‌تییه‌وه‌، به‌ناوه‌ڕاستی لافاوه‌كه‌دا رۆیشتووه‌، كاتێك برسیشی ببوایه‌ به‌ئاسانی ده‌ستی درێژ ده‌كرد تا ده‌گه‌شته‌ بنی ده‌ریاو ماسیی لێ ده‌گرت‌و ده‌رده‌هێناو، ئینجا ده‌ستی بۆ سه‌ره‌وه‌ به‌ره‌و رێڕه‌وی خۆر به‌رز ده‌كرده‌وه‌و ماسییه‌كه‌ی به‌ده‌ستی خۆی ده‌برژاندو به‌گه‌رما سوتێنه‌ره‌كه‌ی ئه‌و خۆره‌ ده‌یكوڵاند. هه‌ر له‌م ڕووه‌وه‌ ئیسرائیلییه‌ ئه‌فسانه‌ چییه‌ درۆزنه‌كان گوتوویانه‌: (عوجی كوڕی عناق) به‌زیندوویی تا سه‌رده‌می (به‌نوئیسرائیل) (ماوه‌ته‌وه‌و له‌ شاری (ئه‌ریحا) شاری گه‌له‌ به‌زه‌برو به‌هه‌یبه‌ته‌كان نیشته‌جێ بووه‌و له‌ریزی ئه‌واندا له‌دژی (موسا)جه‌نگیوه‌). هه‌روه‌ها گوتوویانه‌: (درێژی (عوجی كوڕی عناق)سێ هه‌زارو سێ سه‌دو سی‌و سێ باڵو سێ یه‌كی باڵێكیش (٣٣٣٣ ١/٣) بووه‌. ئه‌و كاته‌ی (عوج) به‌ره‌و ڕووی سوپاكه‌ی موسا بۆته‌وه‌ تا (موسا) بكوژێت، لوتكه‌ی چیایه‌كی گه‌وره‌ی له‌بن هێناوه‌ تا بیڕووخێنێت به‌سه‌ر موساو ئه‌وانه‌ی له‌گه‌ڵیدابوون، به‌ڵام باڵنده‌یه‌ك هاتووه‌و ئه‌و چیا به‌ردینه‌ گه‌وره‌یه‌ی به‌ده‌نووك كون كردووه‌و ئیتر چیاكه‌ بووه‌ته‌ كۆت‌و پێوه‌ندێك له‌ملی (عوجی كوڕی عناق) ئاڵاوه‌، ئینجا موساش هه‌ڵمه‌تی بردۆته‌ سه‌ری‌و بازێكی به‌درێژایی ده‌ باڵ داوه‌و (موسا) خۆیشی درێژییه‌كه‌ی هه‌ر ده‌ باڵ بووه‌و گۆچانێكی به‌ده‌سته‌وه‌ بووه‌، كه‌ درێژاییه‌كه‌ی ده‌ باڵ بووه‌و، گه‌یشتۆته‌ لای پاژنه‌ی (عوج)و كوشتوویه‌تی. به‌م ڕه‌نگه‌ش (لافاوه‌كه‌) ئه‌م كابرایه‌ی بۆ له‌ناو نه‌براوه‌، به‌ڵام ته‌نها گوایه‌ (به‌نو ئیسرائیل) كوشتوویانه‌، هه‌روه‌ها ده‌رباره‌ی بارستایی ئه‌و كه‌سه‌ به‌زه‌برو لاشه‌ گه‌ورانه‌ گوتوویانه‌: (حه‌فتا پیاو له‌ هۆزی (بنو اسرائیل) له‌ژێر

سێبه‌ری بنی پیاوێك له‌پیاوه‌ زل‌و لاشه‌ گه‌وره‌كاندا وه‌ستاون) هه‌روه‌ها گوتووشیانه‌: (خۆی‌و به‌چكه‌كانی له‌نێوان دووچاوی پیاوێكی لاشه‌ گه‌وره‌ی به‌هێزدا ڕاكشاون)[1].

" ئیمام -ابن كثير- ئه‌و ده‌قه‌ هه‌ڵبه‌ستراوه‌ی ئیسرائیلیانه‌ ڕه‌ت ده‌كاته‌وه‌"

له‌مباره‌یه‌وه‌ چه‌ند په‌رۆشی وته‌ی (امام ابن كثیر)م ـ خودا لێی خۆشبێت ـ له‌ حوكمدانیدا، له‌سه‌ر ئه‌و قسه‌ پووچه‌ڵ‌و ئه‌فسانه‌ ئیسرائلیانه‌و كه‌ ده‌ڵێت: (زۆر كه‌س له‌وانه‌ی به‌ ته‌فسیرو راڤه‌كارییه‌وه‌ خه‌ریك بوون چه‌ندین وته‌ی بێ‌گه‌ردو بێ ناوه‌رۆكیان هێناوه‌ كه‌ عه‌قڵ‌و نه‌قڵ‌و (منطق)یش په‌سه‌ندیان ناكه‌ن، وه‌ك ئه‌و وته‌یه‌ی گوتوویانه‌ گوایه‌ خه‌ڵكی ئه‌و ناوچه‌یه‌ هێجگار زل‌و قه‌به‌و ترسناك بوون). دوای ئه‌وه‌ش له‌ كتێبی مێژووه‌كه‌یدا هه‌ندێك له‌و وته‌ ئیسرائیلیانه‌ی هێناوه‌و گوتوویه‌تی: (ئه‌مه‌ له‌ ـ نوف البكالی ـ یه‌وه‌ ده‌یگێڕنه‌وه‌و، ـ ابن جریر ـ یش له‌ (ابن عباس)ه‌وه‌ هێناویه‌تی‌و، به‌لام سه‌رنج‌و تێبینی له‌سه‌ر ماناو خستنه‌ پاڵ (اسناد)ه‌كه‌ی هه‌یه‌، سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش ئه‌مانه‌ هه‌مووی له‌وته‌ی هه‌ڵبه‌ستراوی ئیسرائیلیاتن‌و، نه‌فامه‌كانی ـ بنو اسرائیل ـ دایاننـاون، چونكه‌ به‌سه‌رهاتی درۆ له‌لای ئه‌وان زۆربووه‌و راست‌و ناراستیان لێك جیاناكرێته‌وه‌، پاشان ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ راست بوایه‌ ئه‌وا هۆزی (بنو اسرائیل) لێبووردراو (معذور) ده‌بوون له‌و نكووڵی كردنه‌یان له‌سه‌ر جه‌نگ‌و كوشتاری دانیشتوانی شاره‌كه‌. به‌لام خودا له‌سه‌ر ئه‌و نكووڵی كردنه‌ سه‌رزه‌نشتی كردوون‌و به‌سزای ون بوون‌و وێڵ‌بوونی بیابانه‌كه‌ی گه‌یاندوون له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ جیهاده‌كه‌یان پشت گوێ خستووه‌و سه‌رپێچیشیان له‌ فه‌رمانی پێغه‌مبه‌ره‌كه‌یان كردووه‌)[2].

---

١) الدارالمنثور، للسيوطي، (٦: ٤٨-٤٩)، والبداية والنهاية (١: ٢٧٧-٢٧٨).
٢) البداية والنهاية، ١: ٢٧٨.

"وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ"

-موسا- لەم ڕستەیەی ئایەتەکەدا هەندێك نیعمەتو بەخششی خودا بەبیر (بنو اسرائیل) دێنێتەوە، وەك خوداش لەسەر زاری ئەو فەرموویەتی: ﴿...يَٰقَوْمِ اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنبِيَاءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ الْعَٰلَمِينَ ﴿٢٠﴾﴾ المائدة کاتێك سەرنج لەم ئایەتە دەدەین، دەبینین ئاماژە بۆ هەندێك نیعمەتی خودا بۆ سەر (بەنو ئیسرائیل) دەکات، وەك:-

١- لە ئێوە پێغەمبەرانی رەوانەکردووە ﴿إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنبِيَاءَ﴾ وجودی پێغەمبەران لەنێو ئەواندا دیاردەیەکە لەدیاردەکانی نیعمەتی خودا لەسەریان، چونکە پێغەمبەران ڕێنماییان دەکەن بۆ چاکەو، بەهەقو دادگەریی حوکمیان دەکەنو، بەرەو بەختیارییان دەبەن.

٢- لە ئێوە پادشایانی داناوە ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾، دیارە مانای ئەوە نییە، کە هەموویان بووبن بەپادشا، چونکە ناشێت هەر کەسێك لەوان پادشایەك بێتو ئەگەر هەریەکەیان پادشا بێت، پادشای کێ بێتو، ئەو گەلەش لەکوێیە، کە حوکمڕانییان بکات؟ بۆیە مانای ﴿وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾، واتە: (هەر لەنێو ئێوەدا تواناو شایستەیی بۆ بوونە پادشا هەیە ئەگەر بارودۆخی گونجاوتان بۆ هەڵکەوێت).

لەمبارەیەوە (امام راغبی اصفهانی) گوتوویەتی: (پادشایەتی (مەلیکایەتی)) دووجۆرە:

(أ) بوون بە پادشاو لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی، بۆ ئەم مانایەش خودا

فەرموویــــە: ﴿...إِنَّ ٱلْمُلُوكَ إِذَا دَخَلُواْ قَرْيَةً... ﴿٣٤﴾ النمــل﴾. لێـــرەدا وشەی (ملوك) واتە: مەلیکەکان- پادشاکان..

(ب) مەلیکایەتی واتە هێز لەسـەر ئـەو کـارە، سـا ئـیتر کارەکـەی لەئەستۆ گرتبێت یان نا، وەك خـودا فەرموویــە: ﴿إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا﴾.. لێرەدا پێغەمبەرێتیی بەتایبەتی بۆ چەند کەسـێکی کـەم دانـاوە، بەڵام پادشایەتیی بەگشتی داناوە، کەواتـە مانـای پادشـایەتی لێـرەدا ئـەو هێزەیە کە بۆ سیاسەت سازو پاڵێوراو دەکات، بـەڵام نـەك هـەموویان ئـەو کارە بگرنـە دەسـت، چـونکە ئەمــە پێـچەوانەی راسـتیو حیکمەتـە، وەك گوتراویشە (خێر لەزۆریی سەرۆکاندا نیە)[1].

٣- ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾... کاتێـك ئـەم نیعمەتـەی تـریش ئەوەیە کە خودا لەسەردەمی موسادا- سـڵاوی لـێ بێـت - چـەندین بەخشـشی گەورەی دابوو بە (بنو اسرائیل)، کە بـەهیچ کەسـێکی دیکـەی لـە خـەڵکانی جیهان نەدابوو، ئەوەبوو سەرکەوتنو دەسەڵاتی پێدان، لەفیرعــەونو سـوپاکەی رزگاری کـردن، دوژمنــە بـێ باوەڕەکانیـانی تـەفروتوونا کـرد. بێگومـان ئـەم نیعمەتانە تەنها لە سەردەمێکی دیاریکراوو بۆ چەند گەلو هۆزێکی دیـاریکراو بوونو، گشتی نییە بۆ هـەموو گـەلو تایەفەیـەکی جوولەکـە لەگـشت کـاتو جێیەکـدا وەك ئـەوەی، کـە ئـەمڕۆ جوولەکـەکان پروپاگەنـدەی پـێ دەکـەنو دەشیانەوێت بەوە قەناعەت بەکەسانی تریش بکەن، بۆ نموونە دەڵێن: (بێگومان خودا بەخششو نیعمەتی وەهای بەئێمە داوە، کـە بـەهیچ کەسـێکی تـری لـە خەڵکی جیهانییان نـەداوە، ئەمـەش لـە قورئانـدا کـە کتـێبی موسـڵمانەکانە

(١) المفردات في غريب القرآن — ص٤٧٢.

باسکراوە، نەك هەر لە کتێبی خۆماندا کە -تەوراتە- ئەو بەخششانەی خودا بۆ ئێمە بەو پێودانگەمانە کە جوولەکەین، ئەمەش تا رۆژی قیامەت بەردەوامە).. لەوانەیە چەند کەسێك بەم پروپاگەندە ئیسرائیلیانە تەفرە بدرێت.

بێگومان مانای ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ﴾ نزیکە لە مانای ئەم فریشتەی تری خودا ﴿...وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٤٧﴾ البقرة﴾. لەم فەرمایشتەدا کە خوا پییان دەفەرموێت : (من لە خەڵکانی تری جیهانم بەچاکتر داناون) مەبەست لەو خەڵکانەی تر خەڵکە بێ باوەڕەکانی وەك فیرعەونو سەربازانو دەستو پێوەندەکەیەتی‌و، وەك ئەو بێ باوەڕانەش کە لەخاکی پیرۆزدا نیشتەجێ ببوون.. بێگومان خوداش کە (بنو اسرائیل)ی لەو خەڵکە بێباوەڕە بەباشتر داناوە، لەبەر رەگەزو رەچەڵەکیان نیە، بەڵکو لەبەر بیروباوەڕو ئیمانەکەیانە. ئەوێ رۆژێ تەنها ئەو جوولەکانەی (بنو اسرائیل) لەنێو هەموو گەلو هۆزە کافرەکاندا باوەڕداربوون، شتێکی سروشتییشە کە خودا باوەڕداران لەکافران بەچاکتر دابنێت‌و بەخشش‌و مژدەیەکی وەهایان پێ بدات کە بەهیچ کەسێکی لەکافران نەدابێت.

بەڵام دوای ئەو سەردەمە خودا ئەو رێزەی لەسەر جوولەکە لابرد، واتە دوای ئەوەی کافر بوون‌و ستەم‌و دەسدرێژییان کردو خراپەیان لەزەویدا بڵاوکردەوە.. ئینجا خودا دوایین پێغەمبەری خۆی (محمد) ﷺ ناردووەو ئیسلامیشی کردووە بە ئایینی هەموو خەڵکی دنیاو موسڵمانان باشترین نەتەوە بوون کە نێرراون بۆ لای خەڵکی‌و نەتەوەکانی دی‌و گەیاندنی پەیامی خودا.

"ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ "

خاکی پیرۆز (الارض المقدسة) ـ فەلەستینەـ و ئەو خاکە بەپیتو پـڕ بەرەکـەت کراوەشــە، کــە خــودا لەبارەیــەوە لــە یەکــەم ئایــەتی ســوورەتی (اســراء)یــشدا فەرموویـــــەتی: ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ ﴿١﴾ الإسراء﴾.. واتــە: (پـاکیو بێ‌گـەردیو ستایش بۆ ئەو زاتەی کە شەوڕۆیی بەبەندەی خۆی ـ محمدەوە ﷺ کـرد لەمزگـەوتی حورمەت لێ گیراو (کە کەعبەی پیرۆزە) بۆ مزگەوتی (اقصی) لە ـ بیت المقـدس ـ کە دەوروبەریمان پیرۆزو پڕ بەرەکەت کردووە). هەروەها خــودا دەبـارەی ئــەم خاکـە پــیرۆزە لــە باســی بەســەرهاتی (ئیـبراهیم)یـشدا ـ درووودی خــودای لــێ بێـت- فەرموویـــــەتی: ﴿ وَنَجَّيْنَٰهُ وَلُوطًا إِلَى ٱلْأَرْضِ ٱلَّتِى بَٰرَكْنَا فِيهَا لِلْعَٰلَمِينَ ﴿٧١﴾ الأنبياء﴾ .. واتە: (ئێمە ـ ئیبراهیم ـو ـ لوط ـ مان رزگارکردو ناردمانن بۆ ئـەو خاکەی کە پیتو بەرەکەتمان بۆ هەموو خەڵکی سەردەمەکان تێدا ڕشتووە).

لــەم ئایەتانــەی تایبــەت بــە چیرۆکەکەشــدا (موســا) ڕووی گوتــاری کردۆتــە گەلەکەیو پێی گوتــوون: ﴿ يَٰقَوْمِ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿٢١﴾ المائـدة﴾.. ئەو تەفسیرەی، کە پێـشتر بــۆ ڕســتەی ﴿وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾ خــستمانە ڕوو هــەمان تەفسیرو شیکارمان بۆ ئەو خاکە پیرۆزەش هەیە کە خودا بۆی نووسیبوونو بڕیـاری بۆ دابوون، کە بچنە ناوی. بێگومان هەمیشە جوولەکەکان وای دادەنێن، کە مـافی تەواوی خۆیان لەخاکی پیرۆز، واتە لە (فەلەستین)دا هەیـە، ئەمــەش بــە مـافێکی

بەردەوام تا هاتنی قیامەت دەزانن، وایشی دادەنێن گوایە کاتێك داوای ئەم خاکە دەکەن واتە داوای ئەو مافەیان دەکەن کە خودا بڕیاری بۆیان داوە، هەروەها کاتێك بۆیشی دەگەڕێنەوە، واتە بۆ ئەو خاکە دەگەڕێنەوە، کە خودا بۆی نووسیون، ئیتر گەڕانەوەشیان لەم سەردەمەدا بۆ فەلەستین‌و داگیرکردنی‌و دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ خۆیان تێیداو، دەرکردنی دانیشتوانە موسڵمانەکەی‌و، هەموو ئەمانە (بەڕای خۆیان) بە دوژمنکاری‌و ستەم‌و ناڕەوایی دانانرێت. بەڵکو بەدیهێنانی ئەو بەڵێنەی خودایە، کە لە زووەوە پێیداون. ئەوان دەیانەوێت قەناعەت بەگەل‌و نەتەوەکانی تری دنیا بەم پروپاگەندانە بکەن، ئەم ئایەتەش دەکەنە بەڵگەو دەڵێن قورئان دانی پێداناوەو ئەوا ئێمەش دەگەڕێینەوە ناوی، ئیدی بۆچی عەرەب‌و موسڵمانان‌و گەلانی دی ناهێڵن بگەڕێینەوە بۆ ئەو خاکەی، کە قورئان بڕیاری بۆ داوین؟ دیارە چەند کەسێکیش باوەڕ بەم پڕۆ پاگەندەیەی جوولەکە دەکەن‌و، چەند کەسێکیش بەم شێواندنەی قورئان‌و بەم هەڵە لێکدانەوەیە هەڵدەخەڵەتێن.

بەڵێ ڕاستە، کە فەڵەستین خاکێکی بەرەکەت پێدراوو پیرۆزە، بەڵێ ڕاستیشە کە خودا بۆ (بنو اسرائیل)ی نووسیبووو بڕیار درابوو، کە بچنە ناویەوە.

بەڵام کێن ئەو (بنو اسرائیل)ەی، کە خودا بڕیاری چوونە نێو خاکی پیرۆزەوەی بۆ دابوون؟ ئایا ئەم نووسین‌و بڕیارەی خودا هەمیشەیی‌و بەردەوامە؟ ئایا بۆ هەموو جوولەکەیەکە، تا ڕۆژی قیامەت؟

ئەوانەی خودا بڕیاری چوونە نێو خاکی پیرۆزی بۆ دابوون، ئەو ڕۆڵانەی (بنو اسرائیل) بوون، کە باوەڕیان بە موسا - هێنابووو لەگەڵیدا- بۆ میسر- دەرچوو بوون، هەروەها ئەو ڕۆڵانەی تری (بنو اسرائیل)ن، کە ئیماندار بوون‌و دوای موسا هاتن‌و، شوێنکەوتووی پێغەمبەرانی تریان بوون‌و باوەڕیان پێیان هێنابوو، وەك (داود)و (سلێمان) - دروودیان لەسەر بێت-، خودا بۆ ئەو باوەڕدارانەی ئەوسای (بنو اسرائیل)ی نووسیوە، کە بچنە خاکی پیرۆزەوە، نەك لەبەر ڕەگەزیان، یان

ڕەنگو ڕوویان، یان ڕەچەڵەكو بنەماڵەیان، بەڵکو تەنها لەبەر دینداریو ئیمانو بیروباوەڕەکەیان، ئەمانە لەو سەردەمەدا لەنێو چەندان گەلی کافری میسرو خاکی پیرۆزدا تەنها خۆیان ئیماندار بوون، شتێکی ئاشکراو زانراویشە، کە خودا، باوەڕدار بەسەر کافردا گەورەو بەرێز دەکات.. هەر بۆیەش خاکی پیرۆزی دانا بۆ ئیماندارەکانی (بنو اسرائیل)و بەهۆی باوەڕەکەیانەوە بڕیاری سەرخستنو چوونە ژوورەوەی بۆ دان.

بەڵام دوای ئەمە جوولەکەکان گۆڕانو پێغەمبەری خودا (محمد)یان ﷺ بەدرۆ خستەوەو، باوەڕیان بەو ئاینە نەهێنا، کە پێی ڕەوانەکرا، بەم ڕەنگەش بەکافرو ستەمکارو دەستدرێژکار دانرانو، هیچ مافێکیان لەخاکی پیرۆزدا نەما، چونکە خودا ئەو مافەی لێ سەندنەوەو دای بە بەندە چاكو باوەڕدارەکانی. ئەمەش هاوڕێکی ئەو دەستوورە نەگۆڕەی خودایە، کە زەویو میراتگیریی زەوی دەدات بە بەندە چاکەکانی.. لەمبارەیەوە چەندین ئایەتی ڕۆشن، جەخت لەسەر ئەم دەستوورەی خودا دەکەنو، ئەو حەقیقەتەش ڕوون دەکەنەوە، وەك ئەم ئایەتانە:-

خودا فەرموویە: ﴿ وَإِذِ ٱبْتَلَىٰٓ إِبْرَٰهِـۧمَ رَبُّهُۥ بِكَلِمَٰتٍ فَأَتَمَّهُنَّ ۖ قَالَ إِنِّى جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا ۖ قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِى ۖ قَالَ لَا يَنَالُ عَهْدِى ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٢٤﴾ البقرة ﴾..

واتە: (ئەی پێغەمبەر ئەوە بەیاد بێنەوە، کە خودای پەروەردگاری ئیبراهیم، ئیبراهیمی بەچەند فەرمانێکی دیاریکراو تاقیکردەوە، ئەویش بەچاکی جێبەجێی کردن، خوداش پێی فەرموو: (من بڕیارم داوە بتکەم بە پێشەوای خەڵکی).. ئیبراهیم گوتی: (حەز دەکەم نەوەکانیشم ئەم کارەیان پێ بسپێررێت).. خودا لەوەڵامدا فەرمووی: پەیامو پەیمانی من بەزاڵمو ستەمکاران نادرێت).

هەروەها خودا فەرموویە: ﴿ وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِى ٱلزَّبُورِ مِنۢ بَعْدِ ٱلذِّكْرِ أَنَّ

ٱلۡأَرۡضَ يَرِثُهَا عِبَادِيَ ٱلصَّٰلِحُونَ ﴿١٠٥﴾ الأنبياء﴾.. واته: (ئێمـــه له کتـێبی -زەبوور- دا که بۆ (داود)مان لەدوای زیکر (تەورات) ناردووه بڕیارمــان داوه، کـه خاوەنی زەوی لەدنیادا تەنها بەندە چاکەکانم دەبن).

هەروەها خودا فەرمووییه: ﴿وَإِذۡ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبۡعَثَنَّ عَلَيۡهِمۡ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ مَن يَسُومُهُمۡ سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ ٱلۡعِقَابِۖ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿١٦٧﴾ وَقَطَّعۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ أُمَمٗاۖ ...﴾(الاعـراف: ١٦٧-١٦٨).. واتــه: (ئــەی پێغەمبەر ﷺ ئەوە بەیادبێنەوە کە پەروەردگارت بڕیـاری داوە نـەهێڵێت تـا ڕۆژی قیامەت کافران‌و ستەمکارانی یەهوود بحەسێنەوەو دەبێـت هەمیـشە کەسـانێکیان تـوش کـات کـە ئـازوارو ئەشـکەنجەی سـەختیان بـدەن، بەڕاسـتی پـەروەردگارت بەخێرایی تۆڵە لەستەمکاران دەسێنێت، هەروەها لەهـەمان کاتـدا زۆر لێبـوردووو میهرەبانیشە بـۆ تەوبـەکاران‌و پاشـگەزبوونی ئیمانـدار. ئێمـە لـەئاکام دانـەوەی ئیسرائیل (بنو اسرائیل)مـان کـرد بـە چـەند بەشـێکەوە لەسـەر زەوی‌و بەزەویـدا پەرتەوازەمان کردن).

کەوابوو خودا خاکە پیرۆزەکەی بۆ نـەوەی هـەرە پێـشووی (بنـو اسـرائیل) کـە ئیماندار بوون، نووسیوە، ئەم نووسین‌و بڕیار بۆدانەش هاوتاو هـاوڕێکی دەسـتووری خودایــە لــە بــەرزتر دانــانی ئیمانــداران بەســەر کافرانــدا، هــەر بــەگوێرەی ئــەم دەستوورەش خودا خاکە پیرۆزەکەی لە نەوەکانی دواتری جوولەکە سەندۆتەوە.

"فِيهَا قَوۡمًا جَبَّارِينَ"

کاتێك موسا - سڵاوی خودای لێبێت- داوای لە (بنو اسرائیل) کرد بچنە خاکی پیرۆزەوەو سەرکەوتنیشی لەلایەن خوداوە بەسەر دوژمناندا بۆ مسۆگەر کردبوون، ئەوان لەجەنگ ترسانو، کاری چوونە ناوەوەیان رەت کردەوە، داواکەی موساشیان بەو پاساوە ڕەت کردەوە گوایە توانای چوونە نێو خاکەکەیان نییە چونکە گەلێکی بەسامو بەزەبری تێدایەو ئەمان وزەو توانای بەرەنگاربوونەوەی ئەوانیان نیە: ﴿ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوۡمًا جَبَّارِينَ ﴾.

هەندێك لەراڤەکاران (مفسرين) زۆر دوور کەوتوونەوە لەو راستییە کاتێك شێوەو روخساری ئەو گەلە بەزەبرەیان لەخەیاڵی خۆیاندا کێشاوە، بەم هۆیەشەوە لەبۆتەی شیاو (معقول) دەرچوونو پەنایان بردۆتە بەر مەسەلە خەیاڵیو پووچەڵو ئەفسانەکانی خۆرئاواو، بەڕای خۆیان وای دادەنێن گوایە دانیشتوانی شارەکە خاوەنی لاشەی گەورەو نامۆبوون (وەك پێشتریش لەکاتی لێدوانمان لەسەر دەقە هەڵبەستراوە ئیسرائیلییەکانی ئەم چیرۆکە نموونەمان لێ دیاری کرد).

ئێمە وای دەبینین کە ئەو ئەفسانەچییانە سەرپێچیان لە بەرنامەی راستو توێژینەوەی ماقووڵ کردووەو، لەسنووری سرووشتی قورئان تێپەڕیونو گەیشتوونەتە دروست کردنی شتی پووچەڵو بێ نێوەرۆك.. جا خۆزگە خۆیان بەوەوە خەریك نەدەکردو لەچوارچێوەی دەقە ساغەکانی قورئاندا بمانایە.

لە ڕستەی ﴿إِنَّ فِيهَا قَوۡمًا جَبَّارِينَ ﴾دا وشەی ﴿جَبَّارِينَ ﴾ مانای (زەبرکاریو زۆرکاری (تجبر وجبروت) لەرێی گەورەیی لاشەو مەزنیی ڕوخسار)ەوە ناگەیەنێت، بۆ نموونە دەبینین کەسێکی بەزەبری دەسەڵاتدارو لەستەم دارۆچوو هەیەو، بەڵام

لاشەی بچووکەو بارستاییی کەمەو جەستەی لاوازەو باڵاشی کورتە. لەوانەشە مرۆڤی قەبەو زلو درێژو قەڵەویش هەبێت بێ هێزو بێ دەسەڵات بێت.

لەوانەیە گەلە بەزەبرو هەیبەتەکەی نێو خاکی پیرۆز باڵا بەرزو درێژ بووبن، لەوانەشە کورتە باڵا بووبن، لەوانەشە قەبەو زلو قەڵەو بووبن، یان لەوانەشە بێ هێزو لەڕو لاواز بووبن، جا ئیتر ئەگەر باڵاو جەستەیان بەهەر شکڵو شێوەیەك بووبێت، گرنگ ئەوەیە بەزەبرو بەسامو هەیبەت بووبن پاشان ئەگەر وەك گەلێکی باڵادەست و بەزوبرو زەنگیش دیاربووبن ئەوە بێگومان لەدیدوتێڕوانینی جوولەکەکان دا بووەو ئەوان هێزو تواناییان هەڵسەنگاندوون.. بەڵام کێ دەزانێت؟ تۆ بڵێی جوولەکەکان لەو هەڵسەنگاندنەیان دا راستگۆبووبن؟ ئەی تۆ بڵێی ئەوە باری راستەقینەی گەلەکەی نێو شارەکە بووبێت؟ ئەی ئایا ناشێت جوولەکەکان لەو بۆچوون و هەڵسەنگاندنانەیاندا زیادەڕۆییان کردبێت و، وێنەی لایەنی دوژمنیان بەقەبەو گەورە هاتبێتە پێش چاو؟ تا بەم ڕەنگەش پاساو بۆ نەتوانینیان لەبەرەنگاربوونەوەدا دەرخەن.. ئەی ئایا ناشێت پاڵنەری گوتنی ئەو رستەیەیان ترس و لەرزو ترسنۆکییان بێت؟ هەر ئەم ترسەش وێنەی دوژمنیانی بۆ گەورەو زل کردوون و لەلایان وا دەرکەوتووە کە گەورەترن لەوەی هەن.

بێگومان خەیاڵی مرۆڤی ترسنۆك و بێ دەسەڵات شتەکانی لەلا گەورە دەکات تاکو ترس و لەرزەکەی زیاتر بێت. شاعیری عەرەب (المتنبي) لەوێناکردنی ترس لەرزی مرۆڤی ترسنۆکی هەڵاتوودا گوتوویەتی:-

وضاقت الأرض حتى كان هاربهم
اذا رأى غير شيء ظنه رجلاً

واتە: (زەوی لەلایان هێندە تەسك دەبێتەوە تا دەگاتە ئەوەی ڕاکردووەکەیان ئەگەر شتێکی تریش بەدی بکات، وادەزانێت پیاوێکە).

"لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ يَخۡرُجُواْ "

وەك لەئایەتەكەدا هاتووە، كە خودا فەرموویە:

﴿ قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوۡمٗا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ﴿٢٢﴾ المائدة ﴾..

هەر ترسنۆكیی جوولەكەكان خۆیان، وێنەی دوژمنانی لەبەرچاو زل كردن.. هەر ئەم ترسنۆكییەشیان رێی جەنگینو ڕووبەڕووبوونەوەی لێ گرتن.. هەر ئەم ترسنۆكییەش رێی چوونە نێو خاكی پیرۆزی لێ گرتن.. هەر ئەم ترسنۆكییە وای لێكردن لەو بڕوایەدابن كەوا مرۆڤە بەزەبرو زلەكان لەوانەیە لە خاكە پیرۆزەكە دەرچن بێ ئەوەی جەنگیان لەدژ بگێڕن.. هەر بۆیەش لێی دانیشتنو پاڵیان لێ دایەوەو چاوەڕوانیی دەرچوونی ئەو گەلەیان دەكرد كە بەشكم لەخۆیانەوە دەرچنو تا ئەمانیش بەئاسانی بچنە ناوی، ئەوەبوو گوتیان ﴿...لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ ﴾.. (ئێمە هەرگیز ناچینە ناو شارەكەوە تاكو ئەوان لێی دەردەچن، خۆ ئەگەر لێی دەرچوون ئەوا ئێمە دەچینە ناوی).. لەم ئایەتەدا رستەی ﴿لَن نَّدۡخُلَهَا ﴾=" هەرگیز ناچینە ناوی" مانای نكوولّی كردنێكی هەمیشەیی (النفی التأبیدی) دەگەیەنێت، كە بەئامرازی هەمیشەیی (لن = هەرگیز)ەوە ئاماژە دەكات. بەمانای ئێمە هەرگیز خۆمان ناچینە ناوی، ئێمە هەرگیز لەدژی گەلێكی بەزەبرو گەورە شەڕ ناكەین، هەرگیز جەنگیان لەدژ ناگێڕین.

﴿وَإِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَا حَتَّىٰ يَخۡرُجُواْ مِنۡهَا ﴾... واتە: (هەر دەمێنینەوەو چاوەڕوانیی دەرچونیان دەكەین، جا ئەگەر لێی دەرچوون، دەچینە ناوی).

لێرەدا من (نووسەری کتێبەکە) داوا دەکەم سەرنجی ورد لە فەرمانی دووبارە بوونەوەی رانەبردوو (الفعل المضارع المكرر) بدرێت، لەو وتەیەیاندا کە گوتوویانە ﴿...حَتَّىٰ يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُواْ مِنْهَا ...﴾ .. ئەمەش فەرمانی زانراو (مبنی لمعلوم)ەو بکەر (فاعل)ەکەشی، پیتی (واو-و)ی کۆمەڵ (جەماعە)یەو بۆ گەلە بەزەبرو هەیبەتەکە دەگەڕێتەوە.

بیناکردنی فەرمانی رانەبردووش بۆ زانراو چەندین ئاماژەی بەهاداری هەیە، وەك ئەوەی کە: گەلە بەزەبرو دەسەڵاتەکە خۆیان لەخاکی پیرۆز دەربچن، خۆیان بەجەستەو گیانی خۆیانو بە خواستو ئیرادەی خۆیان دەرچنو، هیچ کەسێك بەزۆر ناچاری دەرچوونیان نەکات. ئا ئەمەیە روانینی جوولەکە ترسنۆکەکان بۆ باڵادەستیو سەرکەوتن.. بێگومان خودا خۆی بەڵێنی رزگارکردنی خاکی پیرۆزی پێدابوون، بەڵام ئەوان بەبێ شەڕو کوشتار خوازیاری بوون. ئەوان چاوەڕوان بوون کە دانیشتوانەکەی لێی دەرچێت تاکو خۆیان بچنە جێگەیان.

ئەمەش روانینی گشت کەسێکی تەمەڵو ترسنۆكو سەرشۆڕە.. بەم رەنگەش جەنگ لەدژی گەلانی تر ناگێڕێت، هەر بەم رەنگەش وڵاتان رزگار ناکرێن. هەرگیز بەخەیاڵمان دا نەهاتووە، کە گەلێکی سەرکەوتوو بەخواستو ئارەزووی خۆیان دەست لە سەرکەوتنەکەیان هەڵگرنو ئەو خاکەی کە بەخواستی خۆیان گرتوویانە لێی دەرچنو بکشێنەوە.

بێگومان جوولەکەکان خاکێکیان بەبێ کوشتار دەویستو چاوەڕوانی ئەوە بوون دانیشتوانەکەی لێی دەرچن تا ئەوسا بچنە ناویەوە.

ئەوەی جێی داخو کەسەریشە، ئەوەیە ئەمڕۆ هەمان روانینی ترسنۆکانەو سەرشۆڕانەی جوولەکە ئاسا، یەخەی بەهەندێك گەلانی عەرەبو موسڵمان گرتووەو هەمان روانینی ئەو جوولەکانەی زەمانی (بنو اسرائیل)یان بۆ دروست بووە، بەم

هۆیەشەوە جوولەکەکانی ئەمرِۆ توانیویانە فەلەستین‌و چەند پارچە زەوییەکی تری عەرەب داگیرکەن، عەرەبەکانیش لەکاری بەرەنگاربوونەوەی جوولەکەو رزگارکردنی خاکی پیرۆزیان دا ترسنۆك‌و لاواز دەرچوون.

ئەم ترسنۆکی‌و لاوازییەشیان خستوونیە مەسەلەیەکی خەیاڵیی وەها، کە مەگەر هەر واهیمەچییان‌و خەون دیتوان‌و خەیاڵ پڵاوان بەدیی بکەن.. ئەوان (واتە عەرەبەکان) چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، کە جوولەکەکان خۆیان لەو خاکە داگیرکراوانە دەرچن، بەتایبەتیش لەو خاکەی لەدوای سالّی (١٩٦٧ زایینی ی مەسیحییەوە) گرتیان‌و، عەرەبەکانیش لە چاوەڕوانیی ئەوەدان، کەوا جوولەکە ڕێزیان لێ بنێن‌و بۆیان چۆڵ کەن‌و بەخواست‌و ئیرادەی خۆیان لێی بکشێنەوەو بیدەنەوە بەعەرەبە ستەم لێکراوەکان.. زمانی حالّی عەرەبە لاوازەکانیش دەڵێت: ﴿وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ﴾.

"ٱدۡخُلُواْ عَلَيۡهِمُ ٱلۡبَابَ " و .. جەنگی هێرش بردن

کاتێك جوولەکە ترسنۆکەکانی (بنو اسرائیل) فەرمانی (چوونە نێو خاکی پیرۆزیان بەجیهاد) رەت کردەوەو دانیشتن لەچاوەڕوانیی دەرچوونی دانیشتوانەکەیدا بەخواستی خۆیان، لەو کاتەدا دوو پیاوی ئازا لەنێویاندا هەستانو رێگەی جەنگو سەرکەوتنیان بۆ روون کردنەوە:

﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمَا ٱدۡخُلُواْ عَلَيۡهِمُ ٱلۡبَابَ فَإِذَا دَخَلۡتُمُوهُ فَإِنَّكُمۡ غَٰلِبُونَۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَ ﴿٢٣﴾ ﴾ المائدة

وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە دوو پیاو لەنێو ئەو کۆمەڵە ترساوو ترسنۆکەدا هاتنە دەرەوە ﴿ قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِمَا ﴾. واتە: دوو پیاو لەنێو ئەوانەی، کە دەترسانو لەوانەش بوون، کە خودا نیعمەتی ئازایەتیو بوێریو خۆڕاگریی پێ دابوون کۆنترۆڵی ترسو لەرزیان کردبووو بەسەر ترسنۆکیو لاوازیدا سەرکەوتبوون، قسەیان کرد بۆ گەلەکەیان.

بەڕاستی مرۆڤ سەری دەسوڕمێت لەو کۆمەڵە سەر شۆڕو ترسنۆکەی، کە تەنها دوو پیاویان تێدا هەڵکەوتووەو خاوەنی ئازایەتیو هێز بوون.. ئەی داخۆ ئەم جۆرە کۆمەڵە ترسنۆکە کێ بن؟ بێگومان کۆمەڵێکی (بنو اسرائیل)ن، کە خودا لە دەست (فیرعەون) رزگاری کردنو گەیاندنییە قەراغی خاکە پیرۆزەکەو، لەگەڵ ئەوەشدا ترسو دڵەڕاوکێ باڵی بەسەردا کێشابوونو دڵو دەروونی هەڵتەکاندبوون.

(قال رجلان) خودا بە (پیاو) وەسفی کردوون لەم جێیەدا ئەمەش حیکمەتێکی درەوشاوەی هەیە، چونکە ئەوان دوو پیاوی نێو کۆمەڵێکن، کە هیچ پیاوەتییەکیان تیادا نەماوە. هەروەها جیاوازییشی کردووە لەنێوان ئەو (سیفەتی نێرینە

(ذكورة)یەی كە پێچەوانەی مێیینەییە)و ئەو (سیفەتی پیاوەتییەش، كە مانای هێزو ئازایەتیو سەربەزری دەگەیەنێت)، چونكە هەموو پیاوێك نێرە، بەڵام هەموو نێرێك پیاو نییە.. خوداش راستی فەرمووە كاتێك باوەڕدارانی بەو پیاوانە لەقەڵە داوە كە لەگەڵ پەیمانی خۆیاندا راستگۆبوون ﴿مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ... ﴿٢٣﴾ الأحزاب﴾ ... ئەی داخۆ ئەم دوو پیاوە چییان بەترسنۆكە ترساوەكان گوتبێت؟ پێیان گوتوون: (لە دەروازەی شارەوە بچنە سەریان (ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ) بەمانای ئێوە دەست بەهەڵمەت بردن بكەن). جا كاتێك لەم وتە راستپێكە ورد دەبینەوە، دەبینین چەندین ئاماژەو رێنمایی گرنگی لە بابەت جیهادو جەنگو سەركەوتنەوە لەخۆگرتووە، وەك:

١- ئاماژە بۆ تیۆرێكی گرنگی جیهادی دەكات، كە تیۆری جەنگی هێرش بردنە (نظرية الحرب الهجومية)، كە پسپۆرانی بواری سەربازی دانیان پێداناوە لەسەر ئەوەی، كە ئەمە رێگەی سەركەوتنە. هەركەسێكیش خوازیاری بردنەوەی جەنگ بێت، ئەوە پێویستە لەسەری، كە خۆی دەست بە هێرشبردن بكاتو هەڵكوتێتە سەر دوژمنەكەی لەخاكی ئەو دوژمنەیداو بچێتە نێو خانەو لانەیەوە، ئەمەش هەمووی مانای ئەو رستەیە (ادخلوا عليم الباب) دەگەیەنێت.

ئەوەی پاڵپشتی راستبێژیی ئەم تیۆرە قورئانییە جیهادییە هێرشكارییەیە، فەرمایشتێكی دیكەی خودایە، كە دەفەرموێت:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَٰتِلُوا۟ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلْكُفَّارِ وَلْيَجِدُوا۟ فِيكُمْ غِلْظَةً وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٣﴾ التوبة﴾

واتە: (ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، دژی كافرە نزیكەكانی دەوروبەرتان بجەنگن، با لەو جەنگینەتاندا توندوتیژیو سامو بەهێزییتان لێ بەدی بكەن).

هەروەها ئەم فەرمایشتەی تری خوداش پاڵپشتی تیۆرە جیهادییەکەی قورئانە، کە دەربارەی جەنگی هێرشبردن فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَهِنُوا۟ فِى ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِ ۖ إِن تَكُونُوا۟ تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ ۖ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٠٤﴾ النساء﴾... واتە: (لەکاری سۆراخ کردنی دوژمنو هەڵکوتانە سەریان، هیچ سستیو لاوازییەك مەنوێنن، خۆ ئەگەر ئێوە ئێش و ئازاری ماندوێتیو شەڕو برینداری بچێژن، ئەوانیش وەك ئێوە دەیچێژن، بەڵام ئەوەی کە ئێوە ئاواتی بۆ دەخوازن (کە ڕەزامەندیو پاداشتی خودایە) ئەوان بە تەمای نینو ئاواتی بۆ ناخوازن).

بێگومان هەموو هەڵوێستە جیهادییەکانی پێغەمبەر ﷺ بەپێی ئەم تیۆری هێرش بردنەی نێو قورئانە (ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ)، ئەوەبوو لەزۆربەی جارەکاندا خۆی دەسپێشکەریی هەڵمەتی بۆ سەر دوژمن دەکردو شاڵاوی دەبردە سەر خاكو بنکەو بارەگایانو، لەناکاودا پەلاماری دەدان، بەتایبەتیش لەجیهادیدا دژی جوولەکەکان لەشاری (مەدینە)و دەوروبەری.. شێوازی پێغەمبەر ﷺ ئاوابوو، چ لەکاتی هێرشو غەزای بۆ سەر جوولەکەکانی (بنو قینقاع)و، جوولەکەکانی (بنو النضیر)و، جوولەکەکانی (بنو قریظە)و، جوولەکەکانی (خەیبەر)، لەکاتی فەتحکردنی مەککەشداو لە جەنگی دژی (هەوازن)و لە بەڕێکەوتنیشی بۆ (تەبوك)دا هەمان شێوازی جەنگیی هەبوە، هەروەها سوپای بۆ (موئتە)ش ناردووە، ئەو سوپایەشی سازو ئامادەو پڕ چەكو ئازووخە کردووە، کە (ئوسامە)ی کردبووە فەرمانده‌ی.

هاوەڵان (صحابە) بەرێزەکانیش -خودا لێیان ڕازی بێت- لە قورئانەوە لەم ئاماژەو ڕێنماییە هۆشیار ببوونەوەو لە پێغەمبەریشەوە ﷺ ئەم وانەیەیان لەبەر کردبووو، ئەوانیش هەڵوێستە جیهادییەکانیان بەپێی ئەو تیۆرە قورئانییەی هێرش

بردن بووه. (علی کوڕی ابوطالب) ﷺ گوتوویەتی: (هەر گەلێك لەناوجەرگەی وڵاتی خۆیاندا هێرشیان کرابێتە سەر، لە ئاکامدا هەر بەزیون).

لە سەردەمی ئەمڕۆشماندا جوولەکەکان لەم دەرسە جەنگسازییە تێگەیشتوونو، تیۆری (ادخلوا علیهم الباب)یان لەسەر عەرەبەکان پەیڕەو کردووەو، هێرشی لەناکاو دەکەنە سەر عەرەبو دەسپێشکەریی هەڵگیرساندنی شەڕ دەکەنو یەکەم زەبر ئاراستەی عەرەب دەکەن، بەڵام عەرەبەکان بەبەرگرییەکی لاوازو ترسنۆکانەو شکستەوە بەرەو ڕووی هێرشی جوولەکە بوونەتەوە.. هەر بۆیەش جوولەکەکان خولەکانی جەنگیان دەبردەوەو عەرەبیش دەیاندۆڕاند، چونکە هەڵوێستی هێرشبەر بەهێزەو، هەڵوێستی بەرگریکار لاوازە.

کاتێك عەرەبەکانیش بیریان کردەوە کە جارێك خۆیان دەست بەهێرش بکەنو بەپێی تیۆرە قورئانییەکەی هێرش بردن (ادخلوا علیهم الباب) بجووڵێنەوەو یەکەمین زەبریان بەجوولەکە گەیاند. جوولەکەکانیان راچڵەکاندو پەشۆکاندو بەزاندنیان (واتە لەسەرەتاکانی جەنگدا شکاندنیان)، بەڵام ئەگەر لەکاتی جەنگەکەدا چەند گەمەو پیلانو ناپاکییەکی ژێربەژێریی نەبوایە ئەوا خاکی موسڵمانان بەتەواوەتی بە موسڵمانەکانیشەوە رزگار دەکرا. ئەمەش لەمانگی رەمەزانی ساڵی (١٣٩٣.ك) بەرامبەر مانگی تشرینی یەکەمی (١٩٧٣ز)بوو، ئەوەبوو لەسەرەتای جەنگەکەدا جەنگاوەرە موسڵمانە عەرەبەکان هێڵە پتەوەکەی جوولەکەیان کە ناوی (هێلی بارلیف) بووو لەسەر سوێس دروست کرابوو، شکاندو چوونە نێو قووڵایی خاکی (سینا)وەو ڕووبەرێکی گەورەیان لێ رزگار کرد.

"إِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَآ أَبَدٗا مَّا دَامُواْ فِيهَا"

ئایا ئەو کۆمەڵە جوولەکە ترسنۆکە چ وەڵامێکی ئامۆژگاریی دووپیاوە ئازاکەیان دایەوەو چییان کرد؟ ئایا شوێنەواری ئامۆژگارییەکە لەسەریان چیبوو؟ ئەی داخۆ هەڵوێستیان لەبەرامبەر دیدوبۆچوونی جیهادییانەی هەردوو پیاوەکە لەمەڕ هێرش بردن چی بوو؟

وەك قورئان دەیگێڕێتەوە گوتوویانە: ئەی موسا ئێمە هەرگیز ناچینە ناو خاکە پیرۆزەکەوە مادام ئەو خەڵکە بەسامو هەیبەتەی تێدابێت، لەبەرئەوە خۆتو خودای پەروەردگارت بڕۆن بۆ جەنگو کوشتار، وا ئێمەش لێرە دانیشتووین: ﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ ﴿٢٤﴾﴾ المائدة.. بەمانای ئەوەیان لەموسا خواستووە، کە بێ هیوابێت لێیانو دەست لەهاندانیان هەڵگرێتو خۆی بە هەڵنانو هاندانیانەوە ماندوو نەکات.

﴿لَن نَّدۡخُلَهَآ أَبَدٗا مَّا دَامُواْ فِيهَا﴾ لەم وتەیەدا بە دوو وشەی (لن)ی هەمیشەییو، (ابداً)ی هەمیشەیی مەبەستی خۆیان دووپات کردۆتەوە.

بەهەمیشەیی کردنی مەبەستەکەشیان پەیوەستە بە مانەوەی گەلە بەهێزو تواناکەی نێو خاکە پیرۆزەکەوە، چونکە ئەگەر ئەوانی لێ دەرچن، ئەوا جوولەکەکانیش دەچنە ناوی. سووربوونیان لەسەر جەنگ نەکردنو دووپاتکردنەوەی ئەو سووربوونەش ئەو ئاماژەیە بەدەستەوە دەدات کە ئەوان خوازیاری شێوازی عەسکەریو جیهادی نەبوونو، ڕێگای پیاوەتیو سەربەرزیو خۆبەختکاریو بەهەشتیان ناوێت، بەڵکو ڕێگای سەرشۆڕیو ترسنۆکیو لاوازی هەڵدەبژێرن.

بێگومان ترسنۆکیی جوولەکەو ترس‌و سەرشۆڕییان، ئەو جەنگین‌و جیهادەی لەلا بێزراندوون‌و هانی داون بۆ دانیشتن‌و خۆبەدەستەوە دان.

هەر ئەم ترسنۆکی‌و ترس‌و لەرزەش، سەرچاوەی دەردو پەتای هەر نەتەوەیەکە، کە ڕێچکەی ئەم جوولەکانە بگرێتە بەر، چونکە ڕێگەی کوشتارو جیهادو شەهیدبوون ڕەت دەکەنەوەو، هۆگری ڕێگەی سەرشۆڕی‌و لاوازی‌و تەسلیم بوون‌و خۆ فریودان بەوەهم‌و خەیاڵن. ئەم جۆرە نەتەوەیە، وەهمی سەرکەوتنی بەسەر دوژمندا لەبواری فشاری ئاشتیانە، یاخود دانوستانی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆدا بۆ دروست دەبێت. یان چاوەڕوانی دەرچوونی دوژمنانن لە وڵاتیان‌و، گوایە بەخواستی لەخۆبوردوانەو بەخشندەیەتیی خۆیان لەمەیدان دەکشێنەوە، سەیر لەوەدایە ئەم بۆچوونەی خۆیان بەبەرزترین پلەی هۆشیاری‌و زیرەکی‌و ژیری‌و واقیعی‌و میانڕەوی دادەنێن. ئایا ئەم نەریتە، نەریتی هەندێك عەرەبی ئەم سەردەمە نییە لەشێوازی تێڕوانینیاندا بۆ ناکۆکییان لەگەڵ جوولەکەو، گێڕانەوەی ئەو خاکەی، کە جوولەکەکان دوای ساڵی (١٩٦٧) داگیریان کرد؟

ئیدی بەهۆی ئەم ڕوانینە ترسنۆکانەو، ئەو بۆچوونە کورتبڕەو ئەو تێگەیشتنە ساویلکانەیەوە دەبینین، کە کێشەی موسڵمانانی فەلەستین بەردەوام لەدواکەوتن دایەو، عەرەبەکانیش لەهەموو لایەن‌و مەوقیعێکەوە لەبەرامبەر جوولەکەدا تێشکاوو زەرەرمەندن. خۆ ئەگەر ئەو عەرەبانە ڕێگەی تریان هەڵبژاردایە، ئەگەر ڕێگەی جەنگی هێرش بردن‌و تیۆری (ادخلوا علیهم الباب)یان بگرتایەتە بەر، ئەوا بەخێرایی: (کۆتایی پێهێنانی کێشەکە)و (چارەسەری گرفتەکە)و (بەزینی دوژمنان)و (ڕزگارکردنی نیشتمان) بەئەنجام دەگەیشت، هەر ئەم ڕێگەچارەیە ڕاستەو هیچ ڕێچکەیەکی دی سوودی نییە، ئایا عەرەبەکان کاری پێ دەکەن؟ ئایا ڕێگەی ڕاست دەگرنەبەر؟ ئایا لە دەرگاوە هەڵمەتیان دەبەنە سەر؟ ئایا ڕزگارکەری وڵاتن؟ ئایا بەسەر جوولەکەدا سەردەکەون؟

"فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَـٰتِلَآ ....إِنَّا هَـٰهُنَا قَـٰعِدُونَ "

جوولەکەکان موسای پێغەمبەریان ئاگادارکرد لەوەی، کە ڕێگە چارەی سەربازیی جیهادی ڕەت دەکەنەوە، بەلاَم خۆزگە تەنیا بەو تاوانە ترسنۆکانەو زەلیلانەیەوە دەوەستانو، گوناهو سەرپێچییتریان لێ نەبینرایە، ئەوان دوای ئەمە تاوانێکی دزێوتریان کردو خراپەیەکی گەورەتریان پیشان دا، کە بەزمان درکاندیان، ئەوەبوو گوتیان: (ئەی موسا بڕۆ خۆتو خوداکەت بجەنگن، بێگومان ئێمەش لێرە لێی دانیشتووینو چاوەڕێی ئەنجام دەکەین) ﴿فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَـٰتِلَآ إِنَّا هَـٰهُنَا قَـٰعِدُونَ ﴾.. کاتێك سەرنج لەم دەربڕینە دەدەین، چەند ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگری تێدا ڕەچاو دەکەین، وەك:-

١- بەراستی جوولەکە ترسنۆکن، ئەو ترسنۆکییەشیان بەربەستە لەبەردەم شەرەفی جیهادکاریدا، چونکە مرۆڤی سەرشۆڕو ترسنۆك ناجەنگێت، تەنانەت گەر چەندین هۆکاری هاندەرو هەڵنەرو جوانکاریو خەلاَتی هەمە جۆریشی بۆ دابنرێت.

٢- ئەوان بێ شەرمییان بەرامبەر (موسا) کردووەو بەئەدەبێکی جوان لەگەڵیدا نەجووڵاونەتەوە، بەڵکو پێیان گوتووە: (بڕۆ خۆتو خوداکەت بجەنگن).

بەراستی مرۆڤی ترسنۆك شەرم ناکاتو هەردوو نەریتی ترسنۆکیو بێ شەرمیی لەخۆیدا هەڵدەگرێت، جا ئەگەر کابرای ترسنۆك شەرمەزار کراو هەموو دەرگایەکی لێ داخرایەوەو گشت پاساوو چارەسەرە بێ ناوەرۆکەکانی پووچەڵ کرانەوەو، بەڵگەی ژیرانەی ڕۆشنی خرایە ئەستۆو هیچ پاکانەیەکی

نەما، ئـەوا بێشـەرمی دەنوێنێـتو هەڵـسوکەوتی خـراپ دەردەخـاتو جنێـو دەداتو قسەی ناشیرین دەکات.

٣- جوولەکەی ترسنۆك وازیان لە پێغەمبـەرە رزگارکـارو فریادڕەسـەکەیان هێنـاو بەجێیان هێشت، کە خۆی بەتەنیا بجەنگێت، ئەمـە هەڵـسوکەوتی هەمیـشەیی ترسنۆکانە بەرامبەر موجاهیـدە ئازاکـان، کـە وازیـان لـێ دێـننو لەمەیـدان بەجێیان دێڵن بەو بیانووەی گوایە ئەم موجاهیدانە توندڕەوو هاندراوو بێ باکن.

٤- جوولەکـەکان بەموسـایان گوتـووە: ﴿فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ﴾ لـەم رسـتەیەدا وشەی (ربك) تاك (مفرد)ە، ئەمەش وەك ئەوەی گوایە خـودای موسـاش، هـەر خودای موسایە، نەك خودای ئەوانیش بێت، لەمەشدا بـێ ئەدەبییـەك دەرهـەق خودا کراوەو وایان پیشان داوە، کە ئەم خودایەیان ناوێت، کـەوا داوای جیهـادو جەنگییان لێ دەکات، بۆیە وای دادەنێن، کـە گوایـە تـەنها خـودای موسـایە. بێگومان کەسانی لاوازترو ترسنۆك، نایانەوێت هیچ ئەركو بارگرانیو قوربـانی دانێکیان لەسەر شان بێت، هەر بۆیەش ڕقیان لەو ئەرکانە دەبێتەوەو ڕقیان لەو کەسەشە، کە ئەو جۆرە ئەرکانەیان پێ بسپێرێت.

ئـای لـەم سـەردەمەدا چـەند لاوازو ترسـنۆکیش هـەنو، هـەمان وتـەی جوولەکەکان بە بانگەوازکارو موجاهیدان دەڵێنـەوە، کـە بەموسـایان گوتبـوو، ترسنۆکانی ئەمڕۆ بەموجاهیدانی ئەم سەردەمە دەڵێن: (بڕۆن خۆتانو خوداتـان بجـەنگن، وا ئێمـەش لێـرە دانیـشتووین، جـا ئەگـەر ڕاسـتگۆن لـەوەدا، کـە جوولەکەکان لە فەڵەستین دەردەکەنو، سەردەکەون بەسەریانداو، کـە خوداشـتان لەگەڵدایە، دە بڕۆن خۆتانو خوداتـان جـەنگ لـەدژی جوولەکـە بگێـڕنو ئـەو ئەرکەی، کە توانای بەجێهێنانیمان نییە، بەسەر ئێمە دامەدەن).

٥- ﴿إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾.... ئەوان سەرەڕای ئەو هەموو هاندانو گردکردنەوەو قەناعەت پێهێنانەش، هەر سەرپێچییان کردو دانیشتن.. بۆچی لێــی دانیـشتن؟ بێگومان کەمیی ورەو هیممەتیان داینیشاندن، ئیمان لەدڵیاندا کزو لاواز ببوو، واتاکانی سەربەرزیو شکۆمەندی لەدڵیاندا نەمابوو، واتاکانی جیهادو حەز لـە شەهادەت کردن لەدەروونیانـدا مردبــوو.. بۆیــە هــەرزانترین ئــەركو کـەمترین قوربانییان لەلا خۆشەویست بوو، کە دانیشتنو بێ دەنگــی بــوو. بەترســنۆکیو لاوازیو سەرشۆڕییەوە لێی دانیشتن، ئەمەش حاڵی هــەموو ئەوانەیــە، کــە لــە جیهاد دانیشتوونو سەرەڕای هۆکارە پێویستکارەکانی جیهاد، کەچی پاڵیان لێ داوەتەوەو پشتگوێیان خستووە.

" لَآ أَمۡلِكُ إِلَّا نَفۡسِي وَأَخِيۖ "

(موسا) سلاوی لیٚ بیٚت، دوای ئەوەی لەگەلە ترسنۆکەکەیەوە وەلامی تەواوو بنەبڕی نەگۆڕی دەربارەی نەجەنگینیان بیستو، دوای ئەوەی ئەو گەلە بیٚ ئەدەبیو بیٚشەرمییان بەرامبەر موساو بەرامبەر خوداش نواند، ئینجا (موسا) ڕووی کردە خودای پەروەردگاریو سکالای لەدەست گەلەکەیو یاخی بوونیان کردو، رایگەیاند، کە تەنها دەسەلاتی بەسەر خۆیو براکەیدا هەیە: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ إِلَّا نَفۡسِي وَأَخِيۖ ... ﴿٢٥﴾ المائدة﴾ کەوابوو توانای بەسەر ئەو کۆمەلەی (بنواسرائیل)دا نیەو ناتوانیٚت بەزۆر ڕایانسپیٚریٚت ، چونکە لیٚی هەلگەڕاونەتەوەو سەرپیٚچییان لە فەرمانەکانی کردووە.

بۆچی لیٚی هەلگەڕانەوەو سەرپیٚچییان لە فەرمانەکانی کرد؟ ئەو چیی لیٚ داوا کردبوون؟ ئەی چ هۆیەك لەپشت هەلگەڕانەوەو یاخی بوونیانەوە بوو؟

بیٚگومان (موسا) داوای لیٚکردن بچنە خاکە پیرۆزەکەوەو، جیهاد بکەنو بجەنگنو، ڕیٚی سەربەرزیو سەرکەوتنو دەسەلاتداریٚتی بگرنە بەر.. دەی ئایا ئەم داوایە لەباری دایە، کە هەلگەڕانەوەو یاخی بون بخاتەوە؟ بەراستی هیچ کەسیٚك ئەم ڕەفتارە نانویٚنیٚت تەنها ترسنۆكو سەرشۆڕان نەبیٚت.

کەی (موسا) ـ سلاوی لیٚ بیٚت ـ لیٚیان بیٚئومیٚد بووو دەستی لیٚ هەلگرتنو خۆی لیٚ بەریی کردن؟ ئەمە دوای چەندین سالی دوورو دریٚژ بوو کە لە(میسر)و (سینا) بردییە سەر لەگەلیان داو، دوای هەولو تەقەللایەکی لەخۆبوردوانەش بوو کە سەرقالی پەروەردەکردنیانو گۆش کردنیانو ڕاستکردنەوەیان بووو، هەروەها

دوای شارەزاییەکی زۆریش لەناسینی دڵو دەروونیان.

جا دوای ئەوەی (موسا) - سڵاوی لێ بێت- لێیان بەریو بێتاوان بوو، داوای لەخودای پەروەردگاری کرد کە لەوانی جیابکاتەوە ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي لَآ أَمۡلِكُ إِلَّا نَفۡسِي وَأَخِيۖ فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴿٢٥﴾ المائدة ﴾.. ئیدی ئەوان شایانی ئەوەنەبوون، کە لەگەڵ موسادابنو، پیاوی ئەوەش نەبوون، کە بەهاوڕێیەتی موسا شەرەفمەند بن، چونکە بەدکارو یاخیو، سەرشۆڕو ترسنۆك بوون، هەر کەسێکیش ئاوا بێت شایانی ئەوە نییە، کە هاوڕێی پیاوانی جیهادکار بێت.

" فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ "

﴿ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ ﴾ بەهۆی ئەوەی لەجیهادو جەنگیندا ترسنۆك بوون، خوداش حەرامی کرد لەسەریان بچنە خاکە پیرۆزەکەوەو، شەرەفی رزگارکردنی‌و تیایدا نیشتەجێ بوونیشی لێ حەرام کردن، ئیدی ئەو خاکە پیرۆزەی کە خودای پەروەردگار بۆی نووسیبوون‌و بۆی بڕیار دابوون کە بچنە ناوی، حەرام کرا لێیان.. بۆچی؟!

بێگومان (موسا) ڕێگەی رزگارکردنی خاکە پیرۆزەکەو زەفەر پێبردنی پیشاندان، کەچی ئەوان ئەو تاکە ڕێگە شیاوەیان رەت کردەوە.. بێگومان موسا دەیویست سوودو بەرژەوەندیی ئەوان بەدیی بێنێت‌و، خوازیاری سەربەرزی‌و شکۆمەندی‌و سەرکەوتن‌و دەسەڵات وەرگرتن بوو بۆیان، هەروەها خوازیاری ئەوە بوو کە ئەوان ببنە گەورەو مامۆستای خەڵکانی تر.

تاکە ڕێگەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش هەر جیهادو جەنگین بوو، جا کاتێک ئەو ڕێگەیەیان رەت کردەوە، دیارە لەهەموو بەروبوومە خۆش‌و گەورەکانیشی بێ بەش کراون.

ئەوان نەفس‌و تەمەن‌و خوێنی خۆیان لەلا گران‌و گرنگ بووو قوربانییان بەمانە لەپێناوی خوادا نەدەداو، نەیاندەکردە بەهایەك بۆ سەرەنجامە مسۆگەرو گەورەکە.

دەبینین لەجیهاددا قوربانیی گەورەو گران هەیە، ڕێگەکەش قورس‌و درێژو سەختە، دیارە نەفسیش لەسەرەتادا ئەمەی پێ خۆش نیە (وەك لەدەقی قورئاندا هاتووە) هەموو ئەمانە راستن‌و نکوولیی لێ ناکرێت.. بەڵام ئەنجامی جیهادەکە

گەورەیەو، بەهاکەشی خوازراوو ویستراوەو، ئامانجەکەشی بەرزو پیرۆزە، ئەم هەموو ئەنجامو بەهاو ئامانجانەش شایستەی بەگەڕخستنی گشت هەوڵو توانایەکن کە بە ماڵو نەفس لەپێناویدا خەرج بکرێت.

هەر بۆیەش باوەڕدارانی جیهادکار نەفسو خوێنو سامانو گشت موڵكو ماڵێکیان لەلا کەمو بێ بایەخ دەبێت لەکاتی جیهادداو بەوپەڕی قایل بوونو باوەڕو دڵسۆزییەوە دەیانکەنە قوربانی.

ئەرێ لەکەیەوە پەیداکردنی سەرکەوتنو دەسەڵات بەبێ قوربانیدان بووە؟ ئەرێ لەکەیەوە پیاوەتی بەبێ باج دان بووە؟ ئەرێ لەکەیەوە ژیان بەبێ ناڕەحەتیو مەینەتی بوە؟ ئەرێ لەکەیەوە بەهەشت بەبێ نرخ بووە؟

لەخەونو خەیاڵدا دەژین ئەوانەی خوازیاری سەرکەوتنو رزگاربوونن و کەچی لێی دانیشتوون.. لەخەونو خەیاڵدا دەژین ئەوانەی سەربەرزیو شکۆمەندیو سەروەرییان دەوێتو کەچی ترسنۆكو لاوازن.. لەخەونو خەیاڵدا دەژین ئەوانەی بەبێ جیهادو داوای شەهادەت بەهەشتی خودایان دەوێت.

جا لەبەرئەوەی جوولەکەکانی سەردەمی موسا دانیشتنی زەلیلیو ترسنۆکانەیان هەڵبژارد لەو خواستی هەڵبژاردنەدا شکستیان هێناو، لە تاقیکردنەوەکەشدا کەوتن.. بەم هۆیەشەوە لەشەرەفو شکۆمەندیی رزگارکردنی خاکی پیرۆز بێبەش کران، لەو رێگەیە بێبەش کران کە دڵانی پیاوان بۆی لێ دەدات و، دەروونیان شەیدایەتیو، چاوانیان تیشکی روانینی بەردەوامیان خستۆتە سەر.

ئەمڕۆش عەرەبو موسڵمانەکان روویان لە جەنگینیان وەرگێڕاوەو، رێگەی پیاوەتیو سەربەرزیو رزگاریو سەرکەوتنیان رەت کردۆتەوە، واتە رێگەی جیهادیان رەت کردۆتەوە، رێگەی لاوازیو بێ دەسەڵاتیو سواڵ کردنیان هەڵبژاردووەو، وایان لێ هاتووە سواڵو داوای یارمەتی لە جوولەکەو دەسەڵاتدارانی

دی دەکەن تاکو بەشێکی کەم لە خاکی وڵاتیـان بـەخێری خۆیـان پـێ ببەخـشنەوە تەنانەت گەر زۆر بـچووكو کـەمیش بێـت.. ئـیتر شمشێرەکانیـشیان پێـچاوەتەوەو چەکەکانیان فرێداوەو، لقـی دار زەیتوونیـان بـەرز کردۆتـەوەو، کـۆتری ئاشـتییان هەڵداوەو، هیچ شتێکیشیان دەسگیرنەبووەو، هەرگیز (تا لەسەر ئەو ئاکارەش بـن) هیچ شتێکیان دەسگیر نابێت.. ئەوان بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو تراویلکە (سـەراب)ە فریـو دەرەوە ڕێگـای جهـادو شـەهادەتخوازییان ون کـردو، پلـەو ڕێـزی ڕزگارییـان لەدەست داو، ژیـانی زەلیلـیو ترسـنۆکیو لاوازییـان بەباشـترزانی.. لەبـەر ئـەوە خوداش لە ڕێزو شەرەفی جیهادکاریو ڕزگارکردن بـێ بەشـی کـردن، کتومـت وەك ئەوەی بڕگەی (أنَّها مُحرّمة عليهم) بەتەواوی بەسەر ئەوانیشدا بچەسپێت.

بێگومـان جیهـادکردنو ڕزگـارکردنو، گێڕاندنـەوەی وڵاتو شـوێنو دیـاردە پیرۆزەکان، ڕێزو پلەیەکی گەورەیـەو، مەدالیایـەکی بـەرزەو، بەخششێکی پـیرۆزو بەهاداری خوداییە.. خوداش نایەوێت ئەم شەرەفە بدات بەو کەسەی، کە شـایانی نییە، چونکە نەوەی بەزیو، سەرکەوتن دروسـت ناکـاتو خوازیـارانی سەرشـۆڕیش (کە هێمای زەلیلیین) ڕێنیشاندەری سەربەرزی نیین.

چل ساڵ وێڵ بوون " أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي ٱلْأَرْضِ "

خودا شەرەفی جیهادو رزگاریو، دەسەلاتداریێتیی نێو خاکی پیرۆزی لەو ترسنۆکانەی جوولەکە حەرام کردو، وێڵیو گومبوونی نێو خاکی (سینا)ی بۆ بڕیاردان. ماوەی ون بوونەکەشیانی بە چل (٤٠) ساڵ دانا.. بۆچی چل ساڵ؟ بێگومان ماوەی چل ساڵ ژیانی دوو نەوە (جیل) دەگرێتەوە. حیکمەت لەم دیاریکردنەش ئەوە بوو کە ئەو نەوە ترسنۆکەی (بنو اسرائیل) نەمێننو دواییان پێ بێت، چونکە هیچ ئامۆژگاریو وتەیەکی هاندەرانەو پاڵنانو چالاك کردن سوودی نەبوو بۆیان. ئەو کۆمەڵە کەسە نەوە (جیل)ێك بوون، کە جیهادیان لێڕانەدەبینرا، چونکە هیچ هیممەتو ورەیەکیان نەمابوو.. بۆیە دەبێت چاوەڕوانی بکرێت، تاکو ئەو نەوەیە دەمرنو، دوای ئەوان نەوەیەکی تازە بێنە پێشەوەو توانای جەنگو رزگارکردنیان تێدا بێت، چل ساڵەکەش ماوەیەکی بەسە بۆ قڕبوونی ئەو نەوەیە، ئەی داخۆ ئەم نەوە ترسنۆکە، کە چاوەڕوانیی نزیکبوونی کۆتاییان دەکەن، چی بکەن؟ ئەوان لە بیاباندا ون بون ﴿سَنَةً يَتِيهُونَ فِي ٱلْأَرْضِ﴾... لەڕاستیشدا لە (سینا)دا ون بونو هەر لەو بیابانەدا ژیانو تاڵیی ژیانو بارگرانیی گوزەرانیان چەشت.

مرۆڤ سەری سووڕ دەمێنێت لەو ڕووداوەی، کە بەسەر ئەو نەوە ترسنۆکەی (بەنوئیسرائیل)دا هات.. بێگومان خودا ڕێگەی پیاوەتیو سەربەرزیی بۆ والاکردنو، ئەوانیش پیایدا نەڕۆیشتن.. بێگومان بانگی کردن بۆ وەرگرتنی نیعمەتو خێرو بەرەکەتەکانی خاکی پیرۆز بەو مەرجەی نرخەکەی بدەن، کە جیهاد

بوو، بەڵام ئەوان ڕوویان لێ وەرچەرخاند، خوداش ئەو نیعمەتە ڕەتکراوەیان بە (وون بوونی نێو بیابان) بۆ گۆڕین. چۆن ئەم گۆڕینەیان پەسەند کرد؟ واتە چۆن (وون بوون لە بیابان) لەجیاتی (خاکی پیرۆز)یان پەسەند کردو چۆن خوازیاری گۆڕینی چاکتر بەخراپتر بوون؟ چی پاڵی پێوەنان بۆ قایل بوون بەو رێکەوتنە زیانبارە؟ بێگومان هەر ترس و لەرزو سەرشۆڕیو لاوازیو بێهێزیو سووربوون لەسەر ژیان پاڵی پێوەنان، ئایا ئەوان لەبیابانەکەدا زیندوو نەبوون؟ ئایا پەرۆشی پاراستنی گیانو خوێنیان نەبوون؟ جا ئیتر کە ژیانو رۆحیان بۆ خۆیان مسۆگەر کرد، بۆچی لە رۆیشتن بەرێگای خاکە پیرۆزەکەدا دەیخەنە مەترسییەوە؟ دە کەوابوو با واز لە خاکە پیرۆزەکە بێنن و بەو بیابانە قایل بن، کە ژیانیان بۆ بەدی دێنێت. خودا لە شوێنێکی تری قورئاندا دەربارەی ئەو نەریتی ژیان خۆشویستنەی جوولەکە فەرموویەتی: ﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ ... ﴿٩٦﴾ البقرة ﴾. لە ونبوونی نێو بیابانیشیاندا چەند حیکمەتێك بەدیی دەکەین، وەك:

١- وێڵ بوونەکە لە بریتی (بدیل)ی ژیانی نێو خاکە پیرۆزەکەیە، هەردوو رێگاشیان لەبەردەم دا بووەو، رێگەیەکی سێهەمی نەبووە، یان رێگای سەربەرزیو شکۆمەندیو سەرکەوتنو باڵادەستیو جەنگ لەدژی دوژمنانو رزگارکردنی وڵات، یان رێگەی ترسنۆکیو لاوازیو سوور بوون لەسەر ژیانی دنیاو چاوچنۆکی نواندن لەبەخشینی گیانو ساماندا.. دیارە ئەم رێگەیەش مرۆڤ بەرەو ونبوونو گومڕاییو وێڵ بوون دەبات. ئەو نەوەیەی جوولەکانیش رێگەی دووەمیان هەڵبژاردو، بەهۆیەوە شایستەی ئەو سەرەنجامە بوونو لە زەویدا ویڵو سەرگەردان بوون.

٢- ونبوون خۆی لەخۆیدا لەبەرچاو نەمانو گومڕاییە، ئەم دیاردەیەش تووشی هەر کەسێك دەبێت لەوانەی رێگەی جیهاد (ڕێگەی پیاوانی جیهادکارو پاڵەوان)یان وەبەر نەناوە.

بێگومان ئەوانەی لەپێناوی خودا جیهاد ناکەن‌و لەدژی دوژمنیان ناجەنگن، وێڵ‌و ون دەبن‌و زیان دەکەن.. ئای نەتەوەش چەندە لەژیان‌و وجودو وزەی لەدەست دەچێت کاتێك واز لەڕێگەی جیهادکردن دێنێت. بەڕاستی ئەوەیە ون بوونی تەواوو زیانی هەمە چەشن‌و هەمەلایەنەکە ماڵ‌و سامان‌و وەخت‌و تەمەن‌و بەهرەو تواناو وزەو بازوو کۆشش‌و گەنجی‌و نیشتمان‌و ئاوات‌و مێژووو بوون‌و بەختیارییان تیا لەدەست دەدەن‌و ونی دەکەن، کەوابوو زەرەرو زیانیان لەپشتگوێ خستنی جیهاددا چەندە؟

ئێمە لەم سەردەمەدا ئەم ئاکامە لەم نەتەوەیە دەبینین‌و دەستی دەخەینە سەر، چونکە رێگای جەنگ‌و کوشتاریان لەدژی جوولەکە داگیرکەرەکان ڕەت کردۆتەوەو، رێگەی ئاشتییەکی گران‌و سەرشۆڕانەیان هەڵبژاردووەو، بەم پێیەش کەوتوونە نێو وێڵبوونێکی ڕەهاو، ونبوونێکی هەمەلاینەو زیانێکی گشتییەوە.

٣- بێگومان وێڵ بوونەکە بەو مەبەستە بووە کە با ئەو نەوە ترسنۆکە بمرن، چونکە مرۆڤی سەرشۆڕو ترسنۆك بەدەم بانگەوازی جیهادەوە نایەت سەرەڕای ئەوەی هەر چەندێك ئەو بانگەوازە بەڕاست‌و هەقیش دەرکەوێت. لەبەر ئەوە ئەگەر ئەوە بۆ خەڵکی ویسترا، کە بە ڕێگەی جیهاددا بڕۆن، دەبێت نەوە ترسنۆکەکە (الجیل الجبان) پشتگوێ بخرێت، چونکە ئەو نەوەیە خەڵکی ماندوو دەکەن‌و بەدەمیانەوە ناچن، بۆیە نەوەی ترسنۆك فەرامۆش دەکرێت تا ئەوکاتەی دەمرن‌و لەدوایانەوە نەوەیەکی نوێ پێ دەگەن. جا بۆ ئەوەی هەوڵ‌و تەقەللاکان بەربگرن دەبێت نەوەیەکی نوێی بۆ ئاڕاستە بکرێت کە لەسەر چەند بنەماو ڕێبازو شێوازێکی نوێ گۆش کرابن.

بۆچی هەندێك کەس لەم سەردەمەماندا خۆیان ماندووو شپرزە دەکەن‌و، کات‌و هەوڵی خۆیان لەدواندنی چەند کەسێکی ترسنۆکدا بەفیڕۆ دەدەن‌و داوای جیهادکردن‌و ڕزگارکردنی وڵاتیان لێدەکەن‌و، نەخشەو پلانیان پێشکەش

دەکەنو، هیواو ئاواتیان لەسەر هەڵدەچنن؟؟ ئێ خۆ ئەوان لەم زمانە تێناگەنو، ئەم دەنگە نابیستنو بەدەم ئەم هاوارو بانگەوازەوە نایەن..

انه لا حياة لمن تنادي

وما لجرح بميت أيلام

کۆششو کاتتان بۆ ئەوە بەکاربێنن کە نەوەیەکی نوێی پێ بێننە کایەو ئەو نەوەیەش لەسەر ڕێسای پیاوەتی گەشە بکاتو ڕقی لەسەرشۆڕیو ترسنۆکی ببێتەوەو، حەز لەجیهادو شەهید بوون بکاتو، هەر ئەم جۆرە نەوەیەش قسەو ئامۆژگاری دەبیسێتو قسە بۆ کردنو دواندنیان سوودی دەبێت لەگەڵیان داو پەروەردەکردنیشیان کارێکی سەرکەوتوو دەبێت.

٤- هەر لە حیکمەتەکانی وێڵ بوونی ئەو هۆزە لە بیابانی (سینا)دا ئەوەیە، (سینا) بیابانێکە کەشو هەوایەکی سەختو بارودۆخێکی سروشتیی گرانو ژیانێکی نارەحەتی تێدایە، خوداش بۆیە ئەو شوێنەی دەستنیشان کرد تا ببێتە مەڵبەندێکی نەوەی نوێی (بنواسرائیل)و بەشێوەیەکی پەروەردەیی نوێ گۆش بکرێنو، بەتایبەتی سازو ئامادە بکرێن بۆ ئەوەی شایستەی چوونە نێو خاکی پیرۆزەوە بنو لەدەست مرۆڤە زلو بەهەیبەتەکان ڕزگاری بکەن.. لەڕاستیشدا هەروا بووو ئاکامەکەی وادەرچوو.. ئەمەش ڕامان دەکێشێت بۆ گرنگیی دۆزینەوەی نەوەی جیهاد خوازو، چەق خستنە سەر دەستەبەرکردنی کەشو هەوای گونجاو بۆی تاکو لەسەر ئەو واتا بەرزانە پێ بگات.. هەر بۆیەش زۆر پێویستە کە ڕواڵەتەکانی کەشخەییو لووتبەرزیو زیادەڕۆیی لابرێنو، لەژیانی بێباکیو گومڕاییو گاڵتەجاڕی دەرچنو، بەخۆنازینو خۆبادانی بەدکردارانە

بەنیعمەتەوەو، بەختەوەریی کوشندەی دەست بلاویی فەرامۆش بکرێنو، مرۆڤ کۆیلەو بەندەی هەواو ئارەزووو شتە جوانکراوەکانی دنیا نەبێت.

هەر دەبێت کە نەوەی جیهادو تێکۆشان لەو دیاردە بەکاربەرییە جوانکارانە (المظاهر الاستهلاكية الكمالية) کەم کەنەوەو، لەسەر نەویستن (الزهد) لە دنیادا گەشە بکەنو، خۆیان لەسەروو فیتنەو بەلاو شتە سەرنج ڕاکێشو هەست ورووژێنەکانو چێژ بەخشەکانەوە بگرن، دیلو یەخسیریان نەبنو، لە جیهادیان دانەبڕنو، تاکو لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنان نەترسنو سەرنەکەنە سەر ئەو کەرەسەو ئامرازە فریودەرانە.

" فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ "

ئەم ڕستەیە(﴿ فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٦٨﴾ المائدة ﴾..بۆ گەلی کافران خەمبار مەبە) دڵنەوایی کردنی موسایە دوای ئەوەی بەو (سووربوونەی گەلەکەی لەسەر ترسنۆکی) دڵ بریندار‌بوو، ئەم ڕستەیە خەم ڕەواندنەوەی موسایەو فەرمانێکی خودایە بۆی کە (بۆ گەلی بەدکارو ناحاڵی) دڵتەنگو خەمگین نەبێت.

موساش هیچ کەمتەرخەمییەکی لە پەروەردە کردنیانو هاندانیاندا نەکردووە، بەڵام ئەوان قایل نەبوون، کە فەرمانی خودای لەگەڵدا جێبەجێ بکەن، یاخود بەدەم داواکەیەوە بچن، چونکە یاخیو بەدڕەفتار بوون، ئیدی بۆچی موساش خەفەت بۆ یاخیو بەدڕەفتاران بخوات؟!

هەروەها ئەم ڕستەیە دەلالەت لەو هۆیە دەکات کە هانی دان بۆ ڕەت کردنەوەی فەرمانەکانی موسا- هۆیەکەش یاخی بوونە (الفسق)..

یاخی بوون، واتە دەرچوون لەفەرمانەکانی خودا.. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا دەگوترێت (فسقت الفأرة إذا خرجت من حجرها)، واتە (مشکەکە ئەگەر لەکونەی دەرچێت ئەوا فاسق، واتە یاخی بووە). ئەو گەلەش یاخیو بەدکاربوون، چونکە لەو سنوورە دەرچوون کە خودا بۆی کێشابوونو لەو فەرمانانەش یاخی بوون کە بۆیان دەرکرا بوون.

وشەی (الفاسقین) دووجار لەم چیرۆکەدا هاتووە:

یەکەم/ کاتێك موسا- سلاوی بێت- گوتی: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّي لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِي وَأَخِيۖ فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٥﴾ المائدة ﴾.. واتە (خودایە

من دەسەلاتم تەنها بەسەر خۆمو براکەمدا هەیە، دەتۆش ئێمە لەو لەگەڵ یاخیو بەدکارە جیابکەرەوە).

دووەم/ کاتێك خودا فەرموویەتی ﴿فَلَا تَأْسَ عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ﴾، واتە: (ئەی موسا بۆ گەلی کافرو بێ باوەڕان خەم مەخۆ).

ئەوان یاخی بوون، بۆیە موساش خۆی لێ بەریی کردن، ئەوان یاخی بوونو خوداش داوای لە(موسا) کرد کە بۆیان خەم نەخوات.. ئەمەش هەمیشە نەریتی گشت بەدکارو یاخییەکە.

(کورتەی گرنگترین وانەی ئەم چیرۆکە)

١- ئەم چیرۆکە پەردە لەسەر دڵو دەروونی جوولەکەکان هەڵدەداتەوە، کە خوویان بە سەرشۆڕیو ترسنۆکیو لاوازییەوە وەرگرتووە.

٢- ئەم چیرۆکە دەلالەت لەسەر هەڵگەڕانەوەی (بەنو ئیسرائیل) دەکات، کە چۆن لە پێغەمبەرەکەیان (موسا) هەڵگەڕاونەتەوەو فەرمانەکانیان جێبەجێ نەکردووەو ڕەتیان کردوونەوە.

٣- ئەم چیرۆکە بەڵگەیە لەسەر بێ ئەدەبییان لەگەڵ خودای پاكو باڵادەستو، لەگەڵ پێغەمبەرەکەشیان (موسا) - سلاوی لێ بێت -.

٤- بێگومان خاکی پیرۆز (فەلەستین) خودا بۆنەوەیەکی تایبەتی، جوولەکەکانی بڕیار دابوو، کە بچنە ناوی، ئەوانیش ئەو باوەڕەدا نەبوون، کە لە بیاباندا گۆشکرانو پێگەیشتنو بە نەریتی پیاوانەو باوەڕدارێتی پەروەردەکران. بەڵام دوای ئەمان (واتە نەوە کافرەکانیان، کە باوەڕیان بەهەق نەهێناو، کە لە دژی هەق جەنگان، هیچ مافێکیان لەو خاکەپیرۆزەدا نییە).

٥- خودا له‌کاتێکدا، که‌ به‌نوئیسرائیلی به‌سه‌ر خه‌ڵکی جیهانـدا ڕێزدارترکـردووه‌و، ئه‌وه‌ی که‌پێشیی داون بـه‌هیچ که‌سـێکی تـری خـه‌ڵکی دنیـای نـه‌داوه‌، ئه‌مـه‌ گشتی‌و هه‌مه‌لایه‌نه‌و سه‌رتاپاگیره‌و تایبه‌ته‌ به‌ئیمانـداره‌کانیان کـه‌پێش هـاتنی په‌یامی (محمد) ﷺ هاتوون.

٦- بێگومان ترس‌و له‌رزی جووله‌که‌ وای لیّ کـردوون، کـه‌ ده‌سـت لـه‌ چاره‌سـه‌ری جیهادییانــه‌ هــه‌ڵگرن‌و چاره‌ســه‌رێکی خه‌یاڵییانــه‌ بــه‌ چــاکتر بــزانن، ئــه‌و چاره‌سه‌ره‌شیان له‌وه‌دا ڕه‌نگده‌داته‌وه‌ که‌لێی دانیشتوون‌و چاوه‌ڕوانیی ده‌رچـوونی که‌سه‌ به‌ زه‌برو گه‌وره‌کان بوون تاکو به‌خواست‌و ئیراده‌ی خۆیان بۆیان ده‌ربکه‌ن.

٧- له‌و نه‌وه‌ ترسنۆکانه‌دا ته‌نها دوو پیـاوی ئـازاو چـاونه‌ترس هـه‌بوون، ئـه‌وانیش به‌هۆی گوڕو تینی ئیمانه‌که‌یانه‌وه‌ ئازابوون.

٨- ترسان ته‌نها له‌ خوداو نه‌ترسان له‌ غه‌یری خودا، نیعمـه‌تێکی گـه‌وره‌و گرانـه‌و خودا به‌ خواستی خۆی به‌و عه‌بدانه‌ی ده‌به‌خشێت، که‌ شایانی بوون.

٩- ئه‌م چیرۆکه‌ ئاماژه‌ بۆ چاکترین ڕێسای سه‌رکه‌وتنی جه‌نگ ده‌کات، که‌ جـه‌نگی هێرش بردنه‌ یاخود تیۆری (ادخلوا علیهم البـاب) وه‌ك ئایه‌تـه‌کان به‌ڕاشـکاوی باسیان کردبوون.

١٠- بێگومان خـاوه‌ن‌و دانیـشتووی خاکه‌کـه‌ بـه‌ خواسـت‌و ئـیراده‌ی خـۆی لێـی ده‌رناچـێت، بـه‌ره‌ی سـه‌رکه‌وتوانیش ده‌سـت لـه‌ سـه‌رکه‌وتنه‌که‌یان هـه‌ڵناگرن ته‌نانه‌ت گه‌ر ده‌سدرێژکارو سته‌مکاریش بووبن، وه‌ك (جووله‌که‌کانی ئه‌مڕۆ لـه‌ فه‌ڵه‌ستین)، که‌ ده‌ست له‌ سه‌رکه‌وتنی سـته‌مکارانه‌یان هـه‌ڵناگرن‌و به‌خواسـت‌و ئیراده‌ی خۆیان لێی ده‌رناچن، هه‌رگیز به‌ڕێزو به‌خشنده‌یی خۆیـشیان لـه‌و خاکـه‌ ده‌رناچن که‌ داگیریان کردووه‌.

١١- بێگومان مرۆڤی ترسـنۆك‌و ته‌مـه‌ڵ هـه‌ر دانیـشتنی لـه‌لا خۆشـتره‌ وه‌ك لـه‌

کارکردنو جیهادکردن.

١٢- بێگومان مرۆڤی ترسنۆكو لاوازو تەمەڵ لە ڕێزو شەرەفی جیهادو ڕزگاریو شەهیدبوون بێ بەش دەکرێت، هەر بۆیەش داوای نواندنی ئەم ئاکارە بەرزانەی لێ ناکرێت، چونکە ئەهلو شایستەی ئەوانە نییە.

١٣- بێگومان نەوە (جیل)ی شکست خواردوو وەك نەوەی ڕزگارکردنو سەرفرازی نییە، هەر کەسێکیش لەسەر ترسنۆکیو زەلیلی پێگەیشتبێت، ئەرکی جیهادکردنی پێ ناسپێررێت، لەبەرئەوە هیواو ئاواتیشی لێ ناخوازرێت.

١٤- بێگومان وازهێنان لە جیهادو جەنگ دەبێتە هۆی وێڵ بوونو سەرگەردانیو، نەتەوەش ئەم حاڵەتە لە گشت بوارەکانی ژیاندا بەدی دەکات.. تەنها جیهادیشە، کە ڕۆڵەکانی نەتەوە کۆدەکاتەوەو، نیگەرانیو دڵەڕاوکێی بۆ لەناو دەباتو، حاڵەتی ون بوونی بۆ دەسڕێتەوەو، وتەو بیروڕایان بۆ یەك دەخات.

١٥- پێویست بونی ئامادەو سازدانی کات بۆ جیهادو حەز لە شەهادەت کردن، هەروەها ئامادەکردنو جۆشدانی پیاوان بۆ ڕزگاریو ڕزگارکردنی وڵات، ئەمەش بەسازدانی جیهادییانەو لە ژینگەیەکی گونجاوی جیهادییانەدا، کە بتوانن وازبێنن لە شتە باقو بریقەکانی دنیاو لە لووتبەرزیو بێ باکیو دنیا پەرستی، تاکو لە ژیانی جیددیو تێکۆشانو پیاوانەدا بژینو، ئارەزوومەندی شەهیدیو خوازیاری بەهەشت بن.

چیــرۆکی پێنجــەم

چیــرۆکی مانگاکــەی (بنو اســرائیل)

ئەم چیرۆکە لە قورئاندا بەم شێوەیە گێڕاوەتەوە کە خودا فەرموویەتی:

﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا
هُزُوًا ۖ قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾ قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا
هِىَ ۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَ ۖ فَٱفْعَلُوا۟ مَا
تُؤْمَرُونَ ﴿٦٨﴾ قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا ۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا
بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾ قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا
هِىَ إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ ﴿٧٠﴾ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا
بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا ۚ قَالُوا۟ ٱلْـَٰٔنَ جِئْتَ
بِٱلْحَقِّ ۚ فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧١﴾ وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَٱدَّٰرَْٰٔتُمْ فِيهَا ۖ وَٱللَّهُ
مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٧٢﴾ فَقُلْنَا ٱضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ۚ كَذَٰلِكَ يُحْىِ ٱللَّهُ ٱلْمَوْتَىٰ
وَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٧٣﴾ ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنۢ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِىَ
كَٱلْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ۚ وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَٰرُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا
يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ ۚ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا
تَعْمَلُونَ ﴿٧٤﴾ البقرة ﴾.

واتە: (ئەی پێغەمبەر ئەو بەسەرهاتەیان بۆ بگێڕەوە، کاتێك (موسا) بە گەلەکەی خۆی گوت: ئەوا خودا فەرمانتان پێ دەکات، کە مانگایەك سەربڕن (ئەو فەرمانەش دوای ئەو ڕووداوە هات، کە یەکێکیان لێ کوژرابوو بکوژەکەیان نەدەناسی‌و هاناو هاواریان بۆ موسا بردبوو)و موساش ئەو فەرمانەی خودای پێ ڕاگەیاندن کە با مانگایەك سەربڕن، بەڵام ئەوان لەوەڵامدا گوتیان: (ئایا دەمانکەیتە گاڵتەجاڕی خۆت)؟ موساش گوتی: (پەنا بەخوا دەگرم لەوەی بچمە ریزی نەفام‌و جاهیلانەوە- لەوەی کە گاڵتەتان بکەم‌و لە خۆمەوە فەرمانی خوداتان پێ بگەیەنم). گوتیان: (دەباشە داوا لەخودای پەروەردگارت بکە تابۆمان دیاری کات کە ئاخۆ ئەو مانگایە چۆنە)، موساش گوتی: (خودا دەفەرموێت ئەو مانگایە نەپیرەو نەپارێنە، بەڵکو میانە ساڵە، کەواتە (هێندە لێی مەکۆڵنەوە)و هەر فەرمانێکتان پێ دراوە جێبەجێ بکەن) بەڵام دووبارە گوتیان: (داوا بکەرەوە لە پەروەردگارت ڕەنگەکەیمان بۆ دیاری بکات) موساش گوتی (خودا دەفەرموێت ڕەنگی ئەو مانگایە زەردی تۆخەو لە جوانیی ڕەنگەکەیدا بینەرانی دڵخۆش دەبن) کەچی لێیان پرسییەوەو گوتیان: (لە پەروەردگارت داوابکە تا بەتەواوەتی بۆمان ڕوون بکاتەوە، کە ئەمە چۆن مانگایەکە؟ بەراستی ئێمە بۆمان نادۆزرێتەوەو، ئەگەر خودا خواستی لەسەربێت دەیدۆزێتەوەو ڕێگەکەی پێ دەزانین) (موسا)گوتی: (ئەو مانگایە هێشتا ڕانەهێنراوە بۆ جووتکردن‌و زەوی کێڵان‌و ئاودێریی کشتوکاڵیی پێ نەکراوە، یەك ڕەنگەو پەڵە پەڵەنییەو ڕەنگی زەردە)..

ئینجا گوتیان (ئێستا هەواڵێ ڕاستەقینەت پێداین) ئیتر (دوای هەوڵ‌و کۆششێکی زۆر کەلەگەڵیاندا خەریك بوو) سەریان بڕی، هەرچەندە خەریك بوو مانگاکەیان سەرنەدەبری.. لە کاتێکیشدا (ئەگەر لەبیرتانە)چۆن کەسێکتان کوشت‌و ئاژاوە لەنێوتاندا پەیدا بوو، خوداش ئەوەی شاردبووتانەوە لەکاروباری ئەو بکوژەی کە نەتاندەویست لەلای حاکم ئاشکرا بێت، پێی دەرخستن، کە (بکوژەکە کێیە)!!

ئینجا گوتمان پارچەیەك لەمانگا سەربڕاوەکە بدەن بەلاشەی کوژراوەکەداو (دیارە بەویستی خودا کوژراوەکە زیندوو بۆتەوەو ناوی بکوژەکەی خۆی گوتووە) جا بەو شێوەیەو بەئاسانی خودا مردووەکان زیندوو دەکاتەوەوو دەسەڵاتی خۆیتان پیشان دەدات تاکو تێ بگەن‌و ژیر ببن. بەڵام دوای ئەوەش دڵەکانتان رەق بووەوە وەك بەرد تەنانەت لەبەردیش رەقتر، چونکە بەڕاستی بەردی واهەیە، کە ڕوباری لێو هەڵدەقوڵێت، هەشیانەلەت لەت دەبێت‌و ئاوی لیٚ دێتە دەروە، هەشیانە لە ترسی خودا لە لوتکەی شاخەکان بەردەبێتەوە.. خوداش بیٚ ئاگانییە لەو کارو کردەوانەی، کە ئەنجامی دەدەن).

پوختەی چیرۆکەکە لەڕێی ئایەتەکانەوە

لەنێو (بنو اسرائیل)دا تاوانێکی کوشتن روودەدات کە هەر لەسەر دەمی ژیانی موسادا دەبێت، بکوژەکەش دیارنابێت، ئەوانیش دەبخەنە سەریەکدی‌و هەندێکیان هەندێکی تریان تاوانبار دەکەن بەوەی گوایە بکوژەکەیە. تالە ئەنجامدا مەسەلەکە دەگەیەننە لای موسا، بۆ ئەوەی دادوەرییان لەنێواندا بکات.

خوداش ویستوویەتی بکوژەکەیان بۆ دەرخات، ئەمەش بەهۆی موعجیزەیەکی ماددیی هەستپێکراوەوە، ئەوەبوو سروشی بۆ (موسا) نارد، کە فەرمانیان بەسەربڕینی مانگایەك پیٚ بکات، هەر مانگایەك بێت، بیٚ ئەوەی نیشانەکانی دیاری بکات، خۆ ئەگەر هەر مانگایەکیان بگرتایەو سەربیبڕیایە ئەوا کارەکەیان بەجیٚ دەگەینرا، بەڵام بە نەریتی مشت‌ومڕو سستی‌و درێغی کردنی خۆیان ئامادەی راپەڕاندنی ئەو فەرمانە نەبوون. هەربۆیە بەو نەریتی درێژدا دڕی‌و زۆر گوتنەیان لە موسایان پرسی (تەمەنی ئەو مانگایە چەندە)؟ ئەویش گوتی (نە بچووکەو نە بەساڵاچووە بەڵکو تەمەنێکی مام ناوەندیی هەیە).

ئینجا دەربارەی رەنگی مانگا کە پرسییانو ئەویش گوتی (زەردێکی تێرەو تەماشاکارانی شەیداو دڵخۆش دەکات. پاشان دەربارەی تواناو کاری مانگاکە پرسییان، ئەویش گوتی (لەلای خاوەنەکەی بەنازو خۆشەویست بووەو هیچ کارێکی پێ نەکردووە، نەلەکێڵانی زەویدا کاردەکاتو نە لە ئاودێریو ئاوڕاکێشان بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکانیشدا کاردەکات. لەدواییدا ئەو جۆرە مانگایە سەر دەبڕن هەرچەندە خەریك بووە کە سەریشی نەبڕن. دوای ئەوە موسا سلاّوی خوای لێ بێت- فەرمانی پێ کردوون، کە بە پارچەیەکی مانگا سەربڕراوەکە لەلاشەی پیاوەکوژراوە مردووەکەیان بدەن، ئەوانیش ئەو فەرمانە جێبەجێ دەکەنو، یەکسەر خودا کوژراوەکە زیندوو دەکاتەوەو گیانی بەبەردا دێتەوەو هەواڵی بکوژەکەیان پێ دەگەیەنێتو دەڵێت (فلان کەس منی کوشت). دوای ئەوە دەمرێتەوە، ئەمەش هەمووی لە ناوەندی سەرسوڕمانی خەڵکی -بنو اسرائیل- دا، کە زۆر سەرسام دەبن لەوەی دەیبینن.

چەند وتەیەکی هەڵبەستراوی ئیسرائیلییەکان

لەبارەی ئەم چیرۆکەوە

ئەوانەی بەسەرهاتو داستانەکانیان گێراوەتەوەو چاویان بە وتە هەڵبەستراوەکانی ناسراو بە (ئیسرائیلیات)دا خشاندووە ئەم بەسەرهاتەیان بەم جۆرە نەقڵ کردووە:- گەنجێك لە (بنو اسرائیل)دا هەبوو، کە مامێکی دەوڵەمەندی خاوەن ماڵو سامانی زۆری هەبوو، هەروەها کچێکی جوانیشی هەبوو، برازاکەی بەپەلە هەمیشە چاوەڕوانی مردنی بوو تاکو کچەکەی بخوازێتو میراتگری ماڵو سامانەکەی بێت. بەلاّم ئەم پیاوە دەوڵەمەندە تەمەنی درێژ بووو نەدەمرد. گەنجەکەش حەزی دەکرد ئەم مامەی زوو بمرێتو پەلەی بوو لە مردنی، بۆیە

بەئانقەست هەڵی کوتایە سەری‌و کوشتی، بۆ ئەوەی تاوانەکەش لەنێو خەڵکیدا ون ببێت‌و هیچ کەسێك بە کوشتنی مامی خەتاباری نەکەن تەرمەکەی هەڵدایە بەر دەرگایماڵێك لەماڵانی خەڵکی‌و لەبەردەگاکەش لێی دانیشت‌و دەگریاو، خاوەنانی ئەوماڵەی بەکوشتنی مامی تاوانبار دەکردو داوای هەقی خوێنەکەی لێ دەکردن، ئەوانیش سوێندیان خوارد کەئەمان نەیانکوشتووە. کاتێك مەسەلەکەیان خستە بەردەم (موسا) فەرمانی پێکردن، کە مانگایەك سەرببڕن. بۆیە ئەوان سەرسام بوون لەو فەرمانەو وای بۆچوون، کە ئەمە هیچ پەیوەندیەکی بە کێشەکەیانەوە نییە، لەبەر ئەمە بەرهەڵستیی موسایان لەسەر ئەو فەرمانە کردو، ئەویش فەرمانەکەی بۆ دووپات کردنەوە..

ئینجا کەوتنە پرسیار لێکردنی لەسەر تەمەنی ئەو مانگایەو لەسەر ڕەنگی‌و لەسەر توانای کارکردنی، ئەویش وەڵامی هەموو پرسیارەکانیانی دایەوەو، وایان لێ هات تەنگیان بە دەروونی خۆیان هەڵچنی.. هەموو ئەو نیشانانەی مانگاکەیان لە موسا وەرگرت‌و، دەستیان کرد بەگەڕان بەدوای جۆرە مانگایەکدا کەئەو سیفەتانەی هەبێت.

لەلای هۆزی (بەنو ئیسرائیل) گەڕان بەدوایداو تەنها یەك مانگایان بەو سیفەتانەوە بینی.... ئەو مانگایە بەسەرهاتێکی تریشی هەیە (بێگومان هەر بەسەرهاتێکی هەڵبەستراوی ئیسرائیلیانەی هەیە) ئەو مانگایە هی لاوێکی هەتیوو هەژار بوو، ئەم لاوە چاکە کارو بەئەمەك بوو بۆ ئەو باوکەی کەمردبوو، بۆ دایکیشی کە لەژیاندا بوو هەرئاوا بە ئەمەك بوو، ئیتر کەوتنە سەوداو ئاڵوێرییەوە لەگەڵی‌و ئەویش سەودای لەگەڵ کردن‌و لەکاتی سەودای کڕین‌و فرۆشتنەکەیاندا وردەوردە نرخەکەی لەسەر زیاد دەکردن، ئەوانیش دەگەڕانەوە بۆ لای‌و سەودایان لەگەڵ دەکردەوە تاکو لەگەڵی ڕێککەون.. بەڵام ئەو لاوە نرخەکەی لەسەد دنیارەوە زیاتر کرد بۆ دووسەد دینار، پاشان بۆ چوارسەد، پاشان بۆ هەشت سەد دینار،

پاشان داوای لێ کردن بیخەنە قەپانەوەو بیکێشن‌و بەقەد کێش (مانگاکە)ی خۆی ئاڵتوون بدەن لە نرخیدا. ئەوانیش ناچار بوون بەو مامەڵەیە قایل بن لەبەر ئەوەی هیچ مانگایەکی تری هاوشێوەی نییەو، ئەو نرخەی کە لاوەکە داوای دەکرد پێیانداو، ئەویش بووە یەکێك لە دەوڵەمەندە گەورەکان، ئەمەش گوایە بەهۆی چاکی‌و بەئەمەکیی لەگەل باوك‌و دایکیدا.

مانگاکەیان وەرگرت‌و سەریان بڕی، پاشان بەشێك لەلاشەی مانگاکەیان هەڵگرت‌و دایان بەجەستەی کوژراوەکەدا (لێرەدا ئەوانەی دەقە ئیسرائیلییەکانیان گێڕاوەتەوە جیاوازییەکی گەورە لە وتەو بیروڕایاندا هەیە لەمەڕ دیاری کردنی ئەو بەشەی مانگاکەکە داخۆ دەستی بووە، یان قاچی، یان ڕانی یان سەری یان..؟! بەهەرحاڵ بەوبەشەی مانگا سەربڕراوە، کە لە تەرمی کوژراوەکەیان داوەو ئیدی خوداش کابرای کوژراوی زیندوو کردۆتەوەو کابرا هاتۆتە زمان‌و پێی گوتوون (فلانکەس کە برازای خۆمە منی کوشت) دوای ئەم وتەیە مردووەتەوە ئینجا گەنجە بکوژەکەش لە میراتی مامی بێبەش کراوەو ئەمەش سزایەك بووە لەسەر تاوانەکەی، لەو ڕۆژەشەوە هیچ بکوژێك میراتگری کوژراوەکە نەبووە"[(١)].

ئەم بەسەرهاتە ئیسرائیلیانە، بەتایبەتیش وەك ئەوەی، کە لەو ئایەتانەی چیرۆکەکەی سوورەتی (بقرە)شدا باسکراوە لێی وەردەگرین‌و پێوەی پابەند دەبین‌و دەیلێینەوە مادام لە قورئانیشدا هاوشێوەیەکی بەدی بکەین، هەندێك بەسەرهات‌و ریوایەتی وایشیان هەیە، کە ئایەتەکانی قورئان هیچ باسێکی لێوە نەکردوون‌و ئێمەش هیچ باسێکی لێوە ناکەین‌و نایلێینەوە، ڕێگە بەخۆمان‌و کەسانی تریش نادەین، کە سەر بکەنە سەر ئەو بەسەرهاتە پووچەڵ‌و ئەفسانەو ئیسرائیلیاتەو نابێت فەرمایشتی خودایان پێ تەفسیر بکەین.

---

(١) بۆ ئەم ریوایەتانە بڕوانە (الدر المنثور-/ ١: ١٨٦-١٩٧).

وشە گرانەکانی نێو ئایەتەکانی ئەم چیرۆکە[1]

١- ﴿أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا﴾:- أتتخذنا سخرية/ واتە: (ئایا بەگاڵتە جارو گاڵتە پێکراوی خۆمان دادەنێت)؟!

٢- ﴿فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ﴾ :- لاعجوز منه ولا صغيرة فتية/ واتە: (مانگاکە نەپیرو بەساڵا چووەو، نەبچکۆلەو کەم تەمەنە).

٣- ﴿عَوَانٌ بَيْنَ ذَٰلِكَ﴾ :- وسط في العمرين/ واتە: (لەنێوە ڕاستی هەردوو تەمەنەکە دایە).

٤- ﴿فَاقِعٌ لَّوْنُهَا﴾:- اصغر شديد الصفر (ڕەنگەکەی زەردێکی تێروتۆخە).

٥- ﴿لَّا ذَلُولٌ﴾ ليست هنية سهلة الانقياد/ واتە: (بە ئاسایی رام نەکراوەو رانەهێنراوە).

٦- ﴿تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ﴾:- تقلب الارض للزراعة/ واتە: (زەوی دەکێڵێت بۆ چاندن).

٧- ﴿تَسْقِي ٱلْحَرْثَ﴾:- تسقي الزرع/ واتە: (ئاوی پێ دەبرێت بۆ زەویی ئامادەکراوی کشتوکاڵی)

٨- ﴿مُسَلَّمَةٌ﴾:- سالمة من العيوب/ واتە: (لە هەموو خەوش و نەنگییەك پارێزراوە).

---

(١) من بۆ خوێنەرانی بەڕێزی کورد تەرجەمەی ئەم برگەیەی چیرۆکەکەم بەپێویست نەدەزانی .. بەڵام لەبەر پاراستنی مافی نووسەرو گەیاندنی ئەمانەتی کارەکە مانای ئەم وشانە (چ مانا عەرەبییەکانی نووسەرو چ مانا کوردییەکانی خۆیشم) داناوە .. (وەرگێر)

٩- ﴿لَّا شِيَةَ﴾: لاعلامة لها، ولا لون غير الاصفر/ واتە: (هیچ نیشانەو هێماو ڕەنگێکی جگە لە ڕەنگی زەرد پێوەنییە.

١٠- ﴿فَٱدَّٰرَٰٔتُمۡ فِيهَاۖ﴾ :- تدافعتهم وتخاصمتم في القاتل للنفس: (واتان لێ هات هەرکەسە گومانی کوشتنی کابرای لەسەر خۆی لادەبردو ناکۆکیتان لەسەری تێکەوت).

"إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تَذۡبَحُواْ بَقَرَةً"

موسا — دروودی لەسەر بێت — داوای لـە گەلەکـەی کـرد، کـە (مانگایـەك) سەربڕن ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ﴾ ئەمە فەرمانی خودای پاكو بێخەوشـە، نـەك فـەرمانی (موسا).. فەرمانی خـوداش دەبێـت بـە پەسـەندکردنو تەسـلیم بـوونو جێبـەجێ کردنەوە پێشوازیی لیّ بکرێت.

(موسا) بۆیە بەفەرمانی خودا پاڵپشتی داواکـەی کـرد، وەك ئـەوەی زانیبـێتی نەریتی گەلەکەی چۆنەو، لە جێبەجی کردنـی داواکانـدا دوادەکـەونو فـڕۆفێڵ لـە کاروبارەکاندا دەکەن، موساش دەیەوێت لە ڕاپەڕاندنی کارەکەدا دەستوبرد بکـەن، جا ئەگەر ئـەو فەرمانـەی بدایەتـە پـاڵ خـۆی، لەوانەیـە مـشتومڕێکی زۆریـان لەگەڵیدا بکردایەو فەرمانەکەشیان ڕەت بکردبایەوە، ئەمـە لەگـەڵ ئەوەشـدا، کـە بێگومان پابەندیی بـە فـەرمانی ئـەو پێغەمبـەرەوە (سـڵاوی لیّ بێـت) پێویـست (واجب)ە، چونکە پێغەمبەرەکە خۆی فەرمان بەهیچ شتێك بۆ خۆی ناکات، بـەڵکو بە فەرمانی خودایە، بۆیە گوێرایەڵیکردنی ئەو پێغەمبەرە گوێرایەڵیکردنی خودایـە هەمدیسان موسا پێی ڕاگەیاندن کە فـەرمانی خـودا ڕوونو دیـاریکراوو بـێ گرێو گۆڵە ئەوەیە، کە مانگایەك سەربڕن (أَن تَذۡبَحُواْ بَقَرَةً)..وشەی (بقرة) بـەبێ (أل-ی تعریف)- (نکرة)یە، واتە نەزانراوە ومەبەست پێی هەر مانگایەك بێت، نـەزانراویی (تنكير)ی مانگاکە ئاماژەیە بۆ گشت مانگایەك...مانگایەك سەربڕن (اذبحوا بقرة) هەر مانگایەك بێت، ئیدی گرنگ مانگایەکە، هەر مانگایەکی نێـو مانگایـان... کەواتە ناشێت فەرمانەکە ئاڵۆز بێت لەلای ئەوکەسـەی، کـە دەیـەوێت پابەنـدبێت پێوەیو جێبەجێ بکات، چونکە فەرمانەکە بەو دەربڕینە ڕوونەیەوە هاتووە ..

" قَالُوٓاْ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا "

جوولەکەکان دەستبەجێ فەرمانەکەیان ڕانەپەڕاندو گوێڕایەڵیی خواو پێغەمبەرەکەیان نەکرد، ئاخر ئەوان لەکوێوە ئەو فەرمانە جێبەجێ بکەن، کە خاوەنی دڵە پەیڕەوکارو بەجێگەیەنەرەکان نین؟ ئەوان لەجیاتی ئەوەی ڕێز لە پێغەمبەرەکەیان بگرن و فەرمانەکەی بەجێ بگەیەنن، کەچی بێحورمەتی و بێئەدەبییان بەرامبەری نواندو، بەرهەڵستیشیان کرد بەوەی، کە گوتیان (ئەری تۆ ئێمە بەگاڵتە چیی خۆت دادەنێیت؟ (أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا).. ئایا گاڵتەو سووکایەتیمان پێ دەکەیت لەکاتێکدا ئەم داوایەمان لێ دەکەین؟ سەربڕینی مانگاکە چ پەیوەندییەکی بە ئاشکراکردنی ناسنامەی بکوژەکەوە هەیە؟ ئێمە هاتووین کێشەکەمان بۆ چارەسەر بکەیت، دەمانەوێت بکوژەکەبناسین، جا لە بەر ئەوەی تۆ پێغەمبەرێکیت و بە یارمەتی خودا لەکاری نادیار (غیب) دەزانیت، ئەوا پێویستە هەواڵمان لەسەر بکوژەکە پێ بگەیەنێت، کەچی تۆ لەجیاتی ئەوەی بکوژەکە ئاشکراکەیت داوای سەربڕینی مانگامان لێ دەکەیت، ئەمەش داوایەکی نامۆیەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گاڵتەمان پێ بکەیت.

ئەم بەرهەڵستی کردنەی جوولەکە بەرامبەر پێغەمبەرەکەیان پەردە لەسەر (سروشتی جوولەکەکانو، شێوازی پەیوەندییان بە پێغەمبەرانیانو، هەڵوێستیان لەئاست فەرمانەکانی خودایان) هەڵدەداتەوە:-

١- ئەوان فەرمانی خودا بەجۆرێك لەگاڵتەو گاڵتەجاڕی دادەنێن.

٢- ئەوان واگومان دەبەن، کە موسا بەم داواکارییە دەیەوێت خەریکیان کات و لە

مه‌سه‌له‌ بنچینه‌ییه‌كه‌یان دووربخاته‌وه‌.

٣- ئه‌وان وا گومان ده‌به‌ن گوایه‌ پێغه‌مبه‌ره‌ دڵسۆزو جیددییه‌كه‌یان، له‌ڕێی ئه‌و فه‌رمانانه‌وه‌ی پێیان ده‌گه‌یه‌نێت گاڵته‌یان پێ ده‌كات‌و گه‌مه‌و وازی‌و لاقرتێیان پێ ده‌كات.

ئه‌مه‌ش وته‌ی گه‌له‌كه‌ی (ئیبراهیم)مان بیرده‌هێنێته‌وه‌، كاتێك (ئیبراهیم) سڵاوی خودای لێ بێت داوای لێكردن، كه‌ ته‌نها خودای تاك‌و ته‌نیا بپه‌رستن‌و واز له‌ په‌رستنی بته‌كان بێنن، وه‌ك خوداش له‌مه‌ڕ به‌سه‌رهاته‌كه‌ فه‌رموویه‌تی:

﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَآ إِبْرَٰهِيمَ رُشْدَهُۥ مِن قَبْلُ وَكُنَّا بِهِۦ عَٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ إِذْ قَالَ لِأَبِيهِ وَقَوْمِهِۦ مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِىٓ أَنتُمْ لَهَا عَٰكِفُونَ ﴿٥٢﴾ قَالُوا۟ وَجَدْنَآ ءَابَآءَنَا لَهَا عَٰبِدِينَ ﴿٥٣﴾ قَالَ لَقَدْ كُنتُمْ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُمْ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٥٤﴾ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا بِٱلْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ ٱللَّٰعِبِينَ ﴿٥٥﴾ قَالَ بَل رَّبُّكُمْ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلَّذِى فَطَرَهُنَّ وَأَنَا۠ عَلَىٰ ذَٰلِكُم مِّنَ ٱلشَّٰهِدِينَ ﴿٥٦﴾ الأنبياء ﴾.

واته‌: (ئێمه‌ ژیری‌و هۆشمه‌ندیمان پێشتر به‌ ئیبراهیم به‌خشی‌و چاك له‌ ده‌روونی ئه‌و شاره‌زابووین (ئه‌و ژیرییه‌مان پێ به‌خشی، كه‌ هه‌رشایسته‌ی پێغه‌مبه‌رانه‌ بۆ زانینی ڕێی چاكسازی‌و هیدایه‌ت له‌ دین‌و دنیاو ڕێبه‌رایه‌تی كردنی خه‌ڵكی بۆ یاسا ئیلاهییه‌كانی ئێمه‌ ئاوا ئه‌ومان ده‌ناسی‌و لێی شاره‌زابووین، كاتێك به‌باوكی‌و به‌ گه‌له‌كه‌شی گوت (ئه‌رێ ئه‌م په‌یكه‌رانه‌ چییه‌، كه‌ ئێوه‌ به‌رده‌وامن له‌سه‌ر په‌رستنیان) ئه‌وانیش گوتیان: (ئه‌رێ تۆ حه‌قت بۆ ئێمه‌ هێناوه‌، یان گاڵته‌مان پێ ده‌كه‌یت)؟ ئیبراهیم له‌ وه‌ڵامدا گوتی: (من گاڵته‌ ناكه‌م، به‌ڵكو ده‌مه‌وێت تێ بگه‌ن له‌وه‌ی، كه‌ په‌روه‌ردگارتان په‌روه‌ردگاری ئاسمانه‌كان‌و زه‌وییه‌، كه‌ دروستی كردوون‌و به‌دیی هێناون‌و بۆیه‌ من له‌سه‌ر ئه‌و بیروباوه‌ڕه‌ له‌ شاهیدو ئاگادارانم).. واته‌

دەبێت پەروەردگاری خۆتـان، کـە پـەرروەردگاری ئاسمانـەکانو زەوییـە، هـەر ئـەو بپەرستن.. ئیتر ئەمە چ گاڵتە پێکردنێکی تێدایە؟.. کـەوابوو گەلـە بێباوەڕەکـەی ئیبراهیم نارەزاییان لەسەر ئەوەهەبووە گوایە گاڵتـەیان پـێ دەکـات، بۆیـە پێیـان گوتوە: (ئەرێ تۆ هەقت بۆ هێناوین، یان گاڵتەمان پێ دەکەیت) ﴿أَجِئْتَنَا بِالْحَقِّ أَمْ أَنتَ مِنَ اللَّاعِبِينَ﴾؟

گەلەکەی موساش هەرچەندە پڕوپاگاندەی ئیمانداریێتیان بۆ خۆیـشیان کـردووە، نارەزاییان لـێ دەربڕیوە گوایە گاڵتەیان پێدەکـات، بـۆ پێیـان گوتـووە: ﴿أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا﴾ جیاوازی نێوان ئەم دوو نارەزاییە چییە؟

هیچ جیاوازییەکی ئـەوتۆیان تێـدا بـەدیی ناکـەین، سـەرباری لێـك جـودایی نارەزاچییەکان، ڕاستە، کە گەلەکەی (ئیبراهیم) - دروودی لەسەر بێت- کافربوونو بتیان دەپەرسـتو، گەلەکـەی (موسـا)ش - دروودی لەسـەر بێـت- باوەڕیـان پـێ هێنابوو، بـەڵام ئـاخر چ وەسـفێك بـۆ (گـەلێکی ئیمانـدار بـە پێغەمبەرەکـەیان) دادەنێیت، کە ئەوەیان بەخەیاڵ دابێتو گومانیان وابێـت گوایە ئـەو پێغەمبـەرەی باوەڕیان پێ هێناوەو پەیڕەویی دەکەن، سووکایەتیو گاڵتەیان پێ بکات؟

"قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ "

وەلامی (موسا) - دروودی لێ بێت- لەسەر نارەزایی گەلەکەی، ئەوەبوو تێی گەیاندن کە ئەو نەریتی گاڵتە پێکردنو سووکایەتیی تێدانییەو ئەوەشی بەجەهلو نەفامی لەقەڵەمداو گوتی: ﴿قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴾، (پەنا دەگرم بەخوا لەو نەریتەی، کە من لە جاهیلو نەفامان بم)... ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی کەوا سووکایەتیو گاڵتەپێکردن نەفامییە بەتایبەتی ئەگەر لە مەسەلە ئایینییەکانو حوکمە شەرعییەکاندا بێت.

-جاهیلن ئەوانەی ئاینەکەیان بە گاڵتەوگەپ گرتووەو، ئەوانەش کە هەموو شتێك بە وازیو گاڵتەوگەپ دادەنێن، تەنانەت دینەکەیانو ئیسلامەکەیانو حوکمەکانی ئیسلامیش بەگاڵتە دادەنێن.

-جاهیلن ئەوانەی کەیفو خۆشییان تەنها بە نوکتەبازی لەسەر بەها ئایینییەکان دێتو، ئەوانەی ژیانی خۆیانو خەڵکی تریشیان کردووە بە پێکەنینێکی هەمیشەییو نوکتەبازیی نەبڕاوەو، کۆمیدیای بەردەوام.

بەڕاستی موسڵمانی ڕاستگۆو جیددیو وابەستەیە لەو کەسانەیە کاتێك، لەوانەیە قسەیەکی خۆش بۆ پێکەنین بکات، بەڵام لەوەشدا جگە لە هەقو ڕاستی، شتێکی دی ناڵێت، لەوانەشە پێ بکەنێت بەڵام بە ئەدەبو ڕێزو ویقارێکەوە پێدەکەنێت، دەنا یان دەبێت ژیانی هەموو بکات بە گاڵتەجاڕیو سووکایەتیو یاریو ڕابواردن، ئەمەش پێچەوانەی پەیامو ئامانجی ژیانیەتی.. دیارە ئەم موسڵمانە جیددیو دڵسۆزەش ڕازی نییە، کە ببێتە یەکێك لە نەفام وجاهیلان.

" قَالُواْ ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ "

ئەم برگەیە بێشەرمییەکی تەواوە لە بێشەرمییەکانی جوولەکە تێدایەو، بێئەدەبییەکیشە لە دواندنی پێغەمبەرەکەیانداو، لە شێوازی ئاخاوتنیشیان دەربارەی خودای پەروەردگاری جیهانیاندا.. لە رستەی فەرمانباری (ٱدۡعُ لَنَا رَبَّكَ)دا وشەی (ربك) هاتوو واتە (خودای خۆت، پەروەردگاری تۆ) بەمانای خودایان تەنها بەخودای —موسا- داناوەو بێ ئەوەی باسی خۆیان بکەن.. دیارە جیاوازییەکی گەورەش لە نێوان وتەی (خودای تۆ) و(خودای ئێمە)دا هەیە، وەك ئەوەیە بلێین (ئەوە خودای تۆیە) نەك (خودای ئێمە)، خودای تۆیە، کە ئەم فەرمانەی پێکردووین، دەتۆش داوای لێبکە مەبەستەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوەو فەرمانەکەمان بۆ ئاشکرا بکاتو، تەمو مژی تێدا نەهێڵێت.

بێگومان ئەم وتەیەی، کە لە جوولەکەکانەوە دەرچووەو، کە پەردە لەسەر سرووشتو نەریتیان هەڵدەتەوە لەکوێی وتەی هاوەڵە بەرێزەکانی پێغەمبەری ئیسلام محمدﷺ دایەو (خودا لێیان ڕازی بێت) کاتێك لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ دەدوان هەموو وتەیەکیان ڕێزو ئەدەب وشکۆی تێدابوو، وەك خوداش ستایشی کردوونو لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ...

﴿...وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ لَهَا مَا كَسَبَتۡ وَعَلَيۡهَا مَا ٱكۡتَسَبَتۡۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن

قَبْلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ وَٱعْفُ عَنَّا وَٱغْفِرْ لَنَا وَٱرْحَمْنَآۚ أَنتَ مَوْلَىٰنَا فَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٨٦﴾ البقرة ﴾

واتە (پێغەمبەرو هاوەڵانیشی پێکەوەگوتیان (خودایە فەرمانی تۆمان بیستو گوێرایەڵو پەیڕەوکاریی بووین، ئەی خودای پەروەردگارمان تۆش لێمان خۆش بە، سەرئەنجامو گەڕانەوەمان هەربۆ لای تۆیە. خوداش کار بەهیچ نەفسێك ناسپێرێت، تەنها بەگوێرەی تواناو وزەی ئەو نەفسە نەبێت، هەر کارێکی چاك ئەنجام بدات بۆ سوودو بەرژەوەندیی و سەرفرازیی خۆیەتی، هەر کارێکی خراپو نالەباریش ئەنجام بدات لەزەرەرو سزای خۆی دایە.. ئەی خودای پەروەردگارمان سزامان مەدە، ئەگەر شتێکمان فەرمۆش کرد، یان هەڵەیەکمان لەدەست دەرچوو، ئەی پەروەردگارمان وامان لێ نەکەیت بارێکی قورسو گران لەسەرشانمان دانێیت (واتە ئەو ئەرکە زۆر قورسانەمان نەخەیتە ئەستۆ، کە ورەو وزەی مرۆڤیان تیادا خاو دەبێتەوە)و، کە خستبووتە ئەستۆی گەلانی پێش ئێمە. ئەی پەروەردگارمان ئەرکێك مەدە بەسەرماندا، کە نەتوانین رۆژانە جێبەجێی بکەینو توانامان تیایدا نەبێت. چاوپۆشیی لە گوناهانمان بکەو، لێمان ببوورەو، بەزەییت پیامان دابێتەوە، هەر خۆت پشتو پەناو خاوەنی ئێمەت، سەرمانخە بەسەر گەلی کافرو بێباوەڕاندا).

پرسیار لەسەر تەمەنی مانگاکە

خودا دەفەرموێت: ﴿ قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَۚ قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا فَارِضٌ وَلَا بِكْرٌ عَوَانٌۢ بَيْنَ ذَٰلِكَۖ ...﴿٦٨﴾ البقرة ﴾.. گومانیان وابووە، کە نادیاریو نەزانراوییی تەمەنی مانگاکە لایەنێکی باشە، تا پیشانی دەن، کە ئەگەر بتوانێت تەمەنی مانگاکەیان بۆ دیاری بکات، ئەوا دەیناسن، هەر بۆیەش

پرسیاریان لەسەر تەمەنی مانگاکە لە (موسا) کردو گوتیان- (ما هي)؟ ئەویش لە وەڵامی پرسیارەکەیاندا گوتی: (انـه یقـول..) بێگومـان خـودا دەفـەرمووێت: کـە تەمەنی مام ناوەندییـە، واتـە بـە فەرمایـشتی خـودا وەڵامـی دانـەوە، تـاکو وا دەرنەچێت، کە ئەمە وتەی خۆیـەتی‌و پاشـان تـاکو لـەنێو دڵیانـدا هانـدەرێك بـۆ وابەستەیی‌و هۆکارێك بۆ جێبەجێ کـردن بخولقێنێـت، چـونکە ئەمـە فەرمایـشتی خودایەو پێویستە لەسەرتان بەخێرایی فەرمان و فەرمایشتی خودا جێبەجی بکەن.

تەمەنی مانگاکەش (بەپێی فەرمایشتی خودا) میانە ساڵە، نە پیرێکی بەسـاڵا چووەو، نە گۆلکێکی بچکۆلەش.. وادیارە بەهۆی میانەساڵیی تەمەنی مانگاکـەوە ئاماژە بۆ خۆشترین گۆشـتی ئـاژەڵانیش کرابێـت کـە بەچێژترین تـامو باشـترین خۆراکیش هەبێت ئەوەیە لەتەمەندا میانە ساڵ بن، چونکە گۆشتی ئاژەڵی بـچووك کە هێشتا لەسەرەتای گەشەکردنی دایە هەندێك سوودی خـۆراکیی کـەم دەبێتـەوە ئەگەر بخورێت، گۆشتی ئاژەڵی پیروگەورەش جیڕو وشـك‌و رەقـەو هەنـدێك سـوودی خۆراکیی تیادانەماوە.

"فَٱفۡعَلُواْ مَا تُؤۡمَرُونَ "

(موسا) سەری سوڕما لە سستیو درێغیی گەلەکەی لە جێبەجێکردنی فەرمانی خوادا، هەروەها وەڕس بوو بەو زۆربڵێییو چەنەبازییەیانو بەزۆریی پرسیاریان، کە هیچ پێداویستیو سوودێکی تیادا نەبووەو، تەنها بەفیرۆدانی داواکارییەکەو خۆ دواخستن لە جێبەجێ کردن بووە، لەبەر ئەمەش ئاراستەی کردوون بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکەو پێی گوتوون: ﴿فَٱفۡعَلُواْ مَا تُؤۡمَرُونَ﴾ بەم رستەیەش بانگی کردوون بۆ گۆڕینو چاکردنی هەڵوێستیان بەرامبەر فەرمانەکانی خوداو، ئەم فەرمانەش بەپەلەو خێرایی بەجێ بگەیەنرێتو، سووریش بن لەسەر جێبەجێ کردنی.

کەواتە پێویستە فەرمانی خودا بەڕاپەڕاندنیەوە پێشوازی لێ بکەن، نەك بە نارەزاییو هەڵوێستی میزاجیانەوە.

جیاوازیی نێوان (ئەم هەڵوێستەی جوولەکەکان) و(هەڵوێستی هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ خودا لێیان رازی بێت- لەئاست فەرمانەکانی خوادا ئەوەیە، هاوەڵان فەرمانی خودایان، تەنها بۆ جێبەجێ کردنو بەئەنجام گەیاندنو پێوەپاندبوون، لەم وەرگرتووە لەم بوارەشدا چەندین نموونەی بەرزو چەندین وێنەی بەهاداریان خستۆتەڕوو.

پرســـیاریان دەربارەی ڕەنگــی مانگاکە

ئەوان دوای پرسیاریان لەسەر تەمەنی مانگا کەش داواکاریی موسایان بەجێ نەهێناو، خێرا مانگاکەیان سەر نەبڕی، بەڵکو سەر کێشیو عینادییان هانی دان بۆ پرسیارێکی تازە.

کاتێك موسا تەمەنی مانگاکەی بەفەرمایشتی خودا پێ گوتنو، هیچ تەمو مژێك لەوە دانەما، دووبارە وایان بۆ دەرخست کە هێشتا تەمو مژ لەسەر لایەکی دییە، لەسەر ڕەنگییەتی، ئەی داخۆ رەنگی چۆنابێت، ئەمان نازانن ڕەنگی چۆنە، گەر بیزانن سەری دەبڕن: ﴿قَالُوا۟ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا لَوْنُهَا﴾ موسا ئەوەشی بۆ دەرخستنو گوتی: ﴿يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ صَفْرَآءُ فَاقِعٌ لَّوْنُهَا تَسُرُّ ٱلنَّـٰظِرِينَ ﴿٦٩﴾ البقرة﴾... بۆ ڕوونکردنەوە، کە زەردێکی تۆخەو هێندە زەردێکی سافو بێ گەردە، کە هیچ تێکەڵیو لەیەك چوونێکی لەگەڵ رەنگێکیدی دا نییە، تەنانەت تاڵێك لە تووکەکەشیی نییە کە زەردێکی تۆخ نەبێت.

بێگومان خودا بەم رەنگو تەمەن دیاریکردنە کارەکەی لەسەریان توندو گران کردۆتەوەو ختوونییە تەنگانەیەکی سەختەوە، ئەمەش وەك سزایەك بۆیان، چونکە مانگای رەنگ زەرد کەمەو، مانگایەك، کە رەنگێکی زەردی تۆخی هەبێت دەگمەنەو بەزەحمەت پەیدا دەکرێت، جگە لەوەی، کە خەڵکی تەماشاکاری دڵخۆش بکات (تسر الناظرين) ئەگەر سەرنجی ورد لەم رستەیە بدەین چەند خاڵێکی گرنگی تیادا بەدیی دەکەین:-

١- بێگومان مانگای رەنگ زەردی تۆخ لەلای خاوەنی زۆر خۆشەویستە چونکە

تەماشاکاران دڵخۆش دەکاتو خەڵك حەز دەکەن هەرسەیری بکەن، بۆیە بەنرخێکی هێجگار زۆر نەبێت نایفرۆشن.. دیارە ئەمەش تەنگی بەهۆزەکەی (موسا) هەڵچنیوە.

٢- بێگومان ڕەنگی زەردی تۆخ ڕەنگێکی جوانەو هەموو دەروونێك حەزی لێ دەکاتو تەماشاکاران دڵشادوخۆ شحاڵ دەکات.

٣- بێگومان مرۆڤی خاوەن فیطرەت ڕاستو وسروشتی ساغ واخولقێنراوەکە رەنگە جوانەکانی خۆش بوێت، خۆ شویستنی جوانییش بەرهەڵستیی ئایین ناکاتو سەرپێچی لەپابەندبوونن ناکات، بەڵکو ئەحکامی ئایین هاندەری ئەم سیفەتەیەو ئاماژەشی بۆ دەکات، بەڵام چەند مەرج ورێکخەرێکی بۆ داناوە تاکو نەگاتە رادەی حەزی بەرەڵڵاییو ئارەزووی ئاژەڵیانە.

٤- باشتروایە بۆ موسڵمان کاتێك شتێك هەڵدەبژێرێت یان کەرەسەیەك دەکرێت کە بەجوانی دەسنیشانی بکات تاکو تەماشاکارانی دڵخۆش کات سائیتر کەرەسە جوانەکە ئاژەڵێك، یان میوەیەك یان خۆراکێك یان جلو بەرگێك، یان راخەرو شتومەکی ناومالّ بێت، چونکە "هەستی هونەریی" بناغەی هەڵبژاردنو دەست نیشان کردنە.

٥- بێگومان ئەم ڕاستی یە بانگەوازێکیشە بۆ جوان کردنی ژیانی موسوڵمانو شادی پێ دانی بەوەی بۆی دەڕوانێت، لەبەر ئەمە ژیانیشی بەجوانی دەباتەسەرو فەرمانو کاروباریشی بەجوانیو بەشادمانیی دەروونیو، بەزەوقێکی هونەریو، هەستێکی جوانکاریانەوە جێبەجێ دەکات.

"إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا"

پرسیاری سێیەم لە (موسا) دەکەن وای بۆ دەرخەن، کە ئێستا تەمومژ لەسەر چۆنیەتی کار پێکردنی مانگاکەیە، کە ئاخۆ لای خاوەنەکەی چ ئیشێکی بۆ دەکات.. ﴿ قَالُواْ ٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُبَيِّن لَّنَا مَا هِيَ ﴾؟! تەنها لێرەشدا هەستیان بەنکوولیو دواکەوتنو تەمەڵیی خۆیانو گەڕان بەدوای ئەوەی خێری تیادانییە، کردووە، بۆیە پاساویان بۆ (موسا) لەسەر پرسیارکردنیان وخۆ دواخستنیان لە ڕاپەڕاندنی فەرمانەکەدا بەوە هێناوەتەوە کە گوتوویانە: ﴿... إِنَّ ٱلْبَقَرَ تَشَٰبَهَ عَلَيْنَا وَإِنَّآ إِن شَآءَ ٱللَّهُ لَمُهْتَدُونَ ﴿٧٠﴾ البقرة﴾.. بەمانای ئێمە نازانین چ مانگایەکە چونکە، بەهۆی لەیەك چوونی مانگاکانو تێکەڵ بوونی کاروبار لەسەرمان، نازانین کامەیان خوازراوە لەنێو مانگایاندا؟! لای ئەوان مانگاکان لەیەك چوون، بەڵێ وایە، بەڵام کێ سەبەبکاری ئەوەیە؟ هەرخۆیانن، دەنا گەر هیچ پرسیارێکیان لە (موسا) نەکردایەو هەر لەسەرەتادا کارەکەیان بۆ جێبەجێ بکردایەو هەر مانگایەکیان لەنێو مانگاکانی تردا بگرتایەو سەربڕیایە، ئەوا سەریان لێ تێك نەدەچووو مانگاکان لەبەرچاویان لەیەکتر نەدەچوونو، ئەرکی خۆیشیان بەئەنجام دەگەیاندو داواکاریەکەشیان ڕادەپەراند بەڕاستی شوبهەکاریو گومان بردنو دڵەڕاوکێ، ئەو باجانەن، کە پێویستە گشت کەسێك لەوانەی شەرعی ئاسانی خودا پشتگوێ دەخەنو پەنادەبەنە بەر خەستکردنەوەو ئاڵۆزکاریو، دەگەڕێت بەدوای شتی بێ سوودو خێردا..

ئایا چەند کەس دەبینین لە نموونەی خەڵکانێك، کە فەرمانی ئاسانو خێردارو

رۆشنی نێو شەرعی خودایان ڕەت کردۆتەوەو، لەئاکامدا تووشی ئاڵۆزکاریو تەنگەبەریو بارگرانیو شەرمەزاریو سەرلێتێك چوونو تێکەڵکاریو شوبهەکردن بوون.

(موسا)- سلاوی لێ بێت- وەلامی ئەو پرسیارەشیانی بەوە داوەتەوە، کە چۆنیەتی کارکردنی مانگاکەی لەلای خاوەنەکانی بۆ باسکردوونو گوتوویەتی:

﴿قَالَ إِنَّهُۥ يَقُولُ إِنَّهَا بَقَرَةٌ لَّا ذَلُولٌ تُثِيرُ ٱلْأَرْضَ وَلَا تَسْقِى ٱلْحَرْثَ مُسَلَّمَةٌ لَّا شِيَةَ فِيهَا ...﴿٧١﴾ البقرة﴾، ئەم مانگایە بۆکارکردن ڕانە هێنراوەو، زەویش ناکێڵێتو، ئاویشی بۆ کشتوکاڵ پێناکێشرێتو بۆ ئاودێری بەکارناهێنرێت، بەڵام زۆر خۆشەویستو بەنازە لەلای خاوەنەکانیو، هەروەها ساغە ﴿مُسَلَّمَةٌ﴾ واتە لەش ساغو تەندروستە وهیچ کەموکووڕیو عەیبو دەردێکیشی نیە، شائیدی لە لاشەی، یان لەگۆشتەکەی، یان لە ڕەنگو دیمەنی، یان لە تەمەنیو ژیانی، یاخود لە کارکردنو فەرمانیدا. لە هیچ ڕوویەك لەم ڕوانەوە خەوشو نەنگیو کەموکووڕیی نییە هەروەها بێ نیشانەو خاڵو پەڵەیە ﴿لَّا شِيَةَ فِيهَا﴾ واتە: هیچ نیشانەیەکی ناسینەوەو جیاکردنەوەی نییەو تاکە تاڵێکی تووکەکەی ڕەنگی جیاواز نییەو هەموو لەشی لەدەرەوە زەردێکی تۆخە ئەمەیە ئەو مانگایەی، کە لێیان داواکراوە، جا لە کوێ دەیدۆزنەوە؟ کەی دیدۆزنەوە؟ نرخی چەند دەبێت؟!

"قَالُواْ ٱلۡـَٔـٰنَ جِئۡتَ بِٱلۡحَقِّ"

دوای ئەوەی (موسا) سلاوی لێ بێت ئەو زانیاریانەی بە گەلەکەی گەیاندو وەلامی پرسیارەکانیانی دایەوە، ئەوانیش پێیان گوت: ﴿ٱلۡـَٔـٰنَ جِئۡتَ بِٱلۡحَقِّ﴾. لەم دەستەواژەیەوە لە ڕەوشتی نزمی جوولەکەو بێ حورمەتیی بەدکارانەیان‌و هەڵسوکەوتی خراپیان شارەزادەبین، کە چۆن لە وتەو گفتارو کرداریانداو لە هەڵوێستیان بەرامبەر پێغەمبەراندا رەنگ دەداتەوە. ئەوان قسەی ناشایستەی خۆیان بە (موسا) گوتووە. بەلام (موسا) کییە؟

ئەو پێغەمبەریانە، کە ئیددیعایان دەکرد لەسەر ئەوەی گوایە باوەڕیان پێ هێناوەو لە سەرشۆڕی وبێ دەسەلاتی رزگاریی کردوون‌و، بەرەو سەربەرستی‌و دەسەلاتداریتی بردوون.

(گوتوویانە: ئێستا هەقت بۆ هێناین/ قَالُواْ ٱلۡـَٔـٰنَ جِئۡتَ بِٱلۡحَقِّ)هەر تەنیا ئێستا، وەك ئەوەی گوایە پێشتر هەقی بۆنەهێنابن، وەك ئەوەی گوایە پێشتر دەربارەی (ناهەق/ باطل) قسەی بۆکردبن، وەك ئەوەی گوایە گفتوگۆی نێوان خۆی‌و ئەوان پێشتر لەسەر ناهەق‌و باطیل بووبێت، وەك ئەوەی گوایە (موسا)ی پێغەمبەری بەرێز بەناهەق بانگەوازی کردبن .. وەك ئەوەی گوایە کاتێك فەرمانی سەربڕینی مانگاکەی پێ گەیاندن‌و تەمەن‌و ڕەنگ‌و ئیشەکەی پێ گوتن هەمووی بەناهەق بووبێت.. وەك ئەوەی کاتێك پێی گوتون ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ﴾، بەناهەق پێی گوتبن، وەك ئەوەی هەموو وتەکانی تری ﴿أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡجَٰهِلِينَ﴾ و ﴿فَٱفۡعَلُواْ مَا تُؤۡمَرُونَ﴾ی بەناهەق پێ گوتبن:- وەك ئەوەی هەموو ئەو شتانەی رابردوو ناهەق‌و پووچەڵ‌و ناڕەوابووبن‌و، تەنیا ئەوەی ئێستا باسی دەکات هەق بێت ئیتر ئەوە جوولەکەیەو، ئەوە نەریتی جوولەکەیەو، ئائەوەش ڕەوشتی جوولەکەیە.

"فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا يَفْعَلُونَ "

لەدواییدا جولەکان فەرمانەکەیان جێبەجێ کردو، مانگاکەیان سەربڕی. دوای عینادیو زۆر گوتنو پرسیاری زۆرو سستی نواندنو خۆ دواخستن سەریان بڕی. سەریان بڕی، بەڵام وەك ئەوەی سەریان نەبڕی بێت. خۆ ئەگەر ئەوان لە دەرچوونی یەکەم فەرمانەوە بۆیان سەربڕدرایە، ئەوا بە (جێبەجێکاری فەرمانەکە)و (دەست و برد لێکاری)و (پاداشت وەرگرانی)و (بەهرەمەندان)ی دادەنران.

بەڵام ئێستا دوای ئەو هەموو پرسیارانەو دوای دواخستنو تەمەڵی نواندن، چەند نەریتو رەوشتو تایبەتمەندیەکیان لەدەست داوە، وەك نەریتی خێراکردن لە ڕاپەڕاندنداو، سیفەتی سەربازێتی بۆخوداو، خواستی پابەندی بەفەرمانەکانو دەست کەوتنی رەزامەندیی خودا، لەبەر ئەمەیە خودا فەرموویە ﴿فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا يَفْعَلُونَ﴾، (مانگاکەیان سەبڕی، بەڵام وەخت بوو سەری نەبڕن)، لەم فەرمایشتەدا وشەی (ما کادوا) دەلالەتە لەسەر بەئەنجام گەیاندنی کردار لەپاش بارگرانیو زەحمەتێکی زۆر، هەروەها دەلالەتە لەسەر خاوو خلیچکییان لە ڕاپەڕاندنو، فێڵبازیو تەڵەکەبازیی تیایدا بەجۆرێك، کە هەتا ناچارو شەرمەزار نەبوون فەرمانەکەیان ڕانەپەڕاندووە.

(ئیمام (راغب)ی اصفهانی) دەربارەی وشەی (کاد) گوتوویەتی: "کاد الزند: اذا تباطأ بأخراج نارە... واتە کرداری (کاد الزند)- (خەریك بوو ئاگر پژێنەکە ئاگرەکە دەرکات ئەمە لەکاتێکدا دەگوترێت، کە لە دەرکردنی ئاگرەکەدا سستیی نواندبێت، لێرەدا (کاد) بۆ نزیك خستنەوەی کردارەکەیە، هەروەها دەگوترێت: (کاد یفعل) خەریك بوو بیکات ئەگەر نەیکردبوو (اذا لم یکن قد فعل)، خۆ ئەگەر پێتی

(نفی)ی لەگەڵ دابێت ئەوا بۆ ڕوودانی کردارەکەیەو، نزیکیش دەبێت لەوەی ڕوونەدات"[(١)].

بێگومان ئەوکەسەی بەناچاریو شەرمەزاری فەرمانێك جێبەجێ بکات، وەك ئەوەیە، کە نەیکردبێت، چونکە خودا ئەوەی لە فەرمانپێکراو دەوێت، کە فەرمانەکە بەچالاکیو هیمەتو دڵفراوانیو حەزو پەرۆشییەوە جێبەجێ بکات، هەروەها بەئارەزوومەندیو خۆشەویستیو قایل بوونەوە جێبەجێی بکات. خودا دەیەوێت هەموو قەوارەی مرۆڤ لەتامو لەزەتی ڕاپەڕاندنو پابەندیو ئامادەباشی دابێت، ئەمەش تەنها لەکاتی پەلەکردن لە ڕاپەڕندنو، چالاکیو گورجو گۆڵیی بەئەنجام گەیاندندا بەدیی دێت.

جا ئەو کەسەی فەرمانێك بەدرەنگ جێبەجێ دەکاتو پێش جێبەجێکردنەکە تەمەڵیو فرۆفێڵو پێچو پەناو خۆ لێدزینەوەی تێدا دەنوێنێت، ئەگەر لە هەموو ئەم هەوڵانەدا شکست بێنێتو بەناچاریو زۆر لێکراویو سەرکزییەوە جێبەجێی بکات، وەك ئەوە وایە، کە جێبەجێی نەکردبێت، چونکە هەموو قەوارەی جەستەو گیانی بەشداریی لەزەتی ڕاپەڕاندنەکەیان نەکردووە، بەڵکو تەنها ئەندامەکانی، یان چەند ئەندامێکی لاشەی، بەم ڕەنگەش حیکمەت لەو فەرمانو ڕاسپاردەیەدا بەدی نەهاتووە، چونکە جێبەجێ کردنو نەکردنی وەك لە ڕووی ڕەهەندی پەروەردەییو ڕێنماییییەوە.

خودای مەزن دەربارەی قوربانییەکانو دیارییەکان (الهدی)، کە حاجییەکان لە حەجدا سەریان دەبڕن: ﴿ وَٱلۡبُدۡنَ جَعَلۡنَٰهَا لَكُم مِّن شَعَٰٓئِرِ ٱللَّهِ لَكُمۡ فِيهَا خَيۡرٞۖ فَٱذۡكُرُواْ ٱسۡمَ ٱللَّهِ عَلَيۡهَا صَوَآفَّۖ فَإِذَا وَجَبَتۡ جُنُوبُهَا فَكُلُواْ مِنۡهَا وَأَطۡعِمُواْ ٱلۡقَانِعَ وَٱلۡمُعۡتَرَّۚ

---

(١) المفردات في غريب القران س(٤٤٣).

كَذَٰلِكَ سَخَّرْنَٰهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٣٦﴾ لَن يَنَالَ ٱللَّهَ لُحُومُهَا وَلَا دِمَآؤُهَا وَلَٰكِن
يَنَالُهُ ٱلتَّقْوَىٰ مِنكُمْ ۚ كَذَٰلِكَ سَخَّرَهَا لَكُمْ لِتُكَبِّرُوا۟ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمْ ۗ وَبَشِّرِ
ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿٣٧﴾ الحج

واته: (ئێمه ئەوەی بەدیاری دەبرێت بۆ ماڵی خودا لەحوشترو لەمانگا کردوومانه بەدروشمێکی خودا که (پێویستەلەکاتی حەج‌و جەژنی قوربان دا ئەنجام بدرێت) بێگومان ئەوه خێری زۆری بۆ ئێوه تێدایەو ئێوەش ناوی خودا لەکاتی سەربڕین دابەن و بڵێن: (بسم الله .. الله اکبر) کاتێك قوربانییەکان بەمردوویی کەوتنه سەرزەوی لەدوای سەربڕینیان‌و (کەوەختی لێ خواردنیان هات، لێ یان بخۆن‌و بەشی هەژاران‌و داواکارانی لێ بدەن، ئێمه بەو شێوەیه ئاژەڵ ومالاتمان بۆ ئێوه بەیدەست (تسخیر) کردووه تاکو سوپاسگوزارو شوکرانه بژێرن. خوداش هەرگیز گۆشتەکەی‌و خوێنەکەی پێ ناگات، بەڵکو تەقواو پارێزکاریی ئێوەی پێ دەگات. ئابەو شێوەیەخودا مەڕو مالاتی بۆ ئێوه بەیدەست کردووه، تا لەکاتی سەربڕیندا خودا بەگەوره بگرن‌و بڵێن: (الله اکبر)و ڕێزو قەدری گەورەیی خودا بزانن لەسەر ئەوەی، که ڕێنمایی کردوون‌و بۆ ڕێی ڕاستی عیبادەت، جا ئەی پێغەمبەر مژده بەچاکەکاران، خێرخوازان بده).

له فەرمانه خودایی یەکاندا چێژو لەززەت ناخوازرێت (هەرچەنده پێویسته لەسەر مرۆڤی موسڵمان بەو شێوازەی شەرع دیاریی کردووه جێبەجێیان بکات) بەڵکو بەروبووم‌و ئامانج‌و کاریگەریی لەسەر موسڵمانەکه دەخوازرێت.

مرۆڤی موسڵمان لەڕێی فەرمانه خوداییەکانەوه دووکاری پێکەوه گرێدراوی لێ خوازراوه، یەکەمیان: ڕاپەڕاندنی فەرمانەکه بەوشێوەیەی، که ئیسلام دیاریی کردووه، دووەمیشیان: بەدیهێنانی ئامانجی فەرمانەکەیه لەسەر ژیانی‌و قەوارەو ڕەفتاری، بەڵام ئەو جوولەکانەی که له درەنگانێکدا مانگاکەیان سەربڕی،

حیکمەتی ئەو فەرمانەیان بەدیی نەهێنا، چونکە دەستبەجێ لەکاتی خۆیدا جێبەجێیان نەکردو، قەوارەی لەشیو گیانیشیان لەززەتی ئامادەگیی سەربازییانەو وابەستەییی بەرنەکەوت، جا لەبەرئەوەی ئەو ئاسەوارە گەورانەو ئەو مانا بەرزانەیان لەدەستدابوو خوداش لەبارەیانەوە فەرمووبە: ﴿...فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا۟ يَفْعَلُونَ... ﴿٧١﴾ البقرة﴾.

هۆی سەربڕینی مانگاکە

خودا فەرموویە: ﴿وَإِذْ قَتَلْتُمْ نَفْسًا فَٱدَّٰرَءْتُمْ فِيهَا ۖ وَٱللَّهُ مُخْرِجٌ مَّا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ ﴿٧٢﴾ فَقُلْنَا ٱضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ۚ... ﴿٧٣﴾ البقرة﴾.. قورئان باسی هۆی فەرمانی سەربڕینی مانگاکەی خستۆتە دواوەی چیرۆکەکە، خوێنەریش لەسەرەتادا لەسەر ئەوە دەوەستێت کەفەرمانێك بەو گەلەکراوە بەسەربڕینی مانگاکە، پاشان سستیو کەمتەرخەمییان لە ڕاپەراندنی فەرمانەکەدا بەدی دەکات.. داخۆ بۆچی خوێنەری چیرۆکەکە هۆی سەربڕینی مانگاکە لەم کۆتاییەدا دەزانێت؟!

ئەمەش شێوازێکی هونەریی چیرۆك گێرانەوەی قورئانە.. (سید قطب) خودا لێی خۆشبێتو پلەی بەرزکات- لەتە فسیرەکەیدا (في ظلال القرآن) دەڵێت: (لەکۆتاییدا دێینە سەرجوانیی خستنە ڕووی چیرۆکەکەو ڕێکخستنی لەگەڵ ئەم بەشەی دواییدا.. ئەمە چیرۆکێکی کورتەو لەسەرەتادا ئێمە لەبەردەم نادیار (مجهول)ێکدا دەوەستین، کە نازانین چیی لەدواوەیە .. ئێمە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا نازانین بۆچی خودا فەرمان بە (بنواسرائیل) دەکات، کە مانگایەك سەربڕن، هەروەها (بنو ئیسرائیل)یش لەوکارەدا نەیانزانیوە بۆچیە، لەمەشدا تاقیکردنەوەیەك بۆ ڕادەی پەیڕەوکردنو بەدەمەوەهاتنو پێ تەسلیم بوونی ئەوان

هەیە.. پاشان گفتوگۆی نێوان موساو گەلەکەی لەچیرۆکەکەدا ڕێچکە دەگرێتەبەرو، دەبینین گفتوگۆکە ناپچڕێت تاکو ئەوەی لەنێوان موساو خودای پەروەردگاریدا هەبووە بسەلمێت، لەکاتێکدا ئەوان هەموو جارێك داوایان لە موسا دەکرد پرسیارێك لە پەروەردگاری بکات، ئەویش پرسیارەکانی پێ دەگەیاندو وەڵامی لەلایەن خوداوە بۆ دەهێنانەوە.. بەڵام ئاراستەی چیرۆکەکە واناڵێت، کە هەر پرسیاری لە پەروەردگاری کردبێتەوەو، کە ئەویش هەر وەڵامی بۆیان دابێتەوە، بەڵکو هەر بێدەنگییە، کە شایستەی گەورەیی خودایە، ئەو گەورەیییەی کە ناشێت لەڕێگەی عینادیو نکوڵیی (بنواسرائیل)دا بەراورد بکرێت پاشان کۆتایی چیرۆکەکە بەو ڕووداوە لەناکاوە دێنێت ﴿وەك چۆن (بنو اسرائیل)یش لەناکاودا بینیان﴾، کە پیاوە مردووەکە زیندوو دەبێتەوەو ڕادەپەڕێت، ئەوەش بەهۆی ئەوەی بەشێکی مانگایەکی بێدەنگی سەربڕاوی پیادا دەکێشن، ئەو مانگایەی کە ژیانی تیانەماوەو مادەیەکی ژیانیشی تیادا نەبوو، لەوێشەوە (جوانیی ڕاگەیاندنی دەربڕین) لەگەڵ (حیکمەت خستنەڕووی بابەتیانە) لە کورتە چیرۆکێکی جوانی قورئانیدا یەك دەگرنو پێك دەگەن)[1].

لەوانەیە حیکمەت لە دواخستنی دیاریکردنی هۆیەکەش ئەوەبێت تا بیسەرو گوێ بیستی ئەم بەرسەرهاتە ئاگاداری نموونەیەك لە نەفس نزمیی جوولەکەو لە ئاکاری خراپیانو، لە هەڵوێستیان بەرامبەر پێغەمبەرانیانو فەرمانەکانی پەروەردگاریان بێت.

ئەوان خۆیان ئاتاجیان بەسەر بڕینی مانگاکە هەبووەو هەر خۆیشیان سوودیان لێبینیوە، کەچی سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕەفتارانەیان نواند کە باسمان کرد، ئەی ئەگەر سوودیان لەوە نەبینیبایە ئاخۆ چ ڕەفتارو هەڵسوکەوتێکی تریان بنواندایە؟!

(١) (في ظلال القرآن)، ١: ٨٠.

خودا خواستی وابووە ئەوەی شاردوویانەتەوە دەریخاتو پەردە لەسەر بکوژی ڕاستەقینە هەڵداتەوە. هەرواش بووە، بەشێك لە لاشەی مانگا سەربڕراوەکەیان داوە بە لەشی مرۆڤە مردووە کوژراوەکەداو گیانی بە بەرداهاتۆتەوەو ژیانی بۆ گەڕاوەتەوەو باسی بکوژەکەی خۆی بۆ کردوون ﴿ فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ﴾ هەندێك لە کەسانی پێشین بیروڕای جیاوازیان لەسەر ئەوبەشەی لاشەی مانگاکە هەیە، کە پێیان داوە لە تەرمی کابرا کوژراوەکە، بەڵام ئێمە جیاوازیی بیروڕاو وتەکانیان باس ناکەینو بەشیاوی نازانین قووڵ ببینەوە بۆ هەوڵی دیاریکردنی ئەو بەشەی مانگاکە، ئەمەش بەهۆی نەبوونی سوود لە زانینیو لە پێداگرتن لەسەری.

(ئیمامی: طبري) مەسەلەی جیاوازی وتەو بیروڕای ئەو کەسانەی بە شتێکی باش دانەناوەو گوتوویەتی: (هەواڵی ڕاست لای ئێمە هەر ئەو فەرمایشتەی قورئانە ﴿ فَقُلْنَا اضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ﴾، تەفسیری ئەم فەرمایشتەش تەنیا ئەوەیە خودا فەرمانی پێکردوون بەشێکی لاشەی مانگاکە (یان بە پارچەیەکی لاشەکەی لە تەرمی کابرای کوژراو بدەن تاکو تەرمە لێدراوەکە زیندوو دەبێتەوە ئیدی هیچ ئاماژەو دەلالەتێکی دی لە ئایەتەکەدا نییەو هیچ هەواڵێکی ئەوتۆش نییە، کە بکرێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کام بەشو پارچەی مانگاکە فەرمانی لەسەر پێکراوە، تا پێی بدرێت لە جەستەی کوژراوەکە. دەشێت ئەوە نەرمی شانی بووبێت، یان هەر لاو پارچەیەکی تری بووبێت نەزانینی ئەو پارچەیەی، کە لە تەرمی پیاوە کوژراوەکەیان پێداوە، هیچ زیانێکی نییەو زانینیشی سوودمەندنییە، ئەگەرچی دان بنرێت بەوەدا، کە ڕاستە ئەو گەلە بەهەر پارچەیەکی مانگا سەر بڕراوەکە لە تەرمی کوژراوەکەیان داوە، خوداش کابرای کوژراوی بۆ زیندوو کردوونەوە"(1).

(١) تفسير الامام الطبري بعناية محمود شاكر ٢: ٢٣١.

" كَذَٰلِكَ يُحْيِ ٱللَّهُ ٱلْمَوْتَىٰ "

خودا فەرموویـە: ﴿ فَقُلْنَا ٱضْرِبُوهُ بِبَعْضِهَا ۚ كَذَٰلِكَ يُحْيِ ٱللَّهُ ٱلْمَوْتَىٰ وَيُرِيكُمْ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿٧٣﴾ البقرة ﴾.. بێگومان سەربڕینی مانگاکە خۆی لەخۆیدا ئامانجی خوازراونەبووە، بەڵکو ئامرازێـك بـووە بـۆ بـەدیهێنانی ئامـانجێکی تـر، ئـەویش دروسـت کردنـی بەڵگـەی کردەییـی واقیعـی لەسـەر توانـای خـودا لـە زیندووکردنەوەی مردواندا، تاکو باوەڕداران باوەڕیان زیاتر بێتو، کەسانی تریش لە مەوقیعی گومانەوە بچنە نێو مەوقیعی باوەڕو ئیمانەوە.

بێگومـان تـەواوە ﴿كَذَٰلِكَ يُحْيِ ٱللَّهُ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾ بەچـاوی خۆتـان دیتـان، کـە (موعجیزەیەکی ڕۆشنی خـودایی)تـان پیـشان دراو ئـەوەبوو: مرۆڤێکـی مـردوو، لاشەیەکی بێگیانو بێجووڵەو، مانگایەکی بێعەقڵو بێ زمان، کە خۆتان سەرتان بڕیوەو بۆتە لاشەیەکی بـێ گیـانو بێجووڵـەو، ئینجـا بەشـێك، یـان پارچـەیەکی بێگیان لە پارچەکانی مانگا مردووەکەتان هێناوەو، بەو پارچەیە داوتانە لە تەرمی مرۆڤە مردووەکەو، ئەو گۆڕانە لەناکاوەش ڕاپچڵەکاندوون، کە ژیـان بەبـەر مرۆڤـە مردووەکـەدا کراوەتـەوە (بـەهۆی ئـەو لێدانـەوە)، وەك زینـدووەکان دەسـتی بـە جمووجووڵ کردۆتەوەو وەك زیندوانیش قسەی کردووە.. ئەو دیمەنـەی دیتـان ئاوایـە (کـذلك) ئاوا خودا مردوان زیندوو دەکاتەوە ﴿كَذَٰلِكَ يُحْيِ ٱللَّهُ ٱلْمَوْتَىٰ ﴾و لـە ڕۆژی قیامەتدا زیندوویان دەکاتـەوەو، ئـەوانیش بـە هـەموو تایبەتمەندییـەکانی ژیـانو دیاردەو ڕاستییەکانیەوە لە گۆڕەکانیان دەردەچن.

جا قورئانیش، کە چیرۆکی مانگاکـەی وەك بەڵگەیـەك لەسـەر توانـای ڕەهـای

خوداو لەسەر زیندووکردنەوەی مردوان لـە ڕۆژی قیامەتـدا خـستۆتەگەڕ، شـێوازی سـەلماندنی ڕاسـتییەکانی بـاوەڕو بنـەماکانی تێـڕوانینی ئیـسلامیو، هێنانـەوە بەڵگەکان لەسەریان دەخاتە بەرچاومان.

قورئان ڕاستییەکانی باوەڕمان، تەنها لەلایەنێکی سـەربەخۆو دابـڕاوەوە پیـشان نادات، بەڵکو دەیانلکێنێت بە بەڵگە بەهێزەکانەوە، ئـەم بەڵگانـەش لـە جیهـانی بینراوی واقیعەوە دەرهێنراون، لەوحاڵەتو بارودۆخانەوە وەرگـیراون، کـە خـەڵکی تیایاندا دەژیو پەییان پێ دەبەنو مامەڵەیان پێ دەکەن. بـەم ڕەنگـەش (بەڵگـەی قورئانی) سانایيو ئاسایيو هێزو کارایيو، گـوڕوتینو زیندوویـەتيو، سـەرکەوتنی لە چەسپاندنی ڕاستییە لێدواوەکانیدا دەبێت.

هـەروەها قورئـان لـە چـیرۆکەکانیدا ئـامراز دروسـت دەکـات بـۆ سـەلماندنی ڕاستییەکانی باوەڕو، گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەش دەبێتە بوارێـك بـۆ خـستنە ڕووی ئەو ڕاستییانەو جەخت لەسەرکردنیان.

ئەمەش بەڵگەی ئەو قسەیەمانە، کە دەڵێین: (چیرۆکەکانی قورئان لـە نـاواخنو کرۆکیاندا تەنها بۆ باسی چەند بەسەرهاتو سەربردەیەك نییـەو، مەبەسـت لێیـان چێژی چیرۆكو لەززەتی دەرونی نییە، (چونکە ئەم مەبەستە، یان هـەر تێـدا بـەدی دێت) بەلاّم لەڕاستیدا قورئان ئەم چیرۆکانە بۆ نیازێکی بەرزو پیرۆز بـاس دەکـات، ئەویش چەسپاندنی ڕاستییەکانی بـاوەڕو، بەڵگـە لەسـەر هێنانەوەیانـە. بۆیـە لـە سەربڕینی مانگاکەو لە لێدانی تەرمی پیاوەکوژراوەکەش بە پارچەیەك لـە لاشـەی مـانگاکەو لە هەستانەوەی کوژراوەکەشدا بە زیندوویی، خـودا چـەند مەبەسـتێکی تیایدا بەدیهێناوە.

١- بۆ ئاشکراکردنی بکوژی ڕاستەقینەو ناساندنی بە جوولەکەکان.

٢- بـۆ دارِشـتنی بەڵگــەی کردەیـی (عەمــەلی) لەســەر توانــای خــودا لــە زیندووکردنەوەی مردواندا.

٣- بۆ خستنەڕووی نیشانەیەك لە نیشانەکانی خوداو، موعجیزەیەك لەو موعجیزانەی، کە سنووری ڕێسا ئاساییەکانو دەستوورەکانی گەردوونی تێپەڕاندووە، چونکە هەرگیز ئەوە ڕووینەداوە، کە مردوویەك بە لێدانی پارچە گۆشتی مانگایەکی سەربڕاو زیندوو بووبێتەوە، مەگەر تەنها لە ڕێی موعجیزەیەکی دڵفڕێنی خوداییەوە نەبێت.

٤- ئەم چیرۆکە لە نەریتی جوولەکە شارەزامان دەکات، ئەویش لەڕێی ڕوانینیان بۆ فەرمانەکانی خوداو، چۆنیەتی مامەڵەیان لەگەڵ پێغەمبەرانیاندا.

٥- بۆ وریاکردنەوەی ئیمانداران لەوەی، کە هەمان خوو نەریتی نالەباری جوولەکەکانیان نەبێت.

" ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنْ بَعْدِ ذَٰلِكَ "

خـــودا فەرموویـــەتی: ﴿ ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُم مِّنْ بَعْدِ ذَٰلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً ...﴿٧٤﴾ البقرة ﴾، ئاکامی دوای سەربڕینی مانگاکەو، زیندووکردنەوەی پیاوە کوژراوەکە لەلای جوولەکە چی بـووو چـیی لێکەوتـەوە؟ کاریگـەریی ئـەو ڕووداوە لەسەر دڵانو ژیانیان چی بـوو؟ بێگومـان دڵیـان ڕەق بـووەوە، واتـە لـەدوای ئـەو موعجیزانەش، دڵی ئەوان ڕەق بۆتەوە (وەك بەرد) تەنانەت لە بەردیش ڕەقتر..

بەڕاستیو بێگومان جوولەکە – جوولەکەیە- و دڵێکی جوولەکانەی عـەجیبیان هەیە.. مرۆڤ سەری لەوجۆرە دڵانەو ڕەقبوونیان سوڕ دەمێنێت، کە وایانلێهـاتووە لـە بـەردی ڕەقـیش ڕەقـتر بـن.. هۆکـاری سەرلێـسوڕمانیش ئەوەیـە، ئـەو دڵـە بەشەرییانەی، کە جێگەی هەستو سۆزو عاتیفەو خرۆشانە، کەچی لـە بـەردی ڕەق ڕەقتر بن، ئەو دڵانە لە بەردی بێگیان ڕەقو توند ڕەقترو بێگیان تـرو تونـدترن، کـە ناخرۆشێنو کارلێکراو نابنو، هیچ خۆشەویستیو ڕقو تووڕەییو ڕەزامەندییـەکیان تێدا نییە.

ئەی داخۆ چ ئومێدێك لەو کەسە بخوازرێت، کە دڵێکی لە بەرد ڕەقـتری هەیـە؟ ئەی داخۆ چ شتێك لەو تەنە ماددییـەی، کـە بـە (مرۆڤـی جوولەکـە)ی ناودەبـەن ماوەتەوە؟ ئەی چ ئومێدێك بەو کەسانی وەك ئەوان دەخوازرێـت، کاتێـك دڵـی ون دەکات؟ چیی لێ دەمێنێتەوە ئەگـەر ئـەو پارچـە گۆشـتە (واتـە ئـەو دڵـە) تێـك بچێتو، بە تێکچوونیشی هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤیش تێك بچن؟

بەڵام بە چاکبوونی ئـەو پارچـە گۆشـتە، هـەموو جەسـتەی چـاك دەبـن، وەك پێغەمبەریش ﷺ فەرمویەتی: ((**الاّ ان في الجسد لمضغة، اذا صلحت الجسد كله،**

﴿وَإِنَّ مِنَ ٱلْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ ٱلْأَنْهَـٰرُ ۚ﴾ ئـەم راسـتییە ئاتـاجی بـە نـمایشکاریو نواندن نییە، چونکە جوولەکەکان خۆیان وخەڵکیتریش دەیزانن، ئـەی لەکوێوە کانیاوو رووبارەکان هەڵـدەقوڵێنو دەتەقێنـەوە؟ ئایـا لەچـیاکانەوە نییـە؟ بێگومان بەردی چیاکان نەرم بۆتەوە، تاکو ڕووباری لێ بتەقێتەوەو دەرچێت.

﴿وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ ٱلْمَآءُ ۚ﴾ ئەم ڕووداوەش جوولەکەکان بەچـاوی خۆیان بینیویانە.. ئەوەبوو لەبیاباندا تینوویان بوو، داوایان لـە موسـا- کـرد، کـە ئاویان پێ بدات (موسا)ش -سلاوی خوای لێ بێت- داوای ئـاوی لـە خـودا کـرد. خوداش فەرمانی پێکرد، کە بە داردەسـتەکەی لـە زەوی بـدات ئـەویش وایکـرد، جوولەکانیش بینیان ئەوا دوازدە کانی (لەنێو بەردەکانەوە وەك قۆناغی یەکـەم بـە فیچقە دەردەچن بۆ تەقینەوە، پاشان بەشێوەی تەقینەوە دەرکەوتو ئـاوێکی زۆری بەلێـشاو لـێ دەڕۆی. لەمبارەیـەوە خـودا فەرموویـەتی: ﴿وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ۖ قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ ۖ ...﴿٦٠﴾ البقرة﴾.

﴿وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۗ﴾ ئەمەش نموویەکی کردەیـی (عەمـەلی)ی دیکەیە، کەوا جوولەکەکان لەڕێی (موسـا)ی پێغەمبەریانـەوە زانیاریـان لەسـەری دەسکەوتووە. چونکە ئەم نموونەیە لە خودی موسا خۆیدا بـەدی هـاتووە، ئـەوەبوو کاتێك چووە خزمەت خوداو ڕووی دوعاو پاڕانەوەی لێکرد، داوای لێکرد بیبینێـت، خوداش لە وەڵامدا پێی ڕاگەیاند، کە موسا ناتوانێت لەدنیادا — خـودا ببینێـت- بەڵام خودا خـۆی پیـشانی چـیایەکداو چـیاکەش سـووتاو وردوخـاش بـوو، واتـە بێگومان ئەو چیایە لەترسی خودا کەوتو ورد بوو، وەك لەمبارەیەوە فەرمویـەتی:

﴿ وَلَمَّا جَآءَ مُوسَىٰ لِمِيقَـٰتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِىٓ أَنظُرْ إِلَيْكَ ۚ قَالَ لَن تَرَىٰنِى

وَلَٰكِنِ ٱنظُرْ إِلَى ٱلْجَبَلِ فَإِنِ ٱسْتَقَرَّ مَكَانَهُۥ فَسَوْفَ تَرَىٰنِى ۚ فَلَمَّا تَجَلَّىٰ رَبُّهُۥ لِلْجَبَلِ جَعَلَهُۥ دَكًّا وَخَرَّ مُوسَىٰ صَعِقًا ۚ فَلَمَّآ أَفَاقَ قَالَ سُبْحَٰنَكَ ...﴿١٤٣﴾ الأعراف﴾.

نەریتی جوولەکەو خووڕەوشتیان لەڕێی چیرۆکی مانگاکەوە

گوتمان چیرۆکی مانگاکە، نەریتی دیارو دەرخراوی جوولەکەمان پیشان دەداتو ئەو جۆرە ئەخلاقو خوو ڕەوشتەشیانمان لەسەرباری حەقیقەتو واقیعی خۆی بۆ روون دەکاتەوە. لێرەشدا هەوڵ دەدەین چەند دابو نەریتو هەڵسوکەوتێکی نالەباریان لەم خاڵانەدا دەسنیشان کەین:-

١- هەوڵ دانیان بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان. ئەوەبوو خۆیان لە بکوژی پیاوەکەو تۆمەتی کوشتنەکە دەپاراستو دەیاندایە پاڵ یەکدی، هەروەها هەولێشیاندا ئەو تۆمەتە بخەنە پاڵ بێ تاوانەکان.

٢- بێئەدەبیان بەرامبەر پێغەمبەرانیانو ڕێز لێ نەگرتنیان ئەوەبوو چەند پرسیارێکی وەهایان لە پێغەمەرەکەیان کرد، کە هیچ هۆکارو پێویستییەکی تێدانەبوو، بەروبوومیشی نەبوو. لەو وتەیەشیاندا هەربێ ئەدەبیان نواند، کە پێیان گوت: (ئەرێ تۆ ئێمە بەگاڵتە جاڕی خۆت دادەنێیت) لە دواییشدا، کە پێیان گوتووە (ئێستا هەقو راستیت بۆهێناین) هەر بێئەدەبییان بەرامبەری نواندووە.

٣- ڕێزنەگرتنیان لە فەرمانەکانی خوداو لە حوکمو ڕێنماییەکانیو هەوڵی خۆلێدزینەوەو فرۆفێڵ تێداکردنیان.

٤- خۆ دواخستن‌و سستی کردن لەراپەراندنی فەرمانەکانی خوادا چونکە لەدواییداو لە کاتێکی درەنگداو بەناچاری‌و شەرمەزارییەوە فەرمانەکەیان راپەراند، وەك ئەوەش وایە، هەر رایانپەراند بێت ﴿...فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧١﴾ البقرة﴾.

٥- نکوولّی کردنیان‌و زۆریی پرسیاریان لەسەر ئەو مەسەلانەی پێویست نین.

٦- خۆ خەریککردنیان بەوکارەی سوودی نیە، گەرانیان بەدوای ئەوشتەی بێ‌کەڵکە.

٧- بایەخ دانیان بە مەسەلە رواڵەتی‌و لاوەکییەکان‌و ئاوردانەوەیان لەکارە بەرکەنارو لە پەراوێزخراوو مام ناوەندییەکان لەسەر حسابی مەسەلە بنچینەییەکان‌و کارە گرنگ‌و سەرەکییەکان.

٨- ئەوان بەو نەریتە خاوو دەروونە شل‌و شێواوەیانەوە، شایستەی ئەوەبوون کە، خودا کاری قورس‌و نارەحەتیان بەسەردا بدات‌و ئەو شتەخۆش‌و پاکانەشیان لێ حەرام بکات، کە پێشتر بۆی حەلاڵ کردبوون.

٩- هەروەها ئەوان بەو نەریتە نالەبارانەیان شایستەی ئەوەبوون، کە خودا سزایەکی سەختیان بدات، سزاکەش ئەوەبوو دلێکی رەقی پێدان.. دیارە مرۆڤی دڵرەقیش تووشی سزای توند دەبێت، کە سزاکانی تر گەلێك لەوە سووکترن، چونکە ئەگەر خاوەنی دلێکی خاویست‌و نەرم بێت، ئەوا دەتوانێت رەوتی خۆی راستکاتەوەو پەنا بباتەبەر چاکەو تۆبەکردن‌و پەشیمانی. خۆ ئەگەر دلێکی رەقی هەبێت ئەوا دەردەکە لە بنچینەدایە، لە درەختەکەدایە، نەك لە بەرووبوومەکەدا.

١٠- بەردو شتە رەقە بێ گیانەکانی دی گەلێك نەرمترو هێواش ترو ملکەچ ترن لە دلانی جوولەکەکان.. ئیدی ئەو جوولەکانە چییان بۆ ماوەتەوە؟!

"چیرۆکی مانگاکـەو شـێوازی جوولەکەکان لەدانوستان دا"

بێگومان چیرۆکی مانگاکە راستییەکی بنەبڕ (قـاطع) دەردەخات، کـە شـێوازی جوولەکـەمان لـە دانوسـتان (مفاوضـات)دا پـێ دەناسـێنێت، باشـتروایە ئێمـەی موسڵمانانی ئـەم سـەردەمەش، هەڵوێـستەی لەبەردەمـدا بکـەین، تـاکو رێـسای بەسوودی بـۆ خۆمـان دەربێنـێن‌و، شـێوازی ڕاسـتەقینەش بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی جوولەکەکان‌و سەودا لەگەڵکردنیان بزانین.

ئەها سەیرکە لەگـەڵ پێغەمبەرەکەشـیاندا چـۆن بـوون‌و، چـەندجار پرسـیاریان لێکرد؟ ئـەی چـەند جـاری تـر لێیـان دووبـارە کـردەوە؟ ئـەی چـەندجاری تـریش بەرهەڵستییان کرد؟ ئێ خۆ ئەوە پێغەمبەریان‌و سەرکردەیان بوو، ئـەی داخـۆ وت‌و وێژو دانوسـتان لەگـەڵ دوژمنانیانـدا چـۆن بکـەن؟ ئـەی چـۆن مامەڵـەو سـەوداو ئاڵوێرییان لەگەڵ دەکەن؟

لەلایەکی ترەوە چیرۆکی مانگاکـە مەسـەلەیەکی سـووك‌و سـانا بـووو لقێکـی بچووکی کارە بنەڕەتییەکانەو، پاشـان پەیوەسـت بـووە بـەخۆیان‌و جـێی بایـەخ‌و سوودو بەرژەوەندیی خۆیان بووە، کەچی سەرباری ئەوەش چـەندە لـەکاتی خۆیـان‌و کاتی موساشیان پێ گرت‌و چەندە خۆیان‌و موسایان پـێ شـپرزەکرد؟! ئـەی چـەندە هەوڵیاندا بۆ فروفێڵ تێداکردن‌و خۆ دەربازکردن‌و خۆدزینەوە لە ئەرکەکە.

بێگومان جوولەکەکان هـەرگیز لـە دانوسـتاندا وەڕس‌و مانـدوو پەسـت نـابن، چونکە هونـەری ڕاکـردن‌و خۆدزینـەوەو سـاختەکاری دەزانـن، هـەروەها لـەبواری دانوستاندا پشووو درێژن‌و دەمارەخانـە (اعـصاب)ێکـی سـاردو هێمنیـان هەیـەو ئامادەشن، کە هەوڵ‌و کاتێکی فرەی تێدا بەفیـڕۆ بدەن‌و، پاشان چەندەها جاری تـر

بگەڕێنەوە سەر ئەوخاڵەی، کە لێیەوە دەستیان پێکردبوو.

بێگومان ئەوان بێئەوەی وەڕس و پەست بن بە مەسەلەیەکی ڕواڵەتیی بچووکەوە، کە وەختێکی زۆر وەك (چەند مانگێك، یان چەند ساڵێك) لەخۆیانو لەلایەکی بەرامبەریش بگرێت خۆیان خەریك دەکەنو لە کێشەیەکی بچووکیشدا بەخواستو ئارەزووی خۆیان پیایدا دێنەوەو لێی زیاد دەکەنو هەڵوێستەی لەبەردەمدا دەکەنو، تەنانەت چەندین کتێبو یادداشتی لەبارەوە دەنووسنو چەندین سەفەرو سەردانی تیادا دەکەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوان سووربن لەسەر هەڵپەرساردنی ئەو گرفتەو دواخستنی چارەسەرەکەی. هەروەها لەلای ئەوان دەرخستنی هەق گرنگ نییە، بەڵکو هەرسووربن لەسەر بەرتەسك کردنەوەی ئەو هەقە، هەمدیسان لای ئەوان گەیشتن بەئەنجامێکی ماقووڵ گرنگ نییە، بەڵکو هەرسووربن لەسەر هێشتنەوەی کێشەکە لە تەمو مژو بارودۆخی ئاڵۆزداو ئیدی رکەبەرانیان لە بەتاڵیو وێڵ بووندا بهێڵنەوە.

لە چیرۆکی مانگاکەوە ئەم ڕاستییەمان لەبارەی جوولەکەوە زانیوە، لەگشت مێژوو بەسەرهاتێکیشیاندا هەر ئاوا ناسیومانن. لەم سەردەمەشدا بەشێوەیەکی ڕوونترو دیارتر ئەو شێوازەیان دەبینرێت، ئەویش لەڕێی دانوستانە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکان، کە لەگەڵ نەیارانیاندا تاوتوێیان دەکەن.

ئەوەبوو جوولەکەکان (ساڵی (١٩٧٦ زایینیی) کەناری خۆرئاواو چەند ناوچەیەکی تری فەلەستینیان داگیرکرد، ئەنجوومەنی ئاسایش نێو دەوڵەتییش بڕیاری ژمارە (٢٤٢)ی دەرکرد، کە تیایدا داوا لە جوولەکەکان دەکات لەوخاکە عەرەب نشینانە بکشێنەوە، کە لەو ساڵەدا داگیریان کردووە. جێی باسە خودی (لۆرد کارادۆن)ی نوێنەری (بەریتانیا) لە ئەنجوومی ئاسایش بڕیارەکەی داڕشتبوو، بەڵام جوولەکەکان فرۆفیڵیان لەئاست ئەم بڕیارەدا نواندو، بەشێوە تێگەیشتنێکی جوولەکانەوە لێی تێگەیشتنو بەشێوازی تایبەتیی خۆیشیان دانوستانیان تێدا

ده‌كرد، ئه‌وه‌بوو دانوستانێكی دوورودرێژو سه‌ختو دژواریان له‌ڕێی نێرراوه‌ نێوده‌وڵه‌تییه‌كانه‌وه‌ له‌گه‌ڵدا كرا، كه‌ به‌ (جوناریارنج)ی یه‌كه‌م نێرراو ده‌ستی پێكرا.. به‌ڵام هیچ سوودو كه‌ڵكێكی تێدانه‌بوو. له‌و ڕووه‌وه‌ جووله‌كه‌كان ده‌یانگوت (ئه‌نجومه‌نی ئاسایشی نێوده‌وڵه‌تی داوای پاشه‌كشێ له‌ هه‌موو زه‌ویوزاره‌ داگیركراوه‌كانی كاتی جه‌نگمان لێ ناكات، به‌ڵكو داوای كشانه‌وه‌ له‌ (چه‌ند زه‌وییه‌ك)ی داگیركراومان لێ ده‌كات، بۆیه‌ دیاری كردنو ده‌سنیشانكردنی ئه‌و زه‌ویانه‌ش ئاتاجی به‌ دانوستانێكی ڕاسته‌وخۆی نێوان ئێمه‌و عه‌ره‌به‌كانه‌). جا ئایا ئه‌وان به‌پێی (شێوه‌ تێگه‌یشتنی عه‌ره‌ب له‌ بڕیاره‌كه‌ له‌ خاكه‌ داگیركراوه‌كان كشانه‌وه‌ته‌وه‌، یان ئایا به‌پێی (شێوه‌ تێگه‌یشتنی جووله‌كانه‌ش) له‌ (چه‌ند خاكێكی داگیراو) كشاونه‌ته‌وه‌؟ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه‌ پتر له‌ بیست ساڵی خایاندو تا ئێستاش ئه‌نجامێكی لێ نه‌كه‌وتۆته‌وه‌.

كاتێك ده‌وڵه‌تێكی عه‌ره‌بیی وه‌ك (میسر)یش كه‌وته‌ نێو ته‌ڵه‌ی ئه‌مه‌ریكاو جووله‌كه‌وه‌و ڕێكه‌وتننامه‌ به‌ناوبانگه‌كه‌ی (كامپ دێڤید)ی له‌گه‌ڵ جووله‌كه‌دا به‌ستو، جووله‌كه‌كانیش له‌ زۆربه‌ی خاكی (سینا) له‌ به‌رامبه‌ر (كۆتایی پێهێنانی حاڵه‌تی جه‌نگی نێوان هه‌ردوو وڵات)و (دامه‌زراندانی په‌یوه‌ندیی دیپلۆماسی له‌ نێوانیاندا)و (له‌ به‌رامبه‌ر چه‌ند شتێكی تری په‌نهانییشدا، كه‌ بۆ خه‌ڵكی ڕانه‌گه‌یه‌نرا) كشانه‌وه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌و كشانه‌وه‌یه‌، یان له‌ خاكی (سینا)دا جووله‌كه‌كان گرفتێكی ناڕێكیان له‌به‌رده‌م حكومه‌تی (میسر)دا خرۆشاند، ئه‌ویش گرفتی (طابا) بوو، كه‌ ئاماده‌نه‌بوون له‌وێ بكشێنه‌وه‌ به‌و پێودانگه‌ی گوایه‌ خاكێكی جووله‌كه‌كانه‌. (میسر)یش داوای لێ كردن، كه‌ بكشێنه‌وه‌ له‌وێش به‌و پێودانگه‌ی، كه‌ خاكێكی (میسر)ه‌ جووله‌كه‌كان گوتیان: (له‌نێوان ئێمه‌و ئێوه‌دا دانوستان هه‌یه‌و، كۆمیسیۆنه‌كانی دادوه‌ریی كردنی نێو ده‌وڵه‌تیو، نێرراوانی نێو ده‌وڵه‌تیو شاره‌زایانو پارێزه‌رانیش له‌نێوانمان دان) ئیدی ده‌ستیان به‌ دانوستان كرده‌وه‌و تا

ئەمڕۆ پتر لە دەساڵ (واتە تا نووسینی ئەم کتێبە) پتر لە دەساڵێ خایاندووەو قەیرانەکەش کۆتایی پێ نەهاتو پاشەکشێکەش تەواو نەکرا. جێی باسیشە خاکی (طابا) پارچە زەوییەکی بچووکەو ڕووبەرەکەی لە ڕووبەری یاریگایەکی تۆپی پێ تێپەڕ ناکات.

جا ئەگەر پاشەکشێی ئەوان لە پارچە زەوییەکی هێندەی ڕووبەری یاریگایەکی تۆپی پێ پتر لە دە ساڵی پێ بچێت، ئەی داخۆ عەرەبەکان ماوەی چەند ساڵی تر دابنێن بۆ پاشەکشێی جوولەکەکان لە کەناری خۆرئاواو جۆلانو (باشووری لوبنان)[1] ؟

ئەی داخۆ عەرەبەکان چەندە لە کاتو تەمەنو هەوڵو ماڵو سامانو ئەعصابو باری دەروونییان بۆ دانوستانیان لەگەڵ جوولەکەدا خەرج دەکەن تاکو لە خاکیان دەکشێنەوە؟ بەڕاستیشدا جگە لە لاوازبوونو کەمبوونەوەی هێزو سامیان هیچ شتێکیتر لە جوولەکان وەرناگرن.

دەسا ئەی گەلی عەرەبو موسڵمانان، بەڕاستی جوولەکەکان هونەری پێچو پەناو فڕوفێڵی نێو دانوستان چاك دەزانن‌و بەدەم هیچ دەنگێکەوە نایەن تەنها دەنگی هێز نەبێت، بەهیچ شێوازێکیش لە فەلەستین دەرناکرێن تەنها بە شێوازی جیهادو کوشتار نەبێت.

(١) سەبارەت بەباشووری (لوبنان) جوولەکەکان بەزەبری هێز لێی دەکرانو، ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٩ز) دوای بەرەنگارییەکی گەورەو بێ وێنەی موسڵمانانی لوبنانو (حزب الله) ی تێکۆشەر توانییان جوولەکەکانو سوپا دڕندانەکەیان لە باشووری لوبنان ڕاونێن، واتە جوولەکەکانی بەخواستی خۆیان لەوێ نەکشانەوە. (وەرگێڕ)

"گرنگترین وانە لە چیرۆکی مانگاکەوە"

لێرەدا بەکورتی گرنگترین ئەو وانەو پەندو ئامۆژگاریانەی لە چیرۆکی (مانگاکە)وە وەردەگیرێن، دیاری دەکەین..

١- پێویست بوونی وەرگرتنی فەرمانەکانی خوداو حوکمەکانی شەریعەت بۆ جێبەجێکردنیان‌و کارپێکردنیان‌و وابەستەیی تەواو پێیانەوە..ئەمەش بەمانای ئەوەی دەبێت فەرمان پێکراوان بەگورجی کاری لەسەر بکەن‌و راپەڕێنن.

٢- بەکارنەهێنانی هیچ فرۆفێڵێك لە فەرمانەکانی خودا، یان لێدەرباز نەبوون‌و خۆلێنەدزینەوەیان.

٣- بێگومان هۆکاری ڕاستەوخۆ لە پابەندبوون، یان پابەندنەبوون (دڵە). ئەگەر دڵ پڕبێت لەباوەڕ بەخوداو بەگەورەدانان‌و ڕێزگرتنی فەرمانەکانی، ئەوا ئارەزووشی لە بەجێهێنان تیادا پەیدا دەبێت‌و نیازی بەخێرایی ڕاپەراندنی تیادا دەخولقێت، ئینجا هەر دڵەکەیە فەرمانی خۆی بۆ قەوارە مرۆییەکە دەردەکات‌و هەموو دەزگاکانی ئەو قەوارەیەش (واتە هەموو ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ) دەسبەجێ بەدەم فەرمانەکەیەوە بچن.

خۆ ئەگەر دڵ سام‌و شکۆ بۆ خودا دانەنێت‌و ڕێز لە فەرمانەکانی نەگرێت‌و، بەتەمای بەجێگەیاندنیان نەبێت، ئەوا هەوڵی پاساو هێنانەوەو خۆلێدزینەوەو بیانووگرتن دەدات وەك ئەوەی گوایە فەرمانی بۆ قەوارەکە دەرکردووەو دەزگاکان لە جێبەجێ کردن شکست بوون.

جا ئەگەر مرۆڤێکی چالاك ببینین، کە پەلە لە گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی دەکات‌و، پێشبڕکێ لەبواری خێرو چاکەدا دەکات‌و، لە پابەندیی‌و جێبەجێ کردنیشدا جوامێرو بەجەرگە، ئەوا دەزانین، کە ئەم مرۆڤە دڵی ساغەو

بەپەرۆشەو باوەڕدارە بەخوداو، خوا بەگەورە دەگرێت. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر مرۆڤێکی تەمەڵو لاوازو بێ توانا ببینین، کە لە حوکمەکانی خوادا فڕوفێڵ دەکاتو لێیان ڕادەکات، ئەوا دەزانین، کە دڵی نەخۆشەو دەردەکە لە دڵێدایە، لەکاتێکدا نیشتگەی دەردەکەش دەدۆزرێتەوە، ئەوا دەسنیشانکردنی نەخۆشییەکەش ڕاست دەردەچێتو ڕێی چارەسەر ئاسان دەکاتو کاری پەروەردەش سەرکەوتوو دەبێت.

٤- خۆ خەریك نەکردن بە کاروباری لابەلاو مەسەلە لاوەکییەکانەوە، چونکە لێکۆڵینەوەو کۆڵ پێوە هەڵگرتنیان هیچ کەڵكو سوودێکی نابێتو، بەفیڕۆدەری کاتو کۆششەو، بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنیشدا دروست دەکات.

٥- فەرمانەکانی خودا وەها وەردگیرێن، کە خودا فەرمانی لەسەرداون، ئیدی هیچ ئاتاجێك بە زیادکردنو کەمکردنەوەیان نییە، هەروەها هیچ ئاتاجێك بە زۆرکردنی مەسەلەکانو بە شیکارو لقو پۆکانی نییەو هیچ پێویستیکانمان پێیان نییە.

٦- ئاڵۆزکاریو تەگەرە خستنە سەر کارو فەرمانە دیارەکان باجێکەو دەکەوێتە سەر هەر کەسێك لەوانەی بەفەرمانی ڕوونو ئاشکرای خوداوە پابەند نابن، هەروەها ئاکامێکی بەدی هاتووە لەسەر ئەوانەی لە ڕێگەی ڕۆشنو ئاسان لادەدەنو دەچنە سەر ئەو شیکارو درێژە پێدانە لاوەکییانەی، کە هیچ پێداویستییەکیان تیادا نییەو، کە هیچ بەرووبوومێکیشیان نییە.

ئەوەتا جوولەکەکان فەرمانەکەیان لەسەر خۆیان ئاڵۆزکردو، خوداش بارودۆخی ئاڵۆزی بەسەرداهێنان، خۆ ئەگەر هەر مانگایەکیشیان سەرببڕیایە، کارێکی شیاو بوو بۆیان هەر لەبەرئەمەشە خودا داوای لە ئیمانداران کردووە، کە دوورە پەرێزبن لەو درێژەپێدانو قووڵکردنەوەیەی، کە هیچ پێداویستییەکیان

تیایدا نییەو، ئەو پرسیارە زۆرانەش نەکــەن، کە هیچ سوودێکیان تیادا نییە..
وەك فەرموویەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَسۡـَٔلُواْ عَنۡ أَشۡيَآءَ إِن تُبۡدَ لَكُمۡ تَسُؤۡكُمۡ وَإِن تَسۡـَٔلُواْ عَنۡهَا حِينَ يُنَزَّلُ ٱلۡقُرۡءَانُ تُبۡدَ لَكُمۡ عَفَا ٱللَّهُ عَنۡهَاۗ وَٱللَّهُ غَفُورٌ حَلِيمٞ (١٠١) قَدۡ سَأَلَهَا قَوۡمٞ مِّن قَبۡلِكُمۡ ثُمَّ أَصۡبَحُواْ بِهَا كَٰفِرِينَ (١٠٢) المائدة﴾، واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە پرسیار دەربارەی هەندێك شت مەکەن، کە ئەگەر ڕوون بکرێتەوەو فەرز بکرێت بەسەرتاندا وەڕستان دەکات، خۆ ئەگەر پرسیاریان لەبارەوە بکەن لەوکاتەدا، کە قورئان دێتە خوارەوە، ئەوا بۆتان ڕوون دەبێتەوە، کە خودا چاوپۆشی لە زۆر شت کردووەو خوداش هەر لێخۆشبووو بەئارامە بێگومان چەندین گەلو کەس پێش ئێوە پرسیاریان دەربارەی زۆرشت دەکردو کاتێك بۆیان ڕوون دەبووەوە باوەڕیان پێی نەدەماو یاخی دەبوون- کەواتە ئێوە ئەی ئیمانداران وەك ئەو کەسانە مەبن‌و زۆر لە شتەکاندا قووڵ مەبنەوەو زۆر بلێیی یان تیادا مەکەن).

هەر لەمبارەیەوە (مسلم) لە (ابو هريرة)وە -خودا لێی ڕازی بێت- فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە گوتوویەتی ((**خَطَبَنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ فَقَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ فَرَضَ اللهُ عَلَيْكُمْ الْحَجَّ فَحُجُّوا. فَقَالَ رَجُلٌ: أَكُلَّ عَامٍ يَا رَسُولَ اللهِ؟ فَسَكَتَ حَتَّى قَالَهَا ثَلاثاً، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: لَوْ قُلْتُ نَعَمْ لَوَجَبَتْ وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ، ثُمَّ قَالَ: ذَرُونِي مَا تَرَكْتُكُمْ، فَإِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِمْ وَاخْتِلَافِهِمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ، فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، وَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَدَعُوهُ**))[1].

واتە: (مسلم) لە (ئەبو هورەیرەوە) ﷺ گێڕاوێتییەوە، کە گوتوویەتی:

(١) مسلم: كتاب الحج ١٥، باب فرض الحج مرة في العمر ٧٣، حديث رقم (١٣٣٧).

پێغەمبەر ﷺ وتارێکی بۆ داین‌و فەرمووی: (خەڵکینە خودا حەجی لەسەر فەرز کردوون ئێوەش حەج بکەن). پیاوێك گوتی: (ئەی پێغەمبەری خودا ئایا هەموو ساڵێك حەج بکەین)؟ واتە: ئایا هەر کەسێك لە ساڵێکدا یەك حەج بکات)؟ پێغەمەر ﷺ بێ دەنگ بوو، تا کابرا سێ جار لێی پرسییەوە. ئینجا پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامیدا فەرمووی: (ئەگەر بڵێم- بەڵێ- ئەوا فەرز دەبێت‌و ئێوەش ناتوانن ساڵانە هەرکەسەو حەجێك بکات). پاشان فەرمووی: (چیم بۆدانان پێی دابین بن‌و، واز لە پرسیار لێکردنم بێنن، چونکە بێگومان کەسان‌و گەلانی پێش ئێوە بەهۆی (زۆریی پرسیارکردن)و (جیاوازیی بیروڕاو ئیختیلافیان لەگەڵ پێغەمبەرانیان) لەناوچوون‌و تووشی سزای خودا بوو. جا ئەگەر فەرمانم بەشتێك پێکردن یەکسەر بەپێی تواناتان جێبەجێ بکەن، خۆ ئەگەر شتێکیشم لێ قەدەغەکردن ئەوا وازی لێبێنن).

هەروەها (موسلیم) لە (سعدی کوڕێ ابو وقاص)ەوە رضي الله عنه گێڕاویێتییەوە، کە گوتوویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((**اعظم المسلمين في المسلمين جرما، من سأل عن شيء لم يحرم فحرم على الناس من اجل مسألته**))(1)، واتە: (خراپترین کەسی موسڵمان، کە تاوانی دەرهەق موسڵمانان کردبێت ئەوکەسەیە، کە پرسیاری دەربارەی شتێك کردبێت، کە لە خەڵکی حەرام نەکرابێت‌و بەهۆی پرسیارەکانی ئەوەوە حەرام کرابێت).

٧- پێویست بوونی ڕێزگرتنی پێغەمەران‌و نێرراوانی خوداو، زانایانی کارگوزارو، ئاخاوتن لەگەڵیان‌و لەبارەیانەوە بەوپەڕی شەرمەو ئەدەبەوە.

٨- مرۆڤی زاناو بانگەوازکار دەبێت دڵانی موسڵمانان بدوێنێت‌و دەستی سۆز لە پەڕەکانی دڵیان بدات (واتە دڵیان ڕازی بکات) تاکو کارتێکردن‌و کارلێك

---

١) مسلم: كتاب الفضائل ٤٣، باب (ﷺ) (٣٧)، حديث رقم (٢٣٥٨).

بوونیش بخولقێت خۆ ئەگەر سستیو تەمەڵییەکیشی تێدا بینین ئەوا بەداناییو حیکمەتەوە چارەی دەکات.

٩- بێگومان پابەندبوون بە فەرمانە خوداییەکانو بەجێگەیاندنیانەوە مرۆڤ بەرەو نەرمو نیانیی دڵو چاکبوونی دەروونو، چاککردنی ژیانی دەبات، بەلام پابەندیو بەجێگەیاندنی فەرمانەکان مرۆڤ بەرەو ڕەقترینو توندترین سزا دەبات کە دروست بوونی دڵڕەقییە.

١٠- ئیسلام ئەوە لە مرۆڤی موسڵمان دەخوازێت، کە فەرمانەکانی خودا بەدڵو گیانو بەخۆشیو چالاکیو گورجو گۆڵییەوە جێبەجێ بکاتو، هەموو قەوارەی جەستەشی بەشداریی تامو چێژی کارلێکو ڕەزامەندییو بەجێگەیاندنەکە بکات، واتە هەستو ئەقڵو خەیاڵو دەروونو ئەندامەکانی هەستکردنو سەرجەم ئەندامەکانی تری جەستەی (بەشداری)ی ئەو کردارە خواپەرستییانە بکات .

ئەمەش تەنها لەکاتی خێراکردن لە بەجێگەیاندنو دەستپێکردنی ڕاستەوخۆی ڕاپەراندندا بەدیی دێت، بەلام خۆ ئەگەر مرۆڤی موسڵمان هەوڵی هەلاتنو خۆلێدزینەوەو فڕوفێڵکاریی بدات، ئەوا ئارەزووەکەی خاو دەبێتەوەو، ورەی لاواز دەبێتو هەستی قایل بوونو پەسەندکاریی لەلا نامێنێتو، ئینجا ئەندامە هەستەوەرییەکانیشی چێژی بەشداریی لەدەست دەدەن، ئەوسا ئەگەر بەناچارییش فەرمانەکە جێبەجێ بکات، ئەوە جێبەجێکردنێکی ساردو مردوو دەبێتو خواستی بەجێگەیاندنیشی هەر ڕەقو بێگیان دەبێت، واتە: (وەك ئەو جوولەکانەی مانگاکەیان سەربڕیو بەلام وەك ئەوە وابوو، کە هەر سەریشیان نەبڕیبێت) ﴿...فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُوا۟ يَفْعَلُونَ ﴿٧١﴾ البقرة﴾

چیـرۆکی شـەشـەم

چیـرۆکی خـەڵکانی شـەممان

اصـحاب السـبت

ئەم چیرۆکە لە قورئان بەم جۆرە هاتوە، کە خودا فەرموویەتی:

﴿ وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِى
ٱلسَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ ۙ لَا
تَأْتِيهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٣﴾ وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ
تَعِظُونَ قَوْمًا ۙ ٱللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ۖ قَالُوا۟ مَعْذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمْ وَلَعَلَّهُمْ
يَتَّقُونَ ﴿١٦٤﴾ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذْنَا
ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ بِعَذَابٍۭ بَـِٔيسٍۭ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾ فَلَمَّا عَتَوْا۟ عَن مَّا نُهُوا۟ عَنْهُ قُلْنَا
لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَـٰسِـِٔينَ ﴿١٦٦﴾ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ
مَن يَسُومُهُمْ سُوٓءَ ٱلْعَذَابِ ۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ ٱلْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُۥ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٧﴾
وَقَطَّعْنَـٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ أُمَمًا ۖ مِّنْهُمُ ٱلصَّـٰلِحُونَ وَمِنْهُمْ دُونَ ذَٰلِكَ ۖ وَبَلَوْنَـٰهُم
بِٱلْحَسَنَـٰتِ وَٱلسَّيِّـَٔاتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿١٦٨﴾ الأعراف ﴾.

واتە: (ئەی پێغەمەر ﷺ پرسیار بکە دەربارەی ئەو شارەی، کـە لەسـەر رۆخـی دەریابوو، کاتێك سنووری رێسای ڕۆژانی شەممانیان شکاند (کە بێگومـان بڕیـاربوو ڕۆژانی شەممە تەرخان بێت بۆ خواپەرستیو، بـۆ سەربەسـتی ماسـییەکان) ــبـەلام

ئــەوان بــۆ تاقیکردنــەوەو گرفتاربوونیــان لــە ڕۆژی شــەموانیاندا ماسـییەکان بــە سەربەستی دەهاتن‌و دەچوون‌و وەك چەتر سەر ڕووی ئاوەکـەیان دادەپۆشـی‌و نزیـك کەناری دەریا دەبوونەوەو هەستیان بە هێمنی دەکرد، بەڵام ئەو ڕۆژەی، کـە شـەممە نەبوایە بەو شێوەیە نەدەهاتنە ڕوو، ئێمە بەوڕەنگە تاقیمان کردنەوە بـەهۆی لادان‌و یاخی بوونیانەوە. دەستەیەك لە پیاو چاکانیان دەستیان کرد بە ئامۆژگاری کردنیان بەڵام دەستەیەکی تری ئیمانداران بـەوانیان گـوت: (بۆچـی ئامۆژگـاری کەسـانێك دەکەن، کە خودا هەر لەنێویان دەبات، یان سزایەکی توندیان دەدات؟) ئەوانیش لـە وەڵامدا گوتیان:﴿ئاخر با بەڵگەیەکی (دڵسۆزی‌و خەمخۆریمان) بۆ خودای پەروەرگارتان پێ بێت‌و، پاشان بەشکم ئەو ستەمکارانەش خۆ بپارێزن‌و پاشگەزبنەوە).

کاتێك ئەوانیش ئەو وەبیرخستن وبەیاد هێنانەوەیان فەرامۆش کرد، سەرەتا ئـەو کەسانەمان ڕزگار کرد، کە قەدەغەو ڕێگرییان لەو کـارە ناڕەوایـە دەکـرد، ئینجـا ئەوانەی ئەو ستەمەیان دەکـرد تووشـی سـزایەکی ئازاربـەخش‌و تونـدمان کـردن، چونکە لە سنووری ڕێساکان تێپەڕیبوون. لەکاتێکیشدا هەر لووتبەرزو یـاخی بـوون لەوکارە ناڕەوایەیانداو کۆتاییان پێ نەدەهێنا پێمـان گـوتن: دەبـن بـەو مەیموونـە سەرشۆڕو دەربەدەرانەو، وەك ئەوانتان لێ بێت. هەروەها ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەوەیان بەیادبێنەوە، کەوا خودای پەروەردگارت بڕیاری خـۆی داوە لەسـەرئەوەی نـەهێڵێت ئەوان تاڕۆژی قیامەت بحەسێنەوەو هەمیشە تاکۆتـایی دنیـا کەسـانێکی وابکاتـە دوژمن‌و ڕکەبەریان، کە ئازارو ئەشکەنجەی سەختیان پێ بچێژن، بێگومـان خـودای پەروەردگارت بەخێرایی تۆڵە لە ستەمکاران دەسێنێت.

هەروەها زۆر لێبوردەو میهرەبانیشە (بۆ ئەوانەی باوەڕ دەهێنن‌و تەوبە دەکـەن) لە دوایـیدا جوولەکـەکانمان لەسـەر زەویـدا کـرد بـە چـەند بەشـێکەوەو بـەدنیادا پەرتەوازەمان کردن، وەك چەند کۆمەڵێکی لێکـدابڕویان لـێ هـات، هەنـدێك لـەو کۆمەڵانە چاك‌و لەخواترس بـوون‌و، هەندێکیـشیان لـە پلەیـەکی نـزمتری چـاکی‌و

لەخواترسانی ئەوان دابوون، هەروەها بە (خێرو خۆشییەكان)و بە زیانو ناخۆشییەكان) تاقیمان كردنەوەو گرفتارمان كردن تاكو بگەڕێنەوە سەر ڕێی ڕاستی دینداریو خواپەرستیو مرۆڤایەتی.

"كورتەی چیرۆكەكە"

ئەم ئایەتانە دەربارەی چیرۆكی ئاوایییەك (شارۆچكەیەك)ی جوولەكەكان دەدوێن، كە كەوتبووە سەر كەناری دەریا، شارۆچكەكەش یەكێك بوو لەو چەندان شارۆچكەیە، كە جوولەكەكان لەو سەردەمەدا تیایدا دەژیانو كەوتبووە سەر رۆخی دەریایەك لەو دەریایانە (واتە نەزانراوە، كە كام شارۆچكەو لەسەر رۆخی كام دەریا بووە).

جوولەكەكانی دانیشتووی ئەو شارۆچكەیە فەرمانی ئەوەیان پێكرابوو، كە لە ڕۆژی شەممەدا ماسیو نەهەنگەكان ڕاو نەكەن، بەڵام لە تەواوی ڕۆژەكانی تری هەفتەدا بۆیان ڕەوا بوو، كە ڕاوەماسی بكەن. خودا بەم ڕاسپاردەیە تاقی كردبوونەوە، چونكە لە ڕۆژانی مۆڵەتی ڕێ پێدراوی ڕاوەماسییاندا ماسییەكان لێیان دووردەكەوتنەوە، لەكاتێكدا لە ڕۆژانی شەممەدا ئەو ماسییانە "بەزۆریی وەك چەتر (شرعاً) لە كەناری دەریایەكی" كۆدەبوونەوە. شەیتانیش وەسوەسەو خەیاڵی خراپی خستە نێو دەروونی كۆمەڵێك لە خەڵكی شارۆچكەكەوەو كاری ڕاوكردنی ماسیەكانی لەدڵدا بۆ جوان كردن.... بەڵام ئاخر چۆن فڕوفێڵ لە فەرمانی خوادا دەكەن؟ شەیتانەكەیان ڕێگەی فێڵێكی وردی شەیتانیانەی پیشان دانو ڕێنمایی كردن بۆ شێوازێكی دی، كە ڕۆژانی شەممە ڕاوی ماسییەكانی تێدا بكەن.

خەڵكی شارۆچكەكەش لەئاست هەڵسوكەوتی ئەو كۆمەڵە دەستدرێژكارەدا بوونە دوو تاقم:-

تاقیمی یەکەم: ئەوکەسە پیاوچاكو بانگەوازکارانە بوون، کە ئەرکی خۆیان لە بانگەوازدا بەجێگەیاندو بەرپەرچی فێڵبازەکانیان دایەوەو ئیدانەی فرِوفێڵیان کردن، کە لە فەرمانی خوادا دەیانکردو ئیدانەی دەستدرێژیو ڕاوکردنی ڕۆژانی شەممەیان کردن.

تاقمی دووەم: ئەوکەسە بێدەنگو بێ هەڵوێستانە بوون، کە لەئاست دەستدرێژیی دەستدرێژکاراندا بێدەنگ بوونو، تەنانەت گەلێك گازاندەشیان لە پیاوچاکە بانگەوازکارەکان دەکرد لەسەر ئەوەی، گوایە هیچ سوودێك لە ئامۆژگاریو پەند دادانی گەلی لەنێو چووی سزا دراودا نییە.

بێگومان چاکە خوازەکانیش وەڵامیان بۆ لۆمەکارانی بێدەنگ ئەوەبوو مەبەستی ئەمان لەم بەربەرەکانییەی دەستدرێژکارەکان ئەوەیە، بەڵگە بخەنە بەردەم خودا، کە ڕێگرییان لە خراپە کردووەو، ئەرکی سەرشانیان بەجێهێناوەو، پاشان بەشکم ئەو گەلە لە سنوور تێپەڕیوە وریاببنەوەو لە ئاکامی کارەکەیان بترسن. جا کاتێك سزای خودا تووشی دەستدرێژکارو لە سنوور تێپەڕبوان بوو، خودا ڕوخساری وەك مەیمونی دەربەدەرکراو ناشیرین کردنو ئەم ناشیرینەکردنەش بەبارێکی واقیعیو ڕاستەقینە بووەو، دوای ئەوەش ئەو (بە مەیموون کراوانە) زاووزێیان نەکردووەو، نەوەی وەك خۆیان نەخستۆتەوەو، تا ماوەیەکی کەم ژیاونو قڕیان تێکەوتووە.

هەروەها خودا تاقمە چاکەخوازو بانگەوازکارەکەی لەو سزایە پاراستووە. ئیدی قورئانیش دەربارەی چارەنووسی تاقمە بێدەنگەکە هیچی باس نەکردووە، بۆیەش هیچی وای لەبارەوە باس نەکردوون، چونکە لاوازو کەمتەرخەم بوون لەپاراستنی ڕێسای خوادا، جا لەبەرئەوەش، کە لەگەڵ ڕزگاربواندا باسیان نەکراوە، لەوانەیە لەگەڵ ناشیرین کراوەکاندا تیا چووبن (واللە اعلم).

چەنـد وتەیەكی هەڵبەسـتراوی جوولەكـان لەسـەر ئەم چـیرۆكە

ئەوانەی وتە هەڵبەستراوەكانی جوولەكەیان گێڕاوەتەوەو برەویـان پێـداون چـەند شتێكی زیادەیان خستۆتە سەر ئەوەی، كە قورئان باسی كردوە بۆ نموونە هەندێكیان ناوی گوندەكە، یان شارۆچكەكەیان وادیاری كردووە، كە گوایە نـاوی (ئیلـە)، یـان (ئیلان)، یان (عەقەبە)ی سەركەنداوی (عەقەبە) بـووە، چـەند كەسـێكی تریـشیان گوتوویانە گوایە شارۆچكەی (تەبەرییە/ طبريه)ی سەر دەریاچەی (طبريه) بووە.

هەروەها گووتویانـە گوایـە لـە گوندەكـەدا دوو بـت لەسـەر كـەناری دەریاكـە هەبوون، یەكێكیان ناوی (لقـیم)ی لـێنراوەو، ئـەوەی تریـشیان نـاوی (لقمانـە)ی لێنراوەو، خوداش سرووشی (واتە- وەحی) داوە بە ماسییەكان، كە ڕۆژانـی شـەممە لەلای ئەو دوو بتەوە حەج بكەن، ئینجا خودا داوای لە جوولەكـەكان كـردووە، كـە ڕۆژانی شەممە ماسی ڕاو نەكەن لەبەر ئەوەی ماسییەكان دێن بۆ حەج.

بێگومان ڕۆژانی شەممە ماسییەكان خۆیـان بەشـێوەیەكی زۆرتـر دەهـاتن‌و وەك چەترو چارۆكە دەردەكەوتن‌و بەسەر ڕووی ئاوەكەدا دەڕۆشتن، بەڵام لە ڕۆژانـی تـردا لە كەناری ئاوەكەو لەسەر ڕووی ئاوەكە دوور دەكەوتنەوە.

هەندێك لە جوولەكەكان گوتیان: ئێمە راوكردنی رۆژانی شەممەمان لـێ قەدەغـە كراوە، جا وەرن با چەند ئەستێرك‌و حەوزێك بۆ ماسییەكان دروست بكـەین تـا لـە ڕۆژی شـەممەدا تێـی كـەون، ئینجـا لەدواییـدا دەیـانگرین‌و دەیـانخۆین، ئیـدی دەستدرێژكارەكان ئەو تاوان‌و دەستدرێژییەی خۆیان ئەنجامدا. كۆمەڵێك لە خـەڵكی گوندەكەش دەستیان كرد بـە ڕێگریـی لـە دسـتدرێژكاران‌و نەیاندەهێـشت خراپـەو

سنوورشکێنی بکەن. بەڵام کۆمەڵێکی تر بێدەنگ بوون‌و لۆمـەی ئـەو کۆمەڵـەیان کرد، کە بەربەرەکانی سنوربەزێنەکانیان دەکرد.. چـەند کەسـێکی تـریش گوتیـان: (ئەمشەو لەم گوندە لەگەڵتاندا نامێنێتینەوە).

ئینجا دەرچوون‌و لەکەناری گوندەکـە مانـەوە. لـەکاتی بەیانیـدا دیتیـان هـیچ مرۆڤێـك لـە مرۆڤـە دەسـتدرێژکارەکانی گوندەکـەو لـە مرۆڤـە بێـدەنگ‌و بـێ هەڵوێستەکانیش لەوێ دەرنەچوون‌و بەڵام هـیچ مـاڵێکیش دەرگـای نەکردۆتـەوە.. لەمە سەرسام بوون، بۆیە پیاوێکیان لە خۆیان بۆ ناو گوندەکە ناردەوە تاکو هەواڵی ئەم گۆڕانکارییەیان پێ بدات، ئـەویش ڕۆشـتەوە بـۆ نـاو گوندەکـەو سـەیری نێـو ماڵێکی کرد، دیتی خاوەنانی ئەو ماڵە بوون بە مەیموون، سەیری مـاڵێکی تریـشی کردو دیتی ئەوا دانیشتوانەکانی بوونەتە مەیموون، بەم ڕەنگە لە هـەموو ماڵێکـدا بوون بە مەیموون.

پاشان پیاوە نێرراوەکە گەڕایەوە بۆلای کۆمەڵەکەی خۆی‌و ئەو هەواڵەی پێـدان، ئەوانیش هاتنەوەو دەرگاکانیان کردنەوەو دیتیـان هـەموو دانیـشتوانەکان بوونەتـە مەیموون.. هەرپیاوێك لە گەڕاوەکان ئاماژەی بۆ مەیموونێك دەکردو بـەئاماژە لێـی دەپرسی (ئەرێ تۆ فلان کەسیت)؟ مەیموونەکەش سەری دەجووڵاندو بەسەر وەڵامـی دەدایەوە (بەڵێ فلان کەسم)و لەگەڵ ئەم وەڵامدا دەگریا.

ئینجا کەسە گـەڕاوەکانی قـەراخ گوندەکـە پێیـان گـوتن: (ئێمـە ئاگادارمـان کردنەوە) پاشـان دەرگاکـانی ماڵـەکانیان بـۆ کردنـەوەو ئـەوانیش بـە سەرشـۆڕی دەرچوون‌و ڕوویان کردە دەشت‌و ساراو هەر لەوێش دوای ماوەیەك مردن[1].

---

(١) بڕوانە (الدر المنثور)ی (سیوطي) بەرگی (٣) لاپەڕە (٥٨٧-٥٩٢).

مانای چەند وشـەیەكی گران لەئایەتەكاندا

١- حَاضِرَةَ ٱلۡبَحۡرِ / واته (لەسەر كەناری دەریابووه).

٢- يَعۡدُونَ فِي ٱلسَّبۡتِ / واته (له ڕۆژی شـەممەدا بـە سەرپێـچی كردنیـان لـە فەرمانی خودا دەستدرێژكار بوون).

٣- ٱلسَّبۡتِ / ڕیشەی وشەی (سەبت)ە، واته: (بڕاندنەوەو دابڕان) بۆیـەش نـاوبراوه بە ڕۆژی (السبت- شەممە)، چونكە خـودا لـەماوەی شـەش ڕۆژدا ئاسمانـەكانو زەویی خەلق كردووه، واته له ڕۆژی یەك شەممەوه بۆ ڕۆژی هەینی.

٤- يَوۡمَ سَبۡتِهِمۡ / واته: (ڕۆژی دابڕانیانو كارنەكردنیان، كه ڕۆژی شەممەیە).

٥- شُرَّعٗا / واته: (بەسەر ڕووی ئاوەكەدا، وەك دیاردەیەكی دەركەوتوو دەڕۆشتن كه له چەترو چارۆكه دەچوون).

٦- نَبۡلُوهُم / واته: (تاقییان دەكەینەوەو هەڵیان دەسەنگێنین).

٧- بِعَذَابِۭ بَـِٔيسِۭ / واته: (سزایەكی سەختی بە ئازارو ئەشكەنجە).

٨- عَتَوۡاْ / واته: هەڵگەڕانەوەو خۆیان بەدەسەڵاتدارو گەورەبینی).

٩- خَٰسِـِٔينَ / واته: (سەر شۆڕان) بێ دەسەڵاتان و سزادراوان...

"(شـــارەکەی ســـەرکەنـاری دەریـــا)

"(القرية التي كانت حاضرة البحر)"

خـــــودا فەرمووبـــــەتی: ﴿ وَسۡـَٔلۡهُمۡ عَنِ ٱلۡقَرۡيَةِ ٱلَّتِي كَانَتۡ حَاضِرَةَ ٱلۡبَحۡرِ ... ﴿١٦٣﴾ الأعراف﴾، خودا لەم ڕستەیەدا فـەرمان بـە پێغەمبـەری خـۆی (محمد المصطفى) ﷺ دەکـات، کـە بـەم چـیرۆکەوە ڕووبـەڕووی ئـەو جوولەکانـەی سەردەمی خۆی ببێتەوە، کە بەسەر کۆمەڵە کەسێکی پێشبینی خۆیاندا هـاتووەو، نیشتەجێی شارێکی سەرکەناری دەریابوون.

ئەم چیرۆکەش بەڵگە یەکە لەسـەر ئـەوەی، کـە ئـەم ئایەتانـەی (تایبـەت بـە چیرۆکەکە) لە شاری مەدینەدا هاتوونە خوارەوەو لە سوورەتێکی مەککی (واتە لـە سوورەتێکدا، کە لە شاری مەککەدا هاتۆتـە خـوارەوە، کـە سـوورەتی (أعـراف)ە دانراون، وەك زانراویشە ڕێکخستنی ئایەتەکان لە سورەتەکاندا لەکاروباری خودایەو بەڕاو کۆششکاریی (اجتهاد)ی هـاوەڵان نـەبووە.. هەربۆیـەش زانایـان گوتوویانـە ﴿ئایەتەکانی (١٦٣-١٧٠)ی سوورەتی (الأعراف)، لە مەدینـە هاتوونـە خـوارەوە چونکە دەربارەی (اصحاب السبت) دەدوێتو فەرمان بە پێغەمبەر ﷺ دەکـەن کـە بەوئایەتانـــە ڕووبـــەڕووی جوولەکـــەکان ببێتـــەوەو پرســـیاریان لـــەبارەی بەسەرهاتەکەیانەوە لێ بکات﴾ دیارە جوولەکانیش هەر لـە (مەدینـە)دا هـەبوونو پێش هیجرەتی پێغەمبەرو هاوەڵان لـە شـاری مەککـەدا هـیچ ڕووبەڕووبوونـەوەو بەرهەڵستکاریەك لەنێوان پێغەمبەرو جوولەکەکاندا نەبووە.

مەبەست لە پرسیارکردنی پێغەمبەریش ﷺ لە جوولەکەکان دەربارەی سەربردەو بەسەرهاتی پێشینە دەستدرێژکارەکانیان بۆ ئەوەنەبووە، کـە گوایـە پێغەمبـەر ﷺ

چەند زانیارییەکی مێژوویی لە جوولەکەکانەوە وەرگرێت، چونکە هەر لە سەرەتاوە خودا نەیهێشتووە هیچ شتێکیان لێ وەرگرێتو، هیچیان لێ فێربێتو پرسیارو فەتوای هیچ کارێکیشیان لێ داواکات. هەروەها چونکە ئەوان دەستکاریی ڕووداوەکانیان کردووەو مێژووشیان شێواندووەو، متمانەی هیچ زانستو زانیاری یەکیان پێ ناکرێت.

پرسیارکردنیشی لەمبارەیەوە لە جوولەکەکان پرسیارکردنێکی سەرزەنشتکارانەو شەرمەزارکارو سووکایەتی پێکردنە، چونکە ئەوان کاتێك ئاگادار دەبن لەوەی، کە پێغەمبەر ﷺ زانیویەتی، کەوا کۆمەڵێك لە باب‌و باپیرانیان وەك مەیموون‌و بەرازیان لێکراوە، ئەوسا دەکەونە نێو دۆخێکی سەر شۆڕیو خەجاڵەتیو لاوازیو ڕیسواییەوە.

﴿ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِي كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ﴾ واتە: (شاری سەر کەنار دەریاکە، کە ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکەی تیادایە لە قورئاندا شیکاری زانیارییەکانی تایبەت (بەناوی شارەکەو، پێگەی جوگرافی (واتە مەوقیعەکەی)و سەردەمی بەسەرهاتەکەو وردەکارییەکانی دی) باس نەکراون. لەوانەیە ئەو گوندە، یان (ئەو شارە) (ئیلە)، یان (ئیلات)، یان (عەقەبە)، یان (طبریە) بێت، یان هەر شارێکی دی... لەوانەشە ئەم چیرۆکە لە سەردەمی (موسا)، یان داود، یان (سلیمان)، یان هەر پێغەمبەرێکی تری (بنو اسرائیل)دا بووبێت -سلاویان لێ بێت-.

بەڵام ئامرازێکی تەواوی جێی متمانەو، هۆکارێکی زانستیی واشمان لەبەر دەستدا نییە، کە یەکێك لەو ئەگەرانەی شوێن‌و سەردەمەکانی پێ دەسنیشان کەین، یاخود یەکێك لەو ئەگەرانەی پێ یەکلایی (ترجیح) بکەینەوە، هەروەها ئەم دەسنیشان کردن‌و یەکلاییکردنەوەیە، هیچ سوودێك بەبێ ئەو ئامرازو هۆکارە زانستییانە نابەخشێت، چونکە ئەمەش لە شتە شاراوەکانی قورئانەو ئەم شارراوانانەش تەنها لە قورئان، یان لە فەرمودەی ڕاست (صحیح)ەوە دیاری

دەکرێن، خۆ گەر لەڕێی ئەم دوو سەرچاوەیەی (قورئانو سوونندت)ەوە دیاری نەکرێن ئەوا هەر بە نەزانراویو شارراوەیی دەمێننەوە، ئەمەیە شێوازی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ چیرۆکی پێشینەکان لە قورئاندا.

جوولەکەو شەممە

ئیمام (راغبی اصفهانی) لە (مفردات)دا گوتوویەتی: (ڕیشەی (السبت) وشەی (قطع)ە، واتە: (بڕینەوە)... بۆ نموونە دەڵێن: (سبت السیر- أي قطعة)، ڕێگای بڕی، هەروەها دەڵێن: (سبت شعره (أي قصة) واتە قژی بڕی، گوتراویشە ڕۆژی شەممە - السبت- ی پێ ناونراوە، چونکە خودا کاتێك ئاسمانەکانو زەویی لە ڕۆژی یەك شەممەوە لە شەش ڕۆژدا خەلق کرد، لە ڕۆژی شەممەدا کارەکەی بڕیو تەواوی کرد، ئیدی بەوناوەوە ناوبراوە. هەروەها خەویش بە (سبات) ناوبراوە، واتە ڕاوەستێنەری کار، مرۆڤی خەوتوو لەکار دادەبڕێت لەماوەی خەوتندا)[1].

ڕۆژی شەممە بە جوولەکەکانەوە لکێنراوەو پڕ بەپێستی خۆیشیانە، چ لە ڕووی ناوەکەیو ماناکەشیەوە.. لەقورئانی پیرۆزیدا وشەی (السبت)و مانا دەرهاوێژراوەکانی (حەوت) جار لە قورئاندا هاتوون، هەر حەوت جارەکەش لە بۆتەی یەك بابەتدا هاتوون، ئەویش لە باسو لێدوان لەبارەی جوولەکەوەیە.. بۆ نموونەش:

- هەر لەو ئایەتانەی تایبەت بە چیرۆکەکەدا سێ جار وشەی (سبت)و مانا لێدەرهێنراوەکانی هاتووە: ﴿ وَسْـَٔلْهُمْ عَنِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلَّتِى كَانَتْ حَاضِرَةَ ٱلْبَحْرِ إِذْ يَعْدُونَ فِى ٱلسَّبْتِ إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا

1) (المفردات)ی (راغب)- لاپەڕە (٢٢٠) بەدەسکارییەوە.

وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ ... ﴿١٦٣﴾ الأعراف ﴾.

- یەك جاریش لەم ئایەتەی سوورەتی (النحل)دا هاتووه: ﴿ إِنَّمَا جُعِلَ السَّبْتُ عَلَى الَّذِينَ اخْتَلَفُوا فِيهِ وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ ﴿١٢٤﴾ النحل ﴾.

- یەك جاریش لەم ئایەتەی سوورەتی (النساء)دا هاتووه: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ آمِنُوا بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِمَا مَعَكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَى أَدْبَارِهَا أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ ... ﴿٤٧﴾ النساء ﴾.

- یەك جاریش لە سوورەتی (البقره) هاتووه: ﴿ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ الَّذِينَ اعْتَدَوْا مِنْكُمْ فِي السَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا قِرَدَةً خَاسِئِينَ ﴿٦٥﴾ البقرة ﴾.

-(کەواته حەوت جار وەك لەم ئایەتانەی سەرەوەدا خودا دەربارەیان فەرموویەو باسی لێوەکردوون وشەی (السبت)و مانا دەرهاوێژراوکانی هاتوون).. بۆیەش وشەی (السبت) بۆ جوولەکەکانەو داوایان لێکراوه تاکو لەو ڕۆژەدا خۆیان لەکار دابڕن هیچ کارێکی تێدانەکەن، وەك خوداش فەرموویەتی پێیان: (لاتعدو في السبت)، واته (له ڕۆژانی شەممەدا دەستدرێژیی به هۆی ڕاوکردنی ماسییەکانەوه مەکەنو سنوور مەبەزێنن).

- بەڵام ئەو جوولەکانەی که لەسەر سەرپێچیو ئەنجامدانی کاری قەدەغەکراو پێگەیشتوون، له خودایان یاخی بوونو سەرپێچیان لە فەرمانەکەی کردو، لە شەممەدا دەسدرێژییان کردو، کاری قەدەغەلێکراویان ئەنجامدا.. ئیدی نەفرەتی خودایان بەرکەوت: ﴿ ...أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّا أَصْحَابَ السَّبْتِ ... ﴿٤٧﴾ النساء ﴾، هەروەها خودا بەوەش سزای دان، کە ڕوخساری ناشرین کردنو گۆڕینی بۆ

مەیموونو بەراز: ﴿وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿٦٥﴾ البقرة﴾، هەروەها پێغەمبەریش ﷺ هەواڵی ئەوەی پێداوین، کە خودا ڕۆژی هەینی (جومعە)ی لەسەر جوولەکان فەرزکرد، بەڵام بۆ ڕۆژی شەممەی ڕاوکردنو، ئێمەی موسڵمانیشی بۆ ڕۆژی هەینی ڕێنمایی کردووە.

وەك (مسلم) لە کتێبی (صحیح)ی خۆیدا لە (ابو هریرە)وە ﷺ گێڕاوێتییەوە، کە گوتوویەتی: ((**نحن الاخرون السابقون يوم القيامة بيد ان كل امة اوتيت الكتاب من قبلنا واوتيناه من بعدهمثم هذا اليوم الذي كتبه الله علينا، هدانا الله له، فالناس لنافيه تبع، اليهود غدا، والنصارى بعد غد**))، واتە: ﴿ئێمەی نەتەوەی موسڵمان، کە لەدوای هەموو نەتەوەکانی ترەوە لەدنیادا هاتووین، لە ڕۆژی قیامەتدا لەپێش هەموویانەوەین، سەرەڕای ئەوەی گشت نەتەوەیەك لەپێش ئێمەدا پەیامو کتێبی خودایان بۆ هاتووە، ئێمەش دوای ئەوان... ئەم ڕۆژەش (هەینی)، کە خودا بۆی نووسیوینو ڕێنمایی عیبادەتو خواپەرستیی بۆ کردووینو، خەڵکی نەتەوەکانی تریش ڕۆژانی دوای ئێمەیان بۆ دانراوە، جوولەکەکان ڕۆژی سبەینێ (واتە –شەممە)یان بۆ پشوودانو کارنەکردن دانراوەو، بۆ دیانەکان (نەسرانییەکانی)یش ڕۆژی دووسبەی (واتە یەك شەممەیان) بە پشوو بۆ دانراوە﴾.

لە ڕیوایەتێکی هاومانا و هاوشێوەی تری ئەم فەرموودەیەدا، کە هەر (مسلم) لە (ابو هریرە)وە گێڕاوێتییەوە، کە پێغەمبەر ﷺ تیایدا فەرموویەتی: ((**نحن الآخرون، الأولون يوم القيامة، ونحن أول من يدخل الجنّة، بيد أنهم أوتو الكتاب من قبلنا واوتيناه من بعدهم فاختلفوا، فهدانا الله لما اختلفوا فيه من الحق، فهذا يومهم الذي اختلفوا فيه، هدانا الله يوم الجمعة- فاليوم لنا، وغداً لليهود، ويعدتمو للنصارى**))[1].

---

١) مسلم – لە كتاب الجمعة، ژمارە (٧)دا گێڕاوێتییەوە، باب هداية هذه الامة ليوم الجمعة- رقم (٦) حديث رقم (٨٥٥).

هەروەها (مسلم) لە (حذیفة)ی کوڕی یمانو لە (ابو هریرة)شەوە ﷺ، فەرموودەیەکی تری لەسەر هەمان بابەتو بە هاومانای فەرموودەکەی پێشوو لە پێغەمەرەوە ﷺ گێڕاوەتەوە، کە فەرموویەتی: ((**أضل الله عن الجمع من كان قبلنا، فكان لليهود يوم السبت، وكان للنصارى يوم الاحد، فجاء الله بنا، فهدا الله ليوم الجمعة- فجعل الجمعة والسبت والاحد وكذلك هم تبعانا يوم القيامة نحن الاخرون من اهل الدنيا والاولون يوم القيامة، المقضي لهم قبل الخلائف**))[1].

بێگومان جوولەکەکان، کە ڕۆژی (هەینی)یان ڕەت کردۆتەوە، ڕۆژی (شەممە)یان هەڵبژاردووە، بەڵگەیەکە لەسەر میزاجو نەریتی کینە بەرایەتیان لە وەرگرتنی فەرمانەکانی خوادا.. هەروەها ڕۆژی (هەینی) ئەو جیاوازییە دیارەی نێوان (چۆنیەتی ڕەفتاری میزاجییانەی جوولەکەیە لە وەرگرتنی فەرمانەکانی خوادا)و (چۆنیەتی وەرگرتنی ملکەچانەی هاوەڵانی پێغەمبەریشە بۆ ڕاپەڕاندن فەرمانەکانی خوداو پابەندبوونیان پێوەی.

تاقیکردنەوەی خودا بۆ دانیشتوانە جوولەکانی نێو شارەکە

خودا جوولەکەکانی نیشتەجێی ئەو شارەی بەوە تاقیکردەوە، کە ڕێی ڕاوکردنی لە ڕۆژانی شەمواندا لێگرتن، وەك دەفەرموویێت: ﴿...كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا يَفْسُقُونَ ﴿١٦٣﴾ الأعراف﴾، لەم ڕاستەیەدا وشەی (نبلوهم)، کە لە (ابتلاء)ەوەیە بەمانای تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنە، واتە ڕایسپاردوون بە ئەرکێك، کە گرفتاریی بوون.. ڕاسپاردنیش تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندنە، خوداش

---

١) مسلم- لە هەمان سەرچاوە گێراوێتییەوە، حدیث رقم (٨٥٦).

لەم تاقیکردنەوەی ڕاسپاردنەدا چەند حیکمەتێکی کاریگەری داناوە.

بێگومان مرۆڤێك، کە بە ئەرکە شەرعیەکان ڕانەسپێررابێت، لە ڕێگای کۆششکردنەوە ناڕوات‌و لە ڕاگیرکردنی خۆی‌و پەروەردەکردنی دەروونیدا سەرکەوتوو نابێت، خوداش ئەوە لە مرۆڤ دەخوازێت، کە کۆشش لەگەڵ خۆیدا بکات‌و جیهادی نەفسی خۆی بکات‌و، پەروەردەی خۆی بکات‌و خۆی ڕێکخات‌و، لە هەڵچوون‌و خرۆشان بیگرێتەوەو، لە ئارەزووەکان‌و دابڕێت‌و، بەسەر لاوازییدا سەردەکەوێت‌و، مانا جوانەکانی خێرو چاکە لەدڵی گەشە دەکەن‌و لەدوایشدا شایستەی خەڵاتی خوداو چوونە نێو بەهەشتەکەی دەبێت.

خۆ ئەگەر ئەرکەکانی نەبوونایە، ئەوا مرۆڤی تێکۆشەرو جیهادکار لە مرۆڤی غافڵ‌و بێ‌ئاگا جیانەدەکرایەوەو، پیاوچاك لە پیاوخراپ‌و، بەهێز لە بێهێزو، خەمخۆر لە بێ باك‌و، سەرکەوتوو لە زەرەرمەندیش جیا نەدەکرانەوە.

سەبارەت بە تاقیکردنەوە (ابتلاء)ی ئیماندارانیش، خودا لە چەند ئایەتێکدا ئاماژەی بۆ حیکمەتەکانی کردووەو فەرموویەتی:

- ﴿...وَنَبْلُوكُم بِالشَّرِّ وَالْخَيْرِ فِتْنَةً وَإِلَيْنَا تُرْجَعُونَ ﴿٣٥﴾ الأنبياء﴾، واتە: (ئێمە ئێوە تاقی دەکەینەوە بە (ناخۆشی‌و بەڵاو کارەسات)و، بە (خۆشی‌و ئاسوودەیی‌و دەستڕۆیشتوویی)و سەرەنجام گەڕانەوەشتان بۆ لای ئێمەیە تاکو سزای خراپەکانتان، یان پاداشتی چاکەو خۆراگرتنیان دەسکەوێت).

- هەروەها ﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ حَتَّىٰ نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ وَنَبْلُوَ أَخْبَارَكُمْ ﴿٣١﴾ محمد﴾، واتە: (ئێمە تاقیتان دەکەینەوە تاکو کەسانی جیهادکارو خۆراگر لەنێوتاندا بناسین‌و بەئەرکە گرانەکانیش تاقیتان دەکەینەوە، تا لە دواییدا هەواڵی کاروکردەوەکانتان دەرخەین‌و ئاشکرایانکەین).

- هـــەروەها فەرموویـــەتی: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ۝٢﴾ الملـك، واتــە: (خــودای بالادەســتو پــەروەردگار ئــەو خودایەیە، کە لە ئەزەلەوە مردنو ژیانی بۆ خولقانـدوون، تـاکو تاقیتـان بکاتـەوە بەخۆشیو ناخۆشیەکانی دنیا، کە کامتان کردەوەی چاکترو پەسەندتری هەیە).

تاقیکردنەوەی خوداش بۆ جوولەکەکان لەپێناوی ئەوەدا بووە، کە ئـەوان بەسـەر ئارەزووکانیاندا زاڵ بنو بەسەر لاوازو بێ هێزییاندا سەرکەون.

بێگومـان سـەرکەوتن بەسـەر ئارەزووەکـانو بەسـەر دەروونیـشدا، ڕێگایـەکی سەرکەوتنە بەسەر دوژمناندا، بەڵام ئاخر جوولەکە چۆنو کـەی لـە تاقیکردنـەوەدا سەردەکەون؟!

لەنێوان تاقیکردنەوەی جوولەکەکان و تاقیکردنەوەی موسڵماناندا

لە تاقیکردنەوەی خـوداوە بـۆ جوولەکـەکان، بینیمـان چـۆن کۆمـەڵێك لـەوان ساختەکارییان لە فەرمانەکاندا کردو، کاری قەدەغەکراویان ئەنجام داو، کۆمەڵێکی تریـشیان لەئاسـتیاندا بـێدەنگ بـوونو، هـیچ ئامۆژگـاریو بەربەرەکانییـەکیان نەکردن.

لەپێش ئیسلامدا زۆربەی جوولەکەکان لە تاقیکردنەوەدا دەرنەدەچوونو لە بەڵاو گرفتارییشدا خۆڕاگر نەبوون. بەڵام موسڵمانان بە فەرمانی خوداوە پابەندبوون و لـە تاقیکردنەوەو گرفتارییەکاندا سەرکەوتوو بوون.

خودا موسڵمانانی تاقیکردەوە بەوەی، کـە ڕووگـەی نوێـژ (قبلـةِ الـصلاةِ)ی لـە (بیت المقدس)ەوە بۆ (مسجد الحرام) پێگۆڕینو، (کەعبە)ی کردە ڕووگەی تازەیـان،

قورئان حیکمەتی ئەم گۆڕانکارییەی ڕوون کردۆتەوە، وەك لەم فەرمایشتەی خـوادا هــاتووە: ﴿...وَمَا جَعَلْنَا ٱلْقِبْلَةَ ٱلَّتِى كُنتَ عَلَيْهَآ إِلَّا لِنَعْلَمَ مَن يَتَّبِعُ ٱلرَّسُولَ مِمَّن يَنقَلِبُ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ۚ وَإِن كَانَتْ لَكَبِيرَةً إِلَّا عَلَى ٱلَّذِينَ هَدَى ٱللَّهُ ۗ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِيعَ إِيمَـٰنَكُمْ ...﴿١٤٣﴾ البقرة﴾..

واتە: (ئەو ڕووگەیەی پێشووش، کە (بيت المقدس) بووو پێشتر ڕووتـان لەنوێـژدا تێدەکرد گۆڕیـمان بۆ کەعبە، تابزانیت کێ بەڕاستی شوێنکەوتووی پێغەمبـەرەو، کێیش لە ئیسلام هەڵدەگەڕێتەوەو بۆ سەر کوفر دەچێتەوە، هەرچەندە گۆڕینی ئـەم قیبلەیە بەڕاستی کـارێکی قورسـە لـەلای خـەڵکی، بـەڵام ئەوانـەی ڕێی ڕاسـتی خودایان هەڵبژاردوەو خـودا هیدایـەتی داون کـارێکی قـورس نییـە، جـا خـوداش (پاداشتی خۆڕاگریی ئێوە لەسەر باوەڕو ئیمانداریتیان ون ناکـات). موسـڵمانانیش لەو تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتن و، ئەو فەرمانە خوداییەشیان دەستبەجێ بـەوردی جێبەجێ کردو پێوەی پابەند بوون.

سـەبارەت بـە مەسـەلەی حـەج و ڕاوکـردن و ئیحـرام بەسـتنیش، خـودا کـاری ڕاوکردنی لە موسڵمانان قەدەغە کردوە لە نێو شوێنە پیرۆزەکانی مەککەو مەدینەو لەکاتی ئیحرام بەستنیاندا. حیکمەتی ئەم قەدەغەکردنەشـی بـۆ ڕوون کردوونـەوەو فەرموویەتی:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَيَبْلُوَنَّكُمُ ٱللَّهُ بِشَىْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ ۚ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٩٤﴾ المائدة﴾.

واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتـان هێنـاوە، خـودا بەهەنـدێك نێـچیر تاقیتـان دەکاتەوە، کە دێنە پێشەوەو لێتان نزیك دەبنەوە، تا دەتوانن بەدەست بیانگرن، یان بە ڕمەکانتان ڕاوی بکەن لەکاتی ئیحرامدا بۆ حەج و عومرەدا، خودا بەوە تاقیتـان

دەکاتەوە، کە لەکاتی نادیاریو پێ نەزانینی خەڵکیدا دەرکەوێت، کێ لە خودا دەترسێتو سەرپێچی فەرمانی خودا ناکات، جا هەر کەسێك لەئێوە دوای ئەمە لەکاتی (ئیحرامدا ڕاو بکات)، ئەوا سزایەکی ئازاربەخشمان بۆ ئامادە کردووە).

کەوابوو شیاو نییە بۆ موسڵمانان لە کاتی حەج، یان عومرەدا ڕاو بکەن، تەنانەت گەر نێچیرەکە زۆر زۆر نزیکیش ببێتەوە لێیان، بە جۆرێك، کە بەدەستیان، یان بە ڕمەکانیان ڕاوبکرێن.

بەڵام بۆچی ئەم ڕاسپاردەیەیان خراوەتە سەرشان؟ بۆچی پێی تاقیکراونەتەوە؟

تاکو خودا بزانێ کێ لەکاتی نادیاردا لێی دەترسێت.. ﴿لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ﴾ ئێ خۆ بێگومان خودا خۆی پێشترو پێش ئەو تاقیکردنەوەیەش هەر دەیزانیو دەزانێت کێ لەکاتی نادیارو بەپەنهانی لێی دەترسێتو کێش لێی ناترسێت، بەڵام ئەمە بۆ ئەوەیە، تاکو خەڵکی خۆیان بزانن‌و تاکو زانستی خودا بۆ خەڵکی دەرکەوێتو، تاکو خەڵکی بەچاوی خۆیان ببینن‌و، بزانن کێ لەخودا دەترسێتو، کێ لێی ناترسێت تا هەرکەسەو خۆی بناسێتو خۆی بۆ تاقیی ببێتەوە، کە ئایا لەخواترسە، یان نا؟ ئایا بەئاشکراو پەنهان لە هەردوو حاڵەتەکەدا وەك یەك لەخودا دەترسێت؟! پاشان بۆ ئەوەی لێپرسینەوەو دادگاییکردنی خەڵکی لەسەر کارو کردەوەکانیان بێت، کە چییان بەخۆیان کردووە، نەك خودا پێی کردبن.

مانای ﴿مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ﴾ واتە: (ئەوکەسەی چاودێریی خودا دەکاتو دڵیی لە باوەڕ پڕ دەکات، لە ترس لە خوداو لە خواستنی پاداشتییشی ئیدی بە فەرمانو ئەرکەکانەوە پابەند دەبێت، سا ئیتر لەنێو خەڵکیدا بێت، یان بزربێتو بەتەنهاش بێت هەر لە خودا دەترسێتو پابەندی ئەركو فەرمانەکانیەتی، چونکە دەزانێت، کە بێگومان خودا لێی بێ ئاگاو بزر نییەو، هیچ کارێکی نادیارو پەنهایی لێ ناشاررێتەوە.

خودا جوولەکەکانی (بە نەهێشتنی ڕاوی ئاژەڵی کێویلە کاتی ئیحرامی حەج، یان عومرەدا) تاقی کردۆتەوە ﴿...وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ ٱلْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا... ﴿٩٦﴾ المائدة﴾، موسڵمانانیش بەو فەرمانەوە پابەندبوون وگوێڕایەڵییان کرد.

ئەم دوو ڕەفتارە چەند لەیەکتر دورن (ساختەکاری جوولەکەکان) (پابەندیی موسڵمانان) لە هەردوو حاڵەتی تاقیکردنەوەکانی (جوولەکەکان)و (موسڵمانەکان)دا ئامرازی فریودان بۆ سەرپێچیو بەجێنەهێنانی فەرمان لەئارادان, لەلای جوولەکەکان ئامرازی فریودان ئەوەبوو، کە ڕۆژانی شەممە ماسیو نەهەنگەکان بە زۆریو بە چڕیی دەهاتن، بەڵام ڕۆژانی دی بەو ڕەنگە نەبوو ﴿تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ... ﴿١٦٣﴾ الأعراف﴾.

لەلای موسڵمانانیش ئامرازی فریودان ئەوەبوو، نێچیرەکە زۆر لێیان نزیك بۆتەوە، تەنانەت لەبەردەستو بەرنووکی ڕمەکانیان دابووە ﴿...بِشَيْءٍ مِّنَ ٱلصَّيْدِ تَنَالُهُۥٓ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ... ﴿٩٤﴾ المائدة﴾. بەڵام جوولەکەکان لە تاقیکردنەوەی خۆیاندا کەوتنو, موسڵمانانیش تێیدا سەرکەوتن.

هۆی کەوتنی جوولەکە لەو تاقیکردنەوەیەدا، سەرپێچیو هەڵگەڕانەوەیانە لە فەرمانەکانی خودا ﴿..كَذَٰلِكَ نَبْلُوهُم بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ.. ﴿١٦٣﴾ الأعراف﴾.

هۆی سەرکەتنی موسڵمانانیش لە تاقیکردنەوەکەیاندا ئەوەیە، کە لە خودا دەترسن ﴿...لِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَخَافُهُۥ بِٱلْغَيْبِ... ﴿٩٤﴾ المائدة﴾.

ماسییەکان جولەکەکان فریودەدەن و خولی ڕۆژانیان لەگەڵ دەبەنەسەر

خودا فەرموویە: ﴿...إِذْ تَأْتِيهِمْ حِيتَانُهُمْ يَوْمَ سَبْتِهِمْ شُرَّعًا وَيَوْمَ لَا يَسْبِتُونَ لَا تَأْتِيهِمْ...﴿١٦٣﴾ الأعراف﴾.

لەم ئایەتەدا سێ جۆرە تاقیکردنەوە هەیە:-

یەکەم: ڕێ گرتنیان لە ڕاوکردن لە ڕۆژی شەممەدا.

دووەم: هاتنی ماسییەکانیش بەچڕیی و بەزۆریی بۆ سەر ڕۆخی دەریاکە لە ڕۆژانی شەممەدا، کە وەك چارۆکە لەسەر ڕووی ئاوەکە دەردەکەوتن و لێیان نزیك دەبوونەوە، ئەمەش هۆیەکی فریودەری جوولەکەکان بوو، تا ڕاویان بکەن.

سێیەم: نەهاتنی ماسییەکان لە ڕۆژانی تردا و گەڕانەوەیان و دیارنەبوونیان کاتێك دەچوون بۆ ڕاوکردنیان لە ڕۆژانی غەیری شەممەدا.

سەبارەت بە دیارنەبوونی ماسییەکان لە ڕۆژانی تردا ئەوە مەسەلەیەکی سروشتی و لۆژیکی (منطقي)یە، چونکە چۆن خۆیان بە ئاسانی دەدەنە دەست ڕاوکەران و چۆن دەبنە نێچیری تۆڕەکانیان.

بەڵام هاتنی ئەو ماسیانە بۆ لایان لە ڕۆژانی شەممەداو بەو شێوە چڕییە لەسەر ئاوەکە، ئەوە بێگومان تاقیکردنەوەو گرفتارکردنیان بووە، چونکە ئەوان لە ڕۆژانی تری جگە لە شەممەدا بەدوای ماسییەکاندا دەگەڕان و نەیاندەبینین، بەڵام وا لە ڕۆژی شەممەدا دێنە بەردەستیان و فریویان دەدەن تا بیانگرن، ئەمەش لەگەڵ داسووڕانەوەو

خول بردنەسەری ڕۆژانیانو بزواندنی تەماعو چاوچنۆکیو ئارەزوویانە.

جا ئایا ئارەزووبازو چاوچنۆکان لەبەردەم ئەم دیاردە فریودەرەدا خۆ ڕادەگرن؟ ئایا بە ورەی خۆیانەوە بەسەر ئەو ئارەزوانەدا زاڵ دەبن؟ ئایا هۆکارەکانی جیهادی نەفسو ئارام گرتنو ئارام لەسەر خۆگرتنو دان بەخۆ داگرتن لە مەسەلەکەدا دەخەنە گەڕ؟ ئایا هاوارەکانی دەسدرێژکاریو فێڵکاریو سەرپێچی کاریی، کە لە (دەروونیانەوە دەردەچێت) بێ دەنگ دەکەن؟

وادیارە ئەمەیە حیکمەتی ئەو سووڕانو خول خواردنی ڕۆژانە، کە لە شەممەدا بۆیان دەردەکەونو لە ڕۆژانی تردا لێیان ون دەبوونو حیکمەتی فریودا نیشان لەلایەن ماسییەکانەوە. بەڵام ئارەزووبازە دەستدرێژکارەکان خۆیان ڕانەگرتو ئارامیان نەگرتو سەرنەکەوتن، بەڵکو فێڵی وردو زیرەکانەیان بۆ گرتەبەر تەنها خۆشیان هەڵخەڵەتان.

فێڵ و ساختەکاریی جوولەکەکان لە فەرمانی خوادا

کۆمەڵێك لە دانیشتوانی شارەکە خۆیان لەبەردەم ئەو دیاردە فریودەرانەیەی ماسییەکاندا ڕانەگرت، بەڵکو فێڵێکیان لە فەرمانەکەی خوادا دروست کردو بەو فێڵەش لە ڕۆژی ڕێ پێنەدراوی ڕاوکردنیاندا ڕاوی ماسییەکانیان کرد. هەندێك لە زانایانی تەفسیر چەند زانیارییەکی ڕوونکەرەوەیان لەسەر ئەو فێڵەی جوولەکەکان دیاری کردووە، کە لە دەقە ئیسرائیلییەکانەوە هێناویانە، ئەوان گوتوویانە: (فێڵبازەکانی جوولەکە چەند ئەستێرکو حەوزێکیان لە تەنیشت دەریاکەوە هەڵکەندووەو، ئاویش لە حاڵەتی هەڵکشان (مد)ی دەریادا ئەو ئەستێرکو حەوزانەی پڕکردۆتەوەو ماسییەکانی تێکەوتون، کاتێك ئاوی دەریاکەش لە حاڵەتی داکشان (الجزر)دا کەمبۆتەوەو لەو چاڵو حەوزانە بڕاوە، ماسییەکانی تێدا ماون،

ئیدی جوولەکەکان لە ڕۆژی یەك شەمەدا هاتوونو ماسیکانیان گرتووەو سەرەڕای ئەوەش گوتوویانە (ئێمە بە فەرمانی خوداوە پابەندین، چونکە لە ڕۆژی شەممەدا ڕاوی ماسیەکانمان نەکردووە، بەڵکو لە ڕۆژی یەك شەممەدا ڕاومان کردووە).

ئەم شیکارو زانیارییەش لە فەرمودەی ڕاست (صحیح)ی پێغەمبەر ﷺ نییەو نەهاتوە، بۆیە ئێمەش نایلێینەوەو هیچ شتێکی تریشی لەسەر نالێینەوە، لەوانەشە جوولەکەکان ئەو کارەیان بەو ڕەنگە کردبێت، لەوانەشە نەیانکردبێتو کردارێکی تریان کردبێت، چونکە ئێمە نەمانزانیوە چۆن فێڵیان کردووەو، ڕاویان کردوون، بەلاشمانەوە گرنگ نیە، کە بزانینو لە نەزانینیشماندا زیانمان پێ نەگەیشتووە، هەروەك بە زانینیشی هیچ زانستو سوودێکمان چنگ ناکەوێت.

جا لەجیاتی ئەوەی سەربکەینە سەر دەقە هەڵبەستراوە ئیسرائیلییەکانو کاتی خۆمان بەشتی بێسوودەوە بەفیڕۆ بدەین پێویستە لەو هەڵسوکەوتەی جوولەکەکان وردبینەوەو بپرسین! بۆچی سنوور بەزێنانو دەدسدرێژکاران فێڵیان لە فەرمانی خودادا کردووە.؟

بەڕاستی هیچ خاوەن دڵێك، کە دڵی بەخوداوە پەیوەستەو، دڵی پڕە لە باوەڕ بە خوداو، خودا بە گەورەو شکۆدار دەگرێتو، بەتەمای بەهەشتی خودایە فێڵو ساختە کاریی لەسەر فەرمانەکانی خودا ناکات. بێگومان دڵی باوەڕدار لەسەر ڕێگای خودا بەردەوامو جێگیرو وابەستەی فەرمانەکانی خودایەو بەشەوو بەڕۆژ لەسەر ئەو حاڵەتەشە.

بەڕاستی تەنها کەسێك، کە دڵی لەخودا دوورە، فێڵ لە فەرمانی خوادا دەکات، چونکە کاتێك دڵ لە بەرنامەی خودا لادەداتو لە ڕێگای خودا دەردەچێت، ئیدی هەر بە فێڵو پێچو پەناو لاریو لاسارییەوە، مامەڵە لەگەڵ فەرمانەکاندا دەکات.

بێگومان تەنها دڵی باوەڕدارو لەخواترس، پارێزگاریی شەریعەتو فەرمانو

ئەرکەکان دەکات، دەنا دڵەکانی دیکە، هەرخەریکی زۆر کردنی فرِوفێڵن لە ئاست فەرمانو ئەرکەکاندا، وەك چۆن جوولەکەکان کردیان.

ئا ئەمەشە ڕازو نهێنیی سەرکەوتنی ئیسلام لە یاساو دەقەکانیدا، کە توانیویەتی دڵانی باوەڕداران بژێنێتەوەو بە خوداوە پەیوەستیان کات، دڵەکانیش وابەستەی دەقو یاساکان بوون، هەر ئەمەشە ڕازو نهێنیی شکستیی ڕژێمو بەرنامەو یاسا دەستکردەکان، چونکە چاویان لە (سەودا لەگەڵ دڵەکاندا) پۆشیوەو دڵانی خەڵکییان پێ نەدواندووە، هەر بۆیەش تەنها پشتیان بەچەند یاسایەكو چەند دادوەرێكو چەند پۆلیسو پاسەوانێك بەستوە، دەی چەند ئاسانە کە مرۆڤ لەدەست ئەمانە دەرچێتو هیچ پابەندیەکی پێیانەوە نەبێتو پەنابباتە بەر فروفێڵو لادان.. (چونکە ترسی خودای لەدڵ نەچێنراوە).

دانیشتوانی شارەکە سێ (ئوممەت) بوون

دانیشتوانی شارەکە لەئاست سەرپێچی سنووربەزێنو فەرمان شکێنەکاندا ببوونە سێ دەستە، یان باشتر بڵێین (بەدەربڕینی وردتری دەقی قورئان ببونە سێ ئوممەت):

١- ئوممەتێکی فەرمان شکێنو سنووربەزێن، کە لە ڕۆژی شەممەدا ماسییان ڕاوکردووە.

٢- ئوممەتێکی پەندداذەرو باش، کە پەندو ئامۆژگاریی سەرپێچیکارانیان داداوە.

٣- ئوممەتێکی بێدەنگو بێ هەڵوێست، کە گلەییان لە ئامۆژگاران کردوە لەجیاتی ئەوەی گلەییەکەیان لە خراپەکاران بکردایە. وەك خودا لەبارەیانەوە فەرمویەتی: ﴿وَإِذْ قَالَتْ أُمَّةٌ مِّنْهُمْ لِمَ تَعِظُونَ قَوْمًا ٱللَّهُ مُهْلِكُهُمْ أَوْ مُعَذِّبُهُمْ

عَذَابًا شَدِيدًا ...﴿١٦٤﴾ الأعراف﴾.

دەربڕینی وشەی (ئوممەت) لە ئایەتەکەدا نەختێك هەڵوێستەمان پێ دەکات وە دەبێت لێی وردبینەوە، خەڵکی شارەکە سێ نەتەوە (ئوممەت)ن لە ئایەتەکەدا، بۆ سێ نەتەوە دابەش بوون، لەکاتێکدا لەیەك ڕەگەزو یەك ڕەچەڵەکن‌و لەیەك شاردا نیشتەجێن‌و پەیوەندییەکی ڕەگەزی‌و نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ژینگەییان لەنێواندایەو پێکەوەی بەستوون؟!

بێگومان ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە نەتەوە (ئوممەت) لە چەمکی قورئانی‌و تێڕوانینی ئیسلامیدا، مانایەکی دیکەی پێچەوانەی چەمکە جاهیلییەکە هەیە. لە چەمکی جاهیلیدا نەتەوە:-

(کۆمەڵە کەسێکن کە لە یەك هەرێمدا دەژین‌و یەك مێژووو یەك زمان کۆیان دەکاتەوە).

بەڵام پێناسەی نەتەوە لە چەمکی قورئانیدا وەك (راغب الاصفهانی)یش لە (مفردات)ەکەیدا باسی لێ کردووە، ئەوەیە گوتوویەتی: (کۆمەڵێکن کەمەسەلەیەك کۆیان دەکاتەوە، وەك ئەوەی ئاینێك، یان سەردەمێك، یان جێگەیەك، سائیتر ئەو هۆکارە کۆکەرەوەیان بە ناچار کردن، یان بەخواستی خۆیان بووبێت)[1].

(سید قطب)یش ـ خوا لێی خۆش بێت ـ دەربارەی واتای (ئوممەت) لە پێناسەی ئیسلامیدا، گوتوویەتی: (نەتەوە لەپێناسەی ئیسلامیدا: ئەو کۆمەڵە کەسەن کە بەیەك عەقیدەو یەك تێڕوانینەوە دیندارن‌و ملکەچی سەرکردایەتیین، نەك بەپێی ئەو بۆچوون‌و تێڕوانینە جاهیلییە دێرین‌و نوێیەش بێت، کە پێناسەیان ئاوایە گوایە: نەتەوە کۆمەڵەکەسێکی دانیشتووی یەك هەرێمی سەرزەوین‌و یەك دەوڵەت

١) (المفردات)ی –راغب الأصفهاني- ص(٢٣).

حوکمیان دەکات).

هەروەها (سید قطب) دەربارەی دابەش بوونی خەڵکی شارەکەی سەر کەناری دەریا، گوتوویەتی: (دانیشتوانی ئەو شارە بۆ سێ نەتەوە دابەش ببوون:

١- نەتەوەیەکی یاخیو ساختەکار.

٢- نەتەوەیەکی بەرهەڵستکاری دژی تاوانو سەرپێچی کاریو فێڵکارییکە بەشێوەیەکی چاكو لەبارو بەنکوولی لێکردنو ڕێنماییو ئامۆژگاری کردنەوە دژی سەرپێچی کاران وەستان).

٣- نەتەوەیەکی ڕێ خۆشکار بۆ خراپەو خراپەکاران، کە هەڵوێستێکی نالەباری پێ ناخۆش بوونیشیان گرتۆتەبەر، هەرچەندە تاوانەکەیان پێ ناخۆش بووە، بەڵام بە هەنگاوێکی چاكو لەبار بەرپەرچیان نەداونەتەوە.

ئەم شێوازانەش چەند شێوازو ڕێچکەیەکی هەمەجۆرن لە تێڕوانینو هەڵسوکەوت، کە هەرسێ کۆمەڵەکەی دانیشتوانی شارەکەی کردۆتە سێ نەتەوە)[١]

ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی، کە (ئیسلامو ئیمان) یەك نەتەوە بۆ دووبەشو بۆ دوو نەتەوەی دی دابەش دەکات. ئەم دابەشکارییەش لەسەر بنچینەیەکی باوەڕدارانەی ئیسلامییە، نەك لەسەر بنچینەیەکی پۆلێنکاریو دابەشکردنی جاهیلیانە بێت.

دیارە هەر کۆمەڵگەیەکیش، چەندین کەسی لە ئیماندارو کافر تێدایەو بۆ دوو نەتەوەش دابەش دەبن:-

١- نەتەوەی یەکەم: نەتەوەی باوەڕدارە موسڵمانەکانن، واتە: ئەوانەن، کە ئەم ئاینە کۆی کردوونەتەوەو وتەو گوتارو دروشمێك یەکی خستوونو، دڵی

---

١) (في ظلال القران) ی- سید قطب- بەرگی (٣) لاپەڕە(١٣٨٥).

هەموویانی لەسەری پێکەوە هێشتۆتەوە.

٢- نەتــەوەی دووەم: نەتــەوەی بێبــاوەڕان (کــافران)، ئەوانــەن کــە (کــوفرو باوەڕنەهێنانیان بەم ئاینە)و (دژایەتی کردنی شوێنکەوتوانی ئــەم ئاینــە) کــۆی کردوونەوە.

"لِمَ تَعِظُونَ قَوۡمًا" ؟

خـــودا فەرمووییـــەتی: ﴿وَإِذۡ قَالَتۡ أُمَّةٌ مِّنۡهُمۡ لِمَ تَعِظُونَ قَوۡمًا ٱللَّهُ مُهۡلِكُهُمۡ أَوۡ مُعَذِّبُهُمۡ عَذَابًا شَدِيدًا ...﴾ (١٦٤) الأعـراف. ئەمەیـە لۆژیـكو گوتـاری نەتـەوەی بێدەنگ بوو لە خراپە، ئەمە هەڵوێستی هەموو کەسێکی تری بـێ دەنگیـشە، کـە لەئاست خراپەکاراندا قرِوقەپی لێ دەکەنو، لە هەموو کـاتو جێگەیەکـــدا پـاڵی لێ دەدەنەوەو ئامۆگارییـەکی یاخییـەکان ناکـەنو، هـیچ فـەرمانو ئاگاداریـەکی خودایان بەبیرناخەنەوە. هەڵویستو ئاکاری ئەم جـۆرە کەسـانە لـەم چـەند خاڵـەدا پوخت دەکرێـتەوە:-

١- چاوپۆشینیان لە بڵاوبوونەوەی خراپەو وازهێنانیان لـە خراپـەکارانیش تـا هـەر سەرقاڵی خراپەبن، هــەروەها خۆدابرِینیــان لەوکۆمـەڵگەیـەی، کـە سـەرگەرمی خراپەکارین.

٢- دانیشتنو وازهێنانیان لەکاری ئیجابیو لەبار، لە مەسەلەی فـەرمان بەچـاکەو رِێگریی لە خراپەدا.

٣- دابین بوون بە نکوولّیی دڵ لەئاست کاری نالەباردا، واتە: (نکۆڵی کردنی خراپە تەنها بەدڵ)، کە ئەمە لاوازترین باوەرِە .

٤- ئاراستەکردنی گلەییو سەرزەنشت بۆ چاکەخوازو بانگەوازکارو ئامۆژگاران.

٥- حوکمدان لەسەر خراپەکاران بەوەی، کە (خودا هەر لـەناویان دەبـات سـزایەکی سەختیان دەدات) و بـەم پێیــەش گوایــە هـیچ سـوودێك لـە ئامۆژگـاریکردنو یادخستنەوەی فەرمانەکاندا نیە.

"قَالُواْ مَعۡذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمۡ "

ئەم چاکەخوازو بانگەوازکارانەی، کە ئامۆژگارییو بەرهەڵستی خراپەکارانیان دەکرد، لە وەڵامی کەسانی بێدەنگدا، کە پێیان گوتبوون واز لە خراپەکاران بێنن گوتیان: (ئێمە بۆیە ئامۆژگاریان دەکەین، تاکو بەڵگەی کەمتەرخەمی نەکردنی خۆمان بخەینە بەردەم خوداو بەشکم لەهەمان کاتدا لەو خراپەکارانەش پاشگەزبنەوەو لەخودا بترسن، وەك لە ئایەتەکەدا هاتووە، کە: ﴿...مَعۡذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ﴿١٦٤﴾ الأعراف﴾، کەواتە دوو پاڵنەر وایان لێکردوون :-

١/ **پاڵنەری یەکەم**: (مَعۡذِرَةً إِلَىٰ رَبِّكُمۡ)- (بەڵگەی کەمتەرخەمی نەکردنمان بخەینەڕوو بۆ پەروەردگارتان).

ئەمەش وەك ئەوەی پێیان بڵێن: (دەمانەوێت پاساوی خۆمان بخەینە بەردەم خودا تاکو لە لێپرسینەوەو سزا ڕزگار بین).

ئێمە لەکاتێکدا نکوولی لەخراپە دەکەینو ڕێی لێدەگرین، سوورین لەسەر ئەوەی، کە ئەم مەبەستانە بەدی بێنین:

١- ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین، کە خودا لە زۆربەی ئایەتو فەرمایشتەکاندا پێی ڕاسپاردووین، چونکە ئەگەر ئەرکەکە بەجێ نەگەیەنین، ئەوا دەکەوینە بەر سزای خودا.

٢- پاساوو داوای لێبوردن بخەینە بەردەم خوداو خۆمان پاك کەینەوەو، چونکە هەوڵو توانای خۆمان خستۆتەگەڕو، ئەوەی لێمان خوازراوە، جێبەجێمان کردوە.

یەکێك لە ڕەحمەتەکانی خوداش ئەوەیە، کە ئەنجامەکانی لێ داوا نەکردووین (واتە بەدەمەوەهاتنی خراپەکاران‌و گوێڕایەڵی کردنیان بۆ ئامۆژگارییەکانمان لەسەر ئێمەیە)، چونکە ئێمە هەوڵ‌و کۆششی تەواوی خۆمان خستۆتە گەڕ، خوداش لەسەر بەرهەمی، لەسەر ئەنجامەکەی لێمان ناپرسێتەوە.. ئێمە تەنها ڕاپەڕاندنی ئەرکەکەمان لەسەرە، لەکاتێکدا ڕێساو فەرمانەکان بەبیر خەڵکی دێنینەوەو ئامۆژگارییان دەکەین‌و ڕێگریی خراپەیان لێ دەکەین، خۆ ئەگەر خەڵکیش بەدەم ئامۆژگارییەکانمانەوە نەیەن‌و باش نەبن، ئەوە لە لێپرسراوێتیی ئێمەدا نیە، وەك خوداش بە پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ فەرمووە:

﴿فَذَكِّرْ إِنَّمَآ أَنتَ مُذَكِّرٌ ﴿٢١﴾ لَّسْتَ عَلَيْهِم بِمُصَيْطِرٍ ﴿٢٢﴾ إِلَّا مَن تَوَلَّىٰ وَكَفَرَ ﴿٢٣﴾ فَيُعَذِّبُهُ ٱللَّهُ ٱلْعَذَابَ ٱلْأَكْبَرَ ﴿٢٤﴾ الغاشية﴾.

هەروەها کاتێك بەرهەڵستیی خراپەکاران دەکەین‌و ئامۆژگارییان دەکەین‌و بەڵگەی بەریبوونی خۆمان لێیان دەخەینە بەردەم خودا، ئەوا بێگومان خۆمان لەو سزا دنیاییەش دەپارێزین، کە لەدنیادا هەندێك جار تووشی خراپەکارو سەرپێچی کاران دەبێت، وەك خوداش فەرموویەتی: ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ ٱلْقُرَىٰ بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ ﴿١١٧﴾ هود﴾.

٣- تاکو بەڵگە لەسەر خراپەکاران تۆمارکەین، کە بێگومان ئەوان مافی ئەوەیان لەسەرمانە، کە ئامۆژگارییان بکەین‌و ڕێسا شەرعی یەکانیان وەبیرخەینەوە. ئەمەش مافێکی بڕیاردراوی قورئان‌و سوونەتیشە، چونکە لەوانەیە ئامۆژگاری‌و بەیادهێنانەوەو ڕێگریی لێکردنیان سوودمەندو بەکەڵك بێت بۆیان‌و، ئەوان لەخراپەکانیان بکشێنەوە. خۆئەگەر ئامۆژگاریی دادی نەدان‌و، بەیادهێنانەوە سوودی بۆیان نەبوو، لە ڕێکبوونەوەو ڕاست بوونەوەو چاك بوون، نزیك نەبوونەوە، ئەوا ئێمە بەڵگەی خۆمان لەسەریان تۆمار کردووەو هەرلە خۆیاندا شاهیدمان لەسەر خۆیان ڕاگرتووە.

"وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ "

٢/ پاڵنەری دووەم/ ئەوەیە بەشکم لەخودا بترسن (وَلَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ)، واتە بەشکم پەند دادانو ئامۆژگاری کردنیان تەقواو لەخواترسانو گوێرایەڵیو پابەندی یەکیان بۆبەدیی بێنێت، چونکە بێگومان کاتێك بانگەوازکارو چاکەخوازان ئەرکی (ئامۆژگاریو ڕوون کردنەوەو فەرمان بەچاکەو ڕێگریی لەخراپە) بەجێ دەگەیەنن، لەوانەیە ئەمە پارێزکاریو تەقواو بەندایەتیو باوەڕو پابەندیی لەلای خەڵکی بجولێقێنێت لەوانەشە هەندێك کەس لە خەڵکی (کە خۆیان ئامۆژگاریو ڕێنمایی کەس ناکەن) بەرهەڵستییەکی بانگەوازکارو چاکە خوازان بکەنو وایان بۆ دەرخەن گوایە " هەوڵو کۆششی چاکسازیو ئامۆژگاری کردنیان بەفیڕۆ دەڕواتو، هیچ بەروبوومو ئەنجامێکی نییە، چونکە کالای ئەوان تەنها قسەکردنەو، قسەش سوودبەخشو بەردار نییەو، خەڵکیش بەقسەو ئامۆژگاری وابەستە نابن، چونکە گوایە تێریان خواردووە لە قسەو باس، ئیدی چاکە خوازانیش هەوڵو کۆششی خۆیان بهێڵنەوەو دەمو قوڕگی خۆیان بپارێزنو دەنگو قسەو باسیان پاشەکەوت کەن".

وتەی ئەم جۆرە کەسانە ناپەسندەو، بەرهەڵستییەکەیان ناڕەوایەو، چەندین هەڵەو کەموکورتیی تێدایە، هەرکەسێك ئەم وتەیە بڵێت ئەوا، یان کەسێکی دڵ پڕ لەقینو دوژمنی بانگەوازە، یاخود بێ ئاگایە لە بانگەوازو هیچ لەبارەی هێزی قسەو کاریگەرییەکەیەوە نازانێت.

لە جیهانی فیکرو بیروباوەڕو بانگەوازکاریدا (وتە)و قسەوباسو ئاخاوتن هێزێکی ڕەچاوکراوی هەیە چونکە هەموو بانگەوازو بیروباوەڕەکان لەسەر وتەو

ئاخاوتن بنیات نراون.

بێگومان پێغەمبەران‌و نێرراوان هیوایان لەسەر وتەو بانگەوازو بەیاد هێنانەوەو ئامۆژگاری هەڵچنیوە. ئەمەش لەکاتی بانگکردنی گەلەکەنیاندا بۆ دینداری. هەریەکە لەو پێغەمبەرانەش (سڵاوی خودایان لێ بێت) یەك داواکاریی بنەڕەتی‌و دیاریکراوی لە گەلەی هەبووە، ئەوەبوو، کە: تەنها خودا (الله) بپەرستن‌و هیچ پەرستراوێکی ترتان نییە: ﴿...ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـٰهٍ غَيْرُهُۥٓ...﴾ (٥٠) هود.

ئایینی ئیسلامی ئێمەش لەسەر وتەو ئاخاوتن بنیات نراوەو، یەکەمین‌و شەش، کە بۆ پێغەمبەری خودا ﷺ هاتە خوارەوە فەرمان پێکردنی بوو، کە بخوێنێت بەناوی پەروەردگاری خالقەوە ﴿ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ﴾ (١) العلق.

هەروەها قورئان داوا لە موسڵمانان دەکات کە قورئان بە کافران بگەیەنن‌و فەرمایشتی خودایان بەگوێدا بدەن: ﴿وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ٱسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَـٰمَ ٱللَّهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُۥ...﴾ (٦) التوبة...، واتە: (ئەی پێغەمبەر لەویشەوە بۆ (باوەڕداران) ئەگەر یەکێك لەوانەی هاوەڵیان بۆ خودا داناوە داوای پەنای لێ کردیت‌و پەنای بۆ هێنایت، تۆش دالدەی بدە، هەتا گوێی لە فەرمایشتی خودا لە قورئان دەبێت، ئینجا بۆ شوێنی خۆی ڕەوانە بکە، کە جێی هێمن‌و متمانەی خۆیەتیی لە ماڵ‌و گیانی‌و ژیانیدا، بۆیەش پێویستە فەرمایشتی خودایان پێ بگەیەنن، چونکە ئەوان کەسانێکی نەزانن‌و لەوەو پێش تێنەگەیشتوون‌و نەیانزانیوە).

ئەمەش تەنها پەی بردنە بە هێزی بەو باوەڕهێنانە بە کاریگەرییەکەی لە دەروونی بیسەری بانگراودا.. بەڵام بەدەستهێنانی نرخ‌و بەهای وتەو ئامۆژگاری‌و، بەجێگەیاندنی ڕۆڵ و ئەرکیان‌و، دەرکەوتنی هێزوتینیان، تەنها لەڕێی باوەڕی

جیددیی بانگەوازکارەکەوەیە بەوەی، کە دەیلێت و دەری دەبڕێت و، پاشان بە پابەندیی کردەیی (عملی)یەوە بەوەی بانگەوازی بۆ دەکات، هەروەها بە گەیاندنی وتاری خۆی بە خەڵکی بەوپەڕی تواناو ڕاشکاویو جورئەتو بەشێوازی جوانو ئەدەبو ڕاستگۆیی دەربڕینی زامو ژانەکاندا، تاکو بیسەر بزانێت کە ئەم قسانە لەدڵەوە دەردەچنو تێکەڵ بەخوێنی خاوەنەکەی بووەو لەدڵیدا چەکەرەکەی کردووەو سەراپای وجودو عەقڵو ژیانی گرتۆتەوە، چونکە وەك شینو زاریی شیوەنکاران نیە.

"لەبیر چوونەوەی حوکمەکان سەرەتایەکی سزادانە"

خودا فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ﴾، دەبینین ئەم ئایەتە سزای بە لەبیرچوونەوەوە بەستۆتەوە ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ بِعَذَابٍۭ بَـِٔيسٍۭ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾ الأعراف﴾.

لەم شێوە ڕێکخستنەی قورئان بۆ کاروباری سزاو لەبیرچوونەوەدا مەسەلەیەکی گرنگ وەردەگرین، ئەویش پێویست بوونی بەیادهێنانەوەی فەرمانەکانی خوداو حوکمەکانی وەبیرهێنانەوەی نەتەوەیە پێیانو بەردەوامیی سازکردنو هێشتنەوەی فەرمانەکان بەچاکەو ڕێگریەکان لە خراپە لە تێڕوانینو هەستو فیکری هەر تاکێکی ئەم نەتەوەیەدا، چونکە هەر ئەمە زامنی هێشتنەوەی ڕۆڵەکانی نەتەوەیە لە سنووری خۆیانداو، لەوابەستەییانو، دوورکەوتنەوەیان لە سەرپێچی کردنو لە بەزاندنی سنوورەکان، هەروەها لەم شێوە ڕێکخستنەدا مەسەلەیەکی تری گرنگ بەدیی دەکەین، ئەویش ترسناکیی لەبیرکردنی ئەرکەکانو ئامۆژگاریەکانە لەلایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەوە، چونکە لەبیرکردنیانو ولێ بێئاگابوونیان حاڵەتێکی

سووکایەتی پێکردنو بێباکی لەلای خەڵکی دروست دەکات، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ سنوور شکاندنیانو سەرپێچی لێکردنیان، جا ئەگەر ئەو ڕۆڵانەی نەتەوە لە بێباکیو لەبیرچوونەوەدا سەرنگووم بن، ئەوا ڕاستییە ئایینییەکانو سوننەتە خوداییەکانو، حوکمە شەرعییەکانیان لەبیردەچێتەوە، بەم ڕەنگەش لە بازنەی هزرو تێڕوانینو هەستیشیان دەردەکەن دوای ئەوەی لە بازنەی بەبیرهێنانەوەو بایەخو پابەندییو کارپێکردن دەریان کردبوو. خۆ ئەگەر ڕۆڵەکانی نەتەوە بگەنە ئەم پلەی لەبیرچوونو بێئاگاییە، ئەوا گشت، پەیوەندییەکیشیان بەخودا، یان بە ئایین، یان بەشەرعەوە لەدەست داوەو ئیدی شایستەی کەوتنەبەر سزای خودابوون.

ئەمەش هەموو لەو ڕێکخستنەوە وەردەگرین، کە چۆن سزا بۆ فەرمانشکێنەکان ڕێك دەخات بەهۆی لەبیرخۆ بردنەوەی ئەو حوکمانەی کە بەیادو هزریان هێنرا بووەوە: ﴿فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦٓ أَنجَيْنَا ٱلَّذِينَ يَنْهَوْنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ بِعَذَابٍۭ بَـِٔيسٍۭ بِمَا كَانُوا۟ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾ الأعراف﴾.

بێگومان لەم ڕووەوە چەندین ئایەتی تر هاتوونو بڕیار لەسەر ئەم حەقیقەتە دەدەنو ئاماژە بۆ ئەو سوننەتو دەستوورە خوداییە دەکەن، کە خەڵکی حوکم و فەرمانو ڕێسا شەرعییەکانیان لەبیریان خۆیان بردۆتەوە، یان بەهۆی سەرکردنە سەر دنیاو ستەمکارییەوە لەبیرچوونەتەوە:

- خودا فەرموویەتی: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَآ إِلَىٰٓ أُمَمٍ مِّن قَبْلِكَ فَأَخَذْنَـٰهُم بِٱلْبَأْسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمْ يَتَضَرَّعُونَ ﴿٤٢﴾ فَلَوْلَآ إِذْ جَآءَهُم بَأْسُنَا تَضَرَّعُوا۟ وَلَـٰكِن قَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٤٣﴾ فَلَمَّا نَسُوا۟ مَا ذُكِّرُوا۟ بِهِۦ فَتَحْنَا عَلَيْهِمْ أَبْوَٰبَ كُلِّ شَىْءٍ حَتَّىٰٓ إِذَا فَرِحُوا۟ بِمَآ أُوتُوٓا۟ أَخَذْنَـٰهُم بَغْتَةً فَإِذَا هُم مُّبْلِسُونَ ﴿٤٤﴾ فَقُطِعَ دَابِرُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٤٥﴾ الأنعام﴾.

- هـەروەها فەرموویـەتی: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا فِي قَرۡيَةٖ مِّن نَّبِيٍّ إِلَّآ أَخَذۡنَآ أَهۡلَهَا بِٱلۡبَأۡسَآءِ وَٱلضَّرَّآءِ لَعَلَّهُمۡ يَضَّرَّعُونَ ﴿٩٤﴾ ثُمَّ بَدَّلۡنَا مَكَانَ ٱلسَّيِّئَةِ ٱلۡحَسَنَةَ حَتَّىٰ عَفَواْ وَّقَالُواْ قَدۡ مَسَّ ءَابَآءَنَا ٱلضَّرَّآءُ وَٱلسَّرَّآءُ فَأَخَذۡنَٰهُم بَغۡتَةٗ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ﴿٩٥﴾ الأعراف ﴾.

هەروەها قورئان جەختیـشی لەسـەر ئـەوە کردۆتـەوە، کـەوا بـەبیر هێنانـەوەی بێدارانەو ئاگایانەی بەردەوام، ڕێگەیەکـە بـۆ پابەنـدبوون بەحوکمەکانەوەو،بـەوەش سەرکەوتن بەسەر وەسوەسەو خورپەی شەیتاندا بەدیی دێت: ﴿ وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ نَزۡغٞ فَٱسۡتَعِذۡ بِٱللَّهِۚ إِنَّهُۥ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٠٠﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوۡاْ إِذَا مَسَّهُمۡ طَٰٓئِفٞ مِّنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبۡصِرُونَ ﴿٢٠١﴾ الأعراف ﴾.

بۆیە بە یادهێنانەوەی حوکمە خوداییەکان، ڕێگەیەکە بـۆ پێـوە پابەنـدبوونو، ڕێگەیەکیشە بۆ لابردنی سزا، بەڵام لەبیرچوونەوەی حوکمە خوداییەکان، ڕێگەیەکە بۆ بەسەردا تێپەڕبوونیانو سنووربەزاندنیانو، ڕێگەیەکیـشە بـۆ هـاتنی سـزا. لـە نەتەوەشدا چەند کەسێك هەنو سوورن لەسەر لەبیرخۆبردنەوەی فەرمانەکانی خوداو سووریشن لەسەر ئەوەی، کە لەبیر خەڵکی تریشی بەرنـەوە. ئـەوان دەیانخەنـە نێـو کەشێکی بێئاگاییو لەبیرچوونەوەوە، تاکو ئەو حومکانە لـەیادەوەرییو شـعوریان دوورخەنەوە، دوای ئەوەی لە (واقیـع و کـارپێکردنو گـوزەران پێکـردن) دووریـان خستوونەوە.

بۆیە لەسەر بانگەوازکارو چـاکەخوازان پێویـستە، کـە لـە ئامۆژگـاری کردنـی ڕۆڵەکانی نەتەوەو لە پەندو ڕێنمایی کردنو بەبیرهێنانـەوەیان بـەردەوام بـن، تـاکو هەمیـشە یـاداوەریی نەتـەوە سـازو ڕێکخـراو بێـت بـۆ پـەیڕەوکردنی ڕێنمـاییو حوکمـەکانو، هــەروەها تــاکو بیرکردنــەوەو تێفکــرین لــە حــەڵاڵ وحــەرام، لــە

قەدەغەکراوو ڕێ پێدراو کردارێکی زیندووی نێو شعوری نەتەوە بێت. پێویستە لەسەر نەتەوەش پەی بە ترسناکیی بیرچوونەوەی ڕێسا خوداییەکان ببات، چونکە ڕێگەی سزاو وێرانییە. لەسەر بانگەوازکارە بەپەرۆشەکانیش پێویستە، کە کارو کۆشش بکەن بۆ ئەوەی هەمیشە نەتەوەکەیان ڕێنمایی‌و فەرمانە خوداییەکانیان لە بیروهزردا بمێنێت‌و بەردەوام بن لە یادهێنانەوەیان‌و ئامۆژگاری‌و ڕێنموونی کردنیان، تاکو ئاراستەیان بکەن بۆ بازنەی پابەندی‌و زەمینەی ئاسوودەیی.

ڕزگاربوونی بانگەوازکارەکان :

خودا فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا نَسُواْ مَا ذُكِّرُواْ بِهِۦٓ أَنجَيۡنَا ٱلَّذِينَ يَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلسُّوٓءِ ... ﴿١٦٥﴾ الأعراف﴾. کاتێك سزای خودا تووشی دانیشتوانی شارەکە بوو، خودا ئەوکەسانەی لێ ڕزگار کرد، کە ڕێگرییان لە خراپەو تاوانەکە دەکرد، ئەوانیش کۆمەڵێ بانگەوازکارو ئامۆژگارو چاکەخواز بوون.

ئەمەش سرووش (وحی)ی پێویستی بانگەواز بۆ لای خوداو ئامۆژگاری کردنی نەتەوەو بەیادخستنەوەی حوکمەکانی خودامان) پیشان دەدات، چونکە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە بەتەنیا خۆی ڕێگەی ڕزگاریی بانگەوازکارانە لە سزا لەوکاتەدا، کە تووشی یاخی‌و سەرپێچی کاران دەبێت.

خودا لەمبارەیەوە لە جێگەیەکی تری قورئاندا فەرموویەتی: ﴿فَلَوۡلَا كَانَ مِنَ ٱلۡقُرُونِ مِن قَبۡلِكُمۡ أُوْلُواْ بَقِيَّةٖ يَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡفَسَادِ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّنۡ أَنجَيۡنَا مِنۡهُمۡۗ وَٱتَّبَعَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مَآ أُتۡرِفُواْ فِيهِ وَكَانُواْ مُجۡرِمِينَ ﴿١١٦﴾ وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهۡلِكَ ٱلۡقُرَىٰ بِظُلۡمٖ وَأَهۡلُهَا مُصۡلِحُونَ ﴿١١٧﴾ هود﴾.

(دەبوایە لەنێو خەڵکی زەمانی پێش ئێوەدا کەسانی ژیـرو چـاکەخوازو دینـدار هەبوایە، کە ڕێگرییان لە خراپــەو تــاوان بکردایــە لەســەر زەوی، کەچــی لەوانــەی ڕزگارمان کردن کەم بوون، چونکە زۆربــەی خــەڵکی لــە ســنووری فــەرمانی خــودا دەرچوونو دوای هــەواو ئــارەزووو خۆشــیەکانی دنیــا کــەوتن. ئیــدی بــەو کــردارە نابەجێیانەیان چوونە ڕیزی تاوانکارانەوە، خودای پەروەردگاریش هــەرگیز بــەناڕەوا خەڵکی شارو دێهاتەکانی لەناو نەبردووە، ئەگەر خەڵکە نیــشتەجێکانیان کەســانی چاکەخوازو باش بووبن).

بەڕاستی کاتێك سەرپێچیو خراپەکاریی هەموو ئوممەت دەگرێتــەوە، لەوکاتــەدا پێویــستە بانگــەوازکاران ئــەرکی ئامۆژگــاریو بەیادخــستنەوە بــەجێ بگەیــەنن و ڕێگریی لە خراپەو بەدکاریی بکەن، تاکو خۆیان لە سزای ڕزگارکــەن، چــونکە هــەر ئەوەیە ڕێگەی ڕزگاریو سەرفرازیی.

"بۆچی فەرمان شـکێنەکان وەك مەیموونیان لێـکرا..؟!"

خــودا فەرموویــەتی: ﴿ فَلَمَّا عَتَوْاْ عَن مَّا نُهُواْ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿١٦٦﴾ الأعراف ﴾..فــەرمان شــکێنەکان ســتەمیان لــەخۆیان کــردو لووتبــەرز بــوون لەئاست ئەوەی لێیان قەدەغە کرابوو، لەئاییـنی خــودا هەڵگەڕابوونــەوەو ئامــادەی پابەندیی بە شەرعەوە نەبوونو، لە ســتەمدا ڕۆچــوونو ســنووری ڕێــسای خودایــان بەزاندو سوور بوون لەسەر ستەمکارییانو، بەردەوام بوون لە دوژمنکارییان.

ئەوان بەم هۆیەوە شایستەی سزای خــودا بــوونو دوای هــاتنی خــەشمی خــوداو سزای بەپەلەو پێشوەختی خودا بوون، بەڕاستی سزاکەشیان زۆر توندو بەئازار بــوو: ﴿...وَأَخَذْنَا ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ بِعَذَابٍۭ بَـِٔيسٍۭ بِمَا كَانُواْ يَفْسُقُونَ ﴿١٦٥﴾ الأعــراف ﴾،

هەروەها سزای خودا بۆ ئەوان سزایەکی بێ وێنەو جودا لە سزاکانی تری سەر گەلانی بوو، ئەوەبوو ڕوخساریانی ناشیرین کردو گۆڕینیی بۆ چەند مەیموونێکی دەربەدەرکراوو سەرشۆڕ، واتە ڕوخسارە بەشەرییەکانی ئەوانی بۆ ڕوخساری ڕاستەقینەی ئاژەڵ گۆڕی‌و کردنی بەچەند مەیمونێکی ڕاستەقینە.

بێگومان خودا عادل و دادپەروەربووە، کاتێك کردوونی بە چەند مەیموونێکی دەربەدەرو سەرشۆڕ، چونکە دەستدرێژییان لەسەر حوکمەکانی خودا کردووەو لە فەرمانەکانی یاخی بوون، لە دادپەروەرێتیی خوداییشدا وایە، کە مرۆڤی چاکەکار بەچاکە پاداشتی بدرێتەوەو، مرۆڤی خراپەکاریش بە خراپەکەی خۆی پاداشتی بدرێتەوەو، دەستدرێژکاریش لەسەر دەستدرێژییەکەی سزا بدرێت. هەروەها خودا لەوەشدا دانایە، کە ئەو کۆمەڵە دەستدرێژکارەی کردووە بە مەیموون. لەوانەیە حیکمەتی ئەم ڕوخسار گۆڕینەیان ئەوەبێت، کە بێگومان خودا ویستوویەتی ئەوان وەك چەند مرۆڤێکی ئادەمیزادبن‌و وەك چەند کەسێکی ئینسانی ڕاستەقینە بژین‌و کرداری ئینسانیانەی خۆیان بە چاکترین شێوە بەجێ بێنن، بەڵام کاتێك لە فەرمانەکانی خودا هەڵگەرانەوەو ئەو ڕێزلێنانە خوداییەیان ڕەت کردەوە، بەم پێیەش سازش (تەنازول)یان لەسەر مرۆڤایەتی‌و ئینسانییەتی خۆیان‌و ڕێزو کەرامەتیان کردو، ئیدی سیمایەکی ئاژەڵیانەی ماناداریان بەخۆیانەوە لکاند، خوداش سیمایانی گۆڕی بە چەند مەیموونێك‌و کردنی بەچەند ئاژەڵێکی ڕاستەقینە.. ئەمەش هەر لە دەروازەی ڕێکخستن‌و پێکەوە لکاندنی نێوان سیمای مانادارو سیمای هەستەوەرییە.

بێگومان خودا ئەوەی بۆ مرۆڤ دەوێت، کە مرۆڤی ڕێزلێنراو بێت‌و لە بۆتەی مرۆڤایەتی‌و ئادەمیزادێتی خۆیدا بژی‌و، جودا بێت لە ئاژەڵ‌و گیانەوەرانی دی، هەر بۆیەش خودا مرۆڤەکانی بەچەند ئەرکێکی شەرعی ڕاسپاردووەو، داوای لێکردوون پابەندییان بە ئەمانەتی ڕاسپێرراوێتییەوە هەبێت‌و ئەرکەکانیان بە

ئەمانەتەوە جێبەجێ بکەن، وەك فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ فَأَبَيْنَ أَن يَحْمِلْنَهَا وَأَشْفَقْنَ مِنْهَا وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومًا جَهُولًا ﴿٧٢﴾ الأحزاب ﴾.

واتە: (ئێمە ئەو تایبەتمەندیانەی، کە بە (ئەمانەت) بە مرۆڤمان گەیاندو، ئەو سیفەتە بەرزانەش کە لەئاژەڵی جیادەکەنەوە، خستەڕوو بۆ ئاسمانەکانو زەویو بۆ چیاکانیش، بەڵام ئامادە نەبوون، کە لەئەستۆی بگرن (ئەمانەتەکەش وەك عەقڵو فیکرو سەربەستیو ئیرادەو هتد)، بەڵکو لەوەترسان، کە ناپاکیو خیانەتی تیادا بکەن، کەچی مرۆڤ ئەو ئەمانەتانەی بەرگەگرتو هەڵیگرتن، بەڕاستی مرۆڤ ستەم لەخۆکارو بێ زانیاری بوو، کە وەك تەنێکی خاڵی لە زانیاری بووە).

بەڕاستی شەریعەتی خودایی دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ڕێزنانی خودا لە مرۆڤایەتیو لە بڵندکردنەوەی ئاستی ئینسانێتییەکەی، پابەندیی مرۆڤیش بە شەریعەتی خوداوە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی بەدیهێنانی واتا جوانە ئینسانییەکان لەلای مرۆڤ و، بەرزکردنەوەی بەها مرۆییەکانیش لەلای، بەڵام بەزاندنی سنووری شەریعەتی خوداو هەڵگەڕانەوە لە حوکمەکانی، واتە سڕینەوەی سیفەتە مرۆییەکانە لەلای مرۆڤ و لەناوبردنیانە، لەمەشدا مرۆڤ دەکشێتەوە بۆ قۆناغێکی نزمتر کە شایستەی نییەو، هەروەها لەو پلە شکۆداریەش دادەبڕێت، کە خودا داوای لێکردووە بۆی سەرکەوێت، دادەبەزێت بۆ پلەیەکی نزمی ئاژەڵیانەی وەها، کە شایانی نییە.

جا ئەگەر مرۆڤێکی سنووربەزێنی ستەمکارو لەفەرمان دەرچوومان بینی، ئەوە بێگومان لە سیفەتە مرۆییەکانەوە بۆ سیفەتە ئاژەڵییەکان دابەزیوە، ئەم جۆرە مرۆڤەش خاوەنی دەروونو هەستو ئاکارێکی ئاژەڵیانە دەبێت سەرەڕای ئەوەی ڕەنگو ڕوو ڕواڵەتێکی مرۆڤانەشی هەبێت.

ئەوەی لە مرۆڤیشدا پشتی پێ بەسترابێت ڕەنگو ڕوو ڕواڵەتو ڕوخساری جوان نییە، بەڵکو بیروباوەڕو بەهای مرۆییو ئاکاری جوانو ئەو کردەوانەشە، کە لە کانگای تێڕوانینو فیکرو بیروڕاکانیەوە سەرچاوە دەگرن، هەر ئەمەشە، کە پێغەمبەری خودا ﷺ جەختی لەسەر کردۆتەوە، وەك لەو فەرموودەیەدا هاتووە، کە (مسلم) لە (ابو هريرة) ﷺ گێراوێتییەوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **((إن الله لاينظر الى صُوركم وأموالكم ولكن ينظر إلى قلوبكم و أعمالكم))**[1] واتە: (بێگومان خودا بۆ ڕوخساری جوانوماڵو سامانی زۆرتان ناڕوانێت، بەڵکو بۆ نێو دڵو کارو کردەوەکانتان دەڕوانێت).

بەڕاستی دەستدرێژکارە یاخیبووەکان لە دانیشتوانی شارەکەی سەر کەنار دەریا لەلایەنی سیفەتی مەعنەویو هەستەوەرییەوە بەسروشتو تێڕوانینو ئاکاریان، وەك چەند مەیموونێك بوونو تەنها دیوی دەرەوەی لاشەو سیماو دەنگو ڕەنگیان لە مرۆڤ چووە. بۆیەش بەڕاستی خودا کردوونی بە چەند مەیمونێك تاکو حەقیقەتو ڕوخسارەکەش پێك بگەیەنێتو، باری ڕاستەقینەی شێوەشیان بەپێی ئاکاریان بگۆڕێت، والله اعلم..

1) (مسلم) لە (كتاب البر والصلة والاداب)دا گێراوێتییەوە، ژمارە (٤٥) باب تحريم ظلم المسلم، رقم (١٠)، حديث رقم (٢٥٦٤).

" گۆڕینی ڕوخساریان بەڕاستی بووە"

لە ڕوکارو ڕواڵەتی ماناکانی قورئاندا، خودا بەڕاستیو بەواقیعی ڕوخساری سنووربەزێنەکانی ڕۆژانی شەممەی ناشیرین کردووەو بوون بەچەند مەیمونێك ﴿فَلَمَّا عَتَوْاْ عَن مَّا نُهُواْ عَنْهُ قُلْنَا لَهُمْ كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ ﴿١٦٦﴾ الأعراف﴾. لە بنەڕەتیشدا دەبێت ئێمە مانا دیارەکەی قورئان وەرگرینو لەومانا دیارو دەرکەوتووەش لانەدەین، مەگەر لە پێداویستییەکی ناچاریدا نەبێت.

لەمەشدا بەبەرستێکی بەردەم ناشیرین کردنی ڕاستەقینەی ڕوخساریان بەدیی ناکرێتو، چونکە لەچوارچێوەی عەقڵیشدا ئەوە مەحاڵ نییە، کە خودا ڕوخساری بەشەریانەی مرۆڤێك بۆ ڕوخسارێکی ئاژەڵیانە بگۆڕێتو ببێت بە مەیموونێکی ڕاستەقینە، خوداش بەتوانایە لە هەر کارێکدا، کە بەخواستی خۆی بیکاتو لە هەمو شتێکدا بالآدەستە.

هەروەها ئەو خودایەی، کە مرۆڤی بەو ڕوخسارە جوانە مرۆییەوە خەلق کردووە، دەشتوانێت بیگۆڕێت بۆ ڕوخسارێکی ئاژەلیانەی وەك مەیمون. هەندێك لە زانایانی تەفسیر ڕایان وایە گوایە ناشیرین کردنیان لەڕووی مەعنەوییەوە بووە، نەك لەبارێکی ڕاستەقینەدا، چونکە ئەوان تەنها بەگیانو دڵو عەقڵیان بوونە چەند مەیمونێك.

(مجاهد) خودا لێی خۆشبێت، گوتوویەتی: (دڵانیان ناشیرین کراوەو نەبوون بەچەند مەیموونێك، ئەمەش نموونەیەکەو خودا لەسەریان هێناوێتییەوە، وەك چۆن نموونەی (کەر)ەکەی بۆ ئەوانی تریان داناوە، کە چەند کتێبێکی هەڵگرتبێت)[١].

(١) تفسیر الطبري، تحقیق محمود شاکر، بەرگی (٢) لاپەڕە (١٧٢).

(سید قطب) یش لەتەفسیرەکەیدا دەربارەی ئایەتی ژمارە (٦٥)ی سوورەتی (البقـــرة): ﴿ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ فَقُلْنَا لَهُمْ كُونُوا۟ قِرَدَةً خَـٰسِـِٔينَ ﴾ ،گووتویەتی: (کارێکی جیّی ئاتاج و پێویست نەبووە، کە بەلاشەکانیان ببنە چەند مەیمونێك، چونکە ئەوان بەگیان و بیرو هۆشیان پێشتر وەك مەیموونیان لـێ هـاتبوو، دیـارە ڕەنگدانـەوەکانی هەسـتو تێفکـرینیش، چـەند سـیمایەك دەخەنەسەر ڕوخسار نیشانەکانی دەموچاو، کە کارابیان لەسەر بـەژنوبالاّو ڕەنگـی پێست هەیەو سێبەرێکی درێژیشی لەسەر هەڵدەکەن)[1].

بەڵام هەر خودی (سـید قطـب) لـەم ڕایـەی پاشـگەزبۆتەوە، کاتێـك چیرۆکی (اصحاب السبت)ی لە سوورەتی (الاعراف)دا تەفسیر کردووە، بۆیە لەم جێگەیـەی تەفسیرەکەیدا دەربارەی ناشیرین کردنو گۆڕینی ڕوخساری یاخییەکان، گوتوویـەتی: (ئەو سزا هەرە توندو بەئازارەش (عذاب بئيس) گۆڕینی ڕوخسارە ئادەمییەکەیانـە بۆ ڕوخساری مەیموونیو، خودا پێشی فەرموون (دەبن بە چەند مەیموونێکی ڕیسواو دەربەدەر) (كُونُوا۟ قِرَدَةً خَـٰسِـِٔينَ)، ئیدی بوون بەو مەیمونە ڕیسواو بێنرخانـە، وەك لەو فەرمایشتەدا هاتووە، کە هیچ ڕەتکەرەوەیەکی نیەو خـاوەنی فەرمایـشتەکەش (کە خودایە) هیچ شتێکی لیّ ئالۆزو گران نابێت)[2].

هەر لەم ڕووەوە بەدواداچوونێکی (ئیمامی طبري) لەسـەر ئـەو ڕایـەی (مجاهـد) هەیە، کە ئاماژەمان بۆ کـردو هێنامانـەوە کـە تێبـینی لەسـەر وتەکـەی هەیـەو گوتوویەتی: (ئەو وتەیەی کـە (موجاهـد) دیـاری کـردووە، وتەیـەکی پێـچەوانەی ڕووکاری ماناو دەلالەتی قورئانە، چونکە خودا لە قورئانەکەیدا هەواڵی ئەوەی داوە کە کردوونی بە چەند مەیـموونو بەرازێكو کۆیلەی ستەمکاران..

(١) في ظلال القرآن.. بەرگی (یەکەم) لاپەڕە (٧٧).
(٢) في ظلال القرآن .. بەرگی (٣) لاپەڕە (١٣٨٥).

جا هەر کەسێك نکوولّیی شتێك لەم واتایە بکاتو بڕیار لەسەر شتێکی تر بدات ئەوا داوای بەلّگەی سەلمێنەری لەسەر وتەکەی لێ دەکرێتو، بەرهەلّستیی نکوولّی کردنو بڕیاردانەکەشی دەکرێت، پاشان پرسیاری دەربارەی جیاوازیی نێوان ئاسەواری ڕاستو هەوالّی بەربلاّوو ناسراوی لێ دەکرێت.. ئەم وتەیەی (موجاهد) پێچەوانەی هەموو ئەو بەلّگانەیە، کە هەلّەو درۆو نارێکی هەلّناگرنو کە ڕای تێکڕاییو یەکدەنگیی زانایانیش لەسەرە هەر تەنها بەلّگەیەکیش بەسە بۆ ناڕاستیی ئەو وتەیەی، کە یەکدەنگیو ئیجماع لەسەر بەهەلّەدانانی هەیە)[(١)].

وادیارە ئەم هەلّوێستەی (مجاهد) ڕاستکردنەوەکەی (طبري)یش لەسەری - خودا لێیان ڕازی بێت- داوای ئەوەمان لێدەکەن، کە لەئاست ڕوالّەتی دەقە قورئانییەکەدا هەلّوێستە بکەینو ئەوە لە قورئان بفامینەوە، کە بڕیاری بۆمان دەدات.

بۆنموونەش لە مەسەلەی گۆڕینی ڕوخسارياندا لەوانەیە کەسێك بپرسێت: (چۆن گۆڕاون بۆ چەند مەیمونێك؟ لەگەلّ ئەم پرسیارەشیدا لەوانەیە ئەوکەسە هەولّ بدات بەبێ زانیاری، عەقلّی خۆی لەو بەسەرهاتە غەریبییانەدا شپرزە بکات، کە لەڕاستیدا عەقلّ هیچ ئامرازێکی تێدا قوولّبوونەوەی نییە، بەم ڕەنگەش هەندێك کەس پەنادەبنەبەر دەقە هەلّبەستراوە ئیسرائیلییەکان، تاکو لەوێوە شیکارو زانیاریی لەسەر ئەو گۆڕانکارییەی ڕوخسارەکان وەرگرن.

جا بۆ دەرچوون لەو نیگەرانیو هەلّەکارییەو لە دوودلّیو کەوتنە نێو هەلّەو، لەبەرئەوەش، کە سوودێکی زانستی لە زانینی ئەو قسەو باسو شیکارە نەسەلمێنراوو ناجێگرانەوە بەدی نایەت، ئەوا ئێمەش پشتی پێ نابەستینو بەندنابین لەلایان، بەلّکو لەگەلّ (سید قطب)دا ئەو وتەیەی خۆی دەلّێینەوە، کە گوتوویەتی: (بەلاّم چۆن بوون بەچەند مەیمونێكو، چییان بەسەرهات دوای بوون بە مەیموون؟ ئایا

---

(١) (تفسير الطبري). بەرگی (٢) لاپەڕە (٧٣!).

قرِیـان تێكـەوتووە وەك هـەر (ڕوخسار گـۆڕاوێكی دی، كـە لـە ڕەگـەزی خـۆی دەردەچێت؟ ئایا كاتێك بوون بە چەند مەیموونێك زاووزێیان كـردووە؟ لـە قورئانـدا وەلأمی ئەم پرسیارانە دیاری نەكراوەو بەپێویست نەزانراوە.

پێغەمبەریش ﷺ لـە فەرموودەكانیـدا باسـی لێـوە نـەكردوون، ئێمـەش هـیچ ئاتاجێكمان بە قووڵ بوونەوە تێیدا نیە).

"بێ دەنگ بوون لە بێ دەنگ بووان"

قورئـــان بـــە دەقـــی ئایەتـــەكان ئامـــاژەی بـــۆ ڕزگـــاربوونی بانگـــەوازكارە چاكەخوازەكانی ئـەو شـارە كـردووە، ئەمـەش وەك ڕێزلێنانێـك بۆیـان، هـەروەها ئاماژەی بۆ سزادانی فەرمان شكێنەكانی شـارەكەش كـردووە، ئەمـەش وەك تۆڵـە لـێ سەندنەوەیەكیان.. بەلأم كۆمەڵی سێیەم (یان ئوممەتی سێیەم) لـە دانیـشتوانی گوندەكـە، كـە (لەئاسـت تـاوانی یاخییەكانـدا) بێـدەنگ بـوون، قورئـان باسـی چارەنووسیانی نەكردووەو لێیان بێدەنگ بووە، ئەمەش وەك سـووكایەتی پێكـردنو بێبایەخ كردنیان.

زانایانی تەفسیر لەمەڕ چارەنووسی كۆمەڵی سێیەم چەند ڕایەكی لێك جودایـان هەیە، هەندێكیان لەو بڕوایەدان گوایە لەگەڵ ڕزگاربوان دابوون.

ئێمەش چارەنوسی ئەوانمان لەلا گرنگ نیەو وتەو بیروڕایەكی یەكلاییكەرەوەمان دەربارەی بەسەرهاتیان نیەو، ناشزانین كە ئایا لەگەڵ سـزادراواندا، سـزادراون، یـان لەگەڵ ڕزگاربوانـدا ڕزگـاربوون؟ بـۆ ڕێزگـرتنی عەقڵیـشمان واباشـە، كـە نەچـینە قوولأیی ئەو باسوخواسەی، كە هیچ زانستێكمان لەبارەیـەوە نیـە. بـۆ ڕێزگـرتنی زانستو زانیارییش هەر واباشە دەربارەی مەسەلەیەك نـەدوێین كـە زانیارییـەكمان

لەسەری نیە، هەروەها بۆ ڕێزگرتنی فەرمایشتی خوداش تەفسیری هیچ ئایەتێك بەبێ زانستو زانیارییەك ناکەین. لەجیاتی ئەوە پابەند دەبین بە بێدەنگیی قورئان لەئاست بێدەنگ بواندا تاکو هەوڵ بدەین چەند سەرنجو ئاماژەیەکی لێ دەربێنین.

(سید قطب) گوتوویەتی: (کۆمەڵی سێیەم- یان ئۆممەتی سێیەم — دەقی قورئانی لێ بێدەنگە لەوانەیە ئەمە بۆ بەکەم گرتنو بێ بایەخ دانانیان بێت — ئەگەرچی بەر سزاکەش نەکەوتبن- چونکە ئەوان بەشێوەیەکی لەبارو پێویست بەرهەڵستیی تاوانکارانیان نەکرد، بەڵکو شێوازێکی نالەبارو ناهەمواریان گرتەبەر، بۆیەش شایستەی پشتگوێ خستنی قورئان بوون، سەرەڕای ئەوەی ئەگەر شایستەی سزاکەش نەبووبن).

لە بێدەنگیی قورئانیش لەئاست بێدەنگبواندا، کە ڕۆڵو بایەخی بەکەم گرتوون، ئەو ڕاستییە وەردەگرین، کە بێگومان ئەوکەسەی لەئاست هەقدا بێدەنگەو، لەکاتی نکووڵیو بەرهەڵستییەکدا لێی دادەنیشێتو، لە بواری ئامۆژگاریو بەیادهێنانەوەدا ترسنۆکەو، لە ڕووبەڕووبوونەوەش دەترسێت، بەڕاستی شایانی بەسووك سەیرکردنو پشتگوێ خستنو لەبیرکردنە. جا ئەگەر کەسێك شایستەی یادکردنو وەسفو ستایشکردن بێتو ناوو یادی لەمێژوودا بە نەمریی بمێنێتەوەو لە تۆماری بوونو یادەوەریی زیندووەکاندا بمێنێتو یادی بکرێتەوە، ئەو کەسە بێگومان هەر پیاوێکی ئازاو بوێرو چاونەترسە، قورئانیش ڕێنمایی ئەو جۆرە کەسانە دەکات، کە ئەگەر دەیانەوێت بناسرێنو یادبکرێنەوەو هەمیشە بەچاکی ناویان لەسەر زاری خەڵکی بێت، با ئەو ڕێگەیە بگرنەبەر، کە دەیانگەیەنێتە ئەو سیفەتانە، ئەویش ڕێگەی بانگەوازو ئامۆژگاریکردنی خەڵکی نەفامو بەیادهێنانەوەی سەرپێچیکارانە، ڕێگەی بانگەوازو ئامۆژگاریکردنی خەڵکی نەفامو بەیادهێنانەوەی سەرپێچیکارانە، ڕێگەی کۆشش لەگەڵ خۆکردنو جیهادیشە، هەمیشە لەنێو خەڵکێکی زۆردا کەسێکی وایان تیابووە، کە لە

پەراوێزی ژیان دابووەو دوورە پەرێزبووەو نەناسراوو پشت گوێ خراوولەبیرکراو بووەو هیچ کەسێك ناوی نەبیستووەو، هەر لەسەر ئەو حاڵـەتی نەناسـراوێتیو پـشتگوێ خراویو لەبیرکراوییە دەمرێتو کەس هەست بە مردنیشی ناکات، ئـەم جۆرەکەسـە خەڵکی لەدنیاداو لەکاتی ژیانیدا لـەبیریان چـۆتەوە پـێش ئـەوەی ماوەیـەك دوای مردنی لەبیریان بچێـتەوە.

بێگومان مێژوو یادو ناوی ئەو جۆرە کەسە، لە بیرکراوو نادیارانـەی فـەرامۆش کردووە، چونکە مێژوو یادی کەسانی بێسەنگو بێکار ناکات.

دیارە هەر لە کۆمەڵدا پیاوانی گەورە دەژینو دەمرنو، پڕ بەگوێی خـەڵکیش هەواڵیان دەبیسرێتو هـەردەم لەبەرچـاویاننو وجـودو ژیانیـان بـۆ پـڕ دەکەنـەوەو لەنێوانیاندا دەژیـن، دوای مردنیـشیان لـە هـزرو هـۆشو دڵو مێـژووی کۆمـەڵدا دەمێنن، ئەوانیش پیاوانی ئیماندارو خۆڕاگرو موجاهیدن کـە مێـژوو ناویـانی بـە نەمریی هێشتۆتەوە، دیارە مێژووش تەنها کارگوزارو هەوڵدەران دەناسێتەوە، تەنها جیهادکارانیش یاد دەکاتەوە، ئا ئەمەیە ڕێگەی ناوبانگو نـەمریی، دەی لـەکوێن ڕێبوارانی ڕێگەکە؟

"گرنگتـرین وانەی ئەم چیرۆکـە"

١- بێگومان ئەم گوندە، یان (شارۆچکەیە)، یان ئـەم شـارە، نموونەیەکـە بـۆ هـەر گوندو شارو شارۆچکەیەکی دی لە ڕووی هەڵویستی خەڵکەکەیەوە لە بەرامبـەر فەرمانەکانی خوادا، چونکە لەمەدا خەڵکەکە بۆ چەند کۆمەڵێك دابەش ببوون، کۆمـەڵێکیان فەرمانـەکانیان دەشـکاندو لێیـان لادەدا، کۆمـەڵێکی تریـان بەرهەڵـستی ئـەم فەرمانـشکێنانەیان دەکـرد، کۆمـەڵێکی تـریش بێـدەنگو بێهەڵوێـست بـوون لـە بەرامبـەر سەرپێـچیکارانو نکوولێیـان لـە فـەرمان

شکاندنەکەیان نەدەکردو ئامۆژگاری یەکیشیان نەدەکردن.

٢- بێگومان خودا خەڵکی هەڵدەسەنگێنێتو بە ئەرکەکانی تاقییان دەکاتەوە، لەنێو خەڵکیشدا کەسانی وا هەیە، کە جیهادو کۆشش لەگەڵ دەروونی خۆیان دەکەنو پابەندی ئەرکو فەرمانەکان دەبنو سەرکەوتوو دەبن لە تاقیکردنەوەکەدا، هەروەها کەسانی واش هەن، کە دوای هەواو ئارەزووی خۆیان دەکەونو لە سنووری فەرمانەکان لادەدەنو، لە تاقیکردنەوەکەدا دەکەون.

٣- جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان (ئاکاری ئەو جوولەکانەی، کە بە فەرمانە خوداییەکانەوە پابەند نەبوون)و، (ئاکاری ئەو هاوەڵانەی پێغەمبەرو هەموو ئەو موسڵمانانەی، کە جیهادی نەفسی خۆیان کردووەو بەسەر ئارەزووەکانیاندا زاڵ بوون).

٤- ئەو ماسیو نەهەنگانەی لە ڕۆژی قەدەغەکراوی ڕاوکردندا بەرەو هەڵنانو فریودانی دانیشتوانی شارەکە دەچوون، چەند سەربازێکی خودا بوونو، خودا فەرمانی پێکردبوون، کە ڕۆژانی شەممە لێیان نزیك ببنەوەو لە ڕۆژانی تردا لێیان دووركەونەوە. جا ماسیو نەهەنگەکان پابەندی فەرمانی خوداو بەجێگەیەنەری بوون، هەر خوداش سەربازانی خۆی دەناسێت ﴿...وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ ﴿٣١﴾ المدثر﴾.

٥- دابەشبونی دانیشتوانی شارەکە بۆ سێ نەتەوەی (دەستدرێژکار)و (بانگەوازکار)و (بێ دەنگان) بەڵگەیە لەسەر چەمکی ڕاستەقینەی نەتەوە لە قورئاندا، ئەمەش بەو پێودانگەی، کە یەك ئایینو، یەك جۆرە پابەندییو، یەك سیستەم کۆیان دەکاتەوە.

٦- کەسانی چاکەخواز، کە بەرهەڵستیی خراپەو تاوانی خەڵکی دەکەن، ئەوا بەو هەڵوێستەیان ئەرکێکی شەرعی بەجێ دێنن، کە خودا پێویستی کردووە

لەسەریان نەك دەست بخەنە کاروباری تایبەتیی خەڵکەوە، یان دستدرێژی بکەنەسەر سەربەستیو خواستەکانیان.

٧- ئەگەر سەربەستییە شەخصییەکانو میزاجو نەریتەکانی تاکەکەس، پێچەوانەی بەرژەوەندیی کۆمەڵ بوون، ئەوا هیچ بەهاو ئەرزشێك بۆ ئەوجۆرە سەربەستیو میزاجانە نامێنێت، چونکە سەربەستیی تاکەکەس لەوێدا تەواو دەبێت، کە بەرژەوەندیی کۆمەڵی لێوە سەرهەڵدەدات، ئیدی هیچ تاکێك بۆی نیە کارێکی وابکات، کە زیان بە کۆمەڵ بگەیەنێتو تووشی سزایان بکات.

٨- ئەنجامدانی خراپەو شکاندنی فەرمانی قەدەغەکراو، هەڕەشەیەکی نەگبەتییەو، مایەی خەشمی خوداو، هۆکاری پێشخستنی سزاو تووڕەییەتی.

٩- بانگەوازکاران لەکاری بانگەوازو پەندو ئامۆژگاریدا، بە دوو پاڵنەری بنەڕەتی پێ هەڵدەگرن:-

پاڵنەری یەکەم: بەڵگەو پاساو بۆخۆ هێنانەوە لەبەردەم خواداو لەڕێی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیانەوە.

دووەمیشیان: پاڵنەری ئارەزوو کردنە لە ئامۆژگاریی کەسانی دی، بەڵکو لەخوا بترسنو پاشگەزبنەوە.

١٠- بێگومان پێدەچێت بانگکراوانو ئامۆژگاری کراوان، پەندو ئامۆژگاریی وەرگرنو یاساکانی خودایان بەبیربێتەوەو لەخودا بترسن، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بانگەوازکارو ئامۆژگاران، ڕێگەیەکی قورئانی لە ئامۆژگاریو پەندو بەیادهێنانەوەیاندا بگرنەبەر.

١١- مرۆڤی بانگەوازکار ئەرکی بانگەوازو ئامۆژگاریی لێخوازراوەو، ئەگەر ئەو ئەرکە جێبەجێ نەکات، ئەواخۆی دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەو سزای خودا. بەڵام لێپرسراو نییە لەوەی، ئەگەر دوای (بەجێگەیاندنی ئەرکی بانگەوازەکەی)

خەڵکی چاك نەبن‌و هیدایەت نەدرێن‌و بەدەم بانگەوازەوە نەچن‌و کاری پێ‌نەکەن، چونکە ئەمە بەدەست خودایەو، هەر خودا خۆی هیدایەتی خەڵکی دەدات.

١٢- بێگومان وتەو قسەکردن بۆ خەڵکی، گوڕوتین‌و بەهاو کاریگەریی خۆی هەیەو، ناشێت خۆمان لێ بگرینەوە، یاخود پشتگوێی بخەین، چونکە هەموو بانگەوازێك هەر لەسەر وتەو ئاخاوتن بنیات نراوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە، کە وشەکان لەدڵەوە دەرچن، تا بگەنە دڵان.

١٤- لە نەتەوەدا چەند کەسێك هەن، کە تەنها بێدەنگی‌و نکوڵیکردن بە دڵ بە باش دەزانن‌و گۆشەگیری‌و ئەو ڕەوتە نالەبارەی هەڵاتن (لە مەیدانی ئامۆژگاری‌و بانگەوازو بەیادخستنەوە) بەچاکتر دەبینن.

١٥- بێدەنگ‌و بێ‌هەڵوێستەکان تەنها بەوەشەوە ناوەستن، کە خۆیان لەئاست خراپەو تاوانی تاوانکاراندا قڕو قەپ و بێدەنگی لێ بکەن، بەڵکو خراپەیەکی تر دەخەنە پاڵ ئەم نالەبارییەیان، ئەوەیە گلەیی‌و گازاندەی توند ئاڕاستەی باوەڕدارە چاکەخوازەکان دەکەن لەسەرکاری بانگەوازو ڕوونکردنەوەی ئامۆژگاری بۆ خەڵکی.

١٦- لەکاتی پەرەسەندنی خراپەو سەرپێچی لەنێو خەڵکیدا، پێویستە لەسەر بانگەوازکارانی، هەر بەردەوام بن لەسەر ئامۆژگاری‌و بەیادخستنەوە، تاکو خەڵکی ڕاستییە شەرعییەکانیان لەبیر نەچێتەوەو، کە شێکی وا دانەیەت، کە حەڵاڵی تیادا بکرێتە حەرام‌و حەرامیشی تێدا بکرێتە حەڵاڵ .

١٧- بەڕاستی لەبیرچوونەوەی حوکمە شەرعییەکان کارەساتێکی گەورەیەو، لەکاری سەرپێچی لێکردنیان ترسناکترە، هەر ئەم لەبیرچوونەوە بەشەکە سەرەتای هاتنی سزای خودایە.

١٨- لەکاتی هاتنی سزای خوادا، هیچ ڕێگایەکی ڕزگاربوون بۆ هیچ کەسێك نییە تەنها بۆ ئەوانە نەبێت، کە ئەرکی خۆیان لە بانگەوازکردنی خەڵکیدا ئەنجامداوە، هەر ئەمەش خۆی کەشتیی ڕزگارییە، سوننەتو دەستوری خوداش هەروایە، کە پاداشتی مرۆڤی چاکەکار لەسەر چاکەکانی دەدرێتەوە.

١٩- سەرپێچی لە فەرمان، کارەسات بەرهەم دێنێت، تاوانکردنیش هەڕەشەی سزادانو هۆکاری پێشترخستنی وێرانیو تیاچوونە.

٢٠- ناشیرین کردنی ڕوخسارو لەشو لاری یاخییەکان لە دانیشتوانی شارەکە، وەك ئەوەی کرابن بە چەند مەیمونێکی ڕیسواو سەرشۆڕکەر، ئەوەش بەشێوەیەکی واقیعیو ڕاستەقینە بووەو، دوای ئەوە قڕیان تێکەوتووەو کەسیان لێ نەژیاوەو زاووزێشیان نەکردووە، ئەمەش نیشانەیەکی ڕۆشنە، کە خودا دەیخاتە بەرچاوی سەرپێچی کارو یاخییەکان، تاکو پەندی لێ وەرگرن.

٢١- پێویستیو فەرزبوونی وابەستەیی، تەنها بەڕواڵەتی دەقی قورئانییەوە، سەرپێچی لێ نەکردنییانو نەشێواندنی، واتە چۆن باسی ناشیرینکردنی ڕوخساری تاوانبارەکان هاتووە، دەبێت وەك خۆی بەپێی دەقە قورئانییەکە باسی بکرێتو پەنا ببرێتەبەر سەرچاوەیەکی دی.

٢٢- مرۆڤایەتیی مرۆڤ، تەنها بەگوێڕایەڵی کردنی فەرمانی خودا دەچەسپێتو دێتەدی، هەرئەمەش بنچینەی ڕێزلێنانی لای خودایەتی، خۆ ئەگەر مرۆڤ یاخی بێتو لە ستەمدا ڕۆبچێتو کافرو بێباوەڕ بێت، ئەوا بێگومان لە پلەو ڕێزی خۆی دابەزیوەو، دەستی لە مرۆڤایەتی خۆی هەڵگرتووەو کەوتۆتە سەر ئاقارێکی بێزراوی ئاژەڵیانەوە.

٢٣- بێدەنگبوانو بێهەڵوێستان هەر شایستەی پشتگوێ خستنو فەرامۆش کردنو لەبیربردنەوەن، چونکە بێخەمو بێباکن لەسەر دینی خوداو لەسەر ئاکاری خەڵکی.

٢٤- ڕێگای ناوو ناوبانگو یادیی نەمریی‌و هەمیشەیی لای خەڵك کارکردن‌و هەوڵو لەگەڵ خۆ تێکۆشان‌و جیهادکردنە، خەڵکیش هەرەکەسانی دڵسۆزو تێکۆشەریان لەیادە، مێژووش هەر ئەم جۆرە کەسانە باس دەکات، ئای چ جیاوازییەکی زۆرو دوور درێژ هەیە لەنێوان (ئەو کەسەی، کە بە نەناسراوی دەژی‌و بە نەناسراوییش دەمرێت)و (ئەو کەسەش، کە لە ژیانیدا ناسراوەو بەکردەوەی چاك‌و هەڵوێستە جوامێرییەکانییەوە، لەژیانیدا چاوو گوێ‌و هزری خەڵکیی پڕکردووەو، دوای مردنیش هەر لەبەرچاوانیانەو هەواڵی دەبیستن‌و باسی دەکەن‌و لە هزرو یادەوەرییان دایە)!!.

چیرۆکـی حەوتـــەم

چـیرۆکی (طـالووت)

ئەم چـیرۆکە لـە قورئانـدا بـەم شـێوەیەو لـەم ئایەتانـەدا هـاتووە، کـە خـودا فەرمووییە:

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلَإِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَىٰ إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۖ قَالَ هَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا تُقَاتِلُوا ۖ قَالُوا وَمَا لَنَا أَلَّا نُقَاتِلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَدْ أُخْرِجْنَا مِنْ دِيَارِنَا وَأَبْنَائِنَا ۖ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ الْقِتَالُ تَوَلَّوْا إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ ۗ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴿٢٤٦﴾ وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا ۚ قَالُوا أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِنَ الْمَالِ ۚ قَالَ إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ ۖ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَنْ يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٤٧﴾ وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَنْ يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَىٰ وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلَائِكَةُ ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴿٢٤٨﴾ فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللَّهَ مُبْتَلِيكُمْ بِنَهَرٍ فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَنْ لَمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ ۚ فَشَرِبُوا مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِنْهُمْ ۚ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ

وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَعَهُۥ قَالُواْ لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦۚ قَالَ
ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً
كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾ وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ
قَالُواْ رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ
ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٥٠﴾ فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ
وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ
ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ ذُو فَضْلٍ
عَلَى ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٥١﴾ تِلْكَ ءَايَٰتُ ٱللَّهِ نَتْلُوهَا عَلَيْكَ بِٱلْحَقِّۚ وَإِنَّكَ
لَمِنَ ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿٢٥٢﴾ البقرة ﴾.

واتای ئەم ئایەتەو لێکدانەوەیان لەبواری گێڕانەوەی چیرۆکەکەو بڕگەکانیدا دیاری دەکەین.

"پوختەی چیرۆکەکە لەڕێی گێڕانەوەکەی قورئانەوە"

ئەم ئایەتانەی قورئان ئاماژە بۆ چیرۆکێك دەکەن، کە بەسەر (بنو اسرائیل) داهاتووەو لە ماوەیەکدا بەسەریان داهاتووە، کە لە خاکی پیرۆزدا لەبەردەم دوژمنانیان چەوساوەو بێدەسەلات بوون، سندوقی تەورات ﴿واتە: ئەو (تابووت)ە﴾ بوو، کە دڵنیایی‌و متمانەی لەخوداوە تێدابوو بۆیان، هەروەها ئەو شتانە بوو، کە لە نەوەکانی (موسا)و (هارون)ەوە بۆیان بەجێ‌مابوو وەك چەند پارچە کەل‌وپەلێك‌و یاساکانی تەورات.

هەروەها ئەو گەلە هەستیان بە سەرشۆڕیو تاڵیی بەزینو لاوازیی دەکرد، هەستەکەش لەلای هەموویان وەك یەك دروست ببووو، تێکڕا خەڵکی عەوامو پیاوماقووڵو هەموو چینو توێژەکانی گرتبووەوە، بۆیە خواستیان هاتە سەر ئەوەی کە ئەو واقیعە لاوازەیان بسڕنەوەو سەرشۆڕییان بۆ سەربەرزیی بگۆڕنو، بەزینیشیان بۆ سەرکەوتن. زانیبووشیان، کە تاکە ڕێگەی ئەو گۆڕانگارییە تەنها جیهادو جەنگو کوشتارە.

بۆ ئەم مەبەستەش پیاوماقووڵو حاکمەکایان پەنایان بردەبەر پێغەمبەرەکەیانو داوای بەهاناوەهاتنیان لێکردو، داواشیان لێکرد پادشایەکیان بۆ هەڵبژێرێت، کە کاروباریان لەئەستۆ بگرێتو بەرەو سەربەرزیو سەرکەوتنیان ببات، لەپێناوی خواداشدا جەنگو کوشتاری دوژمنانیان بکات، وا دیارە ئەو پێغەمبەرەشیان شانازی نەریتی شلو شێواوو خواستی خاوو خلیچکیان بووو، دەیزانی کاتێك فەرمانی جەنگییان پێدەدرێت خۆیانی لێ کەڕ دەکەنو پاڵی لێ دەدەنەوەو ناجەنگن. بۆیە پێی گوتن: ﴿هَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُواْ﴾ (ئەی ئەگەر جەنگتان لەسەر نووسراو لە زەمانی جەنگ نزیك خرانەوە ئایا پەشیمان نابنەوەو جەنگ دەگێڕن؟) بەمانای: (ئایا کاتێك داوای جەنگو کوشتارمان لێکردن ئامادەن جەنگ بکەن یاخود لێی دوا دەکەون؟ بێگومان من دەزانم کە ئێوە خۆتانی لێ دوادەخەن).

ئەوانیش دڵنیایان کردەوە بەوەی، کە دەجەنگنو خۆیان دواناخەن، تاکە هۆیەکیش، کە ڕێگرە لەبەردەم جەنگینیاندا لەئارادانەبوونی پادشایەکە بۆیان، کە سەرکردایەتییان بکات، جا ئەگەر ئەو پێغەمبەرە ﷺ پادشاکەیان بۆ دابنێت، ئەوانیش پەلە دەکەن لە جەنگ لەژێر سایەیدا، هەروەها بۆیان ڕوونکردەوە، کە ئەو هاندەرە گەورەیەی پاڵیان پێوە دەنێت بۆ جەنگ ئەو دۆخی بێدەسەڵاتیو لاوازییەیانە، کە تێیدا دەژینو، دەربەڕیاندنیانە لەخاکی خۆیان، کە (دوژمن لێی

داگیرکردوون)و بەزینەکەشیانە لەبەردەم دوژمنانیانـدان، ئیـدی گوایـە زۆر سـوورن لەسەر بەزاندنی دوژمنانو ڕزگارکردنی خاکەکەیانو، کە ئەم هاندەرانـەش هـەبێت بۆچی ناجەنگن؟.

کاتێك پێغەمبەرەکـەیان ئـەو وتەیـەی لـێ بیـستنو، دیـتی چـەندە بـەجۆش‌و ئامادەی جەنگن، داوای لـەخودا کـرد پادشـاکەیان بـۆ دیـاری بکـات.. خـوداش سرووشی پیّدا ئەوا (طـالوت) ئـەو پادشـایەیان دەبێـت، کـە بـەرەو سـەرکەوتن‌و سەربەرزی‌و ڕزگارییان دەبات. کاتێك ئەو گەلە وەڵامی پادشـاکەیان پـێ گەیـشت ڕاچڵەکین‌و پییان ناخۆش بوو، چونکە بەڕای خۆیان لەو بڕوایە دابوون، کە پادشـاکە لە بنەماڵەی پادشایی‌و لە خانـەوادەی پادشـایان بێـت، (طـالوت)یـش لـەو ماڵـە دابووو، پاشان کابرایەکی هەژار بووو خاوەنی مـاڵو دارایـی پێویـست نـەبوو، کـە شایستەی پادشایەتی بکات، بۆیـە نارەزاییـان لـەلای پێغەمبەرەکـەیان دەربـڕی‌و گوتیان: (چۆن دەبێتە پادشا لەسەرمان لەکاتێکدا خۆمان لەو شایـستەترین‌و، ئـەو خاوەنی ماڵو سامانی زۆریـش نیـە.) ﴿أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ﴾؟

پێغەمبەرەکەی (بنو اسرائیل) سەرسام بوو لە هەڵوێستی ئەو گەلەی پێشتر، کە ڕازی دەبوون بە هەر پادشایەك‌و، کەچی کاتێـك خـودا (طـالوت)ی بـە پادشـا بـۆ هەڵبژاردوون، نارازین..

ئینجا ئەو پێغەمبەرە هەموو ئەو سیفەتانەی بۆ گەلەکەی بـاس کـرد، کـە لـە پادشاکەدا هەیـەو شایـستەی دەسـەڵاتی دەبێـت، هـەروەها ڕایگەیانـد، کـە ئـەو گونجـاوترین کەسـە بـۆ پادشـایی بـەپێی پێـوەری ئیمانـداریێتی، کـە خـودا هەڵیسەنگاندووە پێی، سیفەتەکانیش ئەمانـە بـوون ﴿إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ ۖ وَاللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ

﴿وَٰسِعٌ عَلِيمٌ﴾، واتە: (بێگومان خودا ئەم پادشایەی لەنێو هەمووتاندا هەڵبژاردووەو پەسەندی کردووەو، زانستو زانیارییەکی زۆرو پتری لە زانیاریی خەڵکی زەمانی خۆی پێ بەخشیوەو، لاشەیەکی بەهێزو گەورەشی پێداوە، خوداش کاری پادشایی دەبەخشێت بەهەر کەسێك، کە شایانی بێتو بەخواستی خودا بێت، خوداش فەزڵی زۆرەو زانایە).

بێگومان خودا داناو شارەزایە، کە ئەو پادشایەی لەنێو ئەواندا هەڵبژاردووەو زانستێکی فرەی پێداوەو جەستەیەکی تۆکمەو بەگوڕی پێ داوە، تاکو ئەرکەکانی پادشاییو بارە گرانەکانی سەرکردایەتی لەسەر شان دانێت، ئیدی بۆچی بەرهەڵستیی لەسەر دەکەن؟ بێگومان خودا بەخواستی خۆی پادشایی بەهەر کەسێك دەدات لەوانەی شایستەی کارەکەن، هەروەها بەخششی خۆی دەدات بەوەی شایانیەتیو دەیناسێت، جا مادام خودا خۆی کاری پادشایەتیی بە (طالوت)داوە، کەوابوو ئەم کابرایە پادشایەکی شایستەیە بۆ ئەو کارە. هەروەها پێغەمبەرەکەیان ویستی هیچ ناڕەزاییو بەرهەڵستییەکیان لەسەر پادشایەتیی (طالوت) لەدڵو بیرو هۆشیاندا نەهێڵێتو ئەو بەڵگەو نیشانەیەی خودا بۆی داناوە پێشانیان دەداتو هاتنی بەڵگەکان دەلالەتە لەسەر ئەوەی، کە خودا خۆی (طالوت)ی بەپادشا بۆ هەڵبژاردوون، ئینجا پێی گوتن: (نیشانەی هەرە دیاری پادشاییەکەی ئەوەیە، کە سندوقی (تابووت)ە لێ زەوتکراوەکەیان بۆ دەهێنێتەوەو لە هاتنەوەی سندوقەکەشدا ئارامیو متمانەتان لەخوداوە بۆ دێتو ئەو کەلوپەلو کەلەپوورەی لە نەوەی (موسا)و نەوەی (هارون)ەوە بەجێماوە بۆ ئێوە دەبێت، سندووقەکەش فریشتەکان بۆتانی دێننو ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٢٤٨﴾﴾ ئەمەش نیشانەیەکی ڕوونی ترە بۆ ئێوە ئەگەر باوەڕ بەخوداو بەڵێنی خوداو سەرکەوتن دێنن.. مەلائیکەتەکان سندووقەکەتان (کە پێشتر هی خۆتان بوو) بۆ دێننەوە بەبێ ئەوەی جەنگو کوشتاری لەسەر بکرێتو، کە دەبوایە دوای سەرکەوتن بەسەر

دوژمناندا دەستیان بكەوتایەوە، بەڵام ئەوا مەلائیكەتانی خودا ئەو سندووقەیان بۆ هەڵدەگرنو پێیان دەگەیەننەوە. دیارە مەلائیكەتەكان كاتێك ئەو سندووقەیان بۆ هەڵدەگرنو پێیان دەگەیەنن، بەڵگەیەكی ترە لەسەر ئەوەی، كە خودا قایل بووە بە دانانی (طالوت) بۆیانو، فریشتەكانیش بە (طالوت) قایلن بۆیان.

ئەم سندووقەش دڵنیاییو ئاسوودەییەكی لە خودای پەروەردگاریانەوە تێدابوو بۆیان، لە ئایەتەكەدا وشەی (سكینة) هاتووە: ﴿أَن يَأۡتِيَكُمُ ٱلتَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٞ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ وشەی (سكينة)ش واتە دڵنیاییو حەوانەوەو قایل بوونو یەقینو باوەڕی تەواو، هەروەها سندووقەكە چەند كەرەسەیەكی لەپاش بەجێماوی خانەوادەی (موسا)و خانەوادەی (هارون)یشیی تێدایەو، لەوانەیە ئەو پاشماوانە شتێكی ماددیی بنو لەهەردوو خانەوادەی (موسا)و (هارون)ی برایەوە بەمیرات بۆیان مابێتەوە.

ئەو نیشانەیەی، كە پێغەمبەرەكەیان بەڵێنی پێدابوون، بەدیهاتو فریشتەكان سندووقەكەیان بۆ هەڵگرتنو بۆیان هێنان.. ئینجا ئەوانیش (بەناچاریی) قایل بوون بەوەی (طالوت) پادشایان بێت. (طالوت) كاری دەسەڵاتو پادشایەتیی گرتەدەستو گەلەكەی سازو ئامادەكرد بۆ جەنگو، دەزگاو كەرەسەی جەنگی بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنانیان بۆ ڕێكخستن، كاتێك لەشار دەرچوون بۆ جەنگی چارەنووسسازو یەكلاییكەرەوە، پادشا بەوپەڕی ژیریو وریاییو زیرەكیو داناییەوە هەڵسوكەوتی لەگەڵدا كردنو ئەو سیفەتانەی تێیدابونو، كە (پێشتر پێغەمبەرەكەیان وەسفی بۆ كردبوون) بەدیهات لەبەرچاویانو زانییان، كە خودا زانستو زانیارییەكی فرەو جەستەیەكی پتەوو لێهاتوانەی هەیە. ئەو دەیزانی، كە گەلەكەی لەسەرەتادا چەندە بەتەوژمو گەرموگوڕن بۆ جەنگو، دەیزانی كە ئەمەش هەڵچوونێكی توندو كاتییەو بێگومان لەماوەیەكی كەمدا دەنیشێتەوەو، دەیزانی كە بەڵێنو خۆزگە خواستن وەك ئەزموونی كرداری نییەو، دەیشیزانی كە زۆربەی

حاڵەتەکانی هەڵچوونو جۆشو خرۆش لەکاتی تاقیکردنەوەی کرداریدا دەتوێنەوەو، خاوەنانی وەعدو بەڵێنە خۆزگە پێ خواستراوەکان لەکاتی پەیڕەوکردنی واقیعیدا هەموو ئەو بەڵێنانە دەشکێنن، بۆیە (طالوت) تاقی کردنەوە، تا بزانێت لەسەر چ ئاکارو ڕەفتارێکن..

ئەوەبوو کاتێك لەو هەرێمەیان دەرچوونو نزیك بوونەوە لە خاکی دوژمنو، ناوچەو ماڵو خانووبەرەی خۆیان بەجێهێشتو لەبەرچاویان نەما، (طالوت) پێی گوتن: (خودا بە ڕووبارێك تاقیتان دەکاتەوەو کاتێك پێیدا تێپەڕین لێی نەخۆنەوە، جا هەر کەسێك سەرپێچی لەم فەرمانەم بکاتو لێی بخواتەوە ئەوە لە سوپای مندا نیەو، دوام نەکەوێت، چونکە سەربازێکی ڕێكو پێكو گوێڕایەڵ نیە. بەڵام هەر کەسێك لە ڕووبارەکە نەخواتەوەو پابەندیی فەرمانەکە بێتو گوێڕایەڵ بێت ئەوە لە منو لە نەتەوەو سوپای باوەڕداری منە).

بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەو پێغەمبەرە وەك دیاردەیەك لە دانایيو شارەزایی خۆی، ڕێی ئەوەی پێ دان، کە با هەر یەکەیان پڕ بەچنگيو بەیەك جار نەختێك ئاو لە ڕووبارەکە بخواتەوە، ئەمەش بە ئەندازەی ئەوەی دەمی پێ تەڕ دەکاتو تینوێتییەکەی پێ بشکێنێت.. (وەك گوتراویشە) ئەگەر تۆ دەتەوێت خەڵکی گوێڕایەڵیت بکەن ئەوا بەپێی توانا داواکارییان ئاراستە بکە.. ئەم داواکاريو فەرمانەی (طالوت)یش شیاو بووەو لەڕادەی توانایان دا بووە، کە هێندەی دەم تەڕکردنو نەهێشتنی فشاری تینوێتیان، پڕ بەچنگیانو لەیەك جاردا ئەو بڕە ئاوە بخۆنەوە. بەڵام کاتێك گەیشتنە سەر ڕووبارەکە، سەرپێچییان لە (طالوت)کردو تێر ئاویان خواردەوەو بێدڵیی خۆیان نەکرد، تەنها ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، کە پابەندیی فەرمان بوونو گوێڕایەڵیی فەرماندەکەیان کرد.

(طالوت) هەموو ئەو کۆمەڵە یاخيو سەرپێچیکارەی بەجێ هێشتو دەستبەرداریان بووو، تەنها بەو چەند کەسە کەمە باوەڕدارو گوێڕایەڵەوە ڕێی

جیهاده‌كه‌ی گرته‌به‌ر تا گه‌یشته‌ ناوچه‌ی جه‌نگی، كـه‌ جـه‌نگی یه‌كلاكـه‌ره‌وه‌ بـوو. به‌ڵام سه‌ربازه‌كانی سه‌یری سه‌ربازه‌كانی دوژمنانیان كردو له‌ جه‌نگییان ترسانو لـه‌ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌شیان سڵیان كرده‌وه‌و ترسنۆك بوون، دوژمنه‌ بێباوه‌ڕه‌كانیشیان، كه‌ (جالوت) سه‌ركردایه‌تیی ده‌كردن، له‌وان گه‌لێك زیاتر بـوون، بۆیـه‌ زۆر كـه‌س لـه‌و كه‌مینه‌یه‌ی، كه‌ له‌گه‌ڵ (طـالوت)دا مابوونه‌وه‌، پێیان گوت: (ئه‌ی (طـالوت) ئێمـه‌ ئه‌مڕۆ هـیچ وزه‌یـه‌كمان به‌رامبـه‌ر (جـالوت)و سـه‌ربازه‌كانی تیـا نـه‌ماوه‌و هـیچ هێزێكیشمان بۆ جه‌نگین له‌دژیان نیه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ له‌دژیان ناجه‌نگین. له‌وێشدا چـه‌ند كه‌سی ترسنۆك به‌جێیان هێشتو له‌ شه‌ڕه‌كه‌ ده‌ترسانو پادشا، واته‌ (طالوت) خۆیو كه‌مینه‌یـه‌كی زۆر كـه‌م لـه‌ سـوپاكه‌ی له‌گه‌ڵیـدا مانـه‌وه‌، ئـه‌وانیش ئـه‌و كه‌سـه‌ ئیماندارانـه‌ بـوون، كـه‌ ده‌یـانزانی به‌دیـداری خـودا ده‌گه‌نـه‌وه‌و، كـه‌ خوازیـاری ڕاسته‌قینه‌، به‌هه‌شـتو نیعمه‌تـه‌كانی بـوون. ئـه‌و چـه‌ند پیـاوه‌ كه‌مـه‌، كۆمه‌ڵـه‌ ترساوه‌كه‌یان فێری چه‌ند بنه‌مایـه‌كی سـه‌ركه‌وتنو هۆیـه‌ به‌تینكـه‌ره‌كانی ده‌كـردو پێیان گوتن: ئای له‌مه‌وبه‌ر چه‌ند جار ڕێكه‌وتووه‌، كه‌ به‌یارمه‌تیی خودا كۆمه‌ڵێكی كه‌م كۆمه‌ڵێكی زۆریان به‌زاندووه‌و، خوداش‌له‌گـه‌ڵ ئـارامگران دایـه‌: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ﴾.

(طالوت) له‌گه‌ڵ ئه‌و چه‌ند پیاوه‌ كه‌مه‌ باوه‌ڕدارو خۆڕاگرانـه‌دا چـوونه‌ مه‌یـدانی جه‌نگه‌وه‌و داوای سه‌ركه‌وتنیان له‌ خودا كردو، هانایان بۆ بردو لێی پاڕانه‌وه‌و گوتیان: ﴿...قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٥٠﴾ البقرة﴾، واته‌: (خودایه‌ ئارامیو خۆڕاگرییـه‌كمان به‌سـه‌ردا بێنه‌و جێگیرمان، كه‌ له‌سه‌ر ئه‌م جیهاده‌و، سه‌رمانخه‌ به‌سه‌ر گه‌لی كافراندا).

خوداش به‌ڵێنی خۆی بۆ به‌دی هێنانو سـه‌ركه‌وتنو بالاده‌سـتیی پـێ به‌خـشین، مادام ئه‌وان ڕاستیان كرد له‌گه‌ڵ خوادا له‌و به‌ڵێنـه‌ی كـه‌، پێیـان دابـوو، ئـیتر بـه‌

کۆمەڵو یامەتیی خودا ئەو دوژمنانەیان بەزاند. یەکێك لەو پیاوە بەئارامو ئازایانەش (داود) بوو -سڵاوی خودای لێ بێت- کە لەو کاتەدا نە پێغەمبەر بووو نە پادشا، بەڵکو دوای ئەوە بووە بە پێغەمبەرو بەپادشا (والله أعلم)، داود لەو جەنگەدا بەرەو ڕووی (جالوت) بۆتەوەو کوشتوویەتی، لەپاش ئەوە خودا پلەی پادشایەتیو دانایی‌و حکمەتیشی پێ بەخشیوەو، بەخواستی خۆی چەندین زانستیشی فێرکردووە.

(طالوت) بەو چەند کەسە کەمە ئیمانداراەوە دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتی خۆی دوای ئەوەی خاکەکە ڕزگار دەکاتو سندووقەکەش دەسێنێتەوەو، دوژمنان دەبەزێنێتو دەسەڵاتی خاكو وڵات بۆ گەلەکەی دەگێڕێتەوە.. هەروەها دوای ئەوەی پەردە لەسەر ڕووی ڕاستەقینەی (بنو اسرائیل) هەڵدەداتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتەکەی.. پاشان گەلێك شتی شاراوەی لەسەر ژیانو خوو نەریتیان بۆ ئێمە دەرخستووە.. گەڕاوەتەوە بۆ مەملەکەتەکەی دوای ئەوەی ڕاستیی خواستەکانی جەماوەری زانیوەو، دوای ئەوەی لە چۆنیەتی سەودا لەگەڵ کردنیان شارەزا بووەو، دوای ئەوەی موجاهیدانی ئازاو بەئارامیشی لەنێویاندا ناسیوەو، کە هەمیشە ئەم جۆرە موجاهیدانە لەنێو جەماوەرو کۆمەڵدا ژمارەیان کەمەو بەڵام سەرکەوتووو سەرفرازن.

لەدوای (طالوت)، (داود) حوکمی (بنو اسرائیل)ی وەك پێغەمبەرێكو پادشایەكو جێنشینێکی (طالوت) کردووە.

" چیرۆکی (طالوت) له دەقه ئیسرائیلییەکان دا"

چیرۆکی (طالوت) لای (بنو اسرائیل) زانراوو دیارەو بە شێکارێکی زۆرەوە له کتێبی کۆنی (تەورات)و کتێبەکانی تریان دا باس کراوە.

کتێبەکانی (بنو اسرائیل) بەدرێژیی باسیان له (بنو اسرائیل)و واقیعیان لەپێش هاتنی (طالوت)دا کردووە، هەروەها بەدرێژە باسی سەرهەڵدانی زەمانی (طالوت)یان کردووە کە چۆن کاروباری فەرمانڕەوایی گرتۆتە دەست و ڕووەو جەنگو کوشتاری دوژمنان ڕۆشتووەو، باسی دەرکەوتنی (داود)یشیان کردووە کە نێوان خۆیو (طالوت) لەدوای کوشتنی (جالوت) چۆن بووەو چۆن ژیاون.

لەم بارەیەوە چەندین لاپەڕەیان بەو دەقە درێژە پێدراوە ئیسرائیلییانە پڕ کردۆتەوەو، حیکایەتخوانانی ئیسرائیلی بۆ موسڵمانانیان گێراوەتەوە، چەند کەسێکی چیرۆك گێڕەرەوەی موسڵمانانیش ئەو دەقە ئیسرائیلیانەیان پەسەند کردووەو له هەندێك کتێبی داستانو مێژووو چیرۆكو تەفسیرەکانیشدا دیارییان کردوون، تەنانەت چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزیشیان بەو دەقە هەڵبەستراوە ئیسرائیلیانە تەفسیر کردووە.

ئێمەش لێرەدا ڕامان وایە کە دەقە ئیسرائیلییەکانی تایبەت بە چیرۆکی (طالوت) لەم باسەماندا نەهێنینەوە، تەنانەت گەر لە دەرووی هۆشیارکردنەوەشەوە بێت وەك چۆن لەچیرۆکەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کردن، چونکە دەقە ئیسرائیلییەکان لەسەر چیرۆکی (طالوت) هێجگار درێژو زۆرنو گەر باسیان بکەین چەندین لاپەڕەمان لێ دەگرن، بەڵام لەڕووی لێ ئاگاداربوونو لێ وریا کردنەوەی موسڵمانانیشەوە ئاماژەیەکی خێرا بۆ چەند بڕگەیەکیان دەکەین:-

(گوتوویانە گوایە (بنو اسرائیل) چوونەتە فەلەستینەوەو بەسەرکردایەتی کوڕە یاوەرو خزمەتگوزارەکەی (موسا) کە (یوشەعی کوڕی نوون)ە بەسەر دانیشتوانەکەیدا سەرکەوتوونو ناچاری کردوون، کە لەکەناری باشووری فەلەستین (لە غەززەو عەسقەلان) نیشتەجێ بن‌و، خۆشیان (بنو اسرائیل) لە باکوورو ناوەڕاستی ولاتەکەدا بن. ئیدی بۆ ماوەی چوارسەدو شەست (٤٦٠) ساڵ پادشایی‌و هێزو بالادەستی بۆ (بنو اسرائیل) بووە، چونکە خواپەرست‌و عابید بوون. بەلام دوای ئەوە (بنو اسرائیل) بێ باوەڕ (کافر) بوونەتەوەو لە ستەمدا رۆچوون‌و سنووری یاساو خەرمانی خودایان بەزاندووە، خوداش دوژمنە فەلەستینییەکانیان بەسەردا زاڵ کردۆتەوەو، ئەو دوژمنە سەرسەختانەی پێشوویان بەزاندوویان‌و کوڕانی پادشاکانیان بەدیل گرتوون‌و سندووقەکەشیان لێ سەندوونەوە).

ئینجا لەدەقە ئیسرائیلییەکاندا گوتوویانە: ((بنو اسرائیل) کوڕێکیان لەدوای بەسەرهاتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەر بەوەلەد بووە (لەدایك بووە) لێیان‌و، ناوی (سەمۆیل)یان (شەمۆیل)، یان (شەمعوون) بووەو کاهینێکی خۆیشیان هەبووە، کە ناوی (عیلی) بووەو کابرایەکی دوو ڕووو درۆزن بووەو، خودا (شەمۆیل)ی کردۆتە پێغەمبەریان‌و، (عیلی)ی کاهینیش مردووە).

هەروەها گوتوویانە: (خەڵکی پیاو ماقووڵو پایەداری (بنو اسرائیل) هاتوونە لای (شەمۆیل)ی پێغەمبەریان‌و داوایان لێ کردووە پادشایەکیان بۆ بنێرێت تاکو لەژێر سەرکردایەتیی ئەو پادشایەدا لەپێناوی خودادا بجەنگن، ئەویش پەیمان‌و بەڵێنی تەواوی لەسەر گوێڕایەڵی کردنیان لێ وەرگرتوون، ئینجا تێلا (عصا)یەك‌و شاخی ئاژەڵێکی کە (رونێکی پیرۆزکراو)ی تێدا بووە هەڵگرتووەو پێی گوتوون: (ئەو پادشایەی بۆتان هەڵدەبژێررێت درێژیی جەستەی بەقەد درێژیی ئەم تێلایەیە)).

هەروەها لەو دەقە ئیسرائیلیانەدا گوتوویانە: (پیاوێك کە ناوی (شاوول) بووەو

کە (لە قورئاندا بە (طالوت) ناوبراوە) بەلای پێغەمبەرەکەدا تێپەڕیوەو لەخەڵکی عەوامی گەلەکەی بووەو کاری چەرمو پێستە خۆشکردنی هەبووەو، کەرەکەی لێ ون بووەو بەدوایدا گەڕاوەو، ئیدی کە بەلای (شەمۆیل)دا ڕەت بووەو پێغەمبەرەکەش کاتێك چاوی بەم پیاوە کەوتووەو سەرنجی درێژی بالآی داوە زانیویەتی ئەمە ئەو پادشایەیە کە بۆیان دیاری کراوە، ئیدی بەگەلی (بنو اسرائیل)ی گوتووە: (ئەوا خودا (طالوت)ی وەك پادشایەك بۆ ناردوون). گەلەکەشی بەرهەڵستییان کردووە لەوەدا، چونکە گوایە لە کوڕەزاکانی (یەهووزا) نییە، (واتە لە نەوەی پادشاکان نییە)و هەروەها لە کوڕەزاکانی (لاوی)یش نییە (واتە لە نەوەی پێغەمبەرەکانیش نییە). نیشانەی پادشاییەکەیشی ئەوەبووە، کە (سندووقەکەیان بۆ دەهێنێتەوە).

پاشان لە دەقە ئیسرائیلییەکانیاندا گوتوویانە: (سندووقەکە لەگەڵ ئادەم لە بەهەشتەوە کەوتۆتە خوارەوەو پێغەمبەرانیش یەك لەدوای یەك بەمیرات گرتوویانەتەوە تا گەیشتۆتە پێغەمبەرانی (بنو اسرائیل)و (سەکینە)یان تیادانـاوە. سەکینەش ئاژەڵێك بووە لە شێوەو بارستاییی پشیلەیەك داو لەکاتی جەنگدا بەڕووی دوژمنانیاندا قیژاندوێتیو هاواری کردووەو، بەمەش دوژمنان بەزیون. بەڵام کاتێك فەلەستینییەکان جوولەکەکانیان بەزاندووەو سندووقەکەیان بۆ وڵاتی خۆیان بردووە ئەوە بۆتە هۆی نەفرەتو ماڵوێرانی لەسەریانو بەهۆی ئەوەوە سزایان تووش بووە (واتە تووشی فەلەستینییەکان بووە)و لەهەر جێگەو ناوچەیەك دایاننابێت سزاو نەفرەت بەر ئەو ناوچەیەو دانیشتوانەکەی کەوتووە، ئیدی هەموویان ڕێکەوتوون لەسەر ئەوەی، کە سندووقەکە بۆ (بنو اسرائیل) بگێڕنەوە. بەڵام خستوویانەتە سەر عەرەبانەیەكو دوو (گا)شیان لە پێش عەرەبانەکەوە بەستۆتەوەو گاکان عەرەبانەکەیان بۆ لای (بنو اسرائیل) ڕاکێشاوەو ئەوانیش هەر کە سندووقەکەیان بەدیی کردووە، ملکەچ بوون بۆ (طالوت)و گوێڕایەڵیی

کاروباری پادشایەتییان کردووه، ئینجا (طالوت) سوپاکەی سازداوەو بەرەو جەنگی (جالوت)، یان (جوولیات) وەك جوولەکەکان وای ناودەبەن ڕۆیشتووەو، بەلای رووباری ئەردەن (الشریعة)دا تێپەربوونو ژمارەیان چوار هەزار کەس بووەو، (طالوت) نەیهێشتووه له ئاوی ڕووبارەکه بخۆنەوه تەنها هەریەکەو پڕ چەنگیان نەبێت، کەچی تەنها سێ سەدو دە کەس، یان بیست، یان سی کەسێك نەبێت، کە پابەندو گوێڕایەڵی فەرمانەکەی بوون، دەنا هەموو ئەوانی تر لە ئاوەکەیان خواردۆتەوەو خۆیان لێ تێرکردووه، ئەویش خۆیو ئەو چەند کەسە کەمە رووەو جەنگی (جالوت) چوون، له سوپاکەشدا کوڕێکی بچووكو نەناسراویان لەگەڵدابووه کە (داود) بووە —سلاوی لێ بێت-و کە قۆچەقانییەکی بەردهاوێژی پێ بووەو بەردی پێ گرتبێتە هەر کەسێك پێکاویەتیو لە هەر مرۆڤێك، یان لە هەر ئاژەلێکی گرتبێت کوشتوویەتی.

لەنێو سوپای دوژمنانەوه (جالوت) دەرکەوتووه، کە پیاوێکی قەوارە گەورەو زل زەبەللاح بووەو داوای زۆرانبازی (مبارزه)ی کردووەو سوپاکەی (طالوت)یش لێی ترساونو هیچ کەسێك بۆ زۆرانبازیی بەرەو ڕووی نەوەستاوه. خوداش لەو کاتەدا سرووشی بە (شەمۆیل)ی پێغەمبەریان گەیاندووه، کە گوایە لە سوپاکەیاندا شوانێکی بچووکی مەڕو مالآت هەیەو، ئەویش (داودی کوڕی ئییشا)یەو، ئەو کەسەشە کە (جالوت) دەکوژێتو، خودا پادشاییو جێنشینیی پێ دەبەخشێت.

دوای گەڕانێکی زۆرو چڕ شوانەکەیان دۆزییەوەو ئاخاوتنێك لەنێوان ئەو شوانەو (طالوت)دا کراوه، ئینجا بەڕێ کەوتووه بۆ زۆرانبازیی (جالوت)و له ڕێگەیدا سێ بەردی بینیوەو بەردەکان داوایان لێ کردووه هەڵیانگرێتو لەگەڵیا دواون، چونکە (جالوت)یان پێ دەکوژێت. ئەویش له قۆچەقانییەکەیدا هەڵیگرتوون.

کاتێك (جالوت) چاوی پێ کەوتووه بە بچووکی بینیوەو گێڕاویەتەوه، بەلام (داود) سوور بووه لەسەر زۆرانبازیو گیانبازیی لەگەڵیداو هەرسێ بەردەکەشی لە

قۆچەقانییەكەیدا داناوەو، ناوی خودای هێناوەو، هەر سێ بەردەكەش بوون بە یەك بەردو، بۆ (جالوت)ی هاویشتووە، بەردەكەش ئەو كڵاوە ئاسنینەی سەر سەریی شكاندووە، كە (ئەمرۆ —خودە-ی پێ دەڵێن) و ئینجا چۆتە سەرییەوەو مێشكی پرژاندووەو لە پشتەوەی سەری دەرچووە لە پشت (جالوت)یشەوە سی (٣٠) كەسی لێ كوشتوون، پاشان بەردەكە پارچە پارچە بووەو، هەر پارچەیەكیشی بەر سەربازێكی سوپاكەی (جالوت) كەوتووەو كوشتوویەتی.

ئیتر گوایە بەم ڕەنگە (طالوت)و سوپاكەی بەهۆی چاكەو هێزو توانای (داود)ەوە سەركەوتوون، تەنانەت گوایە بەهۆی قۆچەقانیو بەردەكەیەوە سەركەوتوون. بەم پێیەش پلەو پایەی (داود) لای (بەنو ئیسرائیل) گەورەبووەو خۆشیان ویستووەو پەیوەستی بوون، (طالوت)یش لەبەر ئەمە ڕقی لێهەڵگرتووەو، هەرچەندە بەهۆی ئەوەی (داود) جالوتی كوشتبوو ژنی بۆ هێنابوو.

(طالوت) دوای ئەوە چەند هەوڵێكی داوە بۆ كوشتنی (داود)، بەڵام لەگشت هەوڵەكاندا شكست بووە. بەڵام (داود) چەندین جار توانای بەسەر طالوت دا هەبووەو نەشیكوشتووە، ئیدی ململانێكەی نێوانیان بەردەوام لە توندو تیژی دابووە. بەڵام (داود) وای بەباش زانیوە، كە ڕابكات، بۆیە (طالوت)ی بەجێهێشتووەو لەسەر لووتكەی چیایەك لەگەڵ چەند خواپەرستێكدا دانیشتووەو خودایان پەرستووە، زانایانی (بەنو ئیسرائیل)یش گلەییان لە (طالوت) كردووە لەسەر ئەو هەڵوێستەی، كە بەرامبەر (طالوت) نواندوویەتی، كەچی (طالوت) هەر ستەمكار بووەو زیاتر پێی لەسەر زوڵمو زۆرداری داگرتووەو، تەنانەت هەر كەسێك گلەییەكی لێ كردبێت، كوشتوویەتی، تا وای لێ هاتووە، كە هەزاران كەسی لێ كوشتوون.

پاشان (طالوت) تەوبەی كردووەو لەسەر ئەو كردارانەی پاشگەزبۆتەوەو زۆر گریاوەو، خەڵكیش بەزەییان پیایدا هاتۆتەوە، ئەویش ویستوویەتی كەفارەتی

رەفتارە نابەجێکانی بدات، بۆ ئەم مەبەستە رێنماییان کردووە کە بچێت بۆ لای ئافرەتێك کە ناوی هەرە گەورەی خودای زانیوە. ئەویش چووە بۆ لایو، ئافرەتەکەش لەگەڵیدا چۆتە سەر گۆڕی (شەمۆیل)ی پێغەمبەرو لە خودا پاڕاوەتەوەو نزای لەلا کردووە، خوداش ئەو پێغەمبەرەی بۆ ئافرەتەکە زیندوو کردۆتەوەو، (شەمۆیل) لە گۆڕەکەی هاتۆتە دەرەوە (بەزیندوویی)و، (طالوت) پرسیاری لێ کردووە، کە داخۆ تەوبەکردنی بۆ ڕەوایە!! پێغەمبەرەکەش لە وەڵامدا پێی گوتووە: (بەو مەرجەی لەدژی دوژمنان بجەنگێتو، خۆتو هەر دە (١٠) کوڕەکەشت لەو جەنگەدا بکوژرێن)، (طالوت)یش جەنگو کوشتاری دوژمنانی کردووەو کوڕەکانیشی شان بەشانی جەنگیون، تا لەئاکامدا خۆیو ئەو دە کوڕەشی کوژراون. دوای ئەویش، (داود) حوکمی پادشایەتیی کردوونو، پێغەمبەرو پادشاش بووە. ماوەی نێوان کوشتنی (جالوت) بە دەستی (داود) تا ئەو ڕۆژەی کە (داود) بووە بە پادشا، حەوت (٧) ساڵ بووە)[١].

ئەمە بوو پوختەی چیرۆکی (طالوت و جالوتو داود) کە لە دەقەکانی ئیسرائیلیاتدا بەو ڕەنگە هاتوون، کە لە هەندێك کتێبی مێژووو تەفسیری زانا موسڵمانەکانیشدا هاتوون.. ئێمە ئەو دەقانەمان لەسەر ئەم چیرۆکە بەکورتی هێنا تاکو خەڵکی موسڵمانانی لێ وریاو ئاگادار بکەینەوەو، ئاماژەش بۆ پشتگوێ خستنیانو وازلێهێنانو فەرامۆش کردنیان دەکەین.

بەڕاستی زانا موسڵمانە پێشینەکانمان، کە ئەو دەقە ئیسرائیلییانەیان لە کتێبەکانیاندا هێناوە، ماندووبوونو بڕێکی زۆریان لێ وەرگرتووەو دەیان لاپەڕەیان پێ ڕەش کردۆتەوە، کە بۆ نموونە هەر (طبري) پتر لە هەشتا (٨٠) لاپەڕەی پێ ڕەش کردۆتەوە. دیارە خوێنەرانی خۆیشیان پێ ماندوو کردووە کاتێك ئەو دەقە

١) بۆ نموونە: دەربارەی ئەم دەقە ئیسرائیلییانە بڕوانە: (تەفسیری طبري-٥: ٢٩١- ٣٧٨)، هەروەها (الدار المنثور-ی سیوطي١: ٧٤٩-٧٦٤)و(عرائس المجالس-ی ثعلبي٢٣٢-٢٤٤).

ئیسرائیلیلیانەیان بۆ خستوونەتە ڕووو، کاتـەکانیان پـێ بەفیـــڕۆداونو بەربەسـتیان لەبەردەم وردبوونەوەیان لە ئایەتەکانی چـیرۆکەکەو سـەرنج دانیـان لـە دەلالـەتو پەندو وانەکانیاندا داناوە. ئێمـەش تـەنها بـۆ وریاکردنـەوەی خوێنـەران بـەکورتی ئاماژەمان بۆ ئەو دەقە ئیسرائلیانە کردو، ڕازیش نابین هیچ کەسـێك لـە ئێمـەوە، یان لە کەسانی تری غـەیری ئێمـەوە) بیانگێڕێتـەوە مەگـەر لـە هەنـدێك کـاتو جێگەدا تەنها بۆ وریاکردنەوەو ئاگادارکردنی خەڵکی لێیان بۆیان باس بکات. دەنـا ئەگەر وایان بۆ باس کات کە خۆی بەو دەقانە ڕازییەو پـشتی پـێ بەسـتوون، یـان وایان بگێڕێتەوە، کە خـۆی لـە ناڕاسـتییەکانی بـێدەنگ بکـاتو هـیچ تیـشكو بیروڕایەکی خـۆی لەسـەر نـەبێت، ئـەوە ئێمـە وای دەبیـنین، کـە سەرپێـچیی لـە مەنهـەجی ڕاسـت کـردووەو، بـەو هۆیەشـەوە خـۆی دەخاتـە بـەر لێپرسـینەوەو بەرپرسیارێتی لەبەردەم خوادا.

(لە ڕووە شـارراوەکانی قورئان لە چیرۆکەکەدا)

ڕووە شارراوەکانی قورئان ئەو زانیاریانەن، کە قورئـان لـە چـیرۆکەکاندا ڕوونـی نەکردوونـەوەو، کـە پەیوەسـتن بەسـەردەمی چـیرۆکەکە، یـان بەشـوێنەکەی، یـان کەسەکانی، یاخود بەڕووداوەکانییەوە. جا ئەگەر قورئان شاردبنییەوەو، فـەرموودە (حـدیث)یش شاردبنییەوەو باسـیان لێـوە نـەکردبن، ئـیتر ئێمـە نـاتوانین ڕوونیـان بکەینەوە، یان دیاریيان بکەین، یان بیانزانین، هەروەها لەو جـۆرە باسـانەدا وتـەی هـیچ مـرۆڤێکیش پەسـەند ناکرێـت، کـە دەربـارەی ڕوون کردنـەوەی زانیارییـە شارراوەکانی بێت هەتا ئەوکاتەی بەڵگەی ڕۆشن، کە لێیەوە وەرگرتووە دەخاتەڕوو، لەو کاتەشدا لە بەڵگەکەی دەکۆڵینەوە، ئەگەر بەڵگەکە ئایەتێکی مانا دیـار، یـان فەرموودەیەکی ڕاست (صحیح) بـوو ئـەوا وەریـدەگرین، دەنـا ئـەو وتەیـەی ڕەت دەکرێتەوەو، ڕوونکردنەوەکەشی پەسەند ناکەین.

لە چیرۆکی (طالووت)یشدا چەندین ڕووی نەزانراوی تێدا دەبینین، وەك:-

١- ئەو سەردەمەی، کە چیرۆکەکەی تیادا ڕوودەوە، هەموو ئەوەی لێوەی وەرگیرێت ئەوەیە، کە ئەمە بەسەر گەلی (بنو ئیسرائیل)دا لەدوای (موسا) هاتووە، واتە دوای نیشتەجێ بوونیان لە فەلەستین. بەڵام دیاریکردنی ساڵو بەروار، یان ئەو ماوەو حاڵەتەی کە (بنو ئیسرائیل)ی تیادا بوون، کارێکی نەشیاوە.

٢- ناوی ئەو پێغەمبەرەی، کە داوایان لێ کردووە، پادشایەکیان بۆ بنێرێت، لەوانەیە (شەمعوون)، یان (شەمۆیل)، یان (صەمۆیل) بێت، یان لەوانەیە ناوێکی تری هەبووبێتو کەسێکی دی بووبێت. ئێمەش کەس ناخەینە پاڵ پێغەمبەران تەنها بەپێی دەقێکی ڕۆشن نەبێت، بۆ ئەوەی نەبادا پێغەمبەر نەبێتو تاکو باوەڕ بە پێغەمبەرێتیی کەسێکی غەیری پێغەمبەرەکە نەهێنین، ئەمەش هەرگیز ناشێت.

٣- ئەو هۆکارەی پاڵی پێوەناون بۆ ئەو داواکارییەی لە پێغەمبەرەکەیان کردووە.

٤- ڕەچەڵەکی (طالووت)و سەرەتای کاروبارەکەیو، زانیاری لەسەر ژیانی لەپێش بوونیدا بە پادشایان.

٥- شیکارو زانیاریی تەواو لەسەر بەهرەمەندیی زیاد لە هەموو کەسێکی لەبارەی زانستو جەستەو لەشو لارەوە.

٦- زانیاریو شیکار لەسەر بوون بە پادشای (طالووت) بۆیان.

٧- سندووقەکەو بەسەرهاتەکەیو مێژووەکەیو تایە پێوراوەکانی، هەروەها زانیاری لەسەر ئەو دڵارامیو پاشماوەیەی تیای دابوون، واتە ئەو شتە بەجێماوانەی کە هەردوو بنەماڵەی –موسا-و –هارون- لەدوایان بەجێمابوون.

٨- چۆن فریشتەکان ئەو سندووقەیان بۆ هێناونو زانیارییەکانی گەیشتنەوەو هاتنەوەی سندووقەکە بۆ لایان.

٩- ژمارەی ڕۆڵەکانی (بەنو ئیسرائیل) کاتێـك (طـالووت) بردوونـی بـۆ جـەنگو کوشتاری دوژمنان.

١٠- ناوی ئەو ڕووبارەی، کە (طالووت) فەرمانی پێ کردن ئاوی لێ نەخۆنەوە، کە ئاخۆ ڕووباری (ئـەردەن)ە کـەوا ئـەمڕۆ (ئـەردەن)و (فەلەسـتین) لەیـەك جـوێ دەکاتەوە، یان ڕووبارێکی ترە، کە باکووری فەلەسـتین لـە باشـوورەکەی جـوێ دەکاتەوە؟!

١١- ژمارەی ئەوانەی سەرپێچیان کردو لە ڕووبارەکە تێر ئاویان خواردەوە.

١٢- (جالوت) کێیەو، هێزو ڕوخسارو شێوەو بارستایی چۆن بووە؟!

١٣- زانیاریی تەواو لەسەر دوژمنانی -بەنو ئیسرائیل)و ژمارەی ئـەو دوژمنانـەو جێگەو نیشتمانیان.

١٤- شوێنو مەیدانی جەنگە یەکلاییکەرەوەکەی نێوان (طالووت)و (جالوت).

١٥- چەند زانیارییەکی پێویـست لەمـەڕ سـەرەتای دەرکـەوتنی (داود)و زەمـانی منداڵییەکەیو ڕەچەڵەکی.

١٦- درێژەی باسەکان لەسەر جەنگی نێوان هەردوو سوپاکە.

١٧- چۆنیەتی کوشتنی (جالوت) بەدەستی (داود).

١٨- (داود) دوای کوشـتنی (جـالوت) چـیی بەسـەرهاتووەو، چـۆن لەگـەڵ (طالووت)داو، بەچ شێوازێك لەگەڵیدا ماوەتەوە؟!

١٩- کۆتایی هاتنی (طالووت)و چۆنیەتی نەمانی..

٢٠- چۆن دەسەلاتی پادشای لە(طالووت)ەوە بە(داود) سپێرراوە؟!

ئەم بیست (٢٠) خاڵە دیارترینی ئەو ڕووە شارراوەو نەزانراوانەی نێو قورئانەکە ئاماژەی پێ نەداون. ئیدی سەیر لەوەدایە هەندێك ڕاڤەکار (مفسر)و مێـژوونووسو نووسەرو فەرموودەناس بـەو ڕادە باسـکردنەی قورئـانو فـەرموودەوە نەوەسـتاونو

چوونەتە سەر دەقەکانی ناوبراو بە (ئیسرائیلیات)و لەو دەقانەدا بەدوای زانینی ئەو ڕووە شارراوانەی قورئاندا گەڕاونو درێژەیان بە ڕووداوەکانی ئـەم چـیرۆکەداوە، بـێ ئەوەی هیچ زانستو زانیاریو سوودو پەندێکمان پێ بگەیەنن.

" ئەم چیرۆکە پڕە لەوانەو پەند"

نازانین بۆچی هەندێك لــە موســڵمانان پــەنا دەبەنەبــەر دەقــە ئیــسرائیلییەکانو زانیاریو درێژەی ڕووداوەکانو دەرخــستنی ڕووە شــارراوەکانی چــیرۆکەکەیان لێــوە دەهێننو، چاوپۆشی دەکەن لە وەستان بەشێوازی باسکردنەکەی قورئانەوەو هەندێك لەو وانەو ئاماژەو پەندە جوانانەی لێ دەرناهێنن، کە تێیدایە؟

بەڕاستی چیرۆکەکە پڕە لە دەرسو ڕێنماییو عیــبرەتو ئامۆژگــاریو، مرۆڤــی موسڵمانیش فەرمانی پێ کراوە، کە لەئاستیاندا ڕاوەستێتو لێیان وردبێتەوەو پەی بە هەندێکیان ببات، کە چــەندین وانــەی بــۆ بانگــەوازکاران دەربــارەی (چــۆنیەتی مامەڵەو سەودا لەگەڵ خەڵکی)دا تێدایە.

چــەندین وانەشــی بــۆ ئــەو مرۆڤــە چــاکەخوازو ڕاســتکەرەوانەی تێدایــە، کــە دەیانەوێت ئەو بارودۆخە نالەبارەی ژیانی نەتەوە بگۆڕن.. چەندین وانــەی بــۆ ئــەو موجاهیدو گیان بەختکارانەش تێدایــە، کــە لــە هــەوڵو کۆشــش دان بــۆ گــۆڕینی سەرشۆڕی بە سەربەرزیو، بەزین بەسەرکەوتن.. چەندەها وانەشی بۆ ئــەو کەســانە تێدایە، کە پشت بە جەماوەر دەبەستنو باوەڕ بە حەماســەتو هەڵــچوونی کــاتیو ســاتەوەختییان دەکــەن، کــە دەیانــەوێت لەســەر ئــەو بناغەیــە نەخــشەو پــلانو بەرنامەکانیــان داڕێژنو، کەچی لــەکاتی پێویــستو مەیــدانی عەمەلیــدا جــەماوەر پشتیان لێ هەڵدەکەنو لێیان دەتەکنەوە.. هەروەها چەندین وانەی لەسەر چۆنیەتی پــەروەردەکردنی تــاكو کۆمــەڵ تێدایــەو، چــەندین وانەشــی لەســەر ڕێــك کــردنو سووربوونو تاقیکردنەوە تێدایە، پاشان چــەندین وانــەی لەســەر جیهــادو جــەنگو کوشتارو شێوازی جەنگین تێدایە، کە چۆن مرۆڤی باوەڕداری جەنگاوەر هەر ڕوو لــە خوا دەکاتو داوای کۆمەكو سەرکەوتنی لێ دەکــاتو، کــە بــەهیچ شــێوەیەك لــە هێزی دوژمنان ناترســێتو ناتۆقێــت.. ئەمــە جگــە لــەوەی چــەندین وانەشــی لــە

بنەماکانی هەڵبژاردنی حاکمو لێپرسراوانو مەرجەکانی حاکمی گونجاوەوە تێدایە.

بەم ڕەنگە دەبینین هەموو کەسێکی بانگەوازکارو، چاکەخوازو، حاکمو، فەرماندەو، موجاهیدو لێپرسراو، سوودی لێ وەردەگرن، هەمدیسان چیرۆکەکە چەندین ئاماژەو ڕێنماییی لە بابەت ئیمانو بیروباوەڕو، بانگەوازو جیهادو، چاکسازیو گۆڕانکاریو، پەروەردەو ئاراستەکردنو، سیاسەتو ئیدارەی وڵاتو، حاکمو دەسەڵاتداریتییەوە لەخۆ گرتووە.. هەر بەم ڕەنگەش دەبینین چەند گەمژەو ساویلکەبوون ئەوانەی سنووری ئەم گەنجینەو کانگایانەی وانەو ڕێنماییەکانی نێو قورئانیان تێپەڕاندووەو چوونەتە نێو گێژاوی ڕێ لێ ونکەری دەقە ئیسرائیلییەکانو شتە پووچەڵو بێ نێوەرۆكو ئەفسانەکانی جوولەکەکانەوە.

خۆ ئەگەر بۆ کەسانی زەمانی دێرین شیاو بووبێت، کە بچنە سەر دەقە ئیسرائیلییەکان (هەرچەندە هەر شیاو نییە) ئەوە بێگومان لە ماوەیەکی ستەمو بێباکیی فیکریو زانستی دابووە کە تێیدا ژیاون، بەڵام بۆ ئێمە شیاو نیە لەم سەردەمەدا چاو لەو کردارەیان بپۆشین، چونکە ئێمە ئەرکی چاکساییو بانگەوازو گۆڕانگارییمان پێ سپێرراوەو بەرپرسیارێتییە گەورەکانمان لەئەستۆ دایە، تاکو واقیعی نەتەوەی ئیسلام لەو بنارە نزمەی تێی کەوتووە بگۆڕین بەو لوتکەی سەربەرزیو دەسەڵاتدارێتییەی، کە خودا بۆی خواستووە. ئیدی هیچ کاتێکمان بەدەستەوە نییە بۆ سەرکردنە سەر ئەو شتە پووچەڵو گەندەڵە ئیسرائیلییانەو، تەمەنو وەختو لاپەڕەکانمانو مێشكو هزرەکانیشمان گەلێك بەنرخترن لەوەی بەفیرۆیان بدەین لەو مەسەلانەدا، کە هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نیە بۆمان، خوداش لێمان دەپرسێتەوە لەسەریانو لەسەر ئەو مەسەلەو مەبەستانەش، کە کارمان تێدا کردوون.

لەلایەکی ترەوە بێگومان چەندین ڕاڤەکار (مفسر)و زانای ڕاستگۆی تەفسیر هەنو کە خودا ڕێنماییی بۆ ڕاستیی بەرنامەو، وردبینیو، شێوازی باشی

دەرهاویشتن، کردوون‌و، توانیویانه باز بەسەر دەقە ئیسرائیلییەکاندا بدەن‌و لەڕووە شارراوەکانی قورئانیشەوە سوودو کەڵکی باش بەخوێنەران بگەیەنن. لەپێشەوەی هەموو ئەو زانا بەڕێزانەی تەفسیریش، هەردوو پێشەوا (محمد رشید رضا) لە تەفسیری (المنار)و، (سید قطب) له تەفسیری (في ظلال القرآن)دا..

ئێمەش لەڕێی ئاشنابوونمان بەشێوازی هەردوو زانای تەفسیرنووس، بۆمان دەرکەوتووە کە هەردووکیان لە ڕیزی پێشەوەی تەفسیرنووسان دان‌و، بەڕاستی خودا زانست‌و دانایی‌و شارەزاییەکی زۆری پێ بەخشیون، هەردوو پێشەواش بەو هۆیەوە قووڵترین سەرنج‌و، تیژترین ڕوانین‌و، ڕاسترین مەنهەج‌و، وردترین دەرهاویشتن‌و، ڕاستگۆترین شێوەزارو، دروستترین شێوازیان، هەبووە.

بەڕاستی هەردوو تەفسیرەکەشیان (المنار) و (في ضلال) گەنجینەیەکی سیخناخ لەوانەو پەندو ئامۆژەو ڕێنمایی‌و زانیاریی بەسوودیان لەڕاڤەکردنی قورئان‌و زانستەکانی قورئانی تێدایە. خودا لە هەردوو زاناو پێشەوا پایەبەرزەو- لەسەرجەم زانایانی تری تەفسیری قورئانیش ڕازی بێت‌و، کۆشش‌و جیهادیان لێ پەسندکات‌و، پاداشتی فرەو نەبڕاوەی هەمیشەییان پێ ببەخشێت.

"لەگەڵ مامۆستای پێشەوا (سید قطب) لە باسکردنی چیرۆکەکەدا"

لێرەدا پوختەیەك لەو باسەی (سید قطب) دێنینەوە، کە دەربارەی دیاریکردنی وانەو ڕێنماییەکانی چیرۆکەکە نووسیونیو خستوونییە ڕوو، ئەو لە پێناسەی ئەو دەرسەی ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەی لەخۆگرتووە، گوتوویەتی:-

"ئێمە کاتێك نرخو بەهای ئەم دەرسەو ئەو ئەزموونانەی کۆمەڵانی پێشووو گەلانی ڕابردووش (کە ئەم دەرسە لەخۆی گرتوون) دەزانین کەوا لەناخی دەروونەکاماندا ئەم راستییانە سازو ئامادەکەین، کە بێگومان قورئان کتێبی زیندووی ئەم نەتەوەیەو پێشڕەوی ئامۆژگاریکاریەتیو، ئەو قوتابخانەیەشیەتی کە وانەکانی ژیانیی لێوەرگرتووە، بێگومان خودای پاكو بێ خەوشیش یەکەمین کۆمەڵی موسڵمانی پێپەروەردە کردووە، ئەو کۆمەڵەی کە خودا وای بۆ نووسیبوو مەنهەجە خوداییەکەی خۆی لەسەر زەوی تیا بچەسپێننو ئەو ڕۆڵە گەورەیەی بەخەڵات بۆ کردن بە بەرۆکدا، دوای ئەوەی بەم قورئانە سازو ئامادەی کردبوون. هەروەها خودای بەرزو باڵادەست خواستی وابووە، کە ئەم قورئانە دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ ببێتە پێشڕەوێکی زیندووو بمێنێت بۆ سەرکردایەتیکردنی نەوەکانی ئەم نەتەوەیەو بۆ پەروەردەکردنیانو ئامادەکردنیان بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵی سەرکردایەتییە دروستەی، کە خودا خۆی بەڵێنی لەسەر پێ داون، ئەگەر ئەوان بەو ڕێنماییانە ڕێی ڕاست بگرنەبەرو پابەندی پەیمانەکەی بنو، هەموو شێوازو دەستوورو مەنهەجێکی ژیانیشیان لەم قورئانەوە بەدەست بێننو، خۆیان پێ بەهێزو باڵادەست بکەن، بەسەر هەموو بەرنامە دەسکردە زەمینییەکاندا، کە بەڕواڵەتی خۆیان هەر هەموویان بەرنامەی جاهیلیو نەفامیین.

دیارە ئەم قورئانەش تەنها گوتارێك نییە هەر بخوێنرێتەوە، بەڵکو دەستوورێکی شامیلو هەمەلایەنەیە، دەستوورێکە بۆ پەروەردەکردن، وەك چۆن دەستوورێکە بۆ ژیانی کردەیی (عملی) لەوەشەوە (لەو ئاقارەی پەروەردەکاریو شمولیەتی دەستوورییەوە) ئەزموونەکانی مرۆڤایەتیو بەسەرهاتی مرۆڤە دێرینەکان بە شێوازێکی نیگابەخش دەخاتە بەر دیدی ئەو کۆمەڵە موسڵمانەی، کە پەروەردەو گەشەی پێ دەکات. بەشێوەیەکی تایبەتیش ئەم قورئانە تەجرەبەو ئەزموونەکانی بانگەوازی ئیماندارانەی سەرزەوی لەخۆ گرتووە، هەر لە ئەزموونی (ئادەم)ەوە، -سڵاوی خودای لێ بێت- (تا چەند ئەزموونێکی دیاری چەند گەلێکی ڕابردوو)، کە خودا لە قورئاندا کردوویە بە توێشوویەك بۆ نەتەوەی موسڵمانان بە هەموو نەوەو ڕۆڵەکانییەوەو، ئەزموونی سەبارەت بە دەروونو، سەبارەت بە واقیعی ژیانیش پێشکەش کردوون، تاکو نەتەوە موسڵمانەکە لەسەر بەرچاو ڕۆشنییەك ڕێگاکەی خۆی گەشە بکاتو لەو توێشووە هەرە گەورەیەو لەو سامانە هەڵگیراوە هەمەڕەنگەش بەهرەمەند بێتو بەشی تەواوی خۆییمان لێ دەستەبەر بکات، هەر لەم کانگایەشەوە چیرۆکەکانی قورئان بەو ڕاددە زۆرییەو بەو هەمەڕەنگیو هەمەچەشنییەو، بەو ڕێنماییە نیگابەخشییانەوە هاتوون.

چیرۆکەکانی گەلی نەوەی ئیسرائیل، کە بە (بنو اسرائيل) ناوبراون، زۆرترینی چیرۆکەکانی نێو قورئانی پیرۆزن، لەبەر چەند هۆیەك، کە هەندێکیانمان لە بەشی یەکەمی (في ظلال)دا باس کردووەو، هەندێکی تریشیان لەکاتی چوونە سەر باسی ڕووداوو بەسەرهاتەکانی (بنو اسرائيل)دا ڕوون دەکەینەوە، هەندێکی دیکەشمان لەم بەشەداو لە چەند بۆنەیەکیاندا باس کرد (بەتایبەتیش لە سەرەتایدا).

لێرەشدا هۆیەکی دی لەسەر زۆریی چیرۆکی (بنو اسرائيل) لە قورئاندا دیاری دەکەین، کە بەڕایەکی ڕاستو یەکلاکراوەی دادەنێین، ئەوەیە: (بێگومان خودای گەورە زانیویەتی، کە چەند نەوەیەکی ئەم نەتەوەیە بە هەندێك دەورو زەمانی وەك

ئەوانەی (بنو اسرائیل)دا تێدەپەڕنو، چەند هەڵوێستێکی هاوشێوەی وەك هەڵوێستەکانی (بنو اسرائیل)یان بەرامبەر ئایینو بیروباوەڕەکەیان دەنوێنن، بۆیە ئامرازە هەڵخلیسکێنەرەکانی سەر ڕێگاکەیانی پیشان داون، کە لە مێژووی (بنو اسرائیل)دا وێنەیان گیراوە، تاکو ببێتە پەندو عیبرەت بۆیانو، تاکو وێنەکانیشیان لەو ئاوێنە هەڵگیراوەی دەستی خودای پاكو بێگەرددا ببینن بەر لەوەی بکەونە بەر ئامرازە هەڵخلیسکێنەرەکانو دووریان خەنەوە بۆ نێو چاڵو کەندو لێژاییەکانی ئەملاو لای ڕێگا ڕاستەکە، یان بەر لەوەی بەدرێژی ڕێگاکە هەر سەرگەرمی پرتەو بۆڵەو بەدکرداریی بن.

بێگومان پێویستە ئەم قورئانە بخوێنرێتەوەو بە هۆشیارییەوە نەوەکانی نەتەوەی موسڵمانان وەریگرنو، پێویستە وەهاش لێی وردبنەوە، کە ئەمە چەند فەرمانێکی گەرمو زیندوونو ئەمڕۆ هاتوونەتە خوارەوە تاکو کێشەکانی ئەمڕۆی پێ چارەسەر بکرێنو، تاکو ڕێگای ئایندە ڕووناککەنەوە، نەك هەر ئەوەندە بێت گوایە هەر فەرمایشتێکی جوانە بۆ خوێندنەوە، یان گوایە تۆماری حەقیقەتێکی ڕابردووەو هەرگیز ناگەڕێتەوە.

ئێمە هەرگیز سوود لە قورئان وەرناگرین هەتا بەو چەشنە نەیخوێنینەوە کەوا چەندین ڕێنمایيو فەرمانی ژیانی واقیعیمانی تێدایەو بۆ ئەمڕۆو بۆ سبەینێو هەموو کاتێکی ئایندەمانە، وەك چۆن یەکەم کۆمەڵی موسڵمان وەریدەگرتو ڕێنمایی تازەو هەنووکەییی لە کاروباری ژیانی واقیعییدا لێ دەست دەکەوت.

جا کاتێك بەم بێدارییەوە قورئان دەخوێنینەوە، ئەوەی پێویستمانە دەیبینینو، چەندین شتی سەرسووڕهێنەرو گرنگی وایشی تێدا بەدی دەکەین، کە بە هزری بێئاگادا نایەن.. دەبینین، کە وشەکانيو دەستەواژەکانيو فەرمانەکانی هەر تازەو زیندوونو، دەبزوێنو لە جموجووڵدانو ئاماژە بۆ مەشخەڵی ڕێگە دەکەنو، پێمان دەڵێن: (ئەوە بکەن، ئەوە مەکەن).. هەروەها پێمان دەڵێن: (ئەوە دوژمنە بۆ ئێوە،

ئەوەش دۆستە)، پێشمان دەڵێن: (ئاوا، خۆتان وریاو بێدارکەن لەو مەسەلەیە، ئاواش کەرەسەو ئامرازی بۆ سازو ئامادەکەن)، پاشان پێمان دەڵێن: (ئەمە گوتارێکی درێژو شیکراوەو وردو گرنگەو دەربارەی هەموو کاروبارێکی ژیانە)..

ئیدی بەم جۆرە لە قورئاندا خۆشیو ژیان بەدی دەکەینو پەی بە مانای ئەو فەرمایشتەی خوداش دەبەین، کە فەرموویەتی: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ ... (٢٤) الأنفال ﴾، واتە: (ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، بەگوێڕایەڵیو پابەندییەوە بەدەم بانگەوازی خوداو پێغەمبەرەوە بچن کاتێك هانتان دەدات بۆ بەرنامەو ڕێبازێك، کە ژیانێکی ئەبەدیو سەرمەدیی بۆ ئێوە پاشەکەوت دەکات). کەوابوو ئەم قورئانە بانگەوازێکە بۆ ژیان، بۆ ژیانێکی هەمیشەیی نوێ کراوە، نەك بۆ ژیانێکی مێژوویی سنووردار، کە لە لاپەڕەیەکی زەردو تۆزاویی ڕابردوو لە لاپەڕەکانی مێژوودا باس بکرێت)[1]. هەروەها (سید قطب) -خودا لێی خۆش بێت- لە وتەیەکی تریداو لە کاتی باسکردنی ئەم چیرۆکەدا ئاماژەی بۆ گرنگترین وانەی لێوەرگیراوی کردووەو، گوتوویەتی:

(پەندی گشتیو هەمەگیر، کە لە هەموو ڕووداوەکانی ئەو چیرۆکەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە ئەو ڕاپەرینە (ڕاپەرینی عەقیدەو بیروباوەڕە) سەرەڕای هەموو ئەو کەمو کووڕیو لاوازییەی گەلەکەش، کە چیرۆکەکە لەبەردەم ئەزموونی واقیعیدا دەریخستوونو، سەرەڕای ئەوەی کە گەلەکەش پۆل لەدوای پۆل لە قۆناغەکانی ڕێگەکەدا لەو عەقیدەیەش دابڕاون.. سەرەڕای هەموو ئەمانەش کەچی خۆڕاگریی ئەو چەند کەسە کەمە ئیماندارەش لەسەر حەقیقەتەکە، چەندین ئەنجامی گەورەی بۆ (بنو اسرائیل) بەدیی هێناوە، وەك ئەوەی کە سەرکەوتنو

([1]) سید قطب، في ظلال القرآن ، بەرگی یەکەم، لاپەڕە (٢٦٠-٢٦١).

سەربەرزی‌و دەسەڵاتداریێتیی سەر خاك‌و نیشتمانیان لەدوای بەزینی ناخۆش‌و، سەرشۆڕیی ئابڕووبەرو، ئاوارەبوونی درێژخایەن‌و، سەرشۆڕیی ژێر پێی دوژمنانی خۆسەپێنە.

هەر لەڕێی تەجرەبەو ئەزموونکارییشەوە چەند پەندو وانەیەکی تری تایبەتی لەم چیرۆکەدا دەرکەوتوون، کە هەموویان بەهای تەواویان بۆ کۆمەڵی موسڵمانان لە هەموو کات‌و ساتێکدا هەیە: وەك:-

١- بێگومان حەماسەت‌و هەڵچوونی بەکۆمەڵ لەوانەیە سەرکردەکان فریو بدات، ئەگەر بەشێوە ڕواڵەتییەکەی وەری بگرن، بەڵکو دەبێت بیخەنە تەرازووی تەجرەبەکارییەوە پێش ئەوەی جەنگێکی یەکلاکەرەوەی پێ هەڵگیرسێنن.

چونکە کاتێك کەسانی ناسراوو پیاوماقوولی (بەنو ئیسرائیل)و خاوەن بیروراکانیان چوونە لای پێغەمبەرەکەیان‌و داوای هەڵبژاردنی پادشایەکیان لێ دەکرد، تا سەرکردایەتییان بکات، بۆ جەنگێك لەدژی دوژمنانیان، لەوکاتەدا پێغەمبەرەکەیان ویستی دڵنیا بێت لە ڕاستیی خواستی سووربوونیان لەسەر جەنگ‌و کوشتار، بۆیە لێی پرسین: ﴿...هَلْ عَسَيْتُمْ إِن كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ أَلَّا تُقَاتِلُوا ...﴿٢٤٦﴾ البقرة﴾ (ئەی ئەگەر نزیك بوون لەوەی خودا بەم زوانە جەنگ‌و کوشتاری بۆ بڕیاردان‌و ئێوەش نەجەنگن‌و ئامادەی ئەو جەنگ‌و هەڵچوونەی ئێستاتان نەبوون)؟ ئەوان لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا نارەزاییان بەرامبەر بۆچوونەکەی دەربڕی‌و هەڵچوون‌و حەماسەتیان گەیشتە لوتکە، بەڵام ئەم هەڵچوونە زیادەڕەوییە هێندەی نەخایاند، کە بڵێسەی دامرکایەوەو لە چەند قۆناغێکی ڕێگاکەدا وردە وردە کەوتە خوارەوە.

هەرچەندە (بنو اسرائیل) مۆرکێکی تایبەتییان لە شکاندنی پەیمان‌و پاشگەزبوونەوە لە بەڵێن‌و، جیابوونەوە لە نیوەی ڕێدا هەیە، بەڵام هەر چۆنێك

بێت ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکی بەشەرییەو لەهەموو ئەو دەستەو کۆمەڵانەدا هەیە، کە پەروەردەی باوەڕدارانەیان نەگەشتۆتە ئاستێکی بەرزی ڕاهێنان. لەوانەیە ئەمە تووشی سەرکردایەتیی کۆمەڵێکی موسڵمان لە هەر نەوەیەکدا بێت، بۆیە باش وایە لەو حاڵەتەدا سود لە ئەزموونی (بنو اسرائیل) وەرگیرێت.

٢- بێگومان هەڵسەنگاندنی هەڵچوونی ڕووکەشیی و خرۆشانی گڕگرتوانە لە دەروونی کۆمەڵو تاقمەکاندا، پێویستە تەنها لەکاتی یەکەم تووش بوونو گرفتاریی واقیعیدا نەبێت، چونکە:-

(أ) زۆر کەس لە گەلی (بنو اسرائیل) هەر لە یەکەم ساتی جەنگ لەسەر بڕیاردانیان، ڕوویان لە جەنگ وەرچەرخاند، هەرچەندە لەسەر خواستی خۆیان جەنگیان بۆ بڕیاردراوە، تەنها ژمارەیەکی کەمیان دوای ئەو بڕیارە لەگەڵ پێغەمبەرەکەیاندا ماونەتەوە، ئەوانیش ئەو سەربازانە بوون، کە لەگەڵ (طالوت)دا بۆ جەنگ دەرچوون.

(ب) لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو سەربازانەش لە قۆناغی یەکەمدا لە تاقیکردنەوەی ئاو خواردنەوەکەدا دەرنەچوونو کەوتن، کە یەکەم تاقیکردنەوەی ڕێگەیان بووەو، لە ئاوەکەیان خواردۆتەوە، تەنها ژمارەیەکی کەمیان لەو تاقیکردنەوەیەدا دەرچوون.

(ج) ئەم ژمارە کەمەش، تا کۆتایی جەنگەکە خۆڕاگر نەبوون، ئەوانیش لەبەردەم ترسی ڕاستەقینەو لەبەردەم زۆریی ژمارەی دوژمنو هێزی گەورەیاندا ورەیان وردە وردە ڕووخاوەو دڵەکانیان لەرزیوە.

(د) لەئاست ئەو لاوازیو سەرکزییەدا، تەنها کەمینەیەکی کەمو هەڵبژاردە، پابەندی فەرمانی خودا بوونو، متمانەی بەهێزیان بە بەڵێنی هەبووەو، هەر ئەو کەمینەیەش باری جەنگەکەی یەکلاییکردۆتەوەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوەو شایستەی سەربەرزیو دەسەڵاتدارێتی بووە.

بێگومان (بنو اسرائیل) سێ جار پاڵێوراون‌و پوخت کراونەتەوە، پوختەی پوختەی پوختەکەشیان ئەو کەسانەبوون، کە بڕوایان بەخودا لە جیهاددا زیاد کردووەو، خوداش بەڵێنی خۆی بۆ بەدیهێناون‌و سەرکەوتنی پێ بەخشیون.

٣- لە دوو توێی تایبەتمەندییەکانی ئەم ئەزموونەشەوە پەندو وانەی سەرکردایەتی چاك‌و بە سەلیقەو ئیماندار هەڵگیراوەو، هەموویشی لە سەرکردایەتی کردنەکەی (طالوت)دا بە ڕۆشنی دیارەو، ئەم راستییانەشی لێوە دەردەکەوێت:-

(أ) شارەزایی (طالوت) لە دەروونەکانی خەڵکی.

(ب) فریونەخواردنی بەهەڵچوونی ڕواڵەتی‌و ڕووکەشی.

(ج) ڕانەوەستان بە تاقیکردنەوەی یەکەمەوەو چاوەڕێ کردنی هەڵسەنگاندنی زیاتریان.

(د) هەوڵدانی بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی گوێڕایەڵی‌و خواستی پابەندیی لە دەروونی سەربازانیدا پێش دەستپێکردنی جەنگەکە.

(هـ) جیاکردنەوەی کەسانی بێهێزو، بەجێهێشتنیان لەدوای خۆی.

(و) پاشان (کە ئەمە گرنگترینیانە) مل نەدان‌و کۆڵنەدانی، ئەوەبوو ژمارەی سەربازانی جار لەدوای جار لە تاقیکردنەوەکاندا کەم دەبوونەوەو، لە دواییدا تەنها ئەو کەمینە کەمە باوەڕدارو هەڵبژاردەیەی لەگەڵ دامایەوەو، ئیدی (طالوت) بەو چەند کەسە کەمەوە جەنگەکەی گێڕا.

٤- دوا پەند، کە لەسەر چارەنووسی جەنگەکە خۆی حەشارداوە، ئەوەیە بێگومان ئەو دڵەی، کە بە خوداوە پەیوەستە دیدو بۆچوون‌و پێوانەکانی دەگۆڕڕێن، چونکە (واقیعە بچووك‌و سنووردارەکەی) بەچاوێك دەبینێت، کە لەپشت خۆیەوە بۆ (واقیعێکی گەورەو درێژکراوو گەیەنراوی بێ کۆتایی) درێژ دەبێتەوە، هەروەها بۆ بنچینەی گشت مەسەلەو کاروبارەکانیش هەر لەدوای

واقیعه بچووکه سنووردارەکەوه درێژ بۆتەوه. چونکه ئەو کەمینه بچووکه باوەڕدارەی، که دانی بەخۆیدا گرتو جەنگەکەی گێڕاو سەرکەوتنی بەدەست هێنا، له کەمیی ژمارەیانو، له زۆریی ژمارەی دوژمنانیشیان وا دەبینران، که کەسانی سادەو ساکاری تر بینیبوویانو گوتبوویان:- ﴿لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ﴾ (ئێمه دەرەقەتی (جالوت)و سەربازەکانی نایەین.. ئێمه وزەو توانای ئەو پادشا زەبەللاحەو ئەو هەموو سەربازە بێ شومارەیمان نیه؟)، بەڵام ئەو کەمینه باوەڕداره هەمان حوکمو دیدوبۆچوونی کەسانی سادەو ترسنۆکیان بەسەر واقیعەکەدا نەدا، بەڵکو حوکمێکی تریان بەسەردادا، ئەوەبوو گوتیان: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ مَعَ ٱلصَّـٰبِرِينَ ﴿٢٤٩﴾ البقرة﴾ (ئای چەند کۆمەڵی کەمو باوەڕدار هەبوون، که چەندین کۆمەڵی زۆری بێ شوماری بێباوەڕانیان بەیارمەتی خودا بەزاند، خوداش لەگەڵ باوەڕدارانی بەئارامو خۆڕاگر دایه)!!

پاشان دوای دەربڕینی ئەو ڕاستییه، ڕووی نزاو پاڕانەوەیان کردۆته خودای پەروەردگاریانو بەم نزایه داوایان لێ کردوه، که سەریان خاتو جێگیرو خۆڕاگریان کات: ﴿قَالُوا۟ رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَـٰفِرِينَ ﴿٢٥٠﴾ البقرة﴾.

بەم ڕەنگەش دیدو بۆچوونو تەرازووەکانی هەڵسەنگاندنی کاروبارو مەسەلەکان، لەکاتی پەیوەست بوونی ڕاستەقینه بەخوداوه، دەگۆڕێن بۆ ئەو تێگەیشتنه ڕاستەی، که هەر به ئیمانەوه بەنده، لەکاتێکیشدا دەگۆڕێن، که ئیمانی ڕاستەقینه لەدڵدا دروست دەبێت، هەروەها بەم ڕەنگەش ئەو ڕاستییه دەسەلمێت، که سەوداو مامەڵه لەگەڵ بەڵێنی بەدی هاتووی خودا، که لەدڵاندا دیاره، ڕاستگۆیانه تره له

سەوداو مامەڵە لەگەڵ واقیعێکی بچووکی دیاری بەرچاوان.

ئێمە لەمە زیاتر ناتوانین ئەو پەندە نیگابەخشانەی تر دەرهاوێژین، کە ئەم چیرۆکە لەخۆی گرتوون، چونکە (وەك تەجرەبەش فێری کردووین) دەقەکانی قورئان بە هەر دڵێك هێندە پەندو وانەی سرووش بەخش (ایحاءات) دەدات، کە لە توانای دایەو، کە بەگوێرەی ئاتاجە دیارو دەرکەوتووەکانیەتی.

ئیدی لە سامانی هەڵگیراوو پاشەکەوتکراوی دەمێنێتەوەو دڵانی تری لەسەر دەکاتەوەو لە هەموو جۆرە هەڵوێستو واقیعێکدا بەڕادەی قیسمەتو بەشی خۆیان دەروازەی ئەو سامانەیان بۆ والاّ دەکات)[1].

"لەگەڵ مامۆستای پێشەوا (محمد رشید رضا) لەلێکدانەوەی چیرۆکەکەدا"

ڕامانی (سید قطب) لەئاست ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەدا ڕامانێکی حەرەکەت خوازیی بانگەوازکارانە بووەو،چەندین وانەی لەبارەی ئیمانو بانگەوازو حەرەکەت کاریو پەروەردەو جیهادەوە لێ دەرهاویشتووە.. بەڵام ڕامانی (محمد رشید رضا) لەئاست ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەدا ڕامانێکی ڕێساخوازیی کۆمەڵایەتییانە بووەو گرنگترین ڕێسای کۆمەڵایەتیی دەربارەی ژیانی گەلانو کۆمەڵگاکان لێ دەرهێناوە.

ئێمەش لێرەدا بەکورتی گرنگترین ئەو ڕێسایانەی، کە دەریهێناون، دەخەینە ڕوو..

---

١) سید قطب، في ظلال القرآن ، بەرگی یەکەم، لە لاپەڕەکانی (٢٦٠-٢٦٣) بەدەستکاریو کورتکردنەوەوە.

مامۆستا ناوبراو لە تەفسیرەکەیداو لە باسێکیدا بەناونیشانی (السنن الاجتماعية في القرآن والأمم والإستقلال) گوتوویەتی:-

" من لە ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەوە ئەو ڕێساو حوکمە کۆمەڵایەتییانە دیاری دەکەم، کە دەکەونە بەر هزری خۆمو کە بەشێوەی جیاکراوەو لەچەند خاڵێکدا شییان دەکەمەوە، بۆ ئەوەی - ان شاء الله تعالی ـ موسڵمانان هوشیارکاتەوەو لەبەر بکرێنو بپارێزرێنو لەبیرنەکرێن.. ڕێساکانیش ئەمانەن:

ڕێسای یەکەم : ئەگەر دەستدرێژیی کرایە سەر سەربەخۆیی نەتەوەکانو، دوژمنان زەبری کاریگەریان لێ وەشاندنو، مافەکانیان قووت دان، ئەوا هەستو نەستی ئەو نەتەوانە بۆ بەرپەرچدانەوەی ستەم دەخرۆشێتو، هەوڵ بۆ یەکێتییەك دەدەن، کە پێشەوایەکی دادپەروەر نوێنەرایەتیی بکات، بۆیە بەدوای ئەو جۆرە پێشەوایەدا دەگەڕێنو خوازیاری دەبن، وەك چۆن (بەنو ئیسرائیل) دوای ئەو زەبرەی، کە خەڵکی فەڵەستین پێی گەیاندنو دەربەدەریان کردن، داوای ئەو جۆرە پێشەوایەیان دەکرد.

ڕێسای دووەم: بێگومان هەستکردنی نەتەوە بە پێویستیی پاراستنی مافەکانیو پارێزگاریی لە سەربەخۆییەکەی، هەستێکە زیاتر لەلای پسپۆڕانو بیریارو خاوەن بیروڕاکان دروست دەبێت، ئەم جۆرە خەڵکەش بوون لەنێو (بەنو ئیسرائیل)دا، کە هەستێکی ئاوایان لەلا گەڵاڵە ببووو دوای ڕاوێژو تەگبیریان داوایان لە پێغەمبەرەکەیان کرد، کە پادشایەکیان بۆ سەرکردایەتیکردنی جەنگ بۆ بنێرێت ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ...﴿٢٤٦﴾﴾ البقرة لەو ڕستەیەدا سەرنجی وشەی (ملأ) بدە، کە مانای کەسانی (پایەداری کۆمەڵایەتیو دنیا دیتەو پیاوماقووڵو ئەهلی بیروڕا) دەگەیەنێت.

ڕێسای سێیەم: هەر کاتێك ئەو هەستکردنەش بەپێویستیی پاراستنی مافەکانی

نەتەوەو، جەنگین لەدژی دوژمنان لەلای کەسانی تایبەتمەند گەلاڵە ببێت، ئەوا هێندەش ناخایەنێت، کە سەراپای خەڵکی عەوامیش دەگرێتەوە، تەنانەت کاتێك لە قۆناغی بیرکردنەوەو هەستکردنیشەوە بۆ قۆناغی کارکردن‌و دەرکەوتن دەردەچێت، ئەوسا شکستیی ئیددیعاکاران دەردەکەوێت‌و، تەنها ڕاستگۆییی ڕاستگۆیان سوودبەخش دەبێت.

ڕێسای چوارەم: لەوانەیە نەتەوەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکیاندا ناکۆك بن، ناکۆکیش هۆکاری پەرتەوازەیی‌و کەرت بوونە، بۆیە هەر دەبێت کەسێکی یەکلاکەرەوەی ناکۆکی‌و چارەسازی کێشەکەیان هەبێت، کە نەتەوەکە پێی قایل بن، وەك چۆن (بنو اسرائیل) داوایان لە پێغەمبەرەکەیان کردووە، کە پادشایەکیان بۆ هەڵبژێرێت، ئەو پێغەمبەرەش یەکلاییکەرەوەی ناکۆکییەکەیان بووە. یەکلاییکەرەوەی موسڵمانانیش ئەنجوومەنی (حل‌و عقد)ە، کە کەسانی شیاوی شەرعناس‌و شارەزا پێکی دەهێنن.

ڕێسای پێنجەم: بێگومان خەڵکی کۆك نین لەسەر پەیڕەوکردن، یان گوێڕایەڵیکردنی ئەو فەرمانەی، کە بە(عەقڵی خۆیان) بە پێچەوانەی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیانی دەبینن.. هەر لەبەر ئەمەش (بەنو ئیسرائیل) هاوڕای پێغەمبەرەکەیان نەبوون لە دانانی (طالوت)دا بە پادشایان، بەڵکو بە پاساوێك بەرهەڵستیی فەرمانەکەیان کرد، کە تەنها لە گومانی بەرهەڵستکاراندا بە پاساو دادەنرێت.. لە سەیرو سەمەرەی کارو هەڵس‌وکەوتەکانی خەڵکیشدا ئەوەیە هەریەکە لەوان خۆی بەڕاست دەزانێت لە کاروباری سیاسەت‌و یاسای کۆمەڵایەتیی نێو نەتەوەو دەوڵەتاندا.

ڕێسای شەشەم: نەتەوەکان لە قۆناغی جاهیلییاندا وای بۆ دەچن گوایە شایستەترین کەس بۆ پادشایی‌و پێشەوایەتی، کەسانی خاوەن سامانی زۆرە، وەك لەوتەی

بەرهەڵستكارانی كاری پادشایەتیی (طالوت)دا هاتبوو، كە گوتبوویان: ﴿ وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ ٱللَّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًاۚ قَالُوٓاْ أَنَّىٰ يَكُونُ لَهُ ٱلْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِٱلْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ ٱلْمَالِۚ ...(٢٤٧) البقرة ﴾ ئەم بۆچوونەش لە ڕێسا گشتییەكانی نەتەوە جاهیلەكانە.

ڕێسای حەوتەم: ئەو مەرجانەی بۆ هەڵبژاردنی پادشا، كە بەڕاست دادەنرێن لە وتەكانی پێغەمبەرەكەدا بەدیی دەكرێن، كە وەڵامی بەرهەڵستی گەلەكەی لەسەر پادشایەتیی (طالوت) پێی گوتن: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِى ٱلْعِلْمِ وَٱلْجِسْمِۖ وَٱللَّهُ يُؤْتِى مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ (٢٤٧) البقرة ﴾..

لەم وەڵامەدا چوار مەرج هەیە:-

(أ) توانا و ئامادەباشیی سرووشتییانەی لەش و لاری كەسەكە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱصْطَفَىٰهُ عَلَيْكُمْ ﴾..

(ب) زۆریی ئەو زانستەی هەیەتی و، كە كاروباری پێ بەڕێوە دەبات: ﴿وَزَادَهُۥ بَسْطَةً فِى ٱلْعِلْمِ ﴾.

(ج) ئەو سیفەتە زۆرانەی، كە لە جەستەیدا هەبووە دەربارەی تەندروستی و، كاملی و تەواویی هەموو هێزە هەمەجۆرەكانی لاشەیەتی، بەتایبەتیش ساغیی فیكرو هۆشیاری و، جەستەو..هتد.

(د) بەخشینی خوداو كۆمەك پێكردنی لەو هۆكارانەی تردا، كە خۆی

لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُ﴾.

رێسای هەشتەم: ئەم ڕێسایەش لەو فەرمایشتەی خوداوە سەرچاوەی گرتووە، کە فەرموویەتی: ﴿وَٱللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُ﴾ خواستی خوداش بەپێی سوننەتە گشتییەکانی خۆیەتی لە گۆڕینی بارودۆخی نەتەوەکاندا، ئەوەش بەندە بەوەی، کە ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوانەش لە دەروونی خۆیاندا گۆڕانکاری بکەن، هەروەها بەندە بەوەش، کە خودا بە خواستی خۆی دەسەڵاتی ستەمکاران نەهێڵێتو لێیان بسێنێتەوەو فەرمانڕەوایەتیی سەر زەویش بدات بە پیاوچاکان.. ئەم ئایەتانەو هاوشێوەکانی تریشی، لە هەموو سەردەمێکدا بە عەمەلیو لەبەرچاوی خەڵك لێك دراونەتەوەو، ئیتر بینەرانو تەماشاکاران لەکوێن؟

رێسای نۆیەم: بێگومان گوێڕایەڵیی سەربازان بۆ فەرماندە لە هەر کارێکی ڕێ پێدراوو قەدەغەکراودا، مەرجێکە لە زەفەر پێبردنو ڕێك بوونی کاروبار. یاساکانی سەربازییش لەم سەردەمەداو تەنانەت لەلای خۆرئاواییەکانیش لەسەر گوێڕایەڵیی سوپا بۆ فەرماندەکانی، لە هەموو کارێکی پێ خۆشبوونو ناخۆشبوونو پەسەندو ناپەسەند، دارێژراون.

رێسای دەیەم: بێگومان کەمینەیەکی کەم لەسەربازانی باوەڕدار بەهۆی ئارامگرتنو خۆڕاگریو گوێڕایەڵیی فەرماندەوە، بەسەر زۆرینەیەکی زۆر لە سەربازانی بێباوەڕدا (کە ئارامو یەکێتیو گوێڕایەڵیکردنی فەرماندە)یان تێدا نەمابێت، سەردەکەون، چونکە سەرکەوتن لەگەڵ ئارامگران دایە، واتە سوننەتی خودا وایە، کە سەرکەوتن بەندە بە خۆڕاگریو جێگیربوون لەسەر هەقەوەو، کەسانی ترسنۆكو ترساویش پاڵپشتو یاریدەدەری دوژمنانیانن لەدژی خۆیان، ئەمەش لە هەموو سەردەمێکدا بینراوە.

ڕێسای یانزدەهەم: بێگومان باوەڕهێنان بەخوداو، بڕواکردنیش بە دیدارو گەڕانەوە بۆ لای خودا، گەورەترین هۆی ئارامیی‌و خۆڕاگرییە لە باروودۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی دەستەو یەخەو کوشتاردا.

ڕێسای دوازدەهەم: بێگومان نزاو پاڕانەوە لە خودا لەکاتی کوشتاردا بەسوودە، وەك لە دەلالەت‌و مانای فەرمایشتەکەی خوداشدا هاتووە:﴿ فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ بەستنەوەی ئەم ڕستەیە بە ئامرازی پەیوەندی (ف) بە ئایەتەکەی تایبەت بە نزا کردنەوە ﴿...رَبَّنَآ أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَٱنصُرْنَا عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْكَٰفِرِينَ ﴿٢٥٠﴾ البقرة﴾و، کە بەدوایدا یەکسەر ڕستەی ﴿ فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾ هاتووە، مانایەکی هێجگار ماقووڵی هەیە، چونکە نزاو دووعاکردن بەڵگەی باوەڕهێنان بەخوداو بڕواکردن بە پێگەشتنەوەیەتی.

ڕێسای سیازدەهەم: خودا، کە هەندێك لە خەڵکیی بەگژ هەندێکی تریاندا کردووە (واتە ململانێی لەنێوان باوەڕداران‌و بێباوەڕاندا خولقاندووە)، ئەمە لە ڕێسا گشتییەکانیەتی‌و، هەر ئەمەشە کە زانایانی حیکمەتناس لەم سەردەمەدا بە (ململانێی مانەوە) گوزارشتی لێ دەکەن‌و، دەڵێن کە جەنگ ڕەوشتێکی سروشتییە لە مرۆڤدا، چونکە لە لقەکانی ڕێسای گشتیی ململانێی مانەوەیە.. لەو فەرمایشتەی خوداشدا ﴿...وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ ... ﴿٢٥١﴾ البقرة﴾، ئەوە بەدیی دەکەین، کە ئەمە دەقێکی تایبەت بە جەنگ‌و کوشتار نییە، بەڵکو دەقێکی گشتییە بۆ هەموو جۆرە ململانێیەکی نێوان خەڵکی کە ئاتاجی بە پاڵەپەستۆکردن‌و باڵادەست بوون هەیە.

هەندێك کەسی خۆ هەڵقورتێن لە زانستی ڕێساکانی کۆمەڵگەی بەشـەریی، وای بۆ دەچن گوایە: (ئەو ململانێی مانەوەیەی، کە بە (ڕێـسایەکی گـشتیی ناودەبەن) لە ئاسەواری مەتریالیستەکانی ئەم سەردەمەیەو، کە گوایە سـتەمو زۆردارییەکـەو ئـەو ماددەپەرســتو مەتریالیــستانە دایانهێنــاوەو حـوکمی پێدەکەنو، گوایە پێچەوانەی ڕێبازی ئایینە).. خۆ ئەگەر ئەوانـەی، کـە ئـەم بۆچوونو بیروڕایەیان دەربڕیوە مانای مرۆڤیان بزانیایە، یان خۆیـان بناسـیایە، یاخود لـەم ئایەتـە تێبگەیـشتنایە ئـەوا ئـەو جـۆرە وتـەو بیــروڕایانەیان دەرنەدەبڕی.

ڕێسای چواردەهەم/ فەرمایـشتی خـودا ﴿لَفَسَدَتِ ٱلْأَرْضُ﴾ پـشتگیریی ئەو ڕێسا دەربڕاوەی زانایانی کۆمەڵناسیی دەکات، کـە لەسـەر هەڵبـژاردنی ئاسایی دەریدەبڕن، یان لەسەر مانەوەی باشترین خەڵك، ڕێگای ئەم ئاکامـەش پێداویستییە باسکراوەکانی پێـشووە، وەك چۆن خـودا پێـشتر باسـی ئـەوەی فـەرمووە، کـە بەگـژ یـەکترداکردنی خـەڵکیو هانـدانی بـاوەڕداران لـەدژی بێبـاوەڕانو بـەرگریکردن لـە هـەقو بەرژەوەنـدی، بەربەسـتە لـە تێکـدانی سەرزەویو خراپەو بەدکاری، بەمانای ئەمە هـۆی مانـەوەی هـەقو مانـەوەی چاکەیە. ئەم ڕاستییەش لـە فەرمایـشتێکی دیکـەی خـوادا جـەختی لەسـەر کراوە، کە حیکمەتی ڕێگەدان بە موسڵمانان بۆ کوشتار ڕوون دەکاتـەوە، وەك لە سوورەتی (حەج)دا فەرموویـەتی: ﴿أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَـٰتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا۟ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴿٣٩﴾ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّآ أَن يَقُولُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ۗ وَلَوْلَا دَفْعُ ٱللَّهِ ٱلنَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَٰمِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَٰتٌ وَمَسَـٰجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا ٱسْمُ ٱللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٤٠﴾ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّـٰهُمْ فِى ٱلْأَرْضِ

أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَمَرُواْ بِٱلْمَعْرُوفِ وَنَهَوْاْ عَنِ ٱلْمُنكَرِۗ وَلِلَّهِ عَٰقِبَةُ ٱلْأُمُورِ ﴿٤١﴾ الحج﴾، واتە: (مۆڵەت بەو ئیماندارانە دراوە، کە جەنگیان لەدژ دەگێڕن بجەنگن‌و بەرگری لەخۆیان بکەن، تەنانەت گەر بە کوشتاریش بێت، چونکە ستەمیان لێکراوە، بێگومان خوداش توانای لەسەر کۆمەك‌و سەرخستنیان هەیە، ئەوانەی کە بەناهەق لە خاك‌و نیشتمانیان دەرکران، تەنها لەسەر ئەوە دەرکراون، کە گوتوویانە: (الله) خودا پەروەردگارمانە. جا ئەگەر خودا هەندێك لە خەڵکی نەکات بەگژ هەندێکی تریانداو باوەڕداران لەدژی بێباوەڕان هان نەدا (تا بەرگری لە شوێنە پیرۆزەکانیان بکەن) ئەوا چەندین پەرستگای ڕاهیبانی مەسیحییەکان، کە بە (دێر-و -صوامع) ناسراوەو، چەندین پەرستگای گشتیی مەسیحییەکان، کە بە کلێسەو (بیع) ناسراوەو، چەندین پەرستگای جوولەکەکانیش، کە بە کنێسەو (صلوات) ناسراوەو، چەندین پەرستگای موسڵمانانیش، کە بە مزگەوت، (مساجد) ناسراوەو، کە هەموویان ناوو یادی زۆری خودایان تیادا هێنراوە کاول دەکران، بێگومان خوداش ئەو کەسانە سەردەخات، کە سەرخەری ئایینی خودان. بەڕاستی خودا زۆر بەهێزو بالاْدەستە. ئەو کەسانەی سەرخەری ئاینی خودان ئەگەر پایەدارمان کردن لە زەویدا نوێژەکانیان هەمیشە بەچاکی دەکەن‌و زەکاتی ماڵی خودا دەدەن‌و فەرمان بەچاکە دەکەن‌و ڕێگریی لە خراپە دەکەن‌و سەرەنجامی هەموو کاروبارێکیش لە بەرژەوەندیی ڕێبازی خوادایە). ئەمە ڕێ پێشاندانێکە بۆ ململانێی مانەوەو بەرگریی لە هەق، بێگومان هەر ئەمەش بە مانەوەی باشترین خەڵك‌و، پاراستنی چاکترینیان کۆتایی دێت)[1].

١) بڕوانە: (تفسیر المنار)ی (شیخ محمد رشید رضا) بەرگی دووەم، لاپەرەکانی (٤٩٢-٤٩٨) بە نەختێك دەستکاریی‌و کورتکردنەوەوە.

"هەندێك وشـەو دەستەواژەی پڕ واتـای نێو ئایەتەکان"

لێرەدا هەڵوێستەیەکی کورت لەئاست چەند وتـەو دەسـتەواژەیەکی ناسـكو پـڕ واتای ئەدەبیی ئەو ئایەتانەدا دەکەین، کە چیرۆکی (طـالوت)یـان بـاس کـردووەو، هەوڵیش دەدەین ئەو مەسەلانە دووبارە نەکەینەوە، کە هەردوو پێشەوا (محمد رشید رضا)و (سید قطب) دیارییـان کردبـوو، بـەڵکو هەنـدێك تێـڕوانینو دەلالـەتی دی دەخەینە پاڵ دیدو بۆچوونو ئاماژەکانی ئەوان:

١- لـە پرسـیاری ﴿أَلَمْ تَـرَ﴾، کـە یەکـەم وشـەی چـیرۆکەکەیەو بـەمانای (ئایـا نەتڕوانیوە بۆ...) لێرەدا ڕوانینەکە زانستیانەیە نەك (ڕوانینی چاو)، واتە: (ئایا چیرۆکی ئەو پیاوە کـامڵو ناسـراوانەی (بـەنو ئیـسرائیل)ت نـەزانیوە..؟ ئـەم داواکردنی تێگەیشتنەش دەلالەتە لەسەر هاندان بۆ زانینو بانگەواز بۆ کردنیو، وەك ئەوە وایە پێی فەرمووبێت: ﴿چیرۆکی ئەو پیاوە ناسراوو قسە ڕۆشـتوانەی (بەنو ئیسرائیل) بزانە﴾.

٢- لە دەستەواژەی ﴿أَلَمْ تَـرَ إِلَى ٱلْمَلَإِ مِنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ﴾یشدا مەبەست لـە وشـەی (مـلأ)ەکە، واتە: (گەورە پیـاوانو ڕیـش سـپییانو پیاومـاقوڵانی ئـەو هـۆزە، (راغبی اصفهانی) لەم بارەیەوە گوتوویـەتی: (ٱلْمَلَإِ) کۆمـەڵـە کەسـێکن، کـە لەسەر ڕایەك ڕێ دەکـەونو چـاوانی خـەڵکی لـە دیـمەنی جـوانی یەکـدەنگیو کۆبوونەوەیان پڕ دەکەنو، ڕەونەقو بەهای بەرزیش دەخەنە دڵو دەروونیانەوە)[1].

ئیمـامی (ڕازی)یـش گوتوویـەتی: (ٱلْمَلَإِ)، واتـە پیـاوانی ڕێـزدارو

---

١) (المفردات فـي غريب القران)ی (راغب-ی اصفهانی)، لاپەرە (٤٧٢).

دەستــرۆیشتووی نێو خەڵکیو، ریـشەکەی لـە (مَـلإ)ەوەیـە، وانـە لـە وشـەی (پڕ)ەوەیە، چونکە ئەم جۆرە پیاوانە چاوانی خەڵکی لە شانو بەهای تایبـەتیان پڕ دەکەنو خەڵکی (بەپڕی چاو، واتە (تێر لێیان دەڕواننو چاویان بـە تایبـەتی بۆ دیتنیان تەرخان دەکەن). گوتراویشە ئەو کەسانەن، کە لە هەر شـوێنێکدابن ئەو شوێنە پڕ دەکەن (وەك ئەوەی هەر ئەوانی لیّ بێت).

(زجـاج)یـش گوتوویـە: (الملأ- الرؤسـاء) واتـە: (مـلأ) بـە سـەرانی هـۆزو سەرۆکانی تری خەڵکی دەگوترێت، بۆیەش ناوبراون، چونکە دڵان پڕ دەکەن لـەو شتانەی پێویستیانە"[1].. تا ئێرە وتەی ئیمام (رازی) بوو.

بێگومان هەر گەلو هۆزو نەتەوەیەکیش پیاوانی گەورەو ڕیـش سـپیو قـسە ڕۆیشتووو سەرەك هۆزو گوێڕایەڵکراویان تێدابووە، وجودی ئەم جۆرە کەسانەش دیاردەیەکی سروشتیی نێو گەلانە.. قورئانیش لە زۆربەی ئایەتەکانیـدا وشـەی (ملأ)ی بۆ سەرکردەو سەرانی کافرەکان بەکارهێناوە، واتە بۆ ئەو کافرانەی، کە گەلەکانیان بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی بانگـەوازەکانی پێغەمبـەرانو چـاکەخوازان هانـداوە، هـەر پێغەمبـەرێکیش، کـە تووشـی بـەرەنگاریی گـەورە پیـاوانی هۆزەکەی بۆتەوەو جەنگیان لەدژ گێڕاوەو ئازاریـان داوە، خـوداش بـەهۆی ئـەو نەریتە نابەجێیەیانەوە لەناوی بردوون، قورئان وشەی (ملأ)ی هەژدە (١٨) جـار بۆ کافران بەکارهێناوە، جیّی باسیشە خودی وشەکە بیستو دوو (٢٢) جار لە قورئاندا هاتووە.

٣- وشەی (إِذْ قَالُواْ)، (إِذْ) ئامرازێکە بـۆ کـاتی ڕابـردوو بـەکاردێتو ئاوەڵکـار (ظرف)ێکە بۆ ڕابردوویەك لە زەمەن، (إذا)ش ئاوەڵکارە بـۆ زەمـەنی داهـاتوو (ڕانەبردوو). لەبـەر ئەمـە قورئـان ئـامرازی (إِذْ) بـەکاردێنێت بـۆ گوزارشـت

١) التفسير الكبيـر - للرازي (٦: ١٧٠).

(تعبیــر) له ڕووداوه ڕانــەبردووەکانی نێــو چــیرۆکەکانی پێــشینان، جـا ئەگــەر (خوێنەر) لەهەر شوێنێکدا ئەو ئامرازەی خوێندەوە تێـدەگات کـەوا لەدوایـەوە گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکی ڕابردوو هەیە.

بەڵام قورئان ئامرازی (إِذْ) بۆ گوزارشت له ڕووداوەکانی ئاینده بـەکاردێنێت، که لەکاتی (هاتنەخوارەوەی ئەو ئایەتـەی ئامرازەکـەی تێدایـە) هێـشتا ڕووی نەداوە.

ئامرازی (إِذْ) لـه قورئانـدا دوو سـەدو سـیو نـۆ (٢٣٩) جـار هـاتووە[1]. لەکاتێکدا ئـامرازی (إذا) چوارسـەدو بیـستو سـێ (٤٢٣) جـار لـه قورئـان هاتووە[2].

٤- نەناسراوێتیی پێغەمبەرەکـەیان لـەم چـیرۆکەدا، کـه فەرموویـە (لنبـي لهم) (بەپێغەمبەرێکی خۆیان گوت)، مەبەستێکی تێدایەو، نیگایەکی قەشەنگیـشی بۆ تەماشاکارانی چیرۆکی (طـالوت) تێدایە، وەك ئەوەیە پێیان ڕاگەیەنێت، کـه لەناوی ئەو پێغەمبەره نەکۆڵنەوەو هەوڵی ناسینیی نەدەن، پاشان وەك ئەوەشـە قورئان پێیان بفەرمووێت: (ئێمە بەئانقەست ناوەکەیــمان فـەرامۆش کـردووەو سیفەتەکەیـمان شاردۆتەوە، خۆ ئەگەر بـمانویستایە ناوی دیاری بکـەین، ئـەوا دەمانکرد، هەروەها ئەگەر بـمانزانیایە، که له ڕوونکردنـەوەی نـاوو شـۆرەتیدا خێرو سوودێك هەیە، ئەوا ڕوونـمان دەکردەوە، بۆیه ئێوەش بەوەنده قایل بن و، هەر ئەوەی هێناومانەتەوە بەسە).

٥- له وتەی ئەوانیشدا ﴿ٱبۡعَثۡ لَنَا مَلِكٗا نُّقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ﴾ (پادشایەکمان بۆ بنێره تاکو له جەنگی ڕێگای خودامان دا سەرکردەمان بێت) لەم وتەیەیانـدا

١) (معجم الادوات والضمائر في القرآن) للدكتور- اسماعيل عمايره، ص (١١-١٦).
٢) هەمان سەرچاوە، ص (١٧-٢٦).

گرنگیی بوونی سەرکردەیەك دەردەکەوێت، کە سەرکردایەتیی نەتەوە بکاتو ئاراستەیان بکات بۆ جیهاد، هەروەها پێویستت بوونی دامەزراندنی ئەمیرێك بۆ جەنگو جیهادیش دەردەکەوێت. زانا (سیوطي) لە کتێبی (اکلیل)ەکەیدا گوتوویەتی: (لەم وتەیەی پیاوانی (بنو اسرائیل)دا ئەوەش دەردەکەوێت، کە بێگومان نێرراوانو، پۆلو دەستەی موجاهیدان هەر دەبێت ئەمیرێکیان بۆ دابنرێت، کە لە فەرمانەکاندا بگەڕێنەوە بۆ لایو جڵەوی سەرکردایەتیو پێشرەویی بدەنە دەست)[1].

٦- پێغەمبەرەکەشیان زیرەكو دانا بووە کاتێك پێی گوتوون: (ئەی باشە ئەگەر بەم زوانە کوشتارتان لەسەر نووسرا ئایا دەجەنگن: ﴿هَلۡ عَسَيۡتُمۡ إِن كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ أَلَّا تُقَٰتِلُواْۖ ﴾؟ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئەو پێغەمبەرە سیفەتو هەڵسوکەوتی ئەوانی زانیوەو، شارەزای سروشتو خوو نەریتیان بووەو، ئاگادار بووە لە ئەگەری سەرهەڵدانی نەریتەکانی ترسنۆکیو، پاشگەزبوونەوەو، شکاندنی بەڵێنو ڕووو وەرچەرخان لە کوشتارو، سستی کردن لە ڕاپەراندنی ئەرکەکەو پاڵ لێدانەوەیان. ئەم درێغی کاریو کەمتەرخەمییانەش هەمیشە ڕەگی لەناخی سروستو دەروونی جوولەکەکانو، لە ئاکارو ڕەفتارەکانیاندا داکوتاوە.

٧- شارەزایی پێغەمبەرەکەیان لە دەروونی ئەوان ڕاست دەرچووو، ئەوەی لەبارەشیانەوە دەیزانی، بەدیی هات، ئەوەبوو ڕوویان لە جەنگو کوشتار وەرچەرخاند دوای ئەوەی زۆر پەرۆشو گەرمو گوڕبوون لەسەری، وەك خودا لەبارەیانەوە فەرموویەتی: ﴿فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقِتَالُ تَوَلَّوۡاْ إِلَّا قَلِيلٗا ﴾ (کاتێك کوشتاریان لەسەر نووسراو بڕیار درا، ڕوویان لێ وەرچەرخاند تەنها

---

١) (الأكليل في استنباط التنزيل)ی- سیوطي- ص (٤٥).

ژمارەیەکی کەمیان نەبێت).

هەر لەم شارەزاییەوە ئەوەش وەردەگیرێت، کە (جگە لەوەی هەردوو مامۆستاش (رشید رضا)و (سید قطب) دیارییان کردووە، نەبردنە سەری بەڵێنو خۆزگەکانو پێچەوانە بوونیان لەگەڵ کارو ڕاپەڕاندندا، زۆریشن ئەو کەسانەی بەڵێن دەدەنو خۆزگە دەخوازنو هەڵدەچنو دەخرۆشێنو کەچی زۆربەی هەر زۆری ئەو بەڵێنو خۆزگەو ئاوات خواستنانەیان لەسەر زەمینەی تاقیکاریو لە مەیدانی جێبەجێکردندا وردوخاش دەبن.

ئیمامی (قرطبي) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا گوتوویەتی: (ئەمە پیشەو نەریتی ئەو گەلو نەتەوانەیە، کە بەنازو نیعمەت فریویان خواردووەو، کە مەیلیان هەر لەسەر خۆشیو حەوانەوەو ماندووبوونەو، لە کاتەکانی خرۆشانو هەڵچووندا ئاواتەخوازی جەنگنو، ئەگەر جەنگیش هاتە پێشەوە دەترسنو دەچنەوە قاوغەکەی خۆیان)[1].

قورئانی پیرۆزیش ڕەخنەی لە هەندێك لەو موسڵمانانە گرتووە، کە ئاواتە خوازی جیهادو پەرۆشی جەنگو کوشتارنو داوای هەڵگیرسانی دەکەنو، کاتێك خوداش بارودۆخی جەنگیان بۆ دەخولقێنێتو ئەوەی ئاواتیان بۆ دەخواستو داوایان دەکرد، پێویستی دەکات لەسەریان، وا دەردەکەون کە ترسنۆك بوونو بێدەسەڵاتو لاوازن، خودا لەمبارەیەوە فەرموویەتی: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ۗ قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ .. ﴿٧٧﴾ النساء ﴾.

---

١) (الجامع لأحكام القرآن)ی- قرطبي (٣: ٢٤٥).

واتە: (ئایا نەتدیوە ئەو کەسانەی، کە پێیان گوتراوە، (ئێستا دەست بپارێزنو کاتی جەنگ نییە، بەڵکو لەم بارودۆخەدا زیاتر هەر نوێژ بکەنو زەکاتی ماڵی خودا بدەن، بەڵام کاتێك بارودۆخی جەنگیان بۆ هێنرایە پێشو کوشتاریان لەسەر نووسرا، دەستەیەکیان لە خەڵکە دوژمنە جەنگاوەرەکە دەترسانو ئەم ترسانەشیان بەرادەی لەخواترسانیانو تەنانەت لەوەش زیاتر بووو، ئینجا دەشیانگوت: (خودایە تۆ بۆچی جەنگت لەسەر نووسیین، خۆزگە بۆ ماوەیەکی تر لەم کاری جەنگەت دوادەخستین) تۆش ئەی پێغەمبەر بەو جۆرە کەسانە بڵێ: (خۆشییەکانی ژیانی دنیا کەموکورتنو، ئەوەندە نین، کە بخرێنە پاڵ خۆشییەکانی رۆژی دوایی، بەڵکو هەر ژیانی رۆژی دواییو پاداشتەکانی قیامەت چاکترو خۆشترو نەبڕاوەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە لەخودا دەترسنو پارێزگارن.

هەر لە دەرووی ئەم جۆرە نەریتەی نێو دەروونی ئینسانییەوە، پێغەمبەری خوداش ﷺ بانگهێشتمان دەکات بۆ ئەوەی، کە بەڵێنو خۆزگە خواستنی زۆر لەسەر جیهاد دەرنەبڕینو زیادەڕۆیی لە دەرخستنی ئارەزووکردن لە کوشتاردا نەکەین، بەڵکو پێش رووداني لەسەرخۆو لەخۆبوردووبینو ئاواتەخوازی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن نەبین، بەڵکو سەلامەتیمان بۆ بنووسرێت، بەڵام خۆ ئەگەر شەڕ یەخەی گرتینو بارودۆخەکەی هاتە پێشەوەو رووبەڕووبوونەوە سازو تەواو رێکخراو جەنگ هەڵگیرسا، ئەوا لەوکاتەدا ڕاستگۆییو خۆڕاگرییو دان بەخۆداگرتن بەدیی دێن.. وەك لەو فەرموودەیەشدا، کە (مسلم) لە (عبداللەی کوڕی ابو اوفی) وەگێڕاویەتیەوە، کە پێغەمبەری خودا ﷺ لە هەندێك رۆژانی بەرەو ڕووبەڕووبونەوەی دوژمندا چاوەڕوانیی دەکرد، تاکو خۆر لار دەبۆوەو، ئینجا ڕووی گوتارێکی دەکردە خەڵکیو دەیفەرموو: (**یا أیها الناس لا تتمنوا لقاء العدو، وأسألو الله العافیة، فاذا لقیتموهم فاصبروا،**

واعلموا امن الجنة تحت ظلال السيوف)[١].. واتـه: (ئـەی خەڵکینـه هیـوای گەیشتن بەدوژمن مەخوازن، بەڵکو داوای سەلامەتی لەخودا بکەن، بەڵام ئەگەر ڕووبەڕوویان بوونەوەو بارودۆخی جەنگ هاتە پێش ئەوا بەئارام بن‌و، بشزانن کە بێگومان بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەکان دایە).

٨- ئەو پادشایەی کـە خـودا بۆیـانی هەڵبـژارد، نـاوی لـە قورئانـدا (طـالوت)ە، لەکاتێکدا ناوی پادشا لە بەسەرهاتەکانی (بنـو اسـرائیل)و کتێبـە لـێ نـەقڵ کراوەکانیاندا (شاووڵ)ە، ناوی پادشای دوژمنەکانیشیان لە قورئاندا (جالوت)ەو، لـە بەسـەرهاتەکانی (بنواسـرائیل)و ئـەو کتێبانـەش کـە لێیانـەوە وەرگـیراوە (جوولیات)ە. هەندێك لەحیکایەتخوانانی ئەو بەسەرهاتانەو لەمێژوونووسـانیش گومانیان لەراستیی ئـەو دوو نـاوەی نێـو (قورئـان) هەیـەو تێبینیـان لەسـەر ڕاستییەکەی یان پەسندنەکردنی دەربڕیوە، چونکە گوایە لەگـەڵ هـەردوو نـاوە لێنراوەکەی (بنو اسرائیل)دا ناگونجێت.. بۆیە ئەوان ناو لێنانەکەی جوولەکە لـە ناولێنانەکەی قورئان لەپێشتر دادەنێن‌و، ڕای یەکلاکەرەوەشیان بۆ پیشان داوە.

بەڕاستی ئا ئەمەیە گومڕایی‌و سەرلێشێوانی دوورو درێژ.. ئەمە لەکاتێکـدا ئەوەی لە قورئاندا هاتووەو کە پێچەوانەی ئەوەیە، کە لە بەسەرهاتەکانی (بنـو اسرائیل)دایە دەقی ڕاست‌و جێی دڵنیایی‌و سەلمێنراو دەخەینە پێش ئەوەی، کە جێی گومانی گۆڕانکاری‌و شێواندن‌و ساختەکارییە.

مێژوونووس‌و توێژەرەوان کۆکن لەسـەر ئـەوەی، کـە بەسـەرهاتەکانی (بنـو اسرائیل) جێی متمانەو دڵنیایی‌و جێی بڕواپێکردن نین، تەورات‌و ئەو کتێبـە کۆنانەش، کە بە (العهد القديم، ناسراون‌و، کە پێش هاتنی مەسیح نووسـراون‌و

١) (مسلم) لە (كتاب الجهاد والسير) بە ژمارە (٣٢)ی –باب كراهة تـمني العدو، رقـم –٦- داو بە –حديث رقم –١٧٤٢-دا گێڕاویەتییەوە.

كتێبه بەش بەشەكانی تەوراتو، (تەلموود)یش، كه شەریعەتو سوننەتەكانی جوولەكەیان تێدایە، هەموویان كەوتونەته بەر شالاوی دەسكارییو دارِشتنەوەی جوولەكەكان، كه به وتەو بیروڕای خۆیان پڕیان كردوونەتەوەو فەرمایشتی خودایان تێكەڵی قسەی خۆیان كردووەو، هەروەها هەقو شته راستەكانی خودایان تێكەڵی درۆو دەلەسەو ساختەكاریو گومڕایی خۆیان كردووه.

بەڵام بێگومان خودا خۆی قورئانی پیرۆزی له هەر دەسكاریو شێواندنێكی خەڵكی پاراستووه، لەبەر ئەوه پێویسته پشت ببەسترێت بەوەی له قورئاندا لەسەر چیرۆكی پێشینەكانو لەسەر ناوەكانی كەسو شوێنی ڕووداوەكانی ئەو چیرۆكانه هاتووەو، بەتایبەتیش كاتێك ئەو دەقەی قورئان پێچەوانەی ناوەرۆكی دەقەكانی بەسەرهاتی پێشینەكانه، كه لەسەرچاوه ناراستو دەستكاریكراوەكانی (بنو اسرائیل)دایه، ئێمەش بەدڵنیاییەوه دان بەو ڕاستییەدا دادەنێین، كه ناوی پادشاكەیان (طالوت) بووەو ناوی پادشای دوژمنەكانیشیان (جالوت) بووه. هەر لەمبارەیەشەوه لێكۆڵینەوەی هەندێك له توێژەران ڕەت دەكەینەوە، كه لەبواری زمانەوانییەوه وشەی (طالوت)یان ورد كردۆتەوەو خۆیان بەو بیروبۆچوونه گەیاندوه، گوایه وشەكه عەرەبییەو له ڕیشەی وشەی (طول/ درێژ)ەوه هاتووەو، گوایه هەردوو پیتی (و)و (ت)ەكەش بۆ پێ لەسەرداگرتنی ماناكەیه، كه له عەرەبیدا به (مبالغە) وەسف كراوه، وەك چۆن ئەم پیتانه (و،ت) بۆ وشەكانی (طاغوت)و (ملكوت)و (جبروت) زیادكراوه، تاكو دەلالەت لەسەر ڕاستیی بیروبۆچوونەكەیان بكات، كه لەڕاستیدا چەند وەسفێكی ئەفسانەیی درێژە، كه بۆ بالای (طالوت) دانراوەو لەبۆتەی گریمانكاری دایه.

ئێمه هەموو ئەو بۆچوونه ئەفسانەگەرییانه ڕەت دەكەینەوه، چونكه ناوی (طالوت) ناوێكی بیانیو (غەیره عەرەبییه).. ناوه بیانییەكانیش هەموویان

سەربەخۆ (جامد)ن‌و، هیچ ڕیشەیەکی لێ دەرهاوێژراویان نییە، چونکە (عەرەبی) نین، ئیدی چۆن بەرێزمانی عەرەبی لە دەرهاوێشتنی ماددەی وشەیەك بکۆڵینەوە، کە (عەرەبی) نییەو، کە لەپێش گەلی عەرەبیشدا بەکارهاتووەو، کە لەنێو گەلانی تری غەیرە عەرەبدا باو بووە؟!

هەروەها ناوەکانی (ئادەم)و (ئیبلیس)و (نوح)و (ئیبراهیم)و (یەعقوب)و (لوط)و (طالوت)و (جالوت)و (داود)و چەندین ناوی تریش، بیانی‌و سەربەخۆن، نەك عەرەبی‌و ریشەداربن‌و لەریشەی وشەی ترەوە دەرهێنرابن.

٩- (بەنو ئیسرائیل) ناڕەزاییان لەسەر پادشایەتیی (طالوت) بەدوو بیانوو هەڵچنی بوو ﴿وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ﴾. بەدیدو تێڕوانینی ئەوان پادشایەتی‌و پێشەوایەتی‌و فەرمانڕەوایەتی‌و دەسەڵاتداریتی، بەپێی میراتگریی پشتاوپشت‌و حوکمی بنەماڵەچێتییە، جا لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك لەباب‌و باپیرانی (طالوت) پادشا نەبوون ئەوا هیچ ماف‌و پشکێکی لە پادشاییدا نەبووە.

ئایا ئەوەیە تێڕوانینی مەتریالیزم (مادیە)ی نەفامی بۆ پادشایی‌و پێشەوایەتی‌و فەرمانڕەوایی‌و دەسەڵاتداریتی.

١٠- وەڵامدانەوەی پێغەمبەرەکەشیان لەسەر ئەو ناڕەزایی‌و بەرهەڵستییەیان بەوەی، کە مەرجە بنچینەیی‌و پەسندکراوەکانی پادشاو فەرمانڕەوای بۆ ڕوونکردنەوە: ﴿إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ﴾.

زانایانیش لەم فەرمایشتەی خوداوە، کە لەسەر زاری پێغەمبەرەکەی (بنو اسرائیل) هێناویەتی، پووچەڵی‌و نەشیانی (تیۆری حوکمی پشتاو پشت لە پادشایەتی‌و فەرمانڕەوایی‌و دەسەڵاتداری)دا یان سەلماندووە، بۆ نموونە ئیمام

(ڕازی) گوتوویەتی: (ئەم ئایەتە دەلالەتە لەسەر نارەوایی ئەو وتەیەی، کە دەڵێن (پێشەوایەتی پشتاو پشتو بۆ ماوەییە))[1].

(سیوطی)یش گوتوویە: (بێگومان پێشەوایەتی تەنها میراتگرییەکی پەیوەست بە نەوەکانی ماڵی پێغەمبەرو پادشا نییە، بەڵکو پەیوەستە بە مەرجەکانی زانستو هێز، کە ئەگەر لە خانەوادەیەکی فەرمانڕەواش بوو بێت، قەیناکاتو بۆی دەشێت، تەنانەت بۆ ئەو کارەش لەپێشترە)[2].

١١- لەپێشتر دانانی زانستێکی زیاتر لەسەر توانایەکی زیاتری جەستەیی، ئەمەش بەهۆی حیکمەتێکی نایابەوە، کە پێشەوا (الرازی) دیاریی کردووەو گوتوویەتی: (چونکە ئاکارە جوانە دەروونییەکان لەپێشترو بەرێزترو تەواوترن لە سیفەتە جەستەییەکان)[3].

١٢- هەندێك لە زانایان ڕایان وایە، کە مەبەست لەو سیفەتو ئاکاری جەستەییە زیاترەی، کە خودا بە (طالوت)ی بەخشیوە سیفەتی زیاتری ماددییە، واتە لەڕووی بالآبەرزیو تۆکمەیی جەستەو ڕێکیو جوانیی ڕوخسارەوەیەوە، ئەمەش هیچ کەموکورییەکی تێدا نییە، بەڵام هەندێك زانا ڕای یەکلاکەرەوەیان لەسەر ئەوە دەربڕیوە گوایە مەبەست لەو سیفەتو ئاکارە زیاترە لەڕووی مەعنەوییەوەیەو زیاتر ماناکانی هێزو چاکەو ئازایەتی دەگەیەنێت. (ڕازی) گوتوویە: (مەبەست لەوە هێزە، ئەم ڕایەش لای من ڕاسترە، چونکە ئەو سیفەتەی کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن سوودبەخشە هەر هێزو زەبرە نەك بالآبەرزیو جوانیی ڕوخسار)[4].

---

١) التفسیر الکبیر، للرازی ٦: ١٧٣.
٢) الاکلیل للسیوطي، ص (٤٥).
٣) التفسیر الکبیر، (١٧٤).
٤) هەمان سەرچاوە، (٦\: ١٧٤).

(قرطبـی)یش گوتوویەتی: (گـوتراوە ئـەو سـیفەتە زیادەیـەی جەسـتەش لـە زۆریی سیفەت‌و واتا بەرزەکانی چاکەو ئازایەتی دایە نەك مەبەستی گـەورەیی‌و زەبەللاحیی لاشە بێت، ئایا ئەو هۆنراوەیەی شاعیری عـەرەب (عباسـی کـوڕی مرداس)ت نەخوێندۆتەوە، کە تێیدا گوتوویەتی:

ترى الرجل النحيـف فتزدريـه
وفي اثوابـه اسـد حصـور
ويعجبـك الطريـر فتبتليـه
فيخلف ظنـك الرجـل الطريـر
وقد عظـم البعير بغير لـب
فلـم يسـتغن بالعظـم البعير"[1].

واتە: (کاتێك مرۆڤـی لـەڕو لاواز دەبینیـت بەکـەم‌و بێبایـەخی دادەنێیـت، کەچی لە بەرگی خۆیدا شێرێکی نێچیر شکێنە.. کاتێـك مرۆڤـی بـەژن ڕێـك‌و سمێڵ سووریش دەبینیت سەرنجت ڕادەکێشێت‌و پـێی سەرسـام دەبیـت، کەچـی هەر ئەم پیاوە قۆزو بەژن ڕێکەش گومانت دەگۆڕێت.. ئێ خۆ حوشتریش بـەبێ عـەقڵ‌و ژیریی گەورە بوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو گەورەییە هـەموو ئاتـاجێکی بۆ پڕ بکاتەوە).

١٣- لە هاتنەوەی سـندووقەکە بـۆ لای (بنـو اسـرائیل)، کـە فریـشتەکان بۆیـان هەڵگرتبوون بێئـەوەی بیـانبینن، موعجیزەیـەك لـە موعجیزەکـانی خـوداو، نیشانەیەك لە نیشانەکانی بـەدی دەکرێـت.. خـودا هـەر خۆیـشی کـارگوزارو سەربازانی دەناسێت: ﴿...وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ... ﴿٣١﴾ المدثر﴾.. ئـەم

١) تفسير القرطبي (٣: ٢٤٦).

فەرمانە خوداییيە نائاساییی‌و لە عەقڵ بەدەرەش وەك موعجیزەیەك بۆ ئەو پێغەمبەرە ئەنجام دراوە، کە هەواڵی پێدان ئەوا خودا (طالوت)ی کردووە بە پادشاتان.. دیارە ئەم فەرمانەش ڕێزو کەرامەتێکە لە خوداوە بۆ ئەو پادشا چاك‌و جیهادکارە (واتە بۆ طالوت).. هەروەها پشتگیرییەکی خودایە بۆی لەڕێی ئەو بەڵگەو نیشانە ڕۆشنەوەی، کە دەلالەتە لەسەر ئەوەی بێگومان خودا شوێنکەوتوان‌و سەربازانی خۆی سەردەخات‌و بەرگرییان لێ دەکات‌و، چەندین ئایەت‌و کەرامەت‌و ڕێزی وایان بۆ بەدی دێنێت، کە (هەندێك جار) وا لە خەڵکی دەکەن پشتگیرییان بکەن.

١٤- (طالوت) کاتێك ڕێی نەداوە بەگەلەکەی تا لەئاوی ئەو ڕووبارە بخۆنەوە، کە پێیدا تێپەڕیون سەرەڕای ئەوەی لە بنەڕەتدا ئاو خواردنەوەکە حەڵاڵو ڕێ پێدراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، هەندێك جار ئەمیر، یان حاکم بۆی دەشێت، کە شتێکی حەڵاڵو ڕێپێدراو بۆ ماوەیەك ڕاگرێت‌و ڕێ بە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی خۆی یان ڕێ بە چەند کەسێکی دیاریکراو نەدات، کە ئەو شتە ڕەوایە بەکاربێنن. دیارە ئەو بەم کردارە (ڕەوا) نارەوا ناکات، چونکە حەرام کردن‌و حەڵاڵکردن تەنها مافی خودا خۆیەتی‌و هیچ کەسێك لە ئادەمیزاد مافی حەڵاڵو حەرام کردن‌و یاسادانانی نییە. بەڵام مافی کۆت‌و پێوەندکردنی (ڕەوا)ی لە هەندێك جاردا هەیەو لە هەندێك جاری تردا مافی قەدەغەکردنیشی هەیە، ئەمەش بۆ ڕێکخستنی بارودۆخی ژیانی ئەو ڕۆژگارەو بۆ پەروەردەکردنی دڵو دەروونی خەڵکی.. بۆیە گوێڕایەڵیکردنی فەرماندەو ئەمیر لەو قەدەغەکردنەدا، یان لەو ڕاگرتن‌و کۆتکردنی (ڕەوا)یەدا، بەپێی شەرع لەسەر خەڵکی فەرزەو، سەرپێچی لێکردنیشی بەپێی شەرع حەرامە، وەك لە دەقی چەند ئایەت‌و فەرمودەیەکیشدا هاتووە.

١٥- ئاماژەو دەلالەتێك هەیە لەڕێگرتنی (طالوت) لە سوپاکەی، کە لە

ڕووبارەکە ئاو نەخۆنەوە، تەنها ئەوە نەبێت، کە ڕێی دان هەریەکەیان پڕ چنگی ئاو بخواتەوە، لەم ڕێگرتنەشدا ئەو دەلالەتو ئاماژەیە ئەوەیە: ئەو ئەرکی زیاد لە تواناو وزەی خۆیانی پێ نەسپاردوون، بەڵکو بەپێی توانایان بووە، پاشان ئەو ستەمی لە ڕاسپاردنیان بەو ئەرکەدا لێ نەکردوونو هەموو دەروازەو ڕێچکەیەکیشی لێ دانەخستوون، بەڵکو تەنها لە شتێك ڕێی لێ گرتوونو، شتێکی تریشی بۆ ڕەوانەکردون.. لەم ئەرك پێ سپاردنەشدا (ژیریو دانایيو، شارەزاییی لە دڵو دەروونەکانو زانینی چۆنیەتی پەروەردەکردنی کەسانی دیو، چۆنیەتی سەرکردایەتی کردنیشیان) ڕەنگ دەداتەوە.. چونکە ئەو بێگومان (خواردنەوە لە ئاوی ڕووبارەکە)ی لێ قەدەغە کردوون.. خواردنەوەش (شرب) ئەوەیە مرۆڤ سەر بنێت بە ئاوەکەوەو تێر تێری لێ بخواتەوەو بەبێ هیچ ئامرازو قاپێك دەمی پێوە نێتو ڕاستەوخۆ بەدەم بیخواتەوە. واتە (طالوت) ئەم جۆرە خواردنەوەیەی لێ قەدەغە کردنو تەنها ڕێی ئەوەی دان، کە یەك جار بەدەستو (بەچنگ) لێی بخۆنەوە، ئەو برە ئاوەکەی پڕ چنگیش تەنها بۆ ئەوەیە، کە تینوێتییان پێ بشکێننو نارەحەتیان نەهێڵێت.

١٦- سەرنجێکی جوانو نایابی تریش لەو وتەیەیدا بەدیار خراوە ﴿ وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ مِنِّىٓ ﴾ هەر کەسێك تامی ئاوەکە نەچێژێت ئەوە بێگومان لەمنەو لە سوپای من دایە).. داخۆ ڕازو نهێنیی گوزارشت لە (خواردنەوەی ئاو بەتام کردنەوە) چی بێت؟ بۆچی لە گوزارشتی ئاو خواردنەوە (شرب)یش لای داوە بۆ (تامو چێژکردنی)؟ (راغبي اصفهاني) لەبارەی مانای تامو چێژ (طعم)ەوە گوتوویەتی: (طعم)، واتە: خواردنی خۆراك، لەهەر بەشێکی خۆراکیش بخورێت بە (طعم و طعام) ناودەبرێت، بێگومان بۆ چێژ وەرگرتن لە ئاو خواردنەوەش بەکاردێت، وەك لەو وتەیەی پادشاکەدا هاتووە: ﴿ وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُۥ

مِنِّي﴾[1]، هەروەها وەك لەو فەرمایشتەی خوداش دا هاتووە، کە فەرموویەتی: ﴿لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ ءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا إِذَا مَا اتَّقَوا وَءَامَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ... ﴿٩٣﴾ المائدة﴾، ئەم ئایەتە دەربارەی چەند هاوەڵێك (صحابە) هاتۆتە خوارەوە، کە لەپێش حەرام کردنی مەیدا خواردوویانەتەوەو لەپێش ئەوەشدا مردوونو، ئینجا برایانی دوای خۆیان پرسیاریان لەمەڕ چارەنووسی دوای حەرام بوونەکە دەکرد، کە داخۆ تۆ بڵێی خودا سزایان بدات؟ ئەوەبوو دەیانگوت: خودا چی لەو برایانەمان دەکات، کە پێش حەرام کردنی (مەی مردوون، کە ئەو مەیە لەسکیاندا بووەو، ئایا سزا دەدرێن)؟ ئەم ئایەتەش گوناەو تاوانەکەی سڕیونەتەوەو لەسەری لابردوونو بە گوازارشتی تام کردن (طعم) هاتووە (فِيمَا طَعِمُوا)، واتە: (ئەو کەسانە هیچ گوناهێکیان لەسەر نەماوە، کە باوەڕیان هێناوەو کاری چاکیان کردووەو پاشان مردوون، گوناهی ئەو مەیەی تامیان چەشتووە لەسەریان نەماوە ئەگەر پێش حەرام کردنەکە خواردبێتیانەوە)[2].. دیارە ئەوانەش، کە لەژیاندا ماونو لەوەو پێش تامیان کردووەو خواردوویانەتەوەو دوایی باوەڕیان هێناوەو چاکەیان کردووەو تۆبەیان کردووە، خودا لێیان دەبوورێت، مەبەست لە وشەی (طعم) تام کردنە وەك لە ئایەتەکەی تایبەت بە چیرۆکی (طالوت)دا هاتبوو، بەمانای هەر کەسێك تامی ئاوەکە نەچێژێت ئەوە لەمنە، تەنها ئەوەندە نەبێت، کە پڕ چنگی دەستێکی لێی بخواتەوە، بەڵام بۆچی لە دەربڕینی خواردنەوە بۆ چێژکردن لای داوە؟

---

١) (المفردات)، ص-٣٠٤.

٢) بۆ نموونە- بڕوانە (الدر المنثور ٣: ١٧٣).

(قرطبـــي) گوتوویە: (نـەیگوتووە، هـەر کـەس نەیخواتـەوە (مـن لم یـشربە)، چونکە لە نەریتەو عادەتی عەرەبەکانیشدا وایە ئەگەر شتێکیان لە ڕستەیەکدا دووبارە کردبێتەوە بە بێژە (لفظ)ێکـی دی گوتوویانەتـەوە، زمـانی قورئـانیش ڕەوانتـرین زمانە)[1].

بەڵام (رازی) لەمبارەیەوە دوو لێکدانەوەی نایابی هەیە:-

"یەکەمیان: ئەگەر مرۆڤ زۆرتینـووی بێـتو پاشـان ئـاو بخواتـەوەو، بیـەوێت وەسفی ئەو ئاوە بە خۆشو تامدار دەرببڕێت، دەڵێت: (بەڕاستی ئـەم ئـاوە وەك هەنگوینە)، واتە بەتامە هەرە شیرینو خۆشـەکان وەسـفی دەکـات..

وتەی ئەو پادشـایەش (وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ) بـەمانای (ئەگەرچـی تێنـوێتیی هێندەی بۆ هێنابن، کە ئاوەکە لەدەمیاندا وەك ئەو خۆراکە وەسـف کـراوە شیـرینانەش بێت ئەوا هەر پێویـستە خـۆی لـێ بپـارێزنو فەرمانەکـەی نەشکێنن).

دووەمیان: هەر کەسێك ئاو بکاتە دەمیەوەو لەدەمیدا ڕاییـاتو پاشـان فـڕێی بداتــە دەرەوە ئــەوە شــایەتیی لەســەر دەدرێــت، کــە تــامیی کــردووەو چەشتوویەتیو، بەڵام وای بـۆ دانانرێـت، کـە خواردبێتیـەوە، جـا کاتێـك (طــالوت) گوتوویـــەتی ﴿وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ﴾ ئــەو ڕێ لێگرتنـــەی بـــۆ نەخواردنەوەو بۆ لـەدەم داڕادان بـووە، ئاشکراشـە ئـەم فەرمانـە گـرانترە چونکە هەر کەسێك ئاو بخواتەوەو پێش خواردنەوەکە لەدەمیدا ڕای بـدات هەست بەجۆرێك لە نەخۆشیو حەوانەوە دەکات"[2].

---

١) (الجامع لاحكام القران ٣: ٢٥٣).

٢) (التفسير الكبير للرازي ٦: ١٨١).

(راغب-ی اصفهانی)یش لێکدانەوەیەکی لەمبارەیەوە هەیەو گوتوویەتی: ((طالوت) لەو فەرمانەیدا ﴿وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ﴾هۆشداریی داوە کە قەدەغەیە دەمی بۆ بەرن تەنها پڕ چنگێك نەبێت بە خۆراکێکەوە، هەروەك ئەوەی قەدەغە بووە بیخۆنەوە تەنها بەچنگێك نەبێت، چونکە ئاو ئەگەر لەگەڵ شتێکی وەك خۆراکدا، کە بەدان بجورێت تامێکی دەبێت (واتە ئاوەکە تامدار دەبێت) ئەگەر لەگەڵ خۆراکێکدا بخورێت، خۆ ئەگەر (طالوت) بیگوتبایە: (هەر کەسێك نەیخواتەوە) (ومن لم يشربه) ئەوا شیاوبوونی خواردنەوەی پێویست دەبوو ئەگەر لەگەڵخۆراکێك یان شتێکی تردا بوایە، دەنا بەهیچ کلۆجێك خواردنەوەی ناشێت، تەنها بە ئەندازەیەکی لێدەرخراوی وەك پڕ چنگی دەستێك نەبێت"[1].

لەوانەیە (هەندێك جار، یان لە هەندێك ناوچەدا) ئاوەکە خۆراکاوی بێتو لەوانەشە (ئاو خۆرەوەکە) وا لێبکات پێویستیی بە خۆراك (تا ماوەیەك) نەمێنێت، ئەگەر جگە لە ئاو هیچ شتێکی تری شك نەدەبرد، ئیدی لەو حاڵەتەدا ئاوەکە جێی خواردنەوەو خۆراکیشی بۆ دەگرێت.. هەمان ڕووداو تووشی هاوەڵی بەڕێز (ابو ذري- غفاري) ﷺ بووە لە کاتی گەڕانی بەدوای پێغەمبەری خوادا ﷺ، ئەوەبوو کافرەکان لەلای کەعبەدا لێیاندابوو، ئەویش لەدەستیان هەڵاتبووو لەلای ئاوی زمزم خۆی حەشار دابووو ماوەی مانگێك لە حەشارگەکەیدا مابووەوەو هەر لەسەر ئاوی زمزمو بەو ئاوە دەژیاو، جێی خۆراكو خواردنەوەی بۆ گرتبۆوە، وەك (مسلم)یش گێڕاوێتییەوە، کە (ابو ذر) دەربارەی بەسەرهاتی موسڵمانبوونی خۆیو، کاتێك پێغەمبەری خودا چو بۆ لایو لێی پرسیوە: (لە کەیەوە لێرەیت؟) ئەویش گوتوویە: (من سی شەوو سی ڕۆژە لێرەم)، لێی پرسیوە (ئەی کێ خۆراکی پێداویت؟) گوتوویەتی: (هیچ

---

١) (المفردات)ی راغب – ص (٣٠٤).

خۆراکێکم نەبووە، تەنها ئاوی زمزم نەبێت، هەر بەوەش قەڵەو بووم، هەتا گۆشتو ماسوولکەکانی سکیشم زیاتر کشاون، ئیتر لەسەر جگەریشم هەست بە لاوازییو کەموکوڕیی برسێتییەك ناکەم)، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (بێگومان ئەم ئاوە بەپیتو بەرەکەتە، ئەمە خۆراکی تێرکردنو چێژ پێدانیشە)[1].

کەوابوو لەو وتەیەی (طالوت)دا ﴿وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ﴾ دەرچوونە لە خواردنەوەوە بۆ خواردن، ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیان: چونکە ئاوەکە جێی خۆراکیش دەگرێتەوە بۆ ئەو کەسەی، کە جگە لە ئاو هیچ خۆراکێکی دەست ناکەوێت..

دووەمیش: چونکە مرۆڤی تینوو هەست بەو ڕاستییە دەکاتو نەفسی خۆی ئاراستەی بۆ دەکات -والله أعلم-

بۆیە (طالوت)یش ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوەکەی لێگرتوون، سا ئیتر بۆ خواردنەوە، یان بۆ چێژ لێوەرگرتنی وەك خۆراك، خواردنیش بوویێت تەنهاو تەنها پڕ چنگێك نەبێت (تاکو تێنوێتییە زۆرەکەیان بشکێنێتو دەمیشیان تەڕ بکات).

١٧- لە وتەی پادشاکەدا ﴿إِلَّا مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ﴾.. لەم وتەیەدا (طالوت) ڕێگەی بەسوپاکەیداوە، کە لوێچێك لە ئاوی ڕووبارەکە بخواتەوە. لەمەشدا زیرەکیو هۆشمەندیی (طالوت) دەردەکەوێت، چونکە ئەو ڕێی خواردنەوە لە ڕووبارەکەی لێگرتوون، بەڵام زیاتر ئاتاجیان پێیەتی، ئەویش بەو بڕە ئاوەی پڕ چنگێك بەهانایانەوە هاتووەو پێویستییەکەی بۆ پڕ کردوونەتەوە.

---

١) مسلم، كتاب فضائل الصحابة:٤٤ باب من فضائل ابي ذر رقم (٢٨) حديث رقم ٢٤٧٣.

چونکە ئەو کەسەی ڕێ بەکارێك دەدات، یان ڕێی لێ دەگرێت، دەبێت ئاگاداریی پێویستییەکانی ئەوانە بێت، کە لەگەڵیدانو تێبینیی لایەنی دڵو دەروونیان بکاتو، بەشێوەیەکی بابەتیانەو واقیعییانەو بەنەرمو نیانی ئەرکو فەرمانەکانیان پێ ڕاسپێرێت. (جا ئەگەر دەتەوێت گوێڕایەڵیت بکرێت، بەپێی توانای خەڵکی داواکارییان لێ بکە. هەروەها لەو ڕێگرتنی ئاو خواردنەوەیە لە ڕووبارەکەو لەڕێ پێدانی چنگە ئاوێکدا، سوودێکی تەندروستیش بەدیی دەکرێت، چونکە ئەو کەسەی زۆر زۆر تینوویەتیو، تەنگانەی تێنوێتیی زۆریی بۆ هێناوە، ئەگەر لەو حاڵەتەدا کتو پڕ ئاوێکی زۆر بخواتەوە، ئەوە بێگومان زیانو ئازارێکی زۆری پێ دەگەیەنێت، بەتایبەتیش ئەگەر تینوێتییەکە بەهۆی کارێکی سەختەوە، یان وزە خەرج کردنێکی زۆرەوە بێت، وەك ڕاکردن، یان گەشتو سەفەری درێژ، یان هەڵگرتنی بارێك.

لەبەرئەوە ئەم جۆرە کەسانە دەبێت دوای ئەو کارە سەختانە، نەختێك پشوو بدەنو پاشان بەچەند جارێك یەك لە دوای یەك لە جامە ئاوەکەیان بخۆنەوە.

سەبارەت بە وشەی چنگە ئاو (غرفة)ش (راغب-ی اصفهاني) گوتوویەتی: (الغرف: واتە هەڵگرتنی شتێكو بەکارهێنانی، بۆ نموونە دەگوترێت: (غرفت الماء والمرق) واتە: ئاوو شلەکەم بەدەست هەڵگرت، وشەی (غرفة)ش ئەوەیە، کە دەکرێت بە خانەیەك، وشەی (غرفه)ش بۆ (یەك جارە). وشەی (مغرفة)ش بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانیەتی"[1]..

(طالوت)یش مەبەستی کەمکردنەوە بووە کاتێك ڕێی داون، کە تەنها یەك جار بەدەست لە ئاوی ڕووبارەکە بەکاربێنن، چونکە (غرفة) ئەو نەختە کەمەیە، کە بە چنگ وەردەگیرێت.

---

١) المفردات: ٣٦٠.

١٨- لەو فەرمایشتەی تری خوادا ﴿فَشَرِبُوا۟ مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ﴾، (ئەوان لە ئاوەکەیان خواردەوە، تەنها ژمارەیەکی کەمیان نەبێت)، لەم فەرمایشتەدا بەڵگەیەك هەیە لەسەر ئەوەی، کە زۆربەیان سەرپێچییان لە فەرمانەکە کردوەو لە ئاوی ڕووبارەکەیان خواردۆتەوەو ژمارەیەکی کەمیان لەسەر فەرمانەکە خۆڕاگربوون.. واش دیارە ئەوان حەزو ئارەزوویان لە سەرپێچیکردنەکە هەبووە تاکو لە ڕۆیشتن بۆ کوشتار بەردەوام نەبن..

ئیمامی (رازی) ئاوڕێکی لەم ئاماژە دەروونییە داوەتەوەو گوتوویەتی: (ئەوان کاتێك زانیویانە، کە هەر کەسێك تێر لە ئاوی ڕووبارەکە بخواتەوە ڕێگەی بەشداریی کردنی جەنگو کوشتاری پێ نادرێتو لە دڵیشیاندا ڕقێکی توندیان لەو جەنگە هەبوو. هەر دەبوایە ئەو ئاواتی سەرپێچیو ئاو خواردنەوەشیان ئەنجام بدایە تاکو بەو ڕەنگە دۆست لە دوژمن جیابکرێتەوەو، گوێڕایەڵیش لە یاخی جیابکرێتەوە)(١).

١٩- کەمکردنەوە (تقلیل) لە ئایەتەکانی ئەم چیرۆکەدا مەبەستدارەو، سێ جار دیاریکراوە، وەك:

(أ) لە فەرمایشتەکەی خوادا﴿... فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ تَوَلَّوْا۟ إِلَّا قَلِيلًا ... ﴿٢٤٦﴾ البقرة﴾ (کاتێك جەنگیشیان لەسەر نووسرا- کە داوایان دەکرد- ژمارەیەکی کەمیان نەبێت زۆربەیان ڕوویان لێ وەرگێڕا).

(ب) لە فەرمایشتەکەی خوادا ﴿فَشَرِبُوا۟ مِنْهُ إِلَّا قَلِيلًا مِّنْهُمْ ﴾ (ژمارەیەکی کەمیان نەبێت، زۆربەیان لە ئاوەکەیان خواردەوەو سەرپێچی فەرمانەکەیان کرد).

---

١) (التفسیر الکبیر)ی –رازی- ٦: ١٨٢.

(ج) لـه فەرمایـشتەکەی خـوادا﴿... كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةًۢ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ... ﴿٢٤٩﴾ البقرة﴾، (ئای چەند کۆمەڵی کەمی باوەڕدار، چەندین کۆمەڵی زۆریان بەیارمەتی خودا بەزاندوە).

لێرەدا سێ جار ژمارەی کەمی دیاریکردووە، تا دەلالەتو بەڵگەبن لەسەر پاڵاوتنی هەرە باشەکانی نێو گەلەکەو، لەهەر جارێکیشیاندا ژمارەیەکی زۆر دواکەوتوونو سەرپێچییان کردووەو، تەنها ژمارەیەکی کەم ماونەتەوە.

٢٠- گومان (ظـن) لەم فەرمایشتەدا: (قَالَ ٱلَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ) دوو مانا هەڵدەگرێت:

(أ) دەشێت مانای دڵنیایی تەواو بگەیەنێت، بەو مانایەی ئەوان دڵنیابوون لە گەیشتنەوەو گەڕانەوەیان بۆ لای خودا، بەڵام بۆ —مەجازو مانای تێپەڕتر- بێژەی گومان (لفظ الظـن)ی لەسەر دڵنیابوون (يقين) بۆ دانراوە لەبەر ئەم حاڵەتی لەیەکچوونەی، کە لەنێوان گومانو دڵنیاییدا (بۆ جەخت کردنە سەر بیرو بڕوابوون) هەیە.

(ب) دەشێت گومانەکە لەسەر ڕواڵەتی ماناکەی خۆی بمێنێتو، مانای ئەو گومانکردنە بگەیەنێت، کە بەلای یەکلاکاریدا دەیشکێنێتەوە، بەڵام چۆن گومان لە بەدیدار گەیشتنی خوادا دەکەن، لە کاتێکدا خۆیان پاڵاوتەو دەستەبژێری نێو خەڵکیو پوختەی پوختەکەن؟ هەروەها دیارترینی کەسانێك، کە باوەڕی گەورەیان هەیە, مەبەست لە بەدیدار گەیشتنی خوداش زیندووبونەوەی دوای مردن نییە, یان بەدیهاتنی بەڵێنی خودایی, چونکە لای ئەوان ئەمە باوەڕی تەواو و یەقینێکییانە، کە هیچ گومانێکی تێدانییە. بەڵکو مەبەست لەم کوژرانیانە لەگەڵ (طالوت) لەسەر زەویو مەیدانی جەنگەکەدا، ئەمەش گومانێکی یەکلاکراوەیانە، بەڵام یەقینێکی

ڕەهاو بنەبڕ (قاطع) نییە, چونکە لەوانەیە مرۆڤی جیهادکـار لـە مەیـدانی جەنگدا بکوژرێتو بـمرێت, لەوانەشە تەمەنی، تا ماوەیەکی تر درێژتربێت.

(ئیمامی ڕازی) لەبارەی ئەم ئەگەرەوە گوتویەتی: "کاتێـك خۆیـان دانـا بـۆ کوژران، ئەوە لەبازنەی گومانیاندا جێگیـربوو، کە لە مردن دەرباز نـابن, ئـەوا بەڕاستیو بێگومـان لەبارەیانـەوە فەرمایـشتەکە واهـاتووە، کـە ﴿يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلَٰقُواْ ٱللَّهِ﴾"[1].

هەر لەسەر ئەم مانایە (قرطبـی)یش گوتوویەتی: (دەشێت ئەوە گومان بێـت نەك زانین، بەمانای ئەوانەی لەو بـیرو خەیاڵـەدا بـوون، کـە خۆیـشیان لەگـەڵ (طالوت)دا دەکوژرێنو بە شەهیدییو وەك چـەند شـەهیدێك بـەخودا دەگـەن، ئیدی گومانەکە لەسەر کوشتنەکەیان پەیدابووە)[2].

٢١- نـزای کەمینـەی بـاوەڕدار ﴿...قَالُواْ رَبَّنَآ أَفۡرِغۡ عَلَيۡنَا صَبۡرٗا وَثَبِّتۡ أَقۡدَامَنَا وَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٥٠﴾ البقرة﴾، هـەر تـەنها تایبەت بەخۆیان نییە، بەڵکو دەشێت گشت تـاقمێکی بـاوەڕداری جیهادکـاری بەئارام، کە ڕووبەڕووی دوژمنانیان دەوەستن، ئـەم نزایـە بکـەن. هـەر بۆیـەش (سیوطي) گوتوویەتی: (لەمەوە دەردەکەوێت، کە ئەم نزاکردنە لەکاتی جەنگو کوشتاردا کردارێکی خۆشویستراوە (مستحبە))[3]. بـەمانای ئـەم نزایـە فـەرز نییە، بەڵکو لە پلەی حەز لێکردنو خۆشویستراوی دایە.

---

١) (التفسیر الکبیـر)ی (الرازی)، (٦: ١٨٤).

٢) تفسیر القرطبـي (٣: ٢٥٥).

٣) (الاکلیل)-ی سیوطي. ص(٤٥).

له ڕێکخستنی هەر سێ بڕگەکەی ئەم نزایەدا: (ئارام گـرتن)و (جێگیربـوونی پێکان له بەرەی کوشتاردا)و (سەرکەوتن)دا، دیاردەیەکی سـەرنجڕاکێش هەیـەو هەر بڕگەیەکیش لەسەر ئەوەی پێش خۆی بنیـاتنراوەو بەشـێوە ڕێکخـستنێکی قۆناغبەندی (مرحلي) ڕێکخراوە، چونکە لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی دوژمناندا، یەکـەم جـار مرۆڤـی جیهادکـار پێویـستیی بـە (ئـارام گرتنـە بـە چـەمکە هەمەلایەنییەکـەی‌و مەیدانـە هەمەچەشـنەکانییەوە، جێگیربـوونی پێکـان‌و نەفیش تەنها بەئارام گرتن دەبێت. ئیدی ئەگـەر هـەردوو پـێی موجاهیـد لـە شوێنی جیهاددا جێگیر بـوو، ئـەوا ئـەو موجاهیـدەش لـە جەنگـدا ئامـادەی خۆبەختکردن‌و گیانبازی دەبێت‌و بەوەش داوای سەرکەوتن لـە خـوداوە بەسـەر دوژمناندا دەکات. هـەر لـەو نزایەشـدا گرنگیـی حاڵـەتی دەروونـی‌و لایـەنی مەعنەویش بەدیار خراوەو، خراوەتە پێش حاڵەتی دەرەکیـی ماددەگەراییـەوە، هەر بۆیەش ئارام گرتنەکەی خستۆتە پێش جەنگەکەوەو، پـێش جێگیـربوونی پێیەکان تێیدا، لەنێوان هەردوو هەڵوێستەکەشدا (خواردنەوەی پـڕ چـنگێك لـە ئاوی ڕووبارەکە)و تێر لێ خواردنـەوەو بـەکارهێنانی تـەواوی) پێـك گەیانـدن‌و ڕێکخستنیان لەنێواندا بەدی دەکەین لەکاتێکدا ئـەوان داوای ئـەوەیان لـەخودا دەکرد، کە ئارامییان بەسەردابێنێت تاکو هـەموان لـەژێر بـاڵی سـێبەرەکەیدا بەهرەمەند بوونایە. لەوانەشە لەمەدا ئاماژەیەکی دی هەبێت لەسەر ئەوەی کە: (هەرکەسێك بەسەر دنیاو پێویستییەکانیدا زاڵ بێت‌و خۆشی‌و تـام‌و چێژەکانی دنیا نەیکەنە بەندەی خۆی‌و لەپێناوی خوادا ڕێگە له دەروونی خۆیشی بگرێت‌و نەهێڵێت چێژ له هەندێك کەرەسەو شتە ڕێ پێدراوەکانی دنیا وەربگرێت، ئـەوا خـوداش قـەرەبووی ئـەوەی بـۆ دەکاتـەوەو کۆمـەك‌و یارمـەتیی خـۆی پـێ دەگەیەنێت.. ئـەوەتا ئـەو کەمینـە بـاوەڕدارە خۆیـان لـە خواردنـەوەی ئـاوی ڕووبارەکە گرتۆتەوەو، بەم ڕەنگە بەسـەر دنیـاو شـتە ڕێ پێدراوەکانیـشیدا زاڵ

بوون. خوداش ئەو ئارامییەی بۆ قەرەبوو كردوونەوەو ئارامیی پێ بەخشیون و بەسەریاندا ڕژاندوێتی.

٢٢- دەركەوتنی (داود) لەنێو سوپا موجاهیدەكەو، لە مەیدانی جەنگەوە كاری خۆی دەست پێكردووەو لە ڕێگەی سەركردایەتیو پادشایەتیو حیكمەتو بەرپرسیارێتیەوە پلەو پایەی بەرزبۆتەوە. لەمەشدا ئاماژەیەك هەیە بۆ ئەوەی، كە هەر كاركردنە فەرماندەكانی پێ دەردەكەوێت، مەیدانەكەش بەهرەكان دەردەخات.. ئەوەبوو (طالوت)و (داود) لە ناوەڕاستی خەڵكەكەوە دەركەوتنو پێش ئەوانیش مەیدانو كاركردنو واقیع بۆ خەڵكی پیشان دراوە.. ئەمەش بێگومان ڕێگای دۆزینەوەو ناسینی سەركردە شایستەكانە. هەر ئەو سەركردانەش سەركردایەتیی نەتەوەی ئیسلامی بۆ ڕێگای سەركەوتنو باڵادەستی دەكەن.

کـۆتـایی

لێرەدا کۆتایی بە باسی ئەم چەند چیرۆکە لـە چـیرۆکەکانی (بنـو اسـرائیل) لـە قورئاندا، دێنین، دیارە ئێمە باسی هەموو چیرۆکەکانیانمان نەکردووە، چونکە ئەمـە لە مەبەستی نێو ئەم کتێبەماندا نییە، بێگومان لـەم کتێبـەدا حـەوت چـیرۆکمان باس کرد، کە ئەمانەبوون:-

١- چیرۆکی دایکـی موسـا- سـلاوی لیّ بێـت-و ئـەو ڕووداوانـەی، کـە لـەدوای هاتنەدنیای موسا بەسەریاهاتو، کە چۆن خودا بۆی پاراستو، کاروبارو ڕەوتی ڕووداوەکانیشی وەها بۆ ڕێکخست، کە لەژێر چاودێریی خۆی دابوو، هەر خـودا خۆیشی سەرپەرشتیی دەکردو، پاشان تەرخانکردنی ڕۆڵی دایکیو خوشکەکەیو فیرعەونو هاوسەرەکەی فیرعەون لە سەرپەرشتیی ئەو ئەرکەدا.

٢- چیرۆکی پیاوە باوەڕدارەکەی هۆزی فیرعـەونو ئـەو ئەرکانـەی لـە دەرخـستنی باوەڕەکەیدا پیشانی داوەو، چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی فیرعەونو بانگەوازکردن بۆ شوێنکەوتنی (موسا) - سلاوی خودای لیّ بێت - ئەوەی هانیداین، کە ئەم بەسەرهاتەش بخەینە نێو چیرۆکەکانی بەنوئیسرائیلەوە، سەرەڕای ئەوەی کابراکە لە خێڵی فیرعەونیش بوو، ئەوەیـە شـوێنکەوتووی (موسـا) بـووەو چـۆتە نێـو ئاینەکەیەوەو خۆی لە گەلەکەی بەریو بێتاوان کردووە.

٣- چیرۆکی قارون، کە لە هۆزەکەی (موسا) بووەو، بەڵام بە ماڵو سـامانی خـۆی فریودراوەو لە زولـمو سـتەمدا بـەکاری هێنـاوەو، کـە ئـەوەش بووەتـە هـۆی لەناوچوونی.

٤- چیرۆکی وێڵ بوونی (بنو اسرائیل) لە بیابانی (سـینا)دا، کاتێـك فەرمانەکـەی موسایان ڕەتکـردەوە، کـە داوای لێکـردن بـە جیهـادو کوشـتار بـچنە خاکـە پیرۆزەکەوەو کەسەرکەوتنی لەلایەن خوداشەوە بۆ مسۆگەر کردبوون. ئـەوە بـوو

خوداش لەسەر ئەو یاخی بوونو فەرمان شکاندنەیان بە وێڵ بوونی نێو بیابان سزای دانو، ئاوارەبوونی بۆ نووسینو بێبەشیی کردن لە پلەی بەرزی جیهادو لە بەخششی رزگاریو لە نیعمەتی چوونە نێو خاکی پیرۆزەوە.

٥- چیرۆکی مانگاکەی (بنو اسرائیلو) دەلالەتکردنو بەڵگەبوونی ئەو چیرۆکە لەسەر سرووشتو خوونەریتیانو، چۆنیەتی ڕوانینیان بۆ حوکمو فەرمانەکانی خودای پەروەردگاریانو، چۆنیەتی سەوداومامەڵەیان لەگەڵ پێغەمبەری خۆیان (موسا)دا - سلاوی خودای لێ بێت -.

٦- چیرۆکی (خەڵکانی ڕۆژی شەممە)و دابەش بوونی ئەو خەڵکەی ئەوسای (بنو اسرائیل) بەسەر سێ جۆرە ئوممەت (نەتەوە)دا، کە (سنوور بەزێنانی فەرمانی خودا)و (چاکە خوازانو ڕێگرانی خراپە)و (بێدەنگبوانو بێهەڵوێستان) بوون، پاشان ناشیرین کردنی ڕوخسارو ڕەنگو ڕووی سنوور بەزێنانو یاخییەکان بەچەند مەیموونێکی ڕیسواو سەرگەردان کراوو، ڕزگاربوونی چاکەخوازو بانگەوازەکانو، بێدەنگ بوونی قورئان لە چارەنووسی بێدەنگبوان.

٧- چیرۆکی (طالووت)، کە وەك پادشایەکی دادپەروەرو، سەرکردەیەکی لێهاتووو، جەنگاوەرێکی موجاهید، بۆلای (بنو اسرائیل) هاتووەو لەو واقیعە خراپەیان ڕزگاری کردوونو، دۆخی سەرشۆرییانی بە سەربەرزی بۆ گۆڕیونو حاڵەتی بەزینیشیانی بە سەرکەوتن بۆ گۆڕیون، ئینجا خوداش سەرکەوتنی بۆ (طالووت)و ئەو کەمینە باوەڕدارەی لەگەڵیدا مابوون بەسەر دوژمنانیاندا بۆ نووسیون، کە (جالوت)و گەلەکەی بوون.

وەك تێبینییش دەکەین ئەم حەوت چیرۆکە کەوا هێناومانن، پێنجیان لە سەردەمی (موسا)ی پێغەمبەریانو ڕزگارکاریان دابووە، کە هەر پێنج چیرۆکەکەی هەوەڵی کتێبەکەن.

ئێمه هەموو چیرۆكەكانی (موسا)مان لەگەڵ (بنواسرائیل)دا باس نەكردووه، چونكه بۆ نموونه چیرۆكی موسا هەیه لەگەڵ ئەو سیحربازانەی كه باوەڕیان پێهێنا. وەك له سوورەتەكانی (الاعراف)و (طه) و(الشعراء)دا باسكراوه.

هەروەها بۆ نموونه چیرۆكی موسا لەگەڵ (بنو اسرائیل) لەپێش دەرچوونیان له (میسر)و بەرهەڵستیكردنی (بنو اسرائیل) لەسەر ئەوەو پاشان ڕێنماییكردنیان لەلایەن موساوه لەسەر ئارام گرتنو جێگربوون، وەك له سوورەتەكانی (الاعراف)و (یوسف)دا هاتووه.

هەمدیسان چیرۆكی (موسا) - سلاوی لێ بێت - لەگەڵ ئەو گەلەی (بنو اسرائیل)دا، كاتێك له دەریاكه دەرچوون بەیارمەتی خوداو، داوایان له موساش كرد، كه بتێكیان بۆ دابنێت تاییپەرستن، چونكه گەلێكیان دیبوو، كه بتیان دەپەرست، وەك له سوورەتی (الأعراف)دا هاتووه.

پاشان چیرۆكی ئەو گەلەی (بنو اسرائیل) لەگەڵ (موسا)دا، كاتێك خودا به فەزڵو بەخششی خۆی باڵندەی شەلاقه (سلوی)و گەزۆی بۆ ناردنو كانیاوەكانیشی بۆ تەقاندنەوەو داواكاریی ئەوانیش لەموسا، كه له خودا داواكات هەر یەك خۆراكیان بۆ نەنێرێت، بەڵكو له ڕووەكی پاقلەییو خەیارو سیرو نیسكو پیازیشیان له زەوییەوه بۆ فەراهەم بێنێت، وەك له سوورەتی (البقرة)دا هاتووه، هەروەها چیرۆكو بەسەرهاتیان لەگەڵ (سامیری)و گوێرەكه ئاڵتونەكەی، كه لێیان بزر بوو، سزای خوداش لەسەریان بەهۆی پەرستنی گوێرەكەوه، وەك له سوورەتەكانی (بقرة، طه، الأعراف)دا هاتووه.

هەروەها چیرۆكی (بنو سرائیل) لەگەڵ موسا كاتێك به (شتێكی جەستەیی) خەتاباریان كردو، بەهۆی ئەو شەرمو حەیاو خۆپارێزییەوەش ئازاریان دابوو، كه خوداش بەرگری لێكردو، به كراسەكەیەوه له ژوورەوەكه دەرچووه، تاكو ڕاستیی مەسەلەكەیان بۆ بسەلمێتو لێی ئاگاداربن.

ئەمە جگە لە چەندین چیرۆکی تر.. ئێمەش چیرۆکەکانی (بنو اسرائیل) لەگەل پێغەمبەرانی دواتریان، وەك (داود)و (سولەیمان)و (زەکەریا)و (یەحیاو عیسا)شدا باس نەکردووە – سلاوی خودایان لێ بێت- بەلام (إن شاء الله) ماوەمان هەبێت لە لێکۆلینەوەیەکی (لەمەودوامان لەسەر چیرۆکە قورئانییەکان)دا دەگەڕێینەوە سەریان.

بەلام هەلوێستەیەکی ترمان لەگەل چەند چیرۆکێکی پێشینەکان لە قورئاندا ماوە، کە ئەوانیش چیرۆکی غەیری پێغەمبەرانن‌و، بەلێنی بەرهەمهێنانی لێکۆلینەوەیەکی تر دەدەین، کە لە بەرگەکانی تردا ئامادە دەکرێن‌و داوای کۆمەك‌و یارمەتیش لە خودا دەکەین، کە کاری ئەو لێکۆلینەوانەمان بۆ مەیسەر بکات‌و، هیواداریشین لەزووترین کاتدا بێت‌و (إن شاء الله) ئەلقەی دووەمیش لە ئەلقەکانی ئەم لێکۆلینەوەیەی، کە بەناوی (مع قصص السابقين في القرآن)ەوە دەستمان پێ‌کردووە، تەرخانی دەکەین بۆ چیرۆکەکانی نێو سوورەتی (کهف)، کە ئەمانەن:

١- چیرۆکی هاوەلانی نێو ئەشکەوتەکە.
٢- چیرۆکی کابرای خاوەنی دووباخەکە.
٣- چیرۆکی (موسا) لەگەل پیاوە سالحەکە (خضر) سلاوی خودایان لێ بێت.
٤- چیرۆکی (ذو القرنين).

نزاش لای خودا دەکەین، کە بە کۆمەکی خۆی کارمان بۆ ئاسان بکات‌و، یارمەتیمان بدات لەسەر لێ وردبوونەوەی قورئانەکەی‌و، باش لێ تێگەیشتنی‌و تەفسیرکردنی‌و بلاوکردنەوەی زانستەکانی‌و واتاو حوکمەکانی. هەروەها داوا لە خودا دەکەین قورئانی پیرۆز بکاتە بەهاری دلەکانمان‌و، ڕۆشنایی سینەکانمان‌و، ڕەوینەوەی خەم‌و خەیالاتمان‌و، نەمانی پەژارەو خەفەتەکانمان‌و، لە ساتەکانی

شـەوگارو لــە کاتــە گرنگــەکانی ڕۆژگــاریش (وەك بــەیانیانو ئێــواران)دا بــواری خوێنەرانی قورئانو لێوردبوونــەوەی ئایەتــەکانیمان بــۆ بڕەخــسێنێتو ئــەوەی لێــی تێناگەین فێرمان بکاتو، ئــەوەی لــەبیرمان چــۆتەوە بــەبیرمان خاتــەوەو بیکاتــە بەڵگەیەك بۆمان لە ڕۆژی قیامەتدا هەروەها لە خـودا دەپاڕێینــەوە، کــە بەچــاکی کاروبارومان لــێ وەرگرێتو سوودی بە خۆمانو کەسانی تر پێ بگەیەنێتو بیکاتە تەرازووی چاکەکان لە ڕۆژی قیامەتدا... پەناش بەخودا دەگرین لە فیتنەی گفتــارو لە فیتنەی کردارو، لە بەخۆنازینو ڕووپامایيو لووتبەرزی، هەروەها پــەنا بــەخودا دەگرین لەوەی گومڕابین، یان نەفام بین.

وصلی الله علی سیدنا محمد وعلی اله وصحبه وسلم.

سەرچاوەكان

١- الإسرائيليات في التفسير والحديث، للدكتور محمد حسين الذهبي دار الايمان- دمشق. الطبعة الثانية، ١٤٠٥هـ -١٩٨٥م.

٢- الاكليل استنباط التنزيل، الجلال الدين السيوطي. دار الكتب العلمية —بيروت.

٣- املاء مامن به الرحمن من وجوه الاعراف والقراءت في جمع القرآن لابي البقاء العكبري، دار الكتب العلمية، بيروت- ١٣٩٩-١٩٧٩م.

٤- البداية والنهاية. لابن كثير مكتبة المعارف- بيروت الطبعة الثانية ١٩٧٤م.

٥- تفسير القرآن العظيم- لابن كثير . طبعة المكتبة التجارية الكبرى ، بمصر.

٦- التفسير الكبير لفخرالدين الرازي، دار الكتب العلمية- طهران.

٧- تفسير القرآن الحكيم- المنار- لمحمد رشيد رضا، دار المعرفة- بيروت — الطبعة الثانية.

٨- جامع البيان عن تأويل آي القرآن لابي جعفر ابن جرير الطبري، تحقيق محمود شاكر، دار المعارف بمصر بدون تأريخ.

٩- جامع البيان عن تأويل آي القرآن، وبهامشة تفسير القمي، لابن جرير الطبري،دار الفكر، بيروت- ١٣٩٨هـ-١٩٧٨م.

١٠- الجامع لاحكام القرآن لابي عبدالله القرطبى. دار الكاتب العربي القاهرة: ١٣٨٣هـ —١٩٦٧م.

١١- جعفر محمد الصادق- لعبدالعزيز سيد اهل. سلسلة التعريف بالاسلام، الكتاب الثاني عشر ١٣٨٣هـ ١٩٦٤م.

١٢- الدر المنثور في التفسير بالمأثور، لجلال الدين السيوطي، طبعة دار الفكر- بيروت. الطبعة الأولى ١٤٠٣هـ- ١٩٨٣م

١٣- صحيح الإمام مسلم. بعناية محمد فؤاد و عبدالباقي، دار الفكر –بيروت ١٤٠٣هـ ١٩٨٣.

١٤- عرائيس المجالس في قصص الانبياء- لابي اسحاق الثعلبي، المكتبة الثقافية- بيروت.

١٥- فتح الباري بشرح صحيح البخاري، للحافظ ابن حجر ابن العسقلاني. طبعة محي الدين الخطيب ومحمد فؤاد عبدالباقي. دار المعرفة – بيروت.

١٦- فيض القدير شرح الجامع الصغير، لعبد الرؤوف المناوي، دار الفكر- بيروت.

١٧- في ظلال القرآن، سيد قطب، دار الشروق- الطبعة الثالثة، ١٣٩٧هـ ١٩٧٧م.

١٨- الكليات، معجم في المصطلحات والفروق لابي البقاء الكفوي. اعداد عدنان درويش و محمد المصري، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي سوريا ١٩٨١م.

١٩- معجم الادوات والضمائر في القرآن، للدكتور اسماعيل عمايرة، والدكتور عبدالحميد السيد، مؤسسة الرسالة – بيروت ١٤٠٧هـ/١٩٨٦م.

٢٠- المفردات في غريب القرآن للامام راغب الأصفهاني تحقيقه محمد سيد كيلاني طبعة م مصطفى الحلبي بمصر١٣٨١هـ/ ١٩٦١م.

نێـوەڕۆك

قصص السابقين في القرآن

١

دكتور صلاح عبد الفتاح الخالدي

نوسینگەی تەفسیر

هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر ئوتێلی شیرین پالاس
ت: 2518138 -2221695 - 2230908
موبایل: 07504605122 - 07701387291

www.al-tafseer.com
E-mail: tafseeroffice@yahoo.com
altafseer@hotmail.com